حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# کەسێتی کوردی لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتدا ۱۸۵۰ ـ ۱۹۳۹

نامەیەکە خوێندکار
هەردی حمەسعید عثمان

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستر/ لە زانستی مێژوودا

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. سۆزان کەریم مستەفا

٢٧٢١ك ٢٠٢٢ ز ١٤٤٣ هـ

پێشکەشە بە :

- هەواری ئارامیی

و

یارینی دڵنشینم.

- هەموو ئەو ئازیزانەی

ئومێد و

هیوایان لە مندا چاند.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خودای مەزن و دلۆڤان دەکەم، کە هیچ کارێک بەبێ پاڵپشتی و هاوکاریەکانی لە دایک نابێت و هەمیشەش بە چاوی زەین لە هەموو کارەکانی ژیانمدا هەستم بە باڵادەستی کردووە.
- سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم (پ. ی. د. سوزان کەریم مستەفا ) کە هەر لە سەرەتای رێگا و دەستپێکی ئەم تویژینەوەیەدا، هاندەر و پشتیوان و پشتگیرم بووە، بە رێنماییەکانی هاوکاری کردم و بە تێبینیەکانی لێکۆڵینەوەکەی زیاتر دەوڵەمەند کرد و هەوڵ و ماندووبوونی بەرز دەنرخێنم.
- رێز و سوپاسی زۆر بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، بەتایبەتی بەرێز (پ.د. پشکۆ حمەطاهر) کە هاوکار و پشتیوانمان بوون لە پرۆسەی خوێندنی باڵا و پشتگیری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان بوون.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی دەکەم کە لە قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەردا ئەرک و ماندووبوونیان لەگەڵدا کێشاوم.
- سوپاسی هەر یەک لەم بەرێزانە دەکەم کە هەر یەکەیان بەجۆرێک یارمەتیدەر و هاندەرمان بوون لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا(پ.ی.د هیوا عزیز سعید، پ.ی.د. سامان حسێن ئەحمەد، پ.ی.د. حسین محمد صالح، د.بەرزان هادی حمەکریم، د.سورکێو صلاح عبدالکریم، م.ئاکۆ شاوەیس، محمد مؤمن حمەعارف، ئەیوب حسن، ئیحسان محمد، یاسین عمر، بەهرۆز بکر، کەیوان محمد) .
- سوپاسی هەریەک لە بەرێزان (پ.د.جەبار قادر، پ.ی.د. حەیدەر لەشکری، د.نەجاتی عەبدوڵا)دەکەم بە ڕاوێژ و سەرنجەکانیان هاوکار و یارمەتیدەرم بوون.
- سوپاسی سەرجەم ئەو کەسایەتیانە دەکەم کە لە پرۆسەی خوێندنمدا بە شێوازێک لە شێوازەکان هاوکار و پشتیوانم بوون.

- ليستى هێما كورتكراوەكان

| | |
|---|---|
| Op. Cit. | Opus Citato |
| Ibid | Ibidem |
| P | Page |
| Vol. | Volume |
| No. | Number |
| Там же | В том же месте |
| Указ. соч | Соч. Cit. |
| С | Страница |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ . س | هەمان سەرچاوە |
| ل | لاپەڕە |
| د. | دكتۆر |
| ب | بەش و بەرگ |
| ژ | ژمارە |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێڕان |
| ط | الطبعة |
| ت | الترجمة |
| ج | الجزء+مجلد |
| ص | صحيفة |
| م.س | المصدر السابق |
| ن.م | نفس المصدر |
| م.پ | منبع پيشين |

| لاپەڕە | پێڕست |
|---|---|
| ١- ٨ | پێشەکی |
| ٩ - ٦٤ | بەشی یەکەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا |
| ١٠ - ٢٦ | باسی یەکەم : ڕۆژهەلاتناسی ڕووسیا و سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی |
| ١٠ - ١٧ | تەوەری یەکەم : مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناوەندەکانی ڕۆژهەلاتناسی لە ڕووسیا. |
| ١٨ - ٢٦ | تەوەری دووەم : کورد لە چاپەمەنی و یاداشت و گەشتنامە و نوسراوی گەڕیدە ڕووسەکان |
| ٢٧ - ٣٥ | باسی دووەم : سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی و دامەزرێنەرانی لە ڕووسیا. |
| ٢٨ - ٣١ | تەوەری یەکەم : خاچاتور ئابۆڤیان و دەسپێکی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان. |
| ٣٢ - ٣٥ | تەوەری دووەم : پیۆتەر لێرخ و بناغەدانانی کوردناسیی لە ڕووسیا |
| ٣٦ - ٥٥ | باسی سێیەم : دەستنووسە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی سەدەی نۆزدەیەم |
| ٣٨ - ٤٣ | تەوەری یەکەم : دەستنووسی شەرەفنامە و بایەخی لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکاندا. |
| ٤٤ - ٥٥ | تەوەری دووەم : ڕۆڵی ئەلیکساندەر ژابا و مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا. |
| ٥٦ - ٦٤ | باسی چوارەم: کوردناسان و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ١٩١٧ز. |
| ٦٥ - ١٠٩ | بەشی دووەم : گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی و ناوەندە کوردناسییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ |
| ٦٩ - ٧٥ | باسی یەکەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە ( یەریڤان، باکۆ، تەفلیس). |
| ٧٦ - ٩٥ | باسی دووەم :کوردناسیی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد. |
| ٧٩ - ٨٤ | تەوەری یەکەم: کوردناسیی و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد. |
| ٨٥ - ٨٩ | تەوەری دووەم: کوردناسیی و ئەدەبیاتی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد. |
| ٩٠ - ٩٤ | تەوەری سێیەم: کوردناسیی و مێژووی کورد و کوردستان لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد. |
| ٩٥ - ١٠٩ | باسی سێیەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە مۆسکۆ. |
| ٩٩ - ١٠١ | تەوەری یەکەم: (م. ئە.حەسرەتیان ١٩٢٤ - ٢٠٠٧) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی تورکیا و پرسی کورد لە تورکیا. |
| ١٠٢ - ١٠٥ | تەوەری دووەم: (م. س. لازاریف ١٩٣٠ - ٢٠١٠) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ناسیۆنالیزم و پرسی کورد لە میانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. |
| ١٠٦ - ١٠٩ | تەوەری سێیەم: (ئۆلگا ژیگالینا ١٩٤٦ - ٢٠١٣) و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان. |
| ١١٠ - ١٧٤ | بەشی سێیەم : سروشت و تایبەتمەندیی و ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی کەسێتی کوردی لە دیدی کورناسانی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت. |

| | |
|---|---|
| باسی یەکەم : سروشت و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کوردی لە دیدی کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت. | ١١١ - ١٣٠ |
| یەکەم : سیمای ئەنترۆپۆلۆجی کەسێتی کوردی و داخراوی و دورەپەرێزی | ١١٢ |
| دووەم : دەسەڵاتخوازی کەسێتی کوردی | ١١٤ |
| سێیەم : کەسێتی کوردی لە نێوان گوشار و خزمەتکردنی نەتەوەکانی دیکەدا | ١١٥ |
| چوارەم : ئازادی و ئازایەتی وەک تایبەتمەندییەکی کەسێتی کوردی | ١١٦ |
| پێنجەم : کەسێتی کوردی و هەستی شانازیکردن بە خۆوە | ١١٨ |
| شەشەم : کەسێتی کوردی و توندوتیژی | ١١٩ |
| حەوتەم : ناکۆکی ناوخۆیی وەک بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کوردی | ١٢١ |
| هەشتەم : کەسێتی کوردی و گوزارەکانی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و نازناوە ناوچەییەکان | ١٢٣ |
| نۆیەم : بەتوانایی و ڕاستگۆیی کەسێتی کوردی | ١٢٥ |
| دەیەم : ڕۆڵی جوگرافیا و سروشت لە نەخشاندنی کەسێتی کوردی | ١٢٦ |
| سیازدەیەم : زمان و کەسێتی کوردی | ١٢٩ |
| باسی دووەم : ڕەنگدانەوەی کولتوور لەسەر کەسێتی کوردی لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت. | ١٣١ - ١٥٠ |
| یەکەم : کەسێتی کوردی و کولتووری چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان | ١٣٣ |
| دووەم : ڕۆڵی نەریتیی وەجاخ لە ژیانی کەسێتی کوردیدا | ١٣٥ |
| سێیەم : نەریتی میواندۆستی و ڕۆڵی دیوەخان لەسەر کەسێتی کوردی | ١٣٥ |
| چوارەم : ڕێزگرتنی گەورەساڵان و کولتووری چاکەکردن و تۆڵەی خوێن لەناو کورددا | ١٣٩ |
| پێنجەم : کەسێتی کوردی و نەریتی تاڵانکاریی و ڕێگریی | ١٤١ |
| شەشەم : ڕێوڕەسم و نەریتی مردووناشتن و پرسە | ١٤٣ |
| حەوتەم : نەریتی شین و لاواندنەوەی مردوو | ١٤٦ |
| هەشتەم : خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شینگێڕانی کورد | ١٤٧ |
| نۆیەم : کولتوور و نەریتی کۆتەڵ گێڕان | ١٤٩ |
| باسی سێیەم : ژیانی خێزانی کورد و کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت. | ١٥١ - ١٧٤ |
| یەکەم : خێزانی کورد | ١٥٢ |
| دووەم : پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا | ١٥٤ |
| سێیەم : ئازادی کەسێتی ژنی کورد | ١٥٧ |
| چوارەم : خۆشەویستی و کەسێتی ژنی کورد | ١٥٩ |
| پێنجەم : کەسێتی ژنی کورد و پرۆسەی هاوسەرگیری | ١٦٠ |
| شەشەم : مارەیی و شیربایی | ١٦٥ |
| حەوتەم : شایی و زەماوەند و گواستنەوەی بووک | ١٦٦ |

| | |
|---|---|
| هەشتەم : فرەژنی، هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خزم | ١٦٩ |
| نۆیەم : کەسێتی ژنی کورد و ئیش و کاری ڕۆژانە | ١٧١ |
| دەیەم : ژن و ناپاکی هاوسەرێتی | ١٧١ |
| یازدەیەم : تەڵاق و جیابوونەوە | ١٧٢ |
| **بەشی چوارەم : هۆشیاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی ئاین و خێڵ لەسەر کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت.** | ١٧٥ - ٢٦٢ |
| **باسی یەکەم : ئایین و کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت.** | ١٧٦ - ٢٠٣ |
| **تەوەری یەکەم : ئایینی ئیسلام و کەسێتی کورد** | ١٧٩ - ١٨٦ |
| یەکەم : تەریقەتە سۆفیگەرییەکان | ١٨٠ |
| دووەم : کەسێتی پیاوانی ئایینی کورد | ١٨٢ |
| سێیەم : دەسەڵات و پێگەی شێخە ئایینییەکان | ١٨٥ |
| **تەوەری دووەم : ئایینی ئێزدیی و کەسێتی کورد** | ١٨٧ - ١٩٤ |
| یەکەم : پێگەی مەلەک تاوس و بیرۆکەی شەیتان پەرستی لە باوەڕی کەسێتی ئێزدییەکاندا | ١٨٨ |
| دووەم : کەسێتی ئێزدییەکان | ١٨٩ |
| سێیەم : خۆپارێزی و داخراوی وەک سیمای کەسێتی ئێزدییەکان | ١٩٠ |
| چوارەم : کەسێتی ئێزدییەکان و پۆلێنکردنە ئاینی - کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی | ١٩٢ |
| **تەوەری سێیەم : ئایینی ئەهلی حەق و کەسێتی کورد** | ١٩٥ - ٢٠٣ |
| یەکەم : ڕەنگدانەوەی ئایینەکانی دیکە لە نێو ئەهلی حەقدا | ١٩٦ |
| دووەم : باوەڕی ئەهلی حەق | ١٩٧ |
| سێیەم : باوەڕی ئەهلی حەق و سەرهەڵدانەوە | ١٩٨ |
| چوارەم : کەسێتی ئەهلی حەقەکان | ١٩٩ |
| **باسی دووەم : خێڵ و کەسێتی کوردی لە دیدی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت.** | ٢٠٤ - ٢٢٨ |
| یەکەم: سروشت و تایبەتمەندی خێڵی کوردی | ٢٠٥ |
| دووەم : سەرۆکایەتی خێڵ و بەڕێوەبردنی خێڵ | ٢٠٩ |
| سێیەم: خێڵ وەک ڕێکخراوێک بۆ یەکگرتوویی کەسێتی کوردی | ٢١١ |
| چوارەم : کەسێتی کوردی و بیرۆکەی ڕەچەڵەکی بێگانە لە نێو خێڵدا | ٢١٤ |
| پێنجەم : کاریگەری خێڵ لەسەر کەسێتی کوردی | ٢١٦ |
| شەشەم: کەسێتی کوردی و دادوەریی دەزگای خێڵ | ٢١٨ |
| حەوتەم : کەسێتی کوردی لە نێوان کۆچەری و نیشتەجێبووندا | ٢١٩ |
| هەشتەم : کەسێتی کوردی لە پۆلێنبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا | ٢٢٨ |
| **باسی سێیەم : هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت.** | ٢٢٩ - ٢٦٢ |
| **تەوەری یەکەم : هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد و بزوتنەوەی کوردی لە سەردەمی جەنگی قرم** | ٢٣١ - ٢٣٤ |
| **تەوەری دووەم : ئاوێتەکردنی بیری ئاینی و نەتەوەیی لە خەباتی سیاسی شێخەکاندا** | ٢٣٥ - ٢٤١ |

| | |
|---|---|
| تەوەری سێیەم: داکشانی بیری سەربەخۆیی کەسێتی کورد و وابەستەبوونی بە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە (سوارەی حەمیدیبە) بە نمونە | ٢٤٢ - ٢٤٨ |
| تەوەری چوارەم: پەرەسەندنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا (١٩٣٩ز) | ٢٤٩ - ٢٦٢ |
| دەرئەنجام | ٢٦٣ - ٢٦٦ |
| ڕاسپاردە | ٢٦٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٦٨ - ٢٩١ |
| پاشکۆکان | ٢٩٢ – ٣٢١ |
| الملخص | ٣٢٢ - ٣٢٣ |
| **Summary** | ٣٢٤ - ٣٢٥ |

# پێشەکی

کوردناسی وەک لقێک لە لقەکانی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی، لە کورد کۆڵینەوە و ناسینی کوردە، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەش ڕیشەی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و ئاینی و زانستی خۆی هەیە. لە هەمانکاتیشدا، ویستی باڵادەستی و سەپاندنی هەژموون و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ئاینی لە پشتەوەیە. بەڵام، خاڵیش نییە لە زانیاری گرنگ دەربارەی (مێژوو، ئاین، کولتوور، ئەدەبیات، زمان..هتد و ناسینی کورد وەک نەتەوەیەک. بە تایبەتی لە ڕەوشێکدا، کە نەریتی نوسینەوەی مێژوو و مێژوونوسی لە لای کورد بەربڵاو نەبووە. ناچار بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئەنجامدانی توێژینەوەکان، پەنا بۆ کاری کوردناسان دەبرێت. لە ئاستێکی دیکەدا، لێکۆڵینەوە لە کورد، لە ڕوانگەی جیهانبینی ڕۆژئاواییەکانەوە، پاشخانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان، ڕەنگدانەوەی لەسەر توێژینەوە و ناسینی کورد هەبووە. هەندێک جار بڕیاردانی ڕەها و گشتاندن لە کاری کوردناساندا بەدیدەکرێت، یان پێشوەختە دەربارەی کورد خاوەنی بڕیاربوون.

کورد وەک نەتەوەیەک، هەڵگری تایبەتمەندی و شوناسی تایبەتی نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی خۆی بووە. بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەر، جێگەی بایەخی کوردناسان و گەڕیدەکان بووە، بابەخدانێک کە بە سەرنجەوە لە کورد و تایبەتمەندییەکانی دواون. کەسێتی کورد و بونیادە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکەی، لە نەتەوە و گروپە ئیتنیکییەکانی دیکە جیاواز بووە. ڕەنگە هەموو کوردناسان، پەییان بە جیاوازبوونی کەسێتی کورد نەبردبێت، بەڵام گروپێکی دیاری کوردناسان لە ئەنجامی پرۆسەی ناسینی کورد و ژیان لە نێو کورددا گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە کەسێتی کورد بونیادی جیاوازی هەیە و هەڵگری تایبەتمەندی جیاوازە. بە شێوەیەکی گشتیش، لە بەرهەمی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیای فیدراڵدا، کەسێتی کورد بەو شێوەیە وێنا کراوە. کوردناسی (ڕووسی - سۆڤییەتی) بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، لەسەر ئاستی (چۆنایەتی - چەندایەتی) هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاوازییە. جیاواز لە وڵاتانی دیکە کوردناسی (ڕووسی - سۆڤێتی) کاری هەمەلایەنە و ئەکادیمی بەرفراوان دەربارەی کورد و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی ئەنجام دراون.

لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەریدا، ڕوانین لە کورد لە دوو ئاڕاستەی جیاوازەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو. ئاڕاستەیەکیان لە نێو کوردناسی دامەزراوەیی و ئەکادیمیدا خۆی بەیان کردووە. کە مێژوویەکی فراوانی لە بایەخدان بە کورد و لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد تۆمار کردووە. هەرچی ئاڕاستەی دووەمە، لە بیرۆکەی هەژموون و باڵادەستی و پاوانخوازییەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیبەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو. لەم ئاڕاستەیەدا، کوردناسی و لێکۆڵینەوە کوردییەکان وەک پێویستییەکی سیاسی و سەربازی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووە. بەڵام لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەتدا، ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، شوێنگۆڕکێی باکگراوندەکانی یەکێک لە ئاڕاستەکانی ڕوانینە لە کورد. لەم سەردەمەدا بە هەمان شێوە دوو ئاڕاستەی ڕوانین لە کورد هەبوون، ئاڕاستەی یەکەم لە بری بیرۆکەی پاوانخوازی و سەپاندنی هەژموون، لە گۆشەنیگای ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیبەوە لە کورد دەڕوانرا. هەرچی ئاڕاستەی دووەمە، بە هەمان شێوەی ڕووسیای قەیسەری، ئاڕاستەیەکی ئەکادیمی و دامەزراوەییە ( هەرچەندە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم ڕەنگدانەوەی لەسەر بەشێک لە کارە ئەکادیمییەکانیش هەبووە). بەڵام لە سەردەمی ڕووسیای فیدراڵ نە کۆتوبەندە ئایدۆلۆژییەکان دەمێنن، نە ڕووسیا ئەو هێزەی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتە تا کار لەسەر سەپاندنی هەژموون و باڵادەستی خۆی لە ناوچەکەدا بکات. بەم پێیە کوردناسی لە هەرسێ سەردەمەکە، لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتە ئەکادیمی و دامەزراوەییەدا، تەواوکەری یەکن و بە یەک ئاڕاستە کار لەسەر لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان کراوە.

لەم نامەیەدا لە کەسێتی کورد لە ڕوانگەی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەکۆڵینەوە. سەرەڕای توێژینەوە لە فاکتەر و پاڵنەرەکانی پشت ئەو ڕوانینە، لە ئاستێکی دیکەدا لە سروشتی کەسێتی کورد و تایبەتمەندییەکانی لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەکۆڵێتەوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە

زیاد لە فاکتەرێک لە هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەماندا، ڕۆڵی هەبووە. لە لایەک کوردناسی وەک زانستێکی دیدە جیاوازەکان دەکەوێتە نێو پرۆسەی ناسین و لێکۆڵینەوە لە کورد، کە بۆ ئێمە جێگەی بایەخ بووە. چونکە بینینەوەی خۆمانە لە ڕوانین و دیدی ئەوانی دیکەدا، کە لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوور و بیروباوەڕی ئێمە، لێمان دواون و لە بونیادی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەوشی سیاسی ئێمەیان کۆڵیوەتەوە. لە نێو کوردناسیشدا، کوردناسی (ڕووسی - سۆڤییەتی) پێگەی گرنگی هەیە. چونکە مێژوویەکی دوور و درێژی لە لێکۆڵینەوە و بایەخدان بە کورد و کۆکردنەوەی کەرەستەی گرنگ و دەگمەن دەربارەی کورد هەیە. هاوکات کوردناسییەکی ئەکادیمی و دامەزراوەییە، سەرباری ئەوەی لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیشەوە، کوردناسی (ڕووسی - سۆڤییەتی) لە پێشەنگەکانی بواری کوردناسی خەملێنراون. لەلایەکی دیکە، لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ئێمەدا دەربارەی کوردناسی، زۆرتر گرنگی بە گێڕانەوەیەکی کورۆنۆلۆژی و بیبلیۆگرافییانەی کوردناسی دراوە، یان لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردناسەکان وەک تاک و ژیان و بەرهەمەکانیان کراوە. کەمتر بایەخ بەو پرس و بابەتانە دراوە، کە کوردناسان لێیان کۆڵیوەتەوە. لە توێژینەوەکانماندا وێنەیەکی ڕوونی کورد و کەسێتی کورد، لە ڕوانگەی کوردناسان و بەرهەمەکانیانەوە چنگ ناکەوێت. ئەمە جگە لەوەی، کەسێتی کورد وەک کەسێتییەکی جیاواز و خاوەنی چەندین تایبەتمەندی، کە سەرنجی کوردناسانی ڕاکێشاوە. کەمتر بایەخی پێدراوە و فەرامۆشکراوە. ئەم فاکتەرانە ڕۆڵی گرنگیان لە دەستنیشانکردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمان هەبووە. لەم ڕوانگەیەوە بابەتی کوردناسیمان بۆ کارکردن هەڵبژاردووە، بابەتێکی لەم چەشنەش، کارکردنە لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری و ئایینی و سایکۆلۆژیای کورد.

## سنوری جوگرافی و مێژوویی توێژینەوە

ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەیە لە دیدی کوردناسانی سێ سەردەمی جیاواز (ڕوسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) دەربارەی کەسێتی کورد لە جوگرافیای کوردستاندا. ئەو کەسێتییە تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو نەتەوەی کورد بە گروپە ئاینی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیشەوە وەک گشتێک مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت و وێنەیەکی گشتی کەسێتی کورد پێک دێنن. ئەو مێژووەی دەربارەی کەسێتی کورد لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، مێژوویەکی دیاریکراوی ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٨٥٠ - ١٩٣٩ز)یە. دیاریکردنی ئەم قۆناغە مێژوویە، تایبەتە بە گۆڕاوی یەکەمی توێژینەوەکەمان کە ( کەسێتی کوردی) یە. ئەم سنورە مێژوویە، گۆڕاوی دووەمی توێژینەوەکەمان، کە (دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت)ە ناگرێتەوە. بەڵکو گۆڕاوی دووەم سێ سەردەمی ئاماژەپێکراوی سەرەوە دەگرێتەوە. ئەو قۆناغە مێژووییەی دەربارەی کەسێی کوردی ( ١٨٥٠ - ١٩٣٩ز) دەستنیشانمان کردووە، لە چەند ڕوویەکەوە قۆناغێکی گرنگە. لە لایەک لەم قۆناغەدا کۆتایی بە دەسەڵات و حوکمداری میرنشینە کوردییەکان هاتبوو، دەسەڵاتی دەرەبەگ و شێخەکان شوێنی دەسەڵاتی میرەکانیان گرتبۆوە. لە نێو دەوڵەتی عوسمانیشدا، لە ئەنجامی پرۆسەی سەنترالیزەکردن و ڕیفۆرم هەوڵی بەستنەوەی کورد، بە ناوەندی دەسەڵاتەوە دەدرێت. ئەم ڕەوشەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. لە لایەکی دیکە، لەم قۆناغە دەستنیشانکراوەدا کورد وەک نەتەوەیەک و فاکتەرێکی چالاک و کاریگەر، ببووە مایەی چاوتێبڕینی ڕووسیا. لە ناوەندە سیاسی و سەربازی و ئەکادیمیە ڕووسیەکان بایەخ بە کورد دەدرا، بایەخدانێک کە سەر بۆ ناسین و توێژینەوە لە نەتەوەی کورد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی و کولتووری کوردی دەکێشێت.

## ئامانجی توێژینەوە ( پرسیاری توێژینەوە)

ئامانجی ئەم نامە - لێکۆڵینەوەیە لە پرسێکی گرنگی تایبەت بە کورد و زانستی کوردناسی. ئەویش کەسێتی کوردییە لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت. لە پرۆسەی گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بە پرسیاری توێژینەوەکە دەستنیشانمان کردوون، ئامانجە سەرەکی و لاوەکییەکانی توێژینەوەکە دەخرێنە ڕوو. گرنگترین ئەو پرسیارانەی لە لایەن توێژەر وەک پرسیاری توێژینەوەکە دەستنیشان کراون، بریتین لە: فاکتەر و زەمینەی سەرهەڵدانی کوردناسی لە ڕووسیا چی بوو؟ قۆناغەکانی گەشەسەندن و فراوان بوونی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت چی بوون؟ بابەتەکانی کارکردنی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەربارەی کورد چی بوون؟ ئەو بابەتە کوردییانەی ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی کوردناسی هەبووە، چی بوون؟ پەیوەندی نێوان دامەزراوە کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسییەکان و دەوڵەت ( ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) لە چ ئاستێکدا بووە؟ جیاوازی و تایبەتمەندی ناوەندە کوردناسییەکان چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر

لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان هەبووە؟ ڕوانینی کوردناسان بۆ سروشت و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد چۆن بووە؟ تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسان چی بوون؟ کولتوور و داب و نەریت لە دیدی کوردناساندا تا چ ئاستێک ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە؟ کەسێتی کورد لە دیدی کوردناساندا، تا چەند پابەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی خێزان بووە؟ ڕەوشی ژنی کورد لە دیدی کوردناسان لە چ ئاستێکدا بووە؟ کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناساندا چۆن وێنا کراوە؟ لە دیدی کوردناساندا ئایین و خێڵ تا چ ئاستێک ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە؟ هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناساندا چۆن پەرەی سەندووە؟.

## گریمانەی توێژینەوە

کۆمەڵێک فاکتەری جیاواز، لە سەرهەڵدانی کوردناسی لە ڕووسیادا ڕۆڵیان هەبووە. کوردناسی لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، چەند قۆناغێکی جیاوازی لە سەرهەڵدان و گەشەسەندن بە خۆیەوە بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنج ڕاکێشی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردیی و دەستنووسە کوردییەکان، سەرنجی زیاتری کوردناسانیان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی کورد ڕاکێشاوە. کوردناسانی ڕووسیا، بایەخیان بە توێژینەوەی گشتگیر دەربارەی مێژوو، زمان، ئەدەبیات، کولتوور، ئیتنۆگرافیای کوردی داوە. لە هەرسێ سەردەمی ( ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دامەزراوەی دەوڵەت و ناوەندە کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسییەکان هەبووە. سەرباری بوونی چەند ناوەندێکی جیاوازی کوردناسی، بەڵام هەر ناوەندێک تایبەتمەندی خۆی لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان هەبووە. ڕوانینی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت بۆ کەسێتی کورد، بە شێوەیەکی گشتی ڕوانینێکی ئەرێنیانەیە. لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەتدا، کەسێتی کورد پابەندی کولتوور و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەکەی بووە، لە هەمانکاتیشدا کولتوور و داب و نەریتی کوردی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. خێڵ و ئایین، دوو لایەنی بونیادیی کۆمەڵگەی کوردین، کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناساندا، بە چەند قۆناغێک پەرەی سەندووە.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم نامەیەدا زیاد لە میتۆدێک بەکارهاتووە، یەکێک لە میتۆدە بنچینەییەکانی ئەم نامەیە، میتۆدی (مێژوویی و شیکاری)یە. سەرجەم قۆناغەکانی توێژینەوەی زانستی مێژوویی ( تێبینیکردن، گریمانە، ئەزموونکردن) لە نوسینی ئەم نامەیەدا پەیڕەوییان لێکراوە. لە چوارچێوەی میتۆدی ( شیکاری)دا شیکردنەوەمان بۆ زانیارییەکان و دیدی کوردناسان کردووە، هەروەها بەراوردکاریمان لە نێوان دیدە جیاوازەکان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی بابەتی توێژینەوەکە، کە قۆناغێکی مێژوویی و هەڵگری زیاد لە ڕەهەندێکی جیاوازە ئەویش توێژینەوەیە لە دیدی کوردناسان دەربارەی کەسێتی کورد، ئەوەی لێخواستووین پەیڕەوی لە ڕێبازی ( هەڵێنجان و تێڕامان) بکەین. بە تایبەتی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، بابەتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ماوە درێژە، بۆ گەیشت بەو ئامانجەی مەبەستمان بووە ڕێبازی (هەڵێنجان و تێڕامان) کارئاسانی بۆ کردووین.

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە

ئەم نامەیە لە ڕەوشێکی سەختی تەندروستی جیهانیدا نوسراوە، ئەویش بڵاوبوونەوەی پەتای ( کۆڤید ١٩) و لێکەوتەکانییەتی بەسەر کۆی سێکتەرەکانی ژیانەوە. ئەم ڕەوشە لە چەند ڕوویەوەکەوە ئاستەنگی بۆ دروست کردووین. لە لایەک ڕێگری کردووە لە کرانەوەی زۆر دامەزراوەی فەرمی و کتێبخانەکان، کە دەکرا ئاسانکاری بۆ بکردینایە. بەڵام گەڕانی بەردەوامان توانیویەتی قەرەبووی ئەو ئاستەنگەمان بۆ بکاتەوە. بە جۆرێک توانیومانە دەستمان بە سەرچاوەیەکی زۆر و جۆراوجۆر بگات و کەلێنەکانمان بۆ پڕبکاتەوە. لە لایەکی دیکە دەرفەتی سەردانی زۆر شوێن و کەسایەتی لەبەردەم نەهێشتین، بەڵام بە هەوڵەکانمان و گرتنە بەری ڕێگەی جیاواز توانیومانە ئەم ئاستەنگەش تێپەڕێنین.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان

لەم نامەدا، ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جیاواز بەکارهاتووە. لەبەر ئەوەی گۆڕاوی دووەمی توێژینەوەکەمان سێ سەردەمی جیاوازی کوردناسی ( ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) دەگرێتەوە، سەرچاوە کوردناسییەکانی هەرسێ سەردەمەکەمان لە توێژینەوەکەدا دەربارەی گۆڕاوی یەکەم ( کەسێتی کورد لە ١٨٥٠ - ١٩٣٩ز) بەکارهێناوە.

لە ڕووی زمانی نوسینەوە، ئەو سەرچاوانەی لەم توێژنەوەیەدا بەکارهاتوون بە زمانەکانی ( کوردی، عەرەبی، فارسی، ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئەرمەنی)ن. زۆرینەی سەرچاوەکان بە زمانی ڕووسین. سەرچاوە بەکارهاتووەکان، فرە چەشن و بوارن، وەک ( دەستنووس، تێزی ئەکادیمی، پەرتوک، گۆڤار ( توێژینەوەی زانستی، وتار)، ڕۆژنامە، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی).

لە بەشی یەکەم و دووەمی توێژینەوەکەمان، بەو پێیەی تایبەتە بە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کوردناسی لە ڕووسیا، سودمان لە بەرهەمی کوردناسان ( پوختەی تێز، پەرتوک، توێژینەوە، وتار) وەرگرتووە. سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە بەشی سێیەم و چوارەمدا، دابەش دەبن بۆ:

دەستنووس: لە توێژینەوەی زانستیدا، بەکارهێنانی دەستنووس سەنگی تایبەتی و گرنگی زانستی خۆی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا، سوودمان لە دوو دەستنووسی ( مەلا مەحموودی بایەزیدی) بە ناونیشانەکانی (رسالە تحفە الخلان فی زمانێ کردان، کتاب عادات و رسومات نامە طوایفا اکرادیە و اصول نضامات کورمانجی) بۆ ڕوونکردنەوەی چەند بۆچونێک و وەرگرتنی چەند زانیارییەکی سەردەمی نوسینی دەستنووسەکان وەرگرتووە.

تێز و نامەی ئەکادیمی بەشێکی گرنگی ئەو سەرچاوانەن کە پشتمان پێبەستوون. لە باس و تەوەرەکانی بەشی سێیەم و چوارەمدا، سوودمان لە چەند تێزێکی ئەکادیمی وەرگرتووە. یەکێک لە تێزە گرنگەکان کە بۆ شیکردنەوەی ڕەنگدانەوەی کولتوور لەسەر کەسێتی کورد سودمان لێوەرگرتووە، تێزی (Аристова, Татьяна Федоровна) بە ناونیشانی (Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры) یە. بۆ باسکردن لە ڕۆڵی ئایین لەسەر کەسێتی کورد و چالاکییە سیاسییەکانی ئەو کەسێتیە، سودمان لە تێزی (Аманж Ахмед Мустафа) بەناونیشانی (Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа) وەرگرتووە.

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خێڵ و بیرکردنەوەی خێڵەکی و کارایی ڕێکخراوی خێڵ لەسەر کەسێتی کورد سوودمان لە تێزی (ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна) بە ناونیشانی (КУРДЫ В ИСТОРИИ И ПОЛИТИКЕ РОССИИ НА БЛИ ЖНЕМ ВОСТОКЕ В XIX – НАЧАЛЕ XX ВВ) وەرگرتووە. بۆ لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد سوودمان لە تێزی (Тибет. АБАК) بە ناونیشانی ( КУРДСКИЙ ВОПРОС В ПОЛИТИКЕ МЛАДОТУРОК В ПРЕДДВЕРИИ ПЕРВОЙ МИРОВО ВОЙНЫ И КУРДСКАЯ ПОЛИТИКА РОССИЙСКОЙ ИМПЕРИИ (1908 – 1914 гг.) وەرگرتووە. بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاینی ئێزدی وەک فۆڕمێکی ئاینی کوردی، سوودمان لە تێزی (УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА) بە ناونیشانی (ЙЕЗИДИзм - НАЦИОНАЛЬНАЯ РЕЛИГИЯ КУРДОВ) وەگرتووە. بۆ لێکۆڵینەوە لە باوەڕی ئاینی و کەسێتی ئەهلی حەقەکان، سوودمان لە نامەی (Янечек Елена Викторовна) بە ناونیشانی ( ВЕРОУЧЕНИЕ АХЛ-Е ХАКК (ЛЮДИ ИСТИНЫ) В КОНТЕКСТЕ КУРДСКОГО ЭТНОСА) وەگرتووە. بایەخی ئەم تێزانە لەوەدایە،کە سەرچاوە گەلێکی گرنگیان بەکارهێناوە، هەروەها بە مێتۆدی نوێ توێژینەوەکەیان ئەنجام داوە و لە دامەزراوەی باوەڕپێکراو و دیاری ڕۆژهەڵاتناسی پێشکەش کراون.

پەڕتوک:

بەشێکی دیکەی سەرچاوەکان کە سودێکی زۆرمان لێوەرگرتوون، پەرتوکی کوردناسانن. بەشێکی ئەم کتێبانە کۆکراوەی گەڕان و پشکنین و توێژینەوەی چەند ساڵەی کوردناسەکانن، بە شێکی دیکەیان توێژینەوەی گشتگیرن، هەندێکیشیان کاری ئاست بەرزی ئەکادیمین. نوسەرانی کتێبەکان، پاشخانی جیاوازی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازی و ئەکادیمی جیاوازیان هەیە. یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان کە نوسەرەکەی لە بواری دبلۆماسیدا کاری کردووە و بەرهەمێکی زۆریشی دەربارەی کورد بڵاوکردووەتەوە، پەرتوکی (Курды заметки и в печатления)ی (Минорский. В.Ф)یە. ئەم کتێبە هەرچەندە بە قەبارە بچوکە، بەڵام سەنگێکی زانستی گرنگی هەیە. چونکە بەرهەمی تێبینی و گەڕان و توێژینەوەکانی نوسەرە.

سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ پەرتوکی(Аверьянов П.И) بەناونیشانی( Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких). کە نوسەرەکەی پاشخانێکی سەربازی هەبووە و زۆر سوودمان لە زانیارییەکانی وەرگرتووە، کتێبی کتێبی کوردناسە ئەکادیمیەکان، سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگمان بوون. بەرهەمەکانی کوردناسی دیاری هەردوو سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووسیای فیدراڵ (ئەڤگێنیا ئیلیچنا ڤاسیلێڤا)

سەرچاوەی گرنگی کۆی توێژینەوەکەمان بوون، بە تایبەتی کتێبی (کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە - کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان) بە هەردوو زمانی کوردی و ڕووسی، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرەکی کۆی بابەتی توێژینەوەکەمان بووە، شێوازی نوسین و میتۆدی نوسین و ئەرگیۆمێنتەکانی نوسەری کتێبەکە هێندەی دیکە کتێبەکەی بە بایەختر کردووە. کتێبەکانی ( Аристова Т.Ф.) هاوکارییەکی باشی کردووین لە توێژینەوەمان دەربارەی کولتووری کوردی و بەربڵاوی کولتوور و داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد، بەتایبەتی هەریەک لە کتێبەکانی (Курды Закавказья (историко-этнографический очерк)) و
КУРДОВ XIX ПЕРВОЙ ПОЛОВИНЫ XX в (Проблема традици онно- МАТЕРИАЛЬНАЯ КУЛЬТУРА)
(культурной общности) و (Очерк культуры и быта курдских крестьян Ирана) سودێکی زۆرمان لێوەرگرتوون.
پاشکۆی کتێبی ( وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست)ی کوردناس (م.ب.ڕۆدینکۆ) یەکێکی دیکەیە لەو سەرچاوانەی سودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە. بۆ توێژینەوە لە ڕەوشی سیاسی کوردستان و پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد بەرهەمەکانی (م.س.لازارێڤ) دەربارەی (کێشە و پرسی کورد) بە هەردوو زمانی کوردی و ڕووسی هاوکارێکی باشمان بووە، بۆ هەمان بوار بەرهەمەکانی (م.ئە. حەسرەتیان) بە تایبەتی کتێبی (Курды Турции в новейшее время) هاوکارێکی باشمان بووە، سەرباری سوود وەرگرتمان لە بەرهەم و کاری پێکەوەی کۆمەڵێک کوردناسی ئەکادیمی دەربارەی (بزوتنەوە کوردییەکان). یەکێکی دیکە لە سەرچاوە گرنگەکان، کە دەچێتە خانەی توێژینەوەی گشتگیر دەربارەی کورد، کتێبەکەی (ا.م. مینتیشاشڤیلی) بە بە ناونیشانی ( کورد کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و گوزەران) سودێکی زۆرمان لەم بەرهەمە وەرگرتووە.

بەشێکی دیکەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، توێژینەوە و وتارن. ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە و وتاری کوردناسان لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە. ئەم توێژینەوە و وتارانە بەشی زۆرینەیان لە لایەن کوردناسە ئەکادیمییەکان ئەنجام دراون و بڵاوکراونەتەوە. ئەم توێژینەوە و وتارانە، سەرچاوەی سەرەکی کۆی توێژینەوەکەمان بوون. بەشێکیان بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردناسی و قۆناغەکانی گەشەسەندن و ناوەندە کوردناسییەکان سودمان لێوەرگرتوون. بە تایبەتی توێژینەوەکانی (К.К.КУРДОЕ В)
وەک (ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ) و ( Труды П. И. Лерха по курдоведению -
وەک (Ж.С.Мусаэлян) و توێژینەوەکانی ( к вопросу изучения истории курдов в России
Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод ، ИСТОРИЯ КОЛЛЕШЩ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ГПБ)
بەشێکی دیکەیا )، А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ، «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык
توێژینەوە و وتارەکان بۆ توێژینەوە دەربارەی دیدی ئەو کوردناسانە دەربارەی کەسێتی کورد وەک توێژینەوەی (V. Minorsky)
بە ناونیشانی (The Tribes of Western Iran)، توێژینەوەی (Mapp H) بە ناونیشانی ( К) Еще о слове „челеби“
ئەو توێژینەوانەی بۆ вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии)،
ڕەنگدانەوەی ئاین لەسەر کەسێتی کورد سودمان لێوەرگرتوون، وەک توێژینەوەی(Е.И.Васильева) بە ناونیشانی
ئەو .( ، ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ)
توێژینەوانەی بۆ ڕەنگدانەوەی خێڵ لەسەر کەسێتی کورد سودمان لێوەرگرتوون، وەک توێژینەوەکانی (Васильева Е.И) بە
ناونیشانەکانی (Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа، Курдское
племя в источниках и литературе، Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-
хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.)، توێژینەوەکانی
(Мусаэлян Ж.С) بە ناونیشانەکانی ( Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в
трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в.) و ( Из истории курдского
племени мукри (XV — начало XX вв.) و ( Из истории курдского племени сенджаби (конец XVI
— начало XX в.)، بۆ توێژینەوە دەربارەی ڕەنگدانەوەی کولتوور و داب و نەریت لەسەر کەسێتی کورد، سودێکی زۆرمان لە
توێژینەوەکانی ( ڕۆدینکۆ) وەرگرتووە، بە تایبەتی هەریەک لە توێژینەوەکانی ( Отражение некоторых древних
обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре، Несколько

Похоронные песни курдов- ،курдских похоронных песен из собрания рукописей А. Д. Жаба езидов Закавказья) هاوکارێکی باشمان بوون.

چەشنێکی دیکەی سەرچاوەکان، یاداشتی گەشت و سەفەرنامەکانن. ژمارەیەکیان لە شێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە و هەندێکیشیان وەک وتار لە نێو گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە. یەکێک لە سەرچاوە دیارەکانی ئەم بوارە کە سودمان لێوەرگرتووە، ( سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف)ە. بەهۆی پێگەی ناوبراو و کارکردنی لە لیژنەی دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی، فارس) و گەڕانی بە ناوچەکانی کوردستاندا، کۆمەڵێک زانیاری گرنگی لە سیاحەتنامەکەیدا تۆمار کردووە، کە بۆ ئێمە زۆر بە کەڵک بوون. بەرهەمی گەشتی (К.Хачатуровъ) بە ناونیشانی (Курды, черты их характера и быта) یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوەکان بۆ زۆر لایەن سودمان لێوەرگرتووە. هەروەها بەرهەمەکەی ( تەراکێلیان) بە ناونیشانی (کوردانی پارس – ڕاپۆرتێک لەسەر ژیان و داب و نەریتی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە) یەکێکی دیکەیە لەو سەرچاوە گرنگانەی زۆر سودمان لێوەرگرتووە. ئەم چەشنە سەرچاوانە بایەخی تایبەتییان هەیە، چونکە زانیارییەکانیان بەرهەمی سەرنج و تێڕامان و بینینی نوسەرەکانیانن، کە ئاوڕیان لە زۆر لایەنی مێژووی ژیانی ڕۆژانە و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد داوەتەوە.

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان، کۆتا جۆری سەرچاوە بەکارهاتووەکانن. کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگی ئەلیکترۆنی بە زمانە جیاوازەکان لەم نامەیەدا بەکارهاتوون. بایەخی ئەم سەرچاوانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان، هیچی لە سەرچاوەکانی دیکە کەمتر نەبووە. چونکە ئەو پێگەیەی زانیارییەکانمان لێوەرگرتوون، پێگەی فەرمی و باوەڕپێکراون وەک (http://abovyanmuseum.am/en، Kurdist.ru، www.armenianhouse.org ) یان ناوەندی فەرمی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیین وەک (www.orientalstudies.ru ، www.ivran.ru ، www.kunstkamera.ru ، religii-https://eziin.org/o )

## پێکهاتەی توێژینەوە :

ئەم نامەیە لە چوار بەشی سەرەکیدا لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە (ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) و کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەکۆڵێتەوە. لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا، لە چوار باسدا مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیمان لە ڕووسیای قەیسەری خستووەتەڕوو. مێژووی سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی، چەند قۆناغێکی لە یەک جیاوازی لە دامەزراندن و بنجداکوتان و گەشەسەندن بڕیوە. بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونی مێژووی دەربارەی هەریەک لەم قۆناغانە بخەینە ڕوو، لە چوار باسدا لە هەریەک لە قۆناغە گرنگەکان و وێستگە سەرەکییەکانی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا دەکۆڵینەوە. لە دەسپێکدا لە نێو مێژووی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیدا، باس لە بایەخدان بە کورد دەکەین. چونکە کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە لە ڕووسیا سەری دەرهێنا. لەم سۆنگەیەشەوە بە گرنگمان زانیوە، لە باسی یەکەمدا بە ناونیشانی ( کورد و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا) لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و ڕەوتەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بکۆڵینەوە. ئەم باسە دوو تەوەری لە خۆگرتووە. تەوەری یەکەم تایبەتە بە (مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی)، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ بایەخدانی ڕۆژنامەگەری ڕووسی و گەڕیدە و گەشتیارانی ڕووس بە کورد، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم.

لە باسی دووەمدا بە ناونیشانی (سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی و دامەزرێنەرانی لە ڕووسیا)، لەو زەمینە مێژوویی و زانستییە دەکۆڵینەوە کە تێیدا زانستی کوردناسی لە ڕووسیادا بنج دادەکوتێت و توێژینەوە کوردناسیەکان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێن. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە، ڕووسیا دەبێتە ناوەندێکی گرنگی بایەخدان بە کورد، کوردناسانی ئەم قۆناغە دەبنە دامەزرێنەری کوردناسی. لەم باسەدا لە دوو تەوەرەدا، لێکۆڵینەوە لە کارە کوردناسییەکانی دوو بیچمی دیاری دامەزرێنەرانی کوردناسی ( خاچاتۆر ئابۆڤیان، پیوتەر لێرخ) و ڕۆڵیان لە بنج داکوتانی ئەم زانستە لە ڕووسیا دەکەین. باسی سێیەم بە ناونیشانی (دەستنووسە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی)، تەرخانکراوە بۆ قۆناغێکی گرنگی مێژووی گەشەسەندنی کوردناسی لە ڕووسیا. لە دەسپێکدا پۆلێنکاریمان بۆ ئەو دەستنووسانە کردووە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە وەک پرۆسەی بایەخدان بە کورد لە ڕووسیا کۆکراونەوە. لە دوو ئاستدا دەربارەی بایەخی ئەم دەستنووسانە لە گەشەسەندنی زانستی

کوردناسی لە ڕووسیا لێکۆڵینەوە دەکەین. ئاستی یەکەم وەک خودی دەستنووسەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لە تەوەری یەکەمدا بە ناونیشانی (دەستنووسی شەرەفنامە و بایەخی لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان) لێکۆڵینەوە لە گرنگی و بایەخی ئەم دەستنووسە لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسیەکان و بایەخدانی کوردناسانی ڕووسیا بەم دەستنووسە و هەوڵەکانی کوردناسان و دامەزراوە ئەکادیمییە ڕووسییەکان بۆ وەرگێران و چاپکردنی دەکەین. لە ئاستی دووەمدا ، لە ڕوانگەی بایەخدانی کوردناسان و هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردیبەکان لێکۆڵینەوە دەکەین. بۆ ئەم مەبەستەش، لە تەوەری دووەمدا بە ناونیشانی (ئەلیکساندەر ژابا و مەلا مەحموودی بایەزیدی کۆکەرەوەی دەستنووسە کوردییەکان) دەربارەی مێژووی ژیان و کارکردنی ئەم دوو کەسایەتییە لە کۆکردنەوە و نوسینەوە و وەرگێران و نوسینی بەرهەمی نوێیان، لێکۆڵینەوە دەکەین. پاشان بایەخی ئەم کارانەیان لە گەشەسەندنی کوردناسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئایندەی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان دەخەینە ڕوو. لە باسی چوارەمدا بە ناونیشانی (کوردناسان و لێکۆڵینەوە کوردناسیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ١٩١٧ز) دەربارەی قۆناغێکی دیکەی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لێکۆڵینەوە دەکەین. لەم باسەدا لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تا ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ( ١٩١٧ز) لە ڕووسیا، دەربارەی دیارترین ئەو کوردناسانەی لە مێژووی ئەم قۆناغەی کوردناسیدا ڕۆڵیان هەبووە لێکۆڵینەوە دەکەین، گرنگترین بەرهەمە کوردناسییەکانی ئەم قۆناغەمان ناساندووە.

لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی (گەشەسەندنی زانستی کوردناسی و ناوەندە کوردناسییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ) لێکۆڵینەوە دەربارەی دەرکەوتنی چەند ناوەندێکی جیاوازی کوردناسی و گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە هەریەکێک لەم ناوەندانەدا دەکەین. لە دەسپێکدا لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو ڕەوشە نوێیە سیاسی و ئایدۆلۆژییەی لە سایەی دەسەڵاتی سۆڤێتیدا هاتە ئاراوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەکان دەکەین. پاشان لە باسی یەکەمدا بە ناونیشانی (سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ( یەریڤان، باکۆ، تەفلیس)) لە زەمینەی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان و گەشەسەندنیان لە هەریەک لەم ناوەندانەدا، کۆڵیوەتەوە. سەرنجی زیاترمان لەسەر سەرهەڵدان و شێوەگیربوونی لێکۆڵینەوە کوردناسیەکان لە چوارچێوەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتی بووە. پاشان دەربارەی ئەو کوردناس و توێژەرە کوردانەی لەم ناوەنددا ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی کوردناسی هەبووە لێکۆڵینەوەمان کردووە.

لە باسی دووەمدا بە ناونیشانی (کوردناسی لە لینینگراد - سانت پترسبۆرگ)، دەربارەی گەشەسەندنی کوردناسیی لەم ناوەندەدا، لە هەردوو سەردەمی ( یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) لێکۆڵینەوە دەکەین. لەم باسەدا دەربارەی چالاکبوونی (لینینگراد) وەک ناوەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان و کردنەوەی یەکەمین بەشی سەربەخۆ و تایبەت بە (کوردناسی) لەم ناوەنددەدا لێکۆڵینەوە دەکەین. هاوکات دەرفەتی کردنەوەی خوێندنی باڵا سەبارەت بە پرسە جیاوازە مێژوویی و زمانەوانی و ئەدەبییەکانی نەتەوەی کورد، گروپێکی کوردناس و توێژەری چالاکی بەرهەمهێنا، لەم سۆنگەیەوە لە میانەی پۆلێنکردنی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لەم ناوەندەدا، دەربارەی بەرهەم و کاری کوردناسانی ئەم ناوەندە لە هەردوو سەردەمی ( یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) لێکۆڵینەوە دەکەین. لە باسی سێیەمدا بە ناونیشانی (سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە مۆسکۆ) لە سەرەتای لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لەم ناوەندە لە سەدەمی یەکێتی سۆڤییەت دەکۆڵینەوە. پاشان باسمان لەو هەلومەرجە سیاسی و نێودەوڵەتی و زانستیە کردووە، کە ڕۆڵی لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لەم ناوەنددەدا هەبوو. دروستبوونی یەکەمین گروپی کوردناسان بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسە جیاوازەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، خستووەتە ڕوو، لەم ناوەندەدا لێکۆڵینەوەمان دەربارەی کارە کوردناسیەکانی سێ کوردناسی دیار و لە هەمانکاتدا سێ سەرۆکی لقەکە، لە هەردوو سەردەمی (یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) کردووە.

لە بەشی سێیەمدا دەربارەی (سروشت و تایبەتمەندیی و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتی کورد لە دیدی کورناسانی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت) دەکۆڵینەوە. لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕوانینی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت بۆ کەسێتی کورد لە چەند ئاستێکدا دەکەین. لە باسی یەکەمدا بە ناونیشانی (سروشت و تایبەتمەندیەکانی کەسێتی کورد لە دیدیی کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت)، دەربارەی سروشتی کەسێتی کورد و خاڵە جیاکەرەوەکانی لە دیدی کوردناسان دەکۆڵینەوە. کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتی کوردیمان لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت خستووەتەڕوو. ئەو فاکتەرانەمان خستووەتەڕوو کە کاریگەریان لەسەر نەخشاندنی کەسێتی کوردیی هەبووە. لە باسی دووەمدا بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کولتوور و داب و نەریت لەسەر کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت) لێکۆڵینەوە دەربارەی کاریگەریی کولتوور و داب ونەریت لەسەر کەسێتی کورد دەکەین. پابەندبوونی کەسێتی کورد بە کولتوور و داب و نەریتەکانمان

خستووەتەڕوو. هاوکات باسمان لە ڕوانینی کوردناسان بۆ ڕۆڵی کولتوور و داب و نەریت وەک پارێزەری کۆمەڵگەی کوردی کردووە. بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە دەربارەی کاریگەری کولتوور و داب ونەریتەکان لەسەر کەسێتی کورد، لێکۆڵینەوەمان دەربارەی چەند دیاردە و ڕێوڕەسمێکی کولتووری و نەریتیی کۆمەڵگەی کوردی لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت کردووە. لە باسی سێیەمدا بە ناونیشانی (ژیانی خێزانی کورد و کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت) لێکۆڵینەوە دەربارەی پابەندبوونی کەسێتی کورد بە خێزان دەکەین، هاوکات ڕۆڵی خێزان لەسەر کەسێتی کورد دەخەینە ڕوو. لەم ڕوانگەشەوە لێکۆڵینەوەمان دەربارەی ڕەوشی ژیان و کەسێتی ژنی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە دیدیی کوردناسانی رووسیا و یەکێتی سۆڤییەت کردووە. دیدی کوردناسمان دەربارەی پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا و ماف و ئازادییەکانی کردووە.

لە بەشی چوارەمدا بە ناونیشانی (هۆشیاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی ئاین و خێڵ لەسەر کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت) لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەنگدانەوەی ئاین، خێڵ لەسەر کەسێتی کورد و پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد لە ماوەی سالآنی ( ١٨٥٠- ١٩٣٩ز) دەکەین. لە باسی یەکەمدا بە ناونیشانی (ئاین و کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت) لێکۆڵینەوەمان دەربارەی ئاین وەک فاکتەرێکی بونیادی لەسەر کەسێتی کورد کردووە. لە دەسپێکدا ئاماژەمان بەکاریگەری ئاین لەسەر کەسێتی مرۆڤ کردووە. پاشان لێکۆڵینەوەمان دەربارەی ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردووە، کە تایبەتمەندیی جیاوازی و فرەیی ئاینی دروست کردووە. هاوکات لە سێ تەوەرەدا لێکۆڵینەوەمان لە دەرکەوتە ئاینییەکانی کەسێتی کورد کردووە، کە سێ فۆڕمی ئاینی جیاوازی بەرهەم هێناوە. کاریگەری هەریەک لەم فۆڕمە ئاینییانە لەسەر کەسێتی کورد و پرسەکانی تایبەت بەم فۆڕمانەمان خستووەتەڕوو. لە باسی دووەمدا بە ناونیشانی (خێڵ و کەسێتی کورد لە دیدیی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت) لێکۆڵینەوەمان دەربارەی ڕۆڵی خێڵ وەک ڕێکخراوێکی (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری) لەسەر کەسێتی کورد کردووە. هاوکات تایبەتمەندیەکانی خێڵی کوردیمان خستووەتە ڕوو. کارایی خێڵ و کاریگەری بیرکردنەوەی خێڵەکییانە لەسەر کەسێتی کورد، دەرفەتی ئەوەی پێبەخشیوین لە چەند پرسێکی تایبەت بە خێڵی کوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی کورد بکۆڵینەوە.لە لێکۆڵینەوەماندا لەسەر خێڵ وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خێڵی کوردیمان وەک ڕێکخراوێک بۆ یەکبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەسێتی کورد خستووەتەڕوو. کۆتا باس تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە ماوەی نێوان سالآنی (١٨٥٠ - ١٩٣٩ز) لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت. لە دەستپێکدا لە نمونەی ڕاپەڕینێکی چەکداریی بە ڕێبەرایەتی یەکێک لە دەرەبەگ و نەوەی میرەکان ( یەزدان شێر)دەکۆڵینەوە. پاشان قۆناغێکی نوێ لە پەرەسەندی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردیدا دێتە ئاراوە، کە ئاوێتەکردنی بیروڕای ئاینیی و نەتەوەییە. نمونەی ئەم پەرەسەندنە لە ئەزمونی سیاسی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و ڕاپەڕینی ( ١٨٨٠ز) دەخەینەڕوو. وەک نمونەی پاشەکشەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی، لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ئاوێتەکردنی کورد بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی لە چوارچێوەی سوارەی حەمدیە دەکەین. گۆڕانکارییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، پەرەسەندنی لە بزوتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردیدا دروست کرد. تەزمونێکی نوێی سیاسی و مەدەنی هێنایە ئاراوە، هەروەها ڕوودانی زنجیرەیەک ڕاپەڕینی لێکەوتەوە. وەک نمونەی ئەم قۆناغە لەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا ساڵی (١٩٣٩ز) لە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردیدا ڕوویانداوە، دەکۆڵینەوە.

بەشی یەکەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا.
باسی یەکەم : ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا و سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی.
تەوەری یەکەم : مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا.
تەوەری دووەم : کورد لە چاپەمەنی و یاداشت و گەشتنامە و نوسراوی گەڕیدە ڕووسەکان.
باسی دووەم : سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی و دامەزرێنەرانی لە ڕووسیا.
تەوەری یەکەم : خاچاتور ئابۆڤیان و دەسپێکی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان.
تەوەری دووەم : پیۆتەر لێرخ و بناغە دانانی کوردناسی لە ڕووسیا.
باسی سێیەم : دەستنووسە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی سەدەی نۆزدەیەم.
تەوەری یەکەم : دەستنووسی شەرەفنامە و بایەخی لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکاندا.
تەوەری دووەم : ڕۆڵی ئەلیکساندەر ژابا و مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا.
باسی چوارەم: کوردناسان و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ١٩١٧ز.

# باسی یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا و سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی

## تەوەری یەکەم: مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا

لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، پێویستییەکانی ڕووسیا بە ناوچەکە، شارەزابوون و ناسینی زمان و کولتووری گەل و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی دراوسێی هێنایە ئاراوە. لەم سەروبەندەوە، گرنگی پێگەیاندن و ڕاهێنانی کەسانی پسپۆڕ، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کولتووری ڕۆژهەڵاتی، لەو وڵاتەدا سەری هەڵدا.[١] بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانیدا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە، ڕووسیا لە لایەك پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی (ڕۆژهەڵات) و لە لایەکی دیکە بۆ بەردەوامیی چالاکیی کاربەدەستان و پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی، پێویستی بە ناسینی ڕۆژهەڵات هەبوو.[٢]

سەرەتای پرۆسەی گرنگیدانی ڕووسیا بە ڕۆژهەڵات، لە سەردەمی (پیتەری گەورە ١٦٨٢- ١٧٢٥ز) وە بە کۆکردنەوەی دەستنووس و کتێب بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و کەرەستە کولتوورییەکان دەستیان پێ کرد. کتێبەکان، لە لایەن توێژەر و دبلۆمات و بازرگان و مسیۆنێرە ڕووسییەکانەوە دەکڕدران.[٣] هەروەها باڵیۆزانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش، کتێب و دەستنووسیان پێشکەش بە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دەکرد.[٤] (پیتەری گەورە) لە ماوەی حوکمڕانیی خۆیدا، دەستی بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك چاکسازیی بنەڕەتی، بە مەبەستی بنیادنانەوەی ڕووسیا کرد. ئەم چاکسازییانە کاریگەرییان لەسەر داهاتووی ڕووسیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە و دەوڵەتەکانی دراوسێیدا هەبوو، لەم قۆناغە مێژووییەوە (ڕۆژهەڵاتناسی) لە ڕووسیا بۆ ناسینی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات سەرچاوەی گرت. لەم سۆنگەیەوە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا، (پیتەر) کۆمەڵێك مەرسوومی گرنگی سەبارەت بە فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەرکرد.[٥]

لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، کتێب و دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکۆکراوەکان، بنیادنانی کتێبخانەیەکی تایبەت بە پاراستن و سوودوەرگرتنیان لە لایەن شارەزایان و زانایانەوە هێنایە ئاراوە. یەکەمین دەزگای تایبەت بە کۆکردنەوەی کتێبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووسیا، (کونستکامیرا) بوو. ئەم دەزگایە، لە ساڵی (١٧١٤ز) لە لایەن (پیتەری گەورە)ەوە لەگەڵ کتێبخانەکەیدا دامەزرا و لە ساڵی (١٧١٩ز) بە ڕووی سەردانکەرانیدا کرایەوە.[٦] چەندین فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕۆڵیان لەم بڕیارەدا هەبوو. پێش هەر هۆکارێک، بنیادنانی سانت پترسبۆرگ و ئامادەیی هاتنی کۆمەڵێك زانای ئەورووپی بۆ ڕووسیا ڕۆڵی لەم بڕیارەدا هەبوو. لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، مۆزەخانەکە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کەرەستە ئیتنۆگرافییەکانی، پشتیوانی دارایی پرۆژەی کۆکردنەوەی کەرەستە جیاوازەکانی کرد. لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، (کونستکامیرا) بوو بە بنەمای دامەزراندنی حەوت مۆزەخانەی ئەکادیمیی سەربەخۆ، کە مۆزەخانەکانی (ئیتنۆگرافیا، ئاسیایی، توێکاری

---

(١) History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) ,Translated by A.Zorin, Edited by S.Wickham-Smith, http: / /www.orientalstu dies.ru/eng /index.php? option=com_content&task=view&id=46&Itemid=82

(٢) Михаил Алексеевич Волхонский: Роль специальных классов Лазаревского института в развитии «практического востоковедения»в России во второй половине XIX – начале XX, МЕЖДУНАРОДНАЯ АНАЛИТИКА(ИСТОРИЧЕСКИЕ РАКУРСЫ), № 1 (19), 2017,С77.

(٣) Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, Translated by M. Rausse and Dr A.Zorin, http: //www.orientalstud ies.ru/eng/index.php?option=content& task= view&id=167

(٤) History of the Institute of Oriental Manuscripts…., Op. Cit.

(٥) محمد عبد علي حسين القزاز: حركة الاستشراق الروسي و ترجمة معاني ألفاظ القران الكريم، مجلة الدراسات الاستشراقية، السنة الأولى، العدد ١، صيف ٢٠١٤، ص ٢٣٣ - ٢٣٤ ؛ سليمان بن محمد الجار الله: جهود الاستشراق الروسي في مجال السنة و السيرة، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة، بدون سنة الطبع، ص ٤.

(٦) Основание Кунсткамеры в 1714 году, https: //www.kunstkamera.ru/en/museum/kunst_hist/2

تەشریحی) دیارترینیان بوون. لە میانەی ئاهەنگی یادی دوو سەد ساڵەی (سانت پترسبۆرگ) لە (١٩٠٣ز)دا، مۆزەخانەکە بە ناوی دامەزرێنەری کونستکامیرا (پیتەری مەزن)ەوە ناو نرا.[٧]

کارێکی دیکەی پیتەری گەورە لە بواری گرنگیدان بە ڕۆژهەڵاتدا، کە سەرەتاکانی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسیی لێ کەوتەوە، ڕەنووسکردنی دەستنووسە عەرەبییەکان بوون، کە لە ڕووسیا پارێزراو بوون. هەروەها یەکەمین چاپخانە بە پیتی عەرەبی لە لایەن (کانتیمر ١٦٧٣ - ١٧٣٣ز)وە دامەزرا، لە ساڵی ١٧١٦ز یەکەمین وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز) بۆ سەر زمانی ڕووسی بە سەرپەرشتیی خودی (پیتەری گەورە) لە لایەن (پیتەر بوستینکۆڤ)ـەوە بڵاو کرایەوە.[٨]

یەکێکی دیکە لە ڕیفۆرمەکانی (پیتەر)ژیانی زانستیی بوو، لەم سۆنگەیەوە بە فەرمانی ئەو، ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا لە (٨ی شوباتی ١٧٢٤ز) لە سانت پترسبۆرگ دامەزرا.[٩] بڕیاری دروستکردنی ئەکادیمیاکە، بووە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی زانستی لە ڕووسیا. هەر لە سەرەتاوە پیتەر ئامانجی ئەوەی هەبوو ئەکادیمیاکە نەك تەنها لە ڕووی توێژینەوە و ڕێکخراوەیی و پەروەردەییەوە لە ئەکادیمیاکانی ئەورووپا جیاواز بێت، بەڵکو دەیویست ببێتە دەزگایەك بۆ ڕاهێنانی زانایان.[١٠] لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا، ئەکادیمیاکە چاپخانەیەکی دامەزراند،[١١] لە ساڵی (١٧٢٨ز)دا ئەکادیمیاکە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (دۆزینەوەکانی سانت پیترسبۆرگ) و تا ساڵی (١٧٨١ز) بەردەوام بووە لە چاپ و بڵاوکردنەوە.[١٢] یەکەمین گۆڤاری زانستی لە لایەن ئەکادیمیاوە بە ناونیشانی (*سەرنجەکانی ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریەت لە سانت پیترسبۆرگ*) چاپ و بڵاو کراوەتەوە.[١٣]

لە سەرەتای دامەزراندنیدا، ئەکادیمیاکە لە ڕێگەی توێژینەوە و بڵاوکراوەکانییەوە دەستبەجێ وەڵامی خواستەکانی ئەو سەردەمەی داوەتەوە و ئەنجامی زانستیی ئەوتۆی بەدەست هێناوە، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانیی بگاتە هاوتای دامەزراوە زانستییەکانی ئەورووپای ئەو سەردەمە.[١٤] (پیتەری مەزن) پلانی ئەوەی دانا کە ئەکادیمیاکە بگەیەنێتە ئاستی ئەکادیمیا زانستییە

---

(٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و چالاکییەکانی ئەم دەزگایە بڕوانە:
История Кунсткамеры, https: //www.kunstkamera.ru/exposition/kunst_hist ؛М.Ф.Хартанович: Летопись Кунсткамеры 1714–1836, Музея антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера) РАН, МАЭ РАН, 2014؛ Ю.К.Чистов, Е. А.Резван, Е. А.Михайлова, Ю. Е.Березкин, Ю. Ю.Карпов, В. Ф.Выдрин, А. К. Байбурин: ИЛЛ ЮСТ РАТ ИВНЫЕ КОЛЛЕКЦИИ КУНСТКАМЕРЫ, СБОРНИК МУЗЕЯ АНТРОПОЛОГИИ И ЭТНОГРАФИИ LIX, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Музей антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера), МАЭ РАН, 2014 ؛ Мыльников А.С: Из истории Кунсткамеры. 1941-1945, МАЭ РАН, 2003.

(٨) سليمان بن محمد الجار الله: جهود الاستشراق الروسي في مجال السنة و السيرة، ص ٥؛ مدرسة الآستشراق الروسي: https: //www.marefa.org

(٩)Russian Academy of Sciences, https: //www.interacademies.org/organization/russian-academy-scie nces ؛ Academy of Sciences Russian organization, https: //www.britannica.com/place/Moscow ؛The St. Petersburg Academy, http: //eulerarchive.maa.org/historica/places/ stpetersburg.html

(١٠)Alexander Lipski: The Foundation of the Russian Academy of Sciences, The University of Chicago Press on behalf of The History of Science Society, Vol. 44, No. 4 (Dec., 1953), p 351؛ History of Russian Academy of Sciences, http: //www.ruhep.ru/npd/history.npd/hisras_e.htm

(١١) Alexander Lipski: Op. Cit, p 353 ؛ History of Russian Academy of Sciences ,http://www.ruhep.ru/npd /history.npd/hisras_e.htm.

(١٢)Газета XVIII века «Санктпетербургские Ведомости»: Указатели к содержанию (1728-1781гг.), https: //www.vedomosti1728.ru/

(١٣)COMMENTARII ACADEMIAE SCIETIARVM IMPERRIALIS PETROPOLITANAE, TOMUS I,AD ANNVM cb bcc xxvt,PETROPOLI TYPIS ACADEMIAE, cb bcc xxvt,1726 – 1728.

(١٤)Russian Academy of Sciences, Op. Cit.

نوتیەکان و بە پێویستیشی زانی زانا دیارەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا و بە تایبەتی زانایانی ناسراوی وەك: (جوزێف ن. دێلیسلی، جاکوب هێرمان، جۆرج بێرنهارد بیلفینگەر، لیۆنهارد ئیولەر، نیکۆلاس و دانیال بێرنۆلی، کریستیان گۆڵدباخ، یوهان دوڤێرنۆی، کریستیان گرۆس، گیرهارد مۆلەر، ژان دێلیس، جۆرج کرافت) لە دەرەوەی ڕووسیا بانگهێشت بکات، [15] بەشێك لەم زانایانە هاتنە سانت پترسبۆرگ و (لاڤرێنتی لاڤرێنتریڤیچ بلومێنترۆست)ی بە ڕەگەز ئەڵمانی لە نێوان ساڵانی (١٧٢٥ بۆ ١٧٣٣)دا بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەکادیمیاکە.[16]

توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسیەکانی ڕووسیا ڕووبەڕووی کێشەی هەڵبژاردنی شێوازی کارکرن بوونەوە، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لە میتۆدی کارکردن و خوێندنی پەیمانگا و دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسیەکاندا دووچاری کێشمەکێشی نێوان مۆدێلی (ڕۆژهەڵاتناسیی بەریتانی و فەرەنسی) لە لایەك و مۆدێلی (ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی) لە لایەکی دیکە بوونەوە. تەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیا بەتەواوی نەیتوانیوە خۆی لەسەر یەکێك لەم مۆدێلانە ساغ بکاتەوە و لە سەرجەم دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا بە شێوەیەکی کرداری یەك مۆدێل پەیڕەو نەکراوە، بەڵکو بە پێی قۆناغە مێژووییەکان و پێویستییە سیاسی و دبلۆماسی و سەربازییەکان و تەنانەت بە پێی ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسییش لەو وڵاتەدا پەیڕەوی مۆدێلی (ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی، فەرەنسی و بەریتانی) کراوە. (ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی) لەسەر بنەمای گرنگیدان بە زمان و تێکستە کۆنەکان بووە، بەڵام مۆدێلی (ڕۆژهەڵاتناسیی بەریتانی، فەرەنسی) سیمایەکی پراکتیکیانەی هەبووە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت و کۆلۆنیاکانی فەرەنسا و بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتدا کاریان کردووە.[17] دەربارەی ئەم بابەتە، گفتوگۆی چڕوپڕ هەیە. بە بڕوای ئیدوارد سەعید: ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی هاوشێوەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی لینکی پتەوی لەگەڵ پرۆژەی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمدا نییە، ئەگەرچی لە سەرەتای دامەزراندنی لەسەر شێوازی فەرەنسی بووە، بەڵام دواتر لەسەر شێوازی ئەڵمانی یەکلایی بۆتەوە.[18] لە ساڵانی سەرەتادا ستافی ئەکادیمیاکە لە ئەورووپییەکان و بە زۆری لە ئەڵمانییەکان پێك دەهات، سەرەڕای پێگەیاندن و ڕاهێنانی زانا ڕووسییەکان، بە تایبەتی لە دوای ساڵانی ١٧٣٣ زانا ڕووسییەکان لە ستافی ئەکادیمیادا پێگەی خۆیان لە ناو ئەکادیمیاکەدا جێگیر کرد.[19] بەڵام تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسە گەورەکانی ڕووسیا بە ڕەگەز ئەڵمانی بوون. ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە نوێنەرایەتیی مۆدێلی ئەڵمانییان لە ڕۆژهەڵاتناسیی تێکستۆلۆژیدا کردووە، کە زیاتر سەرنجیان لەسەر

---

(١٥)ALEXANDER LIPSKI , Op. Cit., pp 351 – 353 ؛History of Russian Academy of Sciences , Op. Cit.؛ The St. Petersburg Academy , Op. Cit..

(١٦)ALEXANDER LIPSKI: Op. Cit., p 354

(١٧)Михаил Алексеевич Волхонский: Роль специальных классов Лазаревского института в развитии «практического востоковедения»в России во второй половине XIX – начале XX, МЕЖДУНАРОДНАЯ АНАЛИТИКА, № 1 (19) 2017 ,С 77.

(١٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Adalyat Issiyeva: Russian Orientalism: From Ethnography to Art Song in Nineteenth-Century Music, Schulich School of Music , A thesis submitted to McGill University in partial fulfillment of the requirements of the degree of Ph.D. in Musicology, December 2013, pp 9 – 15.

(١٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆڵی ئەڵمانییەکان لە ڕووسیا بڕوانە:

Немцы в Санкт-Петербурге, Вып 4, СПб, МАЭ РАН ,2008 ؛ Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII – XX вв, Вып 5, СПб, МАЭ РАН, 2009 ؛Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект , Вып 6, СПб, МАЭ РАН ,2011 ؛Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII – XX вв, Вып 7, СПб, МАЭ РАН, 2012؛Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып 8, СПб, МАЭ РАН.2014 ؛ Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып 9, СПб, МАЭ РАН, 2015 ؛Немцы в Санкт -Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып10, СПб, МАЭ РАН, 2016؛ Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII– XX вв, Вып. 11 , СПб, МАЭ РАН, 2018

تێکستە کۆنەکان بووە. کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان لەسەر توێژەرانی سانت پترسبۆرگ لە توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا لە ئاستێکدا بووە کە لە توێژینەوەکانیاندا وێنەیەکی ناسیاسی بخەنە ڕوو، بە بەراورد بە ڕۆژهەڵاتناسیی بەریتانی و فەرەنسی، کە وابەستەی سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکان بوون.[٢٠]

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا گرنگیدانی ڕووسیا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەك بوو کە هەست بە نیاز و ئامانجەکانی ئەو وڵاتە بۆ فراوانخوازی و سەپاندنی هەژموونی دەکرا، بە تایبەتی سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر ڕۆژهەڵات لەو کاتەدا هەریەك لە ڕۆژنامەکانی (دۆزینەوەکانی سانت پیترسبورگ، دۆزینەوەکانی مۆسکۆ) بوون.[٢١] لە خۆڕا نییە ڕۆژهەڵاتناس (ی.بیرتیللس) سەبارەت بە دەسپێکی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیادا بڵێت: "سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی بە شێوازێکی زانستی و فەرمی لە ڕووسیا، لە ڕێکەوتی (١٥ی مایسی ١٧٥٥ز)دا سەری هەڵدا، کە قەیسەر لە ڕووسیاوە بەرەو دەوڵەتی (فارس) دەڕۆیشت."[٢٢]

زمان پردی پەیوەندی و هۆکاری لێکگەیشتن و پێویستییەکی گرنگی پرۆسە سیاسی و سەربازی و زانستییەکانی ڕووسیا بوو، هەر بۆیە لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیدا لێکۆڵینەوە و فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان پلانی زانستی و پشتیوانییەکانی دەوڵەتی لە پشتەوە بووە. سەرەتای گرنگیدانی ڕووسیا بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ساڵی (١٧٥٣ز) دەگەڕێتەوە بە ناردنی پێنج خوێندکار لە مۆسکۆوە بۆ ڕۆژهەڵات بە مەبەستی فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان.[٢٣] لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا زمانی عەرەبی لە پرۆگرامی خوێندنگە ناوەندییەکانی هەندێك لە شارەکانی ڕووسیا (وەك شاری استراخان) جێگیر کرا.[٢٤] ساڵانی ١٧٦٤-١٧٦٥ کاری (ئەکادیمیای زانست و هونەری ئیمپراتۆریەت لە سانت پترسبۆرگ) ڕێك خرا و داوایەك خرایە بەردەم ڕۆژهەڵاتناسان و ئەتنۆگرافەکان سەبارەت بە پێویستیی فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و بونیادنانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەتەوە و زاناکانی ڕۆژهەڵات و بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر خەڵکی ناوچەکە، هەروەها ئەکادیمیاکە جەختی لەسەر کۆکردنەوەی کتێب و هەواڵ و دەستنووس و گێڕانەوە جیاوازەکان کردەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش چەند مێژوونووس و پسپۆڕێك ڕاسپێردران.[٢٥] گرنگیدان بە ڕۆژهەڵات و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووسیا بەردەوامی هەبوو، لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەدا و لە سەردەمی قەیسەری ڕووسی (کاترینای دووەم ١٧٢٩- ١٧٩٦ز)دا، کۆمەڵێك خوێندکار بە مەبەستی فێربوونی زمانی نەتەوە موسوڵمانەکان نێردرانە دەرەوە، چاپەمەنییەکانی (سانت پترسبۆرگ، کازان) لە گرنگیدان بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان جێدەستیان دیار بوو.[٢٦] لە پرۆگرامی ساڵی ١٨٠٤ی زانکۆیەکی ڕووسیادا، بۆ یەکەم جار نەخش و بەرنامە بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی باڵادا دانرا و بەشی تایبەت بەو زمانانە دامەزرا و زمانی عەرەبییش گرنگیی زیاتری پێ درا.[٢٧] زانکۆکانی ڕووسیا لە ڕێگەی بەش و کورسیبە تەرخانکراوەکانەوە خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسییان گەشە پێ دا، زانکۆی (خارکۆف) لە ساڵی ١٨٠٥ وەك یەکەمین زانکۆ کورسیی خوێندنی زمانی عەرەبیی ڕاگەیاند. زانکۆی کازان کە لە (١٨٠٤ز) دامەزرابوو لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیی بەناوبانگ: (کریستیان فران)ـەوە سەرپەرشتیی خوێندنی زمانی عەرەبی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە ١٨٠٧ – ١٨١٧دا کرد، زانکۆی مۆسکۆ لە ساڵی ١٨١١دا خوێندنی زمانی عەرەبیی لە زانکۆکەدا کردەوە.[٢٨]

---

(٢٠)Alfrid Kashafovich Bustanov: Settling the past: Soviet oriental projects in Leningrad and Alma-Ata, Universiteit van Amsterdam, Faculty of Humanities (FGw), Amsterdam Institute for Humanities Research (AIHR), 2013,P 36.

(٢١) هەستیار کەمال کوردی: سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد(١٨٥٠ - ١٩١٤)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٥.

(٢٢) مجموعة من المستشرقين السوفيات: تاريخ الاستشراق و الدراسات العربية و الكردية في المتحف الاسيوي و معهد الدراسات الشرقيه في لينينغراد (١٨١٨ - ١٩٦٨)، ترجمه و علق عليه و قدم له د. معروف خزنةدار، الطبعة الاولى، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٨٠، ص ص ١٧ - ١٩.

(٢٣) ن. م، ص ١٦.

(٢٤) مدرسة الأستشراق الروسي: https: //www.marefa.org

(٢٥) ب.م.دانتسيغ: الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ت. د. معروف خزندار، وزارة الثقافة الاعلام - العراق، ١٩٨١، ص ٩٢.

(٢٦) د.فيصل الجربوعي: نشأة الاستشراق الروسي جذوره، http://www.fisalpro.net/?p=283

(٢٧) م.م. محمد عبد علي حسين القزاز: حركة الاستشراق الروسي و ترجمة معاني ألفاظ القران الكريم، مجلة الدراسات الاستشراقية، السنة الأولى، العدد ١، صيف ٢٠١٤، ص ٢٣٥ ؛ ب.م.دانتسيغ: م.س، ص ١٥٠ - ١٥١.

(٢٨) سليمان بن محمد الجار الله: جهود الاستشراق الروسي في مجال السنة و السيرة، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة، بدون السنة الطبع، ص ٦-٩ ؛ David Schimmelpenninck van der Oye: Russian Orientalism (Asia in the Russian Mind

سەبارەت بە زمانی فارسییش، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٨٠٧)دا لە زانکۆی قازان دەخوێندرا، لە ساڵی (١٨١١)دا لە زانکۆی مۆسکۆ و لە ساڵی (١٨١٩)دا لە سانت پترسبۆرگ فێربوونی زمانی فارسی دەستپێیکرد، هەروەها لە زانکۆی خارکۆف لە ساڵی (١٨٢٩)دا کۆرسێك دەربارەی ئەدەبیاتی فارسی کرایەوە. لە بیستەکان تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی نۆزدە فێربوونی زمانی فارسی لە پرۆگرامی خوێندنی خوێندنگایەکی سەرەتایی لە قازان جێگیر کرا.[٢٩]

بە درێژایی سەدەی هەژدە، ئیمپراتۆری ڕووسیا بەردەوام ئەو ڕاسپاردەیەی بە دبلۆمات و بازرگان و ئەو شاندانەی دەچوونە دەرەوەی ڕووسیا دەدا، کە کتێب بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەست بخەن. لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٨١٨)دا ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا (٧٠٠) دەستنووسی ئیسلامی لە کونسوڵی فەرەنسا لە حەلەب و ئەرابلوس (ج. ل. ڕۆسۆ) کڕییەوە، ئەم هەنگاوانە سەرەتای پڕۆژەیەکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی بوون، کە دواتر بە دوو قۆناغ جێبەجێ کرا.[٣٠]

لە ڕووسیا چەند ناوەندێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی هەبوون، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە قازان (کازان) وەك ناوەندێکی گرنگ لەم بوارەدا دەرکەوت، بناغە دانانی ڕۆژهەڵاتناسی لە قازان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٥٨) کە بڕیاری کردنەوەی خوێندنگایەکی زمانەوانی لە شارەکەدا درا.[٣١] زانکۆی قازان وەك یەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیکی، کاریگەری فەرهەنگی لەسەر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا هەبوو. بە هۆی پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە ناوەندێکی بازرگانی و کارگێڕی و فەرهەنگی ڕووسیا بوو، لە ئەنجامی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری و زانستی و فەرهەنگی لە نێوان ڕووسیا و ئێران، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆی قازان گەشەی کرد، زانکۆی قازان لەم کاتەدا وەك ناوەندێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دەناسرا.[٣٢]

لەسەر داوای سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکان (کۆنت سێرگی ئوڤارۆڤ) کە لە نامەیەکدا لە (١٥ی تشرینی دووەمی ١٨١٨) پێشنیاری بۆ ئەنجومەنی ئەکادیمیاکە کرد بەشێکی نوێ لە ئەکادیمیاکە بەمەبەستی پاراستنی کەرەستە و دەستنووس و کتێبە ڕۆژهەڵاتییەکان بکرێتەوە، لە (٢٨ی تشرینی دووەم) بەشی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو مەبەستە لە هەمان بیناى (کونستکامێرا) کرایەوە. ئەم بەشە بووە بناغەی (مۆزەخانەی ئاسیایی) دواتر ناوی بەشەکە لە بەشی ڕۆژهەڵات بۆ مۆزەخانەی ئاسیایی گۆڕدرا.[٣٣] (فران کریستیان دانیلۆڤیچ (خ. د. فرین)) لە ساڵانی (١٨١٨ بۆ ١٨٣٤) وەك یەکەم بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە کاری دەکرد بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان و کتێب و نووسراوەکانی تایبەت بەو بوارە، لەم سەردەمەوە مێژووی

---

from Peter the Great to the Emigration), Yale University Press, London,2010, PP 97 - 98.

(٢٩) مستورة احمداوا: شرق شناسي و ايران شناسي در دانشگاه قازان، http: //bookcity.org/detail/5477 ؛ David Schim mel pen ninck van der Oye: Op. Cit., PP 97 - 98.

(٣٠)The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, THE ASIATIC MUSEUM — THE INSTITUTE OF ORIENTAL STUDIES, THE ACADEMY OF SCIENCES OF THE USSR — THE INSTITUTE OF ORIENTAL MANUSCRIPTS, THE RUSSIAN ACADEMY OF SCIENCES, http: //ww w. eacs 2016.spbu.ru/organizers/the-institute-of-oriental-manuscripts-the-russian-academy-of-sciences/ ؛ History of the IV RAS: XIX century, http: //ivran.ru/about-institute/history ؛ Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, Translated by M. Rausse and Dr A.Zorin, http: //www.orientalstudies. ru/eng/index.php ?option =content&task=view&id=167

(٣١)David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., P 96.

(٣٢) Ibid, PP 94 – 95.

(٣٣)Alfrid Kashafovich Bustanov: Settling the past, Op. Cit.,P 35 ؛ History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Op. Cit.؛ Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: Op. Cit.؛ David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., P 159 ؛ History of the IV RAS: XIX century, Op. Cit.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەرکەوت. وێنەی دەستنووس و نووسراوە ئەتنۆگرافی و مێژوویەکان لە سەدەی نۆزدە تا سییەکانی سەدەی بیستەم لە لایەن زانا و دبلۆماتە ڕووسییەکانەوە کۆکرانەوە.[٣٤] مۆزەخانەکە لە مانگی ئەموزی ١٨١٩ کرایەوە و پێنج ساڵ دواتر کتێب و دەستنووس و کەرەستە کۆکراوەکان بۆ بینای نوێی کتێبخانەی ئەکادیمیای زانستەکان گوازرانەوە.[٣٥] لە ساڵی(١٨٤٩ز) مۆزەخانەکە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی (**Mélanges asiatiques**) تێبینییەکانی ئاسیا لە فەرەنسا.[٣٦] ئەم مۆزەخانەیە وەك یەکەمین دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمای زانستەکاندا، ببووە گەنجینەیەکی گرنگی پاراستنی کەرەستە شوێنەوارییەکان و دەستنووس و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە کۆکراوەکان. [٣٧] تا سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لە ڕووسیا مۆزەخانەی ئاسیایی وەك ناوەندێکی دەوڵەتی بۆ پاراستن و لێکۆڵینەوە دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان و زانکۆی کازانیش وەك ناوەندی خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی، دوو ناوەندی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی بوون، لە ساڵی (١٨٥٥) بە کردنەوەی کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی سانت پترسبۆگ، سێیەمین ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا کرایەوە.[٣٨]

لە (٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٤) نیکۆلای یەکەم ڕەزامەندی لە کردنەوەی کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی لە زانکۆی سانت پترسبۆرگ دەربڕی، [٣٩] لە ٢٧ی ئابی ١٨٥٥ کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی سانت پترسبۆرگ بە فەرمی کرایەوە، ئەم کۆلێژە (١٤) مامۆستا و پێنج بەشی تایبەتی سەبارەت بە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا و قەفقاز و عیبری هەبوو. دواتر کورسی خوێندنی زمانەکانی (سانسکریتی، یابانی، کۆری، تبتی) و مێژوو و شەریعەتی ئیسلامی زیادکران، (میرزا کازم بەگ) یەکەم ڕاگری کۆلێژەکە بوو.[٤٠] پاش بڕیاری کردنەوەی کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی سانت پترسبۆرگ، کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی کازان بۆ سانت پترسبۆرگ گوازرایەوە، زۆرێك لە مامۆستایانی ئەم کۆلێژە و بەشێکی گەورەی کتێبخانەکەی بۆ سانت پترسبۆرگ گوازرانەوە، ئامانجی ئەم گۆڕانکاریەی دەسەڵاتی ڕووسیا بۆ ئەوەبوو کە سانت پترسبۆرگ ببێتە ناوەندی پێگەیاندن و ڕاهێنانی فەرماندە و کارمەندە حکومییەکان لە قەفقاز، بەڵام ئەنجامەکەی گەورەتر دەرکەوت کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی سانت پترسبۆرگ لە لایەك ببووە ناوەندی پێگەیاندن و ڕاهێنان، لە لایەکی دیکە ببووە ناوەندێکی سەرەکی ئەکادیمی بۆ ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا.[٤١] لەم ئەکادیمیایە بەشێکی نوێ تایبەت بە زمان و ئایین و کەمەنەتەوەیەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی کرایەوە، کە تیایدا زمانەکانی ( فارسی، عەرەبی، تاتاری) و (شەریعەتی ئیسلامی) دەخوێندرا، مشتومڕی دژە ئیسلامی تێدا بەڕێوە دەچوو، چالاکییەکانی ئەم بەشە بۆ ماوەی شەش دەیە بەردەوامی هەبوو.[٤٢]

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم جیا لە گەشەسەندنی ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمی، شێوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسی کە بە ڕۆژهەڵاتناسی تەبشیری (مۆژدەبەری) دەناسرێت دەرکەوت، [٤٣] چالاکییە تەبشیرییەکانی مسیۆنەرە ئەرسەدۆکسییەکان

---

(٣٤)Институт востоковедения Академии наук Санкт-Петербургского филиала: http: //www. encs pb.ru/object/2805312414?dv=2853951676&lc=ru

(٣٥)Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: Op. Cit.

(٣٦)History of the IV RAS: XIX century, Op. Cit.

(٣٧) سليمان بن محمد الجار الله: م.س، ص١٠ ؛ د.فيصل الجربوعي: م.س ؛ شعبة انستيتوی شرق شناسي اكادمی علوم روسية در سانت پترزبورگ: https: //library. tebyan.net/fa /Viewer /Text /89909/0 ؛ История института: http: // ww w. iv ra.ru/about-institute/history

(٣٨)History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Previous source The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences , Op. Cit..؛ سليمان بن محمد الجار الله: م.س، ص٩

(٣٩)Михаил Алексеевич Волхонский: Указ. соч.,С76.

(٤٠)David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., PP 171- 174.

(٤١)Михаил Алексеевич Волхонский: Указ. соч ,СС 76 - 77.

(٤٢)David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., P 122.

(٤٣) سليمان بن محمد الجار الله: م. س، ص ١٣ ؛ د.فيصل الجربوعي: نشأة الاستشراق الروسي جذوره، م. س.

گرنگی تایبەتیان هەبوو[*] ، سەرەڕای ئامانجە ئاشتیخوازە ئاشکراکانیان، ئەو مسیۆنەرانە لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی جەنگی هەژموونی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ئەوروپی بوون. ئیمپراتۆریەتی ڕووسی زۆر جار دامەزراوە ئاینی و زانستییەکانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەژموونی خۆی بە تایبەتی لە نێو مسوڵمانەکاندا بە کارهێناوە.[٤٤] دەرکەوتنی ئەم شێوازەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا پەیوەندیدار بووە بە بەشی تەبشیری پاشکۆی ئەکادیمی کەنیسە (ئەکادیمیای تیۆلۆجی لە قازان) ئەم ئەکادیمییە کاریگەری زۆری لەسەر دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسییەکی دوور لە نەریتە زانستییەکان هەبووە.[٤٥] (نیکۆلای ئیڤانۆڤیچ ئەیلمنسکی ١٨٣١ - ١٨٩١) دەرچووی هەمان ئەکادیمیا و (کازم بەگ) دوو کەسایەتی دیاری ئەم ڕەوتەی ڕۆژهەڵاتناسین، کە چالاکانە کاریان لەسەر زمان و ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان کردووە و ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی ئەم شێوازەدا هەبووە.[٤٦] ئەکادیمیاکە کارێکی دیکەی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی باڵیۆز و کارمەندە پلە باڵاکان بوو بۆ چالاکییە مسیۆنێرییەکانی ئاینزای ئەرسەدۆکسی لە ئێران، لە لایەکی ترەوە هەر لە ناو ئەکادیمیاکە کۆرسێکی تایبەتی دژە ئیسلامی لە لایەن (ئیلمنسکی، سێرگی مالۆڤ، میخایل ماشانۆڤ، نیکۆلای ۆستروٚمۆڤ) گەشەی کرد، بەو شێوەیە دژایەتی ئیسلامیان دەکرد و باوەڕیان بە باڵادەستی ئەرسەدۆکسە مەسیحییەکان و کاریگەری کارە زانیستییەکانیان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی ڕووسیا بەرامبەر بە مسوڵمانەکان هەبوو.[٤٧] بە گشتی لە سەدەی نۆزدەیەم دوو قوتابخانەی جیاوازی ڕۆژهەڵاتناسی (سانت پترسبۆرگ، کازان) لە ڕووسیا هەبوون، قوتابخانەی سانت پترسبۆرگ کە زیاتر سیمایەکی زانستی (بێگومان لەگەڵ بوونی تێبینی و سەرنج) بەسەریدا زاڵ بووە، لەگەڵ قوتابخانەی کازان کە تەولەویەت لەم قوتابخانەیە پێویستییە پراکتیکییەکانی دەوڵەت و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی وەرگێڕ و کادیرانی دەوڵەت بووە.[٤٨]

پەیمانگای لازەریف (پەیمانگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) یەکێکی دیکەیە لە ناوەندە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتناسی، سەرەتا لە سەردەمی کاترینی دووەم (١٧٣٩ - ١٧٩٦) خانەیەکی بێ سەرپەرشتان بۆ منداڵە بێ سەرپەرشتە ئەرمەنییەکان بووە، کە لە لایەن (بنەماڵەی لازاریف) سەرپەرشتی کراوە.[٤٩] بەرە بەرە ئەم خانەیە گەورە بووە، دواتر لە ساڵی (١٨١٥) لە لایەن (یۆکیم لازارێڤیچ لازاریف) دامەزراوەکە گۆڕدراوە بۆ پەیمانگایەکی تایبەت بە پەروەردەکردنی منداڵە ئەرمەنییەکان و ڕۆڵێکی گرنگی لە نزیکخستنەوەی ئەرمەنییەکان لە کۆمەڵگەی ڕووسیدا بینیوە. پەیمانگاکە، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا سەر ئەنجام بووە بە پەیمانگایەکی دەوڵەتی بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان.[٥٠]

لە (١٨٣٣) بڕیاری دروستکردنی بەشی (زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان)ی سەر بە بەشی ئاسیایی، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەرکرا. ئەم بەشە نوێیە، دەبوو دەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگا ڕۆژهەڵاتناسییەکان، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ خزمەتی دیبلۆماسی قبوڵ بکات. ئەم بارودۆخە ڕۆڵی لە بنیادنانی پەیمانگای لازاریفدا هەبوو.[٥١] لە (کانونی یەکەمی ١٨٣٧) لە لایەن لیژنەی ڕێکخستنی دامەزراوە زانستی و پەروەردەییەکانی ڕووسیاوە ناوێکی نوێ بۆ دامەزراوەی لازاریف دیاریکرا و بووە (پەیمانگای لازاریف بۆ

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چالاکی مسیۆنێرە ئەرسەدۆکسییەکان بڕوانە: David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., PP122–152

(٤٤)Denis V. Volkov: Previous source , p701 ؛ MUSTAFA ÖZBAS: Op. Cit., pp 29 – 32.

(٤٥) سليمان بن محمد الجار الله: م. س، ص ١٣ ؛ د.فيصل الجربوعي: نشأة الاستشراق الروسي جذوره، م. س.

(٤٦)David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., PP 122 - 139.

(٤٧)Denis V. Volkov: Op. Cit., p702 ؛David Schimmelpenninck van der Oye: Op. Cit., P 96.

(٤٨)Alfrid Kashafovich Bustanov: Op. Cit.,P 36.

(٤٩) بازیل نیکیتین و کوردناسی: کۆمەڵێک نوێدار، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە. د.نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٨.

(٥٠)Аветисян Владимир Рудольфович: ИНСТИТУТ ВОСТОЧНЫХ ЯЗЫКОВ (ЛАЗАРЕВСКИЙ ИНСТИТУТ) В ТРУДАХ СОВЕТСКОГО ИСТОРИКА И ВОСТОКОВЕДА А.П. БАЗИЯНЦА, исторические науки и археология Самарский научный вестник, Т. 6, № 2 (19), 2017,сс182 – 185؛ Ананян Ж.А: Лазаревский институт восточн ых языков в первой половине XIX века ,Историко филологический журнал,№ 1-2, Ереван, 1998, с 63.

(٥١)А.В. Торкунов: ЛАЗАРЕВСКИЙ ИНСТИТУТ ВОСТОЧНЫХ ЯЗЫКОВ В КОНТЕКСТЕ ИСТОРИИ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Полис(Политические исследования), № 6,2015.с 12.

زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان).[٥٢] کە تیایدا زمانەکانی (ئەرمەنی، عەرەبی، فارسی، جۆرجی، ڕووسی، زمان و ئەدەبی تورکی - تاتار) دەخوێندرا. ژمارەی وانە و پۆلەکانی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لەم پەیمانگایەدا، هاوتای چوار ساڵی کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی سانت پترسبۆرگ بووە. [٥٣] ساڵی (١٨٧٠ز) حکومەتی ڕووسیا بڕیاری ئەوەیدا، کە وانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پڕۆگرامی خوێندنی ناوەندی جیابکاتەوە و پەیمانگای لازاریف بگوازێتەوە بۆ سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری.[54] بۆ ئەو مەبەستە، وانەیەکی (سێ ساڵی) تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی کرایەوە. ئامانج لە کردنەوەی ئەم وانانە، پێگەیاندنی کادری بەڕێوەبردن بوون بۆ ناوچەکانی قەفقاز و ئەو ناوچانەی دانیشتووانەکەی موسوڵمانن.ئەوەش لە بەرچاو گیرابوو کە بناغەیەکی پتەو، دەربارەی زمان و مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، بە خوێندکاران بدرێن.[55]

لەم کاتەدا، مۆزەخانەی ئاسیایی وەک دامەزراوەیەکی تایبەتمەندی ڕۆژهەڵاتناسی، خزمەتی زانایانی نێوخۆی ڕووسیا و دەرەوەشی کردووە.[56] ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕێکخستنی سێیەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتناسی* لە (١٨٧٦ز) لە سانت پترسبۆرگ هەبووە.[57] گەشەسەندنی کارەکانی ئەم دامەزراوەیە وایکرد، لە سەدەی بیستەمدا ببێتە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر ئاستی جیهان.[58]

لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی تا بیستەکانی سەدەی بیستەم، لە نێو ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا، یەکبوونێکی تەواوی کارکردن و ستراتیژی و میتۆدی لە نێو ڕۆژهەڵاتناسان بوونی نەبووە. هەندێک لە زانا ڕووسییەکان، بە شێوەیەکی چالاکانە ئاوێتەی سیاسەتەکانی دەوڵەت بوون و وەک بەرپرس و ڕاوێژکاری دەوڵەت کاریان دەکرد، لەو ڕوانگەشەوە کاری ڕۆژهەڵاتناسییان کردووە. هەندێکی تریان خۆیان لە سیاسەت و کارەکانی دەوڵەت دوورخستبۆوە، هەندێک دەنگ و بیچمی دیار و شارەزا و پسپۆڕیش لە لایەن دەسەڵاتەوە پشتگوێ خرابوون.[59]

بە پشت بەستن بە نووسراو و بڵاوکراوە و کەرەستە پەیوەندیدارەکانی کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی و دەسپێکی سەردەمی سۆڤییەتی، دەتوانرێت چوار بواری جیاوازی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لەو ماوەیەدا نیشان بدرێن، ئەوانیش (بواری ئەکادیمی و زانستی، بواری کاروباری دبلۆماسی، بواری سەربازی، بواری تەبشیری کڵێسەی ئەرسەدۆکی)ن.[60] مێژوونووسی بەریتانی (ڤێرا تۆڵز) لە توێژینەوەیەکی تایبەتیدا، تاڕادەیەکی نزیک لەم بووارانەی پێشوو، جیاکاری لە نێوان چەند گرووپێکی جیاوازی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەکات. (تۆڵز) ئەوەش دەخاتە ڕوو، هەریەک لەم گرووپانە خاوەنی بۆچوون و بەرنامەی تایبەتی خۆیان بوون. جیاکارییەکەی ناوبراو لە نێوان گرووپەکانی (ڕۆژهەڵاتناسە

---

(٥٢) Там же,с 12.

(٥٣)В. М. Дзевановский-Петрашевский: Новые документы по истории Лазаревского института восточных языков из архива академика Н. Я. Марра, Східний світ, № 4, 2015,с28.

(54) А.В. Торкунов: Указ. соч.*с* 13.

(55)بازیل نیکیتین و کوردناسی: س.پ، ل ٩٨.

(56) History of the Institute of Oriental Manuscripts ... , Op. Cit . ؛The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, Op. Cit.

*یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسی لە (پاریس) لە ساڵی (١٨٧٣ز) و دووەم کۆنگرەی لە (لەندەن) لە ساڵی (١٨٧٤ز) ئەنجام دراوە.بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بڕوانە: المحسن بن علی بن صالح سویسي: مؤتمرات المستشرقین العالمیة (نشأتها - تکوینها - أهدافها)، رسالة لنیل درجة الدکتوراه غیر المنشورة، قسم الاستشراق - کلیة الدعوة بالمدینة المنورة - جامعة الامام محمد بن سعود الأسلامیة، المملکة العربیة السعودیة، ١٩٩٨.

(57) History of the IV RAS: XIX century, Op. Cit؛ History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Previous source؛ The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, Op. Cit.

(58) History of the IV RAS: XIX century, Op. Cit.

(59) Alfrid Kashafovich Bustanov: , Op. Cit, PP 9 - 10

(60) Denis V. Volkov: Op. Cit, p 701.

ئەکادیمییەکان، موژدەکارە مەسیحییەکان، بەرپرسانی حکومی)یە.[61] بە ڕەچاوکردنی بوونی ڕووسیا لە ناوچەکانی ئێران، دەتوانین ئەو بوار و گرووپە جیاوازانە لە توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی ڕووسیا دەربارەی ئێران هەست پێبکەین. لە چالاکییە زانستییەکانی دبلۆماتە ڕووسییەکانی وەک (ڤلادیمێر مینۆرسکی، ئەلێکساندەر میلەر، نیکۆلای براڤین، میخایل بارانۆڤسکی) و ئەفسەرانی سەربازی وەک (کۆنستانتسن سمیرنۆڤ، ئەلێکساندەر تۆمانسکی، ئیڤان لاگێللۆ، ئەدرتی ستێسارێڤ) و کاروچالاکییەکانی مسیۆنێرە ئەرسەدۆکسییەکانی لە ورمێ، هەروەها توێژینەوە ئەکادیمییەکانی (ڤالێنتین ژۆکۆڤسکی، ڤاسیلی بارتۆڵد، نیکۆلای زارودنی) بوونیان هەیە.[62]

## ئەوەری دووەم: کورد لە چاپەمەنی و یاداشت و گەشتنامە و نوسراوی گەڕیدە ڕووسەکان

پێش ئەوەی کوردناسیی وەك بابەتێکی سەربەخۆ لە ڕووسیا سەرهەڵبدات، تاکە سەرچاوەی زانیاری دەربارەی کورد، بەرهەمی ئەو گەڕیدانە بوو کە لە ئەنجامی گەڕان و گەشتەکانیان بۆ ناوچەکانی قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاتبوونە ناوچە کوردنشینەکان. یاداشت و تێبینی گەشتەکانیان لە بڵاوکراوەکان، یان بە شێوەی کتێب چاپکردبوو. تایبەتمەندی ئەم لایەنەی زانیاری دەربارەی کورد ئەوەیە، باسەکان تەنها بە کورد و ناوچە کوردنشین و هۆزە کوردییەکانەوە تایبەت نەکراون، بەڵکو لە کۆی گەشتنامە و یاداشتەکانیاندا لە دوتوێی چەند لاپەڕە و بابەتێکدا باسیان لە کورد کردووە.

بە پێی سەرچاوەکان، یەکێك لە یەکەمین گەڕیدە ڕووسەکان کە هاتبێتە کوردستان، بازرگانی ڕووسی (ئەتاناس نیکتین)ە، لە نێوان ساڵانی (١٤٦٦ - ١٤٧٢) بە کوردستاندا تێپەڕیوە. هەروەها جوگرافیناسی ڕووسی (باسیل) بە سیواس و عەنتاب و ئەدەنە و هەندێك شاری کوردستاندا تێپەڕیوە.[63] (ڤاسیلی یاکۆڤلیڤیچ گاگارا)ی بازرگانی کازاخستانی، لە ساڵانی (١٦٣٤-١٦٣٧) هاتۆتە کوردستان. گاگارا، بە شارەکانی قارس و وان و دیاربەکر و ئورفە و سیلۆپی تێپەڕیوە. یەکێکی تر لە سیاحەتنامە ئەدەبییەکانی ڕوس، کتێبی (وەسفی ئیمپراتۆریەتی تورکییە) کە لەلایەن بازرگانێکی نادیار و نەناسراو نووسراوە و ساڵانی (١٦٠٠ز) لە لایەن تورکەکانەوە بە دیل گیراوە. ئەم گەڕاڵە ڕوسە، بە شارەکانی دیاربەکر و ماردین وکەرکوك و موسڵ تێپەڕیوە.[64]

یەکەمین ناسینی کورد و زمانەکەی لە ڕووسیا، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم. کاتێك ئەکادیمیای زانستەکانی ئیمپراتۆرێتی، (فەرهەنگی بەراوردکاری بۆ هەموو زمان و دیالێکتەکان)ی ئیمپراتۆرێتی ڕووسیای بڵاوکردەوە، هەریەك لە (ل. باکمێستەر، تی. ئاگۆلدێنستد) کەرەستەکانی زمانی کوردیان بۆ ئەم فەرهەنگە بەراودکارییە کۆکردەوە.[65] لە لایەن

(61) VERA TÖLZ: ORIENTALISM, NATIONALISM, AND ETHNIC DIVERSITY IN LATE IMPERIAL RUSSIA, Cambridge University Press, The Historical Journal, VOL 48,NO 1 ,2005,PP 130-131.
(62) Denis V. Volkov : Op. Cit., p 701.
(٦٣) د.فەرهاد پیرباڵ: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٣.
(٦٤) پ.م. دانتسیگ: م.س، ص ٥١.
(٦٥)А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года, РОССИЙСКАЯ

ئەکادیمیست پاڵاس(پ.س.پاڵاس لە پیترسبورگ)، لە ساڵی (١٧٨٧ز) لەسەر فەرمانی (یکاترینای دووەم) فەرهەنگەکە ئامادەکرا. ئەمەش بۆ یەکەمجار، دەبێتە سەرەتای ناسینی کورد و زمانەکەی لە ڕووسیا.[٦٦] چونکە لەم فەرهەنگەدا، نزیکەی (٢٧٦) وشەی زمانی کوردیش چاپکراوە و لە ساڵی (١٨٣١ز)دا بڵاوکراوەتەوە.[٦٧] سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری دەربارەی کورد لە ڕووسیا، بڵاوکردنەوەی هەندێك بابەتی سیاسی و سەرژمێری و کولتووری و ئیتنۆگرافییە، لە بڵاوکراوە (ڕۆژنامە، گۆڤارەکان)ی ڕووسیا. کە سەرەتای دەرکەوتن و پەخشکردنی چاپەمەنییەکان لە ڕووسیا، دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی سەدەی هەژدەیەم. لەم کاتەدا، بڵاوکراوەکان کتێب و بەرهەمی تاکە کەسی و بابەتی ئەدەبییان بڵاو دەکردەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم، چاپەمەنی وابەستە و بڵاوکراوەی سەر بە دەوڵەت لە ڕووسیا دەرکەوت. پێش دەستپێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆ دەربارەی کورد و سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، هەندێك وتار و تێبینی تاکەکەسی گەشتیار و گەڕیدەکان، دەربارەی زمان و ئیتنۆگرافیا و مێژووی کورد لە چاپەمەنی و بلاوکراوە ڕووسییەکاندا بڵاوکرانەوە.[٦٨] هەروەها بڵاوکردنەوەی تێبینی و گەشتنامە و یاداشتی گەڕیدە ڕووسەکان، ئەوانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم هاتوونەتە ناو هۆزە کوردییەکانی قەفقاز، سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی کوردناسیی ڕووسی بوو. زانیاری گرنگیان دەربارەی ڕەچەڵەك، کولتوور، خووڕەوشت، شێوازی ژیانی کوردیان تێدابوو. هەندێك زانیاری ئیتنۆگرافی دەربارەی هۆزە کوردییەکانی قەفقاز، لەکاری سەرژمێری و ئامارەکانی تایبەت بە کاری کارگێڕی ڕووسیا خرانە ڕوو. ئەمە و جگە لە وەگێڕانی هەندێك کاری بچوکی گەڕیدە ئەوروپییەکان، کە سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری بوو دەربارەی کورد.[٦٩] هەرچەندە ڕووسەکان لە سەرەتادا بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی بە گشتی و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بە تایبەتی عەرەبی داوە، زانیاری زۆریان لەسەر کورد نەبووە یان بایەخیان پێنەداوە.[٧٠] لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیپێدانی زانایانی ڕووسیا بە کورد، پەیوەندیدار بوو بە لێکۆڵینەوەی نەتەوەکانی (تورك، فارس) لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی فارسی(ئێرانی)و شارستانیەتی ئیسلامیدا، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانەدا (تورك، فارس) باڵادەست بوون، لە سەرەتادا لە ڕووسیا گرنگی بە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و جوگرافیا و ئیتنۆگرافیای تورکیا و دەوڵەتی فارس درا و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرا.[٧١]

چاپەمەنییەکانی ڕووسیا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە بایەخ بە کورد دەدەن، قۆناغ بەندی و پۆلێنکردنی بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان لە ڕووسیا، هاوتەریبە بەو قۆناغانەی کە گۆڕانکاری بنەڕەتییان لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمدا، دروستکرد. لە لایەکی دیکەوە، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ڕووسیا سنوری ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە، سەرنجی ڕووسیا لەسەر کوردستان لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم نەك تەنها لەبەر گرنگیدانی زانستی بووە، بەڵکو لەبەر پێویستی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ئەو وڵاتە بووە. خێڵە کوردییەکانی سنور، لە لایەن سەردارانی خۆیان و دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیەوە بەکاردەهێنران، هەروەها هێزە ڕۆژئاواییەکان بە ئەنگ بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیانەوە بوون.[٧٢]

---

АКАДЕМИЯ НАУК Институт востоковедения, Издательская фирма ВОСТОЧНАЯ ЛИТЕРАТУРА» РАН, Москва, 1997,с215.

[٦٦] د.ئەورەحمانی حاجی مارف: لە بارەی کوردناسییە لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت(بەرکورتێکی کوردناسی لە ئەوروپا)، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤، ل ٧٦.

[٦٧] پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا فیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: لێکۆڵینەوە کوردییەکان ئاڕاستەی باو لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا (ئیشتیمانی داستان کەلتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، بڵاوکراوەی گازیرۆم نەفت، ٢٠١٤، ل٦.

[٦٨] А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в., УДК 94 Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3,2010,с15.

[٦٩] А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 216.

[٧٠] د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٧٦.

[٧١] А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 216.

[٧٢] А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в,с 15.

لە دوای پتەوبوونی پێگەی سیاسیی خۆی لە قەفقاز، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی ناو جوگرافیای دەوڵەتی عوسمانی، ڕووسیا هەوڵی زۆری خستەگەڕ. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان داوە، لە مێژوو و زمان و کولتووری نەتەوەی کورد بکەن. توێژینەوە لە بارەی مێژوو و کولتووری کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای قەیسەری بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستپێیکرد، لە کاتێکدا کە ناوچەکانی قەفقاز لە ئەنجامی جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانی(فارس) کەوتبووە ناوەندی سەرنجی سیاسەتی پەرەسەندووخوازانەی ڕووسیا بەرەو ناوچەکانی باشوور.[٧٣]

لە سەردەمی جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، کاتێك مەیدانی شاڵاوە سەربازییەکانی نێوانیان بووە ناوچەی نیشتەجێبوونی کوردەکان. یەکەمین پەیوەندی تۆمارکراوی نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لەگەڵ سەردارانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٠٤ – ١٨٠٥)، ڕووسیا لە ململانێکانی لەگەڵ ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا ئامانجی ڕاکێشانی کوردی بۆ لای خۆی هەبوو، لە بەرامبەردا پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە گەورەکانی کورد بکات.[٧٤] لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆدەیەمدا، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و زانا و ڕۆژنامەنووس و دیبلۆمات و ئەفسەرانی ڕووس، کۆمەڵێك یاداشت و نووسینیان لەسەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بەجێ هێشتووە، کە خزمەتی بواری ڕۆژهەڵاتناسی دەکەن. لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٤ – ١٨١٣) و (١٨٣٦-١٨٢٨)ی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئێران و ساڵانی (١٨٣٨-١٨٣٩)ی جەنگی نێوان ڕووسیا و عوسمانی، ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە بارەی ژیانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی.[٧٥] لە کاتی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئێران، یەکەمین ئاماژەدان بە کورد لە گۆڤاری (گەشتنامە هاوچەرخەکان)دا لە زنجیرە وتارێک بە ناونیشانی (گەشتێك بۆ ناوچەکانی فارس و ئاسیای بچوك لە ١٧٩٦ لە نووسینی تۆلی ڤیێرا)هاتووە. گەشتنامەکە لە (سانت پیترسبۆرگ) لە ساڵی (١٨٠٩) لە ژمارەی یەکەم لە لاپەڕەکانی (١ بۆ ٢٩) و ژمارەی دووەم لە لاپەڕەکانی (١٨٩ - ٢٠٨) و ژمارەی سێیەم لە لاپەڕەکانی (٢٤٣ - ٢٨٨) بڵاو بۆتەوە. لە ژمارەی سێیەمدا هەندێك زانیاریی ئێتنۆگرافی لەبارەی کوردی ئێران شێوازی ژیان و گوزەران و ناوچەکانی بڵاو بوونەوە و نیشتەجێبوونی کوردی تێدایە.[٧٦]

لەم کاتەدا پرسی گرنگیدان و پێویستی لێکۆڵینەوەی گشتگیر دەربارەی کورد و زمان و ئێتنۆگرافیای کورد، سەری هەڵدا. لە چاپەمەنییەکاندا هەندێک وتاری تایبەت و کورت، بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکیان خستە سەر ڕۆڵی سەربازیی و سیاسیی کورد لە جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئێران.[٧٧] کە ڕێکەوتنی ئاشتی (گولستان لە ١٨١٣ز) لەگەڵ ئێراندا واژۆ کرا، کوردانی نیشتەجێی (خانییەی قەرەباغ) کەوتنە ژێر سەرپەرشتی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسییەوە، شارستانیەتی دەوڵەمەند و کۆنی گەلی کورد بووە بابەت و جێگەی بایەخی توێژەرانی ڕووسی. فروانی ژێرخانی ڕووسیا تا باشوری قەفقاز و کوردستانی ئێران، بوە هۆی پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن بۆ ژیان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی کورد کە لەم ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی شێنەیی و لەسەرخۆ پەیوەندی لەگەڵ کورددا بنیاد نرا.[٧٨]

لەم سەردەمەدا، ئاڕاستەی سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد، لەسەر بنەمای تێکدانی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکانی قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست دروستبوو. لەو چوارچێوەیەشدا ڕووسەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕاکێشانی کورد یان بێلایەنکردنیان بوو لە کاتی جەنگەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی (عوسمانی، ئێران). باشترین بەڵگەش هەوڵەکانی ژەنەڕاڵ (ساکۆڤیچ) بوو لە کاتی جەنگی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ساڵانی (١٨٢٨ – ١٨٢٩)دا، کە لە ناو کوردا دەستی

---

(٧٣) اسعد ڕشیدی: م.پ.

(٧٤)А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIXв,сс 14 – 15.

(٧٥) خالد موراد چەلۆیڤ: مێژووی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و کورد، و.د.نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٦.

(٧٦)А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в,сс 15 – 16 ؛ ا.د. جبار قادر: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية (١٧٨٠ - ١٩٠٠)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٩، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٥٧.

(٧٧)А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 216.

(٧٨) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ئیڤدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل٦٠.

کرد بە بانگەشە کردن و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا.[٧٩] سەرۆکی شارەوانی یەریڤان (ی. ف. باسکێڤیچ ١٧٨٢ - ١٨٥٦)، گرنگییەکی زۆری بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورددا دەدا. بە هۆی هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی لە کاتی جەنگی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە (١٨٣٦ - ١٨٣٨)، توانی بێلایەنبوونی کوردانی میرنشینەکانی ڕەواندز (سۆران) و بۆتان و هەکاری بەدەستبهێنێت. لە نێوان کەسایەتییە سیاسی و سەربازی و دبلۆماسییە ڕووسەکان و ئەو کوردانەی کە لە ناوچەکانی خۆیاندا لە باشوری قەفقاز و بە تایبەت کوردستان نیشتەجێبوون، بەریەك کەوتن ڕووی دا. توانرا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم زانیاری جۆراو جۆر سەبارەت بە کورد و خاکەکەیان، کۆ بکرێتەوە و تۆمار بکرێن، کە دواتر بوون بە سەرچاوەی بەهادار.[٨٠]

لە نێوان ساڵانی ١٨٣٧ -١٨٣٨دا، پوشکین یەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ڕووسیا، بەرهەمێکی خۆی بەناوی ( گەشتێك بۆ ئەرزەڕوم) لە ساڵی ١٨٣٩ دا نووسی. لەو بەرهەمەدا، باس لە سەردانیکردنی خۆی بۆ قارس و ئەرزەرۆم دەکات. لە چەند شوێنیکدا، باس لە کورد و کوردانی ئێزیدی دەکات."[٨١] لە سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە ڕۆژنامەگەری ڕووسیادا، بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و دژبەیەك، زانیاری دەربارەی بیرو باوەڕی کوردانی ئێزدی دەردەکەوێت. پۆشکین، بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش باس لە چاوپێکەوتنێکی دەکات و دەڵێت: "هەوڵم دا لە ئێزدییەکانەوە ڕاستی ئایینەکەیان فێربم، وەڵامی ئەو دەنگۆیانەیان دامەوە کە ئێزدییەکان شەیتان پەرستن، ئەمە ئەفسانەیەکی بەتاڵە".*

لە سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، پاش بەرفراوانی خاکی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا، لە ئەنجامی جەنگەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی (عوسمانی، ئێران) و دەستگرتنی بەسەر چەند ناوچەیەکی نوێدا، نەتەوەی نوێ لە پێکهاتە و سنورە سیاسی و جوگرافییەکەیدا دەرکەوت. لە ساڵانی (١٨٣٨ - ١٨٣٢) لە یەکەم ڕۆژنامەی ڕووسی لە قەفقاز (تەفلیس ڤیدۆمۆستی)، لە چوارچێوەی ئەو ماتریاڵانەی لە لایەن (تە. س. گریدبۆیێدۆڤ، س. تی. دۆداشڤیلی، تە. ك. باکیخانۆڤ) دەربارەی نەتەوەکانی قەفقاز کۆکرابوونەوە، هەندێك زانیاری دەربارەی کورد و ناوچە کوردییەکان و ژیان و کولتوور و ئێتنۆگرافیای کورد، هەندێك زانیاری دەربارەی سەرژمێری و ئاماری ناوچەکانی (یەریڤان، نەخچەوان) بڵاوکراوەتەوە.[٨٢] هەروەها ساڵی (١٨٣١)، چەند بابەتێك بڵاوکرانەوە کە تیایدا زانیارییان دەربارەی کورد لە خۆگرتبوو.[٨٣]

لە کۆتایی بیستەکان و سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ژمارەیەکی زۆر لە گەڕیدە ڕووسەکان هاتوونەتە ناوچەکە و بە کوردستاندا گەڕاون، وەك (أ.أ.و.دیوگکامیل) هاتوتە ئاسیای بچوك و (لە ١٦ی ئەیلولی ١٨٣٩) نامەیەکی بۆ (ا.ف.باسکۆڤیچ) تایبەت بە پەیمانی ئاشتی بردووە و بەشێکی زۆری ناوچە کوردییەکان گەڕاوە. (میخائیل باڤلۆڤیچ ڤرۆنجینکۆ) لە نێوان ساڵانی (١٨٣٤ - ١٨٣٦) گەشتێکی بە ئاسیای ناوەڕاستدا کرد و چەندین زانیاری لەبارەی پەیوەندی نێوان کورد و تورك و عەرەب و یۆنانی و ئەرمەنی نووسیوە.[٨٤] کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی کورد و شێوازی ژیان و پیشەکانیان لە (١٨٣٤)دوە لە ژمارە جیاوازەکانی گۆڤاری وەزارەتی ناوخۆ بڵاوکراونەتەوە، یەکەم وتار دەربارەی کورد لە لایەن (ف.گ) لە ساڵی (١٨٣٤) ناساندنێکی ناوچەی (نەخچەوان) بوو کە لە بەرگی دووەمی گۆڤارەکەدا بڵاو کرایەوە. پاشان لە بەرگی پازدەیەم لە(١٨٣٥)، وتارێکی دیکە دەربارەی ژیان و ڕەوشت و دابونەریتی کورد بڵاوکراوەتەوە.[٨٥] لە بەرگی (٣٠) ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٨٣٨)، بابەتێکی (ن. نیڤێدیڤ)

---

(٧٩) د.ئارام عەلی: کورتەیەکی مێژووی نوێی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ١٤٧ - ١٥٠ ؛ اسعد رشیدی، م.پ.

(٨٠) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیریتا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل٦٠؛ Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism: Mullah Mahmûdê Bayazîdî's Auto-ethnography of the Kurds, Die Welt des Islams, VOL 60, 2020, PP 439-440

(٨١) پ.ی.د.ئارام عەلی مستەفا: دەرکەوتنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) زانستەمرۆڤایەتییەکان، ژمارە(٥٩) کانونی دووەمی ٢٠١٩، ل٢٣٧.

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گەشتەی شاعیری بە ناوبانگی ڕووسی (ئەلێکساندەر پوشکین) بڕوانە: ئەلێکساندەر پوشکین: گەشتێک بۆ ئەرزڕۆم لە سەردەمی هێرشی ١٨٢٩، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە.د.عارف خەزنەدار، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

(٨٢) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в,c16.

(٨٣) ا.د. جبار قادر: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية (١٧٨٠ - ١٩٠٠)، ... ص ٢٥٩ - ٢٦١.

(٨٤) پ.م.دانتسیخ: م.س، ص ١٨٦ - ٢٠٧ ؛ هەستیار کەمال کوردی: س.پ، ل ٣٧ - ٣٨.

(٨٥) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,c17.

دەربارەی هەندێك ناوچەی پشت قەفقازی ڕووسیا بڵاوكراوەتەوە، لە لاپەڕەكانی (١٢١ - ١٣٦) هەندێك زانیاری دەربارەی كورد خستۆتە ڕوو.[٨٦] لە ساڵی ١٨٣٤ لە لایەن (تە. ف. سمیردین) كتێبفرۆش و چاپكەری كتێب، گۆڤارێكی نوێ (كتێبخانە بۆ خوێندنەوە) چاپكرا. لە پێش داخستنی لە (١٨٦٥)دا، هەندێك بابەتی تایبەت بە ئیتنۆگرافیای كورد لە ساڵی یەكەمی چاپكردنی گۆڤارەكە بڵاوكراونەتەوە. بۆ نموونە لە لایەن (گ.كلاپرۆتا) لە ژمارە (٤) بەشی (٣) ساڵی (١٨٣٤)، وتارێك بە ناونیشانی (وەسفی ئەرمینیای ڕووسیا) بلاوكراوەتەوە. نووسەر لەم وتارەیدا، باس لە ناوچەكانی (یەریڤان، نەخچەوان) و دابەشبوونی نەتەوەیی و خێڵایەتی دەكات، لەو سەربەنەوە باس لە كوردیش دەكات.[٨٧]

لە ڕۆژنامە پێشینەكانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا، هەندێك بابەت لەسەر كورد بڵاوكراونەتەوە. ڕۆژنامەی (دۆزیتەوەكانی سانت پیتەربۆرگ) وەك ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانە كە لە( ١٧٢٨ بۆ ١٩١٧ز) بەردەوام بووە، بۆ یەكەمینجار لەسەر ڕوویەری ژمارەكانی (٩١، ٩٢)ی ساڵی (١٨٣٥ز) وتارێكی لەسەر وەسفی ژیان و كولتوور و دابونەریتی كورد بڵاو كردەوە، ئەم وتارە دووبارە چاپكردنەوەی وتارێكی پێشوو بوو كە لە ڕۆژنامەی وەزارەتی ناوخۆ بڵاوكرابویەوە.[٨٨]

لە ساڵی (١٨٤٢ز) زانكۆی كازان لە چوارچێوەی ئەو ئامۆژگاریانەدا كە(كازم بەگی) پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی دایتابوو، هەریەك لە (ڤ. دیتێل، ئیلیا بێرێزین)ی ڕاسپارد لە گەشتەكەیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوو بكەنە لێكۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات و نەریت و ئایین و پاشماوە مێژووییەكان، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگاكەیان بە ناوچەكانی كورددا تێدەپەڕی ناچار بوون ئاوڕ لە كوردیش بدەنەوە.[٨٩]

ولیام ڤرانتسێڤیچ دیتیل، یاداشتی گەشتە سێ ساڵییەكەی بە ناونیشانی (خستنەرووی گەشتێكی سێ ساڵی بۆ ڕۆژهەڵات لە ١٨٤٢ - ١٨٤٥) لە گۆڤاری وەزارەتی ناوخۆ بەشی چوارەم ساڵی ١٨٤٧ و ژمارە ٥ و ٦ی بەشی یەكەمی ساڵی ١٨٤٩، هەروەها لەبەشی یەكەمی بەرگی ٩٥ ی گۆڤاری (كتێبخانە بۆ خوێندنەوە) لە ساڵی (١٨٤٩) بڵاوكردەوە.[٩٠] لەم گەشتەیدا، سێ ساڵێك بە كوردستاندا گەڕاوەو كەرەستەیەكی زۆری فۆلكلۆر و ئیتنۆگرافیای كۆكردۆتەوە. ناوبراو لە یاداشتەكەیدا، لە بارەی كەرەستە كۆكراوەكانی دواوە، باس لە گەڕانەكانی بە ناوچەكانی ماردین و دیاربەكر و نووسەیبەین و ئۆرفە و ژمارەی خێڵە كوردەكان و ناوچە كوردییەكانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی و دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەكات و سەرسامی خۆی بە ئەدەبیاتی گەلی كورد و ڕای ئەوروپییەكان سەبارەت بەكورد خستۆتە ڕوو،[٩١] هەروەها باس لە بارودۆخی ناوخۆیی میرنشینی بۆتان و دەسەڵاتی بەدرخان پادشا و ئارامی و ئاسایشی ناوخۆیی میرنشینەكە دەكات.[٩٢] هەروەها لە ناوچەی موسڵ سەردانی شوێنە پیرۆزەكانی ئێزدییەكانی كردوە، لە ڕێگاشدا لە حەلەبەوە بەرەو مێردین، نسێبین، دیاربەكر و ئورفەدا بایەخێكی زۆری بە وێناكردنی خێڵەكوردییەكان و ژمارەیان و شوێنەوارە مێژوییەكان داوە، تەنانەت ژمارەی ئەو خێڵانەی ئەم لێكۆڵینەوەی لەسەر كردبوون، لەو ژمارەیە زیاتر بوو كە ئەوروپییەكان ئاماژەیان بۆ كردبوون.[٩٣]

(دیتێل) لە باسی زمانی كوردیدا دەڵێت: "من بۆم دەركەوت كە زمانی كوردی بەسەر زۆر دیالێكدا دابەش دەبێت، لەم ڕووەوە هێشتا كەس هیچی نەنووسیوە، بەشێكی كوردستان لەژێر حوكمی عوسمانیەكاندایە، لەبەر ئەوە ئاشكرایە كە زمانی توركی كاری كرووەتە سەر زمانی كوردی، هەروەك چۆن لە بەشەكەی ئێرانیشدا كاریگەری زمانی فارسی هەیە" هەروەها نووسەر لە

(٨٦) ا.د. جبار قادر: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية (١٧٨٠ - ١٩٠٠)، ص ٢٦٠ - ٢٦١.
(٨٧) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX ,cc 16 – 17.
(٨٨) Там же, с 17.
(٨٩) جەلیلی جەلیل: كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە.د. كاوس قەفتان، بغداد، ١٩٨٧، ل ١٤ -١٥.
(٩٠) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,c19.
(٩١) ب.م.دانتسیغ: م.س، ص ٢٣٣ - ٢٣٩؛ هەستیار كەمال كوردی: س.پ، ل ٣٩.
(٩٢) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,c19.
(٩٣) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 218؛ پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٣٧ ؛ ب.م.دانتسیغ: م.س، ص ٢٣٩.

بارەی ئەدەبی کوردییەوە دەڵێت: "من بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوە نەبووم و بەبیرما نەدەهات کە ئەو میللەتە لەبیرکراوە، جگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، خاوەنی ئەدەبێکی نووسراوی وەها زۆر و جوان بێت".[94] فۆلکلۆری کوردی لای دیتێل ئێجگار دەوڵەمەندە بە چیرۆك و داستان و گۆرانی، لەم سەربەنەوە ئاماژە بە داستانی (شیرن و خەسرەو، ڕۆستەم و کەیکاوس) دەکات و ئاماژە بە دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی دەکات ناوی (11) شاعیری کوردی و بەرهەمەکانیان دەهێنێت، زیاتر ئەو شاعیرانەن کە بە شێوەزاری (گۆرانی) نووسیویانە.[95] (ڤ.دیتێل)یش وەك بەشێکی تری ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان خۆی لەو ناوزڕاندنە باوەی ئەو کاتە لەسەر کورد بەدوور نەگرتووە، کە وا باوبووە کوردەکان ڕێگر و چەتەن، لەگەڵ ئەم لایەنەی بۆچوونەکانیدا لە بارەی کوردەوە وەك ڤاسیلێڤا دەڵێت: "ڤ. دیتێل لەکاتی گەشت کردنی بە قەفقازدا کاتێك بۆی دەرکەوتبوو کە کورد خاوەنی چ ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندە سەرسام بوبو و نووسیبووی: "من هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم زمانی خێڵە کوردەکان کە هێشتا ڕۆژهەڵاتناسان کەم لێیان کۆڵیوەتەوە لەگەڵ ئەدەبی زارەکیدا، ئەدەبێکی ئەوەندەش نووسراوی فراوانی هەبێت. کوردەکان خاوەنی ئەدەبی خۆیانن، هەندێکی کوردی و خۆکردییە، هەندێکیشی لەسەر بنەمای ئەدەبی فارسی دامەزراوە، ئێمە گەلێك ناوی تیدا بەدی دەکەین کە لەشیعر و مێژوودا باڵادەست بوون ".[96]

(ڤ.دیتێل) پلانی ئەوەی دانابوو، کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەربارەی مێژوو و زمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە، بەڵام مەرگی بواری ئەم کارەی نەدا. (پیوتەر لێرخ) داخ بۆ ئەوە دەخوات، کە تێبینی و دەستنووسەکانی (ڤ.دیتێل) دەربارەی زمان و مێژوو و هۆزەکانی کورد و کارە زانستییەکەی دەربارەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی چاپنەکران و دەستنووسەکانیشی لە ئەرشیفدا نەپارێزران و تەنها ڕەشنووسی کارێکی دەربارەی (تێبینییەکان دەربارەی هۆزەکوردییەکان و زمان و مێژووی کورد) پارێزراوە. لەم کارەیدا بۆ خستنەڕووی زانیاری مێژوویی و ئیتنۆگرافی دەربارەی کورد و هۆزە کوردییەکان، پشتی بە سەرچاوە فارسییەکان و کاری گەشتیارە ئەوروپییەکان بەستووە.[97]

(ئیلیا بێرێزین) شارەزایی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووس و زمانناس و گەڕیدە، لە (1843ز) لەگەڵ (دیتێل) هاتۆتە موسڵ و چیاکانی کوردستان و گوندە ئێزیدینشینەکان، شوێنی پیرۆزی ئێزیییەکانی بەسەر کردۆتەوە و ئەمەش دەرفەتی زیاتر ناسین و تێگەیشتنی شێوازی ژیانی کوردانی ئەو ناوچەیەی بۆ ڕەخساندوە. ڕاپۆرتی گەشتەکەی لە گۆڤاری وەزارەتی ناوخۆ بەشی چوارەم لە ساڵی (1845ز) بڵاوکراوەتەوە.[98] لە گەشتەکەیدا لە ڕێگای چەند کوردێکەوە کە لە خۆراسانەوە بۆ تاران هاتبوون، فێری شێوەی کوردی خۆراسان و لە شاری موسڵیش شێوەی قسەکردنی موسڵی فێربوو، لە ئەنجامدا لەژێر ناوی (دیالێکتەکانی زمانی فارسی) لە ساڵی (1853ز) کتێبێکی بڵاوکردەوە.ئەوەی لە بارەی ئەو دوو شێوەزارەی زمانی کوردییەوە نووسیویەتی، زۆر کەم و کورتە. بە شێوەیەکی کورت لە ناو و جێناو و کردار دواوە، پاشکۆیەکی لە کتێبەکەیدا بۆ هەندێك وشەی ئەو دوو شێوەزارە نووسیوە.[99] لەم گەشتەکەیدا توانیویەتی ئێران بگەڕێت و پاشان لە ساڵی (1843ز) سەردانی (بەصرە) ی کرد و دواتر ڕۆشتۆتە سوریا و فەلەستین. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا، لە ڕێگەی کەرکوك و هەولێرەوە گەیشتۆتە موسڵو بۆماوەی مانگێك سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکانی کردووە، هەندێك زانیاری لەسەر دانیشتووانی موسڵ یاداشت کردووە، تیایدا کوردی بە بەشێکی گەورەی دانیشتووانی شارەکە دەستنیشانکردووە، ئاماژەی بەوەش کردووە کە بەشێکی زۆری دانیشتووانی شارەکە بە

(94) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل 79.

(95) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 219.

(96) کۆمەڵێک کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت: چەند وتارێکی کوردناسی (1، 2، 3)، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008، ل 368.

(97) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,сс 218 – 219.

(98) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с19.

(99) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 219 ؛ د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل 81-82.

زمانی کوردی دەدوێن.[١٠٠] لە وتار و تێبینیە سەرنجراکێشەکانیدا، کە بیرەوەری و ڕاپۆرتی گەشتەکانی بۆ (دەوڵەتی عوسمانی، ئێران، قەفقاز) بوون، لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی گرنگ و زانیاری دەربارەی کوردە مسوڵمان و ئێزدییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان و ژیانی گشتییان و ڕەوشت و کەسایەتییان و هەڵوێستیان بەرامبەر دراوسێ مەسیحییەکان دەخاتەڕوو.[١٠١]

بەمەبەستی ناسینی تایبەتەندییەکانی ژیان و کولتوور و نەریتی هۆزەکانی قەفقاز لە لایەن ڕووسیاوە، لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ڕۆژنامەی قەفقاز* گرنگییەکی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کورد دەدرا. لەلایەن نووسەر و بڵاوکەرەوەکانی ڕۆژنامەکە گرنگی بە هۆزە کوردییە ئێزیدییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕووسی دراوە و چەند وتارێك سەبارەت بە بنەڕەت و زمان و کولتوور و بیروباوەڕ و ناوچەکانی نیشتەجێی کوردانی ئێزیدی لە ڕووسیا و ناوچەکانی تر لە ژمارەکانی (٤٣ لە ساڵی ١٨٤٦، ٨ و ٩ لە ساڵی ١٨٤٨، ٣٠ی ساڵی ١٨٥٠، ٦٥ و ٦٦ ی ساڵی ١٨٥٢) لە ڕۆژنامەکە بڵاوکردۆتەوە.[١٠٢] لە ڕووسیا لەبەر پێویستییە سەربازیی و سیاسییەکان و سودوەرگرتن لەو زانیارییانەی نوێنەرانی دبلۆماتی ڕووسیا و فەرماندە سەربازییەکانی ئامادەیان دەکرد، زۆر بایەخ بەو سەرچاوانە دەدرا کە جوگرافیای ناوچە کوردییەکان و ژیان و گوزەرانی خێڵە کوردەکان و پێگە و ڕادەی پابەندبوونیان بە دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانی یاداشت دەکران. لەم ڕووەوە یاداشتەکانی (چیریکۆڤ) جێگەی بایەخ و سەرنجی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ڕووسیا بوو، کە بایەخیان بە پەیوەندی کورد و لێکۆڵینەوە لە بواری کوردناسییدا دەدا. (چیریکۆڤ) وەك نوێنەری ڕووسیا لەگەڵ نوێنەری بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجامی پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەم (١٨٤٣ - ١٨٤٧) بۆ دەستنیشانکردنی سنوری نێوان فارس و دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی (١٨٤٨ - ١٨٥٢) لەگەڵ سێ کەس کاروباری نەخشەهەڵگرتنیان لە ئەستۆ بوو.[١٠٣] (چیریکۆڤ) لەو کتێبەیدا باسی شار و ئاوایەکانی ئێران بە گشتی و ناوچە سنورییەکانی ڕۆژئاوای لە ڕوی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی کردووە و کۆمەڵێك زانیاری گرنگی لەسەر سنە و کرماشان و لوڕستان و زۆر ناوچەی تری کوردستانی بندەستی ئێران کردووە، یاداشتی ناوبراو لە ساڵی ١٨٧٥ بە سەرپەرشتی گامازۆڤ لە سانت پیترسبورگ وەك کتێبێك چاپکراوە.[١٠٤] (فاینکۆف) لە ساڵی (١٨٤٥ز) لە بواری دبلۆماسیدا کاری دەکرد، ناوبراو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئێتنۆگرافیای ناوچەکانی قەفقاز و خۆراسان. هەر لەگەڵ دامەزراندنی بەشی قەفقاز لە کۆمەڵەی جوگرافیای ڕووسیدا، بە یاریدەدەری سەرۆکی بەشەکە هەڵبژێردرا و لەگەڵ (ڤ.ڤ.ڤیلیانۆڤ زێرینۆڤ) کە ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی هەبووە.[١٠٥] (پیوتەر ئەلیکساندەروڤیچ چیخاچیڤ) لە نێوان ساڵانی (١٨٤٧ تا ١٨٥٨) چەندین گەشتی بە ئاسیای بچوك و ئەرمینیا کردووە و لە ماوەی ژیانیدا هەشت جار بە کوردستاندا گەڕاوە و لەبارەی کوردەوە چەند زانیارییەکی نووسیوە.[١٠٦]

لە ماوەی ساڵانی (١٨٤٩ - ١٨٥٢) کۆمسیۆنە چوار قۆڵییەکەی (ڕووسیا، بەریتانیا، فارس، دەوڵەتی عوسمانی) بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە سنورییەکان و ئامادەکردنی نەخشەی سنور، چەندین کەرەستەیان کۆکردەوە. بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی قرم، چالاکییەکانی کۆمسیۆنەکە وەستا. ئەنجامی کەرەستە کۆکراوەکانی ئەو کۆمسیۆنە، بڵاوبوونەوەی چەن وتارێك بوو، کە تیایدا باس لە شێوازی ژیان و کولتوور و داب و نەریتی کورد و هێرشی عوسمانییەکان دژی کورد دەکرد، کارکردنی چوارساڵەی کۆمسیۆنەکە کاریگەری بەرچاوی لەسەر گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا هەبوو.[١٠٧]

---

(١٠٠) ب.م.دانتسیغ: م.س، ص ٣٤٥.

(١٠١)А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,,с 219.

* ڕۆژنامەکە لە ساڵی ١٨٤٦ دامەزرا و لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرا، لە ساڵانی ١٨٤٦ - ١٨٤٩ هەفتەی جارێك، لە ١٨٥٠ - ١٨٧٦ هەفتەی دوو جار و لە ١٨٧٧ ەوە ڕۆژانە دەردەچوو.

(١٠٢)А.О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с18.

(١٠٣) سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆڤ: کۆکراوەی عەلی ئەسغەر عومران، وەسەلاح نساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٨.

(١٠٤) پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٤٠.

(١٠٥) د.فەرهاد پیرباڵ: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، ل ٢٥.

(١٠٦) ب.م.دانتسیغ: م.س، ص ٢١٤؛ هەستیار کەمال کوردی: س.پ، ل ٣٩.

(١٠٧)А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с19.

گرنگیدانی زانستی ڕووسیا بە کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا زیادی کرد، کاتێك لە جەنگەکانی لەگەڵ ئێراندا کوردەکان لەگەڵ سوپای ئێراندا بەرامبەر بە سوپای ڕووسیا بەشداری جەنگ بوون، بایەخ و ڕۆڵی کوردی بۆ دەرکەوت. لەکاتی جەنگەکانی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیشدا، چەند فەوجێك لە هۆزە کوردییەکان لە لایەن عوسمانییەکانەوە دژی ڕووسیا پێکهێنرا و بەشداری جەنگ بوون، هەندێك لە هۆزە کوردییەکانیش ( بە تایبەتی ئێزدییەکان) بۆ ناو سنوری ڕووسیا کۆچیان کرد.[108] لە ماوەی جەنگی قرم پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیا و کورد بە هۆی هەڵمەتە سەربازییەکان لە قەفقاز زیاتر بوو، بەشێك لە دەرەبەگە ناوچەییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف هاوڵاتیبوون لە ڕووسیا، پەیوەندییان بە کاربەدەستان و نوێنەرانی دەوڵەتی ڕووسیاوە کرد.[109] سەرکەوتنی سوپای ڕووسیا لە ١٨٥٤ لە مەیدانی جەنگەکان و داگیرکردنی بایەزید، بووە هۆی گۆڕینی هاوسۆزی زیاتری کورد بەرامبەر بە ڕووسیا، بە تایبەتی کاتێك سوپای ڕووسیا بەرەو قوڵایی خاکی عوسمانی لە ئاسیای بچوکدا پێشڕەوییان کرد، سەرکردەکانی کورد خواستی بنیادنانی پەیوەندییان لەگەڵ ڕووسیادا هەبوو، بەرەو پێشچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کوردا لە چیرۆکی ئەفسەرێك لە ڕۆژنامەی قەفقاز لە ژمارە (١ لە ٢ی کانونی دووەم) و ژمارە (٢ لە ٦ی کانونی دووەم) لە ساڵی ١٨٤٥ تیشکی خراوەتە سەر. لە سەردەمی جەنگی قرم گرنگی زیاتری ڕووسیا بە کورد دەردەکەوێت و ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی سەبارەت بەکورد بوون(بەتایبەتی لە ڕووی ئاینییەوە)بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، هۆی بنەڕەتی لەم کاتەدا پەیوەندی بە بارودۆخی جەنگەوە هەبوو، بڵاوکراوەکان گرنگییەکی تایبەتیان بە پرسی ئاینی داوە، تەنها جەخت لەسەر دانیشتووانە مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەکراوەتەوە، بەڵکو وەك لە وتارێکی (ئیلیا بێرێزین) لە گۆڤاری زانستی و ئەدەبی بەرگی (چواردەم و پێنجەم)ی ساڵی ١٨٥٤بە ناونیشانی(مەسیحییەکانی میزۆپۆتامیا و سوریا) دەردەکەوێت، ئاوڕ لە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و نەستورییەکانیش دراوەتەوە.[110] بەڵام دواتر بایەخدانەکە تایبەتمەندی وەردەگرێت و قوڵتر لێکۆڵینەوە لەسەر کورد دەکرێت وەك " کورد لە هەرێمی سمۆلینسکی لە ڕۆژنامەی سێڤەرنایا پچێوڵا - هەنگی باکوری ژمارە ٢٨٣ لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٨٥٥ ل ١- ٢ وتارێك لەسەر دابونەریتی کورد".[111]

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووسیا، ژمارەیەکی زۆر کاری مێژوویی و جوگرافی و ئیتنۆگرافی دەربارەی کورد بڵاوکراونەتەوە، ئەم کارانە بوونە مایەی گرنگیپێدانێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە بۆ سەر چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدران. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، ئەکادیمییای زانستی ڕووسی ببووە بنکە و ڕێکخەری (کوردناسیی) توێژینەوەی ئیتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی گەلی کورد.[112] لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەندێك وتار و نامیلکە لەبارەی کوردەوە لە ڕووسیا بڵاو کرانەوە، بەتایبەتی هەندێك زانیاری سەرەتایی و سادە سەبارەت بە خێڵە کۆچەرەکانی کوردی پشت قەفقاز* کە لە هەندێك ڕاپۆرتی سەرژمێری و چاپەمەنی بەرچاو دەکەون. لە ڕووسیای قەیسەری، سەرنجی زانستی سەبارەت بە کورد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، هەرچەندە بەشێکی زۆری نووسراوەکانی ئەم ماوەیەش پەیوەندییان بە جەنگی نێوان ڕووسیا و عوسمانی، ڕووسیا و ئێرانەوە هەیە، بە تایبەتی کارەکانی (ن.تی.ئۆشاکۆف) لە کتێبی مێژووی ئەو جەنگانەی لە ساڵانی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ لە تورکیا ڕوویانداوە لە ساڵی ١٨٣٦ چاپکراوە، لە لاپەڕە ١٢٠ - ١٢٩ باس لە بەشداری کورد لە جەنگەکاندا دەکات، هەروەها (ز.تی) لە ڕۆژنامەی (قەفقاز) لە تفلیس ژماری ٦٢ لە ٢٢ی تابی ١٨٥٣ وتارێکی لەبارەی کوردە چەکدارەکانەوە نووسیوە.[113]

---

(١٠٨)А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 216.

(١٠٩)А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с19 – 20.

(١١٠) Там же, с 20.

(١١١) ژ.س. موساتیلیان: بیبلۆگرافیای کوردناسی (کورد و کوردستان لە سەرچاوە ڕوسییەکاندا)، و. لە ڕووسییەوە.د. ئەفراسیاو هەورامی، هەولێر، ٢٠١١، ل ٧٤.

(١١٢) دکتۆر ئیرینا ڤیدۆروڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل٦.

* بۆبینینی وێنەی ژیانی کۆچەریانەی کوردانی پشت قەفقاز لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).

(١١٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٧٧ - ٧٨.

لەم کاتەدا ئاراستە سەرەکییەکانی توێژینەوەی کورد و جێبەجێکردنیان گەشەی سەند، لەم نێوەندەدا بنکەیەکی سەرەکی گرنگ و پەیوەندیدار بە گەلی کورد لە (سانت پترسبۆرگ) پێکهات، توێژەر و گەڕیدە و دبلۆماتکار و کەسایەتییە سەربازییە ڕووسەکان هەوڵێکی زۆریان بۆ دامەزراندنی ئەم ئاراستەیەی لێکۆڵینەوە لە کورد دا.[114] (ڤلادیمێر مینۆرسکی) لەبارەی سەرەتای بایەخدان بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد دەڵێت: "هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە، ئێمە دەزانین هەندێك بەڵگەنامەی مێژوویی دەربارەی خێڵە کوردەکان هەن، ئەوانەی دەستنیشانمان کردوون لەو سەردەمانەدا کە ئێمە زانیاری کەم و بەیەکداچومان دەربارەیان هەبوو گرنگی خۆیانیان لە ڕونکردنەوەی هەندێك لایەنی ژیانی میرنشینە کوردییەکان دەرخست، گەڕیدە ئینگلیزییەکان بە هەوڵێکی زۆر توانیان هەندێك لیستی ناوی ئەو خێڵانە بەدەستبهێنن و ئەو لیستانەی کەوتە دەست سوپای ڕووسیا باشترینی ئەو لیستانە بوون".[115]

(.مینۆڕسکی) لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕووسیا بە مەڵبەندی دەرکەوتن و گەشەسەندنی کورناسیی دادەنێت، ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەدەبیاتێکی زۆر سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە کورد، بە شێوەیەکی سەرەکی دەربارەی زمانی کوردی لە بەردەستدایە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو گەڕیدە ڕووسانەی کە بۆ کوردستان هاتوون بە زۆری کەسانی کاربەدەست بوون، وەک (بارۆن بۆدی، چیرۆکۆف، خانیکۆف، مایڤسکی، تۆمیلۆف، سمیرنۆڤ، ماکسیمۆڤیچ، ڤاسیلکۆڤسکی...هتد. بەڵام بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین ڕووسیا مەڵبەندی کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستییە دەربارەی کورد.[116] لە هەمان کاتدا، زانایانی ڕوس گرنگییان بە لێکۆڵینەوە زانستی گشتگیر لەسەر کورد دەدا، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە لێکۆڵینەوە ئیتنۆگرافی، فۆلکلۆر، زمان، ئەدەب، مێژوویی دەربارەی کورد پەرەیان سەند.[117] لە لایەن زانایانی ڕووسەوە دەست بە لێکۆڵینەوەی فراوان دەربارەی کورد و کۆکردنەوەی کەرەستەی ئیتنۆگرافی و زمانەوانی دەربارەی کورد کرا ،[118] بەم شێوەیە زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا سەری هەڵدا و بەهۆی کاری ئەو زانایانە و چەندین فاکتەری تر گەشەی کرد و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی لە بارەی کوردەوە خستە نێو کوردناسیی ڕووسیاوە.

---

(114) دکتۆر ئیرینا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل٦.
(115) کۆمەڵێک کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت: چەند وتارێکی کوردناسی (١، ٢، ٣)، ل ٢٩١ - ٢٩٢.
(116) مینۆڕسکی: کورد - تێبینی و وردبوونەوە، وەرگێڕانی لە عەرەبی بە کوردی. حەمەسعید حەمەکریم، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٤، ل ٩٦ - ٩٧.
(117) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 217.
(118) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в,с15.

## باسی دووەم: سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی و دامەزرێنەرانی لە ڕووسیا

کوردناسیی لە ڕووسیا، بە هەوڵ وماندوبوونی چەند کەسایەتییەکی ئەکادیمی و سیاسی بناغەکەی داڕێژراوە. سەرەتاکانی ئەم هەوڵانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم و هەستکردنی ڕووسیا، بە پێگە و گرنگی کورد و جیۆپۆلەتیکی ناوچەکانی کوردستان لە ململانێ و جەنگەکانی لەگەڵ هەریەك لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران. جیا لە ویست و ستراتیژە سەربازی و سیاسیەکانی ڕووسیا بۆ ناسینی کورد، هەوڵی زانا و ئەکادیمیە ڕووسییەکان بە چاودێری و پشتیوانی ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان، بۆ ناسینی مێژوو و کولتوور و زمان و ئیتنۆگرافیا و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد.. هتد، زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا بەرهەم هێنا. هەوڵ و کارە زانستیەکانی هەریەك لە (خاچاتور ئابۆڤیان، پیۆتر لێرخ، ئەلیکساندەر ژابا) دەبنە بناغە داڕێژەری کوردناسیی و دامەزرێنەری ئەو زانستە لە ڕووسیا.

ناسینی کورد و لێکۆڵینەوە و نووسین لە بارەی کوردەوە لەو وڵاتەدا بە چەند قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕیوە، سەرئەنجام زانستی کوردناسیی لە بۆتەی ئەو ناسین و لێکۆڵینەوانەدا سەری دەرهێنا و نەشونمای کرد، کوردناسیی لە ڕووسیا لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانییەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، لەسەر ئاستی سیاسی و مێژوویی و زانستی و جوگرافی پۆلێنی جیاوازی بۆ کراوە. ڕوونترین دابەشکاری بۆ زانستی کوردناسیی بە پێی قۆناغە سیاسی و مێژوویەکانی ڕووسیا پۆلێنکردنێکە کە سێ قۆناغ (سەردەمی ڕووسیای قەیسەری تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، سەردەمی سۆڤییەت ١٩١٧ - ١٩٩١، سەردەمی دوای سۆڤیەت لە ١٩٩١ بۆ ئێستا) دەگرێتە خۆ..[1]

لەپاڵ ئەم پۆلێنکردنە سیاسی و مێژووییەدا پۆلێنکردنێکی تری سیاسی و مێژوویی و تاڕادەیەك زانستی هەیە کە بەهەمان شێوە سێ قۆناغ دەست نیشان دەکات، ئەوانیش:

---

(1) Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology(Whith a Brief Literature Overview), Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien,2, Jahrgng 2014,pp 143, 145,162.

قۆناغی یەکەم: بابەخی جیۆپۆلەتیکی کوردستان بۆ ڕووسیای قەیسەری.

قۆناغی دووەم: بە دەسەڵات گەیشتنی بەلشەفییەکان لە ١٩١٧ تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم.

قۆناغی سێیەم: لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم تا ڕۆژگاری ئەمرۆ دەگرێتەوە.[2]

هەریەك لەم پۆلێنکارییانەی پێشوو، پشتی بە چەند فاکتەر و گۆڕانکارییەك بەستووە، دابەشکارییەکی تاڕادەیەك گشتییە. لێرەدا بە سەرنجدانمان لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، چەند قۆناغێکی جیاوازتر لەیەکتری وەك جیاکاری لە هەناوی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا دەخەینە ڕوو، لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەری لەڕووی بابەتی و زانستییەوە، دەکرێت پۆلێنێکی دیکە بۆ زانستی کوردناسیی بکەین، ئەم پۆلێنکردنە پشت ئەستورە بە ڕادەی گرنگیدانی توێژەران و کوردناسان بە لێکۆڵینەوە لە کورد. قۆناغی یەکەمی پۆلێنکارییەکەمان لە هەناوی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیادایە، ئەو قۆناغەیە کە کوردناسیی وەك بابەتێکی سەربەخۆ هێشتا سەری هەڵنەداوە و تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ناو ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا درێژەی هەیە، کرۆکی کارەکان لەسەر کورد لەم قۆناغەدا کاری گەڕیدە و گەشتیارە ڕووسەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ڕووسیا و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەوروپییەکانە لەسەر کورد. قۆناغی دووەم دامەزراندنی زانستی کوردناسیی و سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەکانە لەسەر کورد لە ڕووسیا، بناغەدانانی ئەم قۆناغە بۆ هەوڵ و کۆششی کەسایەتییە ئەکادیمی و توێژەر و کونسوڵ و کوردناسانی ڕووسیا و پشتگیرییەکانی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا دەگەڕێتەوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستپێدەکات. قۆناغی سێیەم گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی و بەرفراوانبوونی مەودای لێکۆڵینەوەیە لە کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ئەوەی ئەم قۆناغە جیادەکاتەوە لە قۆناغەکانی پێش خۆی، جیاوازییە لە چەند ئاستێکدا، لە لایەك بەشێك لە کاری کوردناسەکان لەم قۆناغەدا ڕەنگدانەوەیان لەسەر قۆناغی دواتر هەیە و بە هەمان میتۆد و ڕوانگە لێکۆڵینەوە لەکورد درێژەی دەبێت. لە ئاستێکی تردا، بەشێك لە کارەکانی ئەم قۆناغە و شێوەگیربوونیان وەك تیۆرییەك دەربارەی کورد، دەبنە هەوێنی چەندین کاری گرنگ و ڕەخنەئامێز و هەڵوەشاندنەوە لە قۆناغی دواتردا. لە ئاستێکی تردا، ژمارەیەك کوردناسی ئەم قۆناغە لە دوای گۆڕانکارییەکان لە ناوخۆی ڕووسیا لە دەرەوەی ڕووسیا و ئەکادیمیای زانستەکان، درێژە بە کاری کوردناسیی دەدەن.

لەم باسەدا دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دوو کوردناسی دیار و دامەزرێنەری زانستی کوردناسی لە ڕووسیا ئەوانیش (خاچاتۆر ئابۆڤیان، پیوتەر لێرخ) دەکۆڵینەوە.

## تەوەری یەکەم: خاچاتور ئابۆڤیان و دەسپێکی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان

ئابۆڤیان لە ١٨٠٥ لە گوندێکی نزیکی یەریڤان لە دایك بووە، نووسەر و ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتووخوازی ئەرمەنی بووە، دامەزرێنەری ئەدەبی هاوچەرخی ئەرمەنی و زمانی نوێی ئەرمەنییە، مامۆستا و ئەتنۆگرافەر بووە،[3] لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی بە فۆلکلۆری کوردی ئەرمینیا دەدا و تۆماری دەکرد.[4] لە ئەرمینا دەستی کردووە بە خوێندنی لاهوت، لە زانکۆی دووبارت زانستی زمان و ئیتنۆگرافیا و فەلسەفەی خوێندووە، ئابۆڤیان کاریگەر بووە بە بیچمە دیارەکانی ئەدەبی پێشکەوتنخوازی ڕووسی، بەتایبەتی لە جوانناسیدا کاریگەری گەورەی (بێلینسکی) لەسەر بووە، گرێدراوی ڕەوتی ڕیالیزم بووە لە ئەدەبی ڕووسیدا، بە

---

(2) اسعد ڕشیدی: م.پ.

(3) Abovyan, Khachatur, https: //www.eng.kavkaz-uzel.eu/articles/6/

(4) پ.ی.د. ئارام علی مستەفا: س.پ، ل ٣٣٨.

تایبەتی کارەکانی (کرمزین، کریلۆف، پوشکین) کاریگەرییان لەسەری هەبووە.[5] لە ساڵانی ١٨٢٤ - ١٨٢٦ لە تەفلیس وانەی وتۆتەوە، لە دوای خوێندنی زانکۆیی لە ١٨٣٦ لە زانکۆی (دووبارت)، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچە و زێدی خۆی و سەرقاڵی کاری پەروەردەیی بووە.[6] لە ساڵی ١٨٣٧ بە سەرپەرشتیاری خوێندنگەی تفلیس دەستنیشان کراوە، لە هەمانکاتدا خوێندنگەیەکی تایبەتی بە ئامانجی پەروەردەکردنی مامۆستایانی خوێندنگەکان کردۆتەوە، بەڵام لە لایەن بیرۆکراتیەتی شارەکەوە ئاستەنگ بۆ چالاکییەکانی ئابۆڤیان دروست کراوە.[7] لە ناوچەکەی خۆیدا، خانەیەکی تایبەتی (یەکەم خوێندنگەی سێکیۆلار لە ئەرمینیا) بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی ئەرمەنی و جۆرجی و ئازەری و نەتەوەکانی تر دروستکرد، ئەو کتێبانەی تایبەت بوون بە پرەنسیپ و میتۆدۆلۆجیای پەروەردەیی کۆیکردنەوە، کارەکانی لە مێژووی پەروەردەی ئەرمینیادا وەك شۆڕشێکی ڕاستەقینەبوون.[8] لە کاتێکدا ئەدەبیاتی ئەرمەنی بە ڕۆحیەتیەکی مەزهەبی ڕوپۆش کرابوو، ڕۆحانییە ئەرمەنییەکان لە هەوڵی بوژاندنەوەی زمانی کۆنی ئەرمەنیدا بوون، لەم کاتەدا کارەکانی ئابۆڤیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بوژاندنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەرمەنیدا هەبووە، کارەکانی دژی ئەم هزر و بیرانە بووە، ئەو بە زمانی نوێی ئەرمەنی بەرهەمەکانی دەنووسی، کە دژی بیری دۆگمای ڕۆحانییە ئەرمەنییەکان بوو. دواتر و لە ساڵی ١٨٤٣ بە هەمان پلەی سەرپەرشتیار گوازراوەتەوە بۆ یەریڤان. [9] هەروەها یەکێك بوو لەو کەسانەی کە باوەڕێکی سیاسیی پتەوی بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتدارییەتی ئێران هەبوو، ئامانجی ئەوەبوو ئەرمینیا بخرێتە سەر ڕووسیا، بە بێ وەستان کاری بۆ ئەوە دەکرد کە تێکەڵیی هاوڵاتیان لە ناو تەواوی گەلانی قەفقاز، بەتایبەتی لە نێوان ئەرمەنی و گورجی و کورد باشتربێت. لەم ڕووەوە ئابۆڤیان، دەبێتە ئەڵقەیەکی گرنگی پرسی بەرەوپێشچوونی پەیوەندی نێوان ئەو گەلانە.[10]

لەماوەی کارکردنی وەك سەرپەرشتیار، چەندین نێردەی زانستی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان دەهاتنە یەریڤان. لەسەر ڕاسپاردەی دەسەلاتداران، ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری ئەو نێردە زانستییانەی دەکرد. لە بەهاری ١٨٤٨ لەگەڵ زانای ئەڵمانی (سیناتۆر بارۆن پ.هان) گەشتێکی بۆ ناوچەکانی پشت قەفقاز کرد . (سیناتۆر بارۆن پ.هان) لەسەر ڕاسپاردەی نیکۆلای یەکەم، بە ئامانجی لێکۆڵینەوە و کۆکۆدنەوەی زانیاری لەسەر ناوچەکە و دووبارە داڕشتنەوەی بونیادی ئیداری ناوچەکە گەشتەکەی کرد.[11] لە ١٨٤٣ ئابۆڤیان گەشتێکی دیکەی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی لەگەڵ زانا و دکتۆری باڤاری (ماڤریکیۆس ڤاگنەر)بۆ ئەرمینا ئەنجام دا،[12] لە ساڵی ١٨٥٢ واگنەر گەشتنامەکەی بە ناونیشانی (گەشتێك بۆ چیاکانی ئارارات) بڵاوکردەوە، کە تیایدا زانیارییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکەی خستبووە ڕوو، [13] دواتر واگنەر داوای لە ئابۆڤیان کرد، گۆرانییە کوردییەکان و ئەو کەرەستانەی دەربارەی کورد و ئێزیدییەکان بۆ توێژینەوە کۆیکردبوونەوە بۆی بنێرێت، پاش ئەوەی کارەکانی بەدەست گەیشت هەندێکیانی پەسەندکرد و سەرسام بوو پێیان، سەبارەت بە ئابۆڤیانیش دەڵێت: "تەنها لەم دواییانەدا، ئێمە زانیمان ئابۆڤیان تیانووسێکی تایبەتی دەربارەی زمانی کوردی و گۆرانی کوردی هەیە و هەڵگیراوە".[14]

---

(5) К.К.КУРДОЕ В: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ, АКАДЕМИЯ НАУК СССР ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ОЧЕРКИ ПО ИСТОРИИ РУССКОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Сб о рник 2, ИЗДАТЕЛЬСТВО АКАДЕМИИ НАУК СССР, МОСКВ А 1956,p360.

(6) Abovyan, Khachatur, Op. Cit.

(7) Хачатур Абовян, http: //www.armenian.house.org/abovyan/bio-ru.html

(8) К.К.КУРДОЕ В: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,p 360.

(9) Abovyan, Khachatur, Op. Cit.

(10) К. К. К У Р ДОЕ В: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,с 361.

(11) Abovyanmuseum, http: //abovyanmuseum.am/en

(12) Abovyanmuseum, , Op. Cit..

(13)) Ibid.

(14) А.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 218 ؛К. К. К У Р ДОЕ В: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ, с 369 - 370.

له ساڵی (١٨٤٤)دا ئابۆڤیان گەشتێکی دیکەی لەگەڵ شاعیر و وەرگێڕی ئەڵمانی (فریدریچ بۆدینستێد) بۆ یەریڤان ئەنجام دا، ئامانجی ئەم گەشتەش کۆکردنەوە و کۆڵینەوە بوو لەسەر گۆرانی نەتەوەیی ئەرمەن و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئەرمینیا، زانیارییەکانی ئەم گەشتە لە لایەن (فریدریچ بۆدینستێد) بە ناونیشانی (سەدویەك ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات، بیرەوەرییەکانی ژیانم) بڵاوکردەوە. لە سەرەتای ١٨٤٥ ئابۆڤیان گەشتێکی بۆ ناوچە کوردنشینە ئێزیدییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا ئەنجام دا، لەم گەشتەیەدا کەرەستەیەکی زۆری ئیتنۆگرافی لەسەر کورد کۆکردەوە و لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کولتووری کوردە ئێزیدییەکان بە ئەنجام گەیاند.[15] و لە ڕۆژنامەی قەفقاز لە ژمارەکانی ( ٤٦ - ٥١)ی ساڵانی ( ١٨٤٧ - ١٨٤٨) زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوە، [16] لەم کارەیدا وەك یەکێك لە باشترین پسپۆڕە سەرەتاکانی کورد دەرکەوت، ناونیشانی زنجیرە وتارەکەی (کورد و ئێزدی و کورتەیەك لە بارەی تایبەتمەندی نەتەوەیی، زمان و داب و نەریتی کورد) بوو، بە پشت بەستن بەو کەرەستانەی سەبارەت بە ئیتنۆگرافیای کورد و مێژوو و زمان و فۆلکلۆر و داب و نەریتی کورد کۆیکردبوونەوە لە دوتوێی (٣٠) لاپەڕەدا بڵاویکردەوە، لەم کارە زانستییەیدا بە زنجیرەیەکی ڕوون لە پرسی ڕیشەی کورد دواوە. هەروەها زانیاری گرنگی دەربارەی مێژوو و ئیتنۆگرافیا و دابونەریتی کورد و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و فۆلکلۆر و زمانی کوردی خستۆتە ڕوو.[17]

بە ئامانجی بیناکردن و دۆزینەوەی ڕاستینەی مێژوویی باوەڕپێکراو دەربارەی کورد، (خ. ئابۆڤیان) لێکۆڵینەوەی لەسەر سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکان کرد، بەشێوەیەکی تایبەتیش پشتی بە ئەرمەنییەکان بەستووە، چونکە ئەرمەنەکان هاوسێی کوردن و کۆمەڵێك زانیاریی باوەڕپێکراویان لا بووە. لە شیکردنەوەی زانستی دەربارەی بنەرەت و ڕەچەڵەکی کورد، دەنووسێت: "زانیارییەکانمان دەربارەی بنەڕەت و ڕەچەڵەك، دابەشبوون و پەیوەندی خزمایەتی کورد، گرنگی ئەم گەلە لە مێژوودا ناتەواو و ناڕاستە، بە زۆریی پشتی بە ئەفسانە بە ستووە، لە بری ئەوەی پشت بە ڕاستینەی مێژوویی ببەستێت".[18]

ئابۆڤیان لە کاتێکدا لە بارەی زمان و هونەری میللی و سیستێمی کۆمەڵایەتی و ئایین و تایبەتمەندی کەسێتیی کوردی و شێوازی ژیان و نەریت و کولتوری کوردی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم هەتا نیوەی یەکەمی سەدەکە زانیاری خستۆتەڕوو. کە زانیاری دەربارەی کورد کەم بووە، کە بۆ یەکەمجاربوو لە مێژووی کوردناسیی ڕووسیادا، بەوشێوە فراوانە لە بارەی ئیتنۆگرافیا و کەلەپوری کوردە وە بنووسرێت.[19]

بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووسیا بڕیاردان لەسەر کورد، لەسەر بنەمای وەرگێڕانی هەندێك کاری وردەی گەڕیدە ئەوروپییەکان بوو، بەڵام کارەکانی ئابۆڤیان لەسەر کوردی قەفقاز، بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە کۆنەکان، یەکەم وەسفی ئیتنۆگرافی گشتی بوو، بەشێوەیەکی سەرپێی مامەڵەی لەگەڵ مێژووی کورددا نەکردووە، بەڵکو ئەو وەك زانایەکی ئیتنۆگرافی ڕاستەقینە، پێش هەموو شتێك مێژوو و جوگرافیا و نووسین و دەستنووسەکانی کتێبخانەکانی (ئەشمادزین، یەریڤان) ی خوێندۆتەوە، بۆ ناسینی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆشنبیری خەڵکی، لە گەشتێکیدا بۆ کوردستان، بە باشی ئاشنای خێڵە کوردییەکانی (زیلان، سپیکان) بووە، ئەو کەرەستە ئیتنۆگرافییانەی کە پێویستی بووە کۆیکردونەتەوە، گرنگی تایبەتی بە تایبەتمەندییەکانی ژیان، ڕۆشنبیری و هەندێك گۆکردنی زمانەوانی لە ژیانی ڕۆژانەی نێوان کورد و ئەرمەن و عەرەب و گەلانی تری ڕۆژهەڵات

---

(15) Abovyanmuseum, Op. Cit.؛.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО , А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 218

(16) А. О.Победоносцева: КУРДЫ В РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с 18.

(17) К.К.КУРДОЕВ: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,,с 361 ؛.А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 218О ؛ А. О.Победоносцева: КУРДЫВ РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в ,с 18.؛ پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٣٣٨.

(١٨)К.К.КУРДОЕ В: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,с 366.

(19) د.ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٠-٨١ ؛ К.К.КУРДОЕВ: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,с 361.

داوە.[20] هەروەها مامەڵەی لەگەڵ پرسی پێکهاتن و ڕێزمان و وشەسازی زمانی کوردیدا کردووە، تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنی زمانی کوردی، کە ئابۆڤیان پێشکەشی کردوە، لە لایەن کۆی ڕۆژهەڵاتناسانەوە قبوڵکراوە و تەنانەت کاریگەریشی لەسەریان هەبووە،[21] ئەو بابەتانەی دەربارەی زمانی کوردیی نووسیویەتی، کاریکردۆتە سەر بیروڕای نووسەر و زانا ڕووسییەکانی وەك (پ.لێرخ، ف.یوستی، س.یەگیزارۆف) بۆ سەلماندنی ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە و لە خێزانی هیندوئەوروپییەکانە.[22] هەروەها زمانی کوردی دابەش کردووە بۆ دوو شێوەزار، کە پسپۆڕان بە ڕاستیان داناوە و لەلایەن زانایانی کوردناس و زمانناسان، پشت بە دابەشکردنەکەی ئابۆڤیان بەستراوە بۆ گۆڕانکاریکردن و گەشەپێدانی دابەشکاری زمانی کوردی بۆ زارەکان، بە جۆرێك لە بری ئێرمی " باری گونجاوی کوردی و زازا" کە ئابۆڤیان وەك زارێکی زمانی کوردی لە دابەشکارییەکەی خۆیدا جێگیری کردووە، زمانناسان ئێرمی " زارەکانی کرمانجی و زازا" بەکاردەهێنن.[23]

ئابۆڤیان سێ گەشتی لە کاتی جیاوازدا بۆ چیای ئارارات کردووە، گەشتی یەکەمی لە ساڵی (١٨٣٩)،[24] دووەم گەشتی لە ساڵی (١٨٤٤) و سێیەم گەشت لە ساڵی (١٨٤٦) لەگەڵ (هێنری دێنبی سێیمۆر) گەریدەی بەریتانی بوو، ئامانجی ئەم گەشتەش بینینی پاشماوەی بومەلەرزەکەی ساڵی (١٨٤٤) لە چیای ئارارات بوو، تێبینیەکانی گەشتەکەی بە ناونیشانی (سەرکەوتنێکی نوێ بەرەو لوتکەی ئارارات) لە ڕۆژنامەی قەفقاز لە ساڵی ١٨٤٧ بڵاوکردەوە، (هێنری دێنبی سێیمۆر)یش دوای گەڕانەوەی بۆ ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٧٧ تێبینیەکانی گەشتەکەی بڵاو کردەوە.[25] لە بەناوبانگترین کاریدا ڕۆمانی (زامەکانی ئەرمینیا) کە لە (١٨٤١) نووسیویەتی و لە (١٨٥٨) بڵاو کرایەوە، تیایدا باس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی ئەرمەن لە ماوەی جەنگی ساڵانی (١٨٣٦-١٨٣٨) ی نێوان ڕووسیا و ئێران دەکات، ئایدیای بنەرەتی و هێڵە گشتیيەکانی بەرهەمەکە جەختکردنەوەیە لەسەر هەستکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی و دژایەتیکردنی ستەم، پاڵەوانی ڕۆمانەکە (ئاغازی) دەلالەت لە ڕۆحییەتی نەتەوەیی و دژایەتیکردنی بێگانەکان دەکات، (گیانی خۆت بەخت بکە، بەڵام خاك و نیشتیمانی خۆت تەسلیم بە دوژمنان مەکە). دروشمی (ئاغازی) و هاوڕێکانی بوو، ئەگەرچی ئابۆڤیان لەم بەرهەمەیدا مەبەستی خستنەڕووی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی ئەرمەنە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا،[26] بەڵام باس لە کوردیش دەکات، تەنانەت چەند جارێک ئاماژە بە ناوی کوردی و کوردستانی ئەرمەنستان دەکات.[27]

ئابۆڤیان لە یەکەمین ئەو کەسانە بووە، لە ئەرمینیا گرنگی بە ئیتنۆگرافی زانستی داوە، باسی لە ژیان و نەریتی جووتیار و گوندنشینەکانی ناوچەکانی یەریڤان کردووە، فەرهەنگ و کولتووری گەلانی ئازەری و ئەرمەنی و کوردی خستوەتە ڕوو.[28] ماڵەکەی خاچاتۆر ئابۆڤیان، یەکێکە لە شوێنە گرنگ و تەنانەت پیرۆزەکانی ئەرمینیا، بۆ ماوەیەك ماڵەکەی بە ڕووی سەردانکەراندا داخرابوو، بەڵام لە لای خەڵکی ماڵەکەی پیرۆز و گرنگ بوو بەردەوام سەردانیان دەکرد، دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، بە بڕیارێك لە ساڵی ١٩٣٩ ماڵەکەی ئابۆڤیان کرا بە مۆزەخانە.[29]

---

(20) <u>К.К.КУРДОЕВ: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ</u>,с363 ؛А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 217.
(21) <u>К.К.КУРДОЕВ: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ</u>,с 367.
(22) د.ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٠.
<u>(23) К.К.КУРДОЕВ: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ,с 368.</u>
<u>(24) Хачатур Абовян,</u> Указ. соч<u>.</u>
<u>(25)Abovyanmuseum, Op. Cit.</u>
(٢٦)P.O. Hakobyan about <u>Khachatur Abovyan</u> and his <u>book "Wounds of Armenia "</u>,http: //www.armen ian house.org/abovyan/wounds-of-armenia/intro.html
(٢٧)ХАЧАТУР АБОВЯН И ЕГО "РАНЫ АРМЕНИИ: http: // armenianhouse.org/abovyan/ wounds-of-armenia /intro.html
(٢٨)Abovyan, Khachatur, Op. Cit.
(٢٩)Abovyanmuseum, Op. Cit..

## تەوەری دووەم: پیۆتەر لێرخ و بناغە دانانی کوردناسیی لە ڕووسیا

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا، چ لە پایتەخت و کاربەدەستانی سەربازی و تیداری پشت قەفقاز، گرنگی کوردیان لە ناوچەکە و پێویستی ڕاکێشان یان بێلایەنکردنی کوردیان بۆ دەرکەوت و کۆمەڵێك زانیاری بە بەرنامە و ئاڕاستەکراو لەسەر کورد کۆکرایەوە، بڕیاردرا لە ئاستێکی بەرزتر و بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، کار لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتناسیدا بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە ناو ڕووسیا بە ڕاسپاردەی ئەکادیمیای زانستەکان و زانکۆکان، (پیوتەر لێرخ) یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی بۆ لێکۆڵینەوە و گرنگیدان بە کورد ڕاسپێردرا. [30] گەشەسەندنی کوردناسیی لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووسیا، پەیوەندیدار بووە بە چالاکی و کاری هەندێك زانا و توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، بە تایبەتی (پیوتەر ئیڤانۆڤیچ لێرخ) ناوێکی دیارە لەم بوارەدا. [31] لەسەر بنەمای ئەو کارانەی کە لێرخ لەبارەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردییەوە ئەنجامی داون، دەتوانین بڵێین کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا، ناوەندی دامەزراندنی لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئیتنۆگرافی و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بوو. بە هاوکاری ئەکادیمیاکە کارگەلێکی بەرفراوانی ئێرانناسان و کوردناسان، سەبارەت بە کورد ئەنجامدران. پێشکەوتن و گەشەسەندنی کوردناسیی لە پیترسبۆرگ، زۆرتر بەسترابوو بە ئیش و کارەکانی لێرخەوە، کە

(٣٠) پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٤٠.

(٣١) دکتۆر ئیرینا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل.٦.

تەمەنێکی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شارستانییەتی کوردییەوە بەسەربردبوو. نووسراوەکانی لێرخ، بنەڕەت و بناغەی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی لە ڕووسیا دامەزراند.[٣٢]

(لێرخ) لەساڵی (١٨٣٧) لە دایك بووە، ساڵی ١٨٥١ خوێندنی لە زانکۆی پترسبۆرگ تەواو کردووە، [٣٣] لە ماوەی ساڵانی (١٨٤٦ - ١٨٥١) لە کتێبخانەی زانکۆی پترسبۆرگدا کاری کردووە، لە (١٨٦٦ - ١٨٧٧) یاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانەی بەشی ڕۆژهەلاتناسی بووە، لە (١٨٧٧ز) بە بەڕێوەبەری کتێبخانەی زانکۆی پترسبۆرگ دەستنیشانکراوە. زانیاریەکی باشی دەربارەی شوێن و کات و زمانی چاپکردن و شوێنی بەدەستهێنانی کتێب و بڵاوکراوەکانی بەشی ڕۆژهەلاتناسی هەبووە، هەربۆیە بە (کەتۆلۆگی زیندوی بیبلیۆگرافیای ڕۆژهەڵات) ناسراوە. لە ساڵانی (١٨٥١ - ١٨٧٣) وەك تۆمارکەر و نووسەری پرۆتۆکۆڵ و وەرگێڕ لە ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا کاری کردووە، لە (١٨٧٣ - ١٨٧٧) وەك نووسەر و سکرتێری کۆمسیۆنی ئارکیۆلۆژی کاری کردووە.[٣٤]

یەکەمین بەرهەمی زانستی لە بواری ڕۆژهەلاتناسیدا، لە زنجیرەی کتێبی (کتێبخانە بۆ خوێندنەوە) لە ساڵی (١٨٥١ز) بە ناونیشانی (حەوت ئەستێرە لە ئاسمانی شیعری فارسیدا) بڵاو کردۆتەوە، لەم بەرهەمەیدا باسی لە شیعری فارسی و گەشەسەندن و ناودارترین شاعیرەکانی کردووە.[٣٥] لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەستی بە لێکۆڵینەوە لە کورد و زمانی کوردی کردووە، لە ماوەی ساڵانی (١٨٥٨ بۆ ١٨٦٠) لە ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیادا کاری کردووە، لەو سەردەمەدا دەبێت بە هاوکاری (ن. پ. ئیگناتۆڤ) و بەگەشتێك لەگەڵیدا دەچێت بۆ (بوخارا، خێو، ئۆرینبورگ)، کە مەبەستی لێکۆڵینەوە بوو لە مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمانی دانیشتووانی ئەو هەرێمانە. ئامانجێکی تری گەشتەکەی، کۆکردنەوەی کەرەستە و دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان بوو. لە ساڵانی (١٨٦٧ - ١٨٦٨ز) ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا، جارێکی دیکە (لێرخ)ی بە گەشتێك بۆ ئاسیا ناردەوە، مەبەستی گەشتەکە لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئارکیۆلۆژی لە شاری خەرابە بوو.[٣٦]

ساڵی (١٨٥٨ز) لەگەڵ گرووپەکەی سەرهەنگ ئیگناتۆڤ، بە گەشتێك ڕۆشتە ناوچەکانی بوخارا و خێوە. لەو گەشتەیدا،کۆمەلێك دەستنووس و دراوی کۆنی دەستکەوت و بۆ (سان پیترسبۆرگ)ی ناردنەوە، بەشێکی بە ئەکادیمیای زانستی و بەشێکی تریشی بە مۆزەخانەی بەناوبانگی ئێرمیتاژ و کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی بەخشی. کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی، ناوەندێکی گرنگ بوو لە بواری شوێنەوارناسی و توێژینەوەی مێژوویی و زمانەوانی و ئیتنۆگرافیدا. (لێرخ) چالاکانە لە کارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەشداری دەکرد و چەند وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەو کۆمەڵەیە پێشکەش کرد. هەندێك دۆزینەوەی ئارکیۆلۆژی خستە ڕوو و باسی لێوەکردن، ئەم وتار و کۆڕانەی لە بەرگەکانی ٥ و ٦ی گۆڤاری (دەنگ و باسەکانی کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی) بڵاوکراونەتەوە. لە ماوەی کارکردنی لە بواری ئارکیۆلۆژیدا پرسە فیلۆلۆژییەکانی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لە بەرگی ١ و ٢ی ( Orient Und Occident) وتارەکانی بڵاو کردوەتەوە. لە دەنگوباسەکانی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیاشدا، وتار و کۆڵینەوەکانی

(٣٢)К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России, АКАДЕМИЯ НАУК СССР ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ОЧЕРКИ ПО ИСТОРИИ РУССКОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Сбо рник IV. ИЗДАТЕЛЬСТВО ВО СТОЧНОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, Москва, 1969,С50.

(٣٣) ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الآيرانيين و أسلافهم الكندانيين الشماليين، ترجمة من الروسية. د.عبدى حاجى، الطبعة الثالثة، مطبعة شڤان، من منشورات بنكەی ژین، سليمانية، ٢٠٠٨، ص٨.

(٣٤)Лерх Петр Иванович,(1827 — 1884),https: //bioslovhist.spbu.ru/person/863-lerkh-petr-ivanovich.htl

(٣٥)П. Лерх: Семизвездие на небе персидской поэзии, Библиотека для чтения, февраль 1851, С 251–268.

(٣٦)К К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России,С40.

بڵاوکردۆتەوە. لێرخ ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەندێك بیروبۆچون لە کتێبەکەی (ئێرنست تیدوار کونیکی) تەڵمانی لە بارەی بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەیی لە زانستی مێژوودا، وایان لێ کردووە کە لە کوردەکانی ئێرانەوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات.[٣٧]

لەناو ئەو زانا ڕووسییانەی کە بایەخیان بە کوردناسیی داوە، (لێرخ) پێگەیەکی تایبەت و دیاری هەیە. ئەو خاوەنی (٣) کتێبی گرنگە لە بارەی کورد و کوردستانەوە، لە ساڵانی (١٨٥٦، ١٨٥٧، ١٨٥٨) بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێران و باپیرانی کلدانەکانی باکور) لە پترسبۆرگ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.[٣٨] لە بەرگی یەکەمدا کە لە ساڵی (١٨٥٦) چاپ و بلاوکرایەوە، ئەنجامی سێ ساڵ توێژینەوەی زانیاری و کەرەستەی گەشتیار و گەڕیدە ئەورووپییەکانی دەربارەی کورد خستوەتە ڕوو.[٣٩] لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٨٥٦ لە ژمارە (٢٨٣)ی ڕۆژنامەی (سێڤیرنایا پچیلا) وتارێکی (ك. میکێشین) بە ناونیشانی (کورد لە هەرێمی سمۆلێنسك) بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئەوەی خستبووە ڕوو کە ژمارەیەك کوردی دیلی سەربازی هەیە، لە جەنگی کریم (قرم)ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا ئەو کوردانە لە ڕیزی سوپای عوسمانی دژ بە ڕووسیا بەشداری جەنگیان کردبوو، لە لایەن سوپای ڕووسیاوە بەدیل گیرابوون*، دیلەکان کوردی ناوچەکانی (ماردین، جەزیرە، دێرسیم، ئامەد، تورفە، مالاتیە، ئەرزڕۆم بوون و کوردی زازاشیان تێدابوو) نزیکەی (١٠٠) کەس دەبوون.[٤٠]

زانایانی ڕووس بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی، بڕیاریان دا کەسێك دەستنیشان بکەن و بچێتە شاری (ڕوسلاڤڵ). لەسەر داوای زانایان (ك.کێپن، ك. بێتینگ، م.برۆسێ، ئا.کونیك، ب.دۆرن، سوباتێ)، کە لە نامەیەکدا داوایان لە ئەکادیمای زانستەکان کردبوو، ئەکادیمیای زانستەکان (لێرخ)ی ڕاسپارد لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بکات.[٤١] لێرخ بۆ ماوەی (١١) هەفتە لە (ڕوسلاڤڵ) مایەوە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لە زمانی کوردی و هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی دا. هەروەها گەلێك زانیاری ئیتنۆگرافی و فۆلکلۆری لەو دیلانە وەرگرت، زانیاریەکانی نووسیەوە و وەریگێڕانە سەر زمانی ڕووسی، ئەو ماوەیەی کە لەگەڵیان مایەوە توانی گەلێك زانیاری دەربارەی شێوازی ژیان و زمان و کولتووری کوردی کۆبکاتەوە. لە ئەنجامدا کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی کوردی دانا، کۆمەڵێك تێبینی و دەقی کوردی لە ژمارەکانی (١٤، ١٦) ی بڵاوکراوەی ئەکادیمیای زانستەکان بلاوکردەوە، هەموو ئەو ماتریاڵ و زانیاریانەی لەبارەی زمان و ئیتنۆگرافیای کوردەوە کۆیکردبوونەوە، لە بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکەیدا بڵاوی کردنەوە.[٤٢]

(لێرخ) تێبینییەکانی ئەو گەشتەی بۆ لای دیلە کوردەکان، لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا بڵاوکردۆتەوە. لەم ڕاپۆرتەیدا سەبارەت بە دەسپێکی کارەکەی دەڵێت: "ئەکادیمیای زانستەکان یەکەمجار لە ڕێگەی وتارەکەی (ک.میکێشین)بە بوونی ئەو کوردە دیلانەی لە سنوری وڵاتەکەمان زانی. ئەکادیمیک دۆرن لە یەکەم کۆبوونەوەی (بەشی مێژوو - فیلۆلۆژی) لەسەر ڕاسپاردەی بەشەکە، داواکارییەکی سەبارەت بە ڕەوانەکردنم بۆ (ڕوسلاڤڵ) بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی و هەندێک توێژینەوەی تری پەیوەست

---

(٣٧) د. جەبار قادر: کوردناس پیۆتەر لێرخ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٥٧، ٢٠١٨، ل ١٣٤-١٣٥.

(٣٨) П. Лерх: Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб., кн. I, 1856 ؛ П. Лерх: Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб., кн. II, 1857؛ П. Лерх: Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб.,; кн. III, 1858.

(٣٩)А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года, с 220.

* بۆ بینینی وتارەکەی (ك. میکێشین) بڕوانە: د.جەلیلی جەلیلی: هێسبرێن کورد لە ڕووسیایێ، گۆڤارا هاڤیبوون، هەژمار ٢١، ٢٠٠٨، ل ١٨ -٢٣.

(٤٠)seyidxan KURIJ: Xebatê Peter J. A. Lerch Derheqî Kurdolojî de,NUBIHAR AKADEMI , Issue 1 Year 1, 2014, wr 97

(٤١) بۆ بینینی نامەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بڕوانە: د.جەلیلی جەلیلی: هێسبرێن کورد لە ڕووسیایێ، ل ٢٣-٣٥.

(٤٢)seyidxan KURIJ: Jêdera berê,r 97؛ К К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России,СС 41 -42 ؛ د. جەبار قادر: کوردناس پیۆتەر لێرخ، ل ١٣٥.

بەم گەلە، خستە بەردەم ئەکادیمیاکە".[43] ئەو زانیارییانەی کە لە (ڕوسلاڤل) لە دیلە کوردەکانی وەرگرت، بوون بە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ بەرگی دووەمی کتێبەکەی کە دواتر لە ساڵی (١٨٥٧) بڵاویکردەوە.[44] لەم بەرگەدا هەندێك تێکستی کوردی لە چاپداوە، ئەم تێکستانە لە (ئەرزڕۆم، تەورێز)ەوە نێردرابوون و هەموویان لە زمانی تورکی و فارسییەوە وەرگێرابوون.[45]

کتێبی سێیەمی (لێرخ) کە لە (١٨٥٨) بڵاو کرایەوە، بریتییە لە وتارێکی (مێژووی - ئەدەبی) و فەرهەنگێکی بۆ دیالێکتەکانی (کرمانجی، زازا - ڕووسی) داناوە، لە لاپەڕە (١ - ٨٤) فەرهەنگی (کرمانجی ژوورو - ڕووسی) و لە لاپەڕە (٨٥-١٠٨) فەرهەنگی (زازا - ڕووسی) بڵاوکردوتەوە.[46] هەریەك لە دیالێکتەکانی (کرمانجی ژوورو، زازا) جێگەی بایەخی لێرخ بوون، سەبارەت بە دیالێکتی کرمانجی دەنووسێت: "کرمانجی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژئاوادا پەرەی سەندووە، لە موسڵەوە هەتا ئاسیای بچوك و سلێمانی، لە نێوان هۆزەکانی کرمانجی باکور و کرمانجی خواروی ڕوباری فورات، جیاوازی وشە و گوتن و فۆڕمی ڕێزمانی هەیە، بەڵام ئەو جیاوازییانە هێندە فراوان نین کە نەتوانن لەیەك بگەن و یەکتری تێبگەیەنن"[47] لەبارەی شێوەزاری (زازا)وە نووسیویەتی: "لە بەراوردکردنی زازا و کرمانجی، هەندێک تایبەتمەندی زازا دێتە پێش چاومان. لە زازا تایبەتمەدی دەنگەکان و وشەکان لە کرمانجی جیاوازترن. لە سۆنگەی ئەمەوە ڕەنگبێت پێویست بێت ناوێکی دیکە لە زازا بنێین و بە زاراوەیەکی سەربەخۆی ئێرانی دابنێین، هەرچەندە کوردی زازا کرمانجی تێدەگەن و قسەشی پێدەکەن، بەڵام کوردی کرمانج لە زازا تێناگەن".[48]

(لێرخ) لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە توانی بەشێوەیەکی زانستی لە بارەی کورد و زمان و ئێتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردەوە بنووسێت، ئەو زمانی کوردی بۆ پێنج دیالێکت (کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، زازا) دابەشکردووە.[49] لەبارەی زمانی کوردییەوە باس لەوە دەکات کە بەلای ئەوەوە زمانی کوردی، لەناو زمانە ئێرانییەکاندا دەوڵەمەندترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیە کە تا ئەو کاتە نەدۆزرابۆوە. ئەو خوێنەرێکی باشی لێکۆڵینەوەی کەسانی پێش خۆی و ئەو کتێبانەی کە لە بارەی کوردەوە بەزمانەکانی (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی) نووسرابوون، بەڵام زۆرتر سوودی لە پەرتوکی شەرەفنامە وەرگرتووە و لەوانی تر زۆرتر هەڵوەستەی لەسەر کردووە.[50]

---

(٤٣)Peter Lerch: Bericht über eine im Aufträge der historisch-philologischen Classe der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften unternommene Reise zu den kriegsgefangenen Kurden in Roslawl im Gouvernement Smolensk, Mélanges asiatiques, Tome II, 6e livraison, St.-Pétersbourg, Imprimerie de l Academie Impériale des Sciences, 1856, PP. 621—649؛ پ.ی.د. ئازام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٤٠.

(٤٤)seyidxan KURIJ: Jêdera berê,r 100؛ А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,с 220.

(٤٥) К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России ,С44

(٤٦) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ئیدۆرۆڤنا یۆیۆڤا: س.پ، ل٦٠؛ د.ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٣.

(٤٧)П. Лерх, Исследования об иранских курдах и их предках сеѳерных халдеях, оп,с22؛ А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,сс 220 – 221.

(٤٨)П. Лерх, Исследования об иранских курдах и их предках сеѳерных халдеях,с20.

(٤٩) К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России,С42 ؛ ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الآيرانيين و أسلافهم الكلدانيين الشماليين، ص٩؛ د.ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٣ ب.

(٥٠) ئەلیکساندەر خۆدزکۆ: چەند لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی(دیالێکتی سلێمانی)، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە د.نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١-١٢.؛ د.فەرهاد پیرباڵ: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل ٣٨ - ٣٩.

یەکێك لە بیرورِا هەرە گرنگەکانی (لێرخ) ئەوەیە کە لایەنگیریەتی رِای (ئا.پۆت) زانای ئەڵمانی دەکات، لەوەی کە زمانی کوردی بە زمانێکی رِەسەن و سەربەخۆ دادەنێت.[٥١] لەم رِوانگەوە دەڵێت: "هیچ هۆیەك نییە بۆ من، کە لەگەڵ رِای رِاست و چەسپاوی پرۆفیسۆر (ئا.پۆت) نەبم، کە دەڵێت زمانی کوردی شوێنێکی سەربەخۆ و تایبەتی لەنێوان زمانە ئێرانییەکاندا هەیە. زمانی کوردی لە مەڵبەندی کوردستاندا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، هەرچەندە لەگەڵ زمانی فارسیدا خزمایەتی و نزیکایەتییان هەیە، بەڵام لەشێوەی پێشکەوتندا لەگەڵ زمانی فارسیدا پەیوەندی نەبووە ". [٥٢] سەرەرِای لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی،(لێرخ) سەرقاڵی رِێزمانی کوردیش بووە. دوو دەستنووسی رِێزمانی کوردی لەپاش خۆی بەجێماون (یەکێکیان لە کتێبخانەی ئینیستیتوتی رِۆژهەڵاتناسی لە سانت پترسبۆرگ پارێزراوە، ئەویتریان لە کتێبخانەی زانکۆی پترسبۆرگە)، ئامانجی ئەوەبوو کە کارێکی گەورە لەسەر رِێزمانی کوردی و بابەتەکانی فۆنۆتیك و مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی گەشتەکەی ئەوروپا و پاشان ژیان ئاوایی نەیتوانی کارەکەی تەواو بکات.[٥٣]

لەگەڵ هەموو ئەو کارە گرنگانەی کە لەسەر کورد ئەنجامی داون و گرنگی و بایەخی کارەکانی لە دامەزراندنی کوردناسیی لە رِووسیا، بەڵام رِەخنەی ئەوەشی لێ دەگیرێت کە کوردی بە نەوەی کلدانی (خالّدی) دادەنا و ناوی یەکێك لە بەرهەمەکانیشی لە چاپە رِووسییەکەیدا (لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێران و باپیرانی کلدانەکانی باکور) بوو، هەرچەندە لە چاپە ئەڵمانییەکەیدا بە شێوەیەکی جیاواز لە رِووسییەکە نووسیویەتی، لەمەشدا دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونەکانی لەبارەی رِەسەنی کورد رِاست کردۆتەوە.[٥٤] جگە لەو کارانەی ئاماژەمان پێکردن، چەند بەرهەمێکی تری لەبارەی ئەدەبیاتی کوردی هەبووە، وەك (دەربارەی گۆرانی کوردی)[٥٥] چەند کارێکی دیکەی وەك پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی (ئالێکساندەر ژابا) ئەنجام داوە، وەك هەڵسەنگاندنی (نووسراوەکانی ئەلیکسەندەر ژابا لەبارەی ئەدەبیاتی کوردی و خێڵە کوردییەکان)، [٥٦]پوختەی کارەکانی ژابا دەربارەی (مەم و زین) و بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی (کە لە ١٨٥٨ نووسرابوو، داوای لە لێرخ کردبوو سەرنجی خۆی لەبارەی بەرهەمەکەی و فەرهەنگەکانی کوردی - فەرەنسی، کوردی - رِووسی و دەستنووسەکانی بنووسێت و هەڵسەنگاندیان بۆ بکات.[٥٧]ساڵانی (١٨٦٩ - ١٨٧٤) لێرخ دەچێتە سوید و دانیمارك، لە کۆنگرەی زانایانی نەتەوە جیاوازەکاندا وتارێك پێشکەش دەکات سەبارەت بە کاری لێکۆڵینەوە (مێژوویی، ئارکیۆلۆجی، جیۆگرافی و ئیتنۆگرافی، زمانی نەتەوەکانی ئاسیا، لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردی)، لە ساڵی ١٨٧٦ بە هۆی نەخۆشییەوە دەست لەکار دەکێشتەوە و دەچێتە ئەڵمانیا، ولە ١٨٨٤ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی دەکات. [٥٨]

---

(٥١)А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕД ЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,сс 220 - 221 و ؛ ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الآيرانيين و أسلافهم الكلدانيين الشماليين، ص١٠.

(٥٢) د.ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٤.

(٥٣) К.К. КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России,сс 47,50.

(٥٤) ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الآيرانيين و أسلافهم الكلدانيين الشماليين، ص١٠.

(٥٥)P. Lerch: Sur une ballade kourde, publiée dans le Journal Asiatique, Mélanges asiatiques, Tome IV, Livraison 1, St.-Pétersbourg, de l Impri merie de l’Academie Impériale des Sciences, 1860, PP. 25—28.

(٥٦)P. Lerch: Bericht über Notice sur la littérature et les tribus kourdes tirée des documents kourdes recueillis et traduits par A. Jaba, Consul de Russie à Erzeroum, Mélanges asiatiques, Tome III, 2me livraison, St.-Pétersbourg: de l’Imprimerie de l’Academie Impériale des Sciences, 1858, PP. 109—113.

(٥٧)P. Lerch: Bericht über Résumé de l’ouvrage kourde d’Ahmed Effendi Kliani (fait et traduit par A. Jaba), Mélanges asiatiques. Tome III. 3me livraison,St.-Pétersbourg, de l’Imprimerie de l’Academie Impériale des Sciences, 1858, PP. 242—255.

(٥٨) К К.К.КУРДОЕВ: Труды П. И. Лерха по курдоведению - к вопросу изучения истории курдов в России,с40.

## باسی سێیەم: دەستنووسە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەم

بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ڕووسیا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، پێویستی ناسینی ئەو گەل و نەتەوانە و کۆکردنەوەی سەرچاوەو دەستنووس و زانیاری لەبارەیانەوە هێنایە ئاراوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی (خ. د. فرێن) لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەشێکی تایبەتی بۆ زمانە ڕۆژهەلاتییەکان کردەوە. ئەم بەشە بووە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری دەستنووس، بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئێران لە ساڵانی (١٨٢٦-١٨٢٨ز) کە تیایدا ڕووسەکان سەرکەوتن و توانیان کتێبخانەی سەفەوییەکان لە ئەردەبیلەوە بۆ پیترسبۆرگ بگوازنەوە کە ژمارەیەکی زۆری دەستنووس لەم کتێبخانەیەدا هەبوون.[1]

لە لایەکی دیکەوە، کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیا لە کۆکردنەوە و نووسینەوە و کۆڵینەوە لە دەستنووسە کوردییەکاندا، ڕۆڵی پێشینەیان هەبووە. ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستنووسی کوردی کۆکراونەتەوە و لە ڕووسیا پارێزراون. دەستنووسە کوردییەکان لە سانت پیترسبۆرگ لە هەریەك لە دەزگا زانستییەکانی (بەشی دەستنووسەکانی کتێبخانەی گشتی دەوڵەت (سالتیکۆف - شێدرین)، لقی سانت پترسبۆرگی ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی پارێزراون.[2]

سەرجەم دەستنووسە کوردییەکانی (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف - شێدرین) لە لایەن (ئەلیکساندەر ژابا) لەکاتی خزمەتکردنی وەک کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم و سمیرنا(ئەزمیری ئێستا)لە ماوەی ساڵانی(١٨٣٦ - ١٨٦٩ز) کۆکراونەتەوە.[3] بەشێک لە ئەم دەستنووسانە ناوی نووسەرەوەیان لەسەر نییە، هەندێکی دیکەیان بە بێ ناونیشانن، ژمارەیەکیشیان لە کۆمەڵە بەیت و چیرۆک و داستانێک پێک دێن، کە لە یەک دەستنووسدا پۆلێنکراون. بابەتەکانی نێو ئەم کۆمەڵە دەستنووسە، هەندێکیان وەک دەستنووسی سەربەخۆن. لە پاش کۆکردنەوە و پاراستنیان، بۆ یەکەمین جار لە لایەن کوردناسی سۆڤییەت (م. ب. ڕۆدینکۆ ١٩٣٦ - ١٩٧٦ز) دەربارەی هەندێک لە دەستنووسەکان زانیاری خرایە ڕوو،[4] چوار ساڵ دواتر کارەکەی فراوان کرد و لە دوتوێی کتێبێکدا زانیاری دەربارەی سەرجەم دەستنووسەکان، کاتی نووسین، نووسەر، وەرگێڕ، وەسف، پێکهاتەی دەستنووسەکان خستە ڕوو.[5] سەرجەمیان (٨٤) دەستنووسن، ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە فۆلکلۆری کوردی بریتین لە (١٤) دەستنووس،[6] هەندێکیان ناونیشان و ناوی نووسەر یان نووسەرەوەیان لەسەر نییە، (لاوژیک، بریتە، ترجما ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی، در المجالس، کلامی کچان، استرانید کرمانجی، گوری و خلیل بگ) لە گرنگترین ئەو دەستنووسانەن کە ناویشانیان هەیە و تایبەتن بە فۆلکلۆری کوردی و بابەتەکانی (گۆرانی ڤارەمانێتی، شایی و زەماوەند، ژنهێنان، گۆرانی کچان، پەندی پێشینان و ڤسەی نەستەق و

---

(1) د.کەمال مەزهەر: مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٢١.

(2) З.А. Юсупова: О двух коллекциях курдских рукописей, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей,1(8), 2008,c220 ؛ شلێر ابراهیم شریفی: فهرست توصیفی نسخەهای خطی کردی در مجموعهای سنت پترزبورگ، کشکول، شمارة ٩، بهار ١٣٩٧، ص ٤.

(3) Ж.С.Мусаэлян: ИСТОРИЯ КОЛЛЕШЩ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ГПБ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, АКАДЕМИЯ НАУК СССР ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, XXIII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ (доклады и сообщения) 1988Часть I, Москва, 1990,c 65 ؛ شلێر ابراهیم شریفی: م.پ، ص ٦.

(4) М.Руденко: Коллекция А.Д.Жаба (курдские рукописи),Восточный сборник. Труды Государственной Публичной библиотеки им. М.Е.Салтыкова-щедрина, П (У), 1957, стр.165-184.

(5) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ИЗДАТЕЛЬСТВО ВОСТОЧ НОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, МОСКВА,1961.

(6) З.А. Юсупова: О двух коллекциях курдских рукописей, c220.

گاڵتەوگەپ) لەخۆدەگرن.[7] سەرجەم ئەم دەستنووسانە تایبەت نین بە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، بەڵکو هەندێکیان لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێردراون.[8]

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە ئەدەبیات ژمارەیان (٥٨) دەستنووسە (ئەوەی جێگەی سەرنجە زارێ یوسوپۆڤا دەستنووسە ئەدەبییەکان بە (٥٦) دەستنووس دەستنیشان دەکات) [9] لە گرنگترینیان (حیکایات شیخ صنعانیان، کتاب قصە شیخ صنعانیان، بیت فقی طیران و براڤیرا خێردایە، زنبیل فروش، مولود، کتبا مولود شریف، مم و زین، لیلی و مجنون، عشق بازی، نوبهار، یوسف و زلیخا، بیت نوالە سیسەبانی بە جنویزان جنگ کریە، کلا دمدم، حکایا شری سرکایا دمدمی دگل قزلباشان گفتە فقی طیران، قول هسپی ڕش، مجموعا غزلیاتید شعراید کرمانجان).[10])، سەرچاوەی ئەم دەستنووسانە پۆلێن دەکرێن بۆ (بەرهەم و نووسراوی شاعیر و هۆنەرانی کورد، ئەدەبیات و بەرهەمی شاعیرانی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات.[11]

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە زمان ژمارەیان (٩) دەستنووسە، بەڵام (زارێ یوسوپۆڤا) دەستنووسە زمانەوانییەکانی بە (٣) دەستنووس دەستنیشان کردووە. [12] گرنگترینیان (صرف بعضی اصول لازمە بە زمانی کورمانجییە، کتاب العبارە متکلمات ملا یونس خلقتینی، تصریف کاری کوردی، خێردانا زمانی کورمانجی، رسالە تحفە الخلان فی الزمانی کردان، اڤە رسالەیکە د بعضا هنک فرق و جدائی د نیڤ لغاتید اکرادان هنە و بیان بعضی قواعید عمومی یە لازمنە، صحفە صبیان). [13]

ئەو دەستنووسانەی تایبەتن بە مێژوو و ئێتنۆگرافیای کورد بریتین لە (عادات و رسوماتنامەی اکرادیە، کتاب تواریخ قدیم کردستان (ترجمە شرف نامە لسان فارسیە جلد اول)، جامع یی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی) کە (٣) دەستنووسن. [14]

کۆمەڵێک دەستنووسی دیکە لە سانت پترسبۆرگ لە (لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ساڵی (٢٠٠٧) بەدواوە) پارێزراون. زمانی نووسینی دەستنووسەکان دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم دەستنووسانە لە کۆمەڵە دەستنووسەکەی (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف - شێدرین)، چونکە بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی نووسراون. دەستنووسەکان لە لایەن کوردناسان (ئا. ژابا، ڤ.ڤ.ڤیلیامینۆڤ زێرینۆڤ، ب.ئا.دۆرن، ڤ.ڤ. مینۆرسکی) لە کاتی جیاواز پێشکەشکراون و تایبەتن بە (ئەدەبیات، فۆلکلۆر، ئیتنۆگرافیا، مێژوو، زمان).[15]

کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانە وەک پێویستییەکی ڕووسیا بۆ ناسین و لێکۆڵینەوە لە نەتەوەی کورد بوو، لە قۆناغێکدا دەست بە کۆکردنەوەیان کرا، کە توێژینەوە لە کورد و زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بووە. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەم دەستنووسانە، زانستی کوردناسی ڕووسیایان پێشخست و چەند بوارێکی نوێیان لە لێکۆڵینەوە کوردناسیەکان کردەوە. بۆ زیاتر شەنوکەوکردنی ڕادەی گرنکیدانی کوردناسانی ڕووسیا بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسە

(7) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, сс 11 - 25.

(8) د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٩٠.

(9) З.А. Юсупова: О двух коллекциях курдских рукописей, с220.

(10) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, сс 29 - 97.

(11) د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ٩٠.

(12) З.А. Юсупова: О двух коллекциях курдских рукописей, с220.

(13) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРА НИ Й, сс 101 - 110.

(14) Abdurrahim ÖZMEN: Jaba,Bazidî,and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century, International Journal ofKurdish Studies, Vol.4/1 , January 2018, p78 ؛ З.А. Юсупова: О двух коллекциях курдских рукописей, с220 ؛М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ, сс 113 - 116.

(15) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ, с 4 ؛ شلیر ابراهیم شریفی: م.پ، ص ٧.

کوردییەکان و بایەخی ئەم دەستنووسانە لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسیدا، لە دوو ئاستدا (لێکۆڵینەوە لە دەستنووسەکان و بایەخی لە پێشخستنی زانستی کوردناسی وەک نموونە دەستنووسی شەرەفنامە وەردەگرین، لە ئاستی دووەمدا ڕۆڵی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیا لە کۆکردنەوەی دەستنووس و کەرەستەی لێکۆڵینەوە و زانیاری دەربارەی کورد وەک نموونە ئەزموونی کارە کوردناسییەکانی (ئا.ژابا) وەردەگرین و لێی دەکۆڵینەوە.

## تەوەری یەکەم: دەستنووسی شەرەفنامە و بایەخی لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکاندا.

شەرەفنامە چوار سەدە لەمەوبەر لە لایەن (میر شەرەفخانی بەدلیسی) نووسراوە، ئەم بەرهەمە ناوی نووسەرەکەی نەمر کردووە، کتێبێکی فرە بە بەها و بێوێنەیە، بە زانیارییە ورد و دەگمەنەکانی دەربارەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کورد ئەزموونێکی دیاری مێژوونووسیی لە مێژووی کورددا تۆمار کردووە. ئەم شاکارە لە قۆناغێکدا زانیارییەکی فرەی دەربارەی مێژووی کورد خستۆتە ڕوو، نەک زانیارییەکی لەو شێوەیە کەم و دەگمەنە، بەڵکو هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی کوردیش لە پەنجەکانی دەستێک تێپەڕ ناکات. هەر ئەم هۆکارانەش وایکردووە کە ببێتە جێگەی تێڕامان و سەرنجی کوردناسان. کەڵکەڵەی وەرگێڕان وچاپکردنی مێژوویەکی بۆخۆی تۆمارکردووە، لەم سەربەنەشەوە لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ناسین و بایەخدان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و چاپکردنی شەرەفنامە لە چوارچێوەی مێژووی کوردناسی لە ڕووسیا دەکەین و ڕۆڵی لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان دەخەینە ڕوو.

سەربارى ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا (شەرەفنامە) کەم بڵاو ببوەوە، بەڵام لە لایەن جوگرافیناس و بیبلیۆگراڤ عوسمانی (حاجی خەلیفە (کاتب چەلەبی)) لە (فەرهەنگی هونەر و کتێبان)دا بایەخی زۆری پێدراوە، کاتب چەلەبی ئەم بەرهەمەی وەک (تاریخی شەرەفخانی بەدلیس) ناویردووە.[16] ئەو دەستنووسانەی شەرەفنامە کە بڵاوبوونەتەوە لە لایەن میر و دەرەبەگ و سەردارانی کوردەوە چەند وێنەیەکی لەبەر دەستنووسەکەی (شەرەفخان) لێنووسراوەتەوە و سەرباری بوونی چەند دەستنووسێک بە زمانی فارسی، یەکەمین وەگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی تورکی لە ساڵی (١٦٦٩ز) لە لایەن (محمد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی بەدلیسی) لە پاش (٦٨) ساڵ لە نووسینی شەرەفنامە ئەنجام دراوە. دووەم وەرگێڕان هەر بۆ سەر زمانی تورکی، پاش (١٥) ساڵ لە وەرگێڕانی یەکەم و لە ساڵی (١٦٨٤ز) لە لایەن (شامعی) ناوێک کە نووسەری (مستەفا بەگ یەکێک لە میرەکانی کورد بووە) ئەنجام دراوە.[17]

ئەورووپییەکان لەڕێگەی کتێبەکەی (دێربلۆ) بەناونیشانی (کتێبخانەی ڕۆژهەڵات - فەرهەنگی یونیڤێرساڵ) کە ساڵی (١٧٧٦ز) بڵاویکردەوە، زانیارییان دەربارەی (شەرەفنامە) وەک بەرهەمێکی تایبەت بە مێژووی کورد پەیداکرد.[18] دێربلۆ جارێک بە (مێژووی شەرەفخانی بەدلیسی) و جارێکی دیکە بە (مێژووی کوردان) ناوی (شەرەفنامەی) بردووە.[19] یەکەمین کەس لە

---

(16) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I.TEXTE PERSAN-PREMIÈRE PARTIE, ST PÉT ERSBOURG,1860,P11– 12.

(17) Sacha Alsancakli: Historiography and language in 17th-century Ottoman Kurdistan: A study of two Turkish translations of the Sharafnāma, KurdishStudies, Volume: 6, No: 2, October 2018, pp. 171 – 196 ؛ Anwar Soltani: The Sharafnama of Bitlisi: manuscript copies, translations and appendixes, International Conference on the Sharafnama in Berlin, 1-3 May, 1998,http: //kurdistanica.com/the-sharafnama-of-bitlisi-manuscript-copies-translations-and-appendixes/

(18) ڤاسیلیڤا: پێشەکی چاپە ڕووسییەکەی شەرەفنامە (وەرگێراوە لە کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت: چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٢٩٢.

(19) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 12.

ئەوروپییەکان کە توانیبووی دەستی بە (شەرەفنامە) بگات، (جۆن ماڵکۆڵم) بوو. [20] دەستنووسێکی شەرەفنامەی لەلایەن (میری موحێزی کوردیی) یەوە بە دیاری درابویە. ماڵکۆڵم دەستنووسەکەی پێشکەش بە (گ. ئۆسلی) سەرۆکی کۆمیتەی وەرگێڕانی بەریتانیا کرد، بۆ ئەوەی چاپکردنی دەستنووسەکە لە ئەستۆبگرێت. هەرچەندە ناوبراو ئەرکەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام نەک کارەکەی نەکرد، بەڵکو چاپکردنی دەستنووسەکە بوو بە قەدەری ڕووسەکان. [21]جۆن ماڵکۆڵم، لە کتێبەکەیدا (مێژووی فارس) چەند جارێک ئاماژە بە شەرەفنامە دەکات و چەند ڕووداوێکیشی لێوەردەگرێت.[22]

هەرچەندە ئەوروپییەکان (٤٠ - ٥٠) ساڵ پێش ڕووسەکان زانیارییان دەربارەی (شەرەفنامە) بڵاوکردەوە.[23] بەڵام تا ساڵی (١٨٣٦ز) ئەوروپا نرخی شەرەفنامەی نەزانیبوو، چونکە تا ئەوکاتە سەرنجی ڕۆشنبیران و توێژەرانی ڕانەکێشابوو. لە لایەن زانایانی ڕوسیاوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیان، گرنگی چاپکردنی ئەم بەرهەمە سەلمێنرا.[24] بۆ یەکەمین جار لە ڕووسیا لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم، زانیاری دەربارەی (شەرەفنامە) بڵاوکرایەوە. لە ساڵی(١٨٢٦ز) گەنجینەوانی مۆزەخانەی ئاسیایی (م.گ.ڤۆلکۆڤ)، لە ڕۆژنامەی (ئاسیایەشی هەشتەم) یاداشتێکی دەربارەی مێژووی فارس بڵاوکردەوە و تیایدا باسی گرنگی شەرەفنامە و دەستنووسەکانی کرد. [25] هەر هەمان ساڵ (خ.د.فرین) بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئاسیایی، وتارێکی دەربارەی (دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی کتێبخانەی ئەردەبیل) بڵاوکردەوە. لەم وتارەیدا سەرەڕای باسکردنی (شەرەفنامە) و پەسندانی وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی کورد، ئاواتی ئەوەی خواست کە ئەم مێژووە وەربگێڕدرێت تا دەلاقەیەک لەسەر مێژووی ئاسیا بۆ ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ڕووسیا بکاتەوە. [26]

پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان بەسەر ئێراندا لە جەنگی (١٨٢٧ – ١٨٢٨) داگیرکردنی ئەردەبیل و دەستگرتن بەسەر کتێبخانەی سەفەوییەکان لەو شارە لە لایەن (ژەنەراڵ سوختێلین) و دواتر ڕێکەوتنی ئاشتی (تورکمانچای لە ١٨٢٨ز) نێوان هەردوو وڵات، کۆمەڵێک دەستنووسی دەگمەن بۆ ڕووسیا گوێزرانەوە.[27] لەناو ئەم دەستنووسانەدا، دەستنووسێکی (شەرەفنامە) هەبوو کە ڕێکەوتی (شەوالی ١٠٠٧ی کۆچی - بەرامبەر بە ١٥٩٨ی زاینی) لەسەر تۆمارکراوە. [28] واتە دووساڵ پاش نووسینی شەرەفنامە، ئەم

---

(20) Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФНАМЕ КОНЕЦ XVI, Институт Татарской энциклопедии АН РТ, Казань, Сборник статей участников Международной конференции "Тюрко-мусульманский мир: идентичность, наследие и перспективы изучения" (Казань, 2014г.),с 134.

(21) E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA, RUSSIAN ACADEMY SCIENCES THE INSTITUTE OF ORIENTAL STUDIES,ST.PETERSBURG BRANCH, Manuscripta Orientalian, enternational Journal for oriental studies, Vol 5 No 1,March 1999,p27

(22) COLONEL SIR JOHN MALCOLM: THE HISTORY OF PERSIA,FROM THE MOST EARLY PERIOD тo THE PRESENT TIME: CONTAINING AN ACCOUNT OF THE Religion, Government, Usages, and Character OF THE INILABITANTS OF THAT KINGDOM, VOL. II, PRINTED FOR JOHN MURRAY, ALBEMARLE STREET, LONDON,1815,P 207 – 208.

(23) پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٣٥ - ٢٣٦.

(24) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 13.

(25) K. K. КУРДОЕВ Курдоведение, АЗИАТСКИЙ МУЗЕЙ ЛЕНИНГРАДСКОЕ ОТДЕЛЕНИЕ ИНСТИТУТА ВОСТОКОВЕДЕНИЯ АН СССР, МОСКВА, 1972,с 385 ؛M.Wo1кow: Notice sur l’ouvrage persan intitule Scheref Name accompagnee de quelques renseignements sur son auteur,— JA, 1826, t. 8,c. 291—298.

(26) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 13 – 14 ؛ K. K. КУРДОЕВ: Курдоведение , с 385 ؛ Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ НАМЕ КОНЕЦ XVI,с 134.

(27) اسعد ڕشیدی: م.پ ؛ پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٣٦.

(28) K. K. КУРДОЕВ: Курдоведение, с 385.

دەستنووسەی شەرەفنامە (شەرەفخان) خۆی پێداچونەوەی بۆکردووە. بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەم دەستنووسە لیژنەیەک لە (خ.د.فرین ١٧٨٢ - ١٨٥١، ف.ب.شارمواى ١٧٩٣ - ١٨٦٩، میرزا جعفر تۆپچی باشیێڤ) پێکهێنرا و سەرجەمیان کۆدەنگبوون لەسەر بەهاداری دەستنووسەکە.[29]

پاش ئەوەی (خ.د.فرین) لە (١٨٣٩ز) بانگهێشتی ڕۆژهەڵاتناسانی کرد بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کارەکەی (شەرەفخانی بەدلیسی) و وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی تاست بەرز نرخاندی، [30] دواتر (خ.د.فرین) جەختی لەسەر پێویستی وەرگێڕانی شەرەفنامە و چاپکردنی دەستنووسەکە کرد.[31] دەستبەجێ (ف.ب.شارمواى) کەوتە پشکنین و لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکە و کەڵکەڵەی وەرگێڕانی کەوتە سەری، هەرچەندە ئەو لە دواى ساڵی (١٨٣٥ز) تا کۆتایی ژیانی لە فەرەنسا مایەوە، بەڵام لە کارکردنی بۆ وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی فەرەنسی بەردەوام بووە، سەرەڕای ئەوەی کە نەخۆشی برستی لێبڕیبوو.[32] شارمواى بێدەنگانە بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی، هەواڵ و زانیاری دەربارەی کارەکەی جگە لە وتارێکی شوێنەوارناس و دراوناسی ڕووسیا (پ.س.ساڤێلیێڤ ١٨١٤ - ١٨٥٩ز) بە ناونیشانی (ژیان و کارەکانی (ف.ف.شارمواى) لە ساڵی (١٨٤٣ز) و نامەیەکی خۆی بۆ (خ.د.فرێن) لە (١٨٤٥ز) کە تیایدا ئاماژە بە بەردەوامی و درێژخایاندنی وەرگێڕانی شەرەفنامە کراوە، زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی کارەکەی دەرنەکەوت[33]

لە ڕووسیا هەوڵەکان بۆ چاپکردنی شەرەفنامە درێژەی هەبوو، بڵاوبوونەوەی وتارێکی (ئیدوارد کۆنێک ١٨١٤ - ١٨٩٩ز) لە (١٨٥٢ز) جارێکی دیکە بایەخی چاپکردنی دەستنووسەکەی هێنایەوە بەرباس. (کۆنیک) وای دەبینی کە چاپکردنی دەستنووسەکە بەدەمەوەهاتێکی دەستبەجێی پێداویستییە ئەکادیمییەکانە و ئاماژەی بەوە کردوە کە دەشێت کوردەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئاسووری و میدییەکانەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی مێژووی خێڵە کوردییەکان لە شەرەفنامە دیاریکراوە و خراوەتەڕوو، هەندێک کەرەستەمان بۆ لێکۆڵینەوە و گرنگیدان بە مێژووی ئاسیای بچووک و ئاسووری و میدییەکان دەداتێ. [34] هەر لە هەمان ساڵدا لە لایەن ئەکادیمی و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (ب. ئا. دۆرن ١٨٠٥ - ١٨٨١ز) گرنگی و بەهای کارەکەی (شەرەفخان) خرایە ڕوو، لە نرخاندنی شەرەفنامەدا دەڵێت: "بەنرخی ئەم کتێبە وێنا ناکرێت، لەبەر ئەوەی هێندە بە قووڵی و دووروودرێژی مێژووی گەلێک دەخاتە ڕوو کە دانەرانی تر هیچ وردەکارییەکیان بۆ جێنەهێشتووین، بەم پێیە بۆشاییەکی گەورە لەناو نامەخانەی ئاسیا پڕدەکاتەوە، ڕێکەوتی (١٠٠٧ی کۆچی) تۆمارکراو لەسەر دەستنووکە، بەنرخی دەستنووسەکەمان بۆ زۆرتر دەکات و ڕاستییەتی دەسەلمێنێت". [35]

بایەخی کارەکەی (شەرەفخانی بەدلیسی) وایکردبوو کە (ژابا) پێشنیاری وەرگێڕانی بۆ ( مەلا مەحموودی بایەزیدی) بکات، ئەویش ساڵی (١٨٥٨ - ١٨٥٩) شەرەفنامەی لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی) وەرگێڕا. مەلا مەحموود لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کتێبەی شەرەفخان زۆر دەگمەنە، لە کوردستاندا تەنها دوو بۆ سێ دەستنووسی تەواوی هەیە.[36] ڕووداوی دیار لە مێژووی بایەخدان بە دەستنووسی شەرەفنامە لە ڕووسیا، چاپکردنی دەستنووسەکە بوو، لە لایەن (زێرینۆڤ ١٨٣٠ - ١٩٠٤ز) بەرگی یەکەمی تێکستە فارسیەکە لەگەڵ پێشەکییەکی (٢١) لاپەڕەیی لە ساڵی (١٨٦٠)

(29) Chèref-ou'ddine, (Sharaf Prince de Bidlîs, dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, première partie (St.-Pétersbourg, 1868, p 4-5.

(30) E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA, p27.

(31) ڤاسیلیڤا: پێشەکی چاپە ڕووسییەکەی شەرەفنامە، ل ٢٩٣.

(32) E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA,p27

(33) ي. ي. فاسيليفا: شرفخان بدليسي العصر و الحياه و الخلود، ترجمة د.عبدي حاجي، الطبعة الآولى، مؤسسة موكريانى للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠١١، ص ٩١.

(34) E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA,p27

(35) یێڤگێنیا ڤاسیلیڤا: شەرەفخانی بەدلیسی (سەردەم، ژیان، نەمری)، و. د.ئارام عەلی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٠٩-١١٠.

(36) Мусаэлян Ж.С. : Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык // Письменные памятники Востока, 1(1), 2004, С. 98.

بڵاوکرایەوە. پاش دووساڵ بەرگی دووەمی کارەکەی لەگەڵ پێشەکییەکی (٧ )لاپەڕەیی بڵاوکردەوە. ئەم کارە هێندە ناوبانگی بەرزکردەوە کە بوو بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا.[37] چاپ و بڵاوکردنەوەی شەرەفنامە بەرهەمی (سێ) ساڵ کارکردنی (زێرینۆڤ) بوو بە پشت بەستنی بە چوار دەستنووسی جیاوازی شەرەفنامە کارەکەی ئەنجام دا.[38] (زێرینۆڤ) ئاماژە بەوە دەکات کە چاپکردنی شەرەفنامە بۆ زانینی مێژوویی دەربارەی کورد زۆر پێویست بووە، بۆیە بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدات.[39] بەرگی یەکەمی کارەکەی تایبەت بووە بە مێژووی فەرمانڕەوایەتییە کوردیەکان، بەرگی دووەمی تۆمارکردن و نووسینەوەیەکی مێژوویی ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی سیازدە تا سەدەی شازدەیەمە.[40] بۆ چاپکردنی شەرەفنامە، (زێرینۆڤ) سودی لەم دەستنووسانە وەرگرتووە:

١.دەستنووسی (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی ساڵتیکۆف - شیدرین) کە ڕێکەوتی ساڵی (١٠٠٧)ی کۆچی لەسەرە.

٢.دەستنووسی ڕۆژهەڵاتناس (ن.ڤ.خانیکۆف) کە ساڵی (١٨٥٤ز) کونسوڵی ڕووسیا بووە لە ئێران، وێنەیەکی (نوسخەیەکی) شەرەفنامەی لە (دیلمەکان - نزیک سەلماس) کڕیووە، دوو دەستنووسی دیکەی شەرەفنامەی لە کتێبخانەی تایبەتی (یەحیا خان فەرمانڕەوای ئازەربایجان) وەرگرتووە، خانیکۆڤ بەراوردی هەرسێ دەستنووسەکەی کردووە و تەوەی خۆی لەبەر دوو دەستنووسەکەی تر چاککردووە.[41] دەستنووسەکەی خانیکۆف ڕێکەوتی (١٢٥٢ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٣٧)ی زایینی) لەسەر تۆمارکراوە.[42] کەسێک بە ناوی (مەحموود ڕەزای کوڕی سابیر کەربەلایی) بە فەرمانی ڕەوشەن تەفەندی فەرمانڕەوای دیلمەکان لەبەر ئەو دەستنووسەی شەرەفنامە نووسیویەتییەوە کە ڕێکەوتی ساڵی (١٠٠٧)ی کۆچی لەسەرە.[43]

٣.دەستنووسی ژمارە (٧٥٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی لە پیترۆگراد(سانت پترسبۆرگ)، ئەم دەستنووسە (٦٠٥) پەڕەیە و خەتەکەی ناخۆشە بەڵام بە باشی دەخوێنرێتەوە، نە ڕێکەوتی نووسینەوەی نە ناوی نووسەری دەستنووسەکەی لەسەر تۆمار نەکراوە بە دیاری بە مسیۆ ڕۆسۆ بەخشراوە.

٤.دەستنووسی ژمارە(٥٧٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی کە لە لایەن (بارۆن بۆد) لە ئێرانەوە هێنراوە و تەنها (١٠٠) لاپەڕەیە و بە (کە ایوان کیوان با وجود علومکان) دەستپێدەکات و بە (سبحان بەگ و سلتان احمد بەگ) کۆتایی دێت، هیچ ڕێکەوتێک لەسەر دەستنووسەکە تۆمار نەکراوە و بەندێکی نوێ تایبەت بە مێژووی ئەردەڵان بۆ دەستنووسەکە زیاد کراوە..[44]

بەڕای (زێرینۆڤ) لەم چوار دەستنووسە تەنها دوو دەستنووسیان تەواون، ئەوانیش (دەستنووسەکەی خانیکۆف و دەستنووسی ژمارە (٥٧٦))ن، بەڵام ئەمانیش بە پێی پێشەکییەکەی شەرەفنامە بێت، هەردووکیان یەکی چوار بەندیان سەبارەت بە (زەرزا، ئەستونی، داسنی(ئێزدی)، ئەرزا) کەمە. وەک(زێرینۆڤ) بۆی چووە زۆرتر بیروبۆچون لەسەر ئەوەیە کە "دانەری

---

(37) Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ - НАМЕ КОНЕЦ XVI,c 136.

(38) ی. ی. ڤاسیلیڤا: شرفخان بدلیسي العصر و الحیاە و الخلود، ص ٩٣.

(39) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 15.

(40) ڤاسیلیڤا: پێشەکی چاپە ڕووسییەکەی شەرەفنامە ، ل ٢٩٣.

(41) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, Op. Cit, P 16 – 17.

(42) Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ - НАМЕ КОНЕЦ XVI,c 135.

(43) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 16 – 17.

(44) Ibid., P 18 - 19.

شەرەفنامە خۆی باسی ئەو بەندانەی نەکردبێت، ئیتر یان هیچی لەبارەوە نەزانیون، یان کات ڕێگەی نەداوە تەواویان بکات و ناوەکانی نووسیوون بۆ ئەوەی لە هەلێکی تردا بگەڕێنەوە سەریان".[45]

لە دوای چاپکردنی کارەکەی (زێرینۆڤ) ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (شارل دیفرێمەری ١٨٢٢-١٨٨٣ز) وتارێکی لە (١٨٦٠ز) وەک هەڵسەنگاندنی کارەکە بڵاوکردەوە. وێڕای سەرسامبوونی بە کارەکە و نرخاندنی هەوڵەکانی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بۆ چاپکردنی شەرەفنامە، سەبارەت بە کاری چاپکردنی تێکستەکە لە هەڵسەنگاندنەکەیدا سەرنجی زۆرتری لەسەر هەڵبژاردنی دەستنووسەکە بووە، کە بە باوەڕی ئەو هەڵبژاردنی دەستنووسەکە گرنگی کارەکەی زۆرتر کردووە و بایەخی زۆرتری لەوەدایە کە دووساڵ پاش تەواوکردنی شەرەفنامە نووسراوەتەوە. پاش بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە، (زێرینۆڤ) کاری لەسەر وەرگێڕانی تێکستی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی فەرەنسی دەکرد، دوای ساڵێک بەشێکی گەورەی کارەکەی تەواو کرد، هەروەها بەشی مێژوو و فیلۆلۆژی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (١٨٦١/٥/٣ز) و لە کۆنووسی کۆبوونەوەکەش ئەوەیان ئاشکرا کرد کە کاری وەرگێڕانی تێکستی(شەرەفنامە) بۆ سەر زمانی فەرەنسی بەم نزیکانە تەواو دەبێت، نامەیەکیشیان بۆ (زێرینۆڤ) نارد کە تیایدا هەندێک زانیارییان لە نامەیەکی (ف.ب.شارموای) بۆ ناردبوو، (ف.ب. شارموای) لەو نامەیەدا ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە چاپکردنی شەرەفنامە بۆ ئەو کارێکی چاوەڕوانەکراو بووە، ئەو ئامانجی ئەوەبووە کە شانازی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکەی شەرەفنامە بۆ ئەو بێت، ئەوەشی تایبەتە بە کاری بڵاوکردنەوەی تێکستە فارسییەکەی (شەرەفنامە) (زێرینۆڤ) ئامارەی بەوە کردبوو کە پاش دڵنیابوونی لەوەی کە (ف.ب.شارموای) وازی لە وەرگێڕانی (شەرەفنامە) هێناوە، ئینجا ئەو تێکستەکەی بڵاوکردۆتەوە.[46]

هەرچەندە (ف.ب. شارموای) بە ئامۆژگاری (خ.د. فرێن) هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی بە وەرگێڕانی شەرەفنامەکرد.بەڵام ئەوەی کە جێگەی گومان نییە لە دوای بڵاوکردنەوەی تێکستە فارسییەکەی (شەرەفنامە) لە وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی دەستوبردی کردووە، تەنانەت لە وەرگێڕانەکەدا سوودی لە چاپەکەی (زێرینۆڤ) و دەستنووسەکەی خانیکۆف و دەستنووسی ژمارە(٥٧٦)ی مۆزەخانەی ئاسیایی وەرگرتووە و تێکستە فارسییەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم وەرگێڕانەکەوە هەیە.[47]

پاش ئەوەی(شارموای) کاری وەرگێڕانەکەی تەواوکرد و دەیویست بڵاویبکاتەوە، ئەمەش نیگەرانی بۆ (زێرینۆڤ) دروستکردووە و لەم بارەیەوە ئامارەی بەوە کردووە، کە ئەو نایەوێت بە فیڕۆچوونی کارکردنی چەندین ساڵی (شارموای) ببینێت، ئامادەی ئەوە بووە وەرگێڕانەکەی خۆی بکات بە قوربانی، ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە هەرگیز خواستی ئەوەی نەبووە کە ئەگەرە بخاتە بەردەم پڕۆژەکەی ئەو. تەنانەت پێشنیاری ئەوەشی کردووە ئەگەر ئەکادیمیای زانستەکان پێشنیاری (شارموای) پەسەند دەکات و وەرگێڕانەکەی ئەو لە بری ئەوەی (زێرینۆڤ) چاپ دەکات، بۆ (زێرینۆڤ) ئەمە وەک ئەوە دەبێت کە ئەو ئەرکەکەی بەجێگەیاندبێت. (زێرینۆڤ) یارمەتیدەرێکی باشی چاپکردنی کارەکەی (شارموای)بوو، پاش ئاڵوگۆڕی چەند نامەیەک و پێشنیارێک، دەستنووسە وەرگێڕدراوەکە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ڕووسیا لە فەرەنسا و فەرمانگەی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە (١٨٦٤ز) ڕادەستی ئەکادیمیای زانستەکان کرا، لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی لە هەریەک لە (ب.ا.دۆرن، م.ئی.برۆسێ،

---

(45) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS: SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V. VLIAMINOF-ZERNOF, P 19 - 21

(46). E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA,P28.

(47) Chèref-ou'ddine, (Sharaf Prince de Bidlîs, dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Source précédente, p6 ؛Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ - НАМЕ КОНЕЦ XVI,c 136.

زتریتۆڤ) پێکهێترا. پاش هەڵسەنگاندنی کارەکە، دەستنووسەکە دوای چوار ساڵ نێردرا بۆ چاپخانە.[48] چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی(شارموای) بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی شەرەفنامە لە (١٨٦٨ز) چاپکرا.[49]

چاپکردنی بەشی دووەمی هەمان بەرگ گرفتی بۆ دروست بوو، ئەکادیمیای زانستەکان لیژنەی هەڵسەنگێنەری دەستنووسەکەی ڕاسپارد بۆ چارەسەرکردنی، لیژنەکە لە (١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٩) پێشنیاریان کرد کە ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆی کازان پرۆفیسۆر (جۆزیف گۆتفاڵد) سەرپەرشتی چاپکردنی بەشەکانی تری کارەکەی (شارموای) بکات و پێشنیاری لیژنەکە لە لایەن ئەکادیمیاکە پەسەند کرا. (جۆزیف گۆتفاڵد) لە ماوەی (٦) شەش ساڵدا توانی کاری ڕاستکردنەوە و هەڵەچنی و ئامادەکاری بۆ چاپکردنی بەرهەمەکە تەواو بکات[50] بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی وەرگێڕانەکە لە (١٨٧٠ز) چاپکرا و و بەشی یەکەم لە بەرگی دووەم لە (١٨٧٣ز) بڵاوکرایەوە، بەشی دوومی بەرگی دووەم لە (١٨٧٥ز) بڵاوکرایەوە[51] ، هەر بەرگێکی کارەکەی (شارموای) لە دووبەش پێکهاتووە و پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە.[52]

شەرەفنامە لە مێژووی گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیای تزاری و یەکێتیی سۆڤیەتدا ڕۆڵێکی بنچینەیی و دیاری هەیە، لە ڕێگەی ئەم نووسراوە بەنرخەی مێژووی کوردەوە کوردناسانی ڕووسیا پەییان بەوە برد کوردەکان بەدەرن لەو تۆمەتانەی کە ئەورووپییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی، کە وا وێنای کورد کرابوو نەتەوەیەکن ئەدەبیاتی نووسراوییان نییە، کولتوورێکی ئاست نزمییان هەیە و ڕۆشنبیرییان لە ئاستی نەتەوەکانی دراوسێییان نییە و دواکەوتوون. دەرکەوتنی شەرەفنامە لە ناو ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیادا، دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە و بناغەدانانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کورد. بایەخی شەرەفنامە هەر لەسەردەمی ڕووسیای تزاری سەدەی نۆزدەیەم تەواو نەبووە، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتیش کوردناسانی سۆڤییەت بایەخیان بە شەرەفنامە داوە و لە هەوڵی وەرگێڕانیدا بوون بۆ سەر زمانی ڕووسی، لە سییەکانی سەدەی بیستەم ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی (ف. ب. ڕۆستۆپچین) لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، بەڵام مەرگ بواری نەدا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێت.[53] بایەخپێدانی شەرەفنامە لە لایەن زانایانی سۆڤیەتییەوە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم گەشتە ئەوپەڕی، (مەمێد شەمسی)بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر شەرەفنامە بە ناونیشانی (شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی وەک سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد) بەدەستهێنا.[54] پێویستی وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی ڕووسی، جارێکی تر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم هاتەوە بەرباس، لە لایەن ڕێبەرانی بەشی (کوردناسی) لە لینینگراد (یو.ئا. تۆربیلی ١٨٧٧ - ١٩٦١، ڤ. ک. کوردۆیڤ ١٩٠٩ - ١٩٨٥) دەستپێشخەری ئەم کارەبوون و پشتیوانی (ی. ئی.ڤاسیلیڤا) بوون لە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی، سەرئەنجام لە (١٩٦٧ز) بەرگی یەکەمی وەرگێڕانە ڕووسیەکەی شەرەفنامە

---

(48) E.I. Vasilyeva: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA, P28.

(49)Chèref-ou'ddine, (Sharaf Prince de Bidlîs, dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, première partie, St.-Pétersbourg, 1868.

(50) ی. ی. ڤاسیلیڤا: شرفخان بدلیسی العصر و الحیاە و الخلود، ص ٩٨.

(51) Chèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1870).dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commen tés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, seconde partie,St.-Pétersbourg.؛Chèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1873).dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bern ard Charmoy, Tome II, première partie.,St.-Pétersbourg.PChèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs.(1875). dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés: Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome II, seconde partie,St.-Pétersbourg.

(52) یێڤگێنیا ڤاسیلێڤا: شەرەفخانی بەدلیسی (سەردەم، ژیان، نەمری)، ل ١١٧.

(53) Фирдаус Галимовна Калимуллина: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ НАМЕ КОНЕЦ XVI,c 138 ؛ ڤاسیلێڤا: پێشەکی چاپە ڕووسییەکەی شەرەفنامە، ل ٣٠٣

(54) د.کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد، بەرگی یەکەم، ل٢٦.

بڵاوکرایەوە و بەرگی دووەم لە (١٩٧٦ز) بڵاوکرایەوە.[55] کارێکی دیکەی کوردناسانی سۆڤیەت سەبارەت بە شەرەفنامە چاپکردنی وەرگێڕانە کوردییەکەی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) بوو لە لایەن (ق.ک.کوردۆیێڤ، ژ.س.موسائیلیان) بە ناونیشانی (تەواریخی قەدیمی کوردستان) لە ساڵی (١٩٨٦) پاش نووسینی پەراوێز و ڕوونکردنەوە و پێشەکییەک بڵاویان کردەوە.[56]

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی ئەلێکساندەر دێمیتێڤیچ ژابا و مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان

ئەلیکساندەر ژابا * یەکێکە لە ناوە دیارەکانی نێو ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ڕووسیا، تا ئێستاش کارەکانی سەنگ و بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە، ئا.ژابا لە (١٥ی ئابی ١٨٠١ز) لە ڤیلنۆ لەدایک بووە، لە ئایاری (١٨٣٤ز) بە سەرکەوتوویی زانکۆی (ڤیلنۆ) تەواو دەکات. [57] پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ بە پلەی یاریدەدەی وەرگێڕ لە وەزارەتی دەرەوە لە پیترۆگراد دەست بەکاردەبێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە کاری تێدا دەکرد خواستەکانی (ژابا)ی بەدینەدەهێنا، هەربۆیە لە (نیسانی ١٨٣٥ز) داوادەکات لەسەر ئەو کارە لایبەرن، دواتر لەگەڵ پێنج خوێندکاری دیکە لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە وەردەگیرێن، ئەم بەشە ئامانجی پێگەیاندنی کادیرانی دبلۆماسی بوو بۆ کارکردنیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات. لێرەوە هەست بە بەهرەی ئاناسایی (ژابا) لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کرا، لە (١٨٣٨ز) بە پلەی وەرگێڕ لە دەستەی دەوڵەتی سەر بە وەزارەتەکە دادەمەزرێت، لە (١٨٣٠ز) دەبێتە وەرگێڕ لای یاریدەدەری کونسوڵ لە (یافا)، دوو ساڵ دواتر دەکرێتە وەرگێڕی کونسوڵ لە (سالۆنیک)، لە ئۆکتۆبەری (١٨٣٥ز) دەگوێزرێتەوە بۆ سمیرنا (ئەزمیر)، پاش سێ ساڵ نازناوی وەرگێڕی یەکەمی پێدەدرێت. بارودۆخی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا، بوونی کاربەدەستێکی ڕووسیایان لە شاری (سمیرنا) کردبووە کارێکی پێویست، لە (١٨٤٨ز) بەدواوە

---

(55) Бидлиси. Шараф-хан ибн ШамсаддинШараф-наме. Перевод, предисловие, примечания и приложения Е.И.Васильевой. Т. I. М..(1967).؛Бидлиси. Шараф-хан ибн ШамсаддинШараф-наме. Перевод, предисловие,примечания и приложения Е.И.Васильевой. Т. II. М..(1976).

(56) Мела Махмуд Байазиди: Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана) , Настоящая книга издание факсимиле уникальной рукописи перевода на курдский язык (диалект курманджи) труда курдского историка Шараф-хана Битлси (Шараф-наме), Том I, ИЗДАНИЕ ТЕКСТА, ПРЕДИСЛОВИЕ, УКАЗАТЕЛИ и ОГЛАВЛЕНИЕ К.К.КУРДОЕВА ИЖ.С. МУСАЭЛян, Москва,1986.

* بەهۆی کارە هەمەلایەنەی (ئەلێکساندەر ژابا) بە چەند ناوێکی جیاواز لە سەرچاوەکاندا ناوی هاتووە، لە سەرچاوە پۆلۆنییەکان بە (Kosciezsa Zaba) و لە سەرچاوە فەرەنسی و ئەڵمانییەکاندا بە (August Jaba)، لەسەر بەرگی (جامع یي ڕسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی) بە (اسکندر ژابا) ناوی هاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Murat Çelik: Adat û Risumatnameê Tewayifê Ekradiye, Mela Mehmûdê Bazîdî: Metn û Lêkolîn. Têzî Master, Zankoya Mardîn Artuklu,2015, wr 29.

(57) م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ئامادەکردنی دەستنووس بۆ چاپ و پێداچوونەوە و پێشەکی و سەرنج. ژ.س.موسائیلیان، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. ئەنوەر قادر محمد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٣٥.

وەک کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم کاری کردووە.[58] بەهۆی ڕوودانی جەنگی (قرم) لە ساڵی (١٨٥٣ز) کونسوڵخانەی ڕووسیا دادەخرێت، بەڵام لە ساڵی (١٨٥٦ز) دەکرێتەوە و (ژابا) وەک کونسوڵ دەگەڕێتەوە بۆ شارەکە، لەو ساڵانی (١٨٥٣ - ١٨٥٦ز) بەشداری جەنگەکەی کردووە و بە فەرمانی وەزارەتی دەرەوە دەستنیشانکراوە بۆ کارکردن لەگەڵ ژەنەڕاڵ (لیوتینانت بیبوتوف).[59]

دەربارەی ژیانی مەلا مەحموود (١٧٩٩ - ١٨٦٧ز) زانیاری کەمە، ئەوەی هەیە لەسەر بنەمای نامەکانی (ژابا)ن.[60] بە پێی زانیارییە تۆمارکراوەکانی (ژابا)، مەلا مەحموودی بایەزیدی لە (١٧٩٩ز) لە بایەزید لە دایک بووە، لە منداڵییەوە لە شارەکەی خۆی دەستیکردووە بە خوێندن، پاشان لە (تەبریز) فێری زمانی فارسی بووە و لە خوێندن بەردەوام بووە. خوێندنی ئایینی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئەدەبیات و مێژوو و لاهووت و فەلسەفەی خوێندووە. پاش تەواوکردنی خوێندن، مەلا مەحموود گەڕایەوە بۆ بایەزید و وەک سەرپەرشتیاری خوێندنگەیەکی ئایینی لە شارەکە دەستبەکاربووە و ناوبانگی لە نێو خەڵکیدا بڵاو بۆتەوە. کاتێک بەهلول پاشای دوایین میری کوردانی بایەزید، لە دەسەڵات دەخرێت. مەلا مەحموود، بایەزید جێدەهێڵێت و دەچێتە ئەرزڕۆم و لەو شارە نیشتەجێ دەبێت.[61]

سەرەڕای کارکردنی وەک مامۆستا و بوونی پێگەیەکی بەرچاو لە ناو خەڵکیدا، مەلا مەحموود لەسەر ئاستی دەسەڵاتیش خاوەن پێگە و ڕێزلێگیراو بووە. لەکاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (بەدرخان پاشا میری بۆتان)، مەلا مەحموود وەک نوێنەر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستنیشان کراوە،[62] موشیر (حافز پاشا) لە ساڵی (١٨٤٦ز) ئەرکی گفتوگۆکردن لەگەڵ (بەدرخان پاشا)دا، بە مەلا مەحموود سپارد. ساڵێک پاشتر لە لایەن (کامل پاشا) والی ئەرزڕۆم بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەکەی (نورەڵا بەگ)، مەلا مەحموود بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ (نورەڵابەگی هەکاری) ڕاسپێردرا.[63] بەپێی زانیارییەکانی (ژابا)، ڕێنمایی ئەوە بە (مەلا مەحموود) درابوو کە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ (خان مەحموود) کاتێک هاتبووە ئەرزڕۆم بنیاد بنێت، چونکە یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکان لە (بەردخان پاشا)وە. هەروەها زانیاری ئەوەش هەیە کە پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان (مەلا مەحموود و ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە) هەبووە. مەلا مەحموود لە هەوڵەکانیدا

---

(58) Ж.С.Мусаэлян: А.Д. Жаба и курдоведение. — ПП и ПИКНВ. XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения),1989 Часть Ш, Издательство "Наука", Москва, 1991, с 83.

(59) د.فەرهاد پیرباڵ: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل٣٧؛ Ж.С.Мусаэлян: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, с 83.

(60) م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٣٥؛ Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism Op. Cit, P 443.

(61) Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА(доклады и сообщения по проблемам курдоведения), АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, Часть Ш, 1989, сс 33 ؛М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ, оп,с 3؛ К.К.КУРДОЕВА & ИЖ.С. МУСАЭЛян: Во введении к книге(Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана), с 8-9 ؛ Abdurrahim ÖZMEN: Op. Cit, p76؛ Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism, P 444.

(62) Мусаэлян Ж.С. : Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык ,с 99؛ Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism, P 444.

(63) К.К.КУРДОЕВА & ИЖ.С. МУСАЭЛян: Во введении к книге(Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана), с 9؛ Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, с 33؛ Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism, P 444.

لە بواری پەیوەندی دیلۆماسی و ئەرکە ڕاسپێردراوەکانی بۆ گفتوگۆکردن، ئامانجی ئەوەی هەبووە کە ئاکامی کارەکانی تەنها لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی نەبێت و بەرژەوەندی کورد و ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی بە هەند وەرگرتووە.[64]

وەک بەڵگەی کارایی ڕۆڵی (مەلا مەحمود) لە گفتوگۆکردن لەگەڵ (بەدرخان پاشا)دا، لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە(١٣)ی ساڵی (١٨٩٨) ئاماژە بە ناردنی مەلا مەحموود بۆ لای بەدرخان پاشا کراوە و نووسراوە: "سوڵتان لە ئەستەنبوڵەوە مەلا ئەفەندی بۆ جەزیرە ناردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەدرخان بەگ و کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەکە".[65] کاتێک (مەلا مەحموود) دەگاتە جەزیرە ئەوە بە (عوسمان پاشا)ی کۆمانداری لەشکری عوسمانی ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەچێتە لای (بەدرخان پاشا) بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات و کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێت، تا ئەو بە وەڵامی (بەدرخان پاشا)ەوە نەگەڕێتەوە هێرش نەکات و فەرمانی (ڕەشید پاشای سەدری ئەعزەم)ی نیشانی کۆماندارەکە دا. بەڵام (عوسمان پاشا) ئامانجی ئەوەی هەبوو کە سەرکەوتن بەسەر (بەدرخان پاشا) بەدەستبهێنێت، کە دەبووە دەستکەوتێکی مەزن بۆ ئەو.[66] لە سەرەتادا ڕێگەی بە (مەلا مەحموود) نەدا بچێتە لای (بەدرخان پاشا) و گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بە بێ ئەوەی چاوەڕێی گفتوگۆکە و هەڵوێستی (بەدرخان پاشا)بکات هێرشەکەی دەستپێکرد.[67] بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توندی ڕاپەڕینەکە بۆوە، بڕیاری دا بە نهێنی(مەلا مەحموود) بنێرێتە لای (بەدرخان پاشا). وەڵامی (بەدرخان پاشا) ڕەتکردنەوەی پەیوەندی بەستن و تێدانەکردنی هێرشەکەی سەر جەزیرە بوو، عوسمان پاشا وەک پەرچەکردارێک بڕیاری دەستگیرکردنی (مەلا مەحموود)ی دەرکرد و لەگەڵ چەند پاسەوانێک بۆ ئەستەمبوڵی نارد و لە نامەیەکیشدا بۆ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی عوسمانی نووسیبوو: "ئەم پیاوە هاوپەیمانی بەدرخان بەگە و خیانەتکارە بەرامبەر بە دەوڵەت" سەرئەنجام (مەلا مەحموود) بۆ (وان) دورخرایەوە.[68]

بە پێی زانیارییەکانی (ژابا)، لەو کاتەی (مەلا مەحموود) لە (وان) بووە، ڕاپەڕینی (خان مەحموود) لە خەواج سەری هەڵداوە کە دە کاتژمێرێک لە (وان)ەوە دوور بووە. هەرچەندە عوسمانییەکان شوێنی مانەوەی (مەلا مەحموود)یان لە (وان) دابینکردبوو، بەڵام گومانیان لە بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینەکەی (خان مەحموود) لێکردووە و دەستگیری دەکەن. پاش ماوەیەک بە بێ سزا ئازاد دەکرێت، بەڵام متمانەی کاربەدەستانی لەدەستداوە و سەرەتای ڕۆژانێکی دژوار بۆ (مەلا مەحموود) دەرکەوت.[69] بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی قرم (١٨٥٣ - ١٨٥٦ز) مەلا مەحموود برایەکی لەدەستداوە، کە زۆر پشتیوان و پشتگیری بووە و شکستی عوسمانییەکان کاروباری بازرگانی کوڕەکانی دووچاری نەهامەتی کردوە، سەختی ژیان وا لە مەلا مەحموود دەکات بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەرزڕۆم بدات.[70] لە (١٨٥٦) دەگەڕێتەوە بۆ ئەرزڕۆم و (ژابا) دەناسێت و دۆستایەتییان دروست دەبێت.[71]

لەم کاتەدا لەسەر داوای (ب.ئا.دۆرن)، لە لایەن بەشی مێژوو و فیلۆلۆژی ئەکادیمیای زانستەکان داوا لە (ژابا) کرا تا هەژموون و دەسەڵاتی خۆی وەک کونسوڵ بەکار بهێنێت بۆکۆکردنەوەی کەرەستەی شێوەزاری کرمانجی و تێکست و

---

(64) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бид лиси на курдский язык, с 99.

(65) ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣١٥ی کۆچی (١٨٩٨ز)، ژمارە ١٣، ل٣.

(66) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бид лиси на курдский язык, с 99.

(67) К.К.КУРДОЕВА И Ж.С. МУСАЭЛян: Во введении к книге(Таварих-и кадим-и Курди ста н (Древняя история Курдистана), с 9

(68) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 99

(69) К.К.КУРДОЕВА И Ж.С. МУСАЭЛян: Во введении к книге(Таварих-и кадим-и Курдистан (Древняя история Курдистана), с 10.

(70) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 100.

(71) Michiel Leezenberg: Between Islamic Learning and Philological Nationalism, Previous source, PP 450 - 471 ؛ Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, с33؛ Abdurrahim ÖZMEN: Op. Cit, p76

دەستنووسی کوردی، بە ئامانجی ناسین و زمان و ئەدەبیاتی کورد و خێڵەکوردییەکان، داوای تەوەشیان لێکرد کە چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەنجام بدات.[72] بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە سەرەتای سالی (١٨٥٦ز) و سالانی دواتر، (ژابا) کۆمەڵێک مەلا و فەقێ و میرزا لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، مەلا مەحموودی بایەزیدی لە دیارترینی ئەو کەسانە بووە کە هاوکاری کردووە. لە (١٨٥٦ز) بەدواوە دەبێتە هاوکار و یارمەتیدەری (ژابا) لە کۆکردنەوەی دەستنووس و کەرەستەی لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و نووسەرەوە و دانەری چەندین کاری دیکە.[73] هەرچەندە (ژابا) شارەزاییەکی باشی لە چەندین زماندا هەبووە و زمانەکانی (پۆلۆنی، ڕووسی، تورکی، فەرەنسی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی)ی زانیوە[74] بە مەبەستی زیاتر شارەزابوونی لە کولتووور و مێژوو و ئەدەبیاتی کورد لە لایەن (ب.ئا.دۆرن) داوای تەوەی لێدەکرێت کە هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی بدات.[75] لە فێربوونی زمانی کوردیدا، مەلا مەحموودی بایەزیدی یارمەتییەکی زۆری دەدات.[76] و وەک مامۆستای فێربوونی زمانی کوردی (ژابا) بووە.[77]

تەنانەت لە دەسپێکی دەستنووسی (رسالە تحفە الخلان فی زمانێ کردان) مەلا مەحموود ئاماژە بە دۆستایەتی نێوانیان و ویستی (ژابا) بۆ فێربوونی زمانی کوردی دەکات و دەڵێت: "مە دگەل کونسولی دەولەتا فەخیما ڕووسییە کو ساکینە ل ئەرزەرۆمێ میر ژابا، ژ مێژ دۆستی و ناسی هەبوو و تەوی ژی قەوی زێدە مەیلا زانینا زمانێ کورمانجان دکر."[78] سەبارەت بە زانینی زمانی کوردی لە نامەیەکیدا لە (١٥ی مارتی ١٨٥٧ز) (ژابا) بۆ (ب.ئا.دۆرن) دەنووسێت: "من بەڕادەیەک زمانی کوردیم خوێندووە و فێری بووم، کە بتوانم خۆم خەریکی وەرگێڕان و کارکردن بکەم".[79]

مەلا مەحموودیش لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی) هێندە شارەزا و بەتوانا بووە، لە نێو نووسەرو خوێندەوارانی ئەرزڕۆمدا ڕوو لەو دەکرا بۆ نووسین بە زمانی فارسی و وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ زمانەکانی تر. یەکەمینی ئەو کەسانە بووە، کە بەرهەمە فارسییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی و تورکی وەرگێڕاوە. لە ڕەوانبێژی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبیدا، شارەزاییەکی باشی هەبووە. ئەو لە سەردەمێکدا بە زمانی کوردی دەستی کردووە بە نووسین، کە نووسەران و خوێندەوارانی کورد بە زمانەکانی دیکە دەیاننووسی.[80]

مانەوەی چەندین سالی (ژابا) لە کوردستان، دەرفەتی ئەوەی پێدا کە لێکۆڵینەوەی وردودرشت لەسەر زمان و کولتورر و ئەدەبیاتی کوردی ئەنجام بدات، زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ توێژینەوەی کەرەستەی زمان و ئەدەبیات و کولتووری کورد تەرخانکرد و تا کۆتایی ژیانی لەسەر تەم کارانەی بەردەوام بووە. لەگەڵ ناوی (ژابا) هەمیشە ناوی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) دەبرێت،

---

(72) Abdurrahim ÖZMEN: Jaba, Bazidî, and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century, International Journal of Kurdish Studies, Vol.4/1 , January 2018, p76؛ Ж.С.Мусаэлян: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, с 84 ؛ Мусаэлян Ж. С. : История коллекции курдских рукописей ГПБ,с 64 ژابا ئۆگۆست: فەرهەنگی کوردی- فەرەنسی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە.د.ئەجاتی عەبدوڵا، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨..

(73) Мусаэлян Ж. С. : История коллекции курдских рукописей ГПБ, Указ. соч,с 64؛ ژابا ئۆگۆست: فەرهەنگی کوردی- فەرەنسی ، ل٨ ؛ پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٤٣.

(74)د.فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل٣٧.

(75) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, Указ. соч, сс 98 - 99.

(76)م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٣٥.

(77) Васильева. Е.И: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА(доклады и сообщения по проблемам курдоведения), АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, Часть Ш..(1989).С33.

(78)مەلا مەحموودی بایەزیدی: رسالە تحفە الخلان فی زمانێ کردان، (١٨٥٦)، ل٣.

(79)د.فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل٣٧.

(80)د.فەرهاد پیربال: مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٣.

ناوی ئەم دوو کەسایەتییە لە مێژووی کوردناسیدا پێکەوە گرێدراون.[81] بەهاوکاری کۆمەڵێک مەلا و خوێنـدەواری کـورد (ژابـا) لە ئەرزڕۆم دەستیکرد بە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان و لێکۆڵینەوە لەسـەر کەرەسـتەکانی زمـانی کـوردی، مەلا مەحمـوودی بایەزیدی چالاکترینی ئەو هاوکارانەی بووە کە ژمارەیەک دەستنووسی کوردی بۆ پەیدا کرد و نووسەر و وەرگێڕ و دانەری چەنـدین بەرهەمی دیکە بووە.[82]

لە هەموو کارەکانی (مەلا مەحموود، ژابا)دا، کۆمەڵە دەستنووسە کـوردییەکە بـایەخترینی نێـو کارەکانیـانە. هەرچەنـدە بە ژمارەش زۆرنین و (٥٤) دەستنووسن، تایبەتن بە بەرهەمی شاعیرانی کـورد، فۆلکلـۆر، ڕێزمـان، مێـژوو و ئیتنۆگرافیـای کـورد، بەڵام بەشی زۆری ئەم دەستنووسانە تایبەتن بە بەرهەمی شاعیرانی کورد کە بە دیالێکتی کرمانجی بەرهەمەکانیـان نووسـیوە و نـزیکەی بەرهەمـی هەمـوو شـاعیرە ناودارەکـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت وەک (عەلی حەریـری، فەقـێ تەیـران، مەلا جەزیـری، مەلای بـاتێ، ئەحمەدی خـانی) دەگـرێتە خـۆ. ئەوەی گـرنگە لەم کـۆمەڵە دەستنووسـە کە بەرهەمـی کۆمەڵێـک شـاعیری کـوردی تێـدایە وەک (سـەلیمی سـەلیمی، حـارسی بەدلیسیـ دووڕفشـان، ڕەمەزان، مەلا مەقسـوودی عاسـمی) تـا سـەردەمێک لە لای تـوێژەران نەناسرابوون.[83]

ئەم کۆمەڵە دەستنووسە، ببووە سەرچاوەی زانیاری دەربارەی داستانە کوردییەکانی (لەیل و مەجنوون، یوسـف و زولەیخـا، زەمبیل فرۆش)، هەروەها دوو کەشـکۆڵی شـیعری لە کـۆمەڵە دەستنووسـەکە هەیە کە شـیعری شـاعیران (مەلای جەزیـری، عەلی حەریری، مەلای باتێ، دووڕفشـان، مەلا مەقسـوودی عاسـمی، ڕەمەزان) و چەنـدین نموونەی شـیعری فۆلکلـۆری کـوردی، گـۆرانی لیریکی، ڕازی میللی ئەویندار خەلیل بەگی موسوڵمان و گەڤری (گوری) کچە کوردێکی ئێزدی تێدایە.[84] لەناو کوردناساندا (ژابـا) یەکەم کەس بووە کە بایەخی بە (مەلای جەزیری) داوە، لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەیدا غەزەلێکی (مەلای جەزیری) هەیە. دەربارەی مێژووی ژیانی ئەو شاعیرەی کورد، (ژابا) بیرو ڕای خۆی خستۆتەڕوو.[85]

کوردناسی لە ڕووسیا لەم کاتەدا لە قۆناغی سەرهەڵداندیدا بوو، تەنها کار لەسەر ناساندنی کورد دەکـرا. پـاش ئەوەی (ژابـا) توانی ئەم کۆمەڵە دەستنووسەی دەربارەی داستانە کوردییەکـان، پەخشـان، چیـرۆک، زمـانەوانی، مێـژووی کـورد بە هاوکـاری (مەلا مەحموود) کۆبکاتەوە، دەست بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ڕێکخراو دەربارەی کورد کرا.[86]

مەلا مەحموود لە زۆرینەی بەرهەم و کۆکارەکانی (ژابا)ڕۆڵی هەبووە، هەرچەندە ناوی خۆی لەسەر ئەم کارانە و تەنـانەت بەشێکی بەرهەمەکانی خۆی نەنووسـیوە و هەر بەنـاوی (ژابـا) دوە ناسـێندراون، ئەوەش وەک خـۆ پـارێزییەک بـووە لە بەرامـبەر کاردانەوەی کۆمەڵگە و کەسایەتییە ئاینییەکان. چونکە ئەو ترسی ئەوەی هەبووە کە بـۆ مەلایەکـی دیـاری وەک ئەو، کـارکردن و هاوکاریکردنی کەسێکی نا موسـوڵمان بە کـارێکی نـابەجێ دابنرێـت. لەم بـارەیەوە (ڕۆدینکـۆ) دەڵێـت: "مەلا مەحمـوود بە نـاوی (فەقیر مەحموود ئەفەندی، حاجی مەحموود ئەفەندی، خواجە مەحموود ئەفەندی) نـاوی خـۆی تۆمـارکردووە، بـۆ ئەوەی پـاوانی ئاینی لە خۆی نەوروژێنێت".[87] ژابا لەو پێشەکییەی کە بە زمانی فەرەنسی بۆ (عادات و رسومات نامەی اکرادیە) نووسـیویەتی،

---

(81) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, Указ. соч, сс 98 - 99.

(82) Abdurrahim ÖZMEN: Op. Cit, p77.

(83) م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٣٨.

(84) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАН ИЙ,сс 14-16.؛ Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 103.

(85) کۆمەڵێک کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤییەت: چەند وتارێکی کوردناسی (١، ٢، ٣)، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٩٩.

(86) پ.ی.د.ئارام عەلی مستەفا: س.پ، ل ٢٤٥.

(87) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,с 4.

ئاماژە بەوە دەکات کە (مەلا مەحموود) خۆی نەیویستووە ناوی لەسەر نووسین و هاوکارییەکانی بێت.[88] هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە کە سەرجەمی بەرهەم و نووسینەکانی (مەلا مەحموود) بە تەواوی دیار نەبن، لە کۆکار و کۆمەڵە دەستنووسەکەی (ژابا)دا چەند دەستنووسێکی وەک (داستانی یوسف و زولەیخای سەلیمی سەلیمی، قەڵای دمدم، زەمبیل فرۆش، قەولی هسپی ڕەش، چیرۆکی سیامەند و شەمسێ) ئەگەر چی ناوی (مەلا مەحموود)یان لەسەر نییە و تا ئێستا ساغ نەکراونەتەوە کە بەرهەمی ئەوبن، بەڵام ڕایەک هەیە کە بە بەرهەم و کاری ئەوی دەزانن.[89]

بە سەرنجدانمان بە هاوکارییەکانی مەلا مەحموود و کاری پێکەوەییان لەگەڵ (ژابا)دا، بۆمان دەردەکەوێت لە (١٨٥٦ - ١٨٦٩ز) مەلا مەحموود لە چوار ئاستدا (نووسینەوەی دەستنووس و تێکستەکان، نووسینی بەرهەمی نوێ بە زمانی کوردی و فارسی، وەرگێڕانی دەستنووس و داستان و چیرۆک و پەندی پێشینان، بەشداربوون لە دانانی بەرهەمی نوێ) هاوکاری (ژابا)ی کردووە.

یەکەم: نووسینەوەی دەستنووسەکان لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی

لەسەر داواکاری (ژابا) لە ساڵی (١٨٥٦ز)دا، مەلا مەحموود تێکستی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) بە زمانی کوردی (کرمانجی) نووسیوەتەوە، ناونیشانی تێکستەکە بە دەستخەتی (ژابا) بە زمانی فەرەنسی بە ( **Legende kurde, traduit du kurde par Auguste JABA, ancien Consul de Russie a Erzerum**) نووسراوە. لە سەرەتای دەستنووسەکەدا، دەربارەی ئەم بەرهەمەی (ئەحمەدی خانی) و بەرهەمەکانی تری و پێگەی لە ئەدەبی کوردیدا لە لایەن (ژابا) و بەزمانی فەرەنسی هەندێک زانیاری نووسراوە، لە پەڕەی سێیەم بەدواوە، هەر پەڕەیەک کراوە بە دوو بەشی ستوونی و بە خەتێک لێک جیاکراونەتەوە و بەشی دەستە ڕاست بە کوردی ئەلفبای عەرەبی و بەشی دەستە چەپ بە کوردی ئەلفبای لاتینی نووسراوە، (ژابا) کاری گۆڕینی بۆ ئەلفبای لاتینی و وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی ئەنجام داوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، دەستنووسەکە (٥٥) پەڕەیە.[90] سەرەڕای ئەم دەستنووسەی (مەم و زین) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکاندا چەند دەستنووسێکی دیکەی (مەم و زین) هەیە، دەستنووسێکیان بە کۆدی (**B2514**) پارێزراوە و یەکێکە لەو دە کارە فۆلکلۆرییەی، لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (مارتن هارتمان) کۆکراوەتەوە و لە (١٨٩٩ز) ڕەنووس کراوە، گەورەترین کاری نێو ئەم کۆمەڵەیە تێکستی (مەم و زین)ە بە ناونیشانی (محبتە مم و زین) و بچووکترینی (لوژا محبتی)یە.[91]

کارێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە نووسینەوەی دەستنووسەکان، نووسینەوەی دەستنووسی (کتاب مولود شریف)ە کە لە (١٨٥٧ - ١٨٥٨ز) نووسیویەتییەوە و دەستنووسەکە (١٣١) پەڕەیە و بە کۆدی (ГПБ, курд 9) پارێزراوە.[92]

نووسینەوە و ساغکردنەوەی دەستنوووسی کتێبە ڕێزمانییەکەی (عەلی تەرەماخی)، دەرخەری پشوو درێژی و پێشهاتنی تەنگ و چەڵەمە بۆ (ژابا، مەلامەحموود) ە. سەبارەت بە چۆنییەتی دەستکەوتنی دەستنووسەکە و نووسینەوەی، (ژابا) لە

---

(88) К.К.КУРДОЕВА И Ж.С. МУСАЭЛян: Во введении к книг е (Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана, с 10 – 11؛ د.فەرهاد پیرباڵ: مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٤٠ ؛ کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل٣٨-٣٩

(89) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАН ИЙ,cc 55 – 60, 70 – 72, 81,87, 92 - 93.

(90) د.فەرهاد پیرباڵ: مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە ١، بەرگی یەکەم، ١٩٩٧، ل ٣٩ - ٦٨ ؛ هەمان نووسەر: مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، س.پ، ل ٥، ٦١-٦٢.

(91) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دکتۆر عارف خەزنەدار: تێکستی (مەم و زین) یان مەمی ئالانی فۆلکلۆری لە کۆکراوەکانی مارتن هارتمان (دەستنووسی B2514 ی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤیەتی لە لینینگراد)، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٦، ١٩٧٣، ل ٥٩ - ٨٣. ؛ تێکستا (مەم و زین)ێ دەستقیسا هژمار (B2514) نامە خانا شیرەتقانێ یا ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیا زانستی یا سۆڤییتی، کۆمکرنا مارتن هارتمان، بەهەڤکرن د.عارف خەزنەدار، گۆڤارا دیرۆک، هژمار ٣، دهۆک، ٢٠١٤، ل ١٨٦ - ٢٠١.

(92) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАН ИЙ, cc 41 – 42.

نامەیەکیدا بۆ (دۆرن) لە (١٨٥٨ز) باس لەوە دەکات کە: "خاوەنی دەستنووسەکە مەلایەکی پیری خەڵکی هەکاری بووە، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبووە دەستبەرداری دەستنووسە پڕ بایەخەکەی بێت، بەڵام دواتر توانیم بە دیارییەک ڕازی بکەم تا ڕێگەم بدات وێنەیەکی لەبەر بنووسمەوە".[93] دوای وەرگرتنی دەستنووسەکە (مەلا مەحموود) لە (١٨٥٨ - ١٨٥٩) دەسنووسەکە دەنووسێتەوە، لە پێشەکی کارەکەیدا باسی لە ژیانی (عەلی تەرەماخی) و هەندێک نووسەر و دانەری دیکەی ڕێزمانی کوردی کردووە، هەندێک زانیاری دەربارەی خوێندن و ژیانی ڕۆشنبیری کورد خستۆتە ڕوو.[94] دەستنووسەکە بە ناونیشانی (صرف بعضی اصول لازمە یی تعلیمە بە زمانی کورمانجیيە) و بەکۆدی (C1958) پارێزراوە.[95]

کارێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە نووسینەوەی دەستنووسەکان، نووسینەوەی دەستنووسی داستانی شێخی سەنعانە و ناویشان و پەراوێز و وەرگێڕانی هەندێک وشەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی لە لایەن (ژابا)ەوە ئەنجام دراوە.[96] ناونیشانی دەستنووسەکە (کتاب قصە شیخ صنعانیان)ە و (٤٤) پەڕەیە، پاش تەواوکردنی لە (١٨٦٥ز) لەلایەن (ژابا) نێردراوە بۆ سانت پیتەربۆرگ بە کۆدی (курд 44) لە (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف - شیدرین) پارێزراوە.[97]

دووەم: نووسینی بەرهەمی نوێ لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی

لە لایەن (مەلا مەحموود)ەوە، چەند بەرهەمێک دەربارەی ڕێزمانی کوردی، مێژوو، ئیتنۆگرافیای کورد لەسەر داواکاری (ژابا) نووسراوە. کاری فرە بایەخداری لە بواری زمانی کوردی (رسالە تحفە الخلان فی زمانی کردان)ە، کە ناوبانگێکی زۆری لە نێو بەرهەمە زمانەوانییەکانی کورددا هەیە. (مەلا مەحموود) لەم کارەیدا، هەندێک زانیاری دەربارەی فۆنێتیکی زمانی کوردی، وەسفی شێوەی کار، کات و تەسریف، پێشگر و پاشگر، تایبەتمەندی ناوی کەس و شت، ئامرازی پەیوەندی خستۆتە ڕوو.[98] لە دەستنووسەکەدا، چەندپەڕەیەک بۆ فەرهەنگی (کوردی - تورکی) تەرخانکراوە و بە مەبەستی فێربوونی زمانی کوردی (مەلا مەحموود) لە کۆتایی دەستنووسەکەدا گفتوگۆیەکی نووسیوە، دەستنووسەکە(١٤٤) پەڕەیە و بە کۆدی(курд 7) پارێزراوە.[99]

بەرهەمێکی دیکەی (مەلا مەحموود) لە بواری زمانی کوردیدا، دانانی کتێبێکی فێرکارییە بۆ منداڵان بە ناونیشانی (صفحە صبیان)، دەستنووسی ئەم کارەی مەلا مەحموود (٤٥) پەڕەیە و بە کۆدی (курд 6) پارێزراوە[100] (ڕۆدینکۆ) گریمانەی ئەوە دەکات کە (مەلا مەحموود) لەم کارەیدا ئامانجی فێرکردنی منداڵانی کوردی حوجرەکان بووبێت، وەک دەڵێت: "مەلا مەحموود درێژە پێدەری نەریتی هیومانیست و ڕۆشنگەری گەورەی کوردی سەدەی حەڤدەیەم (ئەحمەدی خانی)یە، کە ئەمیش بڕوای وابووە کە منداڵانی کورد لە حوجرەکاندا نابێت بە تەنها فێری قورئان و زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی بکرێن، بەڵکو پێویستە فێری زمانی کوردی بن و بیخوێنن".[101]

---

(93) Ж.С.Мусаэлян: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, с 85.

(94) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ, сс 101 – 102 ؛Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 100.

(95) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,с 102 ؛ К.К.КУРДОЕВА & ИЖ.С. МУСАЭЛян: Во введении к книге(Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана), с 10.

(96) د.فەرهاد پیرباڵ: مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٧.

(97) شلي ابراهيم شريفي: م.پ، ص ١٧ - ١٨.

(98) هێمن عومەر ئەحمەد: توێژینەوەیەکی شیکاریانەی دەستخەتی توحفەتولخوللان فی زمانی کوردان بەرهەمی مەلا مەحموود بایەزیدی، پژوهشنامە ادبیات کردی، دورە پنجم، شمارە ٦، ١٣٩٧، ل ١٦٧ - ١٨٢ ؛ مەلا مەحموود بایەزیدی: رسالە تحفە الخلان فی زمانی کردان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی. هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠١٩.

(99) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,сс 105 - 107

(100) Там же, с110.

(101) م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٣٦ - ٣٧.

لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی (ژابا)دا، بەرهەمێکی دیکەی (مەلا مەحموود) دەربارەی زمانی کوردی بە ناونیشانی (خبردانا زمانی کورمانجی) هەیە. ئەم کارەی تایبەتە بە ڕونکردنەوەی دەستەواژە بەربڵاو و باوەکانی زمانی کوردی بە شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ. وەرگێڕانی بۆ سەر ئەلفبای لاتینی و زمانی فەڕەنسی لە لایەن (ژابا)ەوە ئەنجام دراوە. دەستنووسەکە (٨٨) پەڕەیە و بە کۆدی (курд 50) پارێزراوە.[102]

(مەلا مەحموود) وەک یەکەم نووسەر و دانەری کورد، لەسەر داوای (ژابا) کتێبێکی بە ناونیشانی (عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە) دەربارەی ئیتنۆگرافیای کوردی نووسیوە. ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو کەلەپوورە بە بەهایانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و شێوەی ژیان و بیروباوەڕ و هۆز و خێڵە کوردیەکانی کورد دواوە. وەک شارەزایەک باسی لە خوو ڕەوشت و باوەڕو کولتووری ماددی و ژیانی کوردانی موسوڵمان و زەماوەند و پرسە و خوازبێنی و تۆڵەسەندنەوە و کۆچەری کورد کردووە.[103] بە ڕای (ڕۆدینکۆ)، لە کۆمەڵە دەستنووسەکەی (ژابا)دا باشترین دەستنووس ئەم دەستنووسەیە.[104] بەرهەمەکە لە (١٨٥٨ - ١٨٥٩ز) بە ناونیشانی (کتاب عادات و رسومات نامه طوایفا اکرادیه و اصول نضامات کورمانجی) نووسراوە و بە کۆدی (курд 34) پارێزراوە، لە (١٨٦٨ز) لە لایەن (شەهنەزەر) لە (سمیرنا) ئەم کارەی (مەلا مەحموود) وەک دەستنووسێکی نوێ نووسراوەتەوە و (ژابا) تێکستی ئەم دەستنووسەی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە و ئەم کارەی (شەهنەزەر) بە کۆدی (курд 35) پارێزراوە.[105]

کاری گرنگی (مەلا مەحموود) لە بواری مێژووی کورددا لە سەر داوای (ژابا)، بەردەوامیدان بووە بە نووسینی مێژووی کورد لە دوای شەرەفنامە.بۆ تە مەبەستەش بە ناونیشانی (تاریخی جدیدی کردستان) بەرهەمێکی مێژووی نووسیوە، کە نزیکەی (١٠٠٠) هەزار لاپەڕە بووە، (ژابا) پێشەکی ئەم بەرهەمەی بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێڕاوە و بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان لە (٣٠ی ئاداری ١٨٦٧) بۆ ئەکادیمیای زانستەکانی ناردووە و ئاماژەش بەوە دەکات کە بەرهەمەکە لە (١٨٥٧ - ١٨٥٨ز) نووسراوە.[106] (پیوتەر لێرخ) بە پێی پێشەکییە وەرگێڕدراوەکەی (ژابا) بەرهەمەکەی نرخاندووە.[107] لە ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا دەستنووسی وەرگێڕانی پێشەکییەکەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە کە (٥٠) لاپەڕەیە، بە پێی نامەیەکی (ژابا) لە (١٣ی حوزەیرانی ١٨٦٧ز) بۆ (دۆرن)ی ناردووە تاریخی جدیدی کردستان لە (١١) بەش پێک هاتبوو.[108]

---

(102) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,с 104 - 105.

(103) بڕوانە: M.MAHMUT BEYAZIDI: ADETEN KURDISTAN, DEN HAAG, HOLLAND, BE SALA CHAPE؛ MELA Mehmûdê BAZÎDÎ: Adat û Rusûmatnameyê Ekradiye (Amadekar. Ziya Avcı), Lîs: Diyarbakir, 2010؛ Murat Çelik: Adat û Risumatnameê Tewayifê Ekradiye, Mela Mehmûdê Bazîdî: Metn û Lêkolîn. Têzî Master, Zankoya Mardîn Artuklu,2015؛ Мела Махмуд Баязиди. Нравы и обычаи курдов. Пер., предисл. и примеч. М.Б. Руденко. М., 1963؛ مەلا مەحموودی بایەزیدی: عادات و ڕسووماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی.م.ب. ڕۆدینکۆ، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. پ.د. شوکریە ڕەسوڵ، چاپی دووەم، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٥؛ محمود بایزیدي: رسالة في عادات الآكراد و تقاليدهم، ترجمة : جان دوست، الطبعة الأولى، هيئة ابوظبي للثقافة و التراث (كلمة)، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٠.

(104) م.ب. ڕۆدینکۆ: لە پێشەکی کتێبی عادات و ڕسووماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، ل ١٧.

(105) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,сс 113-114.

(106) Е.И.Васильева: НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, 1967,с 9؛ Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, с 34

(107) Архив АН СССР, ф. 2, оп. 1-(1865), № 20, лл. 10-11

(108) Архив АН СССР, ф. 776, оп. 4, № 10, лл. 3-4 ؛Е.И.Васильева: НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА ,с 9.

لە نێو سەرجەم بابەتەکانی نێو پێشەکییەکەدا، پێرستی ناونیشانەکان لە هەموویان سەرنجراکێشترە، کە یارمەتیدەری ناسینی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەبێت. بە پێی پێشەکییەکە ، دەبێت ناوەڕۆکی کتێبەکە بەم شێوەیە بێت(بەشی یەکەم: ڕووداوەکانی ساڵانی (١٧٨٦ - ١٧٨٨ز) هەتا (١٨٥٧ - ١٨٥٨ز) کە لە ئەرزڕۆم ڕوویانداوە، بەشی دووەم: وەسفی ڕووداوەکانی ناوچەکانی ڕۆژەکی کە لە شارەکانی (موش و بەدلیس) ڕوویانداوە، بەشی سێیەم: وەسفی ڕووداوەکانی ناوچەی مەحموودی، بەشی چوارەم: ئەو ڕووداوانەی کە لە وان ڕوویانداوە، بەشی پێنجەم: ئەو ڕووداوانەی کە لە هەکاری ڕوویانداوە، بەشی شەشەم: ڕووداوەکانی ڕەواندز، بەشی حەوتەم: ڕووداوەکانی بادینان(ئامیدی)، بەشی هەشتەم: ڕووداوەکانی بۆتان(جەزیرە)، بەشی نۆیەم: ڕووداوەکانی ناوچەی سلیڤان، بەشی دەیەم: ڕووداوەکانی قارس و گرتنی ئەو شارە لەلایەن ڕووسەکانەوە، بەشی یازدەهەم: ڕووداوەکانی ئازەربایجان - خۆی - تەبریز - یەریڤان - ورمێ - مەراغە - ماکۆ.[(١٠٩)]

مەلا مەحموود لە پێشەکی ئەم بەرهەمەیدا، باس لە شەرەفخانی بەدلیسی و ئەفسانەکان دەربارەی ڕەچەڵەک و ڕەگەزی کورد، بڵاوبوونەوەی کورد، تایبەتمەندی و داب و نەریت، شێوازی ژیان و زمان و دیالێکتە کوردییەکان، جوگرافیای دابەشبوون و نیشتەجێبوونی هۆزەکانی کورد، ژمارەی ئێزدییەکان و تایبەتمەندییان کردووە. پاشان دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی شەرەفنامە و شەرەفخان و ئاماژە بە وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی تورکی دەکات کە لە بەدلیس ئەنجام دراوە و ئەوەش دەخاتە ڕوو کە دوو بۆ سێ دەستنووسی ئەو وەرگێڕانە هەبووە.[(١١٠)]

ئەم بەرهەمە تاکە یەک دەستنووسی هەبووە لەناو ئەرشیفەکەی (ژابا)دا ونە، چارەنووسی بە نادیاری ماوەتەوە و هیچ سۆراغێکی نییە*، ڕەنگە وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی تەواو نەکرابێت و دەستنووسەکە لە ئەرشیفی (ئا. ژابا) لە (سمیرنا) مابێتەوە و بە هەر هۆکارێک بێت ون بوبێت.[(١١١)]

سێیەم: وەرگێڕانی دەستنووس و داستان و چیرۆک و پەندی پێشینان

(مەلا مەحموود) جگە لە بەرهەمە دانراوەکانی، گەلێک بەرهەمی جیاواز و نموونەی فۆلکلۆری لە زمانی تورکی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. سەرباری وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی شەرەفنامە تەو ڕازی میللی فارسی، ئەفسانە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی تورکی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.[(١١٢)]

---

(109) Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, Предыдущий, с 35؛Е.И.Васильева: НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТА НА ,с 10.

(110) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ی.ی.ڤاسیلیێڤا: پێشکۆتنا مەلا مەحموودێ بایەزیدی یا کتێبا وی یا بەرزە، و. سەعید دێرەشی، گۆڤارا دیرۆک، هژمار ١١، دهۆک، ٢٠١٦، ل ١٠ - ٢٣. ؛ Е.И.Васильева. И.: МЕЛА МАХМУД БАЯЗИДИ КНИГА ПО НОВОЙ ИСТОРИИ КУРДИСТАНА (КИТАБ-И ТАВАРИХ-И ДЖАДИД-И КУРДИСТАН) КНИГА ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА, КОТОРАЯ ОСТАЕТСЯ НЕНАЙДЕННОЙ,http://www.vostlit.info/Texts/rus17/MelaMachmud_Bajazidi/_text1.phtml_?id_=12647 ؛ Е.И.Васильева: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, с 34 - 57.

* ئەم بابەتە بووەتە هەوێنی شاکارێکی ئەدەبی ڕۆماننووسی دیاری کورد (جان دۆست) بە ناونیشانی (دەستنووسی پترسبۆرگ)، بڕوانە: جان دوست: مخطوط بطرسبورغ، الطبعة الاول، دار الرافدين، لبنان، ٢٠٢٠؛ جان دۆست: دەستنووسی پترسبۆرگ (ژیانی ژابایەزیدی)، و. سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی، هەولێر، ٢٠٢٠.

(111) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 102؛Е.И.Васильева: НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА ,с 9.

(112) م.ب.ڕۆدینکۆ: وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٣٧.

لە (١٨٥٨ - ١٨٥٩ز) چیرۆکی (لەیل و مەجنون) بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، (ژابا) بۆ ئەلفبای لاتینی گۆڕیوە و بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، بە کۆدی (курд 31) پارێزراوە.[113] ئەم دەستنووسەی (مەلا مەحموود) گێڕانەوەی چیرۆکی لەیل و مەجنونە بە شێوەی پەخشان، هەژدە ناونیشانی بۆ بابەتەکان تێدایە و دەستنووسەکە (٨٧) پەڕەیە و هەر پەڕەیەک کراوە بە دوو ستوون، لای ڕاست تێکستەکە بە کوردی هەیە و لای چەپ هاو شێوەی دەستنووسەکانی تر بۆ وەرگێڕانەکەی تەرخان کراوە. ناونیشانی تێکستی دەستنووسەکە بە (کتاب ترجمە لیلا مجنون ترکی بزمانی اکراد و کورمانجی فی سنە ١٢٧٤) نووسراوە و بە (تمت ترجمە لیلا مجنون کوردی ١٢٧٤، کتبت لاجل میر ژابا بیگ) کۆتایی دێت.[114] مشتومڕی ئەوەش لەسەر دەستنووسەکە هەیە کە وەرگێڕانی داستانێکی شیعری فزولی شاعیری تورک بێت، یان گێڕانەوەیەکی پەخشان ئامێزی چیرۆکە شیعرییەکەی حارسی بەدلیسی (سەوادی) بێت.[115]

دەستنووسێکی دیکەی وەرگێڕانەکانی (مەلا مەحموود)، وەرگێڕانی (٨٤) چیرۆکی فۆلکلۆرییە لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، دەستنووسەکە لە (١٨٦٨ز) لە (سمیرنا) وە بۆ (سانت پیتەربۆرگ) نێردراوە و (١٠٣) پەڕەیە و (٤) پەڕەی بە بێ تێکستە، بە کۆدی (курд 43) لە (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سالتیکۆف - شیدرین) پارێزراوە.[116]

(مەلا مەحموود و ژابا) پێکەوە کۆمەڵێک پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی تورکییان وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و فەرەنسی، دەستنووسەکە بە ناونیشانی (ترجما ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی) لە (٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٥٦ز) بۆ سانت پیتەربۆرگ نێردراوە، وەرگێڕانە کوردییەکە لە لایەن (مەلا مەحموود) و فەرەنسییەکە لە لایەن (ژابا) ئەنجام دراوە، دەستنووسەکە (٦١) پەڕەیە و بە کۆدی (I kurdica D 447) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان پارێزراوە.[117]

چوارەم: بەشداربوون لە دانانی بەرهەمی نوێ

بەرهەمێکی کاری هاوبەشی نێوان (مەلا مەحموود، ژابا)، ئامادەکردنی چل تێکستی کوردی بە ناونیشانی (جامع ىى رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی) یە و وەرگێڕانیەتی بۆ زمانی فەرەنسی. جگە لە تێکستەکان لەم بەرهەمەدا زانیاری دەربارەی هەشت شاعیری کورد خراوەتە ڕوو، (ژابا) لە پێشەکییدا زانیارییەکانی دەربارەی هۆزەکانی کورد باس کردووە، هەروەها بە دەستخەتی (مەلا مەحموود) ناساندن و پێشەکی بۆ بەرهەمەکەی (عەلی تەرەماخی) بە ناونیشانی (مقدما علمی صرفی و بعضی اصول لازمەیی تعلیمیە بزمانی کورمانجی) خراوەتەڕوو.[118] سەبارەت بەم کارەیان (ژابا) لە مارتی (١٨٥٩ز) ئامادەیی بەوە کردووە کە لە درێژەی گرنگیدان و لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی قۆناغ بە قۆناغ تەگەرچی سەختیش بووە، توانیویەتی چل چیرۆک لە زاری کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانی (موش، بەدلیس، وان، بایەزید، قارس، ئەرزڕۆم، ئەرزنجان) کۆبکاتەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم کارە سەرنجی زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناسەکانی لە ڕووی زمانەوانی، مێژوو و ئیتنۆگرافیاوە ڕاکێشاوە، بە تایبەتی لە لایەن بەریتانییەکانەوە گرنگی

---

(113) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,с 63.

(114) هێمن عومەر ئەحمەد: لەیلا و مەجنونی مەلا مەحموودی بایەزیدی(دەق، لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن)، Govara Folklor û Ziman Cild 1, Hejmar 1، ٢٠٢٠، ل ١٣١ – ١٣٢.

(115) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: Jahany, P: Leyla û Mecnûna Sewadî (Metin, Lêkolîn, Şîrove). (Teza masterê). Zanîngeha Mardîn Artuklu, Mardîn, 2016, r 37؛ Adak, A: di edebiyata kurdî ya klasîk de mesnewiyên Leyla û Mecnûnê, Wêje û Rexne, 3, 2014, r 105؛ Dr. MUSTAFA ÖZTURK: KOLEKSİYONA ALEKSANDRE JABA YA DESTNİVÎSÊN KURDÎ, Vekolîn û Saloxdan, Weşanxaneya Lîs, Amed, 2017, r 113؛ هێمن عومەر ئەحمەد: لەیلا و مەجنونی مەلا مەحموودی بایەزیدی، ل ١٣٢- ١٤٨. ؛ فەرهاد پیربال: مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٣٢.

(116) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,с 20.

(117) شلیر ابراهیم شریفی: م.پ، ص ٩.

(118) **JABA, Alexandre (and MAHMUD BAYAZIDI):** Recueil de Notices et Récits Kourdes, servant à la Connaissance de la Langue, de la Littérature et des Tribus du Kourdistan, reunis et traduits en français. *Saint Petersburg, Imperial Academy of Sciences,* 1860.

زۆری پێدراوە، لەم سۆنگەشەوە لە لایەن مۆزەخانەی بەریتانیا ئەرکی پەیداکردنی دەستنووسە کوردییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کورد بە(تایلۆری) ڕۆژهەڵاتناس و کونسوڵی ئەوکاتی بەریتانیا لە ناوچەکە سپێردراوە.[119]

بەشێکی کارە دانراوەکانی (مەلا مەحموود، ژابا)، تایبەت بووە بە فەرهەنگ. یەکێک لەو فەرهەنگانە کە پێکەوە دایان ناوە فەرهەنگی دیالێکتی (هەکاری و ڕەوەندی - فەڕەنسی) بووە، مەلا مەحموود پێشەکییەکی بۆ ئەم بەرهەمە بە ناونیشانی (اڤە رسالەیکە د بەحثا هنک فرق و جدایی د نێڤ لوغاتید اکرادان هنە و بیانا بعضی قواعید عموومی ید لازمە) نووسیوە، بەشی دووەمی بەرهەمەکە فەرهەنگێکی بەراوردکردنی (٨٢٠) وشە لە نێوان دوو شێوەزاری زمانی کوردی (هەکاری، ڕەوەندی) لە خۆ دەگرێت. هەر پەڕەیەکی دەستنووسەکە کراوە بە پێنج ستوون لە ڕاستەوە بۆ چەپ (١.وشەی ڕەوەندی بە پیتی لاتینی، ٢.وشەی ڕەوەندی بە پیتی عەرەبی، ٣.وشەی هەکاری بە پیتی لاتینی، ٤. وشەی هەکاری بە پیتی عەرەبی، ٥.وەرگێرانی وشەکە بۆ فەرەنسی)، ئەم دەستنووسە لە لایەن (شەهنەزەر)ەوە ڕەنووس کراوە و (٤٩) پەڕەیە، بە کۆدی (D448) لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان پارێزراوە.[120]

یەکێکی دیکە لە کارە هاوبەشەکانی نێوان (مەلا مەحموود، ئا. ژابا)، دانانی فەرهەنگێکی (کوردی - ڕووسی - فەرەنسی، فەڕەنسی- کوردی - ڕووسی) بووە، (ژابا) لە (١٨٦٥ز) بەشی یەکەمی فەرهەنگەکە بۆ ئەکادیمیای زانستەکان دەنێرێت کە لە (٧٣١) لاپەڕە پێک هاتبوو. هەر لاپەڕەی (١٨) دێرە، کۆی گشتی فەرهەنگەکە (١٥) پازدە هەزار وشەی لەخۆگرتبوو. لیژنەیەک لە لایەن ئەکادیمیای زانستەکان لە هەریەک لە (ب. تا. دۆرن، ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرینۆڤ، پ. لێرخ) بۆ پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی دەستنیشان دەکرێت، بەهۆی بوونی چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر ئەم بەشەی فەرهەنگە (کوردی - فەڕەنسی - ڕووسی)، بڕیاری چاپنەکردنی دەدرێت و دەستنووسەکە دەپارێزرێت تا بەشی دووەمی فەرهەنگەکە لە لایەن (ژابا)ەوە دەنێردرێت.[121]

(ژابا) لە دوای خانەنشین بوونی دەستی بەکارکردن لەسەر فەرهەنگەکە کردەوە، لە (١٨٦٧ز) دەستنووسی ئەم فەرهەنگە پاش تەوەی دووبارە کاری لەسەر کرد بۆ ئەکادیمیای زانستەکان دەنێرێت. دەستنووسەکە (٦٥٦)لاپەڕەیە و هەر پەڕەی (١٨ بۆ ٢٥) دێرە، (٦) شەش هەزار وشەی لە خۆگرتبوو. جارێکی دیکە لە لایەن لیژنەی ڕاسپێردراوەوە، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکە دەکرێت، جگە لە ( لێرخ) پێشنیاری چاپکردنیان کرد، بەڵام (لێرخ) ڕەخنەی لە (ناڕاستی وەرگێرانی هەندێک لە تیدیۆمە کوردییەکان، بوونی هەڵەی ڕێنووس، نەنووسینی هاوتای واتا ڕووسییەکان) لە فەرهەنگەکە هەبووە و وای بەباش زانیوە کە لەگەڵ نووسینەوەی وشەکان بە پیتی لاتینی و تەواوکردن و ڕاستکردنەوەی تەوکاتە فەرهەنگەکە چاپ بکرێت. (ژابا) بەدرێژایی ماوەی (١٨٦٧ - ١٨٧٣ز) کاری بەردەوامی لەسەر فەرهەنگەکە کردووە و لە ڕێگەی (ئا. ئۆ.مووخلینسکی) کۆپییەی نوێی سەرجەم دەفتەرە ونبووەکانی فەرهەنگەکە دەنێرێت بۆ سانت پترسبۆرگ. سەرئەنجام بەشی مێژوو و ڤیلۆلۆژی دەستنووسی ئەم فەرهەنگە دەنێرێتە (مۆزەخانەی ئاسیایی) بەمەبەستی هەڵگرتن و پاراستنی، تا ساڵی ١٨٧٣ز (ڤیسێلۆڤسکی) داوا لە فەرمانگەی نێوخۆیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەکات کە سەرجەم دەفتەرەکانی فەرهەنگە (کوردی - ڕووسی - فەرەنسی، فەڕەنسی - کوردی - ڕووسی)یەکەی (ژابا) ڕەوانەی شاری (ماربوورگ) بکرێت و ڕادەستی پرۆفیسۆر (ف. یوستی) بکرێت.[122] کاتێک دەستنووسەکە

---

[119] Ж.С.Мусаэлян: А.Д. Жаба и курдоведение, с 86 - 87.

[120] دکتۆر مارف خەزنەدار: فەرهەنگۆکێکی کوردی دەستنووسی ژمارە (D448)ی نامەخانەی ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤییەتی - لینینگراد، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٧، بەغداد، ١٩٧٤، ٩-١٣. ؛ د.فەرهاد پیربال: مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٠) بەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٦. ؛ M. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,сс 108 – 109

[121] Ж.С.Мусаэлян: А.Д. Жаба и курдоведение, с 87؛ Мусаэлян Ж. С. : История коллекции курдских рукописей ГПБ,с 64 ؛ د. فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل ٤٢. ؛ د. تەوروەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٨٨.

[122] Ж.С.Мусаэлян: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, сс 87,93.

خرایە بەردەستی ناوبراو نووسینەوەی وشەکانی بە پیتی لاتینی و بەشە ڕووسییەکەی لابرد بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی (کوردی - فەڕەنسی) لێ ئامادە بکات و لە ساڵی (١٨٧٩ز) فەرهەنگەکە بڵاوکرایەوە.[123]

مەلا مەحموود بە هاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە شاعیرانی کورد (عەکیف وانی، ئەشبیک سیبکی) لەگەڵ (ژابا)دا بەشداربوون لە دانانی کتێبێکی کوردی - فەڕەنسی، وەک ڕێبەرییەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی. ئەم کتێبە، لەسەر داوای ئەکادیمیای زانستەکان لە (ژابا) ئامادەکراوە.[124] نزیکەی (٣٣٠٠) سێ هەزار و سێ سەد ڕستەی گفتوگۆی بە شێوەی پرسیار و وەڵام لە خۆگرتووە، لە زاری کوردەکانی ئەرزڕۆمەوە نووسراونەتەوە.[125] هەرچەندە کارەکە لە (١٨٥٨ - ١٨٥٩ز) نووسراوە، بەڵام لە لیستی دەستنووسە کۆکراوە و پارێزراوەکانی سانت پترسبۆرگدا نەبووە. (ژابا) لە نامەیەکی بۆ (دۆرن) لە ئاداری (١٨٧٦ز) ئاماژەی بەوە کردووە کە دەستنووسەکە دەنێرێت، بە هەر هۆکارێک بێت ئەم دەستنووسە بۆ ڕووسیا نەنێردراوە.[126] هەتاکو ساڵی (١٩١٣ز) کاتێک (مینۆرسکی) لە تورکیا هەواڵی ئەوەی زانی کە ئەرشیفەکەی (ژابا) لە لای خێزانەکەی ماوەتەوە و لە سمیرنا نیشتەجێن، لە ڕێگەی کونسولی ڕووسیا لە شارەکە سۆراغی ئەرشیفەکەی کرد. کونسولیش لە ڕێگەی کوڕەکەی (ژابا)ەوە، ئەرشیفەکەی گەیاندە (مینۆرسکی)، ساڵانێک دواتر و لە (١٩٥٢ز) دەستنووسەکە کە بە (دیالۆگە کوردییەکان) ناسراوە لە لایەن (مینۆرسکی) دەنێردرێت بۆ لینینگراد.[127] دەستنووسەکە لە (٤٧٩) پەڕە پێک دێت و هەر پەڕەی (١٤) دێڕی لە خۆگرتووە و زانیارییان دەربارەی هەندێک لایەنی ژیانی کورد (بیرو باوەڕ، خووڕەوشت، داب و نەریت، ڕێوڕەسم، چیرۆکی فۆلکلۆری) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تێدایە.[128]

(ژابا) پاش خانەنشین بوونی لە (سمیرنا) نیشتەجێ دەبێت، بە تەواوی کاتەکانی خۆی بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەکان لەسەر مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمانی کوردی تەرخانکرد.[129] ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نامەیەکیدا بۆ (ک.ئا.کاسۆڤیچ) سەرپەرشتیاری لە چاپدانی کارە زانستییەکانی کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی، ئەوە دەردەکەوێت کە باری دارایی (ژابا) باش نەبووبێت، داوای ئەوەی کردووە کە ئەو دەستنووسانەی لە ماوەی کارکردنی وەک کونسولی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم کۆیکردونەتەوە و لە مۆزەخانەی ئاسیایی پارێزراون، لە لایەن کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی خاوەندارێتی بکرێن و بە بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار ڕۆبڵ لێی بکڕن.[130] بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکە، ئەرکی بەدواداچوون و یەکلاکردنەوەی ئەم پرسەی بە (دۆرن، زێرینۆڤ، لێرخ) دەسپێرێت و داوایان لێدەکات کە بۆچوونی خۆیان و نرخی دەستنووسەکان دەستنیشان بکەن. پاش بینین و لێکۆڵینەوە و خەملاندن بۆ دەستنووسەکان کرا، نرخی کۆی دەستنووسەکان بە (١٣٠٠) ڕۆبل دەستنیشانکرا، لە کۆتایی (١٨٦٨ز) ئاژابا ئاگادار دەکرێتەوە کە

(123) DICTIONNAIRE KURDE - FRANÇAIS, PAR M. AveuSTs JABA, PUBLDÉ PAR ORDRE DE I'ACADÉMIE DMPÉRIALE DES SCIENCES par M. FERDINAND JUSTI, Sr-PETERSBOURG, 1879.

(124) Ж.С. Мусаэлян: Курдская рукопись середины XIX в. из Архива Востоковедов ИВР РАН, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей, , Письменные памятники Востока, 2(17),осень – зима 2012,с119؛ МусаэлянЖ.С: Новая рукопись А.Д. Жабы как источник по изучению курдской культуры , Петербургское востоковедение. СПб., 1995. Вып. 7. С. 493-512.

(125) Ж.С.Мусаэлян: А.Д. Жаба и курдоведение, с 85.

(126) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Ша раф-хана Бидлиси на курдский язык, с 101.

(127) Ж.С. Мусаэлян: Курдская рукопись середины XIX в. из Архива Востоковедов ИВР РАН, сс 115, 118 – 119.

(128) Ж.С. Мусаэлян: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, с 101.

(129) Там же, с102.

(130) Мусаэлян Ж. С. : История коллекции курдских рукописей ГПБ,с 65؛ Ж.С.Мусаэлян: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, с 93-94.

کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی سەرجەم دەستنووسەکانی بەو نرخە لێدەکڕێت و پاش ڕازیبوونی دەستنووسەکان دەبن بە موڵکی کتێبخانەکە.[131]

(ژابا) لە شوباتی (١٨٨١ز) دوایین کاری کۆکراوی خۆی لە سمیرناوە بۆ ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناسی ئەڵمانی (یوستی) دەنێرێت، لە هەمان ساڵدا ئەم کارەی (ژابا) لە لایەن (یوستی) لە (de l'athénée Oriental Bulletin) بڵاو دەکرێتەوە، ئەم کارە لە لایەن (مەلا مەحموود) ناونیشانی (گەودرێ و گۆرانییەکانی - هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) نووسراوە. دەستنووسەکە چیرۆکی تەویندارێ و خۆشەویستی کچێکی ئاسایی گۆرانیبێژی ئێزیدی کە بە گۆرانییەکانی ناوبانگی دەرکردبوو لەگەڵ خەلیل بەگی کوڕی عەبدی پاشا سەرداری هۆزی چۆلان بە شێوەی گۆرانی دەگێڕێتەوە. دەستنووسەکە (٢١) بەندی گۆرانییە لەم (٢١) بەندە گۆرانییە (١٢) بەندی لە زمانی خەلیل بەگەوە نووسراوە و (٩) بەندی لە زمانی (گەورێ) نووسراوە.[132] لە کۆمەڵە دەستنووسە پارێزراوەکەی (ژابا) لە کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی لە ڕووسیا، دەستنووسی (گوری (گەورێ) و خلیل بگ) بە کۆدی (I курд) بە بێ ناوی نووسەرەکەی پارێزراوە.[133] ناوەڕۆکی ئەم دەستنووسە لەگەڵ دەستنووسی (گەودرێ و گۆرانییەکانی - هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) هەمان بابەت و تەنانەت دەسپێک و کۆتایی دەستنووسەکەش هاوشێوەی یەکن، ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی (ژابا) بە ناونیشانی (گوری (گەورێ) و خلیل بگ) لە ساڵی (١٨٦٨) نێردرابێت بۆ سان پیتەربۆرگ و هاوشێوەی ئەو دەستنووسانەی دیکە کە (مەلا مەحموود) ناوی خۆی لەسەر تۆمار نەکردوون لەسەر ئەم دەستنووسەش ناوی خۆی تۆمار نەکردبێت. هەروەها هەمان بابەت لە لایەن (ژابا) بە ناونیشانی (گەودرێ و گۆرانییەکانی - هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان) لە (١٨٨١ز) بۆ (یوستی) نێردرابێت.

کۆکار و دەستنووسە کۆکراوەکانی (ژابا، مەلا مەحموود) لە لایەن زۆرێک لە کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان نرخێندراوە، کوردناس (م.ب. ڕۆدینکۆ) سەبارەت بە هەوڵ و کارکردنی ئەم دوو کەسایەتییە لە کۆکردنەوەی تێکست و دەستنووسی کوردی دەڵێت: "ئەگەر هەوڵەکانی مەلا مەحموود و ژابا نەبوایە، تا ئێستاش بەرهەمە ئەدەبییەکوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەدەزانرا".[134] ڕۆژهەڵاتناس (چیخاچێیف) لە لێکۆڵینەوەی ئەم دەستنووسانەوە ئەوەی زانیبوو کورد خاوەنی ئەو ئەدەبیاتە ڕەسەنەیە و وەک نرخاندنی کارەکانی (ژابا) دەڵێت: "لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەتوانایە زۆر جێگای سەرنجن، چونکە ئەم تاکە کەسێکە لەم ڕۆژەدا ئاوا سەرکەوتوانە خەریکی زمانی میللەتێکە، کە کەم ناسراوە و تەوەندەش دێرینە".[135] لە کۆی کارو چالاکییەکانی ئەم دوو کەسایەتییە لە کۆکردنەوە و نوسینەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا دەگەینە ئەو ڕاستییەی ئەگەر هەوڵەکانی ئەم دوو کەسایەتییە نەبوایە، بە شێکی زۆری ئەو ئەرشیف و کەرەستە و دەستنووسە کوردییانە لە نێودەچوون و ئەو بیرۆکە و ڕایە نەرێنییانەی دەربارەی کورد بڵاوببوونەوە درێژەیان دەبوو.

---

(131) Мусаэлян Ж. С.  : История коллекции курдских рукописей ГПБ ,сс 65 - 66.

(132) مەلا مەحموودی بایەزیدی: گەوەرێ و گۆرانییەکانی - هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان (دەستنووسێکی تازە دۆزراوەی کۆمەڵە دەستنووسەکەی ژابا)، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە و پەراوێزنووسینی. د.نەجاتی عەبدوڵا، گۆڤاری بنکەی ژین، ژمارە(٤)، سلێمانی. (٢٠١٢)، ل ٤٧-٥٠.

(133) М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИЙ,сс 19-20.

(134) م.ب. ڕۆدینکۆ: لە پێشەکی کتێبی عادات و ڕوسوماتنامەی ئەکرادیە، س.پ، ل١٩.

(135) Ж.С.Мусаэлян: А.Д. Жаба и курдоведение, с 95.

## باسی چوارەم: کوردناسان و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ١٩١٧ز

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەکادیمیای زانستەکانی ئیمپراتۆریەت لە ڕووسیا، بیووە ناوەندێکی ڕێکخەری لێکۆڵینەوەی (مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان، ئەدەبی نەتەوەی کورد) و لەم سەردەمەوە کەم تا زۆر دەست بە لێکۆڵینەوەی زانستی ڕێکخراو دەربارەی مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورد کرا. ئەمەش بو بە بناغەیەکی ماددی بۆ گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەی کوردناسیی لە ڕووسیا، بیچمی دیاری گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و هاوکاریی کوردناسان لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر کورد، هەردوو ڕۆژهەڵاتناس(ب. ئا دۆرن، ك. گ، زالێمان) بوون.[1]

ئەکادیمی (بێرنارد دۆرن - یوهانس ئەلبێرت بێرنهارد دۆرن- ١٨٠٥ - ١٨٨١) زانای ئەڵمانی و پسپۆڕی مێژوو و شارەزای زمانەکانی ئێران و ڕووسیا و ئەفغانستان بووە، سەرەتا لە زانکۆی (لایپزیك) و دواتر لە زانکۆی (خارکۆڤ) بووە. لە ئینیستیتوتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان پرۆفسیۆری مێژوو و جوگرافیا بووە، لە سانت پترسبۆرگ زمانی سانسکریتی و پەشتوونی وتووتەوە،ساڵی (١٨٣٥) بە ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا دەستنیشانکراوە، [2] (دۆرن) بە ڕەگەز ئەڵمانی یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە چالاکەکان لە ڕووسیا و لە پاش خۆی کارگەلێکی فراوانی بەجێهێشتووە، سەرەڕای ئەو کارانەی کە خۆی ئەنجامی داون و بڵاویکردونەتەوە، [3] لە ڕێکخستن و چاپکردنی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی مێژوو و ئیتنۆگرافیا و لێکۆڵینەوەی زمانناسی کوردی و دەستخستنی دەستنووسی مێژوویی و ئەدەبی و تێکستی فۆلکلۆری کوردی، بۆ مۆزەخانەی ئاسیایی پارمەتییەکی زۆری (لێرخ یەکێک لە دامەزرێنەرانی کوردناسیی ڕووسیا، ژابا کۆکەرەوەی دەستنووسەکوردییەکان) ی داوە.[4] لە پشتیوانی کوردناسان و کۆکردنەوەی کەرەستە و دەستنووس و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوو و کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی و دامەزراندن و گەشەسەندنی کوردناسیی لە ڕووسیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

(کارل گێرمانۆڤیچ زالێمان ١٨٥٠ - ١٩١٦)، لە ساڵی (١٨٧١) زانکۆی سانت پترسبۆرگی تەواوکردووە، لە ١٨٧٥ وەك یاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆکە دەستنیشان کراوە، لە (١٨٧٥) دوو کۆرسی لەسەر زمانەکانی (ئاڤێستا، پەهلەوی) وەرگرتووە، دواتر پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتووە. لە (١٨٨٦) وەك ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکان دەستنیشانکراوە، لە (١٨٩٠ - ١٩١٦) سەرۆکایەتی مۆزەخانەی ئاسیایی کردووە، لە بوارەکانی (شوێنەوار، مێژوو، زمان،

---

(1) К. К. КУРДОЕВ: Курдоведение, С 386 ؛ А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕ ЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,СС 221 – 222.

(2) Dorn, Johann Albert Bernhard, https: //www.deutsche-biographie.de/pnd11618261X.html#ndbcont ent ؛Johannes Albrecht Bernhard Dorn, https: //peoplepill.com/people/bernhard-dorn

(3) ب.ئا.دۆرن بەرهەمێکی زۆری نووسیوە و بڵاوکردوەتەوە، بۆ بینی بەرهەمەکانی بڕوانە:
http: //www.orientalstudies.ru/rus/index.php?option=com_personalities&Itemid=74&person=696

(4) ڤەناق کلاشۆڤیچ کوردۆییڤ: کوردناسی، س.پ، ل ٧.

ئێتنۆگرافیا) ی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا کاریکردووە، (زالیمان) لە پشتیوانیکردن و هاوکارییکردنی کوردناسان و کۆکردنەوەی کەرەستە و دەستنووسەکان و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان دەورێکی دیاری هەبووە.[5]

ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناس و کوردناس (فێردیناند یوستی ١٨٣٧ - ١٩٠٧) بە ڕەگەز ئەڵمانی لە ساڵی (١٨٥٣)ەوە دەست بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی دەکات، دوای ئەوەی چەند کارێکی دەربارەی زمانی هیندوئەوروپییەکان ئەنجام داوە * ، ڕوو دەکاتە ئێرانناسی و بایەخی بە لێکۆڵینەوەی ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتی و مێژوو و جوگرافیا و زمانە ئێرانییەکان داوە، [6] لەو چوارچێوەشەوە بایەخی بە زمانی کوردی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا داوە، جگە لە ئامادەکردنی (فەرهەنگە کوردی - فەرەنسییەکەی ژابا) چەند کارێکی دیکەی دەربارەی کورد ئەنجام داوە. [7] یەکێك لە کارە گرنگەکانی کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بوو کە لە ساڵی (١٨٨٠) بڵاویکردەوە، لەم کارەیدا کەڵکێکی زۆری لەو کەرەستە و مەتریاڵانەی لە ڕێکخستنی (فەرهەنگی کوردی - فەرەنسیەکەی ژابا) و بەرهەمەکانی (گارزۆنی، خۆدزکۆ، لێرخ، ئەلبێرت سۆسین) وەرگرتووە، بەشی یەکەمی ئەم بەرهەمە باسی فۆنێتیکە لە لاپەڕە (١- ١٠١) لە لێکۆڵینەوەی دەنگە دەنگدارەکاندا لە نێوان درێژی و کورتی و کۆکردنی دەنگدا جیاوازی کردووە و دەنگێکی جیاوازی داناوە، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی دەنگە دەنگدارەکان لە نووسراوەکەی ئەودا ژمارەیان زۆرتر بێت لەوەی کە لە ڕاستیدا لە زمانی کوردیدا هەیە. بەشی دووەمی لە لاپەڕە (١٠٢ - ١٢٢) تایبەتە بە پێشگر و پاشگر و وشەی لێکدراو(مركب)، بەشی سێیەمی لە لاپەڕە (١٢٣ - ٢٤٥)تایبەتە بە مۆرفۆلۆجیا (ناو، جێناو، ئاوەڵناو)، بەشی چوارەمی لە لاپەڕە (٢٤٦ - ٢٥٦) تایبەتە بە سینتکسیس. [8] لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەدا (دۆرن، ك. گ. زالیمان) هاوکاری ئەکادیمیای زانستەکانی ئیمپراتۆریەت بوون، ئەمە جگە لە هاوکاری و ڕۆڵیان لە بلاوکردنەوەی کارە کۆکراوەکانی (ژابا)، لەسەر پێشنیاری تورکناس (ڤ.ڤ.ڕادلۆڤ) و بە هاوکاری (دۆرن، زالێمان) ئەکادیمیای زانستەکان دوو بەرگی تێکستە کوردییەکانی (تی. پریما، ئا. سۆتسین)ی* لە ساڵانی (١٨٨٧ - ١٨٩٠) بڵاوکردەوە. [9]

ساڵانی (١٨٨٧-١٨٩٠) لەسەر بناغەی کەرەستە کۆکراوەکانیان (سۆتسین، پرایم) کتێبێکیان لە بارەی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردەوە، ئەم بەرهە (١٦) لاپەڕەی دەربارەی فۆنێتیك و (١٥) لاپەڕەی دەربارەی مۆرفۆلۆجیایە، لە بەشی مۆرفۆلۆجیا بە زۆری لە ناو و جێنا و کردار دواون، لە هەندێك حاڵەتی گۆڕینی وشەدا دەستوری زمانی فارسیان بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە. [10]

هەر لە دوای جەنگی ڕووسی - تورکی لە ساڵانی (١٨٧٧ - ١٨٧٨) و واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوانیان، ڕووسیا کۆمەڵێك نێردەی دیلۆماسی بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات نارد. کەسایەتییە دبلۆماتکار و سەربازییەکانی ڕووسیا تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوون لەسەر کارکردن لە ڕۆژهەڵات و بیوونە هاوکارێکی گەورەی گەشەپێدانی کوردناسیی لە ڕووسیا. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین کەسایەتی لێهاتوویی سەربازی و دبلۆماسی ڕووسیا کە زمانی

---

(5) С. И. Марахонова: Карл Германович Залеман академик ИАН(09.01.1850 — 13.12.1916),http: //www.orientalstudi es.ru/rus/index.php?opti n=com_personalities&Itemid=74&person=695

* بۆ بینی بەرهەمەکانی (ف. یوستی) بڕوانە: http: //www. orientalstudi es.ru/rus/index.php?opti n=com_personali ties&Itemi d=74&person=695

(6) L. C. Casartelli: OBITUARY NOTICES. FERDINAND JUSTI, The Journal of the Royal Asia tic Society of Great Britain and Ireland, (Oct., 1907), pp. 1119-1121؛ JUSTI, FERDINAND (WILH ELM JAKOB) ,https: //www. iranicaonline.org/articles/justi-ferdinand-wilhelm-jakob-german-scholar

(7) ژابا ئۆگۆست: فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی، س.پ، ل ٨.

(8) Ferdinand Justi: KURDISCHE GRAMMATIK, Commissionäre der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften: St. Petersburg: Eggers & C^' u. J. Glasunow,St. PETEBSBüRG, 1880

* بۆ بینینی بەرگی یەکەمی ئەم کارە بڕوانە: EUGEN PRYM UND ALBERT SOGIN: KURDISCHE SAMMLUNGEN, ERSTF ABTEILUNG, ERZAHLUGEN UND LIDER, IM DIALEKTE DES TUR ABIN, St. PETERSBOURG, 1887.

(9) К. К. КУРДОЕВ: Курдоведение,С 386 ؛ А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕ ЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 222.

(10) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٩١.

نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەزانی، دەستیان بە لێکۆڵینەوەی نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەلی کورد کرد، ڕاپۆرتەکانیان تێر و تەسەل بوون نەك تەنها لەو ڕوانگەیەی پەیوەندیدار بوون بە بواری سەربازی و دبلۆماسییەوە، بەڵکو بە زانیاری هەمەڕەنگ لە بارەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی ئەو ناوچەیەی بۆی نێردرابوون دەوڵەمەند بوو.[11]

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیست، هەست بە جۆرێك لە سستی لە ئاست لێکۆڵینەوەی کورد لە ئەکادیمای زانستەکان دەکرێت، زۆربەی کارەکانی زانایانی ڕووسیا دەربارەی کورد لەم کاتەدا لە بڵاکراوەکانی دەرەوەی ئەکادیمیا بڵاودەکرێنەوە.[12]

(س.ئا.یەگیزارۆڤ) لە ساڵی (١٨٩١)کتێبێکی بە ناونیشانی (مێژوویەکی کورتی ئیتنۆگرافی کوردی پارێزگای یەریڤان) لە (تەفلیس) بڵاوکردەوە، لەم کارەیدا سودی لە نووسراوەکانی (ئابۆڤیان، لێرخ) و هەروەها ئەو کەرەستە زۆرانەی کە خۆی لە ماوەی دوانزە ساڵی ژیانی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کۆیکردوەتەوە، وەرگرتووە، (یەگیزارۆڤ) لە کتێبەکەیدا باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشت و شین و ئاهەنگ و ئایین و بیروباوەڕی گەلی کورد کردووە، هەر لەم کتێبەدا بە هاوکاری (ل. پ. زاگورێتسکی) لە هەندێك بابەتی گرنگی ڕێزمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و وەك پاشکۆش دوو فەرهەنگیان داناوە، فەرهەنگی یەکەم (کوردی - ڕووسی) بە قەبارەی (٦٥) لاپەڕە، فەرهەنگی دووەم (ڕووسی - کوردی) بە قەبارەی (٥٧) لاپەڕە.[13] لە پاش کارەکانی (ئابۆڤیان، لێرخ) ئەم کارەی ئیتنۆگرافەری بەناوبانگ (یەگیزارۆڤ) لێکۆڵینەوەیەکی بە بایەخ و گرنگە دەربارەی کوردەکانی قەفقاز، بابەتی لێکۆڵینەوەکەی کۆمەڵایەتی بوو، ئەو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی موسوڵمان و ئێزیدییەکان، شێوازی ژیانی کۆچەری و نیشتەجێ، ژنهێنان و خێزان، خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان، ژیانی ڕۆژانە، کولتوور و داب و نەریتی کوردانی موسوڵمان و ئێزیدییەکان لێکۆڵینەوەی کردبوو. هەر لەم کارەیدا تێکستی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی بڵاو کردۆتەوە، ئەم بەشەی کارەکەی بە هاوبەشی لەگەڵ پسپۆڕی ڕووسی لە قەفقاز (زاگورسکی) ئەنجام داوە.[14]

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم (ڤلادیمێر ئەلێکساندرۆڤیچ کارتسوڤ) کتێبێکی بە ناونیشانی (تێبینییەکان دەربارەی کوردەکان) لە ساڵی(١٨٩٦) لە تەفلیس بڵاوکردەوە، ئەگەر چی کتێبەکە قەبارە بچوکە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەوڵەمەندە و جێگەی بایەخی کوردناسان بووە. زۆرێك لە کوردناسان لە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم، پشتیان بەم سەرچاوەیە بەستوە.[15]

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئیتنۆگرافەری بەناوبانگی ئەرمەنی و کۆکەرەوەی فۆلکلۆر (س. ئەیکونی) کۆکارێکی خۆی بڵاوکردەوە، کە تیایدا سێ داستانی کوردی لە زاری ئەرمەنەکانی ناوچەی (ڤانسکی) تۆمارکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە تێکستی (١٣) گۆرانی خۆشەویستی و پاڵەوانیەتی، (٥) داستان و وەرگێڕانێکی ئەرمەنی داستانی (مەم و زین) ی بۆ دابینکراوە و کاری وەرگێرانیشیان بۆ ئەنجام داوە. لە کۆتایی کارەکەیدا، نۆتەی مۆسیقی بۆ گۆرانییە کوردییەکان هاوپێچ کردووە.[16]

گەشەسەندنی بەرچاوی زانستی کوردناسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم پەیوەندیدارە بە دەرکەوتنی چالاکییە زانستییەکانی زانایان (نیکۆلای یاکوڤلیڤیچ مار، ڤلادیمێر مینۆرسکی، یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی، ڤ. ئە.

---

(11) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ئبدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل ٦.

(12) K. K. КУРДОЕВ: Курдоведение, С 386 ؛ А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕ ЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 222.

(13) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٩١-٩٢.

(14) А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕ- ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 222.

(15) Владимир Александрович Карцов: Заметки о Курдах, Тифлис, 1896.

(16) А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕ- ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 223.

گەردلێڤسکی)، کە بە دەرکەوتنیان لێکۆڵینەوە کوردییەکانیان پەرەپێدا و بناغەیەکی زانستییان لە لێکۆڵینەوەی مێژوو، ئیتنۆگرافیا، کولتووری کورد دانا.[17]

(ڤ. تە. گەردلێڤسکی) لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی لەسەر مێژوو و کولتووری نەتەوەی تورك، گرنگییەکی تایبەتیشی بە مێژوو و کولتووری کوردی داوە. لە گەشتەکانیدا بۆ تورکیا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات و زمانی ناوچەکە، مامەڵەی لەگەڵ مێژوو و ئیتنۆگرافیای نەتەوەی کورد کردووە. ئەو لە تێبینی و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی (کرماشان، بەختیاری، بەدلیس، ئەرمەن، ژیانی ئایینی قزڵباشەکان لە ئاسیای بچوك) وەسفی ژیان و دابونەریت و کولتووری نەتەوەی کوردی کردووە. لە هەندێك کاری تایبەت (مێژووی کورد، کورد و جەنگ، لەناو کوردانی سپیداغ، ئەو کارانەی کە تایبەت بوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان و خێڵی کوردی، ژیانی کولتووری و ڕۆحی نەتەوەی کورد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن، سیاسەتی سوڵتانەکانی تورك لە هاندانی ململانێی نێوان نەتەوەی کورد و ئەرمەن..هتد) زانیاری و وردەکاری زیاتری دەربارەی کورد خستۆتە ڕوو.[18]

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە (سانت پترسبۆرگ) گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە نێوان ڕۆژهەڵاتناسان دەربارەی بنەڕەت و مانا و دەلالەتی وشەی (چەلەبی) لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، تورکی) هەبووە. کۆمەڵێك وتار دەربارەی ئەم زاراوەیە (چەلەبی) نووسراوە، زاراوەکە بە مانای (میهرەبان و بەخشندە، میوزیکژەن، گۆرانیبێژ، ئاڵتەئامێز، چەتە) دەهات.[19]

لە نێو وتارەکاندا، وتارێکی ڕۆژهەڵاتناس و زمانەوان (ن. ی. مار ١٨٦٥ - ١٩٣٤) لە ساڵی (١٩١٢) لە بڵاوکراوەی دەستنووسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵەی ئارکیۆلۆجی بە ناونیشانی (زیاتر دەربارەی وشەی چەلەبی " لەبارەی مەسەلەی گرنگی کولتووری گەلی کورد لە مێژووی ئاسیای بچوکدا ") دەنگدانەوەی هەبوو، [20] لەم وتارەدا (ن. ی. مار) کۆمەڵێك ڕاستی بەهادار دەربارەی ڕۆڵی کورد لە مێژووی کولتووری گەلانی ئاسیادا ڕوندەکاتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد لە سەدەکانی دەیەم تا سەدەی سیازدەیەم، ڕۆڵێکی گرنگی دیوە لە چەسپاندنی دەرەبەگایەتی لە ئاسیای بچوك و خوڵقاندنی کولتووری بەنرخ بۆ گەلانی پشت قەفقاز. [21] هەروەها گەلێك نموونەی سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە مێژووی کولتووری میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا هێناوەتەوە و نیشانی داوە کە چۆن کورد لە سەدەکانی (١٠- ١٣) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە پێگەیاندنی ئاسیای بچوك و هێنانە ئارای کولتوورێکی بەنرخ لە مێژووی میللەتانی پشت قەفقاز.[22] پاشان (ن. ی. مار) ئەوە دەردەخات کە: "هەموو مانایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی وشەی (چەلەبی) لە زمانی کوردی خۆیدا بەکار هاتووە، بە تایبەتی لە نێوەندە میللییەکانی کورد لە پێش سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەم و لە مەیدانێکی فراواندا پێش ئەوەی ئەو نیشتەجێ دێرینە ڕەسەنەی ئەم گەلە لە زمانەوە بگۆڕدرێت بە ئێرانی".[23] (ن. ی. مار) لە کارەکانیدا ئاماژەی بە پێشکەوتنی تێڕوانینەکان لەسەر ڕۆڵی گەلی کورد لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا کردووە، ئەو کەلەپوری کوردی بەرزنرخاند و هاوکات لە ڕاپۆرتە بە ناوبانگەکەیدا بە ناوی " دیسان دەربارەی

---

[17] پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا فیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: لێکۆڵینەوە کوردییەکان - ئاراستەی باو لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا (لە کتێبی کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا: نیشتیمانی داستانی کەلتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس، بڵاوکراوەی گازپرۆم نەفت، ٢٠١٤)، ل ٦.

[18] А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 224.

[19] ڤەناق کلاشۆڤیچ کوردۆییێڤ: کوردناسی، ڕەئوف حەسن کردوویەتی لە کوردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٦، س.پ، ل ١٠.

[20] Марр Н: Еще о слове „челеби“ (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии), Записки Восточного Отделения Императорского Русского Археологического Общества, Том двадцатый, 1910, СПб.: Типография Императорской Академии Наук, 1912.СС. 99—151

[21] ڤەناق کلاشۆڤیچ کوردۆییێڤ: کوردناسی، ل ١٠؛ Марр Н: Еще о слове „челеби“ (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),С 139.

[22] А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,С 223.

[23] Марр Н: Еще о слове „челеби“ (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),С 150.

وشەی چەلەبی " لەسەر گەلی کورد نووسیویەتی: "هۆزە کوردییەکان لە مێژووی ڕۆژئاوای ئاسیا وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گرنگ ڕۆڵیان بینیوە وە تا ئێستاش ڕۆڵ دەبینن". [24] هەروەها دەنووسێت: "ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوانەی دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیتنۆگرافی کورد دراون، کە پەیوەندیدار بوون بە هۆزە کوردییەکان لە مێژووی ڕۆژئاوای ئاسیا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕەقاوین و تەواو ناڕاستن، کلیلی ڕونکردنەوەی ئەم دیاردانەش دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردی و گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیدا بەدوایدا بگەڕێین و لێی بکۆڵینەوە." [25]

ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەوەیە کە (ن. ی. مار) ڕوانینی بۆ مێژووی نەتەوەی کورد، وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز نییە. بەڵکو ئەو وەك مێژووی(جۆرجی، ئەرمەنی، خالدی)، لە مێژووی کوردی ڕوانیوە. بە جۆرێك کە ئێرانیبوونی نەژاد و زمانی کوردی ڕەتکردۆتەوە و وەك مێژووی یافتێیکان (جۆرجی، خالیدی، ئەرمەنی) لە مێژووی کوردی ڕوانیوە. لە لایەکی تر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی وشەی (چەلەبی)، (ن.ی.مار) گەیشتووە بەو باوەڕەی کە بنەڕەتی کورد و زمانی کوردی بە یافتی دابنێت.[26]

بیرو بۆچوونەکانی (ن.ی.مار) دوایی بوونە بنەمایەك بۆ دروستبوونی تیۆریایەکی هەڵە دەربارەی نەژاد و گەشەسەندنی گەلی کورد و زمانەکەی، بە تایبەتی لە کارەکانی (ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، ب. ف. مێللەر) ئەم تیۆریا هەڵانە دەرکەوتن.[27] کە بۆ ماوەیەك برەویان هەبووە و لێکۆڵینەوە لە نەژادی کورد و زمانی کوردییان بەرەو ڕێگەیەکی هەڵەبرد، تا ئەو کاتەی لەسەردەستی کوردناسانی سۆڤیەت و بەتایبەتی (ڤەناتی کوردۆ) ئەو تیۆریا و هەڵانە ڕاست کرانەوە.[28]

یەکێکی دیکە لە کوردناسە دیارەکانی ئەم قۆناغە (یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیلی ۱۸۸۷ - ۱۹٦۱)یە، لە لیکۆڵینەوەی زمان و کولتووری کوردیدا دەورێکی تایبەتی هەبوو، هەر ئەم زانایەش بناغەی کوردناسیی لە یەکێتی سۆڤیەت داناوە. بە هەوڵ و کارەکانی ئەم بوو بەشی کوردناسیی بۆ توێژینەوە لە زمان و ئەدەب و مێژوو و کولتووری کوردی لە لینینگراد دامەزرا. دەسپێکی کارە کوردناسییەکانی (ئۆربیلی)دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (۱۹۱۱-۱۹۱۲)کاتێك لەلایەن ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بە مەبەستی فێربوونی (شێوە زمانی مۆکسی) بۆ ناوچەکانی مۆکس ( لە باکوری کوردستان) نێردرا، [29] ئەم زانایە تا ئەو سەردەمەش سەرقاڵی کاری ئەرمەنناسی بوو، لەسەر داوای (ن. ی. مار) کەوتە سەرنجدان لە زمانی کوردی ئەو کوردانەی لە ناوچەی مۆکس لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەژیان، (یو. ئە. ئۆربیلی) لەو ناوچەیەدا، هەندێك تێکستی کوردی تۆمارکرد.[30] هەروەها کۆمەڵێك کەرەستەی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی ئەرمەنی و کوردی ناوچەی مۆکس کۆکردبۆوە، لەسەر بنەمای کەرەستە کۆکراوەکانی گەشتەکەی مۆکس فەرهەنگێکی کوردی - ڕووسی دانا.[31] بە پێی ئەو باسە بێت کە (ن. ی. مار) لە کۆبوونەوەی زانایانی(مۆزەخانەی ئاسیایی) لە

---

(24) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا فیدۆرۆفنا پۆپۆفا: س.پ، ل ٦.

(25) А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,СС 223 – 224.

(26) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ۹۱-۹۲.

(27) ڤەناتی کلاشۆڤیچ کوردۆیێڤ: کوردناسی، ل ۱۲.

(28) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پرۆفیسۆر ڤەناتی کوردۆ (کوردۆیێڤ): هەندێک بیرو باوەڕی هەڵە لە بارەی زمانی کوردی و مێژووی کوردەوە، وەرگێڕانی د.ئەورەحمانی حاجی مارف، پێداچوونەوەی د.کەماڵ مەزهەر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کوڕی زانیاری کورد، بەغداد، ۱۹۷۳.

(29) И. А. Орбели: Предварительный отчет о командировке в Азиатскую Турцию в 1911 — 1912 гг,Mélanges asiatiques,Tirés du Bulletin de l’Académie Impériale des sciences de St.-Pétersbourg. Tome XV (1911—1912). St.-Pétersbourg, Известия Императорской Академии Наук, 1912. С. 917—926.

(30) ڤەناتی کوردۆ: ی. ئا. ئۆربیلی و کوردناسی، و. ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغداد، ۱۹۷٥، ل ۱۱٦.

(31) А.Н.ХОХЛОВ, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,СС 223 – 224.

تشرینی دووەمی ١٩١٢ کردویەتی، فەرهەنگەکە ئەو کاتە بۆ چاپکردن ئامادەبووە، (ن. ی. مار) ئاماژەی بەوە کردبوو کە (ئۆربیلی) دواى پێداچونەوە و لە چاپدانی دەکات.[32]

کارێکی دیکەی (ئۆربیلی) سەبارەت بە زمانی کوردی، کارکردنی بووە لە دانانی ئەلفوبێی زمانی کوردی، ئەویش کاتێك لە ساڵی (١٩١٤) کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوداری کورد (عبدالرزاق بەدرخان ١٨٦٤ - ١٩١٨ز) وەك نوێنەری کۆمەڵەی کورد(جیهاندانی)* گەشتە پیترۆگراد بە مەبەستی دانانی ئەلفوبێی زمانی کوردی بە پشت بەستن بە پیتە ڕووسییەکان، لە لایەن ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسی(ئۆربیلی) ڕاسپێردرا بۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە.[33] بەڵام ئەم ئەلفوبێیە بڵاونەکرایەوە و ئەنانەت (ئۆربیلی) خۆشی بەکاری نەهێنا، جگە لە فەرهەنگە (کوردی - ڕووسییەکەی) کە بەو ئەلفوبێیە نووسیویەتی، ئیدی هەرچی دەربارەی کورد نووسیوە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسیویەتی.[34]

لە ساڵی (١٩١٤)(ئۆربیلی) بووە مامۆستای کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی پیتربۆرگ، هەر لەو ماوەیەشدا کتێبێکی بۆ خوێندنی ئەدەب و زمانی کوردی بە پیتی لاتینی دانا، بەڵام بلاونەکرایەوە. لەم کتێبەیدا، گەلێك تێکستی فۆلکلۆری کوردی نووسیوە، هەرچەندە بەشێکیان خۆی کۆیکردونەتەوە، بەڵام بەشی زۆری لە کتێبەکەی(یەگیزارۆڤ - مێژوویەکی کورتی ئەتنۆگرافی کوردی پارێزگای یەریڤان) وەرگرتبوون.[35]

(ڤلادیمێر مینۆرسکی ١٨٧٧ - ١٩٦٦) یەکێکی دیکەیە لە کوردناسە دیارەکانی ئەم قۆناغە، ئەو پیاوی سیاسی دوا قۆناغەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و ئێرانناس و کوردناسی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەشدارییەکی زۆری لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان کردووە. پێگەی ئەو لە نووسینەوەی مێژووی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، ئایین و ئایینزا کوردییەکان زۆر دیار و بەرچاوە، یەکێك لە کوردناسە دیارەکانە کە بەشێوەیەکی زاستی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی کورد ئەنجام داوە. (مینۆرسکی) لە ٥ ی شوباتی ١٨٧٧ لە شاری کۆرشیڤا لە هەرێمی ئڤێرسکایا لە دایك بووە و لە مۆسکۆ خوێندویەتی، کۆلێژی مافی لە زانکۆی مۆسکۆ لە ماوەی ساڵانی (١٨٩٦ - ١٩٠٠) تەواو کردووە، دواتر بە ئامانجی کارکردنی لە بواری دبلۆماسیدا پەیوەندی بە پەیمانگای لازاریف بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کردووە.[36] لە ساڵانی (١٩٠٠ - ١٩٠٣) لە پەیمانگای لازاریف (مینۆرسکی) لەسەر دەستی (پرۆفیسۆر ف.ئی. کۆرش، میرزا جەعفەر، میرزا عەبدوڵا غەفارۆڤ، بارۆن. ڕ. ستاکیلبێرگ) وانەی خوێندووە. بەسەرپەرشتی (پرۆفیسۆر ئە. ئی. کریمسکی، میخایل عەتایا) زمانی عەرەبی و(دکتۆر ستافرۆڤ ساکۆڤ، س. دزێرونیان) زمانی تورکی، مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە سەرپەرشتی (پرۆفیسۆر ڤسێڤۆلۆد.ف. میلەر) خوێندووە.[37]

لە یەکەم گەشتی بۆ ئێران لە ساڵی(١٩٠٢)دا، کۆمەڵێك کەرەستەی دەربارەی (ئەهلی هەق)کۆکردەوە، کە دواتر بووە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی کارێکی گەورەی دەربارەی (ئەهلی هەق) لە ساڵی (١٩١١).[38] دوای دەرچوونی لە پەیمانگای لازاریف

---

(32) ڤەناقی کوردۆ: ق. ئا. ئۆربیلی و کوردناسی، ل ١١٧ - ١١٨.

* کۆمەڵەی جیهاندانی لە ساڵی ( ١٩١٢ز) لەلایەن سمکۆخانی شکاک و عبدالرزاق بەدرخان لە شاری (خۆی - خوی) دامەزرا و لە ( ٢٧)ی تشرینی یەکەمی (١٩١٣ز) یەکەمین فوتابخانەی بە زمانی کوردی لە شاری (خۆی - خوی) کردەوە.

(33) پرۆفیسۆر دکتۆ ئیرینا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: لێکۆڵینەوە کوردییەکان - ئاڕاستەی باو لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا، ل ٦؛ A.H.XOXЛOB, П.М.Ш АСТИТКО ,А.А.КО ЖУХОВСКАЯ: ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕНН ОГО ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года,C 225.

(34) ڤەناقی کوردۆ: ق. ئا. ئۆربیلی و کوردناسی، ل ١٢٤

(35) ڤەناقی کوردۆ: ق. ئا. ئۆربیلی و کوردناسی، ل ١٢٠.

(36) D. M. Lang: OBITUARY VLADIMIR FEDOROVICH MINORSKY, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London , Vol. 29, No. 3 (1966),p694 ؛ JOHN ANDREW BOYLE: Vladimir Minorsky (1877-1966), Journal of Asian History , 1967, Vol. 1, No. 1 ,1967, p86 د.نەجاتی عەبدوڵا: سەرچڵێک لە بارەی ژیان و کارە کوردناسیەکانی؛ ڤلادیمێر مینۆرسکی(لە کتێبی بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی د.نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١.

(37) Ilya Gershevitch: Op. Cit, p56.

(38) D. M. Lang: Op. Cit, p694.

له ساڵی(١٩٠٣) دەستی بەکارکردن لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کردووە، لە ساڵانی(١٩٠٤ - ١٩٠٨) وەك وەرگێڕ و ڕاوێژکار لە کونسوڵی گشتی ڕووسیا * لە تەبریز و تاران کاریکردووە.[39]

یەکەمین بابەتەکانی مینۆرِسکی سەبارەت بە کورد، ئەو کارانەن لە ساڵانی کارکردنی دبلۆماسی خۆیدا کۆیکردبوونەوە، سەرئەنجامی گەشتەکانی بۆ کوردستان لە دوو ڕاپۆرتدا ڕەنگیانداوەتەوە (ڕاپۆرتێك سەبارەت بە گەشتێك بۆ خانیەی ماکۆ لە ١٩٠٥، زانیاری کۆکراوە لە کاتی گەشتێك بۆ (مەراغە) و ناوچەی ڕووبارەکانی زەرینە و سیمینە لە ساڵی (١٩٠٦). [40] لە ماوەی ساڵانی(١٩٠٨ - ١٩١٢)وەك فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە سانت پترسبۆرگ و ئاسیای ناوەڕاست خزمەتی کردووە، [41]( مینۆرِسکی) لە ساڵی (١٩١١) یەکەمین کاری خۆی دەربارەی کورد بڵاو کردەوە، کاتێك لە سانت پیترسبۆرگ کاری دەکرد.[42] وەرگێڕانی و بڵاوکردنەوەی دەستنووسی کتێبیی ئایینی (سەرئەنجام)ی ئەهلی هەقی بۆ سەر زمانی ڕووسی ئەنجامدا. ئەم کارەی (مینۆرِسکی) بە جیهانی ڕۆژهەڵاتناسی ناساند، دواتر لە ساڵانی (١٩٣٠ - ١٩٣١) وتارێکی دوورو درێژی بە دوو بەش لە گۆڤاری (دنیای ئیسلام) بە زمانی فەرەنسی دەربارەی هەمان گرووپی ئایینی بڵاوکردەوە، لە دوای ئەم کارە ئیدی (مینۆرِسکی) بووە ناوێکی دیاری دنیای ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی.[43]

لە (١٩١٢) دا (مینۆرِسکی) بە پلەی سکرتێری دووەم لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە قوستەنتینیە بووە بە فەرمانبەر، ساڵانی (١٩١٦ - ١٩١٧) وەك سکرتێری یەکەم لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە تاران کاریکردووە، مینۆرِسکی وەك ڕۆژهەڵاتناسێکی خاوەن ئەزموون هەوڵی لە پێناو دروستکردنی پەیوەندی پتەو لە نێوان ڕووسیا و گەلی کورد داوە، یارمەتیدەر بووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دوولایەنەی بۆ چەندین بارودۆخی سیاسی.[44]

سالانی (١٩١٣ - ١٩١٤) وەك نوێنەری ڕووسیا لە لیژنەی نێودەوڵەتی دیاریکردنی سنوری نێوان (ئێران و دەوڵەتی عوسمانی) بەشداربووە لە ڕوپێوکردنی (٧٠٠) میل لە سنوری نێوان ئەو دەوڵەتانە لە (خلیجی فارسی بۆ چیاکانی ئارارات)، [45] لە کاتی کارکردنی لەم لیژنەیەدا کۆمەڵێك زانیاری گرنگی دەربارەی (پارێزگای ساووجبولاغ، ناوچەکانی بانە، سووڵوز، تەشنەوی، دۆڵ) و زانیاری دیکەی دەربارەی نیشتەجێبوونی هۆزەکان، ئایین، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد، تایبەتمەندی سیاسەتی تورکیا و ئێران و ڕووسیا و ئینگلتەرا سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورددا کۆکردەوە، نووسینە دبلۆماسییەکان و ڕاپۆرتەکانی (ڤلادیمێر مینۆرِسکی) زانیاری گرنگ سەبارەت بە کەسایەتییە ناودارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کوردی وەك (ئیسماعیل بابان زادە، عەبدالرەزاق بەدرخان، ئیسماعیل خان سمکۆ) لە خۆ دەگرن.[46]

کۆی ئەو گەشتانەی کە (مینۆرِسکی) بۆ کوردستان کردوونی، لە ڕاپۆرتێکی درێژدا بە ناونیشانی (کورد تێبینیی و وردبوونەوە) لە پیترۆگراد لە ساڵی (١٩١٥ز) بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا دەربارەی جوگرافیا و جێنشینبوونی کورد، مێژووی کورد،

---

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەزموونی ژیانی دبلۆماسی (ڤ.مینۆرِسکی) بڕوانە: گودرز ڕشتیانی، ناهده عبد التاجدینی: فهرست تفصیلی گنجینه پژوهشی ولادیمیر مینورسکی، کتابخانه موزه ومرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران، ١٣٩٤، ص ١٣٨-١٦٢.

(39) JOHN ANDREW BOYLE Op. Cit, p86 د.نەجاتی عەبدوڵا: سەرچڵێک لە بارەی ژیان و کارە کوردناسیەکانی؛ ڤلادیمێر مینۆرِسکی؛ س.پ، ل ١١.

(40) ژ.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرِسکی (ئیشتیمالی داستانی کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩.

(41) Ilya Gershevitch: Op. Cit, p56.

(42) HISTORY OF KURDISH STUDIES, http: //www.iranicaonlin e.org/articles/kurdish-language-ii-histo ry -of-kurdish-studies

(43) Vladimir Minorsky: Notes sur la Secte des Ahlé-Haqq, In Revue du Monde Musulman, XL (1920), pp. 20-97 and XLV (1921), pp.205-302.

(44) ژ.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرِسکی (ئیشتیمالی داستانی کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩- ١٠

(45) JOHN ANDREW BOYLE: Op. Cit, p86؛ Ilya Gershevitch: Op. Cit, p53.

(46) ژ.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرِسکی (ئیشتیمالی داستانی کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩- ١٠

گوزەران و چین و ڕەگەزی کورد، زمان و ئەدەب و نووسین، ئایین، سرووشتی کورد، بارودۆخی ئافرەت، پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، کوردانی ڕووسیای کۆڵیوەتەوە.[47]

دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لە ڕووسیا و بەدەسەڵاتگەیشتنی بەلشەفییەکان لە ساڵی (١٩١٧ز) دا ، (مینۆڕسکی) نەگەڕایەوە بۆ ڕووسیا و ڕۆشتە فەرەنسا و پاشان بەریتانیا.[48] لە ئەوروپا بەردەوام بووە لەسەر لێکۆڵینەوە کوردناسیی و ڕۆژهەڵاتناسییەکانی و وتنەوەی وانە لە زانکۆکانی ئەوروپا و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی. ژیانی (مینۆڕسکی) بە حوکمی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە، دابەش دەبێت بۆ چەند قۆناغێکی لەیەك جیاواز (قۆناغی ڕووسی ١٨٧٧ - ١٩١٩، قۆناغی فەرەنسی ١٩١٩ - ١٩٣٢، قۆناغی بەریتانی و خوێندنگەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان ١٩٣٢ - ١٩٤٤، قۆناغی خانەنشینی ١٩٤٤ - ١٩٦٦).[49] لە ١٩١٩ خۆی و خێزانەکەی گەشتنە پاریس و دەستی بە وانە وتنەوە لە بواری ئەدەبی فارسی و مێژووی ئیسلامی و تورکیا کرد، دواتر لە ساڵی(١٩٣٢) ڕۆشت بۆ لەندەن و پاشان بۆ کامبریج، لەوێش کاری وانەوتنەوەی ئەنجام دەدا، لە ساڵی ١٩٤٤ (مینۆڕسکی)وازی لەکارکردن هێنا سەرەڕای ئەوەی وەك ئەندامێکی فەخری لە قوتابخانەی دیراساتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقی لە زانکۆی لەندەن مایەوە.[50]

(مینۆڕسکی) لە کاتی خزمەتکردنی دبلۆماسیدا دەستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوو و ئیتنۆگرافیا و زمانی کوردی کردووە، بە زۆر ناوچەی کوردستاندا گەڕاوە و گەشتی کردووە، لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و سەرۆك خێڵ و هۆزە کوردییەکان تێکەڵی پەیداکردووە، زانیارییەکانی لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی زۆر و گەڕانەکانی بە ناوچەکانی کوردستان کۆکردۆتەوە،[51] (مینۆڕسکی) بابەتێکی دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد و بردنەوەی بۆ سەر میدییەکان بڵاوکردەوە کە ئێستا لە تیۆری گەشەکردنی خانەوادەکانی گەلی کورد باڵادەستە.[52]

لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٥ بۆ ١٩٣٧) لەسەر بنەمای ئەو کەرەستە و ماتریاڵانەی کۆیکردبوونەوە، زیاتر لە (١٠٠) وتاری لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام * بڵاو کردۆتەوە.[53] مینۆرسکی لە دوای قۆناغی یەکەمی ژیانی، چەندین وێستگەی لە ژیانی زانستی و ئەکادیمی خۆیدا بڕیوە، ئەو مامۆستای زانکۆی لەندەن، ئەندامی ئەکادیمیای زانستی بەریتانیا، ئەندامی ئەکادیمیای زانستی فەرەنسی، ئەندامی شانازی کۆمەڵەی ئاسیای فەرەنسی، ئەندامی شانازی کۆمەڵەی ئاسیای ئەڵمانی، هەڵگری مەدالیای زێڕی کۆمەڵەی ئاسیای بەریتانی، هەڵگری دکتۆرای فەخری زانکۆی کامبریج، هەڵگری دکتۆرای فەخری زانکۆ سەربەستەکانی بەلجیکا بووە.[54] ئەگەر چی بە ناچاری لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆی مایەوە، بەڵام پارێزگاری لە پەیوەندی لەگەڵ زانایانی ڕووس و سۆڤیەت کردووە، لە ساڵی (١٩٦٠) ( مینۆڕسکی) بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمی ڕۆهەڵاتناسانی بۆ مۆسکۆ بانگهێشتکرا ** ، لەو سەفەرەیدا سەردانی لینینگراد و باکۆ و تەفلیسی کرد.[55]

---

(47) В.Ф. Минорский, Курды заметки и впечатления. – Петроград, 1915.

(48) اسعد ڕشیدی: م.پ. ولادیمیر مینورسکی: https: //rasekhoon.net/article/show/1256818/

(49) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طارق محمد اورحیم: المستشرق مینورسکي و اسهاماته في دراسة تاریخ الکرد في العصر الاسلامی (دراسة نقدیة)، مجلس کلیة اداب، رسالة ماجستر غیر منشورة، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٢، ص ٢٨ - ٦٧.

(50) JOHN ANDREW BOYLE: Op. Cit, p87.

(51) ز.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆڕسکی (نیشتیمانی داستان کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩.

(52) В.Ф. Минорский: Курды — потомки мидян Публикация, предисловие и комментарии З.А. Юсуповой, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей, Письменные памятники Востока, 1(18) весна – лето 2013,CC 206 – 211.

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وتارەکانی (ڤ.مینۆڕسکی) لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بڕوانە: گودرز ڕشتیانی، ناهدە عبد التاجدینی: م.پ، ص ٨٥-٩١.

(53) Ilya Gershevitch: Op. Cit, p53.

(54) JOHN ANDREW BOYLE: Op. Cit, p87 ؛ گودرز ڕشتیانی، ناهدە عبد التاجدینی: م.پ، ص، ١٢٤.

** بۆ بینینی وێنەی بەشداریکردنی (مینۆڕسکی) لەم کۆنگرەیەدا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

(55) ز.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆڕسکی (نیشتیمانی داستان کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩.

(مینۆرسکی) لە (٢٦ی ئازاری ١٩٦٦) لە شاری کامبریج کۆچی دوایی کرد، بەڵام پێشتر وەسێتی کردووە کە سەرجەم کتێب و دەستنووس و بابەتە بڵاونەکراوەکانی و ئەرشیفەکەی پێشکەش بە مۆزەخانەی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێتی لە لینینگراد بکرێت. لەسەر وەسیەتی خۆی، بە خاکسپاردنی تەرمەکەی لە گۆرستانی (نۆڤیدێڤیچ) لە مۆسکۆ بۆ دوبارە کرایەوە.[56] لە پاڵ زیاتر لە (٢٠٠) کاری زانستی دەربارەی کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەرشیفی کەسیی (مینۆرسکی) ٤٣٨٥ یەکەی پارێزراو بە زمانەکانی (ڕووسی، زمانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) لەخۆ دەگرێت. سەرەڕای کاری زانستی و ڕاپۆرتی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندن و زانیاری دەربارەی نێردە زانستی و دبلۆماسییەکان، ژمارەیەکی زۆر وێنەی لەخۆ گرتووە. هەروەها لە پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان، کۆمەڵێك دەستنووسی ڕۆژهەڵاتی پارێزراون کە لە لایەن(مینۆرسکی)یەوە کۆکراونەتەوە و لەنێو ئەوانەدا دەستنووسی کوردیش بەدی دەکرێن.[57]

ڤازیل نیکیتین یەکێکی دیکەیە لەو کوردناسانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەشداری لە گەشەپێدانی کوردناسیی لە ڕووسیا کردووە، ئەزمونی ژیانی دبلۆماسی لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و ژیانی ئەکادیمی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری(١٩١٧) هاوشێوەی (مینۆرسکی) یە. ڤازیل نیکیتین لە (١٨٨٥) لە پۆڵۆنیا لە دایك بووە، لە قۆناغی لاوێتیدا خوێندنەکانی بە زمانی پۆڵۆنی و ڕووسی بوون، کاریگەری مامۆستای زمانی فەرەنسی لەسەری کە زۆرێک لە ناوچەکانی ئاسیای ڕووسیا و دەریای ناوەڕاست گەڕابوو، نیکیتینی بەرە و ڕۆژهەڵات کێشکردووە. ساڵانی (١٩٠٠ - ١٩٠٢) چەند گەشتێکی بۆ ناوچەکانی دەریای ڕەش و قەفقاز کردووە و ساڵی (١٩٠٣) لە وارشۆوە سەردانی مۆسکۆ دەکات پاشان دەچێتە قەفقاز و جۆرجیا و دورگەی قرم، لەم سەردانەیدا حەزێکی زۆری بۆ ڕۆژهەڵات لە لا دروست دەبێت و دەبێتە هاندەری بۆ خوێندنی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی.[58]

دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، (ڤازیل نیکیتین) بۆ خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی دەچێتە پەیمانگای لازەریف و ساڵی (١٩٠٧) خوێندن لەو پەیمانگایە تەواو دەکات. ساڵی (١٩٠٨) لە قوتابخانەی (درومگان)ی کاروباری دەرەوەی (سانت پیترسبۆرگ) وەردەگیرێت، ساڵی (١٩٠٩) بۆ بەشداریکردن لە خولێك لەگەڵ خوێندکارێکی دیکە دەچێتە کونسوڵی ڕووسیا لە ئەسفەهان. دوای تەواوکردنی خوێندنکەی، لە ساڵی (١٩١٠) دەچێتە ناو وەزارەتی کاروباری دەرەوە و لە ئەرشیفی سیاسیی کار دەکات، لە نۆڤەمبەری (١٩١١) وەك سکرتێر و وەرگێر لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە ڕەشت(ئێران)دیاریدەکرێت. ساڵی(١٩١٣)دەبێت بە کارگێری کونسوڵخانە و ساڵی (١٩١٤) پۆستی جێگری کونسوڵی کونسوڵخانەی گشتی لە(تەورێز) پێدەدرێت و تا هاوینی (١٩١٥) بەردەوام دەبێت لەم پۆستە و پاشان دەکرێت بە کونسوڵی ڕووسیا لە ورمێ.[59] دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) ڤازیل نیکیتین نەگەڕایەوە بۆ ڕووسیا و ڕۆشتە فەرەنسا و تا کۆتایی ژیانی هەر لە فەرەنسا مایەوە، مانەوە لە فەرەنسا هیچ شتێکی تایبەت بە ئەنجامدانی کارەکانی و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ئێران و کورد نەگۆڕی و تا ساڵی ١٩٦٠ و کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو.[60]

(نیکیتین) لێکۆڵینەوە و نوسینەکانی لەبارەی کوردەوە بە زمانەکانی ( ڕووسی، فەرەنسی، پۆڵۆنی، ئینگلیزی) بڵاوکردووەتەوە. سەرەتا بە زمانی ڕووسی لە (١٩١٥ز) بەرهەمێکی لەبارەی ( دەستوری وشەسازی بە زمانی کوردی) بڵاوکردەوە. لە دوای ساڵی (١٩١٧ز) ڤازیل نیکیتین لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی بەردەوام بووە، لە ساڵی (١٩٢١ز) چەند وتارێکی بە ناونیشانەکانی ( چەند تێبینییەک لە بارەی کوردەکانەوە، والییەکانی ئەردەڵان، خالیدییەکان نەتەوەیەکی بچکۆلەی قوربانی جەنگ) بڵاوکردەوە. لە ساڵی (١٩٢٢ز) چەند بابەتێکی لە بارەی (گێڕانەوە کوردی و فارسییە جیاوازەکان، ژیانی ناوماڵی کورد، کورد و مەسیحایەتی) بڵاوکردەوە، لە ساڵی ( ١٩٢٣ز) حیکایەتا سەتۆ ئەتێ ( ئەم گوتارە وەرگێڕانی چیرۆکێکی کوردییە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، چیرۆکەکە لە لایەن مەلا سەعیدی قازی کوردستانییەوە نوسراوە، ڤازیل نیکیتین و مێجەرسۆن کاری وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ئەنجام داوە. لە ساڵی ( ١٩٢٤ز) چەند

---

(56) مینۆرسکی: کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ١٣، ٢٣.

(57) ز.ا. یوسوپۆڤا: کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پرۆفیسۆر ڤلادیمیر مینۆرسکی (نیشتیمانی داستانی کولتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس)، ل ٩.

(58) بازیل نیکیتین و کوردناسی: س.پ، ل ١٧.

(59) طهمورث ساجدی صبا: شرح حال نیکیتین، نامە فرهنگستان، شمارە ٣٠، سال ١٣٨٥، ص ٢٠٥ - ٢٠٦؛ محمد ملا حسینی: بازیل. پ. نیکیتین، https://www.hamshahrionline.ir/news.

(60) محمد رستمی: ایران شناسان و ادب فارسي، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران، ١٣٩٠، ص ٣١٣ - ٣١٤.

سەرنجێک دەربارەی پرسی موصڵ و تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی شانۆی جەنگی گەورە لە باکور - ڕۆژئاوای ئێرانی بڵاوکردووەتەوە، ئەو لە ساڵی ( ١٩٢٥ز) بە زمانی پۆڵۆنی دەربارەی (پرسی کورد و موصڵ) لە گۆڤاری کراکۆڤی هاوچەرخ ژمارە ( ٥٠ - ٥١) بابەتێکی بڵاوکردەوە، بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی کۆمەڵێک کار و بەرهەمی خۆی بڵاوکردوەتەوە، هەر لەو ساڵەدا دوو وتاری دەربارەی (کوردەکان باسی خۆیان دەگێڕنەوە، دەرەبەگایەتی کورد) بڵاوکردووەتەوە. چیرۆکە کوردییە کۆکراوەکانی لە ( ١٩٢٦ز)بڵاوکردووەتەوە. لە ( ١٩٢٩ز) بە ناونیشانی ( کوردۆلۆژی بە کوێ گەیشتووە؟) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە. لە ( ١٩٣٣) دوو بابەتی بە ناونیشانەکانی ( ستایشی کوردی سۆڤیزم،چەند سەرنجێک لەبارەی کوردەوە) بڵاوکردووەتەوە. لە ( ١٩٣٤) بابەتێکی لەسەر ( شەمدینان) و لە ( ١٩٣٥) چەند بابەتێکی دەربارەی ( هەوڵدانێک دەربارەی پۆلێنکردنی فۆلکلۆر لەسەر بنەمای دۆزینەوە سۆسیۆ - ئابوورییەکان، سیستەمی ڕێگاوبان لە کوردستاندا، پرسی کورد)بڵاوکردووەتەوە. جگە لە خوێندنەوەی چەند کتێبێک و بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی دیکە، نیکیتین بە ناوبانگترین کاری بە ناونیشانی ( کورد لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی) لە ( ١٩٥٦) بڵاوکردووەتەوە. [61]

## بەشی دووەم : گەشەسەندنی زانستی کوردناسی و ناوەندە کوردناسییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ

### باسی یەکەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ( یەریڤان، باکۆ، تەفلیس).

### باسی دووەم :کوردناسی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد.

### تەوەری یەکەم: کوردناسی و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد.

---

(61) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کارە زانستییەکانی (ڤازیل نیکیتین) بڕوانە : بازیل نیکیتین : شرق شناس روسي، https://www.iranstar.com/fa/Akhtari-bazil-niktin ؛ د. ئەحاق عەبدوڵا بیبلیۆگرافیای کارە زانستییەکانی نیکیتین لە بارەی کوردەوە لە کتێبی بازیل نیکیتین و کوردناسی : س.پ، ل ٢٨ - ٣٧؛ بازیل نیکیتین : ایرانی کە من شناختم، مترجم. علیمحمد فرەوشي، چاپ اول، ١٣٩٥ ؛ خاطرات و سفرنامە مسیو پ نیکیتین ( قنسول سابق روس در ایران) ، ترجمە. علیمحمد فروشي، چاپ اول، کانون معرفت - تهران - خیابان لالەزار،١٣٢٦ ؛ باسیلی نیکیتین : الکرد ( دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة)، تقدیم . لویس ماسینیون، نقلە من الفرنسیە و علق علیه . الدکتور نوری طالباني، الطبعة الثالثة، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر سلیمانیة، ٢٠٠٧ ؛ Nikitin, Vasilïĭ Petrovich 1885-1960 : http://worldcat.org/identities/lccn-n93005910/

تەوەری دووەم: کوردناسی و ئەدەبیاتی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد.

تەوەری سێیەم: کوردناسی و مێژووی کورد و کوردستان لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد.

باسی سێیەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە مۆسکۆ.

تەوەری یەکەم: (م. ئە. حەسرەتیان ١٩٢٤ - ٢٠٠٧) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی تورکیا و پرسی کورد لە تورکیا.

تەوەری دووەم: (م. س. لازارێف ١٩٣٠ - ٢٠١٠) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ناسیۆنالیزم و پرسی کورد لە میانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

تەوەری سێیەم: (ئۆلگا ژیگالینا ١٩٤٦ - ٢٠١٣) و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## بەشی دووەم: گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی و ناوەندە کوردناسییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ

لە دوای دروستبوونی یەکێتی سۆڤیەت(١٩٢٢ - ١٩٩١) ، دەسەڵاتی نوێ گرنگی زۆری بە کارەکانی ئەکادیمیای زانستەکان دەدا، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاری ئەکادیمیاکە، سەرجەم توێژەرە پێشەنگەکانی کۆکردەوە و پشتیوانی دارایی بۆ توێژینەوەکانیان دابین کرد، ئەمەش ڕۆڵی ئەکادیمیای زانستەکان و بەشداری لە پرسە ئابووری و تەکنیکییەکانی ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیریدا لەم سەردەمەدا فراوان کرد. [١] وەك دەرئەنجامی گۆڕانکارییە نوێیەکان، لەسەر ئاستی سیاسی و دامەزراوەیی و بیری سیاسی، سرووشتی بوو کە ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو بانگەشە بۆ توێژینەوەکانی بکات، لە دوای ساڵی (١٩١٧ز) و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی بۆ ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو وەك دەزگایەکی ڕێکخراوی دەوڵەتی دەردەکەوت، [٢] لە سەر ئاستی دەسەڵاتیش، بەلشەفیکەکان لە داڕشتنی سیاسەتی نیونەتەوەییان، پشتیان بە شارەزایی و ئەزموونی ڕۆژهەڵاتناسان دەبەست. [٣] پەیوەندی نێوان توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمی و سیاسەتی دەوڵەت هاوشانی یەکتری بوون، سیاسەتی بەلشەفیکەکان نەخشی بەسەر ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی هەبوو. [٤] بە جۆرێک هزری سیاسی و فەلسەفەی مارکسیزم دەربارەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵە

[١]Russian Academy of Sciences: Op. Cit.؛History of Russian Academy of Sciences, Op. Cit.؛Academy of Sciences Russian organization, , Op. Cit.
[٢]Alfrid Kashafovich Bustanov: , Op. Cit.,P 11.
[٣]VERA TÖLZ: ORIENTALISM, , Op. Cit., P 129.
[٤]Alfrid Kashafovich Bustanov: , Op. Cit.,P 16.

مرۆیەکان، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی و کارکردن و خوێندنەوەی بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤیەت هەبوو.*

لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت گۆڕانکاری لە ناوی (ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا) کرا بە جۆرێك ساڵانی (١٩٢٥ بۆ ١٩٩١ز) ناوی ئەکادیمیاکە بۆ (ئەکادیمیای زانستەکانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت)گۆڕدرا، بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەکادیمیاکە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە ساڵی (١٩٣٤ز) ئەکادیمیاکە لە لینینگرادەوە بۆ مۆسکۆ گوێزرایەوە.[٥]

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا (مۆزەخانەی ئاسیایی) وەك ئاکە ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستەکاندا، لەسەر کارکردن بەردەوام بووە. لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن (وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت)، جەخت لەسەر پێویستی خوێندنی بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان کرایەوە.[٦] سەرەڕای گەشەسەندنی بەشە جیاوازەکانی ئەکادیمیای زانستەکان و بوونی چەندین توێژەری پسپۆڕ لە ناوچە جیاوازەکاندا، لەم کاتەدا پێویستی یەکخستنی چالاکی ئەو بەشە جیاوازانە هاتە ئاراوە.[٧] لە ساڵی (١٩٣٩ز) حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت، ڕاگەیەندراوێکی تایبەتی سەبارەت بە پێویستی لێکۆڵینەوە لە نەتەوە و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بڵاوکردەوە و جەختی لەسەر گرنگی لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەسەر ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی هەلومەرجە سیاسییە نوێیەکەدا کردەوە.[٨] لەم چوارچێوەیەشدا مۆزەخانەی ئاسیایی لەگەڵ هەریەك لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسی و پەیمانگای ڕۆشنبیری بوزی و بەشی زانستە تورکیەکان ئاوێتەکران و پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمای زانستەکانی یەکێتی سۆڤیەتیان لێدروستکرا. ئەرکی پەیمانگاکە بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و نوێی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی، پرسە ئابوورییەکان، ئێتنۆگرافیا، کولتووری وڵاتانی ئاسیا و باکوری ئەفریقا دیاریکرا.[٩]

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەشێکی زۆری زاناکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ بەرەی جەنگ لە (تاشکند) ئۆزبەکستان گوێزرانەوە و بەشێکیان لە(لینینگراد) مانەوە، ژمارەیەك لەو زانایانەی ڕۆشتنە بەرەکانی جەنگ، گیانیان لەدەستدا، هەندێکیش لەوانەی کە ڕزگاریان بوو گەڕانەوە و درێژەیان بە کارکردن لە چوارچێوەی پەیمانگاکە دا.[١٠] هەروەها بەهۆی گەمارۆدانی (لینینگراد) لە کاتی جەنگدا پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی هەندێك لە توێژەرانی لەدەستدا.[١١] لەدوای جەنگ، هەلومەرج و بارودۆخێکی نوێی جیهانی لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆی وڵاتان هاتەئاراوە، بۆ ڕۆژهەڵاتناسی

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Michael Kemper: Red Orientalism: Mikhail Pavlovich and Marxist Oriental Studies in Early Soviet Russia, Die Welt des Islams, Vol. 50, Issue 3/4, 2010, pp 435-476.

(٥)Russian Academy of Sciences, , Op. Cit. ؛History of Russian Academy of Sciences, Op. Cit. ؛ Academy of Sciences Russian organization, , Op. Cit..

(٦)History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , , Op. Cit.؛The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, , Op. Cit.

(٧)Dr.M.I.Vorobyova-Desyatovskaya: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, , Op. Cit.

(٨)History of the IV RAS: XIX century, Previous source ؛The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences Previous source History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Op. Cit.؛. پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا فیدۆرۆفنا پۆپۆڤا، س.پ، ل٦

(٩)History of the IV RAS: XIX century, , Op. Cit.

(١٠)История института: Указ. соч ؛ History of the IV RAS: XIX century, Previous source.

(١١)History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Op. Cit.؛ The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, , Op. Cit..

سۆڤیەتیش ئەم هەلومەرجە نوێیە پرسێکی ئاڵۆز و ڕژد بوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی سۆڤیەت پێویستیبەکی نوێ بوو.(١٢)

لە (١ی حوزەیرانی ١٩٥٠ز) دەستەی سەرۆکایەتی ئەکادیمیای زانستەکان پێشنیاری بۆ حکومەتی سۆڤیەتی کرد کە پەیمانگاکە بۆ مۆسکۆ بگوازنەوە،(١٣) لەگەڵ بڕیاری گواستنەوەی پەیمانگاکە بۆ مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٥١ز)دا، کتێبخانەی پەیمانگاکە و سەرجەم دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان و کتێبە چاپکراوەکان لە لینینگراد هێڵرانەوە و پارێزران.(١٤) لە شوباتی(١٩٥٦ز) دووبارە بەشی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان وەك لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بە سەرۆکایەتی ئەکادیمی (ئۆربیلی) ڕێکخرایەوە. لە (١٩٦٠ز) بۆ مۆزەخانەی گەلانی ئاسیا گۆڕدرا، دووبارە لە (١٩٦٩ز) ناوی پێشووتری (لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) جێگیر کرایەوە.(١٥)

پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ و بەشی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، دوو ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسی یەکێتی سوڤیەت بوون، سەرەڕای پەیوەندداریان پێکەوە بەڵام جۆرێك لە جیاوازی و ناڕوونییەك لە مەودای کارکردن و تێکەڵییەك لە ئەرك و ستراتیژیان هەبوو. سەرئەنجام لە( ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ز) لە لایەن سەرۆکایەتی ئەکادیمیای زانستەکان، ئەو جیاوازییەی لە کاری ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان هەردوو ناوەندی (مۆسکۆ و لینینگراد) هەبوو چارەسەرکرا.(١٦) لەم سۆنگەیەوە کاری لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لێکۆڵینەوە و ناساندن و هەڵسەنگاندن و چاپکردنی تێکستە پارێزراوەکان، ئەنجامدانی توێژینەوەی بنەڕەتی لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و ئەدەبیاتی کلاسیکی و کولتوور و ئایین و فەلسەفە و یاسا بوو. ناوەندی (مۆسکۆ) سەرنجی لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوچەرخ بوو. هەروەها لقی لینینگراد، ئەرکی نوێنەرایەتی سەرەکی لە پەیوەندیەکانی نێوان لینینگراد و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات بەجێدەهێنا.(١٧)

لە ساڵی (١٩٩١ز) بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، دامودەزگا زانستییەکانیش پریشکی ئەو گۆڕانکارییانەیان بەرکەوت. بە بڕیاری سەرۆکی ڕووسیا لە (٢١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩١) ئەکادیمیای زانستەکانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت بۆ ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا گۆڕدرا.(١٨) هەروەها لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی تا ساڵی (١٩٩١ز) بە هەمان ناو لەسەر کارکردن بەردەوام بوو، لە دوای ساڵی (١٩٩١ز) بۆ لقی سانت پترسبۆرگی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی گۆڕدرا، (١٩) تا ساڵی (٢٠٠٧ز) بەردەوام بووە. لە (١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٧) سەرۆکایەتی ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بڕیاری دووبارە ڕێکخستنەوەی (لقی سانت پترسبۆرگی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) دا، ئەم لقە بۆ پەیمانگایەکی سەربەخۆ

---

(١٢)History of the IV RAS: XIX century, , Op. Cit..

(١٣)Alfrid Kashafovich Bustanov, Op. Cit., P 35 ؛History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , , Op. Cit. ؛ The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, , Op. Cit.؛ History of the IV RAS: XIX century, , Op. Cit. ؛Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, , Op. Cit..

(١٤)Институт востоковедения Академии наук Санкт-Петербургского филиала: Предыдущий источник ؛ Dr. M. I. Vorobyova-Desyatovskaya: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, , Op. Cit.

(١٥)Institut vostochnykh rukopisei RAN (IVR), http: //abb.eastview.com/rep/E-30.tab2.php?b=%2FE.ph p%23E-30 ؛ شعبه انستیتوی شرق شناسي اکادمی علوم روسیه در سانت پترزبورگ: م.پ.

(١٦)History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , , Op. Cit.

(١٧)The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, , Op. Cit.

(١٨)the Russian Academy of Sciences, , Op. Cit.؛Academy of Sciences Russian organization, , Op. Cit.

(١٩)Институт востоковедения Академии наук Санкт-Петербургского филиала: Указ. соч.

بە ناوی (پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان) گۆڕدرا.[20] هەر لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتەوە، زانستی کوردناسیی بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی کردووە. ئەم وڵاتە لە بواری کوردناسیدا، لە سەر ئاستی جیهان یەکێکە لە ناوەندە پێشەنگەکان، هیچ وڵاتێکی تر بەو شێوە فراوانە خاوەنی تیمی پسپۆڕی کوردناسیی نەبووە.[21]

بە وردبوونەوەمان لە مێژووی گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو کە دەیەی (١٩٧٠ - ١٩٨٠)کان سەردەمی زێڕینی پەرەسەندنی زانستی کوردناسییە، کوردناسیی لە هەریەك لە ناوەندە ڕۆژهەڵاتناسیەکانی سۆڤێتیی (یەریڤان، لینینگراد، مۆسکۆ) بایەخی بەرچاوی پێدراوە. لە دەرەوەی ئەم سێ ناوەندە و بەشەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە کورد، کوردناسان لە چەند دامەزراوە و دەزگایەکی دیکە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی پرسە جیاوازەکانی مێژوو و زمان و ئەدەبیات و ئیتنۆگرافیای کورد ئەنجام داوە. دیارترین ئەو دەزگا و دامەزراوانەش (پەیمانگای ئیتنۆگرافیای سەر بە ئەکادیمای زانستەکانی سۆڤێت، پەیمانگای زمانەوانی، ئەکادیمیای زانستەکانی ئازەربایجان، پەیمانگاکانی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمەنستان و تورکمانستان) بوون.[22]

## باسی یەکەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە (یەریڤان، باکۆ، تەفلیس)

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی، بوون بە هۆی سستبوونی چالاکی کوردناسان و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان. بەبەراورد بە سەردەمی پێشووتر، ئەو پێشکەوتنەی هەبوو لەم کاتەدا بەدینەدەکرا. بارودۆخە سیاسییە نوێیەکە، ببووە هۆی ئەوەی بە شێك لە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان ڕووسیا جێبهێڵن. بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٣٩ز)، لە ژێر کاریگەی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەسەر

---

(٢٠)History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) , Op. Cit.

(٢١)KHANNA OMARKHALI: OBITUARY Prof Dr Ol'ga Zhigalina (1946–2013) , Kurdish Studies, Volume: 2, No: 1,MAY 2014,P 75.

(٢٢)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, Wiener Jahrbuch für Kurdische Studien 2 Jahrgang 2014, p160.

وڵاتانی ڕۆژهەڵات و لە چوارچێوەی هەلومەرجە سیاسیە نوێیەکە، چالاکیی کوردناسان و لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەوتنیان بەخۆوە دی. لە خوێندنگەکانی ئەرمینیا، دەست بە خوێندنی زمانی کوردی کرا و ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) چاپ و بڵاو کرایەوە.[١]

سەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆی بایەخدان بە کورد لە ئەرمەنستانی سۆڤێتیدا، دانانی ئەلف و بێی کوردی لە ساڵی (١٩٢٨ز) و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بوو. لەمەوە هەست بە پێشکەوتنی کاری کوردناسی، لە ناوەندێکی دیکەی سۆڤێت دەکرێت. لە ساڵانی سییەکاندا، بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی زمانەوانی و ئێتنۆگرافی و فۆلکلۆری دەربارەی کورد، چەند لیژنەیەک سەردانی گوندە کوردییەکانی ئەرمەنستانیان کرد، دوو کەسایەتی دیار و بەناوبانگی کورد (ئەمینی عەڤداڵ ١٩٠٦ - ١٩٦٤ز) و (حاجی جندی ١٩٠٨ - ١٩٩٠ز) لە کاروباری ئەو لیژنانەدا هاوبەشییان کرد.[٢]

لە (ئەمووزی ١٩٣٤) کۆنگرەی یەکەمی سۆڤیەتی بۆ کوردناسیی لە یەریڤان بەسترا، کە تیایدا ئەو دەستکەوتە زانستیانەی لە سۆڤیەت دەربارەی کورد و کوردستان وەدەست هاتبوون خرایە ڕوو، ئاماژە بە دەرکەوتنی ڕۆشنبیرانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت کرا، نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەیی کورد بە زمانی کوردی دەستپێکرد.[٣] گرنگانی ئەم کۆنفرانسە، ڕۆڵی دیاری لە پێشخستنی کوردناسیی سۆڤێتدا هەبوو. لەم کۆنفرانسەدا، چەند وتارێکی زانستی پێشکەشکران. بۆ نموونە حاجی جندی بە ناونیشانی (ڕێگای پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی کوردی سۆڤێت)، ئەمینی عەڤداڵ دەربارەی (ڕێنووسی زمانی کوردی)، (ڤەناتی کۆردۆ ١٩٠٩ - ١٩٨٥ز) بە ناونیشانی (بنچینەی ڕێزمانی زمانی کوردی)، (عەرەبی شەمۆ ١٨٩٧ - ١٩٧٨ز) دەربارەی (کێشەی دەرەبەگایەتی لای کوردی پشت قەفقاز) پێشکەشکران.[٤] هەر لەم کۆنفرانسەدا، بڕیاری وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ سەر زمانی ڕووسی درا و لە لایەن (ف. ب. ڕۆستۆپچین ١٩٠٤ - ١٩٣٧ز) دەستکرا بە ئەنجامدانی ئەم کارە.[٥]

لە ساڵی ١٩٣٥ (ئا.خاچاتۆریان ١٩٠٣ - ١٩٧٨، حاجی جندی) کتێبێکی ڕێزمانییان تایبەت بە زمانی کوردی بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان دانا. ئەم بەرهەمەش هەروەك بەرهەمەکانی پێشوو، کەموکورتی تێدایە، هەمان هەڵەی نووسەرانی پێشوو سەبارەت بە ڕێزمانی زمانی کوردی دووبارە کراونەتەوە. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت دانەرانی ئەم کتێبە هیچ کارێکی پێشینەیان لەبەردەستدا نەبووە تا پشتی پێببەستن، سەرەڕای ئەم کەموکورتیانەش بەرهەمە هاوبەشەکەیان دەوری گرنگی لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری کوردی لە ئەرمەنستان بینی.[٦]

ئەمینی عەڤداڵ کەسایەتییەکی دیاری ئەم ناوەندەی لێکۆڵینەوە کوردناسییەیە، لێکۆڵینەوە زانستی و وتارەکانی بە زمانی ئەرمەنی و ڕووسی و کوردی بڵاو کردۆتەوە، خزمەتێکی گەورەی بە ڕۆشنبیری گەلی کورد کردووە، لە دامەزراندن و گەشەسەندنی کوردناسیی سۆڤێتدا لەم ناوەندەدا، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و لە گەشەسەندنی ئاستی کوردناسیی لە یەریڤان پێگەی دیاری هەیە، کارەکانی ئەو زۆرتر تایبەت بوون بە وەسفی ژیان و کولتووری کوردانی ئەرمەنستان، جۆرجیا، ئازەربایجان.[٧]

(ئەمینی عەڤداڵ، حاجی جندی) پێکەوە لە ساڵی (١٩٣٦)کتێبێکیان لە دوتوێی (٦٦٣) لاپەڕە دەربارەی فۆلکلۆری کرمانجی بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیاندا کۆمەڵێك چیرۆکی فۆلکلۆر و داستانی بەربڵاوی زارەکی نێو کوردیان، وەك (مەم و زین، سیابەند و خەجێ، مەمێ و ئایشێ، زەمبیل فرۆش، لەیلا و مەجنون، دەروێش عەبدی، دمدم) کۆکردۆتەوە.[٨]

---

(١)К.В.Вертяев: КУРДОВЕДЕНИЕ В ИНСТИТУТЕ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН. ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ВЕСТНИК нститута востоковедения РАН, NO 4, 2018, C 11.

(٢) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٩٥.

(٣) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل ٦.

(٤) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٩٥.

(٥) ڤەناتی کلاشۆڤیچ کوردۆیێڤ: کوردناسی، ل ١٥.

(٦) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ٩٦ - ٩٧.

(٧)Курдоев К. К.: Труды Амине Авдала (1906—1961) по курдской этнографии, C54.

(٨)Heciyê Cindî,Emînê Evdal: Folklora kurmanca (Kitêba pêşin),Neşra Hukmata Ermenistana Şewrê, 1936.

یەکێك لە کارە دیارەکانی ئەمینی عەڤدال دەربارەی ئیتنۆگرافیای کوردەکان بە ناونیشانی (ئافرەتی کورد لە خێزانی باوکسالاریدا بە پێی کەرەستە تیتنۆگرافیك و فۆلکلۆرییەکان) لە ساڵی (١٩٤٨ز) بڵاوکراوەتەوە. لەم کارەیدا باسی لە پێگەی ژنی کورد لە خێزاندا، ئاهەنگی هاوسەرگیری، دایك و باوك، مافی میراتی کردووە.[٩] ئەمینی عەڤداڵ ڕۆڵی لە نووسینی کتێبی ڕێزمانی بۆ خوێندنگاکانی ئەرمەنستان هەبووە. لە ساڵی (١٩٤٩ز) کتێبێکی دەربارەی زمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی خوێندنگاکان بڵاوکردەوە.[١٠]

لە ساڵی (١٩٥٣ز) دوو کاری ئەمینی عەڤداڵ یەکەمیان بە ناونیشانی (تۆڵەی خوێن لە نێو کوردان و نەهێشتنی پاشماوەکانی) [١١] دووەمی بە ناونیشانی (ئیتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە لێیان) بڵاوکرانەوە، لە کاری دووەمیدا بە شێوەیەکی زانستی لە ئیتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و ئەو کەسانەی لە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا ڕۆڵیان بینیوە لێکۆڵینەوەی کردووە.[١٢]

دەربارەی ژیانی کوردانی پشت قەفقاز ئەمینی عەڤداڵ کتێبێکی لە ساڵی (١٩٥٧ز) بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیدا باسی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و پەیوەندییە خێزانییەکانی کوردانی پشت قەفقاز و ژیانی ڕۆژانەیان کردووە، هەروەها باس لە ژیانی ڕۆشنبیری و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی لەو ناوچەیە کردووە.[١٣] ساڵێك دواتر داستانی مەم و زینی بڵاوکردەوە.[١٤]

ئەو گۆڕانکارییانەی کە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکانی ئەرمەنستانی گرتەوە جێگەی سەرنجی ئەمینی عەڤداڵ بووە، لە ساڵی (١٩٦٠ ز) لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتناسی وتارێکی بە زمانی ڕووسی بە ناونیشانی (کولتووری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت) بڵاوکردەوە و لەم کارەیدا لەو گۆڕانکارییانە دواوە.[١٥] لە ساڵی ( ١٩٦٥ ز) بەرهەمێکی بە ناونیشانی (پەیوەندی خێزانی لەناو کورددا) بڵاوکردەوە، کە تیایدا سەرنجی لە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بووە و ڕۆڵی ئەم پەیوەندییانەی لە پێکەوە گرێدانی کۆمەڵایەتی نیشان داوە.[١٦] هەروەها کارێکی تایبەتی ئەمینی عەڤداڵ دەربارەی (بیروباوەڕی ئێزدییەکان) لە ساڵی (٢٠٠٦) لە ئەرمینیا بڵاو کرایەوە.[١٧]

مێژووی کوردناسیی لە یەریڤان و قۆناغەکانی پەرەسەندنی، پەیوەندیدارە بە کارو چالاکی کۆمەڵێك زانا و توێژەری کورد، یەکێکی دیکە لەو توێژەرە چالاکانەی کە ڕۆڵی دیاری لەم بوارەدا هەبووە، حاجی جندی بووە. هەر لە ساڵی (١٩٣٦ز)ەوە حاجی جندی بە هاوکاری (کارۆ زاکاریان ١٨٩٥ - ١٩٦٧ز) هەندێك تێکستی فۆلکلۆری کوردی بە ناونیشانی (گۆرانی میللی کوردی) بڵاوکردەوە، کە تیایدا باسیان لە گۆرانی دڵداری و قارەمانێتی و هەڵپەرکێی کوردی کردووە. هەروەها گەلێك وتاری لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردییەوە بڵاوکردەوە، وەك (دەنگی قارەمانێتی و ئازایەتی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت لە فۆلکلۆردا - لە گۆڤاری دەنگوباسی ئەکادیمیای ئەرمەنستان لە ساڵی (١٩٤٢ز)، فۆلکلۆری کوردی و سۆڤێت - لە گۆڤاری دەنگوباسی ئەکادیمیای

---

(٩)Курдоев К. К.: Труды Амине Авдала (1906—1961) по курдской этнографии, С54.

(١٠)Emînê Evdal: Ktêba zmanê kurmancî,Bona dersxana IV-a, Yêrêvan, Neşîreta Hukumeta Ermenîstanê, 1949.

(١١)Курдоев К. К.: Труды Амине Авдала (1906—1961) по курдской этнографии, С54.

(١٢) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل٩٨ - ٩٩.

(١٣)Амин Авдал. Жизнь закавказских курдов, Издательство АН СССР, Ереван, 1957.

(١٤)Emînê Evdal: Mem û Zînê: (Poêma cmaeta kurd), Yêrêvan: Neşîreta Haypethrat, 1958

(١٥) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل٩٨ - ٩٩.

(١٦)Emînê Evdal: Ḣălăqătied p’zmamtie nav k'ördada,Erevan: Năshrăta Akademia R'SS Ărmănista neĭă olma, 1965.

(١٧) АМИНЕ АВДАЛ: Культы и верования курдов-езидов (очерки),Weşanxaneya Akadêmîya Zanyarî ya Komara Ermenîstanê,Yêrêvan ,2006.

تەرمەنستان لە ساڵی (١٩٥١ز)، ئەدەبی كوردی تەرمەنستانی سۆڤێت - لە گۆڤاری ئەدەب و هونەری سۆڤێتی لە یەریڤان ساڵی (١٩٥١).[١٨]

بەناونیشانی (فۆلكلۆری كوردی) حاجی جندی لە ساڵی (١٩٥٧ز) كتێبێكی بڵاوكردەوە، ئەم بەرهەمەی ناوبراو (٣٩٣) لاپەڕەیە، كە باسی لە داستان و سەرگوزەشتە، ئەفسانە، گۆرانی دڵداری و تەوین، گۆرانی شایی و ئاهەنگ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، فۆلكلۆری كوردی كردووە.[١٩]

زنجیرەیەك بەرهەمی حاجی جندی دەربارەی حیكایەتی كوردی چاپ و بڵاوكراونەتەوە، لە ساڵی( ١٩٦١ز) بەرگی یەكەم و لە ساڵی( ١٩٦٢ ز) بەرگی دووەم و لە ساڵی( ١٩٦٩ ز) بەرگی سێیەمی ئەم زنجیرەیە بڵاوكرانەوە، [٢٠] دەربارەی هۆنراوەی داستانە كوردییەكان لە ساڵی (١٩٦٢) كتێبێكی بڵاوكردەوە.[٢١] كارێكی گرنگی حاجی جندی، لێكۆڵینەوەی بووە لە پەیوەندییەكانی گەلی كورد و ئەرمەن، لە ساڵی (١٩٦٥) كتێبێكی دەربارەی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە دۆستایەتییەكانی گەلانی ئەرمەن و كورد لە فۆلكلۆردا بڵاوكردەوە.[٢٢]

بە چاودێری و سەرپەرشتی حاجی جندی، كتێبی (گۆرانی و حیكایەتی كوردی) لە لایەن (خ. مورادۆڤ، ڕۆدینكۆ ١٩٣٦ - ١٩٧٦، ڤ. كۆردۆیێڤ ١٩٠٩ - ١٩٨٥، ع. شەمۆ ١٨٩٧ - ١٩٧٨، تی. تسوكەرمان ١٩٠٩ - ١٩٩٨) لە ساڵی ١٩٦٩ بڵاو كرایەوە، لەم نووسراوەیاندا گەلێك داستانی كوردییان وەك (مەم و زین، سیڤا حاجی، دمدم، زەمبیل فرۆش، لەیل و مەجنون) تۆماركردووە.[٢٣] دەربارەی پەند و چیرۆكەكانی كۆمەڵگەی كوردی حاجی جندی كتێبێكی لە ساڵی (١٩٨٥) بڵاوكردەوە.[٢٤]

لە ساڵی (١٩٥٨ز)دا، ئەكادیمیای زانستی كۆماری تەرمینیای سۆشیالیستی سۆڤێتی، بەشێكی نوێی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی لە پەیمانگای لێكۆڵینەوەی مێژوویی جیاكردەوە، لە دەیەی (١٩٦٠)كان یەریڤان بووە ناوەندێكی دیكەی ئەكادیمیای سۆڤیەتی بۆ گرنگیدان بە لێكۆڵینەوە لە كورد و گەشەسەندنی زانستی كوردناسی، كە هەر لە سەرەتای چلەكانەوە لێكۆڵینەوەكان دەربارەی كورد لە یەریڤان دەستیان پێكردبوو. پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەكادیمیای نەتەوەیی زانستەكانی كۆماری ئەرمینیا لەساڵی (١٩٧١) لەسەر بنەمای ئەو بەشە پێكهێنرا كە لە ساڵی (١٩٥٨) دامەزرابوو.[٢٥]

لە ساڵی (١٩٥٩) لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیدا، گرووپێكی تایبەت بە لێكۆڵینەوە لە كورد و لێكۆڵینەوە كوردناسیەكان بە سەرۆكایەتی (حاجی جندی ١٩٠٨ - ١٩٩٠) دامەزرا. (خالید موراد چەتۆیێڤ - لە دایكبووی ساڵی ١٩١٣) لە (١٩٦١) ەوە سەرۆكایەتی گرووپەكەی دەكرد، لە سەرەتای حەفتاكانیشەوە (ت. ف. ئەرستۆڤا ١٩٣٦ - ٢٠٠٣) سەرۆكایەتی گرووپەكەی دەكرد. دوای دامەزراندنی (پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) گرووپی كوردناسان بۆ بەشی كوردناسیی لە پەیمانگا نوێیەكە گۆڕدرا، (شاكرۆ خودۆڤێیچ محۆی ١٩٣٠ - ٢٠٠٧) لە (١٩٨١ - ١٩٩٤) سەرۆكایەتی بەشی كوردناسیی لە پەیمانگەكە دەكرد.[٢٦]

---

(١٨) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠٠.
(١٩)Hajie Jndi: Folklora kȯrmanshchie (bărăvok), Ḣaïpetḣrat, Erevan, 1957.
(٢٠) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠٢.
(٢١)Хаджи Джендu: Курдские эпические стихи, Москва, 1962.
(٢٢)Հաջիե Ջնդի: Հայ եվ քուրդ ժողովուրդների բարեկամության արտացոլումը բանահյուսության մեջ, Երևան. Հայկական SSṚ GA Hratarakch‘ut‘yun, 1965.
(٢٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠١ - ١٠٢.
(٢٤)Hajie Jndi: Meselok û xeberokêd cmae’ta k’urda, Êrêvan, Neşîreta AU R’SS Ermenîstanê, 1985.
(٢٥)Հայաստանի Հանրապետության Գիտությունների Ազգային Ակադեմիա , Արևելագիտության ինստիտուտ, http: //orient.sci.am/about.php?langid=1
(٢٦)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, p 158.

له توێژینەوەکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیدا، لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە، هەروەها بایەخ بە لێکۆڵینەوە دەربارەی پرسەکانی مێژووی کورد و کوردەکانی ئەرمینیا و بوژانەوەی کولتووری و پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن، پرسی کورد لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی (ئێران، تورکیا، عێراق) دراوە.[٢٧]

پرسی کورد و بزووتنەوەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق، لە لایەن (شاکرۆ خودۆڤیچ محۆی) بایەخی پێدراوە. دەسپێکی کارەکانی سەرەتا لە بواری ڕۆژنامەگەری بوو. پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٣٨) ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) ڕاگیرا، لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٥) دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە کرا و (شاکرۆی محۆی) دەستی بەکارکردن لە ڕۆژنامە کرد. پاش ساڵێك بە جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەست نیشان کرا. لە سەرەتای دەیەی (١٩٦٠)کان پەیوەندی بە گرووپی کوردناسان لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمینیا کرد، لە ساڵی (١٩٦٣) بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی دەربارەی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عێراق پاش جەنگی دووەمی جیهانی) کرد.[٢٨] بەدەر لە پرسی کورد لە عێراقدا، چەندین لێکۆڵینەوەی دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، چەند لێکۆڵینەوەیەکیشی لەبارەی بارودۆخی کوردی تورکیا پاش جەنگی دووەمی جیهانی بڵاو کردوەتەوە.[٢٩] لە دەیەی (١٩٦٠) شاکرۆی محۆی زنجیرە وتارێکی بە زمانی ئەرمەنی بڵاوکردەوە و کارێکی زانستی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە عێراق لەسەر بنەمای دکتۆراکەی بڵاوکردەوە، لە دەیەی (١٩٧٠)کان بە زمانی ڕووسی دەستی بە بڵاوکردنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی کرد.[٣٠] لە ساڵی (١٩٧٧) لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت بەرگری لە تێزی پۆست دکتۆراکەی (ناوك) کرد بە ناونیشانی (کێشەی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی گەلی کورد لە کۆماری عێراق ١٩٥٨ - ١٩٧٠) کرد.[٣١] کارێکی دیکەی گرنگی (شاکرۆی محۆی) دەربارەی پرسی نەتەوەیی کورد لە عێراق لە سەردەمی مۆدێرندا لە ساڵی (١٩٩١) بڵاو کرایەوە.[٣٢]

(ئۆردیخانی جەلیلی ١٩٣٢ - ٢٠٠٧)ڕۆڵی دیاری لە لێکۆڵینەوە دەبارەی فۆلکۆری کوردی و کۆکردنەوەی تێکستی فۆلکلۆری کوردی هەبووە. لە ساڵی (١٩٦٤ز) کتێبێکی بە ناونیشانی (چوارینەی فۆلکلۆری کوردی - گۆرانی دڵداری و ئەڤین) بڵاوکردەوە.[٣٣] سەرەڕای کارکردنی لەسەر فۆلکلۆری کوردی، ئۆردیخانی جەلیلی ئاوڕی لە ئەدەبی نووسراوی کوردی داوەتەوە، لە ساڵی (١٩٦٦) کتێبێکی دەربارەی ئەزمونی شیعری(جگەر خوێن) بڵاوکردەوە.[٣٤]

داستانە مێژوییەکانی کورد، بوارێکی دیکەی کارکردنی ئۆردیخانی جەلیلی بووە. لە ساڵی (١٩٦٧) دەربارەی داستانی قارەمانێتی کورد (خانی لەپ زێڕین، قەڵای دمدم) کتێبێکی بڵاوکردەوە، [٣٥] یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئۆردیخانی جەلیل کتێبی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی)یە، کە بە هاوکاری (جەلیلی جەلیل) بە زمانی کوردی و ڕووسی بڵاویان کردەوە. لە

---

(٢٧)Հայաստանի Հանրապետության Գիտությունների Ազգային Ակադեմիա , Արևելագիտության ինստիտուտ, http: //orient.sci.am/about.php?langid=1

(٢٨)Памяти Шакро Худоевича Мгои (1930–2007), Проблема курдской государственности в современной геополитике (КУРДЫ ЗАПАДНОЙ АЗИИ (XX – начало XXI в оп, сс 163 - 164

(٢٩) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠٥ - ١٠٦.

(٣٠)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview,p 158.

(٣١)Шакро Худоевич Мгои: Проблема национальной автономии курдского народа в Иракской республике 1958-1970 гг, Изд-во АН Армянской ССР, 1977.

(٣٢)Шакро Худоевич Мгои: Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, Наука. Гл. ред. вост. лит., 1991

(٣٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠٣.

(٣٤)Д., О. Джасимович: Гражданская поэзия Джагархуна, Ереван: Изд-во АН Арм ССР, 1966.

(٣٥)Ордихане Джалил: Курдский героический эпос "Златорукий хан, Наука, 1967.

پێشەکی کتێبەکەدا کە بە هەردوو زمانی کوردی و ڕووسییە، نووسەران بە شێوەیەکی زانستی لە مێژووی لێکۆڵینەوەی و پێگەی پەندی پێشینانی کوردی دواون.[٣٦] سەرنجی زیاتری (ئۆردیخانی جەلیلی) لەسەر چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان بووە، لە ساڵی (١٩٧٨) بە هاوکاری (جەلیل جەلیلی) کتێبێکیان دەربارەی فۆلکلۆری کوردی بڵاوکردەوە.[٣٧] کارێکی هاوبەشی (جەلیل جەلیلی، ئۆردیخانی جەلیلی، زینە جەلیلی) دەربارەی (چیرۆکی کوردی، ئەفسانە و دابونەریت) لە ساڵی (١٩٨٩) لە دووتوێی (٦٣٦) لاپەڕە بڵاو کرایەوە.[٣٨]

جەلیلی جەلیل(لە دایك بووی ١٩٣٦) جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە، چەند کتێبێکی لە بارەی مێژووی کوردەوە بڵاو کردۆتەوە. ئەو زیاتر سەرنجی لەسەر پرسە جیاوازەکانی مێژووی کورد لە سەردەمی عوسمانییەکان بوو، لەسەر بنەمای کەرەستە ئەرشیفییەکان چەند کارێکی ئەنجام دا، وەك ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠ز،[٣٩] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا.[٤٠]

خالید موراد چەتۆیێڤ (خالیدی چەتۆ) جگە لە چەند نووسراوێك دەربارەی مێژووی کورد، دوو کتێبی گرنگی لە بارەی کوردەوە چاپ کردووە، ساڵی ١٩٦٥ کتێبی (کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت، وێنەیەکی مێژوویی ١٩٣٠ - ١٩٤٠) چاپ کرد، لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵی ڕونکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دەدات کە پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێت ڕوویانداوە،[٤١] کتێبی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٩ بە ناونیشانی (بەشداریکردنی کوردانی سۆڤیەت لە جەنگی نیشتیمانی گەورە ١٩٤١ - ١٩٤٥) بڵاو کردۆتەوە، کە تیایدا باس لە ڕۆڵی کوردی سۆڤێت لە جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ میللەتانی تری سۆڤێت دەکات.[٤٢]

مێژووی کۆنی کورد و پرسی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد لە لایەن (گ. ب. ئاکۆبۆڤ) بایەخی پێدراوە، لەم ڕووەوە هەندێك وتاری بڵاوکردۆتەوە، کاری هەرە گەورەی ناوبراو نامەی دکتۆراکەیەتی کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەخنەی مێژوویی لە پرسی نەژادی کورد)، ناوبراو لە نامەکەیدا گەلێك زانیاری ڕاست و چەسپاوی شێواندووە، لە ڕونکردنەوەی نەژاد و زمان و کولتووری کورددا گرنگی بە تیۆری یافتی و سامی و شۆڤێنیزمی فارسی و تورکی داوە، هەروەها لەسەر لێکداوەنەوەی هەندێك ئەفسانەی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە. ناوبراو باوەڕی وایە هیچ یەکێك لەم سەرگوزەشتە و داستانانەی سەدەکانی ناوەڕاست بە بێ هۆ هەڵنەبەستراون و ڕیشەیان بۆ کۆن دەگەڕێتەوە، هەربۆیە پێی وایە کە لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و سەرگوزەشتە و داستان بۆ ڕونکردنەوەی نەژادی کورد گرنگی خۆی هەیە.[٤٣]

---

(٣٦)Курдские пословицы и поговорки на курдском и русском языках, собрали, составили, перевели, снабдили примечаниями и предисловием Ордихане Джалил и Джалиле Джалил, Наука, Глав. ред. восточной лит-ры, 1972.

(٣٧)Курдский фольклор (Текст)- Zargotina k'urda, Собрали, сост., снабдили примеч. и предисл. Ордихане Джалил и Джалиле Джалил, Москва: Наука, 1978.

(٣٨)Ордихане Джалил , Джалиле Джалил , Зине Джалил : Курдские сказки, легенды и предания, Наука, 1989, 

(٣٩)Джалил, Джалиле: Восстание курдов 1880 года, Наука; Глав. ред. восточной лит-ры, 1966.

(٤٠)Джалил, Джалиле: Курды османской империи в первой половине девятнадцатого века, Наука Москва, 1973

(٤١)Чатоев Х.М. Курды Советской Армении. Исторический очерк (1920-1940). Изд-во АН АрмССР, Ереван, 1965.

(٤٢)Чатоев Х.М.: Участие курдов Советского Союза в Великой Отечественной войне 1941 1945 гг., Изд-во АН Арм. ССР, Ереван,1970.

(٤٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٠٦ - ١٠٧.

مەکسیم یوسینۆڤیچ خامۆیان (مەکسیمی خەمۆ) (١٩٣٤ - ٢٠١١) کاری لەسەر زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی کۆماری ئەرمینیای سۆڤێتی کردووە. دکتۆراکەی لە لقی لینینگراد پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بەدەست هێناوە، یەکێك لە کارە دیارەکانی فەرهەنگی (کوردی - ڕووسی) یە کە لە ساڵی (١٩٧٩) بڵاوکرایەوە.[٤٤] کارێکی دیکەی دەربارەی بنچینەکانی دەستەواژەی زمانی کوردی لە (١٩٨٨) بڵاوکردەوە.[٤٥]

کێشەکانی کشتوکاڵ کردن لە نێو کوردان و پرسە ئیتنۆگرافییەکان، میوزیکی کوردی چەند بابەتێکی دیکەی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی ئەرمینیا بووە، نورا حاجی جندی لە (١٩٦٦) دەستی بەکارکردن لە پەیمانگای هونەری ئەرمینیا کرد، لە شەستەکان بەردەوام بووە لەسەر کارکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی تایبەت بە گۆرانی و میوزیکی کوردی. لە (١٩٧١) بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کرد، جگە لە بڵاوکردنەوەی تێبینی و وەرگێڕانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، ژمارەیەك وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی ئەرمەنی دەربارەی میوزیکی کوردی بڵاوکردەوە.[٤٦]

لە باکۆ چەند تێزێکی گرنگ دەربارەی مێژوو و ئەدەبیات و زمانی کوردی بەرگریان لێکرا. (د. عەلی گەلاوێژ ١٩٢٣ - ١٩٨٨) ساڵی (١٩٥٤) بەرگری لە تێزەکەی بە ناونیشانی پەیوەندی کشتوکاڵ لە سەرووی کوردستانی ئێران کرد، هەر لە هەمان ساڵدا د. ڕەحیمی قازی بەرگری لە تێزەکەی دەربارەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کرد.[٤٧] (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد ١٩٣٧ - ٢٠٢١)یەکێك لە توێژەرە دیارەکان بوە لە باکۆ، چەندین لێکۆڵینەوە و کاری گرنگی دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق بڵاوکردۆتەوە و دوو تێزی دکتۆراشی(بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی عێراق ١٩١٨ - ١٩٣٢، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی عێراق ١٩١٨ - ١٩٥٨ (نامەی پۆست دکتۆرا) بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە.[٤٨]

چەند تێزێکی دیکە دەربارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بەرگریان لێکرا، (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ١٩٣٤ - ٢٠١٩) ساڵی (١٩٦٣) بەرگری لە تێزەکەی بە ناونیشانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا کرد، کردار لە زمانی کوردیدا تێزی (د.نەسرین فەخری ١٩٣٧ - ٢٠١٨) بوو لە ساڵی (١٩٦٥) بەگری لێکرد، شیعری شاعیری ئەم سەردەمەی کورد - عەبدوڵا گۆران لەلایەن کورد توگلی ساڵی (١٩٦٦) بەرگری لێکرا، بەرهەمی جگەر خوێنی شاعیری ئەم سەردەمەی کورد لە لایەن عەسکەر شامل ساڵی (١٩٦٩) بەرگری لێکرا.[٤٩]

تەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە، کردنەوەی دەرگای خوێندن بۆ کوردانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە لایەن کۆمەڵێك کوردناس و توێژەری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە قۆناغی گەڕانەوەی ئەم کادیر و کوردناس و توێژەرانە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی توشی گرفت کردووە. هەر ئەمەشە وای لە ڤەناتی کوردۆ کردووە لە میانەی کۆنفرانسی کوردناسان لە لینینگراد لە ساڵی(١٩٨٢) سەرنج بخاتە سەر کۆمەڵێك پرس و ئاڵنگاری گرنگ کە ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی سۆڤێت بوونەتەوە. سەرەڕای ئاماژەدان بەوەی کە چەندین کاری گرنگ دەربارەی کورد ئەنجام دراون و چەندین تێزی گرنگ و بە بایەخ لەسەر پرسە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد بەرگریان لێکراوە. بەڵام ژمارەی پسپۆڕانی کوردناسیی لە دامەزراوەکاندا زیادیان نەکردووە، زۆربەی خوێندکارانی دکتۆرا کوردی دەرەوەی سۆڤیەت بوون، کوردۆ سەرنجی سەرۆکایەتی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کوردناسان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی ئەکادیمیای

---

[٤٤] Максим Усейнович Хамоян: Курдско-русский фразеологический словарь: Содержит около 8000 фразеоло гических статей, Izd-vo AN ArmSSR, 1979.

[٤٥] Максим Усейнович Хамоян: Основы фразеологии курдского языка, Изд-во АН Армянской ССР, 1988.

[٤٦] Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview,p 159

[٤٧] د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٢٨.

[٤٨] Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview,p 159

[٤٩] د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل١٢٨ - ١٢٩.

زانستەکان پێویستییەکی هەنووکەییە و ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست و بنەڕەتی نەگیرێتە بەر بۆ دروستکردنی ستافی کوردناسان، زانستی کوردناسیی و لێکۆڵینەوە کوردییەکان بەرەو پوکانەوە دەچن.[50]

لە تەفلیسیش بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەربارەی کورد دراوە، (ئەلبێرت میخائیلۆڤیچ مێنتیشاشڤیلی) توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و ئەکادیمیای زانستی جۆرجیا و زانکۆی تەفلیس، یەکێکە لەو کوردناسانەی چەندین کتێب و بەرهەمی دەربارەی پرسە ئیتنۆگرافی و مێژوویی و ئابووری و سیاسییەکانی کورد بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٦٥) بەرهەمێکی دەربارەی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق ١٩١٩ - ١٩٢٥) بڵاوکردەوە، لە (١٩٦٧) بەرهەمێکی دیکەی بە ناونیشانی (لە بارەی مەسەلەی کۆمەڵایەتی - سیاسی ڕێکخراوی کوردە ئێزیدییەکان)ەوە بڵاوکردەوە، لە (١٩٧٦) دەبارەی (پرسی پەیوەندیی کشتوکاڵی لە کوردستانی هاوچەرخدا) بەرهەمێکی دیکەی بڵاوکردەوە، بە ناونیشانی (پرسی مێژووی کوردی ڕۆژهەڵاتی نزیك سەدەکانی (١٠ - ٢٠) بەرهەمێکی دیکەی لە ساڵی (١٩٧٨) بڵاوکردەوە، لە ساڵی (١٩٩٧) بەرهەمێکی دیکەی بە ناونیشانی (کورد و کوردستان: پرسی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی - ئابووری) بڵاوکردەوە.[51] دیارترین کاری کتێبی (کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران)ە کە لە ساڵی (١٩٨٤) بڵاوکراوەتەوە، لەم بەرهەمەیدا لە سێ بەشدا دەربارەی ژیانی ئابووری و گوزەران و ڕۆشنبیری کورد، خێڵە کوردییەکان و فیدراسیۆنی خێڵ، پەیوەندی کشتوکاڵی و گەشەسەندنی ئابووری کۆڵیوەتەوە.[52]

## باسی دووەم: کوردناسیی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد

(٥٠)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, ,pp 161 – 162.

(٥١)بڕوانە: پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە پێشەکی کتێبی (ا.م. مینتیشاشڤیلی: کورد کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل ٤.

(٥٢)Ментеншвили А.М.: Курды: очерки обще-экономических отношений, культуры и быта. М, 1984

زانستی کوردناسیی لە (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ) لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ، گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە بینی. بناغەدانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لەم ناوەندەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی. بەڵام ڕۆڵی سەرەکی لە سەربەخۆیی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە (لینینگراد)، دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی و کارە زانستی و کارگێڕییەکانی (ئۆربیلی) نووسەری ژمارەیەك وتاری بەپێز لە بارەی مێژوو و کولتوور، ئەدەبیات، زمان و فۆلکلۆری کوردەوە.[١] چالاکییە زانستییەکانی (ئۆربیلی ١٨٨٧ - ١٩٦١ز) لە بواری کوردناسیدا لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت، دەبنە سەرەتایەکی نوێی کوردناسی. ئەو لە ساڵی (١٩٣٦ز) چەند تێکستێکی کوردی و فەرهەنگێکی بە دیالێکتی کرمانجی بلاوکردەوە. لە ساڵی(١٩٣٧ز) لە ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستانی سۆڤێتیدا کۆمەڵێك تێکستی کوردیی لەناویاندا (مەم و زین، لەیل و مەجنون) نووسییەوە و دواتر دەربارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم داستانانە لێکۆڵینەوەی کردوە.[٢]

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی تیۆریای (یافیتی - زمانناسی)گیران، بەڵام لە ژێر کاریگەری تیۆریاکەدا کە لە لایەن زانای زمانەوان (ن. ی. مار ١٨٦٥ - ١٩٣٤ز) خرابووە ڕوو، چەند کارێك دەربارەی کورد بڵاوکرانەوە، بە تایبەتی کارەکانی (ئو. ل. ڤیلچێڤسکی) لەم ڕووەوە نموونەیەکی بەرچاون.[٣]

لە دەیەی سییەکاندا وەرچەرخانی گرنگ سەبارەت بە زانستی کوردناسیی ڕوویدا لە لایەك بڕیاری ڕێکخستنەوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی درا و پشتگیری لێکۆڵینەوەکان فەراهەمکرا. لە لایەکی تر لە ناو کورد خۆیاندا کەسانی پسپۆڕ بۆ کوردناسیی ئامادەکران، ڕۆڵی سەرەکیش لەم ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی هەریەك (ئۆربیلی، تە. ئا. فریمان).[٤]

لە ساڵی (١٩٣١ز) و ساڵانی دواتر بە دەستپێشخەری کەسایەتی ئەکادیمی (ئەلیکساندەر ئارنۆلدۆڤیچ ڤریمان ١٨٧٩ - ١٩٦٨ز) خولێکی کوردی لە کۆلێژی زمان لە پەیمانگای مێژوو و ئەدەبیات و زمانناسی کرایەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی پەسەندکران بۆ بەشداریکردن لەم خولەدا، ئەو کوردانە بوون سەر بە کۆلێژی کاری پەیمانگای لینینگراد بوون.[٥] لە ساڵی (١٩٣٣ز) لە لایەن خوێندکارانی سێیەمین ساڵی خوێندنی کوردی هەریەک لە (کوردۆیێڤ ١٩٠٩ - ١٩٨٥، تی.تی. تسوکەرمان ١٩٠٩ - ١٩٩٨، ع. ش. شامیلۆڤ (عەردبی شەمۆ) ١٨٩٧ - ١٩٧٨) دوو بابەت دەربارەی (کێشەی جێندەر لە زمانی کوردیدا، خستنەسەر (ئیزافە) لە زمانی کوردیدا) بە سەرپەرشتی (فریمان، ئۆربیلی) بڵاوکرانەوە. بەمەش بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی زانستی ڕۆڵی نێرینە و مێینە لە زمانی کوردیدا خرایەڕوو.[٦] (فریمان) سەرپەرشتیاری خوێندنی هەریەك لە (ی. ی. ئەڤالیانی

---

(١)Dr Z. A. Yusupova: Kurdish Studies at the IOM (1959—2005), Tr. by A. Zorin; proofread by S. Wickham-Smith), http: //www.orientalstudies.ru/ eng/index.php?option=com_cont ent&task=view&id= 196&Itemi d=86.

(٢) ڤەناق کلاشۆڤیچ کوردۆێیڤ: کوردناسی، ل ١٤.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرهەڵدان و پوکانەوەی تیۆریای (یافیتی - زمانناسی)یەکەی (ن.ی.مار) بڕوانە :

Michiel Leezenberg: Soviet Orientalism and Subaltern Linguistics: The Rise and Fall of Marr's Japhetic Theory(The Making of the Humanities), Volume III: The Modern Humanities, Book Editor(s): Rens Bod, Jaap Maat and Thijs Weststeijn, Published by: Amsterdam University Press,2014, pp 97- 112

(٣)К. В. Вертяев: КУРДОВЕДЕНИЕ В ИНСТИТУТЕ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН. ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ВЕСТНИК нститута востоковедения РАН, NO 4, 2018, C 11.

(٤) ڤەناق کلاشۆڤیچ کوردۆێیڤ: کوردناسی، ل ١٦.

(٥) پڕۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ڤیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: لێکۆڵینەوە کوردییەکان ئاراستەی باو لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا، ل ٦.

(٦)Курдоев К. К с А. Шамиловым с И.И.Цукермано: Об изафете в курдском языке ,Револю ция и письменность,№ 1 (16), М., 1933, с. 51—56“ О проблеме рода в курдском языке / Пись менность и революция. 1. М.–Л., 1933, с. 160—178.

١٩٠٧ - ١٩٨٤، تسوكەرمان، کوردۆیێڤ)بوو و تێزەکانیان دەربارەی زمانی کوردی بوو، ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٤٠ز) بەرگریان لە تێزەکانیان کرد.[٧]

لە ناوەڕاستی سییەکانەوە، خوێندنی زمانی کوردی ببوە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشی زمانناسی ئێرانیدا. لە بەشی ئێرانناسیدا، (ئۆربیلی) بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی و ئێتنۆگرافیای گەلی کورد دامەزرا. بە پێشنیاری (فریمان)یش کۆرسێکی زانستیانەی زمانی کوردی بۆ خوێندکاران لە ناو بەشەکەدا ڕێکخرا، هەروەها ئەم بەشە لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٤ - ١٩٥٠ز) بەمەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەدەبی میللی و زمانی کوردی لەناو کوردانی یەکێتی سۆڤیەتدا، چەند کۆرسێکی مەیدانی کردەوە و کەسانی زانستی و توێژەرانی بۆ ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستان و تورکمانستانی سۆڤیەتی نارد.[٨]

ساڵی (١٩٤٥ز) و پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، بە داوایەکی (فریمان) و بەر لە کۆتاییهاتنی خزمەتی سەربازی (کوردۆیێڤ) لە سوپای سۆڤیەتی بەخشرا و بە مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی لینینگراد دامەزرێنرا. ساڵی (١٩٤٦ز) بۆ ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی گوێزرایەوە. ئیدی ئەم هەنگاوانە دەبنە سەرەتای قۆناغێکی گرنگ و بەرنامەڕێژکراو بۆ لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە چوارچێوەی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی، بە سەرەتای لێکۆڵینەوەی میتۆدی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە پەیمانگاکە ئەژمار دەکرێت.[٩] لە لایەکی دیکە پشتگیریکردنی سیاسەتی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ببووە ئەرکی پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی. پاش ئەوەی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت و ئەکادیمیای زانستەکان بڕیاریاندا، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە لینینگرادەوە بۆ مۆسکۆ بگوازنەوە، سەرجەم ئەو توێژەر و کوردناسانەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی بوون، لە لینینگراد مانەوە. لەسەر بنەمای لقی لینینگرادی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، گرووپی کوردناسان پێکهێنرا.[١٠]

ئامادەکردنی پسپۆڕانی کوردناسیی لە ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد گرفتی بۆ کاربەدەست و بەرپرسانی دامەزراوەکە دروست کردبوو، هەر زوو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی دەستیان پێکرد. (ڕۆدینکۆ ١٩٣٦ - ١٩٧٦ز) خوێندکاری خوێندنی باڵا کە لە ساڵی (١٩٥٤ز) بەسەرکەوتویی بەرگری لە تێزەکەی کرد و دواتر خرایە سەر میلاکی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی. دوای ئەوەی (ئۆربیلی) بە سەرۆکی لقی لینینگراد ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی دانرا، کەوتە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، بەمەش قۆناغێکی نوێی گەشەسەندنی کوردناسیی دەستپێیکرد. (ئۆربیلی) ئەو توێژەرانەی کە لە کوردناسیدا پسپۆڕبوون کۆکردەوە، (تسوکەرمان) کە لە ئینستیتوتی زمانناسی کاریدەکرد لە ڤیلنۆس (پایتەختی کۆماری لیتوانیای سۆڤیەتی) لە ساڵی (١٩٥٦ز) گەڕایەوە بۆ لینینگراد و هەریەك لە ئێرانناسان (ژ. س. موسائیلیان، ی. تی. دیمینتییێڤا، ڕ. ل. تسابۆلۆڤ) هاتنە نێو ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی. هەروەها کۆمەڵێك خوێندکار بۆ خوێندنی مێژوو و زمانی کوردی کە لە ناویاندا (سەید عەزیز شەمزینی ١٩١٨ - ١٩٩٩ز، جەلیل جەلیلی(لەدایك بووی ١٩٣٦)، مەکسیمی خەمۆ ١٩٣٤ - ٢٠١١ز، کەریمی ئەیوبی ١٩٣٤ - ١٩٩٥ز، زاری یوسوپۆڤا (لە دایك بووی ١٩٣٤ز)، تی. ئا. سمیرنۆڤا، ئۆردیخانی جەلیلۆڤ ١٩٣٢ - ٢٠٠٧ز) بوون، لە خوێندنی باڵا وەرگیران.[١١]

لە(٢٨ی شوباتی ١٩٥٩ز) لە لایەن (ئۆربیلی) سەرۆکی لقی لینینگرادی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی، فەرمانێکی کارگێڕی تایبەت بە دامەزراندنی بەشی کوردناسیی دەرچوو. لە فەرمانەکەدا هاتووە: "لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو بەرنامەی کارەی کە لە

---

(٧)Ю. Ю. Авалиани: Местоимения в курдском языке. Тезисы к дисс. на соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1940; К. К. Курдоев, Образование сложных глаголов в курдском языке. Тезисы к дисс. па соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1940; И. И. Цукерман, Склонение имен существительных в говоре курдов ССР Армении. Тезисы к дисс. на соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1939.

(٨) فەناق کلاشۆڤیچ کوردۆێیڤ: کوردناسی، ل ١٦.

(٩) پرۆفیسۆر دکتۆر ئیرینا ئیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا: س.پ، ل ٦.

(١٠)К.В.Вертяев: КУРДОВЕДЕНИЕ В ИНСТИТУТЕ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, С 12.

(١١) فەناق کلاشۆڤیچ کوردۆێیڤ: کوردناسی، ل ٢٢-٢٣، ٢٤.

لقەکەدا بەندە بە کوردناسییەوە بەوردی جێبەجێبکرێت، فەرمانم دا بە لابردنی لیژنەی پسپۆڕانی کوردناسیی کە سەر بە بەشی ئێرانناسییە، هەروەها بە سەرپەرشتی خۆم فەرمانم دا بە دروستکردنی دەزگایەکی سەربەخۆی ڕێکخراو لە (ق. ك. کوردۆیێڤ، تی. تی. تسوکەرمان، م. ب. ڕۆدینکۆ، ژ. س. موسائێلیان، ی. تی. دیمیتنیێڤا، و خوێندکارانی خوێندنی باڵا هەریەك لە تی. ئا. سمیرنۆڤا، ز.ع. یوسوپۆڤا، ك. ڕ. ئەیوبی، جەلیل جەلیلی)، هەرچی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوەی مێژوو و کولتووری زمانی گەلی کوردەوە هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان لەم دەزگایە دادەنرێت". [١٢]

بەم شێوەیە بۆ یەکەمین جار زانستی کوردناسیی لە چوارچێوەی بەشێکی سەربەخۆ و ستافێکی ئەکادیمی لە یەکێتی سۆڤیەت گەشتە ئاستێکی باڵای پەرەسەندن. لەو کاتەوە چەندین توێژەر و کوردناس، پەیوەندییان بە بەشەکەوە کرد و بازنەیەکی گەورەی لێکۆڵینەوەی فراوان دەربارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژووی کورد دروستکرا، نوێنەرانی قوتابخانەی (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ) بۆ کوردناسیی بە بێ دابڕان لە پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان بووە. [١٣] بە هۆی کاری فروان و تیمێکی کوردناس و توێژەری بە توانا و ئەکادیمی لەم ناوەندەدا، لێکۆڵینەوەکانی ئەم ناوەندە دەربارەی چەند بوارێکی تایبەتی کوردناسی (زمان، ئەدەب،مێژوو، ئێتنۆگرافیا، فۆلکلۆر، فەرهەنگسازی) بوون.

---

(١٢)Dr Z. A. Yusupova: Kurdish Studies at the IOM (1959—2005), Op. Cit.

(١٣) دکتۆر ئیرینا ئێبدۆرۆڤنا یۆزپۆڤا: س.پ، ل ٧.

## تەوەری یەکەم: کوردناسیی و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد

لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بابەتێکی تایبەت و گرنگی جێی سەرنجی کوردناسانی لینینگراد - سانت پترسبۆرگ بووە، هەر لە پەنجاکانەوە دەست بە لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی تایبەتمەندێتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی و دەوڵەمەندی دیالێکتەکانی کرا. تۆڵەر و زمانناسی وەك (قەناتی کوردۆ، تسوکەرمان و خوێندکارەکانیان سمیرنۆڤا، زارێ یوسوپۆڤا) زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە و وتاریان دەربارەی زمانی کوردی بڵاوکردەوە. بە هەوڵی ئەم گرووپە زمانناسە، چەند کتێبێك دەربارەی بابەتە زمانەوانییەکان و ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی بڵاوکرایەوە، هەندێك تێکستی فۆلکلۆریان خستەڕوو کە کەرەستەی زمانەوانی دەوڵەمەندیان تێدا کۆکردبۆوە و بۆ توێژینەوەی بەراوردکاری دیالێکتەکان گرنگ بوون. قۆناغی گرنگ و بەرچاوی مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی، وابەستەیە بە کارو چالاکییەکانی (قەناتی کۆردۆ). توێژینەوە دەسپێك و گرنگەکانی لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و کوردناسیدا پێگەی دیاریان هەیە. بە تایبەتی لە ڕاستکردنەوەی ئەو بیرو باوەڕە هەڵانەی دەربارەی زمانی کوردی هەبوون، کوردۆ ڕەخنەی لە سەرجەم ئەوانە گرتووە کە لایەنگری تیۆریاکەی (ن. ی. مار) بوون و بیروباوەڕی هەڵەیان دەربارەی بنەڕەتی زمانی کوردی و پێگەی ئەو زمانە لەنێو زمانە ئێرانییەکاندا هەبووە.[١٤]

(قەناتی کۆردۆ) چەند توێژینەوەیەکی دەربارەی زمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە، کە بوونە بنەمایەك بۆ زمانزانانی کورد. لە وتاری (وشە ژمارەییەکان لە زمانی کوردیدا) لەو وشانەی واتای ژمارەییان هەیە، دەکۆڵێتەوە.[١٥] بابەتێکی دیکەی گرنگ لەلای (کوردۆ)، پێکهێنانی وشەیە. لەم ڕووەوە لە وتاری (دەربارەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا)، باس لە یاسا ڕێزمانییەکانی پێکهێنانی (وشە) لە زمانی کوردیدا و جووتە وشە لە ڕووی واتا و ڕێزمان و ڕۆنانی ناوی واتا لە زمانی کوردیدا دەکات.[١٦] ڕۆنانی (وشە) لە لای (کوردۆ) بنچینەی زانستی هەیە، لە وتاری (دەربارەی دوو بنچینەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا) هەریەك لە بابەتەکانی (داڕشتنی وشە، لێکدانی وشە) دەخاتە ڕوو.[١٧] کاری دیاری (کوردۆ) بڵاوکردنەوەی کتێبی (ڕێزمانی زمانی کوردی (کرمانجی) فۆنەتیك - مۆرفۆلۆژیا)یە، لەم کارەیدا دەربارەی فۆنەتیك، بەشەکانی ئاخاوتن، وشە ڕۆنانی لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.[١٨]

(تسوکەرمان) هاوشان لەگەڵ (قەناتی کوردۆ)دا، ڕۆڵی دیاری لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان دەربارەی زمانی کوردی هەبووە. دەربارەی شوێنی وشەی سەرەکی لە دەستەواژەی دژەواتادا، وتارێکی بڵاوکردۆتەوە. ئەم وتارە لەسەر بچینەی لێکۆڵینەوە لە دەستەواژەکانی (دایك و باوك، شەو و ڕۆژ، ژن و پیاو، زەوی و ئاسمان) نووسراوە.[١٩] هەر دەربارەی پرسە ڕێزمانییەکانی دیالێکتی کرمانجی ژووروو (تسوکەرمان) وتارێکی بە ناونیشانی (دیاریکردنی واتای کاری تێپەڕ لە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ژوورو)دا) بڵاوکردەوە. لەم وتارەدا بە پشت بەستن بە چەندین نموونەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ هەوڵی ڕوونکردنەوەی

---

(١٤) К. К. Курдоев: Критика ошибочных взглядов на курдский язык,Краткие сообщ. ИВ АН СССР. Вып. 12. М., 1955,СС 43—61.

(١٥) К. К. Курдоев: Нумеративные слова в курдском язык, Краткие сообщ. ИВ АН СССР,Вып. 2,.М., 1956,СС 28—36.

(١٦) К. К. Курдоев: К вопросам словообразования в курдском языке, Вопросы грамматики и истории восточных языков, М.–Л., 1958, СС 109—142.

(١٧) К. К. Курдоев: О двух принципах образования сложных слов подчинительного типа в курдскомязыке, Краткие сообщ. ИВ АН СССР. Вып. 29. М., 1959,СС 65—74.

(١٨) К. К. Курдоев: Грамматика курдского языка (курманджи) Фонетика- Морфология, (АН СССР. Ин-т востоковедения) М, 1957.

(١٩) Цукерман И. И.: Позиция ведущего слова в контрастных словосочетаниях,Православный Палестинский сборник. Выпуск 7 (70). М.; Л.: Издательство АН СССР, 1962. СС. 159—161.

ماناى کارى تێپەڕ لەو دیالێکتە دەدات. [٢٠]لە کارێکی دیکەیدا، پرسی ماناى (بکەرنادیار، بکەر) لە دیالێکتی کرمانجی ژوورو دەخاتە ڕوو. [٢١]

(زارێ یوسوپۆڤا)ش زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی پێکهێنانی بکەر نادیار لە دەمی (ڕابردوو، ڕانەبردوو) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (گوزارشتکردن لە بکەر نادیار لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو) دەخاتە ڕوو. [٢٢] ڕونکردنەوەی وردەکارییەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی لە لای کوردناسان و زمانناسانی لینینگراد، بابەتێك بووە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەبووە بۆ هەر پرس و بابەتێك. (زارێ یوسوپۆڤا) وەك یەکێك لە کوردناسە دیارەکان بایەخی بە ئەرکی جێناو لە زمانی کوردیدا داوە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ئەرکی جێناوی لکاوی (ێ) لە زمانی کوردیدا)، ئەوە دەخاتە ڕوو کاتێك جێناوی لکاوی (ێ) دەچێتە سەر پریپۆزیشنی (لە، بە، دە) دەیانکات بە (لێ، بێ، دێ). [٢٣]

یەکێکی دیکە لە پرسەکانی ڕێزمانی کوردی، پرسی مانا و ئەرکی (پاشگر، پێشگر) ە لە ڕێزمانی زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا. لەم ڕووەوە (قەناتی کوردۆ) لە وتاری (مانا و کاری پاشگری (ەکە) لە زمانی کوردید)، لە واتای پاشگرەکە دەکۆڵێتەوە و پاشان بەراوردی دەکات بەو پاشگرانەی دیکە کە هەمان مانا دەگەیەنن و هەمان کاریان هەیە. [٢٤]لە وتارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (پاشگر لە زمانی کوردیدا)، سەرنج دەخاتە سەر زۆربەی ئەو پاشگرانەی کە (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار) دروست دەکەن و بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشی کردوون. [٢٥] (زارێ یوسوپۆڤا) لەسەر ئەم پرسەی زمانی کوردی، چەند لێکۆڵینەوە و وتارێکی بڵاو کردۆتەوە، بەناونیشانی (پاشگری (ەوە) لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی)) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە، لەم کارەیدا دەربارەی شێوە و ئەرکی (پاشگری (ەوە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروو لێکۆڵینەوەی کردووە. [٢٦]ڕۆڵی پاشگر و ئەرکەکانی لە دیالێکتی کرمانجی خواروو لە کارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (پاشگر لە دیالێکتی باشووری زمانی کوردی) دەخاتە ڕوو. [٢٧] لە کارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (پێشگر و پاشگر لە سۆرانیدا) بە کورتی باس لە ئەرك و ڕۆڵی پێشگر و پاشگر

(٢٠)Цукерман И. И.: К определению понятия переходного глагола в курдском языке(курманджи), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 11 (74): История и филология стран Ближ него Востока. М.; Л.: Издательство АН СССР, 1964. СС 39—44.

(٢١)Цукерман И. И.: К уточнению понятия пассивно-объектного спряжения в северном наречии курдского языка (курманджи), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 15 (78): История и филология стран Ближнего Востока. М.; Л.: Издательство АН СССР, 1966, СС 197—200.

(٢٢)Юсупова З. А.: Выражение пассива в курдском языке (на материале южного наречия) ,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: Наука, ГРВЛ, 1973, СС 147—150.

(٢٣)Юсупова З. А.: Функции местоименной энклитики –к в курдском языке, – Сб. V-я межв узовская конференция по иранской филологии, Тезисы докладов, Душанбе, 1967, СС.325—328,

(٢٤)Курдоев К.К.: О значениях и функциях суффикса -k (-aka) в курдском языке,Исследования по истории культуры народов Востока, Сб. в честь И.А. Орбели. М.–Л., I960,СС 361—366.

(٢٥)К. К. Курдоев: Суффиксация в курдском язык, Краткие сообщ. Ин-та народов Азии АН СССР. Вып. 67. М., 1963,СС 31—37.

(٢٦)Юсупова З. А.: Функции послелога –ewe в курдском языке. – Краткие сообщения ИНА АН СССР, 1964, № 68, СС. 40—47.

(٢٧)Юсупова З. А.: Послелоги в южном диалекте курдского языка , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов II годичной научной сессии ЛО ИНА, Март 1966 года. Ленинград, 1966. СС. 71-73.

له دیالێکتی کرمانجی خواروو دەکات. [٢٨](زارێ یوسوپۆڤا) کورتەی تێزی دکتۆراکەشی بە ناونیشانی (پێشگر و پاشگر لە دیالێکتی باشووری زمانی کوردی) بڵاوکردەوە، کە لە پێشەکی، خاسیەتی ناو لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، پێشگر و پاشگر پێك دێت. [٢٩]

ڤەناتی کوردۆ سەرنجی لەسەر پەیوەندییەکانی (پێشگر) و ڕۆنانی (وشە) بووە، لە وتاری (پێشگر وەك کەرەستەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوریدا) ئەو پێشگرانەی خستۆتەڕوو کە دەچنە سەر (ناو، هاوەڵناوی سادە) و دەیانکەن بە (هاوەڵناوی داڕێژراو). [٣٠] لە بارەی هەندێك تایبەتمەنی بەکارهێنانی پێشگر لە زمانی کوردیدا، (زارێ یوسوپۆڤا) وتارێکی تایبەتی بڵاو کردوەتەوە، لەم وتارەدا چەند تایبەتمەندیەکی پێشگرەکانی (بۆ، لە، لێ، پێ، تێ)ی خستوەتە ڕوو. [٣١]یەکێك لە پێشگرەکان کە (زارێ یوسوپۆڤا) سەرنجی لەسەر تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنان و مانا بەخشینی بووە، پێشگری (بۆ) یە، بۆ ئەم مەبەستەش بە ناونیشانی (دەربارەی تایبەتمەندی بەکارهێنانی پێشگری (بۆ) لە دیالێکتی باشووری زمانی کوردیدا) باسی لە زۆربەی تایبەتمەنییەکانی بەکارهێنان و مانابەخشینی (بۆ) کردووە. [٣٢]

لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕۆڵی کار لە ڕێزمانی کوردیدا، یەکێکی ترە لە پرسە ڕێزمانیەکان کە کوردناسان سەرنجی زانستییان لەسەری بووە. لەم ڕووەوە (ڤەناتی کوردۆ) لە وتاری (مانا و ڕۆڵی ڕێزمانی کاری (چوون) لە زمانی کوردیدا) هاوواتای کاری (چوون)ی لە ئاڤێستا و فارسی کۆندا هێناوەتەوە و بەراوردی کردوون لەگەڵ یەکتری، پاشان باسی لە ڕۆڵی ڕێزمانی کاری (چوون) کردووە و مانا و تایبەتمەندیەکانی خستۆتەڕوو. [٣٣] (زارێ یوسوپۆڤا) هەوڵی بۆ پۆلێنکردنی گرووپە جیاوازەکانی کاری لە زمانی کوردیدا داوە، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (گرووپەکانی کار لە بەشە دیالێکتی کوردی سلێمانیدا) شەش گرووپی جیاوازی کاری دیاری کردووە و نموونەی بۆ هەر یەکەیان هێناوەتەوە. [٣٤]

پرسی فۆڕمی ناوی کۆ لە زمانی کوردیدا لەنێو کوردناساندا جێگەی مشتومڕ بووە، (ڤەناتی کوردۆ) لە وتاری (دیسان لە بارەی فۆڕمی کۆی ناوەوە لە زمانی کوردیدا)بە بەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە نیشانەی (ان)ی کۆ لە بەشە دیالێکتی موکریدا لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. [٣٥]

---

[٢٨]Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в сорани,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов I годичной научной сессии ЛО ИНА, Март 1965 года. Ленинград, 1965, СС. 54—56.

[٢٩]Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в южном диалекте курдского языка (сорани). Автореф. канд. дисс. Л., 1965, 16 с.

[٣٠]К. К. Курдоев: Префиксация как способ словообразования в курдском языке. Вопросы фразеологии, стилистики и грамматического строя восточных языков, Самарканд, 1972, СС. 40—53

[٣١]Юсупова З. А.: О некоторых особенностях употребления предлогов в курдской языке , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года, М.: ГРВЛ, 1970, СС. 171—173.

[٣٢]курдского языка,Сб. К 60 летию со дня рождения профессора А.Н.Болдырева. Л.,1969, СС.110—113.

[٣٣]Курдоев К. К.: Лексико-грамматическое значение глагола çûn в курдском языке ,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: ГРВЛ, 1974. СС. 138—141.

[٣٤]Юсупова З. А.: Классы глаголов в сулеманийском диалекте курдского языка , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Ч. 2. М.: ГРВЛ, 1977, СС. 275—279.

[٣٥]Курдоев К. К.: Еще раз о формах множественного числа имени в курдском языке , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Ч. 2. М.: ГРВЛ, 1977, СС. 256—259.

ڕێزمانی بەراودرکاریش لە زمانی کوردیدا، دەبێتە ئەو بوارەی کە (قەناتی کوردۆ) تیزێکی زانستی لەبارەیەوە بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی (١٩٦٥ز) (قەناتی کوردۆ) کورتەی نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕێزمانی بەراوردکاری لە زمانی کوردیدا (لەسەر بنەمای کەرەستەکانی کرمانجی و سۆرانی) بڵاوکردەوە، [٣٦] ساڵی (١٩٦٨ز) دکتۆرای لە بەراودکاری زمانی وەرگرت و تێزەکەی لە شێوەی کتێب لە (١٩٧٨ز) بە هەمان ناونیشان بڵاوکردەوە، وەك کارێکی زانستی دیار و فراوانی (کوردۆ) دەربارەی (فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژیا) دەناسرێت. [٣٧]

لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی لە نێو کوردناسانی لینینگراد بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو دەستی پێکرد، هەر لە ساڵی (١٩٦٥ز) قەناتی کوردۆ سەرنجی زانستی دەخاتە سەر ڕێزمانی هەردوو دیالێکتی (کرمانجی ژووروو و خواروو) و لێکۆڵینەوەی دەربارەی بابەتەکانی (فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) لە هەردوو دیالێکتەکە کردووە. [٣٨] لێکۆڵینەوە لە شێوەزاری (زازا)ش وەك پرسێکی گرنگی مێژووی لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، پێگەی تایبەتی لە کارە زانستییەکانی (قەناتی کوردۆ)دا هەیە. بە مەبەستی سەلماندنی کوردبوونی زازا و وەڵامدانەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی کە (زازا)یان بە کورد نەزانیوە، کوردۆ چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی تایبەتمەندی زمانەوانی ئەو شێوەزارە و تێکستەکانی ئەنجام داوە. [٣٩]

شێوەزاری کوردانی خوراسان، دەبێتە ئەو پانتاییەی کە (تسوکەرمان) لێکۆڵینەوەی فراوانی تێدا ئەنجام دەدات، لەم ڕوانگەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی پرسە جیاوازە ڕێزمانییەکانی ئەو شێوەزارە بڵاوکردەوە. یەکێك لە کارە دیارەکانی، وتارێکە بە ناونیشانی (ڕستەی خاوەندارێتی لە شێوەزاری کوردانی خوراسان)، لەم وتارەیدا لە ڕێگەی کاری (بوون)ەوە هەوڵی شیکردنەوەی ڕستەی خاوەندارێتی لەو شێوەزارە دەدات. [٤٠] لە کارێکی دیکەیدا، سەرنج دەخاتە سەر (کۆتایی کار لە شێوەزاری کوردانی خوراسان). [٤١] لێکۆڵینەوە لە دۆخە جیاوازەکانی (ناو) لە شێوەزاری کوردانی خوراسان، دەبێتە بنچینەی لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی بەناونیشانی(دۆخەکانی ناو لەشێوەی کوردی خوراسان) و لەم کارەیدا دۆخە جیاوازەکانی (ڕاستەوخۆ، بێ نیشانە، نیشانەی کۆ، نەناسراوی) ی ناو دەخاتە ڕوو. [٤٢]

(تسوکەرمان) سەرەڕای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی، سەرقاڵی کۆکردنەوەی تێکستەکانی شێوەزاری کوردانی خوراسان بووە و هەوڵی ئەوەی داوە ئەو تێکستانە بینە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی. لەم ڕوانگەوە، لە کارێکیدا بە ناونیشانی (تێکستەکانی شێوەزاری کوردی خوراسانی و توێژینەوە لێیان) کە لەسەر بنەمای چەند کەرەستەیەکی فۆلکلۆری کوردانی خوراسان

---

(٣٦)Курдоев К.К.: Сравнительная грамматика курдского языка (на материале курманджи и сорани), Автореф. дисс. д-ра филол. наук. М., 1965, 71 с.

(٣٧)Курдоев К.К.: Грамматика курдского языка на материале диалектов курманджи и сорани,АН СССР. Ин-т востоковедения, М.Наука, 1978, 290 с.

(٣٨)К. К. Курдоев: Курдский язык,(Языки зарубежного Востока и Африки), М., ИВЛ, 1961.

(٣٩)Курдоев К.К.: Тексты на говоре заза района Батуми. Предисловие, публикация, примечания З.А. Юсуповой, Письменные памятники Востока. Том 15, № 3 (34), 2018. СС. 96—121 ؛Qanatê Kurdo.: Lêgerîna Zaza / Исследование Заза. Werger ji rûsî: Tosinê Reşîd. Redoktion: Zerê Alîyêvna Yosûpova. Bonn: Hogir Verlag, 2016.

(٤٠)Цукерман И. И.: Посессивное предложение в хорасанском курманджи, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина, Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970, СС. 169—171.

(٤١)Цукерман И. И.: Глагольные окончания в хорасанском курманджи (Диахроническая направленность вариантов), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение, 1970, СС. 114—120.

(٤٢)Цукерман И. И.: Склонение имен существительных в хорасанском курманджи (парадигм ы), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: Наука, ГРВЛ, 1973. СС. 142—144.

نووسراوه و كه نووسەر كۆیكردونەتەوە، لێكۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی تەو تێكستانە ئەنجام داوە.[٤٣] كۆتا بواری كاركردنی (تسوكەرمان) دەربارەی شێوەزاری كوردانی خوراسان، كاركردنییەتی لە كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە دەربارەی پەندی كوردی لە شێوەزرای كوردانی خوراسان.[٤٤]

پانتاییەكی دیكەی كارەكانی (تسوكەرمان)، ڕێزمانی كرمانجی كوردەكانی ئەرمەنستان بوو. لەناو بەرهەمەكانیدا پوختەی ڕێزمانی كوردی لە (١٩٦٢ز) بۆ دیالێكتی كرمانجی بەتایبەت زازاكی تەرخان كردبوو. كارێكی سەرنج ڕاكێشی (تسوكەرمان) بە هاوبەشی لەگەڵ (شیكۆیێ گەسانیان) كە خوێندكاری ناوبراو بوو، لە بارەی (تێپەڕاندنی سیستەمی بێلایەنی گوێپێنەدراو لە دەقە ئەدەبییەكانی كوردانی تەرمەنستان) بوو.[٤٥]

گەرچی (زارێ یوسوپۆڤا) بەشێكی بەرچاوی كارە زانستییەكانی بۆ لێكۆڵینەوە لە دیالێكتی (گۆران) و بە تایبەتی شێوەزاری (هەورامی) تەرخانكردووە، بەڵام كتێبێكی بە ناونیشانی (دیالێكتی سلێمانی زمانی كوردی) بڵاوكردەوە، لەم كارەیدا دەربارەی (ئەلفوبێی ڕێنووس، فۆنەتیك، وشەناسی، مۆرفۆلۆژی، سینتاكس) لە دیالێكتی سلێمانی زمانی كوردی لێكۆڵینەوەی كردووە.[٤٦]

لە سەرەتای هەشتاكانەوە، (زارێ یوسوپۆڤا) دەستی بە لێكۆڵینەوەی دیالێكتی گۆران و شێوەزاری هەورامی كرد. لە دەسپێكی كارەكانیدا دەربارەی شێوەزاری هەورامی، لێكۆڵینەوەی دەبارەی (كەرەستەكانی شێوەزاری هەورامی) كردووە، تا ببێتە دەلاقەیەك بۆ لێكۆڵینەوەكانی پاشتری دەربارەی ئەو شێوەزارە.[٤٧] بەشێكی زۆری كەرەستەكانی لێكۆڵینەوە لە شێوەزاری هەورامی، نووسراوە ئەدەبییەكانی ئەو شێوەزارەیە كە خۆی لە دیوانی شاعیرەكانیدا دەبینێتەوە. (زارێ یوسوپۆڤا) دركی بە بەهای زمانەوانی ئەم كەرەستە بایەخدارە كردووە، هەربۆیە زۆرینەی كارەكانی دەربارەی ئەم شێوەزارە، پشت ئەستورە بە دیوانی شاعیرەكانی و بە تایبەتی (مەولەوی ١٨٠٦ - ١٨٨٢ز)، بە پشت بەستن بە دیوانی ئەم شاعیرە چەند لێكۆڵینەوەیەكی ئەنجام داوە. ڕەگی كار لە شێوەزاری هەورامی بەپێی دیوانی (مەولەوی) ناونیشانی لێكۆڵینەوەیەكیەتی كە بە شرۆڤەكردن و هێنانەوەی نموونە لە دیوانی (مەولەوی)دا، ڕەگی كار لەو شێوەزارە دەخاتە ڕوو.[٤٨] لێكۆڵینەوە لە مانا و دەلالەتەكانی (یەقین، عەدەم) لە شێوەزاری هەورامی دەبێتە بابەتی لێكۆڵینەوەیەكی دیكەی (زارێ یوسوپۆڤا) بە ناونیشانی(یەقین و عەدەم لە شێوەزاری هەورامی بەپێی دیوانی مەولەوی)[٤٩] كارێكی دیكەی بە پشت بەستن بە دیوانی (مەولەوی) لێكۆڵینەوەیە دەربارەی كار لە

---

(٤٣)Цукерман И. И.: Хорасанский курманджи. Исследование и тексты,(Автоаннотация), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: ГРВЛ, 1974, СС. 160—166.

(٤٤)Цукерман И. И.: Курдские пословицы на хорасанском курманджи, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Октябрь 1977 г. М.: Наука, ГРВЛ, 1977. СС. 149—153.

(٤٥)Гасанян Ш. А., Цукерман И. И.: О нарушениях пассивно-объектного строя в литературных текстах курдов Армении, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов III годичной научной сессии ЛО ИНА. Май 1967 года. Ленинград, 1967. СС. 88—90.

(٤٦)Юсупова З.А.: Сулейманийский диалект курдского языка, Ответственный редактор К.К.Курдоев,М.: Издательство «Наука» Главная редакция восточной литературы, 1985.

(٤٧)Юсупова З. А.: Материалы к изучению диалекта аврамани, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Январь 1982 г. Часть 2. М.: ГРВЛ, Наука, 1983, СС. 93—98.

(٤٨)Юсупова З. А.: Глагольные основы в аврамани (по тексту литературного памятника XIX в. — дивана Мавлави), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984, Часть II. М.: Наука, ГРВЛ, 1985, СС. 77—84.

(٤٩)Юсупова З. А.: Определенность-неопределенность в курдском диалекте аврамани (по тексту дивана Мавлави), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов

دیالێکتی گۆرانی (شێوزاری هەورامی). [٥٠] (زارێ یوسوپۆڤا) سەرنجی لەسەر پرسی (پێشگر و پاشگر لە شێوەزاری هەورامی) بووە و وتارێکی بۆ ڕونکردنەوە ئەرکی پێشگر و پاشگر لەو شێوەزارەدا بڵاوکردۆتەوە.[٥١] پاشان ئەرکەکانی (پێشگر)ی لە شێوەزاری هەورامی خستۆتەڕوو و بە هەریەك لە دیالێکتەکانی کرمانجی ژووروو و خواروو بەراوردی کردوون. [٥٢]

کاری دیاری (زارێ یوسوپۆڤا) دەربارەی دیالێکتی گۆران، بڵاوکردنەوەی کتێبی (دیالێکتی کوردی گۆران بەپێی پاشماوە ئەدەبییەکانی سەدەی ١٨ - ١٩)ە. ئەم کارەی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی دیالێکتی گۆران، کە کەم لە بارەیەوە کۆڵراوەتەوە و بۆ ماوەی چەند سەدەیەك زمانی ئەدەبیاتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەم کارەیدا، لەسەر بنەمای کەرەستە و نووسراوەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی لە سەدەی (١٨ - ١٩) لێکۆڵینەوە دەربارەی (فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس)ی لەو دیالێکتەدا کردووە و بەو ئەنجامە گەشتووە کە دیالێکتی (گۆران) بە یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابنێت. [٥٣]

بڵاوکردنەوەی کتێبێکی (زارێ یوسوپۆڤا) بە ناونیشانی (شێوەزاری کوردی هەورامی (لەسەر بنەمای دیوانی سەیدی)) دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی مێژووی لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆژی. لەم کارەیدا بە شێوەیەکی گشتگیر، لێکۆڵینەوەی دەربارەی سیستەمی ڕێزمانی شێوەزاری هەورامی لەسەر بنەمای دیوانی (سەیدی ١٧٨٤ - ١٨٤٨) کردووە، تایبەتمەندییەکانی ڤۆنەتیك و زمانەوانی شێوەزارەکەی خستۆتەڕوو. [٥٤]

ئەم لێکۆڵینەوانە، بوون بە بنەمایەك بۆ میتۆدێکی نوێ لە بواری زمانناسی کوردیدا. لێکۆڵینەوە لەم دیالێکتانە بۆ زانستی دیالێکتۆلۆجیا زۆر گرنگە ، چونکە هەندێك لە شارەزایانی ئێرانناسی وەك (د.مەکەنزی، جۆیس بلۆ) و تەنانەت کوردناسی وەك (ڕ. تسەبۆلۆف) باوەڕیان وابووە کە ئەم دیالێکتانە پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە نییە، هەر وەك لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوتری (ڤەناتی کوردۆ) لە بارەی دیالێکتی زازا و توێژینەوەکانی کەریمی ئەیوبی و سمیرنۆڤا لە بارەی دیالێکتی باشوری زمانی کوردی، ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو ئێرانناس و کوردناسانە بە هەڵەدا چوون و بۆچونەکانیان بنەمای زانستی نییە. [٥٥]

جیا لە لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانی کوردی، کوردناسانی (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ)، بایەخیان بە فەرهەنگی زمانی کوردی - ڕووسی داوە. ڤەناتی کوردۆ لەم بوارەدا دەستپێشخەر بووە و فەرهەنگێکی (کوردی - ڕووسی) لە ساڵی (١٩٦٠ز) بلاوکردەوە، فەرهەنگەکە لە دوتوێی (٨٩٠) لاپەڕەدا (٣٤٠٠٠) سی و چوار هەزار وشەی لەخۆگرتبوو. [٥٦]

---

Востока, XXI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1987 г, Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1987, СС. 104—108.

[٥٠] Юсупова З. А.: Глагол в языке «Дивана Маулави» на курдском диалекте горани (аврамани), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения). 1989 г. Часть 3. Москва: Наука, ГРВЛ, 1991. СС. 147—163.

[٥١] Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в курдском диалекте аврамани, Письменные памятники проблемы истории культуры народов Востока, XIX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1985 г, Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1986, СС. 228—232.

[٥٢] Юсупова З. А.: Функции сложных предлогов в диалекте курдского языка аврамани (в сопоставлении с сорани и курманджи) , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1988 г. Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1990, СС. 94—102.

[٥٣] Юсупова З.А.: Курдский диалект горани по литературным памятникам XVIII—XIX вв, Ответственный редактор Л.Г.Герценберг, СПб.: Наука, 1998.

[٥٤] Юсупова З.А: Курдский диалект аврамани (по материалам Дивана Саиди).М.: Издательская фирма «Восточная литература» РАН, 2000.

[٥٥] Dr Z. A. Yusupova: Kurdish Studies at the IOM (1959—2005), Op. Cit.

[٥٦] Курдоев К. К.: Курдско-русский словарь. Ок. 34000 слов. С прилож. краткого грамматического очерка курдского языка. М., Гос. изд-во иностр. и нац. словарей, I960, 890 с

(ڤەناتی کوردۆ و زارێ یوسوپۆڤا) پێکەوە فەرهەنگێکی (کوردی - ڕووسی) یان داناوە، لە لە (١٩٦٠ز) دەربارەی شێوەی کارکردن و شێوازی دانانی ئەم فەرهەنگە (زارێ یوسوپۆڤا) وتارێکی بە ناونیشانی (فەرهەنگی کوردی - ڕووسی (دیالێکتی باشوری زمانی کوردی - سۆرانی)) بڵاوکردەوە [٥٧] فەرهەنگەکە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار وشەی لەخۆ گرتبوو، لە (١٩٨٣) لە دوو توێی (٧٥٣) لاپەڕە بڵاو کرایەوە. [٥٨] (ژ.س. موسائیلیان و تسوکەرمان) پێکەوە کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگە (کوردی - ڕووسی)ەکەی(ئۆربیلی) کردووە، [٥٩] فەرهەنگەکە لە دووتوێی (٢٠٠) لاپەڕە لە ساڵی (٢٠٠٢ز) بڵاو کرایەوە. [٦٠]

## تەوەری دووەم: کوردناسیی و ئەدەبیاتی کوردی لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد

مارگریتا ڕۆدینکۆ (١٩٣٦ - ١٩٧٦ز) لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەدەبی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو، ئەو یەکەمینی کوردناسانی لینینگراد بووە کە توێژینەوە و ڕاستاندنی(تحقیق) سەبارەت بە گرنگترین تێکستە ئەدەبییەکانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردەوە. ڕۆدینکۆ لە (١٩٥١ز) لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرا، مەم و زینی ئەحمەدی خانی سەرنجی ڕاکێشا، بە سەرپەرشتی (ڤەناتی کوردۆ) تێزی دکتۆراکەی لەسەر ئەو داستانە بوو و لە کۆتایی (١٩٥٤ز) بەرگری لە تێزەکەی کرد، بۆ یەکەمین جار (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) بۆسەر زمانی ڕووسی وەرگێڕدرا، ئەم کارەش شارەزایی قوڵی لە زمانی کوردی و شارەزایی لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی دەویست، سەرەڕای بوونی شارەزاییەکی فراوان، ڕۆدینکۆ لەم ڕووەوە ڕچە شکێن بوو. [٦١] پاش ئەوەی ڕۆدینکۆ لە دوو کاریدا وەسف و کەتەلۆگی دەستنووسە کوردییەکانی بڵاوکردەوە، [٦٢] بە شێوەیەکی سیستەماتیك دەستی بە لێکۆڵینەوەی ئەو دەستنووسانە کرد. جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر مەم و زین، لەو کۆمەڵە دەستنووسەی کاری لەسەر کردبوو، (٩) دەستنووسیان هی مەم و زین بوون. لێکۆڵینەوەیەکی چڕی دەربارەی دەقی مەم و زین کرد و لە (١٩٦٢ز) وەك کتێبێك بڵاویکردەوە، کە بە بەراورد بە نامەی دکتۆراکەی، کارێکی جیاوازتر بوو. [٦٣]

بڵاوکردنەوەی تێکستە ئەدەبییە کوردییەکان و وەرگێڕانیان بۆسەر زمانی ڕووسی و لێکۆڵینەوە دەربارەیان، ببووە خولیای زانستی (ڕۆدینکۆ). هەر بۆیە کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی و بەرهەمی شاعیرانی کوردی بڵاوکردەوە. لە (١٩٦٥ز) داستانی شێخی سەنعانی (فەقێ تەیران) [٦٤] و داستانی لەیل و مەجنونی (حارسی بەدلیسی) بڵاوکردەوە. [٦٥]

(ڕۆدینکۆ) لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنی لەسەر داستانی (یوسف و زولەیخا) کردووە، ساغکردنەوەی تێکستەکە و دەستنووسە جیاوازەکان و نووسەری دەستنووسەکان، ناوی (ڕۆدینکۆ)ی هێندەی دیکە خستە بەر باس. لە (١٩٦٧ز) بە ناونیشانی

---

(٥٧)Юсупова З. А.: Курдско-русский словарь. (Южнокурдское наречие — сорани), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН. Май 1969 года. Л., 1969, СС. 167—169.

(٥٨)Курдоев К.К., Юсупова З.А.: Курдско-русский словарь (сорани), Ок. 25 000 слов.М.: Рус. яз., 1983.

(٥٩)Цукерман И. И., Мусаэлян Ж. С.: Курдско-русский словарь академика И. А. Орбели, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. Тезисы докладов II годичной научной сессии ЛО ИНА. Март 1966 года. Ленинград, 1966. СС. 69

(٦٠)И. А. Орбели: Курдско-русский словарь ,Подготовка рукописи к печати и введение (Ж. С. МУСАЭЛЯН & И. И.. Цукерманом). Ереван, Зангак-97, 2002.

(٦١) ژ.س. موسائیلیان: دەربارەی میراق ڕۆدینکۆ: لە کتێبی وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٨ - ٩.

(٦٢)М.Руденко: Коллекция А.Д.Жаба (курдские рукописи),СС 165-184. ؛ М. Б. РУДЕНКО: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, Указ. соч.

(٦٣)Ахмед Хани: Мам и Зин, Критич.текст, пер., предсли указ. М.Б.Руденко, М., 1962.

(٦٤)Факи Тейран: Шейх Санан, Критич. техт, пер., примеч. и предсл. М.Б. Руденко, М, 1965.

(٦٥)Харис Битлиси: Лейли и Меджну, Пер., предисли примеч. М.БРуденко. М., 1965

(دەقی تەدەبی شیعری کوردی (یوسف و زوڵەیخا)، ناساندنی بۆ تێکستەکە کردووە.[٦٦] بوونی چەند دەستنووسێکی (تێکستە شیعرییەکە) و لێکۆڵینەوە دەربارەی تایبەتمەندی و نووسەر و کاتی نووسینی هەریەک لە دەستنووسەکان، لێکۆڵینەوەی بەردەوامی ڕۆدینکۆ لەم ڕووەوە، بەڵگەی نوێی لە مێژووی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی هێنانەیە ئاراوە. لە بابەتێکیدا بە ناونیشانی (دەستنووسێکی نوێی هۆنراوەی (یوسف و زوڵەیخا)ی شاعیری کورد سەلیم سلێمان) لە ئەنجامی سەرنجی وردی زانستی و لێکۆڵینەوە لە تێکستی (یوسف و زوڵەیخا) بەو ڕاستییە گەشت، کە (سەلیم سلێمان) نووسەری یەکێک لە دەستنووسەکانی داستانە شیعرییەکەیە.[٦٧]

جیا لە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ئەدەبییەکانی تێکستی (یوسف و زوڵەیخا)، تۆماری ڕووداوەکانی داستانەکە جێی بایەخی (ڕۆدینکۆ) بووە. ئەو لە وتارێکیدا بە ناونیشانی تۆماری ڕووداوەکان لە دەستنووسی هۆنراوەی (یوسف و زوڵەیخا)ی سەلیم سلێمان)، زانیاری دەربارەی کاتی ڕووداوەکان خستۆتەڕوو.[٦٨]

لێکۆڵینەوە پێشینەکانی (ڕۆدینکۆ) دەربارەی (داستانی یوسف و زوڵەیخا)، ڕێگە خۆشکەری نامەی پۆست دکتۆراکەی (ناوک)بوون، لە (١٩٧٣ز) لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ بە ناونیشانی( ڤێرژنە تەدەبی و فۆلکلۆرییەکانی داستانی کوردی یوسف و زوڵەیخا) بەرگری لە نامەکەی کرد.[٦٩] ئەم کارە زانستییەی لە دوای مردنی لە ساڵی (١٩٨٦ز) چاپکرا.[٧٠]

(ڕۆدینکۆ) تەنها سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی ئەدەبی نووسراوی کوردی نەبووە، بەڵکو ئەو هەستی بە گرنگی و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی و هەمەچەشنی ژانرەکانی کردووە. بە مەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستە فۆکلۆریی و میللییەکانی نەتەوەی کورد، چەندین جار چووەتە ناوچە کوردییەکانی (ئەرمینیا، گورجستان، ئازەربایجان، تورکمانستان).[٧١] بایەخدانی (ڕۆدینکۆ) بە شین و لاواندنەوەی مردوو ناشتن، لە کاتی لێکۆڵینەوەی لە دەستنووسە کوردییەکانەوە دەستپێکردووە. لە (١٩٦٨) وتارێکی دەربارەی گۆرانی مردووناشتن لای کوردە ئێزدییەکان بڵاوکردەوە.[٧٢] لە ساڵی (١٩٧٠) چل و چوار لاواندنەوەی تایبەت بە

---

(٦٦)М. Б. Руденко.: Курдская литературная версия поэмы (Юсуф и Зулейха), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов III годичной научной сессии ЛО ИНА, Май 1967 года. Ленинград, 1967,СС. 78—79.

(٦٧)М. Б.Руденко.: Новая рукопись поэмы курдского поэта Седина Слемана (Юсуф и Зелиха) ,Письм енные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН, Май 1969 года. Л., 1969, СС. 29—31.

(٦٨)М. Б. Руденко: Хронограммы в рукописи поэмы Селима Слемана (Юсуф и Зелиха), [Православный] Палестинский сборник, Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение , 1970, СС. 68—69

(٦٩) ژ.س. موساتیلیان: دەربارەی میراتی ڕۆدینکۆ: لە کتێبی وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ١٣.

(٧٠)М.Б. Руденко: Литературная и фольклорные версии курдской поэмы "Юсуф и Зелиха", Наука, М.1986.

(٧١) ژ.س. موساتیلیان: دەربارەی میراتی ڕۆدینکۆ: لە کتێبی وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ١٣.

(٧٢)М.Б. Руденко: Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов IV годичной научной сессии ЛО ИНА. Май 1968 года. Ленинград, 1968, СС. 87—88.

مەراسیمی ناشتنی مردوو لە لای ئێزدییەکانی پشت قەفقاز بە وەرگێرانی ڕووسییەوە بڵاوکردەوە.[٧٣] لە پاش خۆی کارێکی دیکەی دەربارەی شین و لاواندنەوەی کورد بڵاو کرایەوە، کە تایبەت بوو بە (شین و لاواندنەوە لە کۆمەڵە دەستنووسەکەی ئا. ژابا).[٧٤]

کاری دیار و فراوانی (ڕۆدینکۆ) دەربارەی شین ولاواندنەوەی کوردی، کتێبی(شیعری شین ولاواندنەوە (ڕیتۆڵ - خوێندنی سەر قەبران) ی کوردی)ە، کە لە پاش مردنی لە ساڵی (١٩٨٢ز) لە دوتوێی (١٥٣) لاپەڕە بڵاو کرایەوە، تێکستەکان بە ئەلفوبێی لاتین و ڕۆدینکۆ بۆ زمانی ڕووسی وەریگێڕاون، لەم بەرهەمەیدا هەندێك شین و لاواندنەوەی ئێزدییەکانیشی لە پاشکۆی ئەم کارەکەیدا داناوە.[٧٥]

ڕۆدینکۆ چەند لێکۆڵینەوە و وتارێکی دیکەی دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی کوردی و فۆلکلۆر و ئیتنۆگرافیای کورد بڵاو کردۆتەوە، وەك(دەربارەی پرسی ئەدەبی کوردی، هەندێك شیعری نەزانراوی ئەحمەدی خانی، ئەدەبی کوردی سەدەی حەڤدە، شیعری چاپنەکراوی شاعیرانی کورد، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، دەربارەی تایبەتمەندی زمانی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست،[٧٦] سیستێمی دانانی شیعری کلاسیکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو،[٧٧] ڕەنگدانەوەی هەندێك بیر و ڕێوڕەسمی کۆن لە فۆلکلۆری هاوچەرخی کورددا،[٧٨] گۆرانی نامۆیی کوردی (dilokê xerîbîyê - حەسرەت و ئاهی نامۆیی) و پەیوەندییان بە مەراسیمی مردوو ناشتنەوە.[٧٩]

موسائیلیانی خوێندکاری ڕۆدینکۆ، بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست دەستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە کرد، چەندین لێکۆڵینەوە و وتاری دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی ئەدەبیات و فۆلکلۆر و گۆرانی میللی کوردی و داستانە شیعرییەکان بڵاوکردۆتەوە. لە لێکۆڵینەوەکانیدا، سودێکی زۆری لە دەستنووسە کۆکراوەکانی (ژابا) وەرگرتووە. دەسپێکی کارەکانی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ئەدەبییەکانی داستانی (زەمبیل فرۆش) بوو. لە ساڵی (١٩٦٢ز) وتارێکی بە ناونیشانی (چیرۆکی فۆلکلۆری زەمبیل فرۆش و پرۆسە ئەدەبییەکەی) بڵاوکردەوە.[٨٠] لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەستنووسە

---

(٧٣)М.Б.Руденко.: Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение, 1970. СС. 70—86.

(٧٤)М.Б. Руденко: Несколько курдских похоронных песен из собрания рукописей А, Д. Жаба , Письменные памятники Востока,Историко-филологические исследования. Ежегодник 1973,М.: Наука, ГРВЛ, 1979,СС. 168—173.

(٧٥)М.Б. Руденко.: Курдская обрядовая поэзия. Похоронные причитания, М.: Наука,1982.

(٧٦) ژ.س. موسائیلیان: دەربارەی میراتی ڕۆدینکۆ: لە کتێبی وتارەکانی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ١٣.

(٧٧)М.Б. Руденко: Системы стихосложения в средневековой курдской классической поэзии на северном диалекте,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина, Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970. СС. 120—123.

(٧٨)М.Б. Руденко.: Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: ГРВЛ, 1974. СС. 83—88.

(٧٩)М.Б. Руденко: Курдские лирические чужбинные песни цикла “dilokê xerîbîyê” и их связь с погребальным обрядом, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: Наука, ГРВЛ, 1973, СС. 112—115.

(٨٠)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Курдское народное сказание «Зембиль-фрош» и его литературная обраб отка. Научная конференция по иранской филологии (Тезисы докладов) Л, 1962, СС. 32—33

جیاوازەکانی(چیرۆکی فۆلکلۆری زەمبیل فرۆش) خولیای زانستی (موسائیلیان) بووە، دوو وتاری بە ناونیشانی (وێنەیەکی نوێ (نووسخەیەکی نوێ) لە ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی (زەمبیل فرۆش) لە ساڵانی (١٩٦٦، ١٩٧٠) بڵاو کردوەتەوە.[٨١]

دەربارەی مێژووی بایەخدان بە داستانە شیعرییەکە و لێکۆڵینەوە لێی، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (مێژووی توێژینەوە لە ئەفسانەی میللی کوردی (زەمبیل فرۆش)) زانیاری سەربارەت بە بایەخی ئەم داستانە شیعرییە و مێژووی توێژینەوە لە داستانەکەی خستۆتەڕوو.[٨٢]

بوونی چەندین دەستنووسی تایبەت بە داستانی شیعری (زەمبیل فرۆش) سەرنجی (موسائیلیان)ی ڕاکێشاوە، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (داستانی شیعری (زەمبیل فرۆش) لە کۆمەڵە دەستنووسە کوردییە کۆکراوەکاندا)، باسی لە بایەخی ئەم داستانە شیعرییە و دەستنووسە جیاوازەکانی کردووە.[٨٣] لە کارێکی دیکەیدا سەرنجی لەسەر ئەو دەستنووسەی (زەمبیل فرۆش) بووە کە دەدرێتە پاڵ (موراد خانی بایەزیدی)،[٨٤] زانیاری دەربارەی بنچینەی ڕووداوەکانی نێو داستانە شیعرییەکە لە وتارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (بنەڕەتی ڕووداوەکانی داستانی شیعری (زەمبیل فرۆش)) خستۆتەڕوو.[٨٥]

ترۆپکی بایەخەکانی (موسائیلیان) بە داستانە شیعرییەکە، وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا بوو دەربارەی داستانەکە. تێزەکەی بووە بنەمایەك بۆ کتێبێك کە لە ساڵی (١٩٨٣ز) بڵاوکرایەوە، لەم چاپەدا تێکستە ڕاستێنراوەکە (تەحقیقکراوەکە) دەگرێتە خۆ، کە لەسەر بنەمای حەوت دەستنووس، دەقی تێکستەکە و وەرگێڕانەکەی بڵاوکردەوە و تێبینی و پێشەکی بۆ بەرهەمەکە نووسیوە.[٨٦]

بوارێکی دیکەی کارە زانستییەکانی (موسائیلیان)، لێکۆڵینەوە بووە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی. لە ساڵی (١٩٦٩ز) ناساندنی بۆ ئەو دەستنووسە کوردییانەی (کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی) کە تایبەت بوون بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، کردووە،[٨٧] لە وتارێکی دیکەیدا بابەتەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی خستۆتەڕو.[٨٨]

(موسائیلیان) لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەو دەستنووسە کوردییانەی تایبەت بوون بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، کردووە. چەند بەرهەمێکی دەربارەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە نێو ئەم دەستنووسانە بڵاوکردەوە، وەك هەندێك مەراسیمی زەماوەند لە

---

(٨١)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Новые варианты курдского народного сказания «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. Тезисы докладов II научной сессии ЛО ИНА. Л., 1966, СС. 36—38. ؛ Ж. С. МУСАЭЛЯН: Новые варианты курдского народного сказания «Замбильфрош». — Сб. «История, культура, языки народов Востока». М., 1970, СС. 103—108.

(٨٢)Ж. С. МУСАЭЛЯН: История изучения курдского народного сказания «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. VI годичная научная сессия ЛО ИВАН. М., 1970, СС. 117—120

(٨٣)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Поэма «Замбильфрош» в собрании курдских рукописей ГПБ. — ПП и ПИКНВ. VIII годичная научная сессия ЛО ИВАН (автоаннотации и краткие сообщения). М., 1972, СС. 44—48.

(٨٤)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Поэма «Замбильфрош», приписываемая Мурад-хану Баязиди. — ПП и ПИКНВ. X годичная научная сессия ЛО ИВАН (автоаннотации и краткие сообщения). М., 1974, СС. 75—79.

(٨٥)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Истоки сюжета курдской поэмы «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. XII научная годичная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). М., 1977, СС. 183—186

(٨٦)Замбильфрош. Курдская поэма и ее фольклорные версии. Критический текст, перевод, примечания, предисловие, приложения Ж.С.Мусаэлян. Ответственный редактор М.Б.Руденко. М.: Издательство «Наука», Главная редакция восточной литературы. 1983.

(٨٧)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Курдские народные песни из рукописного собрания ГПБ им. М.Е. Салтыкова Щедрина. — ПП и ПИКНВ. Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВАН. Л., 1969, СС 98—101.

(٨٨)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Тематика курдских народных лирических песен. — ПП и ПИКНВ. VII годичная научная сессия ЛО ИВАН (Краткие сообщения). М., 1971, СС. 91— 94.

گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا لە کۆمەڵە دەستنووسە کوردییە کۆکراوەکاندا [٨٩]، بابەتەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکانی(ژابا)دا. [٩٠]بەشێکی دەستنووسەکان لە کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی کتێبخانەی گشتی دەوڵەتی (ساڵتیکۆڤ شێدرین) تایبەت بوون بە (گۆرانی فۆلکلۆری کورد)، کاری وەرگێڕان و نووسینی تێبینی لە لایەن (موسائیلیان) ئەنجام دراوە و بە سەرپەرشتی (قەناتی کوردۆ) لە ساڵی (١٩٨٥ز) بە ناونیشانی (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی) بڵاوکراونەتەوە. [٩١]

قەناتی کوردۆ لە ساڵانی (١٩٨٣ بۆ ١٩٨٥ز)، سەرپەرشتی ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی کرد. کە لە دوو بەرگدا شیعری بیست و یەک شاعیری کوردی لە سەدەی دەیەم تا سەدەی بیستەم دەگرێتە خۆی. * هەروەها سەرپەرشتی هەندێك تێزی دکتۆرای لە بواری ئەدەبی هاوچەرخی کوردا کرد، وەك (داهێنانی شاعیری پێشکەوتووخوازی کورد هەژار لە لایەن کەریمی ئەیوبی لە ١٩٦١ز بەرگری لەتێزەکە کرا، مێژووی گەشەکردنی چیرۆکی هونەری هاوچەرخی کورد لە عێراق ١٩٣٥ - ١٩٦٠ لە لایەن جەمشید حەیدەری لە ١٩٧٧ز بەرگری لە تێزەکە کرا). ژ. ن. فۆرۆژێکیناش سەرپەرشتی تێزی دکتۆرای ئەنوەر قادر محمد(جاف)ی کرد بە ناونیشانی (لیریکی شاعیری کوردی سەدەی نۆزدەهەم بە دیالێکتی گۆرانی مەولەوی) لە ١٩٨٦ز بەرگری لێکرا. [٩٢]

بایەخدانی (قەناتی کوردۆ و موسائیلیان) بە فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە هاوبەشەکانیان لەم بوارەدا، دواتر وەك کتێبێك بە ناونیشانی (هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی) بڵاوکرایەوە، جگە لە نووسینی تێبینی و ڕوونکردنەوە، نووسەرانی ئەم کتێبە تێکستەکانیان بۆ سەر زمانی ڕووسی وەرگێڕاوە. [٩٣]

لە لایەن کوردناسانی دیکەوە بایەخ بە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە و لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی بە تایبەتی لە دیالێکتی کرمانجی دراوە. لە نێو بەرهەمە سەردتاییەکانی ئەم بوارەدا کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەقە فۆلکۆرییەکان وەك گۆرانیی بە پێی ژانرە جیاوازەکان، ئەفسانەکان، چیرۆکە خەیاڵییەکان، پەندی پێشینان و مەتەڵ و نوکتە. (ئۆردیخانی جەلیلی) شارەزا و ڕوخسارێکی دیاری بایەخدان و لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆری کورد بوو. خۆی بە داستانە مێژووییە کوردیەکانەوە سەرقاڵ کردووە، لەسەر ئاستی ئەکادیمی لەو بوارەدا خاوەن پێگەیەکی دیار و ناوبانگ بووە، بە تایبەتی ئەو کەرەستانەی کە بەشێکیان لەگەڵ جەلیل جەلیلی برایدا، لەکاتی سەردانە زۆرەکانیاندا بۆ کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە قەفقاز و ناوەڕاستی ئاسیا کۆیکردونەتەوە، لێکۆڵینەوە بەرفراوانەکانی لەم بوارەدا لە بەرهەمێکدا بەناوی (گۆرانییە مێژوویە کوردییەکان) لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو کرایەوە. [٩٤]

---

(٨٩)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Некоторые свадебные обряды в курдских народных песнях из рукописного собрания ГПБ. — Сб. «Фольклор и этнография. Обряды и обрядовый фольклор». Л , 1974, СС 210—214.

(٩٠)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Тематика курдских народных лирических песен из рукописного собрания А.Д. Жабы. — ПП и ПИКНВ. XVI годичная научная сессия Л0 ИВ АН СССР (доклады и сообщения по иранистике). М., 1982, ч. 2, СС. 34—38.

(٩١)Курдские народные песни из рукописного собрания ГПБ им. М.Е.Салтыкова-Щедрина, Памятники письменности Востока LXXII. Издание текстов, перевод, предисловие и примечания Ж.С.Мусаэлян. Ответственный редактор К.К.Курдоев. М.: Издательство «Наука», Главная редакция восточной литературы. 1985.

*Prof. Qanate Kurdo: tarixa edebyata kurdi,Cilt 1, WESHANEN RUJA NU,STOKHOLM,1983.؛ Prof. Qanate Kurdo: tarixa edebyata kurdi,Cilt 2, WESHANEN RUJA NU,STOKHOLM,1985.

(٩٢)Dr Z. A. Yusupova: Kurdish Studies at the IOM (1959—2005), Op. Cit.

(٩٣)Курдская народная лирика. Транслитерация текстов, перевод, предисловие, примечания, приложения( К.К.Курдоева, Ж.С.Мусаэлян), М.: Издательская фирма (Восточная литература) РАН, 2002.

(٩٤)Джалилов О. Дж.: Исторические песни курдов, Ответственные редакторы Путилов Б.Н., Джалил Джалиле. — СПб.: Петербургское Востоковедение, 2003.

## تەوەری سێیەم: کوردناسیی و مێژووی کورد و کوردستان لە سانت پترسبۆرگ - لینینگراد

بەهۆی کەمی زانیاری و سەرچاوە مێژوویەکان دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، توێژینەوە مێژوویەکان زیاتر لەسەر کێشە هاوچەرخەکان و سەردەمی نوێی مێژووی کورد چڕبووبوویەوە، (یڤگێنیا ئیلیچنا ڤاسیلیێڤا لەدایك بووی ١٩٣٥ز) مێژوونووسی دیاری نێو کوردناسانی لینینگراد بوو، گرنگییەکی زۆری بە ڕاستاندن و لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و وەرگێران و توێژینەوە لەچەند دەڤێکی مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێی کورد دەدا. یەکەمین وەرگێڕانی شەرەفنامە لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی، لەلایەن (ڤاسیلیێڤا) ەوە ئەنجامدرا. کاری دواتری لەسەر نووسراوە مێژوویەکانی مێژوونوسانی ئەردەڵان بوو، کە لە لایەن مێژوونووسانی کوردەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە نووسرابوون، تێکستی (مێژووی میرانی ئەردەڵان دانراوی خەسرەو بن محمدی بەنی ئەردەلانی) بۆ سەر زمانی ڕووسی وەرگێڕا و لەگەڵ نووسینی تێبینی و ڕوونکردنەوە لە ساڵی (١٩٨٤ز) چاپی کرد. [٩٥]

لە توێژینەوەکانیدا دەربارەی ڤوتابخانەی مێژوونووسی ئەردەڵان، (ڤاسیلیێڤا) هەڵوەستەی لەسەر ئەزمونی نووسین و مێژووی ژیانی(ماهـ شەرەف خانم) کردووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (مێژووی ماهـ شەرەف خانم - شاعیر و مێژوونووسی

---

[٩٥]Хусрав ибн Мухаммад Бани Ардалан: Хроника (История курдского княжеского дома Бани Ардалан), Факсимиле рукописи. Издание текста, перевод с персидского, введение и примечания Е.И.Васи льевой ,Ответственный редактор Л.Т.Гюзальян, М.: Наука, Главная редакция восточной литературы, 1984.

کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم) ئاوڕی لە ئەزمونی مێژوونووسینی (مەستورەی ئەردەڵانی) وەك مێژوونووسێکی ئەو قوتابخانەیە داوەتەوە.[٩٦] دەربارەی مێژوو و وێستگەکانی ژیانی (مەستوورە) وەك شاعیر و مێژوونووسی کورد، لە وتارێکی دیکەیدا لێکۆڵینەوەی کردووە.[٩٧] گرنگترین کاری (ڤاسیلێڤا) دەربارەی (مەستورە) وەرگێڕانی تێکستی (مێژووی ماڵباتی ئەردەڵان (تاریخ ئەردەڵان)ی ماهـ شەرەف خانم کوردستانی) بۆ سەر زمانی ڕووسی و چاپکردنی بوو.[٩٨]

(ڤاسیلێڤا) سەرنجی لەسەر مێژووی کورد لە سەردەمی نوێدا بوو، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەدوای شەنوکەوکردنی بارودۆخی میرنشینە کوردییەکانەوە بوو. لە (١٩٩١) کتێبێکی بە ناونیشانی (باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەی (حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە) کورتەیەك دەربارەی مێژووی میرنشینی ئەردەڵان و بابان) بڵاوکردەوە. لە دەروازەی ئەم کارەیدا دەربارەی ڕووبەر، سرووشت، دانیشتووانی هەردوو میرنشینەکە لێکۆڵینەوەی کردووە، لە پێنج بەشدا دەربارەی (مێژووی سیاسی، ژیانی ئابووری، ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان و خێڵەکان، ستراکتۆری کۆمەڵایەتی میران و بەگزادە و دەزگای جەنگی ئیداری و دەزگای ئایینی و ڕەوشی ئایدۆلۆژی) لێکۆڵینەوەی کردووە.[٩٩] بەرهەمێکی دیکەی وەك درێژکراوەی ئەم کارەی، بە ناونیشانی(کوردستانی باشووری ڕۆژهەڵات لە سەدەکانی (شازدەیەم - نۆزدەیەم) سەرچاوەیەك لە بارەی مێژووی میرنشینە کوردییەکانی ئەردەڵان و بابان) بە پشت بەستن بە دانراوێکی (عەبدولقادر بابانی) بە ناونیشانی ( سیبەر ئەلئەکراد) لە ساڵی (٢٠١٦) بڵاوکردەوە.[١٠٠]

شەرەفخانی بەدلیسی جێگەی تێڕامانی (ڤاسیلێڤا) بووە، مێژووی بنەماڵە و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی (شەرەفخانی بەدلیسی) و نووسینی شەرەفنامە و هەڵسەنگاندنی دەستنووسەکەی، لە بەرهەمێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (شەرەفخانی بەدلیسی (سەردەم، ژیان، نەمری)) لێکۆڵینەوەی کردووە.[١٠١]

(ڤاسیلێڤا) کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و وتاری دەربارەی مێژووی کورد و میرنشینە کوردییەکان بڵاو کردۆتەوە، زۆرتر (شەرەفنامە)ی وەك بنەما و سەرچاوەی خوێندنەوەی زۆر پرسی مێژووی کورد وەرگرتووە. لە ساڵی (١٩٦٥) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (میرنشینە فیوداڵەکانی کوردەکان لە سەدەی (١٦) لەسەر بنەمای کەرەستەکانی (شەرەفنامە))، لە ڕوانگەی زانیارییەکانی شەرەفنامەوە باسی لە میرنشینەکانی کورد لە سەدەی (١٦) کردووە.[١٠٢]

---

[٩٦]Васильева Е. И.: О хронике Мах Шараф-ханум Курдистани курдской поэтессы и историка первой половины XIX в, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), Декабрь 1979, Часть 1(1), М.: Наука, ГРВЛ, 1981. СС.3-8.

[٩٧]Васильева Е. И.: О жизни Мастуре курдской поэтессы и историографа, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1982. СС. 16—21

[٩٨]Мах Шараф-ханум Курдистани: Хроника дома Ардалан. Перевод с перс, введ. и примеч Е.И.Васильевой, Ответственный редактор О.Ф.Акимушкин,М.: Наука. Главная редакция восточной литературы, 1990.

[٩٩]Васильева Е.И: Юго-Восточный Курдистан в XVII — начале XIX в. Очерки истории эмиратов Арделан и Бабан, Ответственный редактор М.С.Лазарев. — М.: Наука. Главная редакция восточной литературы, 1991.

[١٠٠]Васильева Е. И: Юго-Восточный Курдистан в XVI—XIX вв, Источник по истории курдских эмиратов Арделан и Бабан, СПб.: Нестор-История, 2016.

[١٠١]Васильева Е.И: Шараф-хан Бидлиси(Эпоха, Жизнь, Бессмертие),Ответственный редактор Ш. Мгои, СПб.: Наука, 2003.

[١٠٢]Васильева Е. И.: Курдские феодальные княжества в XVI в (по материалам Шараф-наме), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов I годичной научной сессии ЛО ИНА. Март 1965 года. Ленинград, 1965. СС. 33—35.

خوێندنەوەی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە لای (ڤاسیلێڤا)، پێویستی بە تێگەیشتن لە چەمکی (خێڵ) و لێکۆڵینەوە لە فاکتەرەکانی باڵادەستی خێڵ و نەریتی خێڵەکیانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. لەم ڕوانگەوە سەرنجی لەسەر ئەوە بووە کوردەکان خۆیان دەربارەی ئەم بابەتە چۆن دەدوێن، بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە زاراوەکانی (تایفە، عەشیرەت، قەبیلە)، (ڤاسیلێڤا) پشت بە شەرەفنامە دەبەستێت و هەوڵی ڕوونکردنەوەی هەریەك لەو زاراوانە بە پێی تێگەیشتنی (شەرەفخانی بەدلیسی) دەدات. [١٠٣] هەروەها بۆ خستنە ڕووی ڕوانینی مێژوونووسانی کورد دەربارەی هۆزە کوردییەکان، (ڤاسیلێڤا) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی ڕوانینی مێژوونووسانی کورد (شەرەفخانی بەدلیسی، عەبدوارەزاق بەگی دومبولی، مەلا مەحموودی بایەزیدی، محمد شەریف قازی، خەسرەو بن محمد بەنی ئەردەلانی، ماهـ شەرەف خانمی کوردستانی، میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی)لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە هۆزە کوردییەکان دەکات. [١٠٤]

دەربارەی خێڵە کوردییەکانیش چەند وتار و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی بڵاوکردۆتەوە، ململانێی (شاعەباسی یەکەم ١٥٧١ - ١٦٣٩ز) لەگەڵ خێڵی کوردی موکری) لە وتارێکدا خستۆتەڕوو. [١٠٥] سیستەمی پەیکەربەندی خێڵەکان لە لای (ڤاسیلێڤا) بابەتێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی لە ناو خێڵەکان و پەیوەندییەکانیان، (ڤاسیلێڤا) توێژینەوەی لە ستراکتۆری خێڵی جاف وەك نموونەیەکی کلاسیکی خێڵی کوردی کردووە. [١٠٦]

پرسی ڕەچەڵەك لە ناو خێڵە کوردییەکاندا، بابەتێکی دیکەیە کە (ڤاسیلێڤا) سەرنجی زانستی لەسەر بووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (دەربارەی ڕەچەڵەکی فەرمانڕەوایانی خێڵی کوردی دومبلی) ڕیشەی ڕەچەڵەکی خێڵەکە دەخاتە ڕوو، [١٠٧] لەناو نەریتی خێڵدا بیرۆکەی ڕەسەنی و پیرۆزیی ڕەچەڵەك دیاردەیەکی بەربڵاوبووە، ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی لەسەر زۆرێك لە خێڵە کوردییەکان هەبووە. (ڤاسیلێڤا) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (بیرۆکەی ڕەچەڵەکی (بێگانە)ی خانەوادە نەجیبزادە کوردییەکان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی) باس لەم نەریتە لە ناو خێڵە کوردییەکان دەکات. [١٠٨]

سەرچاوەی زانیاری دەربارەی خێڵە کوردییەکان یەکێك لە ئامانجەکانی کوردناسانی لینینگراد بووە، کە پرۆژەیەکی بەرفراوان دەربارەی خێڵە کوردییەکان جێبەجێبکەن. ڤەناتی کوردۆ و موسائێلیان لە سەر بنەمای کەرەستە کۆکراوەکانی سەدەی

---

(١٠٣)Васильева Е. И.: Термины таифе, 'ашират и кабиле в сочинении Шараф-хана Бидлиси (Шараф-наме), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН. Май 1969 года. Л., 1969. СС. 6—9

(١٠٤)Васильева Е.И. Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,Письменные памятники Востока, 2(13), 2010, СС. 207—230.

(١٠٥)Васильева Е. И.: Эпизод борьбы шаха 'Аббаса I с курдским племенем мукри, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970. СС. 76—78.

(١٠٦)Васильева Е.И.: Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа, Письменные памятники Востока, 1(12), 2010, СС. 93—102.

(١٠٧)Васильева Е. И.: Об одной родословной правителей курдского племени думбули, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), Москва: ГРВЛ, 1972. СС. 12—17

(١٠٨)Васильева Е. И.: Версии инородного происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), 1989 г. Часть 1, М.: Наука, ГРВЛ, 1991, СС. 104—108.

(١٦- ٢٠) وتارێکیان دەربارەی هۆزە کوردییەکان لە (١٩٧٧) بڵاوکردەوە.[١٠٩] ( ڤاسیلیێڤا) بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان و ئەدەبییەکان لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی خێڵە کوردییەکان بڵاوکردەوە.[١١٠]

لە ناو توێژینەوە مێژووییەکانی لینینگراد، مێژووی گرنگیدانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت بە کورد و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی و کاروچالاکی کوردناسان پانتاییەکی بەرچاوی داگیرکردووە، زۆر لایەنی ئەو مێژووە و بەرهەمی کوردناسان خراونەتە ڕوو. یەکێك لە ئامانجەکانی کوردناسانی لینینگراد ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایەك لە بارەی کوردناسییەوە بووە ، ئەم ئەرکەش لە لایەن (موساێلیان) جێبەجێکرا و لە ساڵی(١٩٦٣) بیبلیۆگرافیاکەی بڵاوکردەوە،[١١١] لە ساڵی (١٩٩٦) بیبیلۆگرافیاکەی موساێلیان لە دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە، ئەم کارە بە دەوڵەمەندترینی لیستی ئەو نووسراوانە دادەنرێت کە لە بارەی کورد و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە نووسراون و لە سەدەی شازدەهەم تا ساڵی ١٩٨٥ دەگرێتەوە.[١١٢]

(ڤەناتی کوردۆ) یەکێکە لە ئەو توێژەرانەی لە نووسینەوەی مێژووی کوردناسیی جێدەستی دیارە، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (خاچاتۆر ئابۆڤیان وەك توێژەرێکی کوردناس (دەربارەی بابەتی توێژینەوە لە کورد لە ڕووسیا)) سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەخاتە بەر باس، لێکۆڵینەوەی لە کارو چالاکییە زانستییەکانی (خاچاتۆر ئابۆڤیان) وەك یەکێك لە کوردناسە سەرەتاکان کردووە.[١١٣] لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا، دەربارەی (کارەکانی لێرخ دەربارەی کوردناسیی (دەربارەی پرسی توێژینەوەی مێژووی کورد لە ڕووسیا))، ڤەناتی کوردۆ تیشك دەخاتە سەر چالاکییە زانستییەکانی (پیوتەر لێرخ) و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی کورد، ڕۆڵی (لێرخ) لە سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا دەخاتە ڕوو.[١١٤]

پرسی گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە سۆڤیەت و چالاکیی کوردناسان لەم بوارەدا، لە لایەن (ڤەناتی کوردۆ) لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بنکۆڵ کراوە.[١١٥] ڤەناتی کوردۆ، سەرنجی لەسەر کارەکانی تایبەت بە ئیتنۆگرافیای کورد بووە، لەم ڕووەوە وتارێکی سەبارەت بە کارەکانی (ئەمینی عەڤداڵ ١٩٠٦ - ١٩٦١) دەربارەی ئیتنۆگرافیای کورد بڵاوکردۆتەوە، تیایدا تیشکی خستۆتەسەر بەرهەم و چالاکییە زانستییەکانی (ئەمینی عەڤداڵ) دەربارەی ئیتنۆگرافیای کورد.[١١٦]

---

[١٠٩] К.К. Курдоевым & Ж. С. МУСАЭЛЯН: К изучению курдских племен (по материалам XVI—XX вв.) , ПП и ПИКНВ, XIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения), М., 1977,СС. 29—35.

[١١٠] Васильева Е.И. Курдское племя в источниках и литературе , Письменные памятники Востока, 2(3), 2005. СС. 172—195.

[١١١] Ж.С.Мусаэлян: Библиография по курдоведению. Составитель, ответственный редактор К.К.Курдоев. М.: Издательство восточной литературы, 1963.

[١١٢] Ж. С. МУСАЭЛЯН: Библиография по курдоведению, Ч. 1-2,СПб Петербургское Востоковедение, 1996

[١١٣] Курдоев К. К.: Хачатур Абовян как курдовед-исследователь (к вопросу изучения истории курдов в России), Предыдущий источник, СС. 360—380.

[١١٤] Курдоев К. К.: Труды П. И. Лерха по курдоведению (к вопросу изучения истории курдов в России), Очерки по истории русского востоковедения. Сборник IV, М.: Издательство Академии наук СССР, 1959. СС. 39—51.

[١١٥] Курдоев К. К.: Развитие советского курдоведения, Учен. зап. ИВ АН СССР. Т. 25. М., I960,СС 57—67.

[١١٦] Курдоев К. К.: Труды Амине Авдала (1906—1961) по курдской этнографии, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970, СС. 54—56.

پرسی توێژینەوە لە کورد و مێژووی کوردناسیی لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن (ڤەناتی کوردۆ) لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا خراونەتە ڕوو، لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیای خستۆتەڕوو، سەرنجی زیاتری (کوردۆ) لەسەر کارەکانی (ئۆربیلی، ن. ی. مار) بووە، قۆناغی گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە لای ئەو چالاکییەکانی کوردناسانی لینینگرادە.[117] لێکۆڵینەوەی بەرهەم و چالاکییە زانستییەکانی (ئۆربیلی) دەربارەی کورد و ڕۆڵی لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە یەکێتی سۆڤیەت، لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی (ڤەناتی کوردۆ) بە ناونیشانی (یو. ئە. ئۆربیلی و کوردناسی) خراونەتە ڕوو.[118] (ڤەناتی کوردۆ) لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژهەڵاتناسی دیکە بەشداربووە لە نووسینی کتێبی (مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تا ١٩١٧ز) لە ڕووسیا، ئەو بەشەی تایبەت بووە بە کوردناسیی (ڤەناتی کوردۆ) نووسیویەتی، سەرەتای بایەخدانی گەڕیدە ڕووسییەکانی بە کورد و ڕۆڵی (خاچاتۆر ئابۆڤیان، پیوتەر لێرخ، ئا. ژابا)ی لە سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی خستوەتە ڕوو.[119]

لە کارەکانی (ڤەناتی کوردۆ)دا دەربارەی مێژووی لێکۆڵینەوە لە کورد و زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت، هەست بە جۆرێك لە پلانی پێشوەختەی نووسین دەکرێت بۆ ئامانجێکی فراوانتر و گشتگیرتر، کە نووسینەوەی مێژووی کوردناسیی و ڕەهەندە جیاوازەکانی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەو زانستە و چالاکی کوردناسان بێت.*

سەرەڕای لێکۆڵینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی دەستنووسە ئەدەبییە کوردییەکان و ساغکردنەوەیان، (موسائێلیان) لە مێژووی لێکۆڵینەوەی هەندێك بواری مێژووی کوردناسیدا، ناوێکی دیاری نێو کوردناسانی (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ)بووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (یو. ئە. ئۆربیلی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی) باسی لە چالاکییە زانستییەکانی (ئۆربیلی) و ڕۆڵی ناوبراو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کردووە.[120] بە هۆی سرووشتی کارکردن و پسپۆڕییەکەی، (موسائێلیان) بەرکەوتنی بەردەوامی لەگەڵ دەستنووسە کوردییەکاندا هەبووە، لەم ڕووەوە بەشداری لە خستنە ڕووی زانیاری دەربارەی ئەو دەستنووسانە کردووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (مێژووی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکان) دەربارەی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان و گرنگی و بایەخی ئەو دەستنووسانە زانیاری خستۆتەڕوو.[121]

لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا بە ناونیشانی (ئا. ژابا و کوردناسی)، باس لە قۆناغێکی گرنگی سەرهەڵدانی زانستی کوردناسیی لە ڕووسیا دەکات، چالاکییەکانی (ژابا) لە کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستەی بەرفراوان دەربارەی کورد، کۆکردنەوە و

---

(١١٧)Курдоев.К.К.: Курдоведение,Азиатский музей — Ленинградское отделение Института востоковеде ния АН СССР, М.: Наука, ГРВЛ, 1972, СС. 386—399.

(١١٨)Курдоев К. К.: Академик И.А.Орбели и курдоведение ,Историко-филологический журнал. Ереван,№ 1 (60), 1973, СС. 61—70.

(١١٩)История отечественного востоковедения с середины XIX века до 1917 года, Предыдущий источник, СС 215 -225.

* بە پێی توێژینەوەیەکی (د.جەمشید حەیدەری) بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی دەستنووسی مێژووی کوردەلۆژیای زانای کورد ڤەنات کوردۆ (کوردۆیڤ)، ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە (ڤەناتی کوردۆ) دەستنووسێکی (٥٠٠) پەڕەیی دەربارەی مێژووی کوردناسی لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت نووسیوە، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە. بڕوانە: گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B)، ژمارە(٢٧)، کانونی دووەمی ٢٠١٠، ل ٦٧ - ٤٨.

(١٢٠)Ж. С. МУСАЭЛЯН: И.А. Орбели и курдская классическая литература. — ПП и ПИКНВ. XXII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Ч. II, М., 1989,СС. 51—56. Пер. статьи на курдский яз. издан в сб. «Kurdology». Стокгольм, 1989 ؛ J. S. Musaelyan: Academican Yosif Orbeli and Kurdish classic Literature. — Acta Kurdica. The International Journal of Kurdish and Iranian Studies. vol. 1,L., 1994, pp. 209— 212

(١٢١)Ж. С. МУСАЭЛЯН: История коллекции курдских рукописей (по архивным материалам ГПБ). — ПП и ПИКНВ. XXIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Ч. 1. М., 1990, СС. 63—70.

نووسینەودی دەستنووسە کوردییەکان دەخاتە ڕوو. [١٢٢] لە کارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (دەستنووسێکی نوێ لە کۆکراوەکانی (ئا. ژابا) وەك سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوەی کولتووری کوردی) زانیاری دەربارەی یەکێك لە دەستنووسی کارەکانی (ئا. ژابا، مەلا مەحموودی بایەزیدی) دەخاتە ڕوو، کە لە کۆمەڵە دەستنووسە پارێزراوەکەی ڕووسیادا نییە و لە دوایدا دۆزراوەتەوە، دەستنووسەکە کتێبێکی فێرکاری زمانی کوردییە. [١٢٣] لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا بە ناونیشانی (یەکەم وەرگێڕانی کوردی شەرەفنامە لەلایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی)، کۆمەڵێك زانیاری گرنگی دەربارەی وێستگە جیاوازەکانی ژیان و ڕۆڵی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) لە هاوکاریکردنی (ژابا)خستۆتەڕوو، بەتایبەتی لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەستنووسەکان و نووسینی بەرهەمی نوێ لەسەر داوای (ژابا). [١٢٤]

(زارێ یوسوپۆڤا) سەرەڕای لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، یەکێکە لەو کوردناسانەی بەشداری لە نووسینەودی مێژووی کوردناسیی و ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کوردناسان کردووە، لە (٢٠٠٧) سەرپەرشتی کۆڕبەندی تایبەت بۆ بیرەوەی (ڕۆدینکۆ ١٩٣٦ - ١٩٧٦)ی کردووە، [١٢٥] لە وتارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی (دەربارەی دوو کۆمەڵە لە دەستنووسە کوردییەکان) ناساندنی بۆ کۆمەڵە دەستنووسە کۆکراوەکەی (ژابا) و کۆمەڵە دەستنووسێکی کوردی لە ئەڵمانیا کردووە. [١٢٦] دەبارەی ڕۆڵی(ڤەناتی کوردۆ)لە توێژینەوە دەربارەی کورد و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی کورتە وتارێکی بڵاو کردۆتەوە. [١٢٧]

## باسی سێیەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسیی لە مۆسکۆ

لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان لە مۆسکۆ (سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ)، ڕەوتێکی دیاریان لە نێو کوردناسیی سۆڤێتی و ڕووسیدا هێنایە ئاراوە. لەم ناوەندەدا چالاکییە زانستییەکانی هەریەک لە کوردناسان (ب.ڤ.میللیر، چ. ح. باکاییڤ، ن.ئا.خالفین) دەبنە بناغەدانەری لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان. قۆناغی دواتر دەرکەوتن و چالاکییە زانستییەکانی کوردناسە

---

(١٢٢)Ж. С. МУСАЭЛЯН: А.Д. Жаба и курдоведение. — ПП и ПИКНВ, Предыдущий источник,СС. 83—99.

(١٢٣)Ж. С. МУСАЭЛЯН: Новая рукопись из собрания А.Д. Предыдущий источник, СС 493— 512.

(١٢٤)J.S.Musaelyan: On the first Kurdish Edition of the Sharaf-nama by Mulla (Mela) Mahmud Bayazidi. Previous source, pp.3—6؛ Ж.С.МУСАЭЛЯН: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык. — Письменные памятники Востока. I. M., 2004. С. 98—107

(١٢٥)Юсупова З.А.: Заседание, посвященное памяти М.Б.Руденко (1926—1976), Письменные памятники Востока, 2(7), 2007. С. 302.

(١٢٦)Юсупова З.А.: О двух коллекциях курдских рукописей, оп,СС. 220—222.

(١٢٧)Юсупова З.А.: К. К. Курдоев и отечественное курдоведение, Письменные памятники Востока, 1(12), 2010, СС. 6—7.

دیارەکانی وەك (لازاریف، ئۆلگا ژیگالینا، گاسرەتیان، شاکرۆی محوی، جەلیلیی جەلیلی) و کارکردنی پێکەوەییانە لەسەر مێژووی کورد ، ئەم گرووپەی کوردناسان کاریگەری زۆریان لەسەر پەرەسەندنی زانستی کوردناسیی لەم ناوەندەدا هەبووە، بە تایبەتی کە سنورە ئایدۆلۆژی و کۆتوبەندەکانی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرەو کاڵبوونەوە دەچوون.

لە کۆتایی سیەکانی سەدەی ڕابردوودا، پرۆفیسۆر (ب..ڤ.میللیر) دەربارەی زمانە ئێرانییەکان هەندێك کاری بڵاو کردۆتەوە، لە کارەکانی سەرەتایدا بە پێچەوانەی تیۆریاکەی (ن.ی.مار) کە بنەڕەتی نەتەوە ئێرانییەکانی بە یافیتی داناوە، کاری کردبوو. بەڵام لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەبێتە یەکێک لە لایەنگری تیۆریای یافیتی (لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان) و هەوڵی دەدا ئەم تیۆریایە بەسەر زمانە ئێرانییەکان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی بچەسپێنێت.[1] لەم ڕوانگەشەوە کۆمەڵێك کاری لەسەر بناغەی تیۆریاکە نووسیوە، وەك (ئامرازی کۆ لە زمانە ئێرانییەکاندا)، لەم وتارەیدا باس لە پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئێرانییەکاندا دەکات. [2] کارێکی دیکەی (ب..ڤ. میللیر) بە ناونیشانی (هەندێك ئاستەنگی فۆنێتیکی زمانی کوردی) بۆ چەسپاندنی تیۆریایەکە بەسەر زمانی کوردیدا، لە ساڵی (١٩٥٠) لە گۆڤاری زمانە ئێرانییەکان بەشی دووەم لاپەڕە (٦١ - ٧٧) بڵاوکردەوە، لەم وتارەدا دەیەوێت نیشانی بدات کە فۆنێتیکی زمانی کوردی وەك فۆنێتیکی زمانە یافیتییەکانە. [3]

(ت.ف.ئەریستۆڤا) لە پەیمانگای ئیتنۆگرافیای مۆسکۆ، یەکێکە لەو کوردناسانەی بایەخی زۆری بە پرسە کولتووری و پرۆسە ئیتنیکەکانی کورد لە تورکمانستان و قەفقاز داوە.[4]

چەرکەزی باکۆ (چ.ح. باکاییڤ) کە لە پەیمانگای زمانەوانی لە مۆسکۆ کاریکردووە، دەربارەی زمانی کوردی چەند کارێکی بڵاو کردۆتەوە، زۆرینەی کارەکانی دەربارەی شێوەزاری کوردانی سۆڤیەتە. گرنگترین کاری زانستیی ناوبراو، دانانی فەرهەنگێکی (کوردی - ڕووسی) و لە ساڵی (١٩٥٧) بڵاوکرایەوە. فەرهەنگەکە (١٤) هەزار وشەی کوردی لە خۆ گرتووە، لە لاپەڕە (٥٠٩ - ٦١٨)ی فەرهەنگەکە (باکاییڤ) دەربارەی زمانی کوردی کورتە باسێکی نووسیوە. [5]

(باکاییڤ) دەربارەی (شێوەزاری کوردەکانی تورکمانستان) لە ساڵی (١٩٦٢) کتێبێکی بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیدا لە دووتوێی (٣٦٩) لاپەڕە لە بابەتەکانی (فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی، وشەڕۆنان، سینتاکس، جیاوازی شێوەزاری کوردەکانی تورکمانستان لە ئەدەبی کوردیدا) دەکۆڵێتەوە و هەندێك تێکست و فەرهەنگێکی لە پاشکۆدا بڵاو کردوەتەوە. [6] لە کارێکی دیکەیدا دەربارەی (زمانی کوردەکانی ئازربایجان) لە ساڵی (١٩٦٥) لە دوتوێی (٢٨٤) لاپەڕەدا کتێبێکی بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیدا بە شێوازێکی زانستی و فراوان لە (فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، شێوەی ئاخاوتنی کوردەکانی ئازربایجان و جیاوازی لەگەڵ زمانی ئەدەبیدا) دەکۆڵێتەوە. [7]

(باکاییڤ) ساڵی ١٩٧٣ کتێبێکی نوێی بە ناونیشانی (زمانی کوردەکانی سۆڤێت) لە دووتوێی (٣٥٣) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیدا بەراوردکاری لە نێوان بەشە دیالێکتەکانی کوردانی سۆڤیەت کردووە، لە چوار بەشدا لە (فۆنەتیك، مۆرفۆلۆژی،

---

(١) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ١٢١ - ١٢٣.

(٢)Памяти академика Н. Я. Марра (1864-1934), Издательство Академии наук СССР, 1938, сс 190 – 195.

(٣) د. تەورەحمانی حاجی مارف: س.پ، ل ١٢١ - ١٢٣.

(٤)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, p157.

(٥)Ч. Х.Бакаев: КУРДСКО-РУССКИЙ СЛОВАРЬ, ПОД РЕДАКЦИЕЙ академика И. А. ОРБЕЛИ, ГОСУД АРСТВЕННОЕ ИЗДАТЕЛЬСТВО ИНОСТРАННЫХ И НАЦИОНАЛЬНЫХ СЛОВАРЕЙ, МОСКВА,1 957, сс 509 - 618.

(٦)Ч. Х.Бакаев: Говор курдов Туркмении. Фонетика, грамматика, тексты и словарь, Izd-vo Akademii nauk SSSR, 1962.

(٧)Ч. Х.Бакаев: Язык азербайджанских курдов, Изд-во (Наука),1965.

وشەڕۆنان، سینتاکس) دەکۆڵێتەوە. [٨] دەربارەی ڕۆڵی پەیوەندیی زمانەوانی لە پەرەپێدانی زمانی کوردانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٧٧) کتێبێکی دیکەی لە دوتوێی (٢٨٨) لاپەڕە بڵاوکردەوە، بەرهەمەکە لە پێشەکی و چوار بەش و هەندێك تێکستی فۆلکلۆری کوردی و فەرهەنگێك پێکدێت و لە ڕۆڵی زمانەکانی (عەرەبی، تورکی، ئەرمەنی، ڕووسی) لە پێشخستنی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە. [٩]

هەریەك لە (پەیمانگای زمانەوانی و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی کۆماری ئەرمینیای سۆشیالیستی سۆڤیەتی، پەیمانگای زمانەوانی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەتی) بەرهەمێکی (باکایێڤ) یان بە ناونیشانی (بنەڕەتی ڕێنووسی کوردی) لە ساڵی (١٩٨٣) لە دوتوێی (٢٧٣) لاپەڕە بڵاوکردەوە، لەم بەرهەمەیدا (باکایێڤ) باس لە چۆنیەتی نووسینی کوردی بە ڕێنووسی سلاڤی دەکات، لە بابەتی ئەلفوبێی ڕێنووس، خاڵبەندی، فەرهەنگی ڕاست نووسینی وشەی کۆڵیوەتەوە. [١٠]

(ن. ئا.خالفین) وەك یەکێك لە کوردناسە سەرەتاکانی مۆسکۆ ڕۆڵی لە مێژووی گەشەسەندنی کوردناسیی لەبەشەکانی (ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست)ی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی هەبووە. (خالفین) لە ساڵی (١٩٦٣ز) کتێبی (خەبات لە ڕێگەی کوردستاندا)ی بڵاوکردەوە، لەم کتێبەیدا بە شێوەیەکی زانستی لە بارەی بزووتنەوەی ئازادیخواز و نەتەوایەتی گەلی کورد و بارودۆخی سیاسی کوردستان و پرسی کوردی لەسەدەی نۆزدەیەمدا کۆڵیوەتەوە، بەشێکی دیکەی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ململانێی سیاسی و جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران لەسەر کوردستان، هەروەها هەوڵی هەژمونگەرایانەی بەریتانیا و ڕووسیا و ئەمریکای لە ناوچەکە خستۆتەڕوو. لە نووسینی ئەم کتێبەدا (خالفین) سودێکی زۆری لە ئەرشیفی ڕووسیا وەرگرتووە. [١١]

بوونی ناوەندی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو و سیاسەتی هاوچەرخ و پرسی کورد لەم ناوەندەدا، ببوە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەو کوردناس و توێژەرانەی کە بەشداریان لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان کردوە. قوتابخانەی کوردناسیی کلاسیکی لە مۆسکۆ لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بە چەند قۆناغێکدا گوزەری کردووە، دەرکەوتنی گرووپی کوردناسان سەرەتای چالاکی و لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان بووە لە چوارچێوەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی. بەرفراوانبوونی چالاکییەکانی ئەم گرووپە و پێشهاتە دەرەکییەکانی تایبەت بە پرسی کورد و ڕۆڵی کورد لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرووپی کوردناسانی بۆ (کابینەی کوردناسیی و کێشە هەرێمییەکان) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی گۆڕی. لە دوای ساڵی (٢٠١٠)ەوە ئەم بەشە لە چوارچێوەی (ناوەندی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست) وەك یەکێك لە پێنج بەشەکەی ناوەندەکە درێژە بە توێژینەوە کوردناسییەکانی دەدات. [١٢]

بەهۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی (١٩٧٩ز)دا، گرووپێك بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کورد پێکهێنرا، لە دەسپێکدا هەریەك لە (گاسرەتیان ، ژیگالینا) خۆیان بۆ کارکردن لەم بوارەدا تەرخانکرد، بەڕێوەبەری ئەوکاتی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی یڤگێنی پریماکۆڤ (ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٨٥ بەڕێوەبەری پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بوو پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی ڕووسیا) پشتگیری لە دروستکردنی ئەم گرووپە کرد، ئەم گرووپەی

---

(٨)Ч. Х.Бакаев: Язык курдов СССР Сравнительная характеристика говоров, Изд-во (Наука),1973

(٩)Ч. Х.Бакаев: Роль языковых контактов в развитии языка курдов СССР, Изд-во (Наука),1977.

(١٠)Ч. Х.Бакаев: Основы курдской орфографии, Академия наук Армянской ССР. Институт языкозна ния, Институт языкознания АН СССР, Институт востоковедения (Академия наук Армянской ССР), Наука, 1983.

(١١)Н.А Халфин: Борьба за Курдистан (курдский вопрос в международных отношениях XIX века), Изд-во восточной лит-ры, Москва ,1963.

(١٢)ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА (Афганистан, Иран, Пакистан, Турция, этнический Курдистан), Институт востоковедения РАН, https: //bsv.ivran.ru/center

کوردناسان لە توێژەرانی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی پێکهاتبوو. [١٣] کاری ئەم گرووپە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پرسە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد بوو، لە ساڵی (١٩٨٣) گرووپەکە بۆ بەشی کوردناسیی و کێشە هەرێمییەکان گۆڕدرا و تا ساڵی (١٩٩٠)گاسرەتیان سەرۆکایەتی دەکرد، دواتر (لازارێڤ) شوێنی گرتەوە تا ساڵی (٢٠٠٤) سەرۆکایەتی کردووە، دوای ئەویش (ژیگالینا) تا (٢٠١٣) سەرۆکایەتی دەکرد. لە ڕووی پەیکەری ڕێکخستن و پێکەوە (لقی کوردناسیی و کێشە هەرێمییەکان) هاوتای هەریەك لە بەشەکانی (تورکیا، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان) بوو. [١٤] (بەشی کوردناسیی و کێشە هەرێمییەکان) وەك ڤوتابخانەیەکی تایبەتی کوردناسیی لە مۆسکۆ، بایەخی بە لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد، سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بەرامبەر بە کورد دەدا.[١٥]

(گاسرەتیان) هەوڵێکی زۆری بۆ ڕاکێشانی کوردناسانی بەش و دەزگاکانی تری یەکێتی سۆڤیەت بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ئەم گرووپە دابوو، هەریەك لە (ڕوسلان تسەبۆلۆف، لازارێف) پەیوەندیان بە گرووپەکەوە کرد. بە ئامانجی شوێنگرتنەوەی نەوەی دامەزرێنەر، (گاسرەتیان) هەوڵی بۆ ئەوەش دەدا کە نەوەیەکی نوێی کوردناسان پێبگەیەنێت، لەم ڕووەوە کوردانی یەکێتی سۆڤیەت و دەرەوەش بۆ خوێندنی دکتۆرا وەرگیران و لە هەشتاکاندا و پێش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەو ڤەیرانەی بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەوە کوردناسی  بگرێتەوە، لەلایەن کارمەندانی ئەم بەشەوە بەرهەم گەلێکی زانستی بەرچاو بڵاوکرانەوە. [١٦]

لە ژێر کاریگەری پرەنسیپە ئینتەرناسیۆنالیستەکان و مافی چارەی خۆنووسینی گەل و نەتەوەکاندا، بە ئامانجی دروستکردنی هێزێکی ئاڕاستەکراو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ڕێبەرانی یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیاندا پشتیوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن. لەم سۆنگەشەوە، گرنگی زیاتر بە لێکۆڵینەوەی پرسی چارەنووسی نەتەوەی کورد و مێژوو و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دراءلێکۆڵینەوەی ئەگەرەکانی بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببوە کاری مێژوونووس و کوردناسانی دیاری وەك (لازاریف، حسرەتیان، خالفین، ئۆلگا ژیگالینا). [١٧]

بزووتنەوەی کورد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتانی (ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا) و کاریگەرییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە، کوردناسانی مۆسکۆی هاندا لە ڕەهەندە جیاجیاکانی پرسی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لێکۆڵینەوەی گشتگیر بکەن. لە دەیەی (١٩٨٠ - ١٩٩٠) کاندا، کوردناسانی مۆسکۆ بە هاوبەشی چەند کوردناسێکی دیکە لە (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ، ئەرمینیا) لێکۆڵینەوەیی پراکتیکی و بونیادییان لە بارەی پرسی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و تایبەتمەندییەکانی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە ئەنجامدا. [١٨]

بەرهەمی کاری پێکەوەیی و جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کوردناسانی (مۆسکۆ) بۆ لێکۆڵینەوەی گشتگیر دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان دایانڕشتبوو، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و پێکەوەبەستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کوردی بوو لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا بە ناونیشانی (بزووتنەوەی

---

(١٣)KHANNA OMARKHALI: OBITUARY Prof Dr Ol’ga Zhigalina (1946–2013) , Kurdish Studies, Volume: 2, No: 1,MAY 2014,P 76.؛ پرۆفیسۆر د.جەبار قادر: بە بۆنەوەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسەوە (پرۆفیسۆر ژیگالینا)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٧، ٢٠١٣، ل ٩-١٠.

(١٤)Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, , p157.

(١٥)ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА (Афганистан, Иран, Пакистан, Турция, этнический Курдистан), Институт востоковедения РАН, https: //bsv.ivran.ru/center

(١٦) پرۆفیسۆر د.جەبار قادر: بە بۆنەوەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسەوە (پرۆفیسۆر ژیگالینا)، ل ٩-١٠.

(١٧)К.В.Вертяев: КУРДОВЕДЕНИЕ В ИНСТИТУТЕ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН,С 12.

(١٨) اسعد ڕشیدی: م.پ.

کوردی لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا)، ئەم کارە لە لایەن (لازاریف، گاسرەتیان ، ئۆلگا ژیگالینا، جەلیلی جەلیلی، شاکرۆی محۆی) لە ساڵی (١٩٨٧)بڵاو کرایەوە.[١٩] کارێکی دیاری گرووپی کوردناسانی مۆسکۆ تەو لێکۆڵینەوە گشتگیرەیە کە(لازاریف، گاسرەتیان ، ئۆلگا ژیگالینا، ی. تی.ڤاسیلڤا، شاکرۆی محۆی) بە ناونیشانی(مێژووی کوردستان)لە ساڵی (١٩٩٩)بڵاویان کردووەتەوە.[٢٠]

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی بایەخدان بە کورد و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کورد لە مۆسکۆ، لە ئەزمونی کارە کوردناسییەکانی هەریەک لە کوردناسان (گاسرەتیان ، لازاریف، ئۆلگا ژیگالینا) ڕێبەرانی بەشی کوردناسی لە مۆسکۆ لێکۆڵینەوە دەکەین.

---

[١٩]М.С, Лазарев, Гасратян М. А , О.И. Жигалина, Джалил Д, Ш, Х, Мгои: Курдское движение в новое и новейшее время, Московский ин-т востоковедения, Москва, 1987.

[٢٠]М.С.Лазарев, Ш.Х.Мгои, Е.И.Васильева, М.А.Гасратян, О.И.Жигалина: ИСТОРИЯ КУРДИСТ АНА,Моск ва 1999.

## تەوەری یەکەم: (م. ئە. گاسرەتیان ١٩٢٤ - ٢٠٠٧) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی تورکیا و پرسی کورد لە تورکیا

لەسەرەتای دەیەی (١٩٦٠) چەندین کارو بڵاوکراوە دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و پرسی کورد لە وڵاتە جیاجیاکاندا دەرکەوتن، تورکناس و کوردناسی بەناوبانگ (مانڤێل ئەرسینۆڤیچ گاسرەتیان)یەکێك لە توێژەرە دیارەکانی مۆسکۆ بوو، پسپۆڕی مێژووی هاوچەرخی تورکیا و پرسی کورد لەو وڵاتە و ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست بوو. یەکێك بووە لەو کوردناسە کەمانەی کە سەرنجی زانستی لەسەر پرسی کورد لە تورکیا و سیاسەتی کۆماری تورکیا بەرامبەر بە کورد و ڕاپەڕینەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە تورکیا خستۆتەڕوو. [٢١]

گاسرەتیان لە (١٩٤٨) پەیوەندی بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسییەوە کردوە، لە (١٩٥٢) خوێندنی لە پەیمانگاکە بە سەرکەوتویی تەواوکرد، لە (١٩٧٩) بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کرد. لە (١٩٦١ - ١٩٦٧) وەك توێژەی سەرەتایی و لە (١٩٦٧ - ١٩٨٤) وەك توێژەی پێشکەوتوو لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کاریکردووە. لە (١٩٨٤) وەك ڕێکخەری گرووپی توێژینەوەی پرسی هاوچەرخی کورد لە بەشی (ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست)ی پەیمانگاکە دەستنیشانکرا و تا (١٩٩١) سەرۆکایەتی بەشەکەی دەکرد. زیاتر لە (٨٠) کاری لە لێکۆڵینەوە و وتار بڵاو کردۆتەوە. هەندێك لە کارەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە و بۆ زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، تورکی، زمانە ڕۆژئاواییەکان) وەرگێردراون، هەروەها کۆمەڵێك بەرهەمی نووسەر و کەسایەتییە سیاسیەکانی کوردی بۆ سەر زمانی ڕووسی وەرگێڕاوە. [٢٢] لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی پرسە سیاسی و نەتەوەیی و یاساییەکانی مێژووی هاوچەرخی تورکیا و پرسی کورد لەو وڵاتە بوو، مێژووی تورکیای هاوچەرخ یەکێك لەو بوارانە بوو کە کاری لەسەر دەکرد. لە ساڵی (١٩٥٦)بەرهەمێکی دەربارەی (پرسە نەتەوەییەکان لە تورکیا لە ١٩١٩ - ١٩٣٩) بڵاوکردەوە، تیایدا لێکۆڵینەوەی دەربارەی پەرەسەندنی پرسی نەتەوەیی لە تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩١٩ - ١٩٣٩) کردووە. [٢٣]

(گاسرەتیان) بەرهەمێکی دیکەی بە ناونیشانی (دەربارەی سیاسەتی بازنەکانی حوکمڕانی تورکیا لە پرسە نەتەوەییەکان) سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی لە تورکیا لە ساڵی (١٩٦٣) بڵاوکراوەتەوە. [٢٤] لە هەمان ساڵدا (گاسرەتیان) بەهاوکاری (پ. پ. مۆیسێڤ) لێکۆڵینەوەیەکی (٩٤) لاپەڕەیان بە ناونیشانی (تورکیا چاوەڕێی گۆڕانکاری دەکات) بڵاوکردەوە. [٢٥]دوو ساڵ دواتر هەردوو نووسەر کتێبێکی هاوبەشیان بە ناونیشانی (تورکیا: وتاری کۆمەڵایەتی - ئابووری) لە دوتوێی (١٥٨) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە. [٢٦] (گاسرەتیان) وەك تورکناسێکی دیار سەرنجی لەسەر گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی تورکیا بووە، لە ساڵی (١٩٦٥) کتێبێکی بە ناونیشانی (تورکیا لە ١٩٦٠ - ١٩٦٣ دەربارەی سیاسەتی ناوخۆیی) بڵاوکردەوە، کە تیایدا گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی تورکیا و سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتەی لە ماوەی ئەو ساڵانە شەنوکەو کردووە. [٢٧]لە ساڵی (١٩٨٣)شدا (گاسرەتیان) بە هاوبەشی لەگەڵ (س. ف. ئۆرێشکۆڤا، یو. ئە. پیترۆسیان) کتێبێکی دیکەیان بە ناونیشانی (وتارەکان دەربارەی مێژووی تورکیا) لە دوتوێی

---

[٢١]Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, p156.

[٢٢]ПАМЯТИ М. А. ГАСРАТЯНА Биография: ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск II, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВ ЕДЕНИЯ РАН, Москва, 2013.с 14.

[٢٣]Гасратян М.А.: Национальный вопрос в Турции (1919-1939 гг.), Москва,1956.

[٢٤]Гасратян М.А.: О политике турецких правящих кругов в национальном вопросе, Государственная публи чная историческая библиотека (ГПИБ), 1963,СС 129 – 124.

[٢٥]Гасратян М.А. , Моисеев П.П.: Турция ждет перемен, Издательство восточной литературы, Москва, 1963.

[٢٦]Моисеев П.П. , Гасратян М.А.: Турция Соц.-экон. очерк, Москва,1965.

[٢٧]Гасратян М.А.: Турция в 1960-1963 годах: Очерк внутренней политики, Москва,1965.

(٣٩٤) لاپەڕە بڵاوکردەوە. [٢٨]بە هاوبەشی لەگەڵ (ت.گ.ئاکسێنکۆ) لە ساڵی (١٩٩٠)(گاسرەتیان) کتێبێکی دیکەی دەربارەی کۆماری تورکیا لە دوتوێی (٣٨٣) لاپەڕە بڵاوکردەوە. [٢٩]

مێژووی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا، بابەتێکی دیکەیە کە (گاسرەتیان) سەرنجی لەسەر قۆناغەکانی هەڵکشان و داکشانی ئەم پەیوەندییانە بووە. لەم ڕوانگەشەوە لە ساڵی (١٩٨١) بە ناونیشانی ( یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت و تورکیا) کتێبێکی لە دوتوێی (٣٢٠) لاپەڕەدا بلاوکردەوە. [٣٠] لە ساڵی (١٩٨٢) بابەتێکی دیکەی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بە ناونیشانی (پەیمانی ساڵی ١٩٣٥ ی نێوان سۆڤیەت - تورکیا بەهێزبوونی هاوکاری سیاسی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا) بڵاوکردەوە. [٣١]

بوونی پاشخانێکی زانستی و مێژوویی دەربارەی مێژوو و سیستێمی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی تورکیای هاوچەرخ، هاوکاری (گاسرەتیان) بووە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی پرسی کورد لە تورکیا، ئەم بوارەش دەبێتە یەکێکی تر لە کەرەستەی لێکۆڵینەوە گشتگیرەکانی. لەم ڕوانگەشەوە لە ساڵی(١٩٧٥) بە ناونیشانی (کێشەی کورد لە تورکیا ١٩٢٤ - ١٩٣٩) کتێبێکی (١٧٣) لاپەڕەیی بڵاوکردەوە. لەم کارەیدا لێکۆڵینەوەی لە کێشەی کورد لە سەرەتاکانی دروستکردنی کۆماری تورکیای هاوچەرخ تا دەسپێکی جەنگی دووەمی جیهانی لە تورکیا و هەلومەرجی ناوخۆی تورکیا و سیاسەتی کۆمارەکەی بەرامبەر پرسی کورد لە سێ بەشدا خستۆتەڕوو. بەشی یەکەم تایبەتە بە ڕاپەڕینی کوردەکان بە ڕێبەرایەتی (شێخ سەعیدی پیران)، لە بەشی دووەمدا باس لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٢٥) و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی ئارارات دەکات، کۆتا بەش تەرخانکراوە بۆ توندبوونی سیاسەتی سەرکوتکردنی کورد لە دەیەی سییەکان. [٣٢] دوو ساڵ دواتر (١٩٧٧) بەرهەمێکی دیکەی بە ناونیشانی (کێشەی کورد لە تورکیا لە سەردەمی مۆدێرندا) بڵاوکردەوە. [٣٣]لە ساڵی (١٩٨٢)(گاسرەتیان) لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی (سەبارەت بە بارودۆخی کوردەکان لە تورکیای مۆدێرن)دا بڵاوکردەوە. [٣٤]

لە ساڵی (١٩٩٠)(گاسرەتیان) دەربارەی کوردەکانی تورکیا، کتێبێکی بە ناونیشانی (کوردەکانی تورکیا لە سەردەمی مۆدێرندا) لە دوتوێی (٣٨٤) لاپەڕە بڵاوکردەوە. لەم کارەیدا دەربارەی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر پرسی کورد دەکۆڵێتەوە و خەباتی گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی لە سەردەمی مۆدێرندا تیشکی خراوەتە سەر، قۆناغەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و ئەو گۆڕانکارییانەی بە هۆی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە کوردستانی تورکیای گرتۆتەوە خراونەتە ڕوو. [٣٥]

لە (٢٠٠١) بە ناونیشانی (کێشەی کورد لە تورکیا لە ١٩٨٦ - ١٩٩٥) بەرهەمێکی دیکەی دەربارەی پرسی کورد لە تورکیا بڵاوکردەوە. [٣٦] لە ساڵی (٢٠١٣) بابەتێکی دیکەی بە ناونیشانی (دەربارەی پرسی هەماهەنگی چالاکی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیا لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم) لە بەرگی دووەمی خوێندنەوەی لازارێف بڵاوکراوەتەوە. [٣٧]

---

(٢٨)Гасратян М.А. , Орешкова С.Ф. , Петросян Ю.А.: Очерки истории Турции,1983.

(٢٩)Аксененко А.Г. , Гасратян М.А.: Турецкая республика, Наука. Главная редакция восточной литературы, 1990.

(٣٠)Гасратян М.А.: СССР и Турция, 1917-1979, Московский ин-т востоковедения, Москва, 1981.

(٣١)Гасратян М.А.: Советско-турецкий договор 1925 г. - дальнейшее укрепление политического сотрудниче ства между Советским Союзом и Турцией, Б.м., 1982, СС 65 – 78.

(٣٢)Гасратян М.А: Курдская проблема в Турции (1924-1939 гг,: Наука, Москва, 1975.

(٣٣)Гасратян М.А.: Курдская проблема в Турции в новейшее время, Москва, 1977.

(٣٤)Гасратян М.А.: К положению курдов в современной Турции, Б.м., 1982, СС 227 – 327.

(٣٥)Гасратян М.А.: Курды Турции в новейшее время, Айастан, Ереван,1990.

(٣٦)Гасратян М.А.: Курдская проблема в Турции (1986-1995), М.: ИВ РАН, 2001.

ڕەهەندێکی دیکەی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکانی (گاسرەتیان) شیکردنەوەی پرسی کورد و مافەکانی کوردە لە ڕوانگە یاسایی و دەستورییەکانی کۆماری تورکیا. تورکیا بۆ کپکردنی بزووتنەوە کوردییەکان و چالاکیی سیاسی و نەتەوەیی و کولتووری کوردی جیا لە سەپاندنی تۆتالیتاریەتی سیاسی و سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و بزووتنەوە کوردییەکان، بە پێی یاسا و دەستور ڕێگەی لە چالاکی نەتەوەیی و سیاسی و کولتووری کورد گرتووە و هیچ مافێکی کوردی وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەسەلماندووە. بۆ دەرخستنی ڕادەی ترسی تورکیا لە کورد و ڕوانگەی تورکیا بەرامبەر بە پرسی کورد، چەند لێکۆڵینەوە و بەرهەمێکی بڵاوکردوەتەوە، دەستوری نوێی تورکیا و پرسی کورد یەکێکە لە وتارەکانی (گاسرەتیان) کە لە ساڵی (١٩٨٨) بڵاویکردۆتەوە، [٣٨]

یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەدەمی نوێدا، کاری دیاری (گاسرەتیان)ە بۆ شیکردنەوەی پرسی کورد و مافەنەتەوەییەکانی کورد لە یاسا و دەستورە جیاوازەکانی کۆماری تورکیادا، لەم بەرهەمەیدا لێکۆڵینەوەی دەربارەی چەپاندنی پرسی کورد و مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی کورد لە یاسا و دەستورەکانی کۆماری تورکیای لە سێ قۆناغدا کردووە. قۆناغی یەکەم دەربارەی یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و ڕەوشی کورد لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردووە، قۆناغی دووەم تایبەتە بە یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ، قۆناغی سێیەم تایبەتە بە یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە دوای کودەتای ساڵی (١٩٨٠)دوە. [٣٩]

---

[٣٧]Гасратян М. А: К вопросу о координации деятельности политических организаций Турецкого Курдистана (80–90-е годы XX в),ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск II, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва, 2013.СС16 - 25

[٣٨]Гасратян М.А.: Новая турецкая конституция и курдский вопрос, Б.м., 1988, СС. 89-99

[٣٩] م. ئە. حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. د.دلێر ئەحمەد، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

## تەوەری دووەم: (م. س. لازارێف ١٩٣٠ - ٢٠١٠) لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ناسیۆنالیزم و پرسی کورد لە بۆتەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

(میخائیل سیمیۆنۆڤیچ لازارێف) لە ساڵی (١٩٥٢) بەشی ڕۆژهەڵاتی فاکەڵتی مێژووی زانکۆی مۆسکۆی تەواوکردووە، توێژینەوە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەسپێکی کارە زانستییەکانی بوو. لە ساڵی (١٩٥٥)دا، بەرگری لە نامەکەی دەربارەی (داڕمانی هەژموونی تورك لە وڵاتانی عەرەب لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی) کرد. لە ساڵی (١٩٥٦) وەك کارمەندی پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی دەستنیشانکرا و نزیکەی (٥٤) ساڵ بەردەوام بووە لە کارکردن لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست. لە ساڵی (١٩٩٠) ەوە سەرۆکایەتی کەرتی کوردناسیی و کێشەهەرێمییەکانی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی دەکرد، نزیکەی (١٥) ساڵ لەو پۆستەدا لە کارکردن بەردەوام بووە. [٤٠] وەك ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێک، بایەخی زۆرتری بە سیاسەتی وڵاتانی زلهێز و پرسی نەتەوەییەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا. لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، ناوەڕۆکی بابەت و لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکانی سێ بواری : مێژووی کورد و کوردستان، مێژوو و پرسەکانی لێکۆڵینەوە لە کورد و کوردناسی، پرسی کورد و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە خۆ دەگرن.

مێژووی کورد و کوردستان، یەکێك بووە لەو بوارانەی کە (لازارێف) توانیویەتی بە لێکۆڵینەوەکانی هەندێك لایەنی ڕوون بکاتەوە. یەکەمین کاری دەربارەی مێژووی کورد، بەشداریکردنییەتی بە بابەتێك دەربارەی (ئێزدییەکان) لە ساڵی (١٩٦٤) لە بەرگی پێنجەمی ئینسکلۆپیدیای مێژووی سۆڤیەتی. [٤١] لە بەرگی (دوازدەیەمی) هەمان ئینسکلۆپیدیا لە ساڵی (١٩٦٩)دا بە بابەتی (پەیماننامەی سایکس بیکۆ لە ١٩١٦) بەشداری کردووە. [٤٢]

(لازارێف) لە گۆڤاری (ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ) چەند بابەتێکی دەربارەی مێژووی کورد بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٩٠) بە ناونیشانی (کوردستان: گەلی بەشبەشکراو) بابەتێکی دەربارەی پرۆسەی دابەشکردنی نەتەوەی کورد و فاکتەرەکانی لە مێژوودا بڵاو کراوەتەوە. [٤٣] لە ژمارەی (١٠)ی ساڵی (١٩٩١) بابەتێکی دیکەی بە ناونیشانی(کورد گەلێکی چەوساوەن) بڵاوکردەوە [٤٤] لە ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٩٤) بابەتێکی دیکەی بە ناونیشانی (ڕێگای ٢٥٠٠ ساڵەی کورد) بڵاوکردۆتەوە. [٤٥]

مێژووی کوردناسیی و لێکۆڵینەوە لە کورد، یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە (لازارێف) کاری تێدا کردووە، وەك کۆڵەر و مێژوونووسێکی دیاری پرسی کورد و لێکۆڵینەوە لە کورد، بەشداری چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی تایبەت بە پرسەکانی لێکۆڵینەوە لە کورد و مێژووی کورد و بزووتنەوە کوردییەکانی کردووە. هەروەها چەند کارێکیشی دەربارەی ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە لە کورد و کوردناسان بلاوکردۆتەوە. یەکێك لە کارە دیارەکانی لەم بوارەدا، ئەو بەرهەمەیەتی بە ناونیشانی (تێبینییەکان

---

[٤٠] Н. З. Мосаки: МИХАИЛ СЕМЕНОВИЧ ЛАЗАРЕВ (1930–2010), ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск I, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва,2012,СС 15 – 16.

[٤١] М.С, Лазарев: Джихад Езиды , Советская историческая энциклопедия. Том 5. ДВИНСК-ИНДОНЕЗИЯ, Государственное научное издательство "Советская энциклопедия", Москва ,1964.

[٤٢] М.С,Лазарев: Сайкс-Пико договор 1916, Советская историческая энциклопедия.Том 12. РЕПАРАЦИИ – СЛАВЯНЕ, Государственное научное издательство "Советская энциклопедия", Москва ,1969.

[٤٣] М.С, Лазарев: Курдистан: разделенный народ , Азия и Африка сегодня,№ 11, 1990,.

[٤٤] М.С, Лазарев: Курды — народ гонимый, Азия и Африка сегодня , № 10, 1991.

[٤٥] М.С, Лазарев: Курды: дорога длиной в 2500 лет , Азия и Африка сегодня, № 5, 1994.

دەربارەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان (مێژوو، ئابووری، سیاسەت) لە ساڵی (١٩٦٨) لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقا) بڵاوکراوەتەوە. [٤٦]

بەرهەمێکی دیکەی لە بواری لێکۆڵینەوە لە کوردناسیی و کوردناسان ئەو بابەتەیە کە بۆ یادی (خالفین) لە ژمارە (٦) گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقا) لە ساڵی (١٩٨٧) بڵاویکردۆتەوە، لەم بەرهەمەیدا وێستگە گرنگەکان ژیانی زانستی و بەرهەمەکان و ڕۆڵی (خالفین)ی لە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەکان خستۆتە ڕوو. [٤٧] لە ساڵی (١٩٩٤) بابەتێکی دیکەی دەربارەی (خالفین) بڵاوکردەوە. [٤٨]

لە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ڕووسی - سۆڤێتیدا ڕاهێنانی کۆڵەر و توێژەرانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە، لەم ڕوانگەشەوە بۆ کوردناسان بوونی پاشخانێکی زانستی و میتۆدۆلۆژی ڕادەی سەرکەوتنیان لە کارەکانیان زیاد دەکات، ئەم بابەتەش لە لای (لازارێف) جێگەی هەڵوەستەکردنی زانستییە. لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (چۆن کۆڵەرێکی لێهاتووی کورد ڕابهێنرێت)، هەوڵی وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسانەی تایبەت بەم بوارە دەدات. [٤٩] دەربارەی مینۆڕسکی و پرسی کورد لە ساڵی (٢٠٠٥) بابەتێکی لە گۆڤاری (ئەرشیفی ڕۆژهەڵاتی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) بڵاوکردەوە، کە تیایدا باسی لە لێکۆڵینەوە و بەرهەمەکانی (مینۆڕسکی) دەربارەی پرسی کورد کردووە. [٥٠]

بەشێکی زۆری کارو لێکۆڵینەوەکانی (لازارێف)، تایبەتبوون بە ڕەهەندە جیاوازەکانی پرسی کورد، وەك کوردناسێکی دیار لە سەرهەڵدانی پرسی کورد و قۆناغەکانی پەرەسەندنی، کاریگەری دەوڵەتانی زلهێز و ناوچەیی لەسەر پرسی کورد و ڕەنگدانەوەی هەڵکشان و داکشانەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کوردی کۆڵیوەتەوە. لە ساڵی (١٩٦٨) کورتەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (پرسی کورد و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بۆ ساڵی ١٩١٧) بڵاوکردەوە، لەم کارەیدا لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد و ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد و گەشەسەندنی کۆڵیوەتەوە. [٥١]

ڕەهەندە نەتەوەییەکانی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی (لازارێف) لە کتێبی (پرۆسە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە ساڵی (١٩٧٠) بە ناونیشانی (کێشەی کورد)خراونەتە ڕوو. لە ساڵی (١٩٧٢) شیکردنەوەی پرسی کورد دەبێتە ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی و لە بوڵتەنی تایبەتی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بە ناونیشانی (دەربارەی پرسی کورد لە قۆناغی ئێستادا (هەتا ساڵی ١٩٧٠) بڵاوکراوەتەوە. [٥٢]

(٤٦)M.C, Лазарев: Заметки о курдоведеии (история, экономика, политика), Народы Азии и Африки, № 1, 1968.
(٤٧)M.C, Лазарев: Памяти Нафтулы Ароновича Халфина , Народы Азии и Африки, № 6, 1987.
(٤٨)M.C, Лазарев: Путь в востоковедение. Н. А. Халфин (1921–1987) , О коллегах и това- рищах. Московские востоковеды 60–80-х годов. М., 1994.
(٤٩)M.C, Лазарев: Как готовить кадры квалифицированных курдоведов? , Восток,№ 6, 1996.
(٥٠)M.C, Лазарев: В. Ф. Минорский о курдском вопросе , Восточный архив, , № 13, 2005, сс 116 – 120.
(٥١)M.C, Лазарев: Курдский вопрос в связи с международными отношениями на Ближнем Востоке (конец XIX века — 1917 г.). Автореф. докт. дисс, Москва, 1968.
(٥٢)M.C, Лазарев: Курдская проблема, Национальные процессы в странах Ближнего и Среднего Востока. Москва, 1970.

تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد لە لای (لازاریف) بابەتێکی گرنگ بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) لە لێکۆڵینەوەی (پرسی کورد: تایبەتمەنییە جیاکەرەوەکان) هەوڵی شێوەگیرکردنی تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد دەدات.[٥٣] هەر لە ساڵی (١٩٨٣)دا لە گۆڤاری (ئاسیا و ئەفریقای ئەمرۆ) بابەتێکی دیکەی دەربارەی پرسی کورد بە ناونیشانی (کوردەکان و پرسی کورد) بڵاوکردەوە.[٥٤]

بنکۆڵکردنی فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی کێشەی کورد دەبێتە پرسێکی جێگەی مشتومڕ لە لای (لازاریف)، ئەو لە لێکۆڵینەوەی (کورد و کوردستان: فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە) لە کتێبی (پرسە نەتەوەییەکان لە وڵاتە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵات) بەدوای ڕوونکردنەوەی فاکتەرە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی کێشەی کورددا دەگەڕێت.[٥٥] سەرەڕای لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی قۆناغ و فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد، بایەخی بە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و کورد داوە، لەم سۆنگەشەوە لێکۆڵینەوەی دەربارەی هەڵوێست و ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیا دەربارەی پرسی کورد کردووە.[٥٦]

لە سەرهەڵدانی پرسی کورد و پەرەسەندنیدا، فاکتەرە جیۆپۆلەتیکییەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە، گۆڕانکاری لە جیۆپۆلەتیکی ناوچانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگدانەوەی لەسەر پرسی کورد دەبێت، لەم ڕوانگەشەوە (لازاریف) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (پرسی کورد لە بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی نوێدا) تیشک دەخاتە سەر ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتییکییەکان لەسەر پرسی کورد.[٥٧] لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا بە ناونیشانی (کوردستان لە جیۆپۆلەتیکی نوێدا) لە ڕەنگدانەوەی جیۆپۆلەتیکی نوێی ناوچەکە لەسەر بارودۆخی کوردستان و پرسی کورد دەکۆڵێتەوە.[٥٨]

(لازاریف) سێ کتێبی تایبەت بە پرسی کورد و سیاسەتی وڵاتان بەرامبەر بە کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بڵاوکردۆتەوە، ئەم کتێبانە لێکۆڵینەوەی گشتگیر و فراوانن دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، هەروەها سیاسەتی وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی لە دابەشکردنی کوردستان دەخەنە ڕوو.[٥٩]

کتێبی یەکەمی لە ساڵی (١٩٦٤) بەناونیشانی (کوردستان و پرسی کورد لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم بۆ ١٩١٧)ی بڵاوکردەوە، لەم کتێبەیدا دەستوەردانی وڵاتانی زلهێزی وەك ڕووسیا، بەریتانیا، ئەڵمانیا لە پرسی کورد دەخاتە ڕوو، هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتەکانی هەریەك لەم وڵاتانە بەرامبەر بە کورد دەکات، لەم کارەیدا پشتی بە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی

---

[٥٣] М.С, Лазарев: О курдском вопросе на современном этапе (до 1970 г.) ,Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 4 (132), Москва, 1972.؛ М.С, Лазарев: Курдский вопрос (характерные особенности) ,Специальный бюллетеньИнститута востоковедения АН СССР, № 5 (227), Москва,1983

[٥٤] М.С, Лазарев: Курды и курдский вопрос, Азия и Африка сегодня, № 12, 1983.

[٥٥] М.С, Лазарев: Курды и Курдистан (факторы становления проблемы) , Национальный вопрос в освободив шихся странах Востока / АН СССР, Ин-т востоковедения, Наука, Москва ,1986.

[٥٦] М.С, Лазарев: Россия и курдский вопрос , Независимая газета, 6 октября ,1993,С4.؛ М.С, Лазарев: Новая Россия и старый курдский вопрос, Азия и Африка сегодня, № 1, 1994.؛ М.С, Лазарев: СССР и Курдистан , Азия и Африка сегодня, № 3, № 4, 1995.؛ М.С, Лазарев: СССР и Курдистан , Взаимоотношения народов России, Сибири и стран Востока: история и современность. Доклады второй международ-ной научно-практической конференции 11–14 августа 1997 г. Книга первая. Москва — Иркутск — Тэгу, 1997.

[٥٧] М.С.Лазарев: КУРДСКИЙ ВОПРОС В НОВОЙ ГЕОПОЛИТИЧЕСКОЙ СИТУАЦИИ (Постановка вопроса) , КУРДСКИЙ ВОПРОС НА РУБЕЖЕ ТЫСЯЧЕЛЕТИЙ (круглый стол 19.02.2004 г.), ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА, Москва, 2004,СС 3 – 15

[٥٨] М.С.Лазарев: Курдистан в современной геополитике , Международный конгресс востоковедов (ICANAS-37), Тезисы. Т. 3. М., 2004.

[٥٩] Khanna Omarkhali and Nodar Mossaki: A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, Previous source, p156.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیی قەیسەری و نامەی دیبلۆماتکارە ڕووسییەکان بەستووە.[٦٠] دواتر لە ساڵی (١٩٧٢) پێداچونەوەی بۆ ئەم بەرهەمەی کرد و لە چاپە نوێیەکەدا ناونیشانەکەی بۆ (پرسی کورد ١٨٩١ - ١٩١٧) گۆڕدرا.[٦١]

لە ساڵی (١٩٨٩)کتێبی دووەمی بە ناونیشانی (ئیمپریالیزم و پرسی کورد ١٩١٧ - ١٩٢٣)ی بڵاوکردەوە، ئەم کارەی یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە گرنگ و بە پێزانەی کە دەربارەی کورد لە مێژووی کوردناسیی سۆڤیەتیدا ئەنجام دراون، لەم کتێبەدا لازارێف لە سیاسەتی زلهێزان و وڵاتانی ناوچەیی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان دەکۆڵێتەوە.[٦٢]

لە ساڵی (٢٠٠٥)کتێبی سێیەمی بە ناونیشانی (کوردستان و کورد ١٩٢٣ - ١٩٤٥) بڵاوکردەوە، کە تەواوکەری هەردوو کتێبەکەی پێشترە، لەم کارەیدا لێکۆڵینەوە دەربارەی بارودۆخی ناوخۆیی کوردستان و گۆڕانکارییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستەمی دوو جەمسەری جیهانی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کورد، بە پشت بەستن بە بەڵگە و دیکیۆمێنت دەکات.[٦٣]

سەرەڕای ئەو بەرهەمانەی خرانە ڕوو (لازارێف) چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی تایبەت و کاری پێکەوەیی لەگەڵ کوردناسانی دیکە دەربارەی (مێژووی کورد، نەتەوەخوازی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، پرسی کورد، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوە کوردییەکان، توێژینەوە کوردناسییەکان) ئەنجام داوە، بەهۆی باگراوندە زانستییەکەی و خوێندنە ئەکادیمییەکەی و چالاکییە زانستییەکانی، دەکرێت (لازارێف) وەک نوێنەری قوتابخانەی مێژوویی کلاسیکی ڕووسی ناوزەد بکرێت.[٦٤]

(٦٠) М. С. ЛАЗАРЕВ: КУРДИСТАН И КУРДСКАЯ ПРОБЛЕМА (90-е годы XIX века — 1917 г.), АКАДЕМИЯ НАУК СССР ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ИЗДАТЕЛЬСТВО «НАУКА». Москва, 1964.

(٦١) М.С, Лазарев: Курдский вопрос 1891-1917, Москва, 1972

(٦٢) М. С. Лазарев: Империализм и курдский вопрос. 1917-1923 гг, Главная редакция восточной литературы издательства "Наука", Москва ,1989

(٦٣) М.С, Лазарев: Курдистан и курдский вопрос 1923-1945, Москва, 2005.

(٦٤) Н. З. Мосаки: МИХАИЛ СЕМЕНОВИЧ ЛАЗАРЕВ (1930–2010),С 16.

### تەوەری سێیەم: (ئۆلگا ژیگالینا ١٩٤٦ - ٢٠١٣) و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ژیگالینا یەکێکە لە کوردناسە دیارەکانی مۆسکۆ، لە ساڵی (١٩٦٩) لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی دەستی بەکارکردن کرد. لە سەرەتادا کاری وەرگێڕانی لەسەر دیکیۆمێنت و بەڵگەنامەکان دەکرد، دواتر وەك کارمەندی زانستی لە بەشی ئاسیای ناوەڕاست (کە کوردناسی بەناوبانگ (خالفین) سەرۆکایەتی دەکرد) دەستنیشانکرا. (خالفین) شارەزای سەرچاوەناسی و مێژوونووسی بوو، بە لێکۆڵینەوەکانی کاریگەری لەسەر (ژیگالینا) دانا. [٦٥] بە سەرپەرشتی (خالفین) لە ساڵی (١٩٧٨)یاداشتەکانی ژەنەڕاڵی ڕووسی (جۆن ڤۆن بلارامبێرگ) لە لایەن (ژیگالینا)ەوە بڵاو کرایەوە، کە تا ئەمرۆش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز لە سەدەی نۆزدەیەم. [٦٦]

چەند ساڵێك دواتر، (ژیگالینا) دەستی بەکارکردن لەسەر پرسی ئاسیای ناوەڕاست لە مێژووناسی بەریتانیای سەدەی نۆزدەیەم کرد. لە ساڵی (١٩٧٣) بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کرد، کە تایبەت بووە بە (پرسی ئاسیای ناوەڕاست لە مێژووناسی بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠ بۆ ١٨٩٠) و پلەی دکتۆرای لە زانستی مێژوو وەرگرت. [٦٧] لە ساڵی (١٩٨٠)ەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی باس و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی کوردانی ئێران، پرسەکانی کوردناسی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کرد و دەبێت بە پسپۆڕ و شارەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. [٦٨]

ژیگالینا درێژە پێدەری نەریتی کوردناسیی ڕووسی و سۆڤیەتییە، بە تایبەتی قوتابخانەی کوردناسیی کلاسیکی لە مۆسکۆ، کە لە بنەڕەتدا ئامانجی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسیە، بە پێچەوانەی قوتابخانەی (سانت پترسبۆرگ) کە ئامانجی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبییە. بەڵام هەریەك لەم دوو قوتابخانە کوردناسییە، لە کارەکانیاندا پشتیان بە بەڵگەنامە بەستووە. بە هەمان شێوەش (ژیگالینا) زۆرێك لە کارە زانستییەکانی، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ئەرشیف و بەڵگەنامە ڕووسی و سۆڤیەتییەکان ئەنجام داوە. [٦٩]

(ژیگالینا) لە ساڵی (١٩٨٨) کتێبێکی دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران لە (١٩١٨ - ١٩٤٧) بڵاوکردەوە، ئەم بەرهەمە یەکێکە لە لێکۆڵینەوە زانستیە هەمەلایەنەکان لە کوردناسیی سۆڤیەتیدا، کە باس لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران و سیاسەتی شای ئێران و بارودۆخی کوردستان لە دەیەی سییەکان بکات. لەم کتێبەدا لەگەڵ

---

(٦٥) پرۆفیسۆر د.جەبار قادر: بە بۆنەوەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسەوە (پرۆفیسۆر ژیگالینا، ل ٨.

(٦٦) Бларамберг. И.Ф.Воспоминаия: пер. О.И. Жигалиной и Э.Ф. Шмидта вступ. статья Н.А. Халфина, М.: Главная редакция восточной литературы издательства "Наука", 1978.

(٦٧) KHANNA OMARKHALI: OBITUARY Prof Dr Ol’ga Zhigalina (1946–2013),P 76.

(٦٨) پرۆفیسۆر د.جەبار قادر: بە بۆنەوەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسەوە (پرۆفیسۆر ژیگالینا)، ل ١١.

(٦٩) KHANNA OMARKHALI: OBITUARY Prof Dr Ol’ga Zhigalina (1946–2013),P 77

لێکدانەوە مێژووییە سیاسییەکەیدا، تیشك خراوەتە سەر لایەنی دیمۆگرافی، کولتووری، ئابووی. سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئەم کتێبە ئەرشیفەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیایە، بە تایبەتی فۆندەکانی نیشتیمانی هیندی، کوردناسی ڕووس (ڤیلجێڤسکی) و کەرەستەکانی ئەرشیفی ڕۆژهەڵاتناسی ئینستیتوتی دەستنووسەکان لە سانت پیترسبۆرگ. [٧٠]

لەگەڵ کۆمەڵێك توێژەر و ئێراناسی دیکەدا، (ژیگالینا) بەشدار بووە لە نووسینی کتێبی (شۆڕشی ئێران ١٩٧٨ - ١٩٧٩ هۆکار و وانەکان)، کە لە ساڵی (١٩٨٩) لە مۆسکۆ لە دوتوێی (٥٥٩) لاپەڕە بڵاو کرایەوە. ژیگالینا لە بەشی دووەم لاپەڕە (٥٦ - ٦٢) بابەتی (پەرەسەندن و توندبوونی ناکۆکییە نەتەوەییەکان) و لەبەشی هەشتەم لە لاپەڕە (٢١٠ - ٢١٣) بابەتی (ڕەنگدانەوەی پرسی نەتەوەیی لە دەستوردا) و لە بەشی دەیەم لە لاپەڕە (٢٦٧ - ٢٧٤) بابەتی (سەرکوتکردنی جوڵانەوە نەتەوەییەکان وەك فاکتەرێك بۆ سەقامگیرکردنی ڕژێمی ئیسلامی) نووسیوە. [٧١]

لە ساڵی (١٩٩٠) لەسەر بنەمای دکتۆراکەی، (ژیگالینا) بەرهەمێکی دیکەی بە ناونیشانی (بەریتانیای مەزن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم) بڵاوکردەوە. [٧٢] لە ساڵی (١٩٩٦) بەرگری لە تێزی پۆست دکتۆراکەی(ناوکا) بە ناونیشانی (پرۆسە ئیتنۆکۆمەڵایەتییەکان لە ئێران لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠) کرد، و دواتر بە شێوەی کتێب بە ناونیشانی (پێشکەوتنە ئیتنۆ - کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا) بڵاوکرایەوە. [٧٣]

(ژیگالینا) لە ساڵی (٢٠٠٢) کتێبی (خاننشینە کوردییەکانی خوراسان لە کۆتایی سەردەمی قاجارەکاندا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بۆ سەرەتای سەدەی بیست) بڵاوکردەوە، ئەم کارەی یەکێکە لەو کارانەی لە دنیای کوردناسیدا دەربارەی خانشینەکانی کورد لە خوراسان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەنجام دراون، لەم کارەیدا پێگەی خانەکانی خوراسان لە ململانێی نێوان ئینگلیز و ڕووسەکان بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای تزاری دەخاتە ڕوو. [٧٤]

بەرهەمێکی دیکەی دەربارەی کوردەکانی خوراسان، لە کۆنفرانسی خوێندنەوەی لازاریف بە ناونیشانی (ژیانی شارنشینی کوردەکانی خوراسان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) لە ساڵی (٢٠١٢) بڵاوکردەوە. [٧٥] لە ساڵی (٢٠١٣) کارێکی دیکەی دەربارەی ڕاپەڕینی کوردەکانی خوراسان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوکردەوە، لەم کارەیدا

---

(٧٠)О.И. Жигалина: Национальное движение курдов в Иране (1918-1947гг.),издатЕльство «наука»главная редакция восточной литературы, МОСКВА, 1988.

(٧١)Л. Е. АВДЕЕВА & С. М. АЛИЕВ & А. 3. АРАБАДЖЯН & А. М. БИ- НЙНАШВИЛИ, & Е. А. ДОРОШЕНКО & О, и* ЖИГАЛИНА & В.К. ЗОТОВ & В.^ Б.КЛЯШТОРИНА & М. И. КРУТИХИН & Лг М КУЛАГИНА & А. К. ЛУКОЯНОВ & Н. М. МАМЕДОВА & В. Н. ПЛАСТУН & Д. С. РОЖДЕСТВЕНСКАЯ & Л.Е.СКЛЯРОВ & А. П. „ ШЕСТАКОВ & В. И. ЮРТАЕВ: ИРАНСКАЯ РЕВОЛЮЦИЯ 1978-1979 Причины и уроки, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Главная редакция восточной литературы, Москва, 1989, сс 56 -62, 210 – 212, 267 – 274.

(٧٢)Ольга Ивановна Жигалина: Великобритания на Среднем Востоке: XIX-начало XX в.: Анализ внешнеполитических концепций,Издательство: М.: Наука.Главная редакция восточной литературы ,1990.

(٧٣)О. И. Жигалиuа: этносоциАльнАя эволюция ирАнскогооБщЕствА, издательская фирма «восточная литература» РАН, москва, 1996.

(٧٤)Ольга Ивановна Жигалина: Курдские ханства Хорасана при последних Каджарах: Конец XIX - нач. XX в., акад. наук. Ин-т востоковедения. Москва ,2002.

(٧٥)О. И.Жигалина: Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв,ЛАЗ АРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск I,ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН (ИВРАН),Москва,2012, сс 150 - 159.

باسی لە بارودۆخی کوردەکانی خوراسان و ڕاپەڕینی کوردەکانی خوراسان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و ئەرشیفی ڕووسیا کردووە.[٧٦]

لەسەر بنەمای کەرەستەکانی ئەرشیفی ڕووسی (ژیگالینا) کتێبێکی دەربارەی (کرماشان) نووسی، لەم کتێبەدا پێگەی کرماشانی لە ململانێی زلهێز و دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان خستۆتەڕوو.[٧٧]

ساڵی (٢٠١١) دەزگای چاپی ئەڵمانی (Lambert Academic Publishing)، کتێبێکی (ژیگالینا)ی بەناونیشانی (پرسی کورد لە سیاسەتی ئێرانی هاوچەرخدا - گرفتی یەکلاییکردنەوەی ململانێی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران) بە زمانی ڕووسی بڵاوکردەوە. لەم کارەیدا لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد لە دوای ڕوخانی سیستەمی شاهەنشای لە ساڵی (١٩٧٩) و تا ساڵی (٢٠١٠) و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨ - ١٩٧٩) و سیاسەتی ئێران بەرامبەر دانیشتووانی کورد لە دوای مردنی (خومەینی) دەکۆڵێتەوە.[٧٨]

بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێك نووسەری دیکەدا، (ژیگالینا) لە ساڵی (٢٠١٢)دا، بەشدار بووە لە نووسینی کتێبی (کوردەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا لە سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەك - کێشەی بڕیاری چارەنووسی کورد) کە لە دوتوێی (١٦٦) لاپەڕەدا لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە، لەم کتێبەدا نووسەران گرنگییەکی تایبەت بە کێشەی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕوانگەی فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە دەدەن، (ژیگالینا) بە بابەتی (کێشەی دەوڵەتی کوردی لە جیۆپۆلەتیکی هاوچەرخ) لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەشدار بووە.[٧٩]

دەربارەی (پرۆسە سیاسییەکان لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا (عێراق، تورکیا، سوریا، ئێران) ژیگالینا بە هاوبەشی لەگەڵ (ك. ڤ. ڤێرتیاف، س. م. ئیڤانۆڤ) لە ساڵی (٢٠١٣) کتێبێکیان لە دوتوێی (١٤٣) لاپەڕە بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا بە چوار بەش لە پرسی کوردیان لە هەریەك لە وڵاتانی (عێراق، تورکیا، سوریا، ئێران) کۆڵیوەتەوە.[٨٠]

بە دەستپێشخەری (ژیگالینا)ساڵانە کۆنفرانسی تایبەت و مێزگردی گفتوگۆ و کۆبوونەوەی زانستی لە بەشی کوردناسیی ڕێکدەخران و پرسە کوردناسییەکانی تێدا تاوتوێ دەکران. (ژیگالینا) بەشداری چەندین کۆنفرانسی لەسەر ئاستی جیهاندا کردووە، ڕێکخەری ژمارەیەکی بەرچاو لە وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆمی تایبەت بە پرسە جیاوازەکانی کورد بووە، بە دەستپێشخەری ئەو خوێندنەوەی ساڵانەی تایبەت بە (پرۆفیسۆر لازاریێڤ) ئەنجامدراوە. بە پێی سەرچاوەکان ژیگالینا زیاتر لە (٢٠٠)لێکۆڵینەوەی پێشکەشکردووە و ژمارەیەکی زۆر وتار و باسی دیکەی بڵاوکردوەتەوە، کۆتا وتاری لە ڕێکەوتی (٢١-١٠-٢٠١٣) دووڕۆژ پێش کۆچکردنی بڵاوکردۆتەوە.[٨١]

---

(٧٦)О. И. Жигалина: КУРДСКОЕ ДВИЖЕНИЕ В ИРАНСКОМ ХОРАСАНЕ ПОД ПРЕДВОДИ ТЕЛЬСТВОМ ХОДОУ, Вестник НГУ. Серия: История, филология, Востоковедени е,Том 12, выпуск 4,2013, сс 148 - 153.

(٧٧)О.И. Жигалина: Курды иранской провинции Керманшах накануне и в период Первой мировой войны, Восточная литература, Институт Востоковедения РАН, Москва, 2008.

(٧٨)Ольга Жигалина: Курдский вопрос в политике современного Ирана Проблема урегулир ования курдского этнополитического конфликта в ИРИ, Lambert Academic Publishing ,2011.

(٧٩)О. И. Жигалина: Проблема курдской государственности в современной геополитике (КУРДЫ ЗАПАДНОЙ АЗИИ (XX – начало XXI в.) Проблема курдского самоопределения Сборник статей), ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва,2012,СС 47 – 73.

(٨٠)К. В. Вертяев & О. И.Жигалина & С. М. Иванов: ПОЛИТИЧЕСКИЕ ПРОЦЕССЫ В КУРДСКИХ АРЕАЛАХ СТРАН ЗАПАДНОЙ АЗИИ (ИРАКЕ, ТУРЦИИ, СИРИИ, ИРАНЕ), ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва, 2013.

(٨١)KHANNA OMARKHALI: OBITUARY Prof Dr Ol’ga Zhigalina (1946–2013) ,P 77.

بواری کارکردنی (ژیگالینا) مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، چەندین کاری بە بایەخی دەربارەی مێژووی هاوچەرخی ئێران و پرسی کورد و سیاسیەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران بەرامبەر پرسی کورد بڵاوکردۆتەوە، وەك (لەبارەی پرسی خەباتی کوردەوە لە پێناو ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا ۱۹۷۸ - ۱۹۷۹، [٨٢] بابەتێکی دیکەی بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئیسلام لە پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران) لە کتێبی ئیسلام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست بڵاوکراوەتەوە.[٨٣] هەڵوێستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر دۆزی کورد، لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ژیگالینایە لە کتێبی (ئیسلامی هاوچەرخ: کێشەکانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا) وەك کۆمەڵە بەرهەمێکی هاوبەشی پرۆگرامەکانی ناوەندە زانستییەکان لە بارەی کێشە گەرمەکانی ئیسلامناسی هاوچەرخەوە لە ساڵانی (۱۹۸۰ - ۱۹۸۲) لە لایەن ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی بە سەرپەرشتی (یڤگینی پریماکۆف) لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە.[٨٤]

ژیگالینا چەند لێکۆڵینەوە و وتارێکی دەربارەی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نووسیوە [٨٥] دەبارەی پرسی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران و تایبەتمەندیەکانی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردۆتەوە، وەک (لەبارەی دۆزی کوردەوە لە ئێران [٨٦]، لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا تایبەتمەندی و خەسڵەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کورد لە شەستەکان و حەفتاکان خستۆتەڕوو [٨٧]، هەندێك لایەنی بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا خستۆتە بەرباس[٨٨]، سەبارەت بە سیاسەتی نەتەوەیی و ئاینی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە کورد، ژیگالینا لێکۆڵینەوەیەکی لە کۆبەرهەمی (ئیسلام و کێشەکانی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست) بڵاو کردۆتەوە.[٨٩]

---

(٨٢)Жигалина О.И: К вопросу о борьбе курдов за национальную автономию в период иранской революции 1989-1979 гг.,Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 5 (212). – М., 1980.

(٨٣)Жигалина О.И.: Роль ислама в развитии идеологии курдского национального движения в Иране. , Ислам в странах Ближнего и Среднего Востока, М., 1982.

(٨٤)Жигалина О.И.: Отношение руководства Исламской республики Иран к курдской проблеме., Современный ислам: проблемы политики и идеологии(Комплексная программа научных исследований по актуальным проблемам современного исламоведения на 1980–1982 гг), АН СССР, Институт востоковедения. Отв. Ред. Е.М. Примаков и др. – М., 1982. С. 105–121.

(٨٥)Жигалина О.И: Эволюция конфликтной ситуации в Иранском Курдистанеm, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 2 (235), – М.,1985: Жигалина О.И: Положение в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 242, – М.,1986 ؛ .Жигалина О.И.: Положение в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (223). – М., 1983؛ Жигалина О.И.: Политическая ситуация в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (229). – М., 1984.

(٨٦)Жигалина О.И.: О курдской проблеме в Иране, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (219). – М., 1985.

(٨٧)Жигалина О.И.: Особенности курдского национально-освободительного движения в Иране в 60-70-е годы,Сборник Курдоведение, – Ереван, 1985.

(٨٨)Жигалина О.И: Некоторые аспекты курдского движения в Исламской Республике Иран, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 254, – М., 1988.

(٨٩)Жигалина О.И: Национально-религиозная политика руководства ИРИ в Иранском Курдистане, Сборник Ислам и проблемы национализма в странах Ближнего и Среднего Востока, – М., 1986.

بەشی سێیەم : سروشت و تایبەتمەندیی و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت.

باسی یەکەم : سروشت و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت.

باسی دووەم : ڕەنگدانەوەی کولتوور لەسەر کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت.

باسی سێیەم : ژیانی خێزانی کورد و کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت.

## باسی یەکەم : سروشت و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد لە دیدیی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت

کەسێتی مرۆڤ، لە کۆمەڵێک بونیاد و کردە پێک هاتووە، سروشت و شارەزاییە کەڵەکەبووەکانی خودی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی تێدا هەیە، هەروەها لێکەوتەکانی ڕابردوو، کاریگەرییان لەسەر کەسێتی مرۆڤ هەیە. کەسێتی مرۆڤ یادەوەریی، بونیادی ئێستا و داهاتووش دەگرێتەوە.[1] توێژەران بە شێوەیەک چەمکی کەسێتییان خستۆتەڕوو، کە لەسەر ئاستی تاک کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی و عەقڵیی و کۆمەڵایەتییە، سیستێمێکی تەواو پێکەوە دروست دەکەن و دەبنە شوناسی تاک و لەوانی تری جیادەکەنەوە.[2] بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش، لە نێوان کۆمەڵە گروپێکی دیاریکراوی ( کۆمەڵایەتی، ئاینی، نەتەوەیی...هتد) سەرنجی توێژەر و زانایانی ڕاکێشاوە، بە جۆرێک لە لای هەریەک لە زانایان (کلوکهن، مووری، شیلدر، کاتڵ) لە ڕوانگەی ( تایبەتمەندییە هاوبەشەکان)ەوە کەسێتی مرۆڤ شیدەکرێتەوە.[3]

شیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤ، یەکێکە لە پرسە گرنگ و تەنانەت ئاڵۆزەکانی زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی. بە مەبەستی ئاشکراکردنی دیوە نهێنی و شاراوەکانی کەسێتی مرۆڤ، چەندین بیردۆز و تیۆریا لە لایەن بیرمەندان و زانایانەوە داڕێژراون، کە ماکی سەرەکی هەریەکەیان شیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤ و تایبەتمەندی و پاڵنەرەکانیەتی. هەریەک لەو بیردۆزانەش، لە ڕوانگەیەکەوە هەوڵی شیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤیان داوە. هەروەها، چەند بیردۆزێکیش کە بە بیردۆزە سنوردارەکانی بواری کەسێتی ناسراون، لە ڕوانگەی ( پێداویستی، جیاکاری دەروونی، ناسازی مەعریفی) هەوڵی شیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤیان داوە، ئەمە جگە لە بوونی دیدێکی بوونگەرایانە بۆ کەسێتی مرۆڤ.[4]

---

(1) لورانس أ.برافین : علم الشخصية، ت. عبدالحليم محمود السيد و أيمن محمد عامر، الجزء الثاني، المركز القومي للترجمه، قاهرة، ٢٠١٠، ص ٤٦٨.

(2) د.عمر و حسن احمد بدران : تحليل الشخصية،دائرة المعارف بناء الانسان، مكتبه الايمان، بدون السنة طبع، ص٩

(3) لیا حسن محمد : پەیوەندی نێوان زمان و خەسڵەتەکانی کەسایەتی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی شەشەم، ژمارە (٢) ، ٢٠١٩، ل ٢٩١.

(4) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بیردۆزەکانی کەسێتی بڕوانە :یوسف حەمەساڵح مستەفا : کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٣٣ - ٥٦٩.

ئەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ڕۆڵیان لە بونیادنانی کەسێتی مرۆڤدا هەیە، بە ڕای توێژەران بریتین لە فاکتەرە (جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مێژوویی)یەکان. جوگرافیای هەر ناوچەیەک بریتییە لە هەلومەرجی سروشتیی و ژینگەیی، دانیشتوانی ئەو شوێنە، کە بە گوێرەی باری سروشتی و پێداویستییەکانی دەژین و رەفتار دەکەن و بیردەکەنەوە، تەنانەت سیمای جەستەیی (ئەنترۆپۆلۆژی)یان بە پلەی یەکەم بە پێی جوگرافیای ئەو شوێنە دروست دەبێت. لە کاتێکدا فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لە زۆر لایەنەوە بەرهەمی جوگرافیا و ژینگەکەیە، ئاواش تەواوکەری کاریگەری و ئامانجەکانیەتی، بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی مرۆڤ زەمینەی واقیعی دەڕەخسێنێت کە لەگەڵ هەلومەرجەکاندا خۆی بگونجێنێت، یاسا و بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان شێوازی بیرکردنەوەی دیاریکراو لە لای ئەندامەکانی دروستدەکات، کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە.[5]

لەم باسەماندا بە پشت بەستن بە نوسراو و بەرهەم و کەرەستە کۆکراوەکانی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، لە چەند ڕوانگەیەکی جیاواز و لەسەر چەند ئاستێک، هەوڵی خستنەڕوو و شیکردنەوەی سروشتی کەسێتی کورد و تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانی ئەو کەسێتییە لە ڕوانگەی کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەدەین. هەروەها لێکۆڵینەوە لەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە بونیادنانی کەسێتی کورد هەبووە و تایبەتمەندیە گشتییەکانی ئەو کەسێتییە دەکەین.

## یەکەم : سیمای ئەنترۆپۆلۆجی کەسێتی کورد و داخراوی و دورەپەرێزی

لە دیدی (نیکیتین)دا، خستنەڕووی کەسێتی و ڕەوشتی مرۆڤ، کارێکی ئاسان نییە. چونکە لە پرۆسەی توێژینەوەی ئەم بوارەدا، ناکرێت لایەنی سایکۆلۆژی ئەم پرسە فەرامۆش بکرێت. لەبەر ئەوەی هەموو گەلێک ( ڕۆحێکی نەتەوەیی) ئاڵۆزی هەیە، کە بریتین لەو تایبەتمەندییانەی لە کەسانی دیکەیان جیادەکاتەوە و بە کەسانی ترەوە گرێیاندەدات. لەگەڵ ئەوەی (نیکیتین) بڕوای وایە کە بوون و ڕابردووی هەر گەلێک، کۆمەڵێک تایبەتمەندی جێگیر لە کەسێتی ئەندامەکانیدا دروستدەکات. بەڵام ناکرێت گشتاندن بۆ ئەم پرسە بکرێت، چونکە زۆر جار گشتاندنەکان بێ بنەمان و دەبنە هۆی دروستکردنی وێنەیەک کە ڕاستکرنەوەیان قورس دەبێت.[6]

کەسێتی کورد لە دیدی (مینۆرسکی)دا، نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی گرنگ لە دانیشتوانێکی یەکگرتوو و هاوچەشن دەکات،[7] (خاچاتۆر ئابۆڤیان)ی بەڕەگەز ئەرمەنی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا، لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەم شێوەیە باس لە کەسێتی کورد دەکات :" ئەتوانی لە یەکەم بینین دا کورد بە پیاوەتی و باڵای بە هەیبەت و لەهەمانکاتیشدا ترسناکەوە بناسیتەوە، سەرەڕای ئەمە دەمووچاوی گەورەی بریقەداریی تێدایە، برۆکانی پڕە و ناوچەوانی بەرزە و لووتی درێژ و چەماوەیە و هەنگاوەکانی قورس و بەهێزن، یاخوود بە مانایەکی دیکە ڕەوشت و سیفاتی پاڵەوانە کۆنەکانیان تێدایە".[8] (ئارشاک سافراستیان) سەبارەت بە سیما ئەنترۆپۆلۆژییەکانی کەسێتی کورد دەڵێت:" کوردەکان بە گشتی میلەتێکن کە زۆربەیان سەریان درێژە و دەموچاویان زەقە، چاو و موویان ڕەشی مەیلە و قاوەیییە. لە هەمانکاتدا چاوشین و

---

(5) د.ڕەشاد میران : چەند بابەتێکی تێنتۆ - کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل ٧٤ - ٧٥.

(6) В. Никитин.: Курды,Перевод с французского И.О. Фаризова,Издательство (Прогоресс). Москва, 1964,с 125.

(7) V. Minorsky : The Tribes of Western Iran, The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland , Vol. 75, No. 1/2 (1945), p78.

(8) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления. Петроград, 1915, C15.

قژکاڵ، یان چاو و موو ڕەشی لووت باریک و ڕاستیشیان تێدایە. ئەم جۆراو جۆری ڕووخسارە هیچ پەیوەندی بە تێکەڵبوونی ڕەگەزییەوە نییە، چونکە هی کۆمەڵە هۆزێکن کە چەند سەدەی یەک لە دوای یەک بەوە ناسراون کە ژیانێکی دوورە پەرێزانەیان بەسەربردووە و لە دراوسێکانیان بەو لاوە پەیوەندییان لەگەڵ کەسی تردا نەبووە".[9]

(مینۆڕسکی) وەک یەکێک لە کوردناسە دیارەکانی ڕووسیا کە بایەخی بە خستنەڕوو و لێکدانەوەی هەندێک لە سیما و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد داوە، باوەڕی وایە بە شێوەیەکی گشتی کەسێتی کورد جۆراوجۆرە، بە ڕادەیەک زۆر ئەستەمە کە متمانە بە سیفاتی ئەنسرۆپۆلۆژیی ئەو کەسێتییە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەناو کوردەکاندا دەمووچاوی خڕی ئەرمەنی و سامییانەی عەرەبی بەدی دەکرێت *، بەڵام کوردی ناوچەی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی ئێرانییانەی خۆیان پاراستووە، چونکە ئەمانە دوور لە گەلانی تر ژیاون.[10] مینۆڕسکی لەم هەڵسەنگاندنەیدا، سەرنجی لەسەر کاریگەری ئەو نەتەوانە لەسەر کەسێتی کورد و سیمای کورد بووە، لەبەر ئەوەی کوردی ناوچەی سلێمانی دوورتر بووە لەو نەتەوانەی کە باسی کردووە و نزیک بووە لە ئێرانییەکان و بنچینە و ڕەگوڕیشەیان لە یەکترییەوە نزیک بووە.

(ئامبارتسووم ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕوخساری ئێستای کورد (کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)، پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لە ڕەچەڵەک و ڕەگەزەکانی (ماد، مەغۆل، تاتار، ئەرمەن، تورک و عەرەب). (ئاراکێلیان) بە شێوەیەک ئەم پرسە دەبینێت کە گومانی نییە لەوەی  کە هەندێک لە هۆزەکانی کورد بە ڕەچەڵەک ئەرمەنن، واتە ئەو ئەرمەنییانەی کە ناچار کراون واز لە ئاین و نەتەوەکەیان بهێنن و وردە وردە لە نێو کورددا تواونەتەوە.[11] ئەوەی مایەی هەڵوەستەکردنە ئەم بۆچوونەی (ئاراکێلیان) لە لایەن زۆرێک لە نوسەرانی ئەرمەنییەوە ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بەڵگەی سەلمێنەریان نییە دەربارەی ئەوەی کە زۆرێک لە خێڵە گەورە کوردییەکان بیەنەوە سەر بنەچەی ئەرمەنی. ناتوانن لێکدانەوە بۆ ئەوە بکەن، بۆچی ئەو کوردە تازە پێگەیشتووانە نە لە ڕووی ڕوخسارەوە نە لە ڕووی شێوازی ژیانیان بە هیچ شێوەیەک لە ئەرمەن ناچن. بۆ نمونە بۆچی ئەرمەنی یەکجێنشین وەک نوسەرانی ئەرمەنی دەنوسن دەبێت بە کوردی کۆچەر و جل و بەرگی ئەرمەنی فڕێ دەدات و لە ڕەشماڵ و خانووی کوردیدا دەست بە ژیانکردن دەکەن و باڵایان بەرز دەبێت ( بە گشتی باڵای کورد بەرزترە لە ئەرمەن) و لە نێو خێڵە کوردییەکانی دیکەدا دەبن بە خێڵی دلێر و جەنگاوەر.[12]

هەر سەبارەت بە بوونی جیاوازی وەک بەشێک لە بونیادی کەسێتی کورد، (مینۆڕسکی) باوەڕی وایە کە  لە ڕووی شێوە و تەنانەت لە ناو یەک هۆزیشدا کەسێتی کورد لێک جیاوازن. ئاماژەش بەوە دەکات کە  یەکێک لە وێنەکانی سەرۆک هۆزێکی کورد ( جەعفەر ئاغای شکاک) نیشان دەدات و ناسراوییان پێکەوە هەبووە و لە (١٩٠٤ز) بەدەستی حاکمی ئازەربایجان کوژراوە ، شێوەی هێلکەیی دەم و چاوی، لوتی مام ناوەندی و ڕواڵەتی بەهێزی کاراکتەری بنەڕەتی مرۆڤی کورد دەنوێنێت*، بەڵام ڕووخساری زۆربەی کوردان، کاریگەری بەهێزی دراوسێ عەرەب، تورک، ئەرمەنی و سوریانیەکانیان لەسەر نیشان دەدەن. (مینۆڕسکی) ئاماژە بە تایبەتمەنی ڕوخسار و سیمای لوڕەکان دەکات و دەڵێت:" لوڕەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ڕواڵەتی فیزیکیدا زیاتر نائاسایین، دۆستێکی ئێرانی من جارێکیان لوڕستانی بە (مەعدەنی ڕیش) واتە بە کانگای ڕدێن دانا و لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم هەستێکە لوڕەکان (لە بینەری لاوەکیدا) بەدی دەهێنن، ئەم هەستە، بەهۆی کورتەباڵاییانەوە دەسەلمێت** ، ڕوخساریان گەلێک وەحشی  و لاوازە و لە بزن دەچێت".[13] ئەم ناساندنەی لوڕەکان، ناساندنێکی ئەکادیمی و زانستی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە سوکایەتی. ناکرێت بوونی تایبەتمەندێک ( هێشتنەوەی ڕیش) کاریگەری لەسەر بڕیاردان لەسەر لوڕەکان هەبێت و بە وەحشی و بزن بچوێنرێن.

---

[9] ئارشاک سافراستیان: کوردستان و کورد، وەرگێڕانی. ئەمین شوانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥،ل ١٤٤.

* بۆ بینینی وێنەی ئەم پەسندکردنی کەسێتی کوردی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

[10] В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления , С14.

[11] ئامبارتسووم ئاراکێلیان: کوردانی پارس - ڕاپۆرتێک لەسەر ژیان و داب و نەریتی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، و. مەنسوور سدقی، ٢٠١٦، ل ١٤.

[12] بڕوانە : ئامبارتسووم ئاراکێلیان: س.پ، ل ١٤ - ١٥.

* بۆ بینینی ئەم وێنەیەی مینۆڕسکی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

** بۆبینینی وێنەی چەند کەسایەتییەکی لوڕ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

[13] V. Minorsky : The Tribes of Western Iran, p78.

لەکاتی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورددا، هەست بە دژواریی و پارادۆکسێک دەکرێت، ئەم پارادۆکسە لە لایەن (ن.ی.مار)ەوە هەستپێکراوە و ئاماژەی پێکراوە، ئەو کورد بە منداڵە هەتیوەکانی مێژوو ناودەبات و دەنوسێت:" لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، مێژووی نەتەوەیەکی لەبیرکراو هەیە. تاقە نەتەوەیەکی ئەو ناوچەیەی کە ئێمە بەرژەوەندیمان هەیە و زۆر لە پێش دەرکەوتنی تورکەکان، لە سەر ترۆپکی ئازایەتی ژیانی شوانی - جەنگاوەری وەستابوون و هێشتا تێکەڵاوی شێوازە چەوت و ئاڵۆزەکانی ژیانی دەستکردی شار نەبوون و بە پشتبەستن بە خەباتی کۆمەڵایەتییان هێشتا لە ژیاندا ماون و بەهیچ شێوەیەک نەکەوتوونەتە ژێر کاردانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارۆمەندی تورکەکان". [14]

(ڕۆدینکۆ) باس لە ئەوە دەکات کە کەسێتی کوردەکان لە زۆر لایەنەوە، گوزەرانی ژیان و دەوروبەری جوگرافیایان دیاری دەکات. لە دیدی ئەودا، کەسێتی کورد سروشتێکی هاوسەنگی هەیە. دەربارەی تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانی کەسێتی کورد دەڵێت:" دەتوانین بڵێین کوردەکان وشکن، بەڵام هەرگیز دڵڕەق نین. سەرکەش و سەربەرزن، بەڵام لە خۆبایی و لووتبەرز نین. عاتیفی(بە سۆزن) نین بەڵام دڵسۆز و دڵپاکن. لە هەمانکاتدا لە ژیانی ڕۆژانە و هەستی دنیابینییاندا زۆر ورد و بەسەرنجن". [15] (ڕۆدینکۆ) هێندە دڵخوازی سروشتی ئەو کەسێتییە بووە کە بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، دەربارەی کەسێتی ئەم گەلە شکۆمەندە هەرچی ستایشی پیاوەتی، جوامێری و نەجیبزادەیی و خەسڵەتی چاک و جوانی تر هەیە بیانڵێین، هەمووی لە جێی خۆیدایە و شایەنییەتی. [16]

جیا لە خستنەڕووی ئەم تایبەتمەندییانەی کەسێتی کورد، کوردناسان سەرنجیان لەسەر ئەو فاکتەرانەش بووە کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. لەم ڕووەوە (مینۆڕسکی) باوەڕی وایە، سێ ڕواڵەتی گرنگی وەک( ژیانی میرنشینەکوردییەکان، یاسای تیرەگەریی خێڵە کوردییەکان، بەکارهێنانی کورد لە لایەن تورکەکانەوە بۆ مەرامی سیاسی)، کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. [17] (ن.ی.مار ) دەربارەی (بەکارهێنانی کورد لە لایەن تورکەکانەوە بۆ مەرامی سیاسی) هەڵوێستی تا ڕادەیەک جیاوازتری هەیە بە بەراورد بەم هەڵوەستەکردنەی (مینۆڕسکی). (ن.ی.مار ) سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە مێژوودا ئاماژە بەوە دەکات" هیچ بەڵگە و ئاماژەیەک سەبارەت بە ژیانی نێوخۆیی کورد لەبەردەستدا نییە و مێژوو سەبارەت بە ژیانیان لە ماوەی قۆناغی ڕۆژهەڵاتی کلاسیک و ڕووداوخی هاوچەرخ بێدەنگە." [18]

دووەم : دەسەڵاتخوازی کەسێتی کورد

قبوڵکردن و ڕێزگرتنی دەسەڵات لە لایەن تاکی کوردەوە، لەسەر ئاستی خێزانەوە دەستپێکردووە، کە بنەڕەتەکەی لەسەر ڕێزگرتن لە کەسانی لە خۆ گەورەتر بونیادنراوە. پلەکانی دەسەڵات و بنەمای شوهرەت (ناوبانگ) کە لەسەر ئەو دامەزرابوو، لە هەموو شوێنێکدا زاڵ بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، کەسێتی کورد کە بە شێوەیەکی ترادسیۆنی ڕێزی دەسەڵاتیان گرتووە، هەمیشە بە زۆر لێکردن ڕازی نەدەبوو، دژ بە زۆرداریی بووە و مەیلی ملکەچبوونی نەبووە. پێکەوەبوونی دیالێکتیکانەی ئەم دوو ڕێبازەی (ڕێزگرتنی دەسەڵات، دژایەتیکردنی زۆرداریی) تایبەتمەنییەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد بووە. [19] بەم پێیە بێت لە سروشتی خۆیدا، کەسێتی کورد هاوسەنگی لەنێوان ڕێزگرتنی دەسەڵات و دژایەتیکردنی زۆرداریی ڕاگرتووە، نە ڕێزگرتنی دەسەڵات دەتوانێت ملکەچی بکات، نە دژایەتیکردنی زۆرداریش وایلێدەکات هەموو دەسەڵاتێک بە زۆردار بزانێت. بەڵکو لەم بارودۆخەدا، وەک ( ڕۆدینکۆ) ئاماژەی پێکردووە، کەسێتی کورد خاوەنی بوێرییەکی تایبەتە و وەک دەڵێت :" هیچ کوردێک لەوە ناترسێت ڕاستییەکان چەندێک تاڵ و ڕەقیش بن، لە ڕووی هەر فەرمانڕەوایەکدا چەندێک بە دەسەڵاتیش بێت بڵێت، هەرگیز

(14) Марр Н : Еще о слове челеби (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),С 117.

(15) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٨.

(16) هـ س، ل ٢٠٩.

(17) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С28.

(18) Марр Н.: Еще о слове „челеби“ (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),С 123.

(19) ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە ( کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٤٧ - ٢٤٨.

دانابەزێتە ئاستی درۆ و فێڵبازیکردن".[20] بەڵام ڕێککەوتووە کە کەسانی فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگەی کوردیدا،کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان کۆنترۆڵی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتیان کردووە. (ژیگالینا) لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی خاننشینی (قوچان) لە خوراسان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکات و دەڵێت:"دەستەبژێر و لە پێش هەموویانەوە سەرۆکی خاننشینی قوچان(ئیلخان) و خزم و کەسوکاری، دەستیان بەسەر سەرجەم سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی خاننشینەکەدا لە بواری کشتوکاڵدا گرتبوو، ئاوی ڕووبار و کانیاوەکانی کوێستانەکانیشیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بە شێوەیەک کە دەبوونە ڕێگر لە پرۆسەی ئاودێری مەزرای جوتیارەکان. هەروەها خاوەنی هەموو ئاژەڵە بارهەڵگرەکان بوون کە بەبێ ئەوانە جوتیارەکان نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن، بە گشتی گوزەرانی ژیان ڕاستەوخۆ بە ئیلخان و خانەکانەوە گرێدرابوو".[21]

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ململانێی نێوان خێڵە کوردییەکان و سەرانی نێو خێڵەکان، نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی و نەتەوەیی لە لایەن کورد خۆیەوە، هەروەها کێبەرکێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد و دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانی لە سایکۆلۆژیای کەسێتی کورددا هەبووە. کۆلۆنێل ئا.تی.ئیاس کونسوڵی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی لە سابڵاغ لە یاداشتی گەشتەکەیدا بە ناونیشانی ( گەشتێک بە باکوری کوردستانی (پێرسیا) ئێراندا لە ١٩١٣ز) ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک گەیشتوونەتە (بێورانی سەروو) بەرپرسی مەخفەرە تورکییەکە(چاوەش سەعید ئەفەندی) سەربازەکانی ڕیزکردبوو و هاتبووە پێشوازییان و بانگهێشتی کردوون بۆ مەخفەرەکەی کە سێ چادر و کەپرێک بووە. ڕەسوڵ ئاغای پشدەری و هەندێک سەرۆک هۆزی تر لە ژێر کەپرەکەدا دەبینێت کە هاتبوون بۆ سەردانی چاوەش و میوانی ئەو بوون، بە سەر سوڕمانەوە ئاماژە بەوە دەکات ئەم فەرمانبەری تورکە پلە نزمە چۆن بەسەر کوردەکاندا دەیخوڕی و ئەمری بەسەردا دەکردن.[22]

سێیەم : کەسێتی کوردی لە نێوان گوشار و خزمەتکردنی نەتەوەکانی دیکەدا

زۆرێک لە کوردناسان ئاماژەیان بەوە کردوە، سەرباری فشار و توندوتیژی و مامەڵەی خراپی نەتەوەکانی دیکە، کەسێتی کورد ڕۆڵی لە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورریەکانی ئەو نەتەوانەدا هەبووە. کەسێتی کورد، زیاد لە هەرشتێک ئازاری بەدەست سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەسەڵاتە ناوچەییەکانەوە چەشتووە. کە دەسەڵاتداران دەستیان لە سیاسەتی ڕاگواستنی کورد ( لە سەدەی نۆزدەیەم بەرامبەر بە خێڵەکوردییەکان و بە درێژایی سەدەی بیستەم بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە پرسی کورد) هەڵنەگرت. جێگۆڕکێی کۆمەڵانی کورد واتە سەقامگیرنەبونیان، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بە تایبەت لە ناوچە تێکهەڵچووەکاندا، لە ڕووی ناچاریی بووە و گەلێک کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر دەروون و کەسێتی کورد هەبووە.[23] بەڵام (ئارشاک سافراستیان) ئەوە دەخاتە ڕوو کە، ڕاستییەکی ئێجگار گرنگ لە بارەی کوردانەوە دەبێت بسەلمێنرێت ئەوەیە، سەرەڕای هەموو تەو چەرمەسەری و ناخۆشییەی چەندین سەدەیە پێوەی دەناڵێنن، ئەوان هێشتا هەر ماون و لە تاقیکردنەوەی زەمانە بە سەربەرزی و سفت و سۆیی دەرچوون.[24]

سەرباری ئەوەی کە کورد بەر شاڵاو و پەلاماری دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی کەوتووە، خەریکی بەرگریکردن بووە لە بوون و مانەوەی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خزمەتێکی بەرچاوی بە مێژوو و کولتووری ئەو نەتەوەکانە کردووە. لەم ڕووەوە

(20) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ دەربارەی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٩.

(21) О. И.Жигалина : Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв,С 155.

(22) کۆلۆنێل پەلکۆفنک ئا.ئی.ئیاس: گەشتێک بە باکوری کوردستانی (پێرسیا) ئێراندا ، چەند وتارێکی کوردناسی، ل ٤٣٢.

(23) Лазарев М. С : Категории курдской истории, ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск I,ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН (ИВРАН),Москва,2012,С90.

(24) ئارشاک سافراستیان : س.پ،ل ١٤٤ - ١٤٥.

(ئۆربیلی) گوتویەتی :" میللەتی کورد لە ژێر پەردە و سیمای تورک و فارس و عەرەب و ئەرمەندا، ڕۆڵەکانی خۆی لەدەستداوە. ناویان وەک سەرکردەی جەنگی، شاعیر، میوزیکژەنی بەناوبانگ، مێژووی ئەو میللەتانەی ڕازاندۆتەوە".[25] کەچی ڕوانینی ئەو نەتەوانە بۆ کورد و مامەڵە کردنیان لەگەڵ کورددا، بارتەقای تەو خزمەتانە نییە، کە کورد بۆ ئەوانی کردووە. لەم ڕووەوە (گەڕدلێڤسکی) ئاماژەی بەوە کردووە سەرباری تەو خزمەتانەی کورد بۆ عوسمانییەکانی کردووە، بەڵام لە پەندە باوەکانیاندا بە ڕەقی مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە. وێنای کەسێتی کورد لە پەندەکانیاندا دەرخەری تێڕوانینی گشتی و بەربڵاوی نێو کۆمەڵگەی عوسمانییەکانە دەربارەی کورد، لەیەکێک لە پەندەکانیاندا دەربارەی کورد دەڵێن (وەک کوردێکی ۹ بزن دار، تەویش هەمووی دانا) لەم پەندەدا هەست بە مامەڵەکردنێکی ناسروشتی لەگەڵ کەسێتی کورددا دەکەین، مەبەستی سەرەکی ئەم پەندە نمونە هێنانەوەیە بە کەسێتی کورد وەک کەسێکی دەستبڵاو و زیادەڕەوکەر[26]. جیا لە پەندەکانیان، لە نێو عوسمانییەکاندا گەلێک چیرۆک و سەرگوزەشتە دەربارەی کورد بڵاوبونەتەوە، یەکێک لە چیرۆکەکانیان کە مۆرکێکی سوکایەتیکردنی تێدایە، باس لەوە دەکات کە کورد وەڕەس بوون خۆیان بە دروستکردنی ساوەرەوە خەریک بکەن و دواتر بژار و پاککردنی بکەن و گەنمی بۆ بکوڵێنن، لەبەر ئەوە بڕیاریان دا یەکسەر بیڕوێنن.[27]

نابێت ئەوەش نادیدەبگرین، کە هەندێک جار تاکی کورد بۆ خۆی ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنەیەکی نەگونجاو و نابەجێ سەبارەت بە کەسێتی کورد هەبووە. بۆنمونە (میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی) ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنایەکی ناڕاست دەربارەی (جاف، هەورامییەکان) هەبووە، وەک (ڤاسیلێڤا) ئاماژەی پێدەکات، هەڵسەنگاندنەکەی (میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی) سەبارەت بە جافەکان نە لە جێی خۆیدایە و نە بنەمایەکی هەیە، کاتێک بەرامبەر یەکێک لە بەهێزترین و بەناوبانگترین فیدراسیۆنی خێڵەکییانەی کورد بۆچونێکی زۆر نەرێنییانە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەسەڵاتی ئێران دەردەبڕێت.(میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی) لە کتێبەکەیدا جافەکان بە هۆزێکی شەرفرۆش ناودەبات و دەڵێت:" ڕەعیەتی بێچارەی کوردستان لە دەستی هەڵسوکەوتی ناشارستیانەی ئەواندا بەردەوام سووک و سەرگەردان بووە".* (ڤاسیلێڤا) ئەوەش دەخاتە ڕوو کە (میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی) خزمەتکارێکی حاکمی قاجار بووە، نەیدەتوانی لە دەرەوەی هەڵوێستە سیاسییە فەرمیی و بۆچونەکانیماڵباتی شادا بۆچوون و هەڵسەنگاندنێکی هەبێت. لە پەرتوکەکەیدا تەنها خەریکی پێهەڵگوتن و بە دزێو ناوبردنی حاکمە جیاوازەکان نەبووە، بەڵکو بۆ خۆی لە (۱۸۸٤ز) بە پێی یاسای هۆز کێشەی نێوان هۆزەکانی ( تیلەکۆ، گەلبەگی(گەڵباخی)) چارەسەرکردووە. وێڕای ڕێزێکی زۆریشی بۆ پێگە و نەریتی خێڵ، هۆزە کوردییەکان لای میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی بۆ خۆیان جێگەی گازندە و ڕەخنە نەبوون، هەڵوێستە نەرێنییانەکەی بەرامبەر بە جاف و تەنانەت هەورامییەکانیش، دەگەڕێتەوە بۆ تەوەی لە کاتی نوسینی پەرتوکەکەیدا، پلەو پایەی فەرمی هەبووە.[28]

لە ئاستێکی دیکەدا، بەشێک لە کوردناسان ئاماژە بە کاریگەریی نەتەوە دراوسێ و نزیکەکان لەسەر کەسێتی کورد دەکەن، لەم ڕووەوە (مینۆڕسکی) دەڵێت :" من لەم دواییانەدا، گەیشتوومەتە ئەو ئاکامەی کە مەغۆل لە ماوەی دەسەڵاتیاندا، سەرۆکایەتی ژمارەیەک لە تیرە کوردییەکانیان گرتۆتە دەست. یەکێک لە هۆزە گەورەکانی باشووری گۆلی ورمێ ناوی (موکری)یە، کە ناوێکی ناسراوی هۆزایەتییە لە ڕۆژهەڵاتی دوور".[29] (ئەرستۆڤا)ش ئاماژە بەوە دەکات بەهۆی دابەشبوونە ناوچەییەکان و کاریگەریی ژمارەیەک لە فاکتەرەکانی وەك ( مێژووی ئیتنیکی، دابەشبوونی جوگرافی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، کۆچ و

---

(25) ژ.س. موسائیلیان : هەندێ بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کەلتوری کوردی، چەند وتارێکی کوردناسی، ل۱۸.

(26) Гордлевский В.А.:Избранные сочинения.Том 2., Язык и литература, Издательство восточной литературы, М., 1961,С 272.

(27) Там же,С 290.

* بڕوانە : Васильева Е.И. Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,Письменные памятники Востока, 2(13), 2010, С. 228. Али Акбар Курдистани : Сад царства Насира, Пер. с персидского, предисловие, примечания и указатели Е.И.Васильевой. СПб.: Нестор-История, 2012,С 204.

(28) Васильева Е.И. Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.), СС 228 - 229.

(29) V. Minorsky : The Tribes of Western Iran,p78.

خێڵگەرایی ) گۆڕانکاری لە توخمە نێوخۆییەکانی کولتوور و نەریتی کوردیدا نەبووەتە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی. بە جۆرێک لە ڕووی مێژووییەوە پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی (فارس، تورک، عەرەب، ئەرمەن، ئاسوری، ئازەری) و پەیوەندییە ئیتنی و کولتووریەکانی نێوانیان، تەنیا توانیویانە هەندێک لە سیما ناوچەییەکانی کولتووری کوردی بگۆڕن.[30]

چوارەم : ئازادی و ئازایەتی وەک تایبەتمەندییەکی کەسێتی کورد

لە دیدی (لازارێف)دا، کاریگەری نەتەوەکانی دیکە و دەسەڵاتە حوکمڕانەکانی سەر کوردستان و تێکەڵبونیان لەگەڵ کورددا، بە پێی گشت بەڵگە سەلمێنراوەکان ناتوانن شوناسی ئەنسرۆپۆلۆژی و ئیتنۆکولتووری کوردی بگۆڕن. بە بڕوای (لازارێف) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوخساری جیاکەرەوەی عەقڵیەتی نەتەوەیی و سروشتی کەسێتی کورد، کە ئازادیخوازییەکی بێ سنورە و هەر ئەم عەقڵیەتەشە تەوپەڕی خۆڕاگری لە کەسێتی کوردیدا پێکهێناوە.[31]

ئازادی و سەربەستی وەک سیمایەکی بنەڕەتی کەسێتی کورد، سەرنجی (مینۆڕسکی) ڕاکێشاوە، سەرباری ئەوەی کە کەسێتی کورد بە جۆرێک ناساندووە کە (حەز بە گاڵتە و گەپ دەکەن، لە دەنگوباس زانیندا فێڵبازن) بەڵام بە بایەخەوە باس لەوە دەکات کە شانازی بە ژیانی سەربەستانەیان دەکەن.[32]

تایبەتمەندییەکی دیکەی کەسێتی کورد کە سەرنجی زۆری کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتیشی بۆ خۆی کەمەندکێش کردووە، ئازایەتی و نەبەردیی وەک یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی کوردبوون. هەر ئەم تایبەتمەندییەش، ڕۆڵی لە سەرنجدان و ئاوڕدانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەرامبەر بە کورد و ڕاکێشانی بۆ لای خۆی هەبووە. سەبارەت بەم تایبەتمەندییە وەک بەشێک لە بونیادی کەسێتی کورد، (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بە ئەوە دەکات کە " لە مەیدانی جەنگ و ئازایەتیدا کەس ناتوانێت شان لە شانی کوردەکان بدات".[33]

کۆلۆنێل (مسیۆ چریکۆف) سەرۆکی شاندی ڕووسی بۆ پرسی سنوری نێوان ئێران و عوسمانی (١٨٤٨ - ١٨٥٢ز)،لە سیاحەتنامەکەیدا کە باس لە لوڕەکان دەکات وەک هۆزێکی ئازا و بوێر وەسفیان دەکات. لە باسکردنی لوڕەکاندا، بە هۆزە کوردییەکانی ماردین و جەزیرە بەراوردیان دەکات و دەڵێت:" سەردار و سەرۆک هۆزی ئەوان تا بڵێی جوامێر و مێرخاسن، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی بە پیاو نازانن، نە لە کەم و نە لە زۆر، پیتاک وماڵیات نادەن بەدەسەڵات".[34]

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، (لێرخ) لە زاری یەکێک لە کوردە زازا دیلەکانەوە باس لە ڕووداوێک دەکات کە ئازایەتی و بەهێزیی و وورەبەرزی کەسێتی کوردی نیشان دەدات، کاتێک لەگەڵ تورکەکاندا لە ناوچەی پالوی زازا لە جەنگدا بوون، سەرۆک هۆزەکەیان ڕووی لە جەنگاوەرەکانی کردووە و پێی گوتوون :" ئێمە دەچین بۆ جەنگ، نەترسن ئێمە پاڵەوانی کوردین" .[35]

ئازایەتی و بوێری کەسێتی کورد، ئاگاتە ئەو ئاستەی دڕندە و بێباکی بکات، بەڵکو ئازایەتی بە تەواوی مانا لە کەسێتیەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. کورد یاسای خۆی بۆ جەنگ و ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنیش هەیە، کە تیایدا دەبێت هەر کردەیەک ڕەنگدانەوەی سروشتی کەسێتییەکەی بێت و تەخلاقیانە مامەڵە بکات، (ڕۆدینکۆ) هەستی بەم تایبەتمەندییە و تێڕوانینەی کەسێتی کورد کردووە و دەڵێت :" کوردەکان تەنها ڕووبەڕوون لەگەڵ دوژمندا، ئەمە نەریتی کوردەکانە. شوورەیی بۆ کەسێکە پشت لە دوژمن بکات و نەچێتە چاویەوە، هەتا مردن دەبێتە مایەی شەرمەزاری و گاڵتەپێکردنی و لەسەر خوان پیاڵەی سەربەرەوخواری بۆ دادەنێن، تەنانەت کەسە نزیکەکانیشی دەنگی لێدادەبڕن، هەر کوردێک بگرێت هەزار جار مردنی پێخۆشترە هەتا لە مەیدانی

---

(30) Аристова, Татьяна Федоровна: Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры ,Ученая степень:доктора исторических наук,Место защиты диссертации:Москва,Год :1992, Диссертации по гуманитарным наукам - http://cheloveknauka.com/kurdy-opyt-etno graficheskog

(31) Лазарев М. С : Категории курдской истории ,С 83.

(32) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С 33.

(33) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٩.

(34) سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف: س.پ، ل ١٣٠.

(35) П. Лерх, Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб., кн. II, 1857, cc 114 -115.

جەنگدا ئەم شەرمەزارییەی بەسەر بێت".[36] ئەم زانیارییانەی ڕۆدینکۆ سەرنج ڕاکێش و گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی هەڵماڵینی پەردە و ڕووپۆش لەسەر چەند لایەنێکی کەمزانراوی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد و سیستێمی بەها باوەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بەم پێیە بێت، لە سروشتی کەسێتی کوردیدا، یاسا و بەهای میللی بۆ جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن هەیە، بە جۆرێک لادان لەو یاسا و بەهایانە دەبێتە نەنگیی بۆ کەسی لادەر.

تێبینییەکانی (خاچاتۆرۆف) دەربارەی حەزی کورد بۆ جەنگ وەک پێویستییەکی مانەوە و بەردەوامی ژیان، لە ئەنجامی گفتوگۆی لەگەڵ بەساڵاچوویەکی کورد، جێگەی هەڵوەستەکردن و تێڕامانە. تەویش کاتێک (خاچاتۆرۆف) ئەوەی بە کوردەکە ڕاگەیاندووە پێویستە هەموان نزا بکەین دووربین لە جەنگ و لە کاتی ئاشتیدا خەڵک دەتوانێت بە بێدەنگی ژیانی بەڕێبکات، بەڵام کوردەکە ڕایەکی پێچەوانەی هەبووە و گوتویەتی :" نەخێر گەورەم، ئەمە بۆ ئەرمەنییەکان تەواو جیاوازە، ئەوان بۆ ئەوەی کاری کشتوکاڵ و بازرگانی بکەن، پێویستییان بە ئاشتیە. بەڵام ئێمە، پێویستمان بە جەنگ هەیە. ئێمە ناتوانین بەبێ شەڕ بژین، تەوەتا یازدە کوڕی ئازا و بەدەسەڵاتم هەیە، کە خاوەنی چەکن، یەکێک لە خەڵکەکەمان دوورخراوەتەوە بۆ سیبریا، بەڵام ئەو تەنها یەک گای لە تاتارەکان دزیوە. لەژێر ئەم بارودۆخانەدا، دەتوانی بەڕاستی بژیت؟. نەخێر". [37] ئەم وەڵامەی کوردەکە بۆ (خاچاتۆرف) جێی هەڵوەستەکردن بووە، هەر بۆیە مەبەستی بووە لەوە تێبگات، جەنگ چ سودێکی بۆ کورد هەیە، لەکاتێکدا لە جەنگدا ئازار دەچێژن. بەڵام کوردەکە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە :" ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئازار ناچێژین، ژن و منداڵەکانمان دەنێرینە تورکیا و دەتوانین شەڕ بکەین، بە دڵنیاییەوە دەوڵەمەند دەبین. بۆ نموونە لە شەڕی ڕابردوودا (٤٠) کەسمان گروپێکی چەتەیان پێکهێنا، دەزانی چەند فەرش و پارە و دەستکەوتمان لە نێواندا دابەش کردووە! لە گوندەکانی ئەرمەنی نزیکەی هەموو شتێکیان بەبێ بەرگری پێبەخشیوین، لەبەرامبەر ئەوەی تەنها نەیانکوژین، ئێمەش وەک حەیدەرانلی نەمانکوشتن، مەگەر لەو حاڵەتانەی کە بەرەنگاری ئێمەیان کردبێت. هیچ شتێک لە شەڕ، باشتر نیە".[37] ئەم ڕاستگۆییە دەرخەری ڕەوشی سەختی ئابووری و گوزەرانی کەسێتی کوردییە لە لایەک، لە لایەکی دیکە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ سیاسەتی پشتگوێخستن و بایەخنەدان بە ڕەوشی ناوچە کوردییەکان لەلایەن دەسەڵاتە ناوچەییەکانەوە.

جیا لە بوونی ئەم تایبەتمەندیبە، کەسێتی کورد دڵخوازی ئازایەتی و بوێری کەسانی دیکەشە. (ئارشاک سافراستیان) لەم ڕوودوە ئاماژە بەوە دەکات، کە بە سروشت هەموو کوردێک ئازایەتی هەر جەنگاوەرێک تا قوڵایی دڵ کاری تێدەکات و تەیوروژێنێت.[38]

بە باوەڕی (ڕۆدینکۆ) مردنی پاڵەوانانە ئاواتی هەموو کوردێکە. ئاماژە بەوە دەکات کە لە گۆرانییە کوردییەکاندا، زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دڵدار یان دایک، دەخوازن لاوەکەیان لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێت، نەک لە ناو جێگادا بمرێت.[39] (مینۆڕسکی)یش ئاماژەی بەم تایبەتمەندییەی کەسێتی کورد کردووە و باس لە وتەی سەردارێکی کورد دەکات کاتێک گوتویەتی :" شەرمەزارییە کە من لە ناو جێگادا بمرم، ئەگەر فیشەکێک بەرم بکەوێت و بریندار ببم، کاتێک دەمهێننەوە بۆ ماڵەوە، بێگومان هەمووان دڵخۆش ئەبن، چونکە وەک پێویست مردووم".[40]

## پێنجەم : کەسێتی کورد و هەستی شانازیکردن بە خۆوە

تایبەتمەندیی بنەڕەتی و سیمای گرنگی کەسێتی کوردی، شەیدابونییەتی بۆ ئازادی و هەستی شانازی بەخۆوەکردنێتی. ئەم تایبەتمەندییە خۆڕسکانە، دەبنە هۆی پەیدابوونی تایبەتمەنی نەتەوەیی تر، کە ئازایەتی و چاونەترسی لەڕادەبەدەر، پیاوەتی،

---

(36) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٩.

(37) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, https://kurdistan.ru/2010/11/04/articles7729_Kurdy_cherty_ih_haraktera_byta.html

(37) Там же.

(38) ئارشاک سافراستیان : س.پ، ل ١٠٠.

(39) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٩.

(40) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С 38.

ڕاشکاوی و سڵ لە هیچ شتێک نەکردنەوەیە ( هەر لە جەنگاوەرییەوە تا دەگاتە داب و نەریتی کۆشک و تەلار). [41] تەنانەت پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ڕوانگەی کوردەوە، ئەگەر لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بۆ کەرامەتی مرۆیی بونیادنرابێت و مامەڵەکردنیش لەو ڕوانگەوە بێت، ئەوا ئەو کەسە دەبێت بە دۆست و مرۆڤی کورد ئامادەیە خوێنی بۆ ئەو کەسە بڕێژێت و لە پێناوی ئەو کەسەدا قوربانی بە ژن و منداڵی خۆی بدات. [42]

هەستی شانازیکردن بە خود و ڕەچەڵەکەوە و پاراستنی هەیبەت و کەسێتی، لە دەرونی تاکی کورددا چەسپیوە. بە بڕوای (مینۆڕسکی)ئەم هەستە لای کەسێتی کورد بەجۆرێکە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە باسکردنیان خۆشی و شادی لە سایکۆلۆژییاندا دروستبکات. ئاماژە بەوەش دەکات لە کاتی گەشتەکەیدا، لیستی وەچەی سەرۆک خێڵەکانی ئامادەکردبوو کە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، هەوڵی ئەوەی داوە پەیوەندی (ئامۆزا، ئامۆزازا)یان لەگەڵ یەکتری بۆ ڕوون بکاتەوە. کاتێک ویستویەتی ئەوە بڵێت (باپیر ئاغا ئامۆزای بایز ئاغا یاخود پیرۆت ئاغایە) ئەمەش بووە هۆی خۆشی و کامەرانیەک کە زۆر سەرنجڕاکێش بووە لای (مینۆڕسکی)، قوڵیی ئەم هەست بە شانازیکردنە لای کەسێتی کورد بە ڕادەیەکە کە (مینۆڕسکی)ئاماژە بەوە دەکات:" تەنانەت نەخوێندەوارەکانیشیان(١٠ بۆ ١٥) ناوی باوباپیرانی خۆیان لەبەرە". [43]

(نیکیتین) باس لەوە دەکات کەسێتی کورد زۆر پابەندە بە ڕەچەڵەکی خۆیەوە، کوردەکان گرنگییەکی زۆر بە مێژووی خۆیان دەدەن و زنجیرەی خۆیان دەپارێزن. بۆ کەسێتی کورد هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە بە شانازییەوە باسی باوباپیرانی بکەیت و ناوی هەندێکیان بهێنیت. ئیدی ئەو ناوی نەوە لە دوای نەوەی خۆیت بۆ باس دەکات، کەسێتی کورد ئەوکاتە هەست بە دڵنیایی دەکات کە ناوی بڕێک لە باپیرە گەورەکانی بزانیت و باسی پاڵەوانێتیان لە شەڕی تورک و فارس بکات. [44]

(گەردلێڤسکی) لە کاتی سەردانکردنی کوردستانی بندەستی عوسمانی و کۆکردنەوەی کەرەستە فۆلکلۆریەکان، سەرنجی لەسەر ئەم تایبەتمەندییەی کەسێتی کورد بووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ناو کوردەکاندا لە چیرۆکی میللی و گۆرانیەکاندا فێرخوازەکان ئاگاداری مەردایەتی پاڵەوانانی میللی دەکرێن. [45] هەریەک لە (ڕۆدینکۆ، ئەرستۆڤا) ئاماژەیان بەوە کردووە، لە ناو خێزانی کورددا، منداڵ بە گیانی پاراستنی دابونەریتی ڕەسەنەوە پەروەردە دەکرێت. منداڵان لە پێنج بۆ شەش ساڵییەوە کاتی زۆر لە نێو گەورەکاندا بەسەر دەبەن و باسی قارەمانێتی گەلی کورد، جوامێری و قارەمانییەتی باوباپیرانیان دەبیستن. [46]

ڕێز بۆ کەسێتی کورد، خاسیەتێکی ناوەکییە. بە پێچەوانەی شەرەفەوە، کە پێدراوێکی دەرەکییە و کۆمەڵگا دیاریدەکات. شەرەف بەدەستدێت و دەبەخشرێت، بەڵام کەرامەت شتێک نییە کۆمەڵگا بتوانێت بیبەخشێت، بەڵکو یاسا ئەخلاقییەکان دەیبەخشێت. کاتێکیش ئیرادەی مرۆڤەکان بە پێی ئەو یاسایە کار بکات، ئەوا کەرامەت لەو کەسەدا خۆی ئاشکرا دەکات. بەم پێیە، کەرامەت خاسیەتێکی ئەخلاقی و ناوەکیی کەسێتی کوردییە و لە سەرووی بەهاکانەوەیە. هەستی شانازیکردن بە خۆوە و پاراستنی کەرامەت لای کەسێتی کورد، هێندە نەخشی لەسەر بونیادنانی کەسێتییەکەی هەبووە، بە جۆرێک ئەگەر داماڵرێت لە ئەو هەستە و دەست بۆ کەرامەت و هەیبەتی درێژبکرێت، سڵ لە هیچ پەرچەکردارێک ناکاتەوە. ( ئەراکێلیان) باس لە ڕووداوێک لە (١٨٨٠ز) دەکات، دەکرێت وەک نمونەیەکی دیاری پەرچەکرداری کەسێتی کورد بەرامبەر بە دەستدرێژیکردنە سەر شکۆمەندی و هەیبەتی کەسێتییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ژنێکی ئاسایی خێڵی مەنگوڕ سەردانی ماڵباتێکی ئاشنای لە خێڵی مامەش دەکات. پێش گەیشتنی بۆ ڕەشماڵی ئاشناکانی، لەلایەن ئاغایەکی مامەش دەستدرێژی دەکرێتە سەر، ژنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کێشەکە بۆ هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە، بە پەلە ڕێشسپییان و میرانی خێڵ کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن ئەو ئەتکەی بە خێڵەکەیان کراوە بە خوێن بیسڕنەوە. تەواوی خێڵەکە ڕێکدەکەون بۆ هێرش کردنە سەر مامەشییەکان و

(41) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠٨ - ٢٠٩.

(42) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(43) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления, СС 28 – 29.

(44) В. икитин.: Курды, с 174.

(45) Гордлевский В.А.: Избранные сочинения,Т. 3, История и культура,М., Издательство восточной литературы, 1962,С 456.

(46) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья (историко-этнографический очерк). М., 1966,сс 162 – 163
؛ م.ب. ڕۆدینکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوڕاست و پشکۆیەک، ل٢٣٢.

ئەو پێکدادانە چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت. هەزار کەس لە مەنگوڕ و ٢٠٠ کەس لە مامەش (لەنێویاندا سەرۆک خێڵی هەردوو لا) دەکوژرێن.[47]

(ئارشاک سافراستیان)یش باس لە ڕووداوێک وەک نموونەی ڕەنگدانەوەی پاراستنی هەیبەت و ئازایەتی چەند کەسێک، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەوانی دیکە هەیە، دەکات. لە شاری بەدلیس دوو تیرەی کورد (گابۆڵان و زەیدانیان) بەدرێژایی چەندین ساڵ پەیوەندی دۆستایەتی و هاوسێیەتییان پێکەوە هەبووە، ژن و ژنخوازیی لە نێوانیان هەبووە و پێکەوە ڕاووشکار و هێرشی تاڵانکردنیشیان بۆ سەر مەڕوماڵاتی ئەرمەنییەکان و جوتیارە کوردەکان کردووە، بەڵام لە بەهاری (١٩١٠ز) دوژمنایەتی کەوتۆتە نێوانیان بەهۆی ئەوەی لە ڕمبازێدا ژنە دۆمێک پەستی سوارێکی گابۆڵانییەکی داوە و پیایدا هەڵداوە و توانج و تەشەری لە سوارێکی زەیدانی داوە. لە ئەنجامی ئەمەدا دوو کاتژمێر تەقەی تفەنگ لە خوارووی بەدلیس لە نێوانیاندا بەردەوام بووە و چەند کوژار و بریندارێکی لێکەوتۆتەوە. هێزی نیزامی وەک پیشەی خۆیان، خۆیان ئەریک کردوە و ئەو توانا و دەسەڵاتەیان نەبوو ناوبژی بکەن و ئاگری جەنگەکە بکوژێننەوە، شەڕی ڕاستەقینە ڕۆژی دواتر هەڵگیرساوەتەوە و بۆ ماوەی (٨) مانگ درێژەی کێشاوە و چەندین هۆز و تیرەی دیکە کە دۆستی هەردوولایان بوون لە جەنگەکەوە گلاون. سافراستیان ئاماژە بە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ سەرداری گابۆڵاندا دەکات، هەرچەندە کەسێتییەکی ڕووخۆش و ڕوح سوک و نەرم نیان و لەسەر خۆبووە، بەڵام لەم شەڕەدا زۆر توندوتیژ بووە و سوێندی ئەوەی خواردووە کە تا دوا دڵۆپی خوێنی خۆی و هۆزەکەی دەست لە زەیدانییەکان هەڵنەگرێت تا ئەو قسانە نەخۆنەوە کە کردبوویان و لێیان پاشگەز نەبنەوە، سەرئەنجام (شێخ محمدی خازران) کە لای هەموان خۆشەویست بووە، نێوەنگیری کردووە و ئاشتی کردونەتەوە.[48]

## شەشەم : کەسێتی کورد و توندوتیژی

سەرباری سەرنجراکێشی زۆر تایبەتمەندی کەسێتی کورد، بەڵام توندوتیژی لە دەروونی کەسێتی کورددا، وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی کەسێتی لە لایەن کوردناسانەوە باسکراوە. (مینۆڕسکی) سەرەڕای ئەوەی کە باسی لەم تایبەتمەندییەی کەسێتی کورد کردووە، ئاماژەشی بەوە کردووە کاتێک کە باس لە بابەتی ئەو کوشتنانە دەکرێت کە لە کوردستاندا ڕوودەدەن، پێویستە لە تێڕوانینی ناوچەکەوە سەیربکرێت، نەک لە تێڕوانینی ئێمەی ئەوروپاییەوە. بە بڕوای ئەو ڕواڵەتی کوشتنی سیغەتی هەندێک گەلی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەوە ئەنجامی بارودۆخی گشتییە و پەیوەندی بە سروشتی کەسێتی ناوچەکانی باشوورەوە هەیە. سەرباری ئەم ڕونکردوەیەی، (مینۆڕسکی) ئاماژە بەوەش دەکات کە کوردەکان ئەوپەڕی توڕەن. بۆ ڕاستاندنی ئەم بڕیارەی پشتی بە گێڕانەوەیەکی ( سۆن ) بەستووە کە دەڵێت:"چەند پیاوێک بە ڕێگادا دەڕۆشتن لەسەر شوێنی هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ لە ئاسماندا بوو بە مشتومڕیان، جا پێش ئەوەی ئەستێرە گەشەکە هەڵبێت دوان سیانێکیان لە خوێنی خۆیاندا ئەگەوزان". [49] ئەم هەڵسەنگاندنەی (مینۆڕسکی) خاڵی ئەرێنییانە و نەرێنییانەی لە خۆگرتوە. لەو بۆچونەیدا کە ئاماژە بە کاریگەری بارودۆخی گشتی کەسێتی مرۆڤی ئەم ناوچەیە دەکات و ئەمە بە فاکتەری توندوتیژی دەزانێت، زۆرتر ڕێی تێدەچێت فاکتەری پشت توندوتیژی کەسێتی کورد بێت. لە لایەکی تر ناکرێت کاریگەری ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و باڵادەستی عەقڵییەتی پڕ لە ناکۆکی خێڵەکی لەم پرسەدا نادیدە بگیرێت.

لە دیدی (خاچاتۆرۆف) دا، توندوتیژی کەسێتی کورد ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیان و هۆکاری ئایینییە. بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی کەسێتی کورد و گۆڕانکاری لە سروشتی ئەو کەسێتییەدا لە توندڕەوییەوە بۆ ئەندامێکی بەسوودی مرۆڤایەتی، مەرجێک بە گرنگ دەزانێت، ئەویش بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحییە لە نێو کورددا و بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونییانە. (خاچاتۆرۆف) دەربارەی ئەگەری جێبەجێبوونی مەرجەکەی دەڵێت :" مەسیحییەت دەتوانێت بە ئاسانی لە نێویاندا بڵاوبێتەوە، ئەگەر کورد ببینێت و تێبگات کە هەموو هەوڵەکانمان بە دیاریکراوی ئامانج لێی سوود وەرگرتنی ئەوانە، سەرکەوتنمان دوور

---

(47) ئامیارنسووم ئاڕاکێلیان: س.پ، ل ٢٢.

(48) ئارشاک سافراستیان : س.پ،ل ٩٨ - ٩٩.

(49) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С 34.

نابێت و مەسیحیەت قبوڵ دەکەن. بەڵام ئەگەر تێبینی شتێکی تر بکەن، باشترین کار کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە لێیان دوور بکەویتەوە و بە تەنیا بە جێیان بهێڵن".[50]

هەرچەندە (ن.ی.مار) بێگومانە لەوەی کە کوردان لە ئاستی دەوڵەتداریی و ڕەسەنایەتی نێو کتێباندا ڕۆڵی سەربەخۆیانە و بەرچاویان نەگێڕاوە، [51] بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە کوردەکان توندوتیژبن و دڕندە و کێوی بن، بەڵکو بە بڕوای ئەو :" لەم ڕەوشەدا مێژووی خودی خۆرهەڵات تاوانبارە، کاتێک زۆرتر گرنگی بە شەڕانگێزی داوە نەک بەدیاردە کولتورییە ئاشتیخوازە ڕاستەقینەکان".[51] لەم بۆچونەی (م.ی.مار) ئەو ڕەوشە کولتووری و کۆمەڵایەتییە دەردەکەوێت، کە تیایدا بایەخی زیاتر بە توندوتیژی دەدرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی مرۆڤەکان هەیە، بە جۆرێک توندوتیژی ببێتە بەشێکی سروشتی کەسێتییان.

(مینۆڕسکی) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی توندوتیژی کەسێتی کورد، بەراوردی کورد و ئەلبانییەکان بەیەک دەکات و دەڵێت:" وا ئەزانم کورد لەم ڕووەوە لە ئەلبانی دەچێت، کە چێژ لەوە دەبینێت بەهۆی فیشەکەکانییەوە توانا و بەهێزی خۆی دەربخات، گەلێک حاڵەتی دڵتەزێن لە ئەنجامی ئەم چێژەوە ڕووی داوە. لەوانە لە (١٩١٤ز)سکرتێری ئینگلیز میستەر (هۆبارد) ئەندامی لیژنەی دیاریکردنی سنوری تورکی - فارسی لە کاتێکدا کە بە نیازی حەوانەوە پیاسەی دەکرد بریندارکرا".[52] هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە سروشتی کەسێتی ئەو سەرۆکانەی وایان زانیوە باری چاک و پێشکەوتووانە تەنها لە ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەربازیدایە، ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی گەنجە کوردەکان هەبووە، بە جۆرێک گەنجەکان هەر بۆ ڕابواردن لە ڕۆژێکدا دووسەد فیشەک دەتەقێنن و لە هەموو حاڵەتێکدا نیشانەکانیان دەپێکن. ئەو نمونەیەک بۆ زیاتر دەرخستنی مەبەستەکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت:" بە چاوی خۆم سمکۆی بەناوبانگم دی، کە قەوانە فیشەکێکی کرد بە چڵی درەختێکدا کە ئەلەرییەوە لە دووری (١٥) هەنگاوەوە تەقەی لێکرد و ڕێک دای لە ناوەڕاستەکەی". [53]

(ڕۆدینکۆ)ش ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان بە زووهەڵچون و توڕەبوونی زیاد و زبری و تەنگەتیلەیی ناسراون، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییە لە کەسێتی کورددا دەڵێت:" ڕازێکی سەیر هەیە دەربارەی میرێکی کورد، کە مێشێک پەنجەی دەگەزێت و ئەویش هەر دەیخورێنێت، دوای تۆزێک مێشەکە دیسان پەنجەی میر دەگەزێتەوە و دەخورێت، میرەکە پەلاماری دەمانچەکەی دەدات و دەینێت بە پەنجەی خۆیەوە".[54] بە باوەڕی (ئاڕاکێلیان)یش کەسێتی کورد زۆر لە ناکاو هەڵدەچێت، زۆر خێراش لە لێدوانەوە دەگاتە کردەوە و دەست بۆ چەک دەبات. [55]

حەوتەم : ناکۆکی ناوخۆیی وەک بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد

سەربارێ ئەوەی کە کوردناسان، وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە کوردیان ڕوانیوە و زۆر تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی کوردیان بە بەراورد بە نەتەوەکانی دراوسێی وەک بەڵگەی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی کورد باسکردووە، بەڵام ناکرێت باس لە بوونی جیاوازی و ناکۆکیە ناوخۆییەکان نەکرێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. بە بڕوای (ئارشاک سافراستیان) ناکۆکی لە نێو کورد لەسەر دووژمنایەتی و کۆنەقین و ژن هەڵگرتن و تاڵانکردنی مەڕوماڵات و داگیرکردنی لەوەڕگە و پاوان سەرهەڵدەدات. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی وایکردووە کە ساویلکەیی و سادەیی کوردەکان لە لایەن تورکەکانەوە خراپ بەکاربهێنرێت، ئازایەتی و مەردایەتییان دەرخواردی شەڕی بێهوودەی بەردەوامی نێوخۆیی بدرێت.[56]

---

(50) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(51) Марр Н : Еще о слове челеби (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),С 125.

(51) Там же,С 126.

(52) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С 34 .

(53) Там же, с 32.

(54) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١١.

(55) ئامیارتسووم ئاراکێلیان: س.پ، ل ٢١ - ٢٢.

(56) ئارشاک سافراستیان : س.پ،ل ١٠٠.

(مینۆڕسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەیەک لە خێڵە کوردییەکان بوونەتە دژی نەتەوەکەی خۆیان، ئەم ڕواڵەتەش زۆر جار لە شوێنە دوورەکان یان لەسەر سنوری نەتەوەیی کوردی بەدی دەکرێن.[57]

کۆلۆنێل .ئا.تی.ئیاس کونسوڵی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی لە سابڵاغ، لە یاداشتی گەشتەکەیدا چەندین ڕووداو لە بارەی ناکۆکی نێوخۆیی و پاڵنەرەکان و هۆکارەکانی لە نێو کورددا باس دەکات. ئاماژە بەوە دەکات لە (١٩١٣/٨/٥ز)کاتێک بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی سنوور و ئەو ڕێگایانەی کە بۆ کێلە شین دەچن لە شێخان بوون، دوو ڕۆژ پێشتر لە گوندی دزێی حاجی خان ( لە ناوچەی دۆڵ لە کەناری گۆمی ورمێ) شەڕوپێکدادان لە نێوان کۆچەرییەکانی سورچی کە بۆ خوێ هێنان چوبوون، لەگەڵ دانیشتوانی ئەو گوندەدا ڕووی دابوو.[58]

لەلای (ئاراکێلیان)یش کەسێتی کورد بە مەبەستی پاراستنی شەرەف و ئابرووی هەڕەشە لێکراوی، پەنا بۆ شەڕی خوێناوی دەبات. بچوکترین بێ ڕێزی و بەهانە، زۆر خێرا دەبێتە هۆی کردەوەی دوژمنکارانە لە نێوان دوو خێڵدا کە تا دوێنێ بە ئاشتی لەگەڵ یەکتریدا دەژیان. زۆربەی ئەو شەڕو پێکدادانانەش تا ساڵانێکی زۆر درێژەیان دەبوو، تاکو یەکێک یان هەردوو لایەن لەناو دەچوون. وێڕای ئاماژەکردن بەوەی کە زۆرێک لە خێڵ و هۆزە کوردییەکان لەناو خۆیاندا ناکۆکی و دوژمنایەتیان هەیە. باس لە سەرهەڵدانی دوژمنایەتی لە نێوان دوو خێڵی کورد لە کاتی نوسینی ڕاپۆرتەکەی دەکات. ئەم دوو خێڵە بە شێوەیەک ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە کە وەک ئاراکێلیان دەڵێت :" ئارامی وڵاتیان (ئێران) تێکدابوو".[59]

هەر دەربارەی ناکۆکی نێو خۆیی لە نێو کورددا، (کۆلۆنێل ئیاس) ئاماژەش بەوە دەکات: " لە ( ١٩١٣/٨/١١ز) (حەمزە ئاغای مامەش) بە غار و بێ وەستان هاتە لامان، لە لایەن قەرەنی ئاغای ئامۆزای لە (١٩١٣/٣/١٤ز) لە گوندەکەی ( سپیان) دەریانکردبوو، لەگەڵ گوندەکانی تری حەمزە ئاغا و باوکی و براکانیدا کەوتبووە دەست قەرەنی ئاغا. حەمزە ئاغا هەر حەوت براکەی لەگەڵیا بوون، ئەوان هانایان بۆ من هێنا کە گوندەکانیان لە قەرەنی ئاغا بۆ بسەنمەوە، پێشتریش لە شێخان باوکیان هەمان داوای لێکردم. بەڵام من بە شیاوم زانی لە کۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆمانەوە، خۆم لەم کێشەیە هەڵنەقورتێنم، سودی نەبوو و ملم بۆ نەدان. هەرچەندە حەمزە ئاغا و براکانی بە هیوای ئەوەی دڵم نەرم بکەن کەوتنە تەکمان".[60] هەروەها سەبارەت بە ناکۆکی و هێرشی کوردەکان بۆ سەر یەکتری باس لە ڕووداوێکی تر دەکات، کاتێک ویستویانە بچنە ناوچەکانی مەنگوڕ، (محمد ئەمین ئاغا) بڕیاری دابوو تا ڕووباری بادیناوا کە سنوری نێوان پیران و مەنگوڕ بوو لەگەڵیان بڕوات، زۆر حەزی کردووە لەگەڵ (بایز ئاغادا) ئاشت بێتەوە، کە ماوەیەک لەوەوپێش ( محمد ئەمین ئاغا) بە فەرمانی ئەورێز ماڵ و سامانی ئەوی تاڵانکردبوو و سوتاندبووی، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسا کە (شوجاعولدەولە) لێی نارازی بێت و (قەرەنی ئاغای مامەشیش) لە دۆستەوە ببێت بە دوژمنی.[61]

زۆرجار دوژمنایەتی و ناکۆکی نێوخۆیی گەشتوەتە ئەو ئاستەی کە هەوڵی تاڵانی لەیەکتری وەک تۆڵەکردنەوە بدەن. (مینۆڕسکی) لەم ڕووەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە دوژمنایەتی لە نێوان ڕێنیشاندەرەکەیان و کوردەکانی پشدەردا هەبووە، لەم بارەیەوە دەڵێت : " شەو ئەو کوردانەی ئەوێ هاتن و (١٠) وڵاخی ئێمەیان دزی کە نرخی هەریەکەیان (٣٠٠) ڕۆبڵ بوو. ناچاربووین کە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری تورکی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکەینەوە، ئەوان زۆر بە خێرایی توانیان دزەکان بناسن، بەڵام ئێمە تەنها (٨) وڵاخمان دەستکەوتەوە. وابزانم کە دووانەکەی تر تورکەکان لەبانی هەوڵ و تەقەلاکەی خۆیان گلیان دابوویەوە. لێرەدا من نامەوێ باس لە سەرکەوتنی تورکەکان بکەم لەم ڕووەوە، چونکە هیچ دەسەڵاتدارییەک لەم ناوچەیەدا نییە. قائیمقام خۆی و چەند جەندرمەیەکی لە قەڵادزێ دەژین و وەک دەورە دراو وان. بەڵام سەرکەوتن لە دۆزینەوەی دزییەکەدا پەیوەندی بە سەرۆکە کوردەکانەوە هەبوو، جگە لە پارانەوەی شەخسی نێردراوەکانی تورک ئەوانەی ویستیان دەسەڵاتی خۆیان دەربخەن ".[62]

---

(57) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ٧٢.

(58) کۆلۆنێل پەلکۆڤنیک ئا.ڤ.ئیاس : گەشتێک بە کوردستانی ئێراندا، چەند وتارێکی کوردناسی، ل ٤١٧ - ٤١٨.

(59) ئامبارتسووم ئاراکێلیان: س.پ، ل ٨، ٢٢.

(60) کۆلۆنێل پەلکۆڤنیک ئا.ڤ.ئیاس: س.پ، ل ٤٢٥.

(61) هـ . س، ل٤٢٦.

(62) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления, С 36 .

(کۆلۆنێل ئیاس) باسی لە ناکۆکی نێو بەگزادەکانی دەڤەری (بانە) کردووە، کاتێک گەیشتونەتە بانە بەگزادەکان خۆشحاڵ نەبوون بە هاتنی ئەمان، وایان زانیوە هاتنی ئەمان پەیوەندی بە گەڕانەوەی حامید خانەوە هەبووە، کە پێشتر لەوێ وەدەرنرابوو، حامید خان پێشتر پلەدارێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو، دوای ئەوەی لە بانە دەکرابوو، هاتبووە سابلاخ و لە کونسوڵخانەی ڕووسیا بە فێڵبازی دانیشتبوو. (کۆلۆنێل ئیاس) ئاماژە بەوە دەکات کە نەیویستووە خۆی لە ناکۆکی نێو بەگزادەکان تێوەبگلێنێت و پێشنیاری بۆ کردوون، لەگەڵ حامید خان ئاشت ببنەوە و ئەو موڵکانەی لێی داگیر کرابوو، بۆی بگەڕێننەوە. ئەگەر وەڵامیان بە نەخێر بێت، خراپتر دەبێت، ئەگەر حامید خان بە دژی خواستی ئەوان بگەڕێتەوە بۆ بانە. بەگزادەکان بە پەلە خەڵکیان ناردوە بۆ لای بەگزادەکانی ناوچەی تاژان و دەشتە تاڵ بۆ ئەوەی بێن بۆ کۆبونەوە بۆ بانە. دواتر لە ( ٨/٢٥/ ١٩١٣ز) بەگزادەکان پێیان ڕاگەیاندووە، هەموویان دوای بیرکردنەوە بڕیاریان داوە لەگەڵ حامید خان ئاشت ببنەوە و داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە بۆ بانە.[63]

ناکۆکی نێوخۆیی و ململانێ لەسەر دەسەڵات وەک دەرکەوت و تایبەتمەندیەکی کەسێتی کورد، ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ئەم ناکۆکییە کەسێتی کورد پەلکێش کردووە بۆ کاردانەوەیەک کە پشتکردنە نیشتیمان و جێهێشتنی خاکەکەی بووە. ڕونترین نمونەش وەک (ژیگالینا) ئاماژەی پێدەکات، ئەزمونی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کوردەکانی خوراسان و خانشینی (بۆنجوورد)ە. کاتێک ڕیشسپی و پیاوماقوڵانی هۆزی (شادلو) لە حوکمداری (یار محمد خان) ناڕازیبوون و لەدەست فشار و دەسەڵاتی بێستوری خان پەنایان بۆ دەسەڵاتدارانی تەوپەڕی خەزەر بردوە، ڕویان کردۆتە (عیشقئاباد) و داوای ئەوەیان کردوە کە ڕێگەیان پێبدرێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خزم و کەسوکاریان لە سەر خاکی ڕووسیا بژین.[64] ئەم بڕیارەی هۆزی (شادلو) بڕیارێکی سەخت و ئێجگار قورس بووە، چونکە غەریبی و دووری لە زێد و نیشتیمان، بۆ کەسێتی کورد وەک لە گۆرانییە کوردییەکاندا هەستیان پێدەکرێت، ئەزمونێکی سەختی ژیانکردن و نائارامیی بووە. گوزارشت کردن لەم دۆخە و کاریگەری هەستی غەریبی لەسەر کەسێتی کورد، لە گۆرانی کوردیدا بە ڕوونی هەست پێدەکرێت. زۆر جار لە کاتی بەشداریکردنی گەنجێکی کورد لە بەرەکانی جەنگ، یان بە مەبەستی کارکردن لە شار یان وڵاتێکی دیکە، خۆی لە ناو کۆمەڵە کەسێک بینیوەتەوە کە نائاشنا و نامۆبووە پێیان، هەست بە سەرگەردانی و بێماڵی و لانەوازییکردووە و خەونی بە گەڕانەوە بینیوە.[65]

هەشتەم : کەسێتی کورد و گوزارەکانی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و نازناوە ناوچەییەکان

لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا، هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری ئاڕاستەپێدەر و شێوەگیرکەری کەسێتی کوردبوون. چەند ووشە و زاراوەیەکی وەک (گۆران، کرمانج، مسکێن) کە ئامانج لێی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و دابڕاوی چینە کۆمەڵایەتییەکانە لە یەکتری و لە هەندێک بارودۆخدا وەک ناتۆرە و نازناوی ناوچەیی، بە شێوەیەکی بەربڵاو سەریانهەڵداوە. (مینتیشاشڤیلی) ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو کوردانەی لە ناو یەک خێڵدا یەکیان نەگرتووە، ناونراون (کرمانج). مسکێن لە هەندێک شوێنی ناوچەی سلێمانیدا، بە ناوی گۆرانیشەوە بە ناوبانگ بوون. (مینتیشاشڤیلی) تێبینی ئەوەی کردووە، هەرسێ ناوەکە بۆ جوتیاری نیشتەجێ بەکارهاتوون.[66]

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، زاراوەی (گۆران)ی بۆ خەڵکی نیشتەجێ، وەک ئەلتەرناتیڤی (کورد) کۆچەری بەکارهێناوە. کاتێک ئاماژە بەوە دەکات، ژنخواستنی کوردە کۆچەرییەکان لە گۆرانەکان زۆر کەمە، چونکە کوردە

(63) کۆلۆنێل پەلکۆڤنیک ئا.ڤ.ئیاس: س.پ، ل ٤٣٧ - ٤٣٨.

(64) О. И.Жигалина : Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв,С 153.

(65) Ж.С.Мусаэлян: ТЕМАТИКА КУРДСКИХ НАРОДНЫХ ЛИРИЧЕСКИХ ПЕСЕН Собирание курдских лирических песен велось параллельно,АКАДЕМИЯ НАУК СССР ,ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ
ЛЕНИНГРАДСКОЕ ОТДЕЛЕНИЕ,УП ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯЛО ИВАН,КРАТКИЕ СООБЩЕНИЯ
ИЗДАТЕЛЬСТВО НАУКА,Главная редакция восточной литературы,1971,с36.

(66) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٨٧.

کۆچەرییەکان گۆرانەکانیان بە هیچ داناوە و وەک کەسانێکی بێ توانا لێیان ڕوانیون، باوەڕیان وابووە ئەو منداڵانەی لە ژنە گۆرانەکان دەکەونەوە بێ شەرم و ترسنۆکن. لە بەرامبەر ئەمەشدا، کوردە نیشتەجێکان باوەڕیان وابووە، کە ئەو منداڵانەی لە ژنە کۆچەرییەکان دەکەونەوە بێ ئەدەب و دزن. هەر بۆیە ئەم دوو بەشەی کورد ( کوردی کۆچەری، گۆران) بە باوەڕی مەلا مەحموود چارەی یەکیان نەویستووە.[67]

لە ئەنجامی دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ دوو گرووپ(جوتیاری ناخێڵەکی، ئەندامانی خێڵ)، جوتیاری ناخێڵەکی لە لایەن خێڵە کوردییەکانەوە دەچەوسێنرایەوە و ملکەچ بە خێڵەکان کرابوون. (ڤاسیلێڤا) بۆ بنکۆڵکردنی ڕیشەی بەکارهێنانی (گۆران) و مەبەستەکانی پشت ئەم دەربڕینە، چەمک و زاراوە کوردییەکانی لە سەردەمی بابانەکان و ئەو دەسەڵاتانەی کە لە سەردەمی بابانەکان هەبوون لە (ڕەواندز، موسڵ، هەولێر) بەراوردکردووە. ناوبراو باس لەو دیاردەیە دەکات کە گەڕیدەی بەریتانی (کلاودیوس جیمس ریچ) ئاماژەی بۆکردووە، ئەویش لە ناوچەکانی سەرووی بابانەکان و بەتایبەت لە ڕەواندز، تاکە نوێنەرێکی ڕەگەزی جوتیاران نادۆزرێتەوە. لای(ڤاسیلێڤا) ئەمە بە ئاسانی ڕوونکردنەوەیە لەسەر ئەوەی لەم ناوچەیەدا جوتیارە ناخێڵەکییەکان بە (گۆران) ناو نەدەبران، بەڵکو پێیان دەوترا (کرمانج)، کە توێژاڵێکی هەرە چەوساوە بوون و لە خێڵەکان جیابووبوونەوە، ملکەچکرابوون بۆ خێڵەکانی ڕەواندز.[68] بەڵام (مینۆڕسکی) ئەوە دەخاتە ڕوو بەکارهێنانی بەربڵاوی وشەی (گۆران) بۆ گەیاندنی واتای کۆمەڵناسانەی (جوتیار) زۆر ڕوونە و ئاماژە دەکات بەوەی کە :" پێشتر لە (ریچ)مان بیستووە گوتویەتی لەناو هۆزی بڵباسدا خەڵکانێک دەژین کە سەربەخۆنین (واتە جوتیارن)، هیچ مافێکیان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان نییە، وەک چینێکی ژێردەست سەیر دەکرێن، ئەم خەڵکە لێرە و لەوێ لە هەموو کوردستاندا دەبینرێن، سەر بە هیچ هۆز و تیرەیەک نین، پێیان دەڵێن (کڵاوسپی) و گۆران، ئەم نازناوەی دوایی کە ناوێکی گونجاوە بۆ خەڵکی سنە، بە تایبەت بۆ کەسانی ترسنۆک بەکاردەهێنرێت".[69]

بڵاوبونەوەی (گۆران) وەک زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی سلێمانی و دەروبەری، بە بڕوای (ڤاسیلێڤا) بەزۆری بەند بووە بە هەلومەرجە ناوچەییەکانەوە. لەبەرئەوەی تیرە فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان و بابان زۆربەی کات ناکۆک و دژ بەیەک بوون، ئەمەش ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی ناو و نازناوی ناوچەیی هەبووە، کە ئارمایی سوکایەتییێکردنیان پێوە دیار بووە. تایبەتمەندی و گۆشەگیری گۆرانەکان وایکردووە کە دۆستایەتی کۆنیان لەگەڵ ئەردەڵانییەکان، ببێتە بابەتێکی گونجاو بۆ هێرشی ئایدۆلۆژی بۆ سەر بنەماڵەی میر و کوردە ئەردەڵانییەکان بەگشتی. چونکە ستراکتۆری خێڵەکی لە ئەردەڵاندا بەراورد بە بابان کەمتر ڕۆڵی هەبووە، ناوی گۆران لە هەندێک ناوچەی باباندا بووە بە ناتۆرە و گاڵتەپێکردن بۆ جوتیاری ناخێڵەکی.[70]

(مینۆڕسکی) ئاماژە بەوەیش دەکات، جیا لە ئەو هۆزانەی کەوا ڕێکخستنە خێڵەکیەکانی خۆیان پاراستبوو، لە سلێمانی و زۆر جێگەی کوردستاندا، چینێکی جوتیار هەبووە کە بە (گۆران، کڵاوسپی) ناودەبران.[71] (مینتیشاشڤیلی) لەسەر زاری (م.واگنەر) ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە ناو هەر خێڵ و کۆنفیدراسیۆنێکی خێڵەکیانەدا، جوتیار ناوی ناوچەیی خۆیان هەبووە، لە شارەزوور جوتیار کە لە ناو هۆزی بڵباسدا دەژیان بە (کڵاوسپی) ناو ئەبران.[72]

باشترین نمونە بۆ تێگەیشتن لەم بارە و دەرخەری وێنەی (گۆران) لە سایکۆلۆژیا و باوەڕی کەسانی خێڵەکیدا، وەک (ڤاسیلێڤا) لە زاری ( ریچ)ەوە باسی دەکات گفتوگۆی ئاغایەکی بابانییە کە پێی گوتووە:" ئەو هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە کە یەکێک لای خۆی ڕابگرێت کە شارستانی یان جوتیار بوبێت و سەر بەخێڵ نەبوبێت. چونکە ئەمانە بە توندی بە تۆوە

(67) بڕوانە : مەلا مەحموودی بایەزیدی : دەستنووسی کتاب عادات و رسومات نامە طوایفا اکرادیە و اصول نضامات کورمانجی، ١٨٥٨ - ١٨٥٩، ل ١٥٠ - ١٥٢.

(68) ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، ل ٢٢٦-٢٢٧.

(69) V. Minorsky : The Gūrān, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London , Vol. 11, No. 1 (1943), p 78.

(70) ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، ل ٢٢٧.

(71) ڤلادیمێر مینۆرسکی: بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، لە فەڕەنسیەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی و پەراوێز و پێشەکی. د.نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ٥٩.

(72) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٨٧.

نابەسترێنەوە، لە تەنگانەدا لەگەڵتا نابن، مرۆی خێڵ با لە خێڵی تۆش نەبێت، گەلێک توند بە تۆوە دەبەسرێتەوە نە تینوێتی، نە برسێتی، نە هەژاری، نە ماندووبوون، نە ترس کاری لێناکەن و بە جێتناهێڵن".[73]

بە پێی زانیارییەکانی (مینۆرسکی) گۆرانەکان لە ناوچەیەکی بەرفراوان بڵاوبونەتەوە، زیاتر سەرقاڵی کشتوکاڵ و باخداری بوون. ناساندنی جوتیار و وەرزێران بە (گۆران)، پەیوەندیدارە بە پیشەی سەرەکی گۆرانەکانەوە. (مینۆرسکی) جەخت لەوە دەکاتەوە (گۆران) بە ڕواڵەت واتای ( وەرزێر) یان کەسێک دەبەخشێت کە بنەڕەتێکی ناخێڵەکی هەیە. بەدەر لەم دوو مەبەستەی بەکارهێنانی ووشەی گۆران، (مینۆرسکی) لە زاری (ئۆسکارمان)ەوە ئاماژە بەوە دەکات کە (کوردی موکری) بە چەتە دەڵێن (گۆران).[74] ئێمە گریمانەی تەوە دەکەین، ڕیشەی ئەم ناونانەی چەتە بە گۆران لە نێو کوردی موکریاندا، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە گۆرانەکان سەربازی کارامە و تفەنگچی بەناوبانگ بوون.

گەشەسەندنە کۆمەڵایەتیەکان و هاوشان گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان، بەکارهێنانی زاراوەی گۆرانی گۆڕیوە. لەبری بەکارهێنانی گۆران بۆ جوتیارەکان، زاراوەیەکی نوێ (مسکێن) لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاتۆتە ئاراوەوە.[75] (.مینتیشاشڤیلی) ئاماژە بە زانیاریی و تێبینییەکانی (سیسیل جۆن ئەدمۆنز) دەربارەی (مسکێن) دەکات و دەڵێت:" وەک کۆیلەی خاوەن زەوی وابوون، لە ترسێکی بەردەوامدا دەژیان، ترس لە هێرشی خێڵە کوردییەکان، ترسێکی بەردەوامی مسکێن بووە ".[76]

جیاکاری کۆمەڵایەتی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕەهەندێکی دەستبردنی بۆ ئازادییەکانی کەسێتی کورد تێدابووە. بە جۆرێک ئەندامانی چینەباڵاکانی کۆمەڵگەی کوردی، بە پشتبەستنیان بە ڕەچەڵەک و توانای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان، ئازادی ئەندامانی چینی ئاساییان نەک هەر فەرامۆش کردووە، بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، وەک سەردار و کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. باشترین بەڵگەش دەرکەوتنی دەستەواژەی (غوڵام)ە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ( غوڵام ) بە باوەڕی ( نیکیتین) بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ڕەوشێکی نزیک لە کۆیلایەتی، یان لانیکەم بە سنووردارکردنی ئازادی دەیناسێنێت.[77]

ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی - ئابووری نوێ لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. کاتێک وەک نەریتێک زۆرێک لە موڵکدارە گەورەکان، لە شارەکان دەژیان. جەنگی یەکەمی جیهانی و لێکەوتە ئابوورییەکانی، زۆرێک لەم خاوەن موڵکانەی دەوڵەمەندترکرد، بە تایبەتی سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان ئەو دەغڵ و دانەبووە کە لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆریانی دەوڵەمەند کرد. ئەو خاوەن موڵکانەی کە لە شار دەژیان، حەزیان دەکرد ڕێزلێگیراوبن و نازناوی ئەفەندییان لە خۆیان نابوو، چوونە نێو دەزگاکانی دەوڵەتەوە، ئەم ئەفەندییانە زۆر بوون و دەستەیەکی کاریگەر بوون، رۆشنبیری تورکییان وەرگرتبوو و نوێنەری بۆرژوازیی ناوخۆیی تازە هەڵتۆقیوبون، ئەلقەی پەیوەندی نێوان تورک و دانیشتوانی کوردستان بوون.[78]

## نۆیەم : بەتوانایی و ڕاستگۆیی کەسێتی کورد

لە لای کوردناسان کورد بەوە ناسراوە کە وورد و بە سەرنجن، (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەم تایبەتمەندییەی کورد دەکات و دەڵێت:" کوردەکان زەینێکی ئێجگار ڕۆشن و وردیان هەیە، بە تایبەتی چاوتیژیی. کورد یەکجار چاوی بەکەسێک بکەوێت دوای بیست ساڵ یان سی ساڵ یەکسەر دەیناسێتەوە".[79]

(مینۆرسکی) ئاماژە بە ئەوە دەکات کە وا ڕێککەوتوە چووەتە جێگایەک کە یەکەمجار پێش سێ ساڵ ڕێگای تێی کەوتبوو، لێیان پرسیبوو کوا ئەسپە کۆنەکەت؟ دوای ئەوەی هەموو سیفاتەکانی و شتی دیکەی بۆ باس دەکەن کە خۆی دەمێک بوو لە

---

[73] ی.ڤ.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات ، ل ٢٥٠.

[74] V. Minorsky : The Gūrān, p 76,77,78

[75] ی.ڤ.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، ل ٢٢٧.

[76] ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٨٧.

[77] В.Никитин. : Курды, с 199.

[78] ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٣٢.

[79] م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٢.

بیری کردبوون. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە لێهاتنێکی لە ڕادەبەدەریان هەیە، بە تایبەتی لە چوونە نێو قوڵایی هەموو شتێکدا، ئەوان بە گرنگییەکی زۆر و گومانەوە سەیری هەموو دەموچاوێک دەکەن، باس لەوەش دەکات هەموو جارێک کە دەچووە ناو کوردەکان ئەوەی لە لا دروست دەبوو کە وای دەزانی دەیان چاو لێی دەڕوانن. [80] (ڕۆدینکۆ) لە کاتی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی، سەرسامی خۆی بە زەین و بیرتیژی دەنگبێژە کوردەکان خستۆتەڕوو، کە چۆن گەنجینەی ئەو هەموو ئەفسانە، ڕاز و داستانانەیان بەو سوژێتە ئاڵۆز و لەپڕ گۆڕانکاری نێو ڕووداوەکانیان لە یاددا مابوون و دەڵێت :" من هەموو جار کە فۆلکلۆری کوردیم لە زاری کوردەکانەوە تۆمار دەکرد، ڕادەمام چۆن کوردێکی نەخوێندەوار بەو وردەکاری و دەربڕینی ڕێکەڵی دەروونییەوە، چیرۆکی ( یوسف و زولەیخا) دەگێڕێتەوە".[81]

بە سروشتی خۆی، کەسێتی کورد زۆر هۆگری داستان و شیعربووە، بە جۆرێک بۆ بابەتەکانی (ئازادی، خۆشەویستی، جەنگ، قارەمانییەتی) گۆرانی جۆراوجۆر و تایبەتی چڕیوە. [82] بە پشت بەستن بە بابەت و ڕووداوەکانی نێو هەندێک لە گۆرانییە قارەمانێتییەکانی کورد، دەکرێت بەشێک لەو گۆرانییانەی کە تایبەتن بە بابەتی قارەمانێتی و جەنگ و پاڵەوانەکان، بە گۆرانی مێژوویی دابنێین.[83] چونکە ئەم گۆرانییانە بۆ ڕووداوە مێژوویەکانی گەلی کورد و خەبات لە پێناو سەربەخۆییدا تەرخانکراون.[84] ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەکی دیاری کەسێتی کورد، بە جۆرێک بۆ ئەوەی ڕووداوە مێژوویی و کارەسات و مەرگەساتەکان، بە نەمری لە زەینی تاکی کورددا نەوە بە نەوە بمێننەوە،کراون بە گۆرانی. لە لایەکی دیکە ئەمە دەبێتە سەلمێنەری بوونی هۆشیارییەکی مێژوویی سەبارەت بە بوون و نەمریی لە تێڕوانینی کەسێتی کوردیدا. چەندین ڕووداوی مێژوویی، جەنگیی، مەرگەسات ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە، ئاوێتەی فۆلکلۆر و گۆرانی میللی کوردی بوون. کەسێتی کوردی ئەم ڕووداوانەی کردووە بە گۆرانی، وەک ( جەنگی ڕووس و تورک ١٨٧٧ - ١٨٧٨، [85] ڕاپەڕینی کوردانی بەدلیس لە ساڵی (١٩١٤)،[86] ڕووداوە تراژیدییەکانی ڕۆژئاوای ئەرمینیا لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم، [87] ڕاپەڕینی ئارارات، [88] ڕاپەڕینی ساڵی ( ١٩٢٥ز) بەڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی پیران. [89]

---

(80) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С32.

(81) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٢.

(82) А. Худабашев. Обозрение Армении, в географическом, историческом и литературном отношении. Спб, 1859, . С 75

(83) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گۆرانییە مێژوویە کوردییەکان بڕوانە :

Джалилов О. Дж.: Исторические песни курдов. Ответственные редакторы Путилов Б.Н Джалил Джалиле. — СПб.: Петербургское Востоковедение, 2003.

(84) Мусаэлян Ж. С. : Курдские народные песни из рукописного собрания Государственной публичной библиотеки им, М. Е. Салтыкова-Щедрина // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН. Май 1969 года. Л., 1969, С с98

(85) Джалилов О. Дж.: Отголоски русско-турецкой войны 1877–1878 гг. в курдском фольклоре // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XXII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1988 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1989. С. 86—94.

(86) Джалилов О. Дж. : Битлисское восстание курдов в 1914 г. и его отражение в исторических песнях и художественной литературе // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XXI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1987 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1987. С. 20—28.

(87) Джалилов О. Дж. : Трагические события 1890-х годов в Западной Армении и их отражение в фольклоре курдов // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XIX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1985 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1986. С. 21—26.

(88) Джалилов О. Дж.: Араратское восстание курдов 1930 года и его отражение в исторических песнях // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов

له سایکۆلۆژیای کەسێتی کوردیدا، متمانەکردن بە خەڵکی دیکە  هەیە. چونکە خۆی ڕاستگۆیە، ڕاستگۆییش لە ئەوانی دیکەدا بەدیدەکات. ئەو کوردناس و گەڕیدانەی لەگەڵ کورددا ژیاون، یان پەیوەندیان لەگەڵ بنیادناون، بە گرنگییەوە باس لەم تایبەتمەندییە کەسێتی کورد دەکەن. (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات، کوردەکان سوێند نەبردنە سەر و بەڵێن شکاندن بە ئابڕوچوونێکی گەورە لە قەڵەم دەدەن، لەگەڵ ووشەی بەڵێن و وەفادان. کەسێتی کوردەکان لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بە شۆڕەسواری ناسراون، و پێیان دەڵێن شۆڕەسوارانی ڕۆژهەڵات. لە ڕاستیدا سوێند نەشکاندن، دڵسۆزیی بێسنوور لە مەسەلەی کەرامەت و بەڵێن بەجێگەیاندندا، هاوڕێیەتی و برایەتی ڕاستەقینە، ڕێزگرتنی بەتەمەن و بەساڵاچوان، ئەم سیفاتانە وایکردووە کە بە هەق کورد شایستەی نازناوی شۆڕەسواری بێت.[90]

ن.ئا.خالفین لە زمانی (خاچاتۆر ئابۆڤیان) کە شارەزاییەکی تەواوی لە ژیانی کورددا هەبووە و ماوەیەکی زۆر لە ناویاندا ژیاوە باس لەوە دەکات کە :" ئەگەر کورد بەڵێنی دا کە ماڵی بێگانەیەک بپارێزێت، یان لە نهێنییەک زمان ببەستێت، ئەگەر خۆی داوە بە کوشت بەڵێنەکەی ناشکێنێت، کورد ئەگەر چی خۆی برسی و ڕووت بێت، ئامادەیە ئەوەی هەیەتی، بیکات بە دوو بەشەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە هیچی نییە". [91]

دەیەم : رۆڵی جوگرافیا و سروشت لە نەخشاندنی کەسێتی کورد

کەسێتی کورد لەگەڵ سروشتدا لە پەیوەندییەکی پتەودایە، سەرباری ئاڵنگارییە سروشتییەکان لەسەر ژیانی، بەڵام جوگرافیا و سروشت لە بونیادنانی کەسێتی کوردیدا، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. لە ئاستێکی دیکەدا، پەیوەندی کورد و سروشت ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە کەسێتی کوردیدا هەبووە. ڕەنگە هەر لەم ڕوانگەیەوە بێت ئارشاک سافراستیان گەشتبێتە ئەو بڕوایەی کە بڵێت:" کوردان سەربەرز و سەردانەوێن و ورەبەرزن، لە باری تەندروستی لەشەوە زۆر تەندروستن، دوورن لە نیشانەی دەمارگرژی و دڵەڕاوکێ، کابرایەکی کوردی ئاسایی لەگەڵ ئامێر و پیشەکاریدا دۆست و تەبایە و دەتوانێت بە ئاسانی جڵەوی هەر گیروگرفتێک بگرێتە دەست و بەدوای خۆیدا بەکامی دڵ ڕای بهێنێت".[92]

هۆکارێکی دیاری نەبوونی یەکێتی لە نێو کورددا، بە بڕوای (مینۆرسکی) جیاوازی جوگرافییانە، کە بووەتە هۆی بەشکردنی ژیانی سیاسیان و دروستبوونی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا. بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیا و دابەشبوونی سیاسیی، ڕێگر نەبووە لە بوونی هەستی سەربەخۆیی لای کەسێتی کورد. بە پێچەوانەوە ئەم هەستە لای کەسێتی کورد زۆر بەهێزە، هەر ئەمەش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بوونی کورد. داخراوی جوگرافی و دوورەپەرێزی کورد، لە لای (مینۆرسکی) نابێتە هۆی ئەوەی کە کورد کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی دیکە نەبێت و دابڕاوبێت. بەڵکو وەک ئەو ئاماژەی پێدەکات، لەو شوێنانەی کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێن، کاریان کردۆتە سەر رۆشنبیری ناوچەکە. زمانی کوردی زۆر کاریکردۆتە سەر زمانی گەلە دراوسێکانی، وەک لە ویلایەتی (بەدلیس) ئەرمەنییەکان زمانەکەی خۆیان بیرچۆتەوە و تەنها بە زمانی کوردی قسە دەکەن، هەروەها ئاسوورییە شاخاوییەکان ڕەوشتێکی گشتییان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گۆرانییە کوردییەکان دەڵێن و سەرگوزەشتە میللییە کوردییەکان دەگێڕنەوە.[93]

شێوە و ڕووبەری دەرەکی جوگرافیای کوردستان یارمەتیدەری پێکهێنانی عەقڵییەتی نەتەوەیی کوردیش بووە، پێکهێنەری کەسێتی دەگمەن و پتەوی کوردی - شاخەوان، مرۆڤێکی لە ڕووی سروشتی خۆڕاگر و خاکەڕا، ڕاهاتوو بۆ دەربازبوون لە هەر

Востока. XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984. Часть I. М.: Наука, ГРВЛ, 1985. С. 126—134.

(89) Джалилов О. Дж.: Восстание 1925 года в Турецком Курдистане и его отражение в исторических песнях // Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984. Часть I. М.: Наука, ГРВЛ, 1985. С. 121—126.

(90) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٠، ٢١١.

(91) ن.ئا.خەلفین: خەبات لە ڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٦، ل ٣٣-٣٤ .

(92) ئارشاک سافراستیان : س.پ،ل ١٤٥.

(93) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , СС 12-13.

دژوارییەک و مرۆڤێک کە تەنیا پشت بە خۆی ببەستێت، ئەو تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆی سەرەکی لە پێکهێنانی کەسێتی دەگمەن و ناوبانگ دەرکردنی وەک مرۆڤێکی ئازا و ئازادیخواز و جەنگاوەرێک لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.[94]

نزیکی تاکی کورد لە سروشتەوە و پێدانی سیفات و سیماکانی ئادەمیزاد بە سروشت و دیاردەکانی، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەمە لە چیرۆک و ئەدەبیاتی کوردیدا، وایکردووە کە لە سایکۆلۆژیای کەسێتی کورد باوەڕبوون بە کردەی بەدەرئاسا و خورافیاتی وەک پەنابردن بۆ هەندێک ڕێوڕەسم بۆ باران بارین، سیحر و جاد و نوشتەکردن بچەسپێت.[95] بەربڵاوی باوەڕبوون بە کردەی بەدەرئاسا و خورافیات لە هزری کەسێتی کوردیدا، گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە زۆر جار، کوڕو کچ و نۆبوک و زاوا بۆ ئەوەی مرازیان بێتە دی و لە ئەهامەتی و نەزۆکی بەدووربن، سەردانی هەندێک شوێن دەکەن کە بە پیرۆزیان دەزانن. کەسێتی کورد باوەڕی تەواوی بە خۆپارێزی لە چاوپیسی هەیە. بۆ ئەوەی منداڵ پارێزراو بێت، نوشتە و چاوەزار بە جلەکانیدا دادەدوورن، موسوڵمانەکان چاوەزار بەکاردەهێنن کە ئایەتی قورئانی لەسەر نوسراوە، ئێزدییەکان دوعا و نزاکانیان یان سەدەف و موتومورووو هەڵدەگرن بۆ ئەوەی خۆیان لە چاوی پیس بپارێزن. هەندێک جاریش نان دەخرێتە ژێر سەرینی منداڵ، بۆ ئەوەی لە ڕۆحی بەد بەدوربێت.[96]

لەم ڕووەوە (ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات، کوردیش وەک خێڵە دواکەوتووەکان خورافین. لە زۆر شوێن بە تایبەتی بەرزایی چیاکان داری بێبەر دەبینرێت، کە پەڕۆوپاڵێکی زۆری لێ گرێدراوە. هەرکەس نەزرێکی کردبێت یان ئارەزوویەکی هەبێت، لە بەردەم ئەو دارە پیرۆزەدا بە چۆکدادێت و گرییەک لە پەڕۆیەکی دەدات و پێوایە لەو کاتەوە ئیتر نەزر و ئارەزووەکەی بەدیدێت. جگە لەو دارگەلە لەسەر گۆڕی شێخەکانیشیان داری بەردار هەن، کوردەکان لە کاتی زیارەت میوەکەی دەخۆن و پێیانوایە میوە یان پەل و گەڵا و تەنانەت لقی وشکی دارەکەش پیرۆزە و ڕەوا نییە لەگەڵ خۆیانی بەرنەوە بۆماڵەوە، هیچ کەسێکیش ڕێگا بە خۆی نادات ئەو ڕێوشوێنە بشکێنێت. هەربۆیە هەندێک کەس دەڵێن، کورد لە داری پیرۆز دەترسێن تا لە خودا.[97]

لە لێکدانەوەیدا بۆ گۆڕانکارییە گەردوونی و سروشتییەکان، کەسێتی کورد نەیتوانیوە بیرکردنەوەی سەرەتاییەکان تێپەڕ بکات. بە جۆرێک لە خەیاڵدان و بیرکردنەوەی کەسێتی کوردیدا، لێکدانەوە بۆ هەندێک گۆڕانکاری سروشتی کراوە، کتومت هەمان لێکدانەوەی بیرکردنەوەی سەرەتاییانە و ژیارە کۆنەکانە. (نیکیتین) چەندین نمونەی ئەم جۆرە لێکدانەوانەی کەسێتی کوردیی، باس دەکات. بۆ نمونە بە پێی باوەڕی کەسێتی کورد ، دیاردەی خۆر و مانگگیران بەهۆی کردەوەی بوونەوەرە خراپەکان دروست دەبێت، بۆ ئەوەی دیاردەکە کۆتایی بێت پێویستە دەنگە دەنگ دروست بکرێت و تەقە بکرێت. یەکێکی تر لە لێکدانەوە ئەفسانە ئامێزەکانی کەسێتی کورد باوەڕبوونیەتی بەوەی لە کاتی ڕوودانی دیاردەی پەلکە زێڕینە، کەسێک لە ژێر پەلکە زێڕینەکە دەتوانێت ڕەگەزی مرۆڤ بگۆڕێت (لە نێر بۆ مێ، لە مێ بۆ نێر). ئەمە سەرباری ئەوەی کە کەسێتی کورد باوەڕی بەوە هەیە ڕەنگی سووری شەبەنگ دڵخۆشی و ڕەنگە تاریکەکەی بەدبەختی دەهێنێت .[98]

کەسێتی کورد لێدانەوەی بۆ ڕوودانی هەورەبروسکە بە شێوەیەکە، سوارێک لە ئاسماندا قامچی ئاگرین لە هەورەکان دەوەشێنێت و هەورە بروسکە دروست دەبێت. کاتێکیش هەورە بروسکە کەسێک بکوژێت، دەوترێت خودا لەبەر تاوانەکانی سزای داوە. بە باوەڕی کەسێتی کورد، ڕوودانی بومەلەرزە پەیوەندی بە هەڵکەوتنی زەوییەوە هەیە لەسەر پشتی جوانەگایەک، کاتێک گوێیەکانی یان کلکی دەجولێنێت، بومەلەرزە ڕوودەدات. لێکدانەوەیەکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات، مێشێک بە دەوری گاکەدا دێت و دەچێت، کاتێک زۆر لێی نزیک دەبێتەوە جوانەگاکە چاو دەتروکێنێت و زەوی دەلەرزێت، ئەگەر بێت و مێشەکە لەسەر پشتی جوانەگاکە بنیشێتەوە، جوڵەی جوانەگاکە کۆتایی بە جیهان دەهێنێت.[99] ئەم جۆرە باوەڕ و لێکدانەوانەی کەسێتی کورد بۆ ڕووداو و دیاردە سروشتییەکان، هیچ بناغەیەکی لۆژیکی و زانستی نییە. ئەوەی هۆکاری پشت ڕوودانی ئەم دیاردانەن

---

(94) Лазарев М. С : Категории курдской истории, оп,С79.

(95) ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، ل ٢٤٥.

(96) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٣، ٢٢١.

(97) ئامبارتسووم ئاراکێلیان: س.پ، ل ٣٤ -٣٥.

(98) В.Никитин. : Курды, с 349.

(99) Там же, сс 340 – 350.

پەیوەندییان بە گۆڕانکارییە سروشتییەکانەوە هەیە و بەشێکن لە سیستێمە گەردونییەکە. کەسێتی کورد نەیتوانیوە پەی بە هۆی بنەڕەتی ئەو دیاردانە ببات و لێکدانەوەیەکی لۆژیکی و زانستییان بۆ بکات. بەڵکو وەک درێژە پێدەرەی بیرکردنەوە سەرەتاییەکان و بیروباوەڕی زیارە کۆنەکان لێدانەوەی ئەفسانەئامێزی بۆ کردوون.

بە پێی باسکردنی (مینۆڕسکی) زیندووێتی هزری کەسێتی کورد، لە خۆشەویستییان بۆ سروشتی کوردستان دەردەکەوێت. سەبارەت بە پەیوەندی کەسێتی کورد و سروشت دەڵێت :" بەردێک نییە و دۆڵێک نییە، درەختی جیاجیا نیە کە ناوێکی نەبێت و نەبەسترابێتەوە بە ئەفسانەیەکەوە، لەساڵی (١٩١٤ز) کە لە ناوچەکانی باشوور بووین دەستکەوتنی هەندێک زنجیرە و ڕووبار لە لای عەرەب و لوڕەکان زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام کە گەشتینە کوردستان هەموو شتێک گۆڕدرا، هەموو مرۆڤێک قسەی دەکرد، هەر ئەوە بەس بوو توشی گەنجێکی ڕووخۆش ئەبیت بەلای ڕانیکەوە، ئیتر ئەو بە شێوەیەک دەستی دەکرد بە قسەکردن کە کۆتایی نەبوو، لە ژێر فلّان بەردا ئافرەتێک خۆی لە گورگ ڕزگارکرد...تاد".[100]

بەدەر لە کاریگەرییەکانی سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لەسەر کەسێتی کورد بە گشتی، لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا، پەیوەندی تاکی کورد لەگەڵ سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافیا ڕۆڵی دیاری لە نەخشاندنی هەندێک تایبەتمەندی ناوچەیی هەبووە. کوردناسان سەرنجی ئەوەیان داوە کە ناوچەکانی هەورامان بە هۆی هەڵکەوتەی سەختی جوگرافیا و تایبەتمەندی پەیوەندی تاکی هەورامی لەگەڵ سروشتی ناوچەکە، وایکردووە کۆمەڵێک سیما و تایبەتمەندی ناوچەیی لە کەسێتی هەورامییەکاندا ڕەنگ بداتەوە. (مینۆڕسکی) سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت:"خەڵکی هەورامان لە کۆنەوە پارێزگارییان لە جل و بەرگی تایبەتی خۆیان کردووە، هەتا ئێستاش هەر بە دیالێکتی خۆیان قسە دەکەن، تا دوا ڕادە ئازان، بەڵام میواندۆست نین".[101]

(ڤاسیلێڤا) بە پشت بەستنی بە دوو نوسراوی مێژوویی کە دانەرەکانیان کورد بوون ( سییەر ئەلئەکرادی عەبدولقادر بابانی، حەدیقەی ناسریەی میرزا عەلی ئەکبەر کوردستانی)، هەڵسەنگاندنی بۆ کەسێتی هەورامییەکان کردووە. هەڵبژاردنی خاکی هەورامان دەکاتە پێودری ئازایەتی و دەستڕەنگینی و لەشسوکی هەورامییەکان. چونکە کاری جوتیاری لە ناوچەکە بە کردەوە لە توانادا نەبووە، ئەو خاکەش کە بۆ کشتوکاڵ دەشیا، دەبوو لەناو بەرچنەدا بە کۆڵ بگوازرێتەوە. هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو کە :" دانیشتوانە گورجوگۆڵ و داهێنەرەکانی ئەو گوندە چیاییانە، لەو خاکەدا، کە لە ناوچەکانی ترەوە دەیانگواستەوە داری بەردارییان دەچاند و باخ و باخاتیان پێدروست دەکرد. گەنم و جۆ و جۆرەکانی دیکەی دانەوێڵەیان بە کۆڵ لە مەریوان و شارەزوورەوە دەهێنا. نانیان لە تێکەڵی کەپەک و بەڕوو دروست دەکرد، لە هەژاریدا دەژیان و خۆراکیان لەویەڕی ڕەنجکێشاندا بەدەست دەهێنا".[102]

لە ئاستێکی تردا، سەختی جوگرافیای ناوچەکە نەبووتە ڕێگر لەبەردەم کەسێتی هەورامییەکاندا بۆ ئەوەی بەسەر ئاڵنگارییە سروشتییەکاندا سەربکەون. بە پێچەوانەوە، نەک توانیویانە بە شێوەیەکی زۆر باش کۆنترۆڵی بارودۆخە سروشتییەکە بکەن و وەک (مینۆڕسکی) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت :" لە بەرزاییەکانی هەورامان (نزیک تەوێڵە و بیارە) کەس ناتوانێت لە پسپۆرایەتی بێ سنوری گوندنشینان بۆ کەڵک وەرگرتنیان لە تەختاییە بچوکەکانی زەوی بۆ ئامانجی باخەوانی و بەرهەمهێنانی گشتی سەری سوڕنەمێنێت، هەورامان بەهۆی ستانداردێکی بەرز لە چۆنییەتی ئاودێریکردنی تەختایی داوێنی گرد و چیاکانەوە کاریگەری زیاتری لەسەر من دانا ".[103] بەڵکو سەختی جوگرافیای ناوچەکە وایکردووە، کە هەورامییەکان کەسانێکی زیرەک و زەین ڕۆشنبن. لەم ڕووەوە (مینۆڕسکی) باس لە کوێخای گوندی (زەردە) لە نزیک بابا یادگار دەکات، کە هەرگیز چاوی بە نەخشە نەکەوتووە،

---

(100) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления , С33.

(101) ڤلادیمێر مینۆرسکی: بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، ل ٧٢.

(102) یێکێتیا ڤاسیلێڤا : کوردستانی باشووری ڕۆژهەڵات لە سەدەکانی شازدەیەم - نۆزدەیەم ( سەرچاوەیەک لە بارەی مێژووی میرنشینە کوردییەکانی ئەردەڵان و بابانەوە)، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. ئارام عەلی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٧٤ - ٧٥.

(103) V. Minorsky : The Gūrān ,p 76.

بەڵام هەر ئەوەندەی شوێنی گوندەکەی خۆی پێنیشاندەدەن لەسەر نەخشە، دەستبەجێ واتای هەموو ئەو شوێنانەی لە دراوسێیەتی ئەو دانرابوون تێگەیشتووە.[104]

## سیازدەیەم : زمان و کەسێتی کورد

ڤاکتەرە جوگراڤی و مێژوویەکان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر زمان وەک بەشێک لە شوناسی کەسێتی کورد هەبووە. دابەشبوونی چەند سەدەی نەتەوەی کورد و نەبوونی کیان و دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی لە لایەک، لە لایەکی دیکە تێکەڵبوونی نەتەوەی کورد، لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە و نەتەوەکانی دراوسێی لە ( عەرەب، فارس، تورک، ئەرمەن و گەلانی تریش)، ڕەنگدانەوەیان لەسەر زمان و دیالێکتەکان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی هەبووە.[105] لەم ڕووەوە (ئاڕاکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات:" زمانی کوردی پاراو نییە، بەڵام زمانی سەردەمییانەی کوردی پێکهاتووە لە زاراوەی جۆراوجۆر کە بریتین لە پێکهاتەیەک لە وشەگەلی عەرەبی، فارسی، تورکی و تەنانەت ئەرمەنی. زاراوە هەرە پاراوەکەی کوردی نزیکە لە زمانی فارسییەوە".[106] ئەم دیدەی (ئاڕاکێلیان) دەربارەی زمانی کوردی، حوکمدانێکی سەرپێیانەیە نەک ئەنجامی توێژینەوەیەکی بەراوردکارییانەی زمانەوانی. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە نێو کوردناسی ڕووسیادا، گفتوگۆ و مشتومڕ دەربارەی زمانی کوردی هەبووە. هەندێک لە کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیا، تێڕوانینیان بۆ زمانی کوردی، وەک زمانێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو وەک شێوەزارێکی زمانی فارسی وێنایان کردووە. ئەم بڕیاردانەی (ئاڕاکێلیان)یش دەربارەی نزیکی زاراوەیەکی کوردی لە زمانی فارسی، درێژکراوەی ئەو بۆچۆنانەیە، بەڵام لە سەردەستی کوردناسانی (لینینگراد) لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت، سەرجەم تەو بۆچون و تیۆرییانەی بەم شێوەیە لە زمانی کوردییان ڕوانیبوو، ڕەتکرانەوە.

( ڤیلجێڤسکی) ئاماژە بەوە دەکات، لەناوچەیەکدا کە کوردان تیایدا لە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا نەدەژیان، گەلێکی نەخوێندەوار بوون، چینەکانی سەرووی کورد بۆ سازش و خۆسازاندنیان لەگەڵ چینی سەرووی نەتەوەی دەسەڵاتداردا، زمانی ئەو نەتەوانەیان وەکو (تورکی، فارسی، عەرەبی، هەندێک جاریش ئەرمەنی)یان وەک زمانی ئەدەبی و کولتوور و ژیانی سیاسی بەکارهێناوە.[107] بە بڕوای (لازاریێف) لە ناو کورددا، دووزمانی و تەنانەت چەند زمانی دیاردەیەکی باوە. بوونی ئەم تایبەتمەندییە تەنها لە لای کەسانی خوێندەوار هەستی پێناکرێت، بەڵکو لە کاروباری ڕۆژانەدا جگە لە زانینی دوو ( زاراوە)ی سەرەکی کوردی، بەکارهێنانی زمانەکانی ئەو وڵاتانەشی تیایدا دەژین دەبینرێت.[108]

سەبارەت بە زمانزانی کەسێتی کورد، (مینۆڕسکی) دەڵێت:" کوردەکان زمانزانێکی چاکن، بەشی زۆریان بە زمانی تورکی یاخود ڤارسی قسە دەکەن. ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە ساڵەهای ساڵ لە گۆشە دوورەکانی سنوردا تیشیان کردووە، تەو زمانە فەرەنسییەیان لە بیرنەچوۆتەوە کە لە قوتابخانەکاندا فێری بوبوون و هەندێکیان هەوڵیان دەدا کە بە زمانی فەڕەنسی قسەمان لەگەڵدا بکەن. هەر لە سابلاغدا کوردێکم بینی زمانێکی میللی ڕووسی چاکی دەزانی، بەڵام ئەو کوردانەی کە لە قوستەنتینیە یاخود ناوچەکانی دیکە خوێندبوویان لە ڕادەی تورکە ڕۆشنبیرەکانی هاوڕێی خۆیاندا بوون".[109] لەگەڵ ئەم تێڕوانینەشدا، (مینۆڕسکی) بڕوای وایە کە فێربوونی نوسین و پراکتیزەکردنی زمانی دایک بۆ کەسێتی کورد، کارێکی بێهودە و زیادەیە. وەک ئاماژەی پێدەکات زانینی زمانی کوردی جێگەی پێداویستیی زانینی زمانە هاوسێکانیان بۆناگرێتەوە، کە زۆر پێشکەوتوترن. زمانی کوردی بۆخۆی زمانێکی ئاوازدار و بەهێزە، لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە زمانێکی گرنگە، بەڵام هێشتا لە ڕووی ڕێنوس و تێرمەکانی تەکنیکیدا ناتەواوە و لە ڕووی دیالێکتەوە یەکگرتوو نییە.[110] (مینۆڕسکی) ئەوەش دەخاتە ڕوو، کەم و زۆر هەر هۆزێکی کوردی زاراوەی

---

(104) V. Minorsky : The Tribes of Western Iran, p79.

(105) Ч. Х.Бакаев :Язык курдов СССР Сравнительная характеристика говоров, Изд-во (Наука),1973.С 9.

(106) ئامبارتسووم ئاڕاکێلیان: س.پ، ل ٩٧.

(107) نو.ل. ڤیلجێڤسکی : دەربارەی یەکەمین کۆنفرانسی کوردناسی سۆڤییەتی ساڵی ١٩٣٤ لە ئێریڤان و زمانی ئەدەبی یەکگرتووەی کوردی، چەند وتارێکی کوردناسی، ل ١٦٦.

(108) Лазарев М. С : Категории курдской истории,С 87.

(109) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления , С33.

(110) ڤلادیمیر مینۆرسکی: بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، ل ٢٠٧.

خۆی هەیە، گەرچی بناغەیەکی کوردی لە هەمواندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم بەرچاوکەوتنە خۆی گەلێک سەرنج ڕاکێشە، ئەویش لە ڕوانگەی بەربڵاوی زۆری هۆزە کوردەکانەوە، کە نیشاندەری ئەوەیە لە کۆندا زمانێکی بناغەیی بەهێزیان هەبووە و هەموو شێوەزمانەکان لەو بناغەوە سەریان هەڵداوە، گەرچی شوێن هەڵگرتنی ناوچەیش هەبووە.[111]

## باسی دووەم : ڕەنگدانەوەی کولتوور لەسەر کەسێتی کورد

---

[111] V. Minorsky : The Tribes of Western Iran, p79.

کولتوور، وەک شێوازی ژیانی ئەندامانی نەتەوەیەک، بە هۆی توخمە (مادی و مەعنەوی)یەکانەوە فەراهەم دەبێت، سەرجەم ئەو دەستکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییە جێگیرانەی کە ڕۆڵ دەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی نەتەوەکەدا دەگرێتەوە.[1] لێکۆڵینەوە دەربارەی کولتوور و نەریت، بە تایبەتی کولتووری (کەمایەتییە نەتەوەییەکان) کە هێشتا لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی نەتەوەییدا شێوەگیر نەبوون، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زانستی ئیتنۆگرافیایە، کە گرنگییەکی ڕاستەقینەی زانستی و پراکتیکی و تیۆریی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە ئیتنۆگرافیای نەتەوەی کورد، جێگەی لێکۆڵینەوەی وردە، چونکە بۆ چارەسەری پرسی کورد و زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی کولتووری کورد، گرنگە.[2]

لە دیدی( ڤاسیلیڤا)دا، پێوەرەکانی ڕەوشتی دێرین بە لای کوردەوە پیرۆز بوون و نەدەبوایە لێیان لابدەن، بەشێکی ئایدۆلۆژیای ترادیسیۆنی کوردیش، ڕەوشتی باو بوو. بە گوتەی (خ. ئابۆڤیان) باشترین یاسای هەمیشەیی کەسێتی کورد بوون. ترادیسیا، ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی کوردی، هەر لە دایک بوونیەوە تا مردنی، قایم داڕشتبوو. مرۆڤ کە لە دایک دەبوو، تیتر کۆمەڵێک ماف و ئەرکی بۆ دەستنیشانکرابوو. بەهاکان لەناو (قەوارەیەکی ڕەفتارکردنی) ئامادەدا ڕەنگیدابوویەوە، کە نەدەبوو گومان لە ڕاستی و دروستییان بکرێت. هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی فاکتەری ترادیسیۆنی، لە ژیانی ئیتنۆسی کوردیدا کارێکی سەختە. لە هەلومەرجی  نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، پێکدادان و شەڕی بێکۆتایی لە ناوچەکە، کە کوردستان لە ناوجەرگەیدا بووە، هەموو ئایدۆلۆژیا ترادسیۆنییە چەسپاوەکان، ملکەچی یەک ئەرکی سەرەکی بوون، ئەویش مانەوە بووە.[3] بە باوەڕی( ڤاسیلیڤا) کاریگەری کولتوور و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کەسێتی کورد، توانیویەتی ئەم ئەرکە بەجێبهێنێت و خۆی وەک ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی بپارێزێت، ئەویش بە یارمەتی یاسا و ڕێسای ترادیسیۆنیی توندوتیژ و زاڵ بەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. هەر بۆیە ئەم ئەرکە گرنگەی ترادیسیا، دەتوانین بە ئەرکی ( پارێزەر و کۆکەرەوە) دابنێین.[4]

(ئەرستۆڤا) بە بایەخەوە ئاماژە بەوە دەکات، بەها کولتوورییەکان هاوبەشییەک لە ناخی کەسێتی کوردیدا، لە سەر ئاستی هەموو ناوچەکانی کوردستان بەرجەستە دەکەن. بە تایبەتی کولتووری ڕۆحی لە فۆرمەکانی (گۆرانی و هەڵپەڕکێ، هونەری میللی زارەکی، هونەری فۆلکلۆری و لە هەمووی گرنگتر لە ئاسنامەی ئیتنیکدا) ئەم هاوبەشییە بە ڕوونی دەردەکەوێت. زۆرێک لە توخمە کولتوورییەکان، دەبنە ئاسێنەری کۆمەڵگەی کولتووری و نەریتی کوردی.[5]

لە میانەی تێبینیکردنی کولتووری ماددی و ڕۆحی کورد لە سەدەی (١٩ ) تا سەدەی (٢٠)، (ئەرستۆڤا) گەشتووە بەو دەرئەنجامەی کە نەک هەر گەلی کورد بە وریاییەوە کۆمەڵگەی کولتووری خۆی هێشتۆتەوە، بەڵکو توانیویەتی بە شکۆ و ئازایەتییەکی گەورەی نەتەوەییەوە، لە ڕێگەی ئەزموونە دژوار و ئاڵۆزەکانەوە مێژووی ئیتنیکی خۆی بپارێزێت.[6] دەربارەی کوردانی قەفقازیش، (ئەرستۆڤا) ئەوەی خستۆتەڕوو کوردی ئەم ناوچەیە سەرباری دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، بە داب و نەریتی چەند سەدەیی تۆڵەی خوێن و ڕفاندن و پیاوسالاری ژیاوە. دانیشتوانێکی لەو شێوەیە، بێگومان بەرامبەر بە فۆرمەکانی نوێ و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بێمتمانەیە.[7]

بە باوەڕی ( لازارێڤ)، بنبڕبوونی شێوازە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کورددا، بەهۆی بڵاوبونەوەی شێوازەکانی سەرمایەداری لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوچەکانی ژیانی کورددا، وردە وردە بەدیدەکران.

---

(1) د. ڕەشاد میران : ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئیتنیکی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٣.

(2) Аристова, Татьяна Федоровна:Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры ,Ученая степень:доктора исторических наук,Место защиты диссертации:Москва,Год ,١٩٩٢: Диссертац ии по гуманитарным наукам - http://cheloveknauka.com/kurdy-opyt-etnografic heskog

(3) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٤٦.

(4) هـ .س، هـ .ل.

(5) Т Ф Аристова:МАТЕРИАЛЬНАЯ КУЛЬТУРА КУРДОВ XIX ПЕРВОЙ ПОЛОВИНЫ XX в (Проблема традиционно-культурной общности),АКАДЕМИЯ НАУК СССР,ИНСТИТУТ ЭТНОГРАФИИ, Москва, НАУКА,лавная редакция восточной литературы,1990, с 179.

(6) Аристова, Татьяна Федоровна:Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры , http://cheloveknauka.com/kurdy-opyt-etnografic heskog.

(7) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 178.

بەڵام لە خودی کوردستاندا، ئەم ڕەوتە درەنگتر دەستپێدەکات و تەنانەت بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو وڵاتە پاشکەوتووانەی دەرووبەری، لە ئاستێکی نزمتریشدا ڕوودەدات.[8]

کولتووری نەتەوەیی کورد، لە بنەڕەتدا هەڵگری ئاڵۆزی و هەندێک گۆڕاوی ناوخۆییە. ئەم ئاڵۆزییە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر ناوچەی نیشتەجێبوونی پێکەوە بەستراوی کوردەکان (لە سنووری نێوان تورکیا - ئێران - عێراق – سوریا) دروست بووە و سەرەڕای دابەشبوونی سنووری دەوڵەت، دابەشبوونی ناوچەیی گروپە ئیتنیکیەکان بەشداری لە نەهێشتنی تایبەتمەندی کولتووری نەتەوەیدا کردووە.[9]

(تەرستۆڤا )جەخت لەوە دەکاتەوە، بوونی جیاوازیی لە ناوخۆی کولتوور و زیانی ڕۆژانە و نەریتی ئیتنیکیکدا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە مۆدێلی ڕەگەزی گشتی کولتورەکەدا ناکۆک و دژیەک نییە. بە پێچەوانەوە تایبەتمەندیە ئیتنۆگرافی و ناوچەییەکان، زەمینەی ئەوە دەسازێنن کە باس لە هەمەڕەنگی لە ناوخۆی کولتوورێکدا بکرێت.[10] لەو ڕووەوە کەسێتی کورد بۆ پاراستنی بەها کولتوورییەکانی خواستی زیاتر بووە، ئەمەش بە ڕوونی لەچارەنووسی مێژوویی و ئیتنۆگرافیی کوردانی دانیشتووی وڵاتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت. بۆ نموونە کولتووری ماددی کوردانی ناوچەی سلێمانی کوردستانی عێراق لەگەڵ کولتووری کوردانی ( سنە، سابلاغ) دەگونجێت.[11] لەگەڵ ئەم ڕەوشەشدا، (ئۆربیلی) ئاماژە بەوە دەکات :"هەندێک لە کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی کورد، لە باتی ئەوەی هێز و بەهرەی خۆیان بۆ خەزنەی گیانی میللەتی کورد تەرخان بکەن و کار بۆ میللەتی خۆیان بکەن، کەچی بۆ میللەتانی تریان کردووە. بۆیە کورد ئەو بەهرە و بەرهەمانەی لەدەستچووە، بە خەیاڵی کێدا دێت، کە داهێنەرانی زۆر ڕێبازی کولتووری ناو ئەرمەن و گورزی و فارس کورد بوبێتن؟ لەبەر ئەم هۆکارانە نابێت لە ئاست ئەو ناڕەواییەی بەلای کەمەوە دە سەدەیە دەرهەق بە کولتووری کورد و توانای شارستانییەتی دەکرێت، بێدەنگ بین".[12]

کولتووری کوردی،کولتورێکی کۆمەڵگاییە. کە تێیدا بەرژەوەندی کۆمەڵگا بەسەر بەرژەوەندی تاکدا باڵادەستن. ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵگا و تاک، دەتوانێت ببێتە هۆی دابڕینی کەسێک لە کۆمەڵگا. ئاڵنگارییەکی دیکەی بەردەم کولتووری کوردی، ململانێی و بەریەککەوتنی کولتووری ( شارنشینی، گوندنشینی)یە. بەهۆی شارچێتی، کۆمەڵگا گۆڕانکاری بە خۆوە دەبینێت. منداڵی ئەو خێزانانەی کە بەرەو گەورە شارەکان ڕۆشتون، لە هەژاریی و بێ پشتگیری کۆمەڵگا گەورە دەبوون. ئەمەش لە گۆڕانی کولتووریدا بەرچاوە، کە منداڵان بەبێ بەهرەی نەریتیی و پەروەردەی کۆمەڵگەی لادێ گەورە دەبن و ئەم بەهایانە ناپارێزرێن و ناگوێزرێنەوە بۆ نەوەی داهاتوو.[13]

ئێتیکێت و خووڕەوشتەکان هەموو بوارەکانی ژیانی کەسێتی کوردییان گرتبۆوە و دەستیان بەسەر جیهانبینی و بیرکردنەوەشیدا گرتبوو. کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت کە لەلایەن ترادیسیاوە بەرنامەی بۆ دانرابوو، ڕێگەی بۆ گومان و ڕەخنەگرتن نەهێشتبۆوەوە و هیچ ئازادیەکی بۆ هەڵبژاردن دانەنابوو. تاکەکەس بەتەواوی ملکەچی کۆمەڵگابوو، کۆمەڵگا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر تاکەکەسدا هەبوو.[14]

کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت بە بایەخەوە لە کولتووری کوردییان ڕوانیوە، (ئۆربیلی) بە شێوەیەکی بەرز کولتووری کوردی نرخاندووە، بیروڕای خۆی دەربارەی هێزی تەفراندن و بەهرەی بەرزی داهێنەرانەی کوردی بەمشێوەیە دەربڕیوە :" ئەو کەسەی گۆرانی میللی کوردی، ڕازی کوردی بیبستێت، هەر تەنیا جارێک گوێی بۆ گۆرانی کوردی شل کردبێت، تێدەگات بۆچی ئەم گۆرانیانە چەندە بە کوردەکان خۆیان، هێندەش بە ئەرمەنییەکانی دراوسێیان ئاشنان و ئەوەندە حەزی لێدەکەن. تەنانەت لەو قۆناغە ئاڵۆز و ناسکەی دوژمنایەتیشیاندا، کە دەبوو ڕق و کینە پەیوەندی گیانی بپچڕاندایە، کەچی

---

(8) Лазарев М. С. : Категории курдской истории , с 94.

(9) Аристова, Татьяна Федоровна ؛Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры ، http://cheloveknauka.com؛kurdy-opyt-etnografic heskog.

(10) Т Ф Аристова:МАТЕРИАЛЬНАЯ КУЛЬТУРА КУРДОВ XIX ПЕРВОЙ ПОЛОВИНЫ XX в (Проблема традиционно-культурной общности),с 177.

(11) Аристова, Татьяна Федоровна ؛Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры ، http://cheloveknauka.com؛kurdy-opyt-etnografic heskog.

(12) ژ.س.موسائێلیان : هەندێک بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی(چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١٤.

(13) Туйя Сааринен : Курдская культура и семейные традиции

(14) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٥٧.

ئەرمەنییەکان هەر بە کوردی گۆرانییان دەچڕی. هەموو ئەوانەی کە تەنیا تۆزێک ئاگایان لە زمانی شیرین و پاراوی پڕ وێنە و هەستی ناسک و دەوڵەمەندی ڕاز و گۆرانییە دڵدارییە کوردییەکان بێت، دەبێت لەوە گەیشتبن، کە کوردەکان دەتوانن چەندێ بەرهەمی نوێ و ئاوازەی بریسکەدار و بەشکۆ ببەخشنە خەزنە و کولتووری شیعری ڕۆژهەڵات".[15]

(ن.ی. مار)یش ئەوەی خستۆتە ڕوو، ڕۆژهەڵاتناسەکان بیر لە ڕەسەنایەتی و بە کولتوربوونێک لە دەرەوەی موڵکدارییەتی و شێوازە تایبەتەکانی بازرگانیدا ناکەنەوە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیشی لەبارەیەوە ئەنجام نادەن.[16] لەم ڕوانگەوە بە توندی بەرپەچی ئەو بۆچونەی (تیۆدۆر نۆڵدکە)ی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی داوەتەوە کە گوتویەتی کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە تەواوی نمونەیەکی بەرچاوی بێ کولتووریی بووە. ن.ی.مار دەڵێت:" ئەو بڕیارەی نۆڵدکە لەسەر کورد داویێتی، دووپاتکردنەوەی دەنگۆ و تۆمەتێکە کە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە" چونکە (ن.ی.مار) بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە هۆزەکانی کورد لە مێژووی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا هەتا ئێستاش درێژەدەر و نیشاندەری فاکتەرێکی سەربەخۆ و هێزێکی مەزنی کۆمەڵایەتی - کولتوورین.[17]

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕەنگدانەوەی کولتوور و داب و نەریتەکان لەسەر کەسێتی کورد و ڕۆڵیان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو کەسێتییەدا، بە گرنگی دەزانین چەند ڕێوڕەسم و دیاردەیەک لە کۆمەڵگەی کوردی وەربگرین، بەشێک لەم دیاردانە وەک ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی ئەوە دوای ئەوە و وەک نەریت و یاسایەکی کۆمەڵایەتی تاکی کورد پێوەی پابەند بووە. بەشێکی دیکەیان کولتوور و نەریت خولقێنەر و گەشەپێدەری بڵاوبونەوەیان بوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## یەکەم : کەسێتی کورد و کولتووری چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان

ئەگەرچی کەسێتی کورد بە هۆی سەختی جوگرافیا و جوڵەی بەردەوامییەوە، بە گشتی لە ڕووی تەندروستییەوە لەشساغە. بەڵام شێوازی ژیان و ماڵدارییان، ڕەنگدانەوەی لەسەر تەندروستییان هەبووە. وەک گەڕیدەی ڕووس( ئەلیکپێرۆڤ) ئاماژەی پێکردووە، بارودۆخی ژیانی کوردەکان (مەبەست لە کوردەکانی ناوچەی قەفقازە) لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان، قورس بووە. ماڵی کورد بە شێوەیەک بووە، لە هەموو لاکانییەوە بە گڵ داپۆشرابوون. لە کاتی باران بارین، نەک تەنها لەسەر بانەوە بەڵکو لە گشت لایەکەوە قوڕاو دەڕژا و خانووەکانی پڕ دەکرد، هیچ پەنجەرەکیان نەبوو. دووکەڵ ماڵەکانی قاندابوو، ئەمەش هۆکاری بنەڕەتی زۆرینەی نەخۆشییەکانی چاو بووە.[18] نیکیتین ئاماژە بەوە دەکات کە نەخۆشیەکانی هەوکردن لە نێو کورددا زۆر بەربڵاوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشی گران لە نێو کۆچەرییەکان دا دەگمەنە. سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی پلەی گەرما، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە لە نێو کورددا بڵاونییە، بەڵکو نەخۆشی روماتیزم زۆر بڵاوە. ئەمەش ڕەنگە لە ئەنجامی ناتەواوی سیستەمی خۆپارێزی بێت، بە تایبەتی لە نێو دەوارنشینەکان کاتێک کەش و هەوا ساردە. هاوکات نەخۆشی مەلاریا زۆرجار هەڕەشە لە کورد دەکات.[19] هەروەها (ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات ئافەتی ڕاستەقینە بۆ کورد، نەخۆشیەکانی گەدە، چاو، پێست بووە، کە بەهۆی ناخاوێنییەوە دروست بوون. لە ژمارەیەک گوند و بەتایبەت بنار و دەشتایەکانی قەفقاسدا، نەخۆشی گەدە دروست بووە بەهۆی ئەوەی کە هاوڵاتیان ئاوی ڕووبارە پیسەکان بەکاردەهێنن.[20]

بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، کورد چەندین ڕێگای وەک چارەسەر بەکارهێناوە. ڕیشەی بەشێک لە ڕێگاچارەکان دەگەڕێتەوە ناو نەریتەکان و هەندێکیشیان سروشتێکی ئاسابەدەریان هەیە. ئەمەش دەرخەری پابەندی کۆمەڵگەیە بە نەریتەکان و باوەڕی تەواوی ئاکە بە پیرۆزی و کارایی ئەو نەریتانە لە ژیانی ڕۆژانەیدا. (نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات  سەرباری

---

(15) ژ.س.موسائێلیان : هەندێک بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی(چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١٦.

(16) Марр Н : Еще о слове  челеби (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии), с 126.

(17) Там же, сс 126 – 127.

(18)  А. К. Алекперов: К вопросу об изучении культуры курдов, Труды Азербайджанского филиала АН СССР, вып. XXV, Баку, 1936, с 48.

(19) В. Никитин : Курды,  сс168 – 169.

(20) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 182.

بەکارهێنانی چەندین ڕووەک و گژوگیا، ڕێگەچارەی جادوویانە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان لە نێو کورددا بەکارهاتووە. کاتێک کەسێک ئازاری هەبوبێت نوشتە و جادوویان لەسەر شوێنی ئازارەکە داناوە، یان دەرخواردی نەخۆشەکەیان داوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی.[21] (ئەرستۆڤا)ش ئەوە دەخاتە ڕوو پێش دەیەی (١٩٣٠ز) بە تایبەتی ژنانی کورد، بە دوای نوشتە و جادووەوە بوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو نزا و نوشتانەی کە مەلایەک یان شێخێک بۆیان دەنوسن، لە نەخۆشییان دەیارێزێت، چارەسەری منداڵ نەبوون دەکەن. لە بەرامبەر ئەم کارانەیاندا، ئەو مەلایانە پارە یان دیاری جۆراوجۆری وەک (مانگا، پەلەوەر، هەنگوین.. هتد )یان وەردەگرت[22]. (ئەلیکپێرۆڤ) سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە ناو کوردەکانی ئازەربایجان ئاماژەی بەوە کردووە، لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەریدا لە گوندە گەورەکان مەلای لێ بووە، ئەو مەلایانە بە سوود وەرگرتن لە گۆشەگیری ئەو ناوچانە لە ڕووی کولتوورییەوە، پەنایان بۆ هەندێک کاری (خورافیات) بە مەبەستی زیاد کردنی داهاتەکانیان بردووە. مەلاکان نزایان بۆ خەڵکی دەنووسی، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دژی هەموو نەخۆشییەک دەیانپارێزێت، لە بەرامبەر ئەو نزایانەیان جگە لە پارە، کەڵەشێرێکی ڕەش یان سپیان لە نەخۆشەکە وەردەگرت، بە خوێنی کەڵەشێرەکە نزاکەیان نوسیبوە و گۆشتەکەشی خۆیان خواردوویانە.[23]

چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان لە لایەن کوردەوە لە دیدی (ئەراکێلیان) زۆر ساکارانەیە، ئەو ئاماژە بە ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە گرانەکان دەکات، ئەویش کاتێک کەسێک توشی نەخۆشییەکی گران دەبێت، بزنێکی بۆ دەکوژنەوە و نەخۆشەکە بۆ ماوەی ڕۆژێک جاری واش هەیە بۆ چەند ڕۆژ لە کەوڵی بزنەی دەپێچنەوە. پاشان ئەگەر نەخۆشەکە چاک نەبودوە دەڵێن ( ئەجەلی هاتووە).[24] هەمان ڕێگای چارسەرکردنی نەخۆشی، سەرنجی (نیکیتین)ی ڕاکێشاوە، بەڵام وەک ڕێگاچارەی خێڵی بڵباس ئاماژەی پێدەکات و لە بری کەوڵی بزن بڵباسەکان کەوڵی جوانەگا بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی برینداریی.[25] (ئەرستۆڤا) سەرنجی شێوازێکی دیکەی چارەسەرکردنی نەخۆشی داوە، ئاماژە بەوە دەکات لە ناو کوردەکاندا ڕێگەیەکی دیکەی چارەسەرکردنی نەخۆش بوونی هەبووە، نەخۆشەکان لە ڕێگەی شێخەوە چارەسەردەکران. بۆ ئەوەی ڕۆحە خراپەکان لە جەستەی نەخۆشەکان دەربکەن، لەگەڵ ووتنی هەندێک ووشەی تایبەت بە زەبرەوە لەسەر سنگ یان پشتی نەخۆشەکەیان داوە.[26]

## دووەم : ڕۆڵی نەریتی وەجاخ لە ژیانی کەسێتی کوردیدا

وەجاغ (ئاگردان) لە ماڵی کوردیدا، بە تایبەتی لە نێو ماڵی کوردانی ڕۆژئاوای ئاسیا و پشت قەفقاز پێگەی دیاری هەیە. شوێنی سەرەکی گەرمکردنی ماڵە، هۆکاری ئامادەکردنی خواردن و چێشتلێنانە، لە چەندین مەراسیمی نەریتیی و کولتووریی‌دا ڕۆڵی هەیە.[27] وەجاخ لە ژیانی خێزانی کورددا بایەخێکی سیحراوی هەیە، خێر و خۆشی و بەختەوەری و دەوڵەمەندی خێزانی پێوە بەندە. لە دیدی کەسێتی کوردیدا نابێت تف لە وەجاخ بکرێت، پیسی تێ فڕێبدرێت، چونکە بە پیرۆزی ماڵەکە دادەنرێت. ئاگر لە ماڵان قەرزکردن لای کورد گوناهە، چونکە پێیانوایە شیری مانگایان وشک دەکات.[28]

چەندین ڕێوڕەسمی نەریتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کوردیدا هەیە، کە وەجاخ تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. کاتێک کوڕ لە ماڵی باوکی جیا دەبێتەوە، بۆ وەجاخی ماڵی خۆی ئاگر لە ماڵی باوکی دەبات، کچ کە بە بوکی دەبرێت، پێش ئەوەی ماڵی

---

(21) В. Никитин : Курды,с168.
(22) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,сс 182 - 183.
(23) А. Алекперов: К вопросу об изучении культуры курдов, Труды Азербайджанского филиала АН СССР, серия историческая, вып. XXV,Баку, 1936, с. 57, 58.
(24) ئامیارتسووم ئاڕاکێلیان : س.پ، ل ٣٥.
(25) В. Никитин : Курды,с 169.
(26) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 183.
(27) Т Ф Аристова:МАТЕРИАЛЬНАЯ КУЛЬТУРА КУРДОВ XIX ПЕРВОЙ ПОЛОВИНЫ XX в (Проблема традиционно-культурной общности),с 181.
(28) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 92. م.ب. ڕۆدینکۆ : وێنەگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەکی، ل ٢١٨ :

باوکی جێبهێڵێت، بەدەوری وەجاخەکەی ماڵی باوکیدا دەیسوڕێننەوە. کورد چیلکە و چەواڵ دەسوتێنن، ئەو کاتانە نەبێت کە یادی مردوویەک بکەنەوە، ئەوسا دار دەسوتێنن.[29] ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، ئەم نەریتە پاشماوەی بە پیرۆزدانانی ئاگربێت، کە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ماوەتەوە.

وەجاخ لە پرۆسەی منداڵبوونیشدا ڕۆڵی دیاری هەیە، هەندێک دابونەریتی باوی کوردەواری لەم پرۆسەیەدا پەیوەندیدارە بە وەجاخەوە. لە شەوانی یەکەمی لە دایک بوونی منداڵدا، پێویستە ئاگری وەجاخەکە گڕی تێدابێت و ڕۆشن بێت، بۆ ئەوەی گیانی بەد کە لە شێوەی ژنێکی ناشیریندایە، لە دایک و منداڵەکە بەدووربێت.[30] کاتێک ناو لە منداڵی تازە لە دایک بوو دەنێن، بە دەوری وەجاخەکەدا دەیسوڕێننەوە، ناوکە بڕاوەکەی لە تەنیشتی وەجاخەکە دەنێنە چاڵ، بە واتای ئەوەی منداڵەکە بووە بە ئەندامێکی مافپارێزراوی خێزانەکە.[31]

سێیەم : نەریتی میواندۆستی و ڕۆڵی دیوەخان لەسەر کەسێتی کورد

لە دیدی (ئاراکێلیان)دا کورد بە گشتی زۆر میواندارە، ئەگەر کەسێک ڕێگای لە ڕەشماڵێکی کورد بکەوێت، ئەگەرچی نەیاریشی بێت، میوانداریەکی باشی لێدەکرێت و هیچ ئازارێک نابینێت. لە هەر ژەمێکدا بێت هەرچییان لە ماڵدا هەبێت لە پێشی دادەنێن. گەورەترین نیشانەی میوانداری و ڕێز لە میوانانی کەسێتی کورد، بریتییە لە ڕادەی نانێک کە لەسەر خوان بۆی دادەنێن، بە باوەش نان دادەنێن و نانی کەم نیشانەی بێڕێزی بە میوانە و مایەی شەرمەزاری کابانی ماڵە.[32]

(ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات میواندۆستی و میوان ڕاگیریی، سیفەتێکی تایبەتمەندی کەسێتی کوردییە. لە پەندی پێشینانی ڕۆژهەڵاتدا، کورد بەڕێزگرتن لە میوان بەناوبانگن. لە دیدی کورددا میوان ڕانەگرتن یان لە ماڵدا میوان زویرکردن و بایەخ پێ نەدانی، بە قەد لە مەیدانی جەنگ هەڵهاتن، مایەی سەر شۆڕی و شەرمەزارییە. بە باوەڕی (ڕۆدینکۆ) باشترین بەڵگەی میواندۆستی کوردان، دیمەنی ڕازێکی فۆلکلۆرییە. کە چۆن لاوێکیان ئازار داوە، وەڵامی پاڵەوانی ڕازێکی فۆلکلۆری کوردی ( خەلیل برازییە) کە لە ژێر داپڵۆسین و جەزرەبە پێ گەیاندنایە، بە فەرمانی بەگێک دوو کونیان کردۆتە سەر شانی و یەکی مۆمێکی داگیرساویان تێ ترنجاندووە. کاتێک جەستەی ئەم لاوە ئاگری گرتووە، بەگ لێی پرسیوە : "پێم بڵێ دەبێت ڕۆژێکی لەمە ڕەشتر لە ژیانتدا بیبێت؟ خەلیل برازی وەڵامێکی سەرسوڕهێنەری داوەتەوە بەڵێ لەوانەیە، کامەیە ئەو ڕۆژە؟، کاتێک میوانێکم بێت و هیچ لە ماڵمدا نەبێت و دەست بنێم بە ڕوویەوە".[33]

(ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات، لەوانەیە گەڕیدەیەک بە ڕۆژان و بە مانگان لە نێو کورددا بسوڕێتەوە و هیچ ئێچوییەکی لەسەر نەکەوێت، سەردانی هەر گوند یان ڕەشماڵێکی کورد بکات، میوانداری لە خۆیی و نۆکەرانی دەکرێت و ئاژەڵەکانیشی بێ ئالیک نابن. تا ئەو کاتەی کەسێک لە نێو ڕەشماڵ یان گوندێک میوانە، هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە و هیچ بێڕێزییەکی بەرامبەر ناکرێت، بەڵام هەر کە سنوری گوندی تێپەڕاند ئیتر دڵنیاییەک نییە لەوەی نەکەوێتە بەر هێرش، تەنانەت هێرشی ئەو خانەخوێیەی کە میوانداری کردووە.[34] (خاچاتۆرۆف)یش ئەوەی خستۆتەڕوو، میوانداری تایبەتمەندییەکی جوان و گەرمی نەریتی نێو کوردەکانە، کەسیان دەست بۆ میوانەکەی نابات، ئەگەر دوژمنە سەرسەختەکەشی بێت، بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.[35]

دابی میوان ڕاگرتن، هەموو شتێک لە نێو کورددا دادەپۆشێت، ناکۆکی، ناحەزی، دوژمنایەتی کۆن، تەنانەت هی تۆڵەی خوێن لەنێواندا بونیش، کەسێتی کورد ئەم دابە بە پیرۆزی ڕادەگرن و هەرگیز لێیلانادەن، بە دەیەها ساڵ ئەوە دوای ئەوە پەیڕەوی دەکەن. تا ڕادەی ئەوەی ئەگەر خوێنیش لە نێواندا بێت، کە هاتە بەر دەرگاکەی و ویستی میوان بێت، دەیبەخشێت. وا باویشە کە کەسی میوان خەنجەر و پارچە قوماشێک دەبات و دەڵێت :"ئەمە خەنجەر و ئەمەش گەردنی من، دەمکوژیت یان لێم

(29) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,сс 92- 93.؛ С. А. Егиазаров: Краткий этнографический очерк курдов Эриванской губернии, с. 36.

(30) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 161.

(31) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٦٨

(32) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٧ - ٢٨.

(33) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٠.

(34) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٨.

(35) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

خۆش دەبێت".[36] سەرباری ئەوەی کە وەک نەریتێک ئەوە لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تاکی کورددا چەسپیوە، کە لەماڵەکەی خۆیاندا هیچ کامیان دەست لە دوژمنەکەیان بەرز ناکەنەوە و تەوە قبوڵ دەکەن کە مامەڵە لەگەڵ دوژمنەکەیاندا بکەن. بەڵام بۆچونێک لەسەریان بڵاوبۆتەوە کە ئامادەیە (سێ چوار میل لە دووری چادرەکەی (ڕەشماڵ) شمشێرەکەی لەکالان دەربهێنێت و دوژمنەکەی بکوژێت). بە باوەڕی خاچاتۆرۆف:" ئەم بۆچونە ڕاست نییە، بۆیە بڵاوبۆتەوە کە ڕێگربێت لە قبوڵکردنی دوژمن و مامەڵەکردن لەگەڵی نەک ببێتە دۆست و هاوڕێی. بەڵکو لە ڕاستیدا خووی کوردان ئەوەیە کە لە ڕەشماڵەکەیدا بە باشی مامەڵە لەگەڵ میوان (دوژمنەکەی)یدا دەکات".[37]

میوانی ئاسایی لە لایەن کوردەوە بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ڕێزی زۆری لێدەنرێت، ژنان گۆرەوییەکانی دەشۆن، وەک برا مامەڵە لەگەڵ میوانەکە دەکەن، چەندێک لە لایان بمێنێتەوە، هێشتا ڕێزی لێدەگرن. بە باوەڕی کورد میوان کەسێکە خودا ناردوویەتی، ئەوانەی ڕێز لە میوانەکە ناگرن، لە لای خوداش ڕێزلێگیراو نین.[38]

(ئەرستۆڤا) باس لەوە دەکات، سروشتێکی تایبەتی کەسێتی کورد جگە لە میوانداریکردنی لە ماڵەکەی خۆیدا، ئەوەیە زۆر حەز دەکەن لەو ماڵەدا کۆببنەوە کە میوانێکی تێدایە، بە ووردی گوێ لە چیرۆکەکان دەگرن، هاوکات هیچ کەسێک گێڕەرەوە لە قسەکانی ناپچڕێنێت، هیچ دەنگێکی بەرز و ناکۆک لە دانیشتنەکانیاندا نییە. [39] ئەم تایبەتمەندیەی کەسێتی کوردی، لە لایەن زۆرێک لە کوردناسانەوە تێبینی کراوە. (خاچاتۆرۆڤ) لەم ڕووەوە نووسیویەتی : " بێ ئەوەی یەکتری لە قسەکردن ببڕن، هەموو کەس بە نۆبە بێ هیچ دەنگە دەنگێک قسەی خۆی دەکات. ئەمە لە ناو نەتەوەییەکانی تردا وا نییە، ئەگەر هەر دە کەس یەکتر ببینن و پێکەوەبن، بەو جۆرە ژاوەژاو و دەنگە دەنگ بەرز دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە هیچ شتێک نابیستیت و لێی تێناگەیت".[40]

نەریتی میوانداریکردن لای کەسێتی کورد، هێندە بایەخی پێدراوە کە بەشێک لە ماڵی کوردی بۆ پێشوازیکردن لە میوان تەرخان کراوە. لە هەموو ماڵێکی کورددا، ژورێک یان شوێنێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە، تەنانەت لای ڕەوەند و کۆچەرییەکانیش لە نێو ڕەشماڵ و دەواردا ئەم شوێنە تەرخانکراوە هەیە. لەم ڕووەوە (ئەرستۆڤا) ئەوەی خستۆتە ڕوو، لە ئەرمەنستان کوردەکان هەمان ژوری خۆیان بۆ میوانەکان بەکاردەهێنا، کە ژوورێک بوو بە جیاکەرەوەیەکی نزم جیاکرابۆوە. بەڵام ئەمە لە لای کوردەکانی ئازەربایجان باو نەبووە، بەڵکو ئەوان ژوورێکی لاکێشەییان بۆ خزمەتکردنی میوانەکانیان بەکاردەهێنا. ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ژورێکی تایبەتی میوانی لەو شێوەیە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەم لە ناو هەندێک لە ماڵە کوردییەکانی ئەرمەنستان بڵاو دەبێتەوە.[41] نەریتی پێشوازیکردن لە میوان لەسەر ئاستی شوێنی پێشوازییەکە لە ناو ماڵی کوردانی ئەرمینیا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەرچەندە (س.د.لیسیسیان) دەربارەی دیزاینی خانوە کۆنەکان *ئاماژەی بەوە کردووە کە ژووری پێشەوەی ماڵ سەرنجڕاکێشترین بەشی ماڵەکە بووە، کە کراوە بە دوو بەش بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکان، بەشێکی بۆ نێر، بەشەکەی دیکە بۆ مێ بووە. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدیەمەوە وەک (ئا. چۆپین) تێبینی کردووە لە ناو کوردەکانی ئەرمینیا باشترین ژوری ماڵ، ژووری پێشوازیە، کە میوانەکان لەم ژوورەدا پێشوازییان لێکراوە. [42]

لە لایەن کوردناسانی ڕووسیا و سۆڤیەتیەوە، چەندین نمونەی میواندۆستی و ڕێزگرتن لە میوان لە نێو کورددا تۆمارکراوە. ئەم نمونانە دەبنە سەلمێنەری ئەوەی کە کەسێتی کوردی وەک نەریتێک و یاسایەکی کۆمەڵایەتی پابەندی میواندۆستی و ڕیزگرتنی میوان بوون. خاچاتۆرۆڤ لە باسی گەشتەکەیدا کە (لە مانگی کانونی دووەمی ١٨٨٦ز) ئەنجامیان داوە، کاتێک ڕێگاکان بەفر دایپۆشیبوون و ڕێگایان ونکردووە، دوای سێ کاتژمێر لەناکاو گوێیان لە سەگوەڕ دەبێت، دەگەنە نشینگە زستانییەکانی کورد و دەڵێت:" ئەسپەکەم ڕاگرت و چاوەڕوانی دەرکەوتنی کوردەکان بووم، پاش کەمتر لە پێنج خولەک کوردێک لە بن قاچی

---

(36) م.ب.ڕۆدێنکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٠.
(37) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(38) Там же.
(39) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 184.
(40) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(41) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 93.
* بۆ بینینی نەخشەی خانووە کوردییەکان لە ئەرمەنستان و ئازربایجان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).
(42) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 94؛ Лисициан, Очерки этнографии дореволюционной Армении, с .212.

ئەسپەکەمەوە هاتە دەرەوە. زۆر سەرسامی کردم، وامزانی لە شانشینێکی ئەفسانەییم. بەڵام پاش ماوەیەک ئەوە ڕوون بۆوە، کە ئەسپەکەم لەسەر بانی ئەو کوخە کوردیە ڕاوەستابوو، دواجار لە سەربان هاتینە خوارەوە، نزیکەی ١٥ کورد لە کوخەکەی عومەر ئاغادا بوون، لە بەر من هەموو هەستان و شوێنێکیان دامێ لە نزیک ئاگردانەکە، بەرامبەر خانەخوێکە. هەموویان بێدەنگ بوون و دیار بوو حەزیان لە ئامادەبوونی من نەبوو، لەژێر برۆیاندا سەیریان دەکردم، وەک لۆمەیەک کە من هۆکاری هەموو ئەمانە بووم (وەک دواتر کوردێکیان بۆی ڕوونکردمەوە). بۆ ئەوەی چیتر ئەم دۆخە بەردەوام نەبێت، بە کوردی قسەم لەگەڵ کردن. هەر کە بە زمانی ڕەسەنی خۆیان گوێیان لە قسەکانم بوو، منیان بە پاشای خۆیان دائەنا و دەستیان کرد بە خزمەتکردنم، سەرەتا قاوە و دواتر نانی جۆیان پێشکەش کردم".[43]

(ئۆربیلی) ماوەیەک لە ماڵی (مورتاڵ بەگ) بەڕێوەبەری ئیداری (مۆکس)دا ژیاوە، ڕۆژانە سەرنجی ژیان و نەریتی کوردەکانی داوە، لە سەرەتای ئەیلولی ( ١٩١١ز) لە نامەیەکیدا کە بۆ دایک و باوکی ناردووە، نوسیویەتی:" لە ماڵی بەڕێوەبەر مورتاڵ بەگی کورددا دەژیم، یەکێکە لەو کەسە کەمانەی لە کاتی قەڵاچۆکەدا بەرگری و داکۆکی لە ئەرمەن کردووە، زۆر کەم و بەدەگمەن کەڵەپیاوی وا قۆز و چاکم دیوە، هەرچەندە لە شاری ( وان) زیاتر بەولاوە نەچووە، بەڵام زۆر وریا و زیرەک و ڕەوشت بەرزە، تێجگار ڕێز و قەدرم دەگرێت".[44]

(مینۆڕسکی)یش ئاماژە بە میوانداریکردنیان لە لایەن (سەردار موکری) یەوە دەکات، کە لە ساڵی (١٩١١ز) بانگهێشتی کردبوون بۆ دیوەخانەکەی خۆی لە بۆکان. هەر نزیکی شوێنەکەی بونەتەوە هەر پێنج خولەکێک و کۆمەڵێک سوار پێشوازییان لێکردوون، پاشان کوڕەکەی هاتۆتە پێشوازییان، خزمەتکار و جوتیارەکان خواردەمەنی زۆر و جۆراوجۆریان بۆ هێناونەتە ناو باخچەکەیان کە لە دەوروپشتی حەوزێکدا چەند خێوەتێک هەڵدرابوون. پاش نانی نیوەڕۆ چایی و جارێکی تر خواردنیان لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقا پێشکەش کردوون. هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لەم بانگهێشتەدا خزمەتکارەکانیش بێ بەش نەبوون و بەڵکو قازانێکی گەورە برنجیان بۆ ئامادەکرابوو. ئەوەی سەرنجی (مینۆڕسکی) زیاتر ڕاکێشاوە دوو ماسی گەورەیان بە تایبەتی بۆ ئەم بۆنەیە ڕاوکردبوو.[45] هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو کە :" سەخاوەتی (سەردار موکری) وای لە دراوسێکانی کردبوو کە لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێبکەن و بە کۆمەڵی گەورە گەورە ئەهاتن بۆلای، ئەویش ماوەیەکی درێژ میوانداری دەکردن، من وانازانم کە بەشی زۆری کوردەکانی تورکیا ئەو خوڕەوشتەی موکرییەکانیان هەبێت".[46]

کۆلۆنێل (ئیاس) کونسولی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی لە سابلاغ لە یاداشتی گەشتەکەیدا لە یەکێک لە نامەکانیدا لە ( ١٩١٤/٦/١٨ز) دەڵێت:" لەوەتەی هاتومەتە ئەم ناوچەیە، لە ڕێزێکی تێجگار زۆر، کە من شایەنی نیم، لە خۆشەویستی و ویستی هەموویان یەک یەک کە یارمەتیم دەدەن، هیچی ترم نەدیوە".[47] لە یاداشتی گەشتەکەیدا چەندین نمونەی دەربارەی میواندۆستی کورد تۆمار کردووە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات لە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان (نەغەدە و چیانە)، کوڕی خاوەنی گوندی چیانە، (ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان) لەگەڵ ١٥ سواردا هاتبوون بە پیریانەوە، کاتێک گەیشتوونەتە ئاوایی، جوتیارەکانی ئەوێ لە سەر ڕێگاکەیاندا بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنیان وەستاون و بە گەیشتنیان پیرە مانگایەکیان بۆ سەربڕیوون، (ئەمیر تومان) زۆر بەگەرمی هاتووە بۆ پێشوازییان، ئەمەش وایکردووە کە وێنایەکی جوانی میواندۆستی (ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان) یان لەلا دروست ببێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات لە گوندی چیانە هەواریان لە مێرگەکەدا گرتبوو و بارگەیان لە بەردەمی ماڵەکەی (حاجی نەجەف قولی خان)دا داخست، کە داوەتی کەلانەی نەک تەنها خۆیان، بەڵکو هی هەموو کاروانەکەی کردبوو. لە کاتی جێهێشتنی گوندەکەدا سەرەڕای نەخۆشی گرانەتای (ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان) بڕیاری دابوو تا کێلەشین و دوورتریش تا لاهیجان لەگەڵیان بڕوات. کۆلۆنێل (ئیاس) ئاماژە ئەوە دەکات کە زۆر هەوڵی داوە تا پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام پیرەی سەر سەخت ڕازی نەبووە سوربووە لەسەر قسەی خۆی.[48]

---

(43) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(44) ژ.س.موسائیلیان : هەندێک بیروڕای ئەکادیمیک یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی(چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١٣.

(45) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления,с28.

(46) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления, с28.

(47) کۆلۆنێل پەڵکۆڤنیک ئا.ی.ئیاس: س.پ، ل ٤١١.

(48) هـ .س، ل ٤١٦ - ٤١٧.

لە ڕوانینی ( ڤاسیلیڤا)دا، ئەوەی دەورێکی بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کوردیدا هەیە، باوەڕبوونی کەسێتی کوردییە بەوەی کە ماڵ بۆ میوانانە، ئەم باوەڕە لە ژیانی گوند و کۆچەرایەتی کوردیدا شایەنی سەرنجێکی تایبەتە. هەموو ئاغاکان (دیوەخان)یان هەیە، ئەمە لە گونددا ماڵێکی سەربەخۆ یان ژورێکی تایبەت بوو، لای کۆچەرانیش بەشێک لە ڕەشماڵی ئاغا یان ڕەشماڵێکی سەربەخۆ دەبوو بە دیوەخان، گەڕۆکەکان لە دیوەخان دەمانەوە و شەوان کۆڕی پیاوان دەبەسترا.[49] (مینتیشاشیڤلی) وەک نەریتێکی گرنگی کورد، دەڕوانێتە پێشوازیکردنی کەسانی غەریب، کە بێ گوێدانە ناو و پایەی، خەو و خۆراکی لەسەر ئاغا بووە. ئەوەش دەخاتە ڕوو:" چەندێک گەورەی دێ بەخشندەتر بێت، ئەوەندە لە لای خەڵکی گوندەکەوە ڕێزی لێدەگیرێت. هەر بۆ ڕاگرتنی ڕێز و پایەی ئاغا، دەبێت شوێنێکی هەبێت کە پێی ئەڵێن شوێن یان خانەی میوان ( مەبەست دیوەخانە)، هەرچەندە زۆر جاریش هەر لەماڵ ناچێت، لە زستاندا کاتێک گەشتکەر کەمێ هەر لە ماڵی ئاغا جێیان ئەکەنەوە. بەڵام هاوین کەپرێکی سێبەردار جێگەی دیوەخان دەگرێتەوە، زەوییەکەی بە ڤاڵی داپۆشراوە، سەرینی لەسەر دادەنرێت، هەر لێرەش ڕێبواران نان دەخۆن و شەوی تێدا دەبەنە سەر".[50]

دیوەخان وەکو شوێنێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی دەنگوباس، ئەرکێکی هەرە گرنگتری نیشان داوە، ئاغا بە یاریدەی دیوەخان ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی یاوان دەکرد. خەڵکی ناچار بوون هەموو ئێوارەیەک بچنە دیوەخان، ئەگەر یەکێکیش نەهاتبا ئەوا ئاغا و ریش سپییان گلەیی زۆریان لێدەکرد. ئاغا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هەموو شتێکدا هەبوو، دیوەخانیش شێوازی کۆنترۆڵ و پەروەدەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دابین دەکرد. ڕۆژانە دووبارە بونەوەی نیشاندانی بە کۆمەڵ، وەکو فێرکردنی یاسا بوو، بە شێوازێکی گەلێک کاریگەر بۆ خنکاندنی هەموو ڕەفتارێکی ناحەزانە و بۆ نەهێشتنی بەرەڵایی یاریدەی دەدا کە زۆر باش کۆنترۆڵ و ڕاستکردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی بکرێت، وەکو چۆن لە گوند، ئاواش لە کۆچدا. تەنانەت نەریتی دانیشتن لە دیوەخان خۆی لە خۆیدا هەموو ئێوارانێک نیشانی مرۆی دەدا کە جێگای لە نێو کۆمەڵگەدا لە کوێیە.[51] هەر لە دیوەخاندا هەموو ئێواران لە بەرچاوی هەمووان هەریەکە و بە پێی خۆی ڕێزی لێنراوە، پلەی شوهرەت (ناوبانگی) تیتیکێتی لە دیوەخانی کوردیدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە دەبوو هەموو پیاوانی گوند ئێواران لەوێ کۆببنەوە. لە دیوەخاندا هەموو ئێوارەیەک بەها (قیەم) و یاسا ترادیسیۆنییەکان کاریان پێدەکرا. شێوازی دانیشتن لە دیوەخان خۆی مانایەکی تایبەتی هەبوو و ئاماژە بوو بۆ ملکەچبوونێکی گشتییانەی کەسێتی کورد بۆ ستاتوسی (پلەو پایەی کۆمەڵایەتی) بەرز. جێگە لە دیوەخاندا چەندێک لە دەرگاوە دوورتر بوایە، ئەوەندە دەرخەری پێگە و شوهرەت و ناوبانگی کەسەکە بووە. خەڵکی پلە نزم لە لای دەرگاوە دەوەستان و بەرێزەوە گوێیان بۆ گفتوگۆکانی نێو دیوەخان دەگرت، بەها و یاسا ترادیسیۆنییەکان بەهۆی دووبارە بوونەوەی ڕۆژانەوە کاریگەرییەکی زۆر بنچینەیی هەبوو.[52]

چوارەم : ڕێزگرتنی گەورەساڵان و کولتووری چاکەکردن و تۆڵەی خوێن لەناو کورددا

لای کورد ڕێزنەگرتن لە کەسی پیر و پەککەوتوو ئەو پەڕی بەد ڕەفتاریی و بێڕێزیی دەگەیەنێت. ئەم دابە نەنوسراوە کۆمەڵایەتییە لە هەموو ماڵێکی ئاسایی کوردیدا پەیڕەو دەکرێت و لەوەیە هەموو ئیتیکێکی نوسراو تیرەیی پێبێت. هەروەها لای کوردان نەریت وایە کە دەبێت لە پێشدا گەورە قسە بکات و دوای ئەو نۆرەی گەنج دێت. لە کاتی ئاوگێڕاندا کە دەدرێتە دەستی کەسێک، بەسەر هەمووواندا دەیگێرێت، ئەگەر هیچ یەکێک لەوانەی لەوێن لێیان وەرنەگرت، ئەوکاتە پەرداخە ئاوەکە دەخواتەوە. لە کاتی جگەرە کێشاندا نابێت بە دانیشتنەوە ئاگری جگەرە بۆ ئەوەی ئەنیشت یان دەوروپشت دابگیرسێنرێت و لە پێشدا کەسەکە خۆی جگەرەکەی دادەگیرسێنێت و دوایی ئاگرەکە دەدرێت بەو کەسەی پێویستیەتی.[53]

ئەوەی تێبینی دەکرێت وەک یاسایەک لە نێو کورددا، گەورەترینیان لە نزیک شوێنی ئاگرداندا دادەنیشن و گەنجەکانیش بە پشت بەستن بە تەمەنی خۆیان دوور و نزیکی ئاگردانەکە دادەنیشن، کاتێک یەکێک قسە دەکات، ئەوەی دیکە گوێی لێدەگرێت و تەنها بە ئاماژەکانی سەری ڕازیبوونی خۆی پێ ڕادەگەیەنێت.[54] گەنجی کورد (تەنانەت کوڕەکانی سەرۆک خێڵیش)

(49) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٢٨.

(50) ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ،ل ٥٥.

(51) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٢٨.

(52) هـ. س، ل ٢٢٩، ٢٥٦، ٢٥٧

(53) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وێنەگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و ئاشکۆیەک،ل ٢١١.

(54) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

مافی تەوەیان نییە لەبەردەم بەتەمەنەکاندا دابنیشن، ئەگەر گەنجێکیش بچێتە ناو ڕەشماڵێک بە زۆری دەستی هەموو بەتەمەنەکان ماچ دەکات، ئەوانیش ناوچەوانی ماچی دەکەن.[55]

دەربارەی چاکەخوازیی کەسێتی کورد ، ڕۆدینکۆ ئاماژە بەوە دەکات کورد تا مردن چاکەی کەسیان لە بیرناچێت، وەک باویشە لە نێو کورددا چاکەی خۆیان بە ڕووی کەسدا نادەنەوە. ئەمە لای کورد کاری کردەنی نییە و نەشیاوە، هەروەها خراپەی کەسیشیان بیر ناچێتەوە، دەهری دەبن و تۆڵەی دەکەنەوە، پەندێکی پێشانی کوردی هەیە دەڵێت:" چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاودەوە، کەس پێی نەزانێت ماسییەکان پێی دەزانن".[56]

تۆڵەکردنەوە وەک تەرکێک لە نێو کورددا باوە، لەکاتی ڕووداوی ڕووداوێک، هەر کە دەرفەت بڕەخسێت تۆڵە دەکرێتەوە. لە کاتی جەنگ و کوشتندا، کاتێک دەسەڵات ناتوانێت دوای هەموو کەسێک بکەوێت، کورد بە بێڕەحمی و دڵڕەقانە هەڵدەکوتنە سەر بکەری تاوانەکانیان و تولەی خۆیانی لێدەکەنەوە.[57] ڕۆدینکۆ سەبارەت بە سەندنەوەی تۆڵەی خوێن ئاماژە بەوە دەکات، لە نێو کورددا سەر شۆڕییە تۆڵەی کوژراو نەکرێتەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کوردەکان پەندی پێشینانیان هەیە دەڵێت :" باشترە دەستت بە خوێن سوربێت، تا تەوەی هەق نەستێنیت".[57]

(نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات، کەسوکاری کوژراو مافی تۆڵەسەندنەوەیان لە بکوژ هەیە، بکوژ بەپێی یاساکانی خوێن سزا دەدرێت کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ یان زیاتر لە خێڵ دەردەکرێت، تەگەر پێش بەسەرچوونی تەم ماوەیە کەسوکاری کوژراو بتوانن تاوانبار بکوژن، پرسەکە کۆتایی دێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر لەو ماوەیە نەتوانرا بیکوژن و تۆڵەی لێبکرێتەوە، بە ڕێکەپێدانی ڕیش سپییان و بەتەمەنەکان بکوژ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نێو خێڵەکەی، بەڵام مافی تۆڵەسەندنەوە هەر دەمێنێتەوە.[58] ئاراکێلیانیش ئەوە دەخاتە ڕوو کە تۆڵەی خوێن یاسایەکی کۆمەڵایەتی نێو کوردە، تەگەر کوردێک بکوژرێت، نەک تەنها کوڕ و نەوە و کوڕی نەوەکەی لە سەریانە تۆڵەی بکەنەوە، بەڵکو ئەگەر (٥٠ بۆ ١٠٠) ساڵیش تێپەڕ بێت، ئەو تۆڵەیە دەبێت بکرێتەوە.[59] (خاچاتۆرۆف) تێبینی ئەوەی کردووە، لەناو کورددا تەو بیروبۆچونە باوبووە، کە خوا فەرمان بە تۆڵە سەندنەوە دەدات. کورد بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات تۆڵە لە دوژمنەکەی خۆی بسێنێتەوە. بە وتەی خۆیان ڕۆحی کوژراوانیان تەنیا کاتێک ئاشتی دەدۆزێتەوە، کە خوێنی بکوژەکە برژێنرێت. تا بکوژەکە نەکوژرێت، هەموو ڕۆژێک لەناو خێزانی کوژراوەکەدا گریان بەردەوامە. ئەگەر کوژراوەکە خێزانی لەپاش بەجێبمێنێت، بێوەژنەکە دوای کوژرانی هاوسەرەکەی، کراسەکەی هەڵدەگرێت، لە منداڵییەوە منداڵەکانی بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی کوژراوەکەیان ئامادە دەکات.[60]

بە باوەڕی (مینتیشاشیڤلی) کاری تۆڵەکردنەوە درێژەی دەسەند تا خاوەن هەق هەلێکی باشی بۆ هەڵدەکەوت بۆ تۆڵە سەندنەوەی کەسە کوژراوەکەی. یان کەسێک تەکەوتە نێوان ئەو دوژمنایەتییە، دوژمنایەتیش بە پارە کۆتایی پێدەهات،[61] (نیکتین) بە( فدیە بۆ خوێن )ناوی دەبات و دەڵێت :" پێدانی فدیە ( هەرگیز لەو بڕە پارەیە تێپەڕ ناکات کە شەریعەتی ئیسلام بە سەد وشتر دەستنیشانیکردووە)". [62] ئاراکێلیان ئاماژە بەوە دەکات کە خوێنی کوردێکی ئاسایی بەهای لە (٥ بۆ ٣٠) تمەنە و هی

---

(55) В. Никитин : Курды, c173.

(56) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک،ل ٢١٢

(57) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(57) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک،ل ٢١٢.

(58) В. Никитин : Курды,c214.

(59) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٤.

(60) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(61) ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ،ل ٥.

(62) В. Никитин : Курды,c 214.

کوردێکی ناسراو و دەوڵەمەندیش بە پێی ماڵبات و دەوڵەمەندی و پلەو پایەی لە ( ٥٠ بۆ ٥٠٠) تمەنە.[63] ئەم زانیارییانەی ئەراکێلیان وەک لە ناونیشانی ڕاپۆرتەکەشیدا دیارە تایبەتە بە کوردەکانی ئێران.

لەم نەریتە توندوتیژە بەربڵاوەدا، زۆر جاریش ڕووی گەش و ئاشتییانە دەردەکەوێت، کە دایک و باوکی کوژراوەکە هەندێکجار لە بکوژەکان خۆشبن، بەتایبەتی سەبارەت بەو کوشتنانەی کە بە ئەنقەست ئەنجام نەدرابن، یان ئەگەر بکوژەکە هاتە ماڵ (ڕەشماڵ)ی باوکی کوژراوەکە و داوای لێخۆشبوونی کرد.[64] ڕوش دەدات کە بە ژندان کۆتایی بە دوژمنایەتییەکە بهێنرێت، ئەویش بەو شێوەیەی کە ژنێک یان کچێک بدرێت بە خاوەن هەقەکە و کۆتایی بە دوژمنایەتیەکە دێت و هەردوولا ئاشت دەبنەوە.[65] ئەگەر کوژراوەکە بێوەژنێک و منداڵی لەدوا بەجێبمێنێت، کە داوای لێخۆشبوونیان لێدەکرێت، وەک قەرەبوو مەڕ و مانگا و کاڵای دیکەیان پێدەدرێت، جگە لەوەش بکوژ ناچارە لە هەر کاتێکدا یارمەتی ئەو خێزانە بدات ئەگەر پێویستیان پێبێت.[66]

کوردە ئێزدییەکان لەم بارەیەوە نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە، سەرۆکی خێڵی ئێزدی لە کاتی دوژمنایەتی و خوێنڕشتندا، بۆ نیشانەی ئاشتکردنەوە بۆی هەیە ئەوەی پێی دەوترێت (بەرات) ئاڵوگۆڕی بکات، پاش ئەمە دوو خێڵە دوژمنەکە ئاشت دەبنەوە، بەڵام ئەگەر سەرۆک خێڵێکیان بەراتەکە بگەڕێنێتەوە، دوژمنایەتیەکە سەرهەڵدەداتەوە.[67]

نەریتێکی دیاری کوردان ڕووکردنە بەختە، کە لەلایەک دەبێتە پارێزەر و لەلایەکی دیکە دەرخەری شکۆ و شەرەف و هاودەمی و پێکەوەبوونی کەسێتی کوردییە. بە ڕای (ڕۆدینکۆ) بە خت وشەیەکی ئێرانییە و مانای کامەرانی، چارەنوس، سەرکەوتن دەگەیەنێت. بەڵام لای کورد واتایەکی تریشی هەیە و بە مانای (ڕەوشت، شەرەف، بنەچەباشی، ڕێزداری)دێت، بە مانایەکی تر هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە پارێزەری یاسا، ئەرک و شەرەفن دەگرێتەوە. بۆ نمونە کەسێکی تاوانبار هەر تاوانێکی هەبێت، پەنا بۆ کەسێکی تر دەبات و دەڵێت (ئەوا خۆم خستە بەختی تۆ، پەنام بدە، پشتم بگرە و بمپارێزە) ئەوەی پەنای بۆ براوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی پاراستنی ئەو کەسە دەدات کە هانای بۆ هێناوە، بە هاناوەنەچوون لەم حاڵەتانەدا، بە سەر شۆڕی و شورەیی دەژمێردرێت.[68] (مینتیشاشیڤلی) ئاماژەی بە بەربڵاوی نەریتی بەخت(خۆپاراستن) لەناو کورددا کردووە و دەڵێت:" پەنابردوان بۆ هەر بەختێک بە هەر هۆیەکەوە بێت، هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان لە مردن بپارێزن".[69]

### پێنجەم : کەسێتی کوردی و نەریتی تاڵانکاریی و ڕێگریی

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم ڕێگری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ببوە گرفتێک، ئەمەش کاریگەریی لەسەر وێنەی کورد لای کوردناسان و بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان هەبووە، تەوەی جێگەی سەرنجە زیاتر گەڕیدەکان ڕووبەڕوی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە. دیاردەی دزیی و چەتەیی، یەکێک بووە لەو دیاردە ڕوون و بەرچاوانەی کە بە درێژایی مێژووی نوێ، جێگەی باس و خواسی ئەو گەڕیدانە بووە کە بە مەبەستی جۆراوجۆر سەردانی کوردستانیان کردووە. دزیی و چەتەیی بەشێوەی جۆراو جۆر و لەسەر ئاستی (هۆز، گروپ، کاروانچییەکان) لە کوردستاندا بڵاوبووە، بە گشتی هۆی ئەم دیاردەیە خۆی لە ( نەبوونی ئاسایش و

---

(63) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٤.

(64) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(65) ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل ٥٤.

(66) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(67) ا.م.مینتیشاشڤیلی :س.پ، ل ٥٤.

(68) ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٩٠

(69) ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل٥٤.

کەمتەرخەمی دەسەڵات، هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە، خراپی ڕەوشی ئابووری، بوونی هەستی تازایەتی و جوامێری لە ئەنجامدانی دزی و چەتەیی، ئاکۆکی ناوخۆیی) دەبینییەوە.[70]

ڕۆدینکۆ ئەوە دەخاتە ڕوو کە سەردەمانێکی دوور و درێژ دەربارەی کورد، کە گەلێکی تایبەت و لە ڕووی ڕۆحییەوە دەوڵەمەند و خاوەن بەهرە و توانایە، بۆچوونێکی بێ بنەما و هیچ و پوچ هەبوو، کە گوایە ئەمانە خێڵانێکی کێوی و چەتەن. نەک هەر کولتووری نەتەوەیی و نوسین و ئەدەبی نوسراوی خۆیان نییە، بەڵکو یارای  وەرگرتنی کولتوری خەڵکی تریشیان نییە.[71] هەروەها دەنوسێت :" دەمەوێت یەکسەر بڵێم، ئەم حوکمە زۆر ناڕەوا و ڕەهایە لە دژی کورد، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەندێک زانا ( بەشێوەیەکی سەرەکیش ڕووسەکان) شوێنەواری ئەدەبی نوسراوی کوردیان دۆزیبۆوە، بەڵام بۆچوونی هۆزی تاڵان و بڕۆکەر دەربارەی کورد، دوای ئەمەش هەر بەردەوام بووە. حوکمێکی سەخت و لە ڕەگ و ڕیشەدا ناڕەوای ئاوا، تا ئاستێکی زۆر دەوری لە تراژیدیای چارەنوسی کورددا هەبووە، کە دانیان پێدا نەنراوە، مێژوو کەڕبووە لە ئاست قوربانییەکانیان. لەگەڵ ئەم بارە نالەبارەشدا، کولتوورێکی بایەخداریان بەخشیوەتە کولتووری جیهانی".[72]

(ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی گەڕیدە و نوسەرانی ئەوروپی وەک یەکەیەکی شەڕانی، تاڵانکار و ڕێگر کورد دەناسێنن، نەک وەک یەکەیەکی ئیتنۆگرافی، چونکە ناساندنی لەوشێوەیەی کورد بە جۆرێک لە بەرژەوەندی ئەوان دایە.[73] بە تایبەتی لە بارودۆخی پشێویی سیاسیدا ئەم دیاردەیە زیاتر پەرەدەسێنێت، بۆ نمونە لوڕەکانی ناوچەی بەختیاری هاوشێوەی ئەو هۆز و خێڵانەی کە تاڵانییان کردووە، لەگەڵ دروستبوونی پشێوی لە ئێران، ئەوانیش ئەو دەرفەتەیان بە هەل زانیوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان، (مسیۆ چریکۆف) سەبارەت بە تاڵانی لە گوندەکانی نێوان (بڕۆجێرجد تا گوڵپایەگان) دەڵێت:" دووساڵ لەمەو پێش هاتوچۆکردن لێرەوە دژوار بوو، بە تایبەتی بۆ خەڵکی لاوەکی و فەرەنسی، لەبەر ئەوەی لوڕەکان لەم ناوچەیەدا هەمیشە خەریکی جەردەیی و ڕاو و ڕووت بوون، ئەم دەڤەرەش بەدەستیانەوە نەحەساوەبوو، دوای مردنی (محمد شا) لوڕەکان تەنگیان بەم ژینگەیە هەڵچنیبوو، هەربۆیە سێ هەزار سواری شەڕکەریان لە خەڵکی دەوروبەری (کەمەرە) کۆکردەوە، فەرەیدوون خان سەرۆکایەتی ئەم دژبەرییەی لە ئەستۆگرت و ئەوانی لە سەرەتای دۆڵەکە دامەزراند، کە ڕێگای تاڵانچییانی لووڕ بوو. ئەوانیش لەوێ لە بۆسەی لووڕان بوون، بەڵام جەردەکان بە ڤیتی خۆیان زانی لە ترسی گیانیان خۆیان گەیاندە هەمەدان"[74]

دەربارەی بەربڵاوی تاڵانی و ڕێگری لەناو کورددا وەک نەریتێک و ڕەنگدانەوەی لەسەر وێنەی کورد، (خاچاتۆرۆڤ) لەو باوەڕەدایە کە مەیلی تایبەتی کوردەکان بۆ تاڵانی، ببووە سیمای دیاریان. کورد هەوڵ دەدەن لەسەر حسابی خێڵە ئاشتیخوازە دراوسێکانیان بژین، دانیشتووانی دۆڵەکان کە سەرقاڵی کاری کشتوکاڵن (بەتایبەتی ئەرمەنییەکانی تورکیا) لە هەڵکوتانە سەریان لە لایەن کوردەکانەوە ئازارێکی زۆر دەچێژن. کورد نانی نییە و ناتوانێ بیکڕێت، پاشان دوو سێ هاوەڵ کۆ دەکاتەوە و لەگەڵیان دەچێت بۆ ئەوەی نان لە دراوسێکەی بدزن، کە ئەو زۆری هەیە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات بردنی موڵک وماڵی کەسێکی تر بە چەکەوە بە تایبەت هی (مەسیحیەکان ) نەک هەر قەدەغەنیە، بەڵکو لەلایەن شێخ و بەساڵاچووانەوە هاندراوە، بۆیە کورد هەر لە زووەوە دەست دەکات بە دزی و تاڵانی و کوشتن. گەنجێکی کورد ئەگەر جارێک کاری  تاڵانی یان دزی یان کوشتنی ئەنجام نەدابێت، مافی ئەوەی نییە ناوی کوڕی ڕاستەقینەی گەلەکەی لێبنرێت. نەک هەر پیاوان، بەڵکو ژنانیش بە چاوی بێزێزیەوە لێی ئەنۆڕن و هیچ کچێکی باش ڕازی نابێت شوو بە گەنجێکی لەو شێوەیە بکات.[75] لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە سەختی و شێوازی ژیان لەو قۆناغە مێژووییەدا بە هەموو لێکەوتەکانییەوە، ڕەوشێکی لەو جۆرەی لە نێو نەتەوەکانی دیکەشدا دروست کردووە.

(70) م.ی. نعمەت عەلی مەحمود : دزی و چەتەیی لە کوردستان لە دیدی گەڕیدە بیانییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٥)، ٢٠١٦، ل ١٣٧ - ١٦٣.

(71) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٠١.

(72) هـ .س، ل ٢٠١.

(73) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ١١.

(74) سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف: س.پ، ل ٧٥.

(75) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

سەبارەت بە بەربڵاوی ئەم دیاردەیە (مینۆرسکی) ڕای وایە کە پێوستە لە لایەکی دیکەوە سەیری بابەتەکە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە تاڵانکردن بە ڕۆژی ڕوناک نیشانەی پیسی ئەو فەرمانڕەوایەتییەیە کە تەو جۆرە ڕووداوانە لە سایەیدا ڕوودەدەن.[76] (ژیگالینا)ئاماژە بە تاڵانکارییەکانی سنوری نێوان ڕووسیا و ئێران دەکات، بە بڕوای ئەو تاڵانکارییەکان لە لایەن گروپە تورکمانەکانی سەر بە ڕووسیا و کوردە یاخییەکانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دەدران، تاڵانکارییەکان زۆرتر لە کاتێکدا لە دیوی ئێران و ناوچە کوردنشینەکان لە لایەن (تورکمانەکانی سەر بە ڕووسیا) تەنجام دەدران، کە ئیلخانی بۆجنوورد لە شار نەبووە. ژیگالینا نمونەیەکی ئەو تاڵانکاریانەی باسکردووە کە لە هاوینی (١٨٩١ز) کاتێک ئیلخان لە شار نابێت، دەستەیەکی مەزنی چەتە (یۆمووتەکان - یەکێکە هۆزە تورکمانەکان) هێرش دەکەنە سەر قەڵای (مەغنێ) و بەشێک لە دانیشتوانەکەی دەکوژن و پاش تاڵانکاری بەرەو بیابانەکان دەچن و خۆیان ون دەکەن، بەڵام کوردەکانیش بێبەری نەبوون لە دزینی مەڕ و ماڵاتی تورکمانەکان، تەنانەت خزمە نزیکەکانی ئیلخانیش بەم کارە هەڵدەستان.[77] (مینۆرسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە لە (١٩٠٥ز) بە چاوی خۆی هێرشێکی کوردەکانی بینیوە کە کردویانەتە سەر گوندێک لە سەلماس، لەو کاتەدا جوتیارێک ڕانەکەی ئەلەوەڕاند کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەری، مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەکات کە بە دووربین سەیریان کردووە کە تاڵانکەرەکان ڕانەکەیان پێش خۆیان داوە و بردویانە بۆ سەر شاخ.[78]

(ژیگالینا) لە باسکردنی گوندنشینەکانی خوراساندا، باس لە خۆپارێزی و ئامادەکارییە بنەڕەتییەکانی دانیشتوانە کوردییەکانی ئەو گوندانە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ ڕوبەڕووبونەوەی تاڵانکارییەکان دەکات و دەڵێت:" کوردەکان لە هەندێک گوندی بچوکی داوێنی کوێستانەکان ژیانیان دەبردە سەر، هەرکام لەم گوندانە خاوەنی کوێخای هەڵبژێردراوی خۆیان بوون، خانووەکانی زۆربەی ئەم گوندانە لە قوڕسازکرابوون، کە بە دیوار و بورجگەلی بەرز و لە قوڕدروستکراو دەوریان گیرابوو، تەنانەت بۆ بەرگریکردن لە دانیشتوانی کێڵگە کشتوکاڵییەکان و باخەکانیشیان بورجیان دروستکردبوو تا لە کاتی هێرشی تاڵانکارەکاندا پەناگای جوتیاران بێت".[79]

(خاچاتۆرۆف) ئەوە دەخاتە ڕوو هەرچەندە کوردە جەلالیەکان هەندێکجار لە چیای ئاراراتەوە بە گروپی چەتەیەکی(٥٠ - ١٠٠) کەسییەوە هێرش دەکەنە سەر گوندنشینەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار ڕووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی ئازایانە دەبنەوە و تەنانەت لەلایەن کەسانی ترەوە هێرش دەکرێتە سەریان. زۆرجار ئەمە بەسەر کوردەکانی جەلالیدا دێت کاتێک ئاژەڵی گوندنشینەکان دەدزن و بە دەستکەوتەکانیانەوە دەگەڕێنەوە، لە کەناری چەپی ڕووباری ئاراس، دانیشتوان و گوندنشینە ئەرمەنییەکان پەلاماریان دەدەن و تاڵانیی خۆیانیان لێ دەسێنن و بۆ ئەو کەسانەی دەگەڕێننەوە کە لە لایەن کوردەکانەوە تاڵانکراوە. کوردانی تاڵانچیش، بە دەست بەتاڵی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە چیاکان.[80]

(مینۆرسکی) تێبینی ئەوەی کردووە، کورد هەر شتێکی بە بەرچاودا تێپەڕبوبێت باجی لێ سەندووە. ئەوەشی پەیوەندی بە دزییەوە هەبێت، کوردەکان زۆر باش ئەو ڕێگایانە دەزانن کە دزەکەی پێدەگرن، لە زۆر حاڵەتیشدا فێڵ لە دزەکە دەکەن. سەبارەت بە چۆنییەتی ئەنجامدانی دەڵێت:"دزی و تاڵانی زۆر جار بە سادەییەکی تەواوەوە ڕوو دەدات، جارێکیان ڕێنیشاندەرەکەم بە پێ دەڕۆشت،کوتوپڕ خۆی هەڵدا بۆ پێشەوە و چووە سەر پشتی گوێدرێژێکی بۆر، دوای دوو کاتژمێر خاوەنی ڕاستەقینەی گوێدرێژەکە هات و بە بێ هیچ هاوار و شەڕەشەقێک لێیان سەندەوە".[81]

بەربڵاوی ئەم دیاردەیە، ترسی لە دەروونی بازرگانان دروست کردبوو. (نیکیتین) سەبارەت بە خۆپارێزی بازرگانانی کورد لە دەست تاڵانکردن و ڕوتکردنەوەیان لە لایەن ڕێگرەکانەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، کاتێک بازرگانێک پێویستی بە گواستنەوەی بڕە پارەیەکی زۆر هەبووە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، زۆر جار گواستنەوەی ئەو پارەیەی بە چەند پیاوێکی بەتەمەن سپاردووە،

---

(76) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления,с 35.

(77) Жигалина О. И.: Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв,с151.

(78) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления,с 35.

(79) Жигалина О. И.: Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв,с150.

(80) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(81) В.Ф . Минорский, Курды заметки и впечатления,сс 28, 35 – 36.

پیاوانی ڕاسپێردراو پشت بەستن بە ستافێک برە پارەکەیان هەڵگرتووە و بە ڕێگای تایبەتی خۆیاندا لە ڕێگای شاخ و دۆڵەکانەوە گەیاندویانەتە شوێنی مەبەست.[83]

### شەشەم : ڕێوڕەسم و نەریتی مردووناشتن و پرسە

(ڕۆدینکۆ) لە ئەنجامی بنکۆڵکردن و کارکردنی بە میتۆدێکی ڕیشەدۆزییانە لەسەر هەندێک داب و نەریت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، گەشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بیروباوەڕی کورد دەربارەی ژیانی دوای مردن، تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی زۆر سەرەتایی شارستانیەتییە. بە تایبەتی لەوەدا کە باوەڕیان بە بەردەوامی ژیانی دوای مردن وەک ژیانی سەر زەوی هەبووە و کۆمەڵێک داب و نەریتیان لە کاتی مردنی کەسێک جێبەجێکردووە، کە دەلالەت لەو باوەڕە و بیرکردنەوە سەرەتاییەکان دەکات.[84] هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە کوردانی ئێزدی و موسوڵمانیش باوەڕیان بە ژیانی ئەو دنیا و نەمری ڕۆح هەیە، گیانە پاکەکان بە بۆچوونی کوردەکان دەچنە بەهەشت، بەڵام گوناهبارەکان بەسەرزەویدا دەخولێنەوە.[85] ئەم سەرنجەی ڕۆدینکۆ جێگەی هەڵوەستەکردنە، چونکە لە نێوان باوەڕدارانی ئاینی ئیسلام و ئێزدیدا جیاوازی سەبارەت بە ژیانی ئەو دنیا و نەمری ڕۆح و پاداشت و سزا هەیە. ئێزدییەکان باوەڕیان بە چونە بەهەشتی گیانە پاکەکان و مانەوەی گیانە خراپەکان لەسەر زەوی هەیە، نەک موسوڵمانەکان.

ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن لای کورد، تایبەتمەندی خۆی هەیە. مردوو دەشۆردرێت، لە کفنی قوماشێکی لۆکەوە دەپێچرێت، پاش ئەوە دەخرێتە گۆڕەوە، دەم و لوت و گوێی مردوو لۆکە ئاخن دەکرێت. ئەگەر وا ڕێکبکەوێت مردووەکە لە ڕۆژی مردنیدا نەشاردرێتەوە و ئەسپەردە نەکرێت، ئەوا بەردێک و ئاوێنەیەکی بچوک دەخەنە سەر سنگی ڕووە و دەم و چاوی.[86] کە تەرمەکە لە ماڵ برایە دەرەوە، ژنان دەست بە گریان و شین دەکەن، پڕ لە ترس دەقیژێنن، بەرگ لە بەری خۆیاندا ئەدڕێنن، سەری خۆیان دەنێنە قوڕ و خۆڵەمێش.[87]

لە نێو کوردانی ئێزدیدا لە کاتی نزیکبونەوەی مردنی کەسێکیان هەواڵ بە شێخ و پیری هۆزەکە دەدرێت، کە بەردەوام لای ئەو کەسە دەبێت. کاتی مردنی کەسەکەش، شێخ نوێژ و دۆعا دەخوێنێت. کەسوکار و دۆست و گوندنشینان لە ماڵەکەی دا کۆدەبنەوە، ژنان دەست بە شین و گریان دەکەن و جار بەجار هاوارێکی بەرز دەکەن و ڕوومەتیان دەڕنن. لە نێو کوردانی موسوڵمانیشدا، کاتێک مرۆڤ لە سەرەمەرگدایە خزمەکانی بە زۆری بە مەلایەک دەڵێن کە دوعایەک لە قورئان (سورة یاسین) دەخوێنێتەوە بە سەریدا، کەسی مردوو ئەگەر پیاوبێت ئەوا لەلایەن مەلاوە دەشوردرێت و ئەگەر کەسی مردوو ژن بێت لە لایەن یەکێک لە ئافرەتە بەتەمەنەکانەوە دەشۆردرێن[88].

لە نێو ئێزدییەکاندا نەریتێک هەیە، لە کاتی مردنی کەسێکیاندا شێخی ئێزدییەکان چنگێک خۆڵ دەکاتە دەمی مردووەکەوە، وەک ئەوەی خۆڵی گۆڕی شێخ ئادی بێت. کەسوکاری دەگرین و دەیلاوێننەوە تا ئەو کاتەی تاریک دایەت، ئەوسا بێدەنگ دەبن.[89] تا ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم، دوای کۆچی دوایی کوردێکی ئێزدی (شێخ) دەهاتە ماڵی کۆچکردوو، ئەگەر کۆچکردوو ئافرەت بوویێت لە بری (شێخ) ژنی شێخ دەهاتە ماڵەکە، یەکێک لە کەسوکاری کۆچکردووەکە قوماشێکی سپی (لە ١٢ بۆ ١٥ م) ئامادە دەکرد و شێخ پیاوە مردووەکەی لە ژوورێکی جیادا دەشۆرد، ژنی کۆچکردووش لەلایەن هاوسەری شێخەوە دەشۆردرا.[90] نەریت وابوو شێخ کفنی بۆ دەکرد، پاشان ئاو گەرم دەکەن و لە لایەن (شێخ) یان (خێزانی کۆچکردوو)

---

(83) В. Никитин : Курды,сс 212 – 213.

(84) Руденко М. Б.: Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: ГРВЛ, 1974. С 85.

(85) م.ب. ڕۆدینکۆ : وێنەگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل٢٢٩.

(86) В. Никитин : Курды,с187.

(87) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٤.

(88) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 164,166.

(89) م.ب. ڕۆدینکۆ : وێنەگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨.

(90) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 147.

مردووەکە دەشۆردرێت، دوایی کفن دەکرێت و دەخرێتە تابووتەوە بە دۆعا و نزا بەرەو گۆڕستان دەبرێت. لەسەر گۆڕەکە سێ جار بەرز دەکرێتەوە و دواتر دەیخەنە گۆڕەکەوە، ئێزدیەکان ڕووی مردووەکانیان دەکەنە ڕۆژهەڵات و موسوڵمانەکانیش ڕوویان دەکەن مەککە.[91]

کاتێک یەکێک لە شینگێڕان ئایەتێکی نزا یان لاواندنەوەیەک تەواو دەکات، کەسوکاری کۆچکردووەکە خەم و ئازاریان دەردەبڕن، دەست دەکەن بە ڕنینی دەم و چاویان. لەکاتی بەڕێوەبردنی پرسەی کۆچکردووەکەدا، خزمەکانی کۆچکردووەکە ( ژن و پیاو ) لەسەرەوە دادەنیشن. لە پرسەی ژناندا، ئەو ئافرەتانەی کە ئاشنای کۆچکردووەکەن ڕادەسپێردرێن بۆ ئەوەی نەهێڵین کەسی کۆچکردووەکە بە سەختی ئازار و ئەشکەنجەی خۆیان نەدەن.[92]

دوای ناشتنی مردوو، دیسان لاواندنەوە و شین دەست پێدەکاتەوە. دواتر خوانی یادەوەری ئامادە دەکەن کە تەنها پیاوان بەشداری تێدا دەکەن، ئاگر لەسەر گۆڕەکە دەکەنەوە، کە دامرکایەوە دەڕۆنەوە بۆماڵەوە. پێش ئەوەی بەرەو ماڵ بینەوە ئەو پیاوانەی خزمی یەکن ڕیز دەبەستن و ئاسیاوەکانیش دەڵێن :" بۆ ئەوەی تۆ و کوڕت بژین، بۆ ئەوەی یەزدان دیوارێکی پۆڵایین بەرامبەر مردن دابنێت، بۆ ئەوەی ئەمە دوا خەمی ئەم ماڵە بێت".[93]

لە ماڵەکەدا لەو شوێنەی کە مردووەکەیان تێدا شۆردبوو، چرا هەڵدەکەن و هەموو شەوەکە دەسوتێت، ئێزدییەکان باوەڕیان وایە بەم کارەیان گۆڕی مردووەکە ڕووناک دەبێت. هەمیشە لە ئێوارانی هەینیدا، لەسەرگۆڕی مردووەکە مۆم دادەگیرسێت.[94] دوای گەڕانەوەیان لە گۆڕستان و ناشتنی مردووەکە، ئێزدیەکان چرایان لەو شوێنەی مردووەکەیان لێ شوشتبوو دادەگیرساند، چراکە هەتا خۆر هەڵاتن دەسووتا، پاش کوژانەوەی دووبارە دادەگیرسێنرایەوە و تا سێ شەو بەردەوام بووە. مەبەستی ئێزدییەکان لە ئەنجامدانی ئەم نەریتەی پەیوەست بە بایەخی ئاگرەوە بە پێی باوەڕی ئەوان لە قیامەتدا ڕۆحی کۆچکردوو بە ڕووناکی دەدرەوشێتەوە.[95]

لە نێو کوردانی موسوڵماندا، کەسوکاری مردووەکە ماوەی چل ڕۆژ چێشت و خواردن لە ماڵەکەدا لێنانێن، دراوسێکانیان خواردنیان بۆ دەهێنن. حەوتەوانە و چلە بۆ مردووەکە دەگرن، سەردانی گۆڕەکەی دەکەن، جلەکانی دەدەن بە هەژاران. بە درێژایی پازدە بۆ بیست ڕۆژ مەلا قورئان لەسەر گۆڕی مردووەکە دەخوێنێت. نزیکەکانی ماوەی ساڵێک ڕەش دەپۆشن، ژنان جل و سەرپۆشیان ڕەش دەبێت. لەم کاتەدا نە دەچنە زەماوەند و نەهیچ ئاهەنگێک.[96] تا ساڵیادی کۆچی دوایی مردووەکەیان، خانەوادەی کۆچکردوو ماتەمینی دەگێڕن، لەو ماوەیەدا خۆیان بەدوور دەگرن لە خۆشی و شادی و ئاهەنگ. بە هەمان شێوە بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو هەموو ئەو شتانەی ڕەنگیان سوورە لە ماڵەکەدا قەدەغە دەکرێن، وەک پۆشینی جلی سوور، هاوکات خوری ڕەنگ ناکەن، قژیان لە خەنە ناگرن. تەنانەت ماتەمینی ئەو ساڵە هەندێک جۆر و شێوازی ئامادەکردنی خواردنیش دەگرێتەوە[97]

کە ماوەی ماتەم بەسەرچوو، ئاغا یان کەسێک لە خزمان شتێک لە بەرگ یان پارە بۆ هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە ئەهێنێت، خۆی یەکسەر بەرگی ڕەشیان پێ ئەگۆڕێت و ماتەمی کۆتایی دێت.[98] هەندێکجاریش بۆ کۆتاییهێنان بە ماتەم دراوسێکان دێن و بانگی بۆنە و ئاهەنگیان دەکەن، جلی ڕەشیان پێدادەکەنن دڵیان دەدەنەوە:" مردووی هەموو لایەکمان بوو، کاتی ئەوە هاتووە پرسە بشکێندرێت، نابێت ئەم خەمە هەروا بەردەوام بێت" .[99] هەوڵ لەگەڵ ئافرەتانی تازیەبار دەدەن، کە خەنە بگرنە سەریان، ئەگەر قبوڵیان کرد ماتەم کۆتایی دێت ژیانی خێزانەکە دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی.[100]

---

(91) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨.

(92) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 14.

(93) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 166. ؛ م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەل ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨.

(94) В. Никитин : Курды,,cc 188 – 189.

(95) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 166. ؛ Амине Авдал: Быт курдов Закавказья, с.٢٣٠ .

(96) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨ - ٢٢٩.

(97) В. Никитин : Курды,с189.

(98) ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل ٥٤ - ٥٥.

(99) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٩.

(100) В. Никитин : Курды,с189.

## حەوتەم : نەریتی شین و لاواندنەوەی مردوو

شین و لاواندنەوە شوێنێکی دیار و تایبەتی و بەرفراوانی لە ئەدەبیاتی زارەکی و میللی کوردیدا گرتووە، ئەم بابەتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی کەسێتی کوردییەوە هەیە، ئەویش مردنە. دەوڵەمەندی ئەم بابەتە بەپێی شوێن و باری جوگرافیا و ئەو زارە کوردییانە تەگۆڕێت کە کورد قسەی پێدەکات. تەنانەت بە پێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش ناوێکی تایبەتی هەیە، هەرچەندێک ناوەکان لە ڕووخساردا جیاوازبن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وەک یەکن (بەیتی شین و شەپۆر، چانییە، شیوەن، سەردولکە، گریان، شین)ی پێدەوترێت. کوردەکانی تورکیا و سوریا و یەکێتی سۆڤییەتی جاران بەیتی شین( کلامێ شینێ)ی پێدەڵێن. لە لای کوردەکانی عێراق بە شین و لاواندنەوە یان سەردولکە یان شین، ناسراوە. کوردانی لوڕ شینی چەمەری پێدەڵێن.[101] شین و لاواندنەوە دەربڕینێکی قوڵ و ناخۆشی خەمباری و دڵتەنگییە بە شێوەیەکی شاکارانە، ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئاوڕدانەوە لەو نهێنییانەی لە گیانی کۆمەڵانی خەڵکدا شاردراونەتەوە، کە سامانێکی بەنرخی ڕاز و نیازی دەروونی تیا دەبینرێت.[102]

( ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات کاتێک یەکەمجار گوێی لە لاواندنەوە و شینی کوردی بوو، سەرسام بووە بە جوانی و هۆنینەوەی دانسقە و دەگمەن، سیستێمی وێنەی شیعری و فۆڕمی تایبەتمەندی شینی کوردی. وەک فۆلکلۆرناس و ئیتنۆگرافێک لە دڵەوە حەزی کردووە تۆماریان بکات و ئاماژە بەوە دەکات :" بە چێژو خۆشییەوە کوردەکان ئەفسانە و ڕاز و داستانیان بۆ دەگێڕامەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێگایان نەدا لاواندنەوە و شینگێڕی مردووەکانیان تۆمار بکەم. بەڵام دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانیم چەردەیەکی چاکی ئەو لاواندنەوە و شیننامانە تۆمار بکەم. لێرەدا زانینی زمانی کوردی و ڕێزم بۆ داب و نەریتی ئەو گەلە هاوکارم بوون، کە هەمیشە متمانەترین کلیلن بۆ نهێنی ڕۆحیان".[103]

لاواندنەوەی کەسێتی کورد، پەیوەندی بە یەکێک لە نەریتە هەرە کۆن و جێگیرەکانی مێژووی کورد (بەخاکسپاردنی مردوو)ەوە هەیە.شیوەن و لاواندنەوەی مردوو و ناشتنی، کەرەستەی ئیتنۆگرافی و مێژوویی ناوازەی لە هەناوی خۆیدا پاراستووە، دەکرێت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لێیان نەریتە بەسەرچوو و ونبووەکان دەست نیشان بکرێن. ئەم ژانرە تایبەتەی فۆلکلۆر، سەرنجی زۆر توێژەری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بە جۆرێک شین و لاواندنەوەیان وەک بەنرخترین کەرەستەی هونەری میللی بۆ لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژییای میللی ناساندووە.[104]

هەوڵی پاراستنی شین و لاواندنەوەی مردووان بە نهێنی، تایبەتمەندی زۆر گەلانی تریشە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە گەلان بە گەنجینەی بەهاداریان دەزانن و خۆشیان زۆر بە پارێز و هەستەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. دابی مردووناشتنی کوردان شوێنەواری دێرینی پێوەدیارە. (ڕۆدینکۆ ) ئاماژە بەوە دەکات ناشتنی مردوو لای کوردان ئەوەندە کاریگەرە، کێ زۆر دڵڕەقیش بێ ناتوانێت خۆی بگرێت و نەگری.[105] ئاماژە بەوە دەکات کوردەکان بە دەنگەوە گۆرانی بۆ مردووەکانیان دەڵێن و شینی بۆ دەگێڕن،زۆربەی کات کورد لە دەرەوەی مەراسیمی پرسەدا گۆرانی پرسە ناچڕن، وەک ڕێسایەک ناوی مردووان نابەن، ئەمەش ترسی هێنانی مەرگ ڕووندەکاتەوە.[106] بوونی گۆرانی تایبەت بە پرسە لەنێو کورددا، بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر

---

(101) دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ : ڕێ و ڕەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، چاپخانەی هەولێر اوفیست کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٦.

(102) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов IV годичной научной сессии ЛО ИНА, Май 1968 года,Ленинград, 1968, С. 87.

(103) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٩.

(104) Руденко М. Б.: Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре , С83 .

(105) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨ - ٢٢٩

(106) Руденко М. Б. : Несколько курдских похоронных песен из собрания рукописей А. Д. Жаба, Письменные памятники Востока, Историко-филологические исследования. Ежегодник 1973, М.: Наука, ГРВЛ, 1979, С.168.

پەیوەندی نێوان گۆرانی پرسە و نەریتەکانی پرسە و ناشتنی مردوو دامەزراوە، تایبەتمەندی چڕینی گۆرانیەکان ئەوەیە کە پشت ئەستوور نییە بە دەقی نوسراو[107].

لە ئەدەبیاتی لاواندنەوەدا، بابەتی دۆعای شەڕکردن هەیە، دۆعاکەرەکە واز لە هەموو خۆشی و شادییەک دەهێنێت لە دوای مردووە نزیکەکەی و ئەیەوێت خودا لە هەمووی بێبەش بکات*، ناخۆشترین شت لای کوردانی ئێزدی دۆعای شەڕە، وەک ئەوە کە دەڵێن (بلا کۆتەڵی ڕەش بەر دەرێ تە بگەڕێ). لای کوردە ئێزدی و موسوڵمانەکانیش، ئەوە باوە لە ڕۆژی زەماوەندندا خۆیان دەڕازێننەوە. بووک دەست و پێی لە خەنە دەگرێت، لە شینگێڕانی کورددا کاتێک دەوترێت (حنا زاعقاتێن برا ھینە سەر نەینۆکا) مەبەستیان ئەوەیە زاوا بمرێت لە کاتێکدا هێشتا خەنەی سەر نینۆکی دەست و پێی بووک کاڵ نەبوبێتەوە.[108]

هەشتەم : خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شینگێڕانی کورد

بە پێی تێبینییەکانی ڕۆدینکۆ نەریتێکی هاوبەشی کوردانی ئێزیدی و موسوڵمان لە کاتی شیوەن و چڕینی گۆرانی پرسەدا، ئەوەیە کە بەرامبەر هەر زیندووێک کە هەمان ناوی مردوەکەی هەیە، لە ترسی ڕاچڵەکین و ئازاری گیانی کۆچکردوو بە یادکردنەوەیەکی ناوەختە، خۆلادەدەن لەو ناوە[109]. شینی کوردی هەمیشە ئەم نیشانانەی پێوە دیارە ( تکاکردن، ناڕەحەتی، بێزاری، سەرزەنشتکردن، سەرکۆنەکردن) بەمە داوا لە حەکیم دەکەن کە چارەی مردووەکە بکات**، گلەیی کردن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە تەنها گۆڕی مردووەکە نەبێت، چارەسەریش جگە لە کیس چوونی مردووەکە نەبێت هیچی تر نییە.*** لە شینگێڕانی کوردیدا، ئاوڕ لە هەستی دەروونی خزم و کەسوکار بەرامبەر مردووەکە دراوەتەوە****.[110]

هەردوو هزری کۆچەریی و شارنشینی ڕەنگدانەوەیان لەسەر گۆرانی پرسە لە نێو کورددا هەبووە، گۆرانی تایبەت بە پرسە و شینگێڕانی کورد لەگەڵ ژانرە فۆلکلۆرییەکانی دیکەی کوردیدا پەیوەندی هەیە.[111] سروشت لە شینی کوردیدا جێگایەکی دیاری هەیە، لوتکەی شاخاوی بە بەفر داپۆشراو، درەختی گەڵاوەریو، کانیاوی سارد، بەهاری ڕەنگین و ئاوی بارانی بەخوڕ، گیای بۆنداری بەربڵاو هەموو ئەم جۆرە درێژە پێدانانە بە شێوەیەکی ئەندامی لەگەڵ هۆکارە سەرەکییەکەی شینەکەدا ئاوێتە دەبن. سروشت هەمیشە بە ئاسانی خزمەتی دەوروبەری ناکات، بەڵام خۆی لە خەمی قارەمانەکانی ڕووداوەکە بەشداری دەکات.[112]

خەسڵەتی نەگۆڕاوی دابی مردووناشتنی کوردەواری، لاواندنەوە و شینگێڕییە. مردوو نەلاواندنەوە و نەگریان بۆی، بە شورەیی و ڕێزنەگرتن لە یادی مردووەکە دادەنرێت. بۆیە ئەوانەی لە غەریبی دەمرن و نالاوێنرێنەوە کۆستیان ئێجگار سەختە. لاواندنەوەی مردوو، یەکسەر دوای گیان لەدەستدانی ئەو کەسە دەست پێدەکات، لەو کاتەوەی مردووەکە هێشتا لەماڵەوەیە، لە ڕێگادا بۆ گۆڕستان و لەکاتی ناشتنیدا لاواندنەوەکە بەردەوامە، بەڵام هەر بە ڕۆژ شین و لاواندنەوە دەکرێت. چونکە بە باوەڕی کوردەکان ئەگەر لە شەودا یان لە ئێواراندا شین و لاواندنەوە بۆ مردوو بکرێت ئەوا گۆڕەکەی تەنگ و تار دەبێت.[113]

ڕۆدینکۆ ئاماژە بەوە دەکات لە پرۆسەی کاری مەیدانیدا دەربارەی تۆمارکردنی لاواندنەوە و نەریتی پرسەی کوردی، سەرنجی ئەوەی داوە هەندێک لە گۆرانییەکانی ( دیلۆکی غەریبی) لە کاتی پرسەدا دەگوترێن، ئەگەرچی کۆچکردوو (کوڕ یان کچ)ێکی بێ هاوسەر بێت، بەڵام پێکهاتەی تێکستەکە لە هۆنراوەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە

---

(107) Руденко М. Б.  : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья ,С. 87.

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە (٣٠).

(108) Там же,С. 73,74,87

(109) Руденко М. Б. : Несколько курдских похоронных песен из собрания рукописей А. Д. Жаба,
с 168.

** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ١٦ ، ١٧، ٤٠).

*** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ١٧، ٣١).

**** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ٢٣، ٢٥).

(110) Руденко М. Б. :  Похоронные песни курдов-езидов Закавказья,С. 73.

(111) Там же, с 87.

(112) Там же,С. 74.

(113) ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، س.پ.ن ٢٢٩.

نامۆیی و غەریبی کاتی زەماوەندی کچ، دەگۆڕدرێن بۆ ئازار و لێکەوتەکانی مەرگی کۆچکردووەکە (کوڕ یان کچ) بێت بە ڕەچاوکردنی گۆڕانکاری لە دەربڕینە تایبەتەکان بۆ هەریەکەیان.[114]

جۆرە لاواندنەوەیەکی تر هەیە، پیاوان و ژنان پێکەوە بەشداردەبن. ئەم جۆرە لاواندنەوەیە تەرخانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە غەریبیدا دەمرن. دەردی ئەم جۆرە مەرگە لای کەسێتی کورد زۆر گرانە، بۆیە لاوێنەرەوەکان لە لاواندنەوەکەیاندا ناگرین، چونکە مردووەکە لە وڵاتی خۆیدا بە خاک نەسپێردراوە تا داب و نەریتی باوی خۆیانی بۆ جێبەجێبکەن. لەمەش ناخۆشتر و قورستر مەرگی ئەو کەسانەیە کە بە ناهەق دەیانکوژن و تۆڵەیان ناسەندرێتەوە* .[115]

لاواندنەوەی مردوو لای کوردە ئێزدییەکان شاعیرانە و خەمڵاو و سەرنجڕاکێشترە، تا لای کوردانی موسوڵمان کە زۆر ساکارە، سەرەڕای ئەمەش ئێزدییەکان بەناوبانگن بەوەی کە لە لاواندنەوەدا زۆر هونەرمەند و لێزانن. بۆیە زۆر جار کوردانی موسوڵمان لەم کاتانەدا کە مردوویان لێدەمرێت، لاوێنەرانی ئێزدی بانگهێشت دەکەن بۆ لاواندنەوەی مردووەکانیان.[116] شین و لاواندنەوە لە ناو ئێزدییەکاندا پیشەیەکی تایبەتی نییە کە تایبەت بێت بە گروپێکی دیاریکراو، بەڵام هەندێک کەس شارەزایی باشتریان لە شینگێڕاندا هەیە. زۆر جار وا ڕێکدەکەوێت لە کاتی مردنی کەسێکدا وەک پیاوێکی گەورە و ناودار یان سەرۆک هۆزێک، ئامادە دەبن و لەماڵی مردووەکە بە تایبەتی بانگ دەکرێن بۆ لاواندنەوەی. بەیتی شین و لاواندنەوە لە ناو کورددا هەرگیز بە کۆمەڵ نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە لایەن یەکێکەوە بە تەنها وتراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تێکستی لاواندنەوەکە بمێنێتەوە، تەوانەی لاواندنەوەکە دەڵێن بە نۆرە دەیڵێن بە بێ ئەوەی یەکیان بەسترابێتەوە بە ئەوی تریانەوە.[117] سوڕە سەرەکییەکانی گۆرانی پرسە تایبەتن بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بابەتەکانی ئەو گۆرانییانەی کە لە شینگێڕاندا ژنان و پیاوانیش بۆ مردووەکانیان بە تایبەت بۆ کەسوکاریان دەیچڕن، سەرۆکی بنەماڵە، خزمە دوورەکان، زاوا، بووک، سەرۆک خێڵ، پیرانی خێڵ.** [118]

ئەتوانین شینی کوردی دابەش بکەین بۆ دوو زنجیرە (شینی ژنان، شینی پیاوان). لە شینی ژناندا زیاتر ڕەگەزی لیریک و دڵداری زاڵە لەگەڵ دەربڕینی بێزاری لە تەنهایی و خەم و ئازار بۆ مردووە لە کیس چووەکە، لەم شینەدا داوا لە مردووەکە دەکرێت کە ئەمانیش لەگەڵ خۆی بەرێت [119] لە پاش ژنان، پیاوان دەست دەکەن بە شین و لاواندنەوە، پیاوان هەر بۆ پیاو دەگرین، بەڵام واش ڕێکدەکەوێت کە بۆ مردنی ئافرەتیش بگرین و بیلاوێننەوە، ئەوەش لە کاتێکدا کە ئافرەتە مردووەکە هەندێک خاسیەتی تایبەتی تێدابێت، وەک ئازایەتی و نەبەردی و زیرەکیەکی لە ڕادەبەر، یان ئەگەر سەرکردەی هۆزەکەی گرتبێتە دەست، ئەوا لەم بارەدا پیاوان بۆی دەگرین و دەیلاوێننەوە.[120] تایبەتمەندی شینی پیاوان لەوەدایە کە پڕە لە ڕەگەزەکانی داستانی قارەمانییەتی و لیریک و لە ناو شینەکەدا دەربارەی ئازایەتی و بڕیاری سەرکەوتن لە شەڕ و ڕمبازێدا دەدوێن** و خۆشەویستی باوک و کوڕ دیارە.[121]

## نۆیەم : کولتوور و نەریتی کۆتەڵ گێڕان

---

(114) Руденко М. Б. : Курдские лирические чужбинные песни цикла “dilokê xerîbîyê” и их связь с погребальным обрядом , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: Наука, ГРВЛ, 1973, сс113 – 114.

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ١٨ ، ١٩، ٢٧ - ٢٨)

(115) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья,С. 73.

(116) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٣٠.

(117) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья,С. 72.

** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) .

(118) Там же, с 87.

(119) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ١ - ٢١).

(120) م.ب.ڕۆدێنکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٩ - ٢٣٠

** بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) شینگێڕانی ژمارە ( ٢٢ - ٤٤).

(121) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья,С. 72.

له بەشی لاواندنەوەی پیاواندا، خاسیەتێکی تایبەت هەیە بۆ هۆنینەوەی شینەکە ئەویش دابی (کۆتەڵ)ە، کە هەر پیاوان بەشداری تێدا دەکەن. کۆتەڵ بریتییە لەوەی کە ئەسپی مردووەکە کە خۆی لە ژیانیدا سواری ئەبوو، زین دەکرێت و جل و بەرگی مردووەکە دەخەنە سەر زینی ئەسپەکە و تفەنگەکەی پێدا هەڵدەواسن و کڵاوەکەی لەسەر دادەنێن.[122] بەکارهێنانی ئەسپ لە دابی کۆتەڵگێڕاندا، پەیوەندی بە نزیکی و پەیوەندی توندی نێوان کەسێتی کورد و ئەسپەوە هەیە. سەختە وێنای کورد بەبێ ئەسپەکەی بکەین، چونکە ئەسپەکەی هاوڕێ و هاودەمی شەڕ و ئاشتییەتی. کورد نەک هەر بە چاکی لە جۆر و ڕەسەنی ئەسپ، بەڵکو لە خو و حەز و ڕەفتاریشی بە وردی تێدەگەن و دەیزانن. کورد داوای یەکجار سەختی لە ئەسپەکەی هەیە، ئەسپ دەبێت نەک هەر خۆڕاگر و بەهێز و خێرابێت و تەم تایبەتمەدییانە بەس نین بۆ چاکی ئەسپ، بەڵکو ئەسپ دەبێت بەوەفا و دڵسۆزی خاوەنەکەی بێت کە تەمەیان گرنگ و سەرەکییە. ئەرکی دووەمی ئەم ڕازە ئەوەیە، بە ئەسپێک ناوترێت ئەسپ، کە سوارەکەی کەوت، بڕوا و بە تەنها جێیبهێڵێت، ئەسپی ڕاستەقینە دەبێت ڕاوەستێت تا خاوەنەکەی هەڵدەستێتەوە و لە سەر زینەکەی دادەنیشێتەوە. بەم نیشانەیە و هەندێک نیشانەی تر کوردان ئەسپی بە کەڵک و بێ کەڵک لێک جیا دەکەنەوە.[123]

ئەسپ هەمیشە شوێنێکی تایبەتی لە ژیانی کوردەواریدا داگیرکردووە، لە خەم و خۆشیدا، ئاهەنگی هاوسەرگیری، پرسە و نەریتی کۆتەڵ، ئەسپ بەشدارییەکی کارای هەیە. لە گۆرانی داستانی کوردیدا، ئەسپ لە پاڵ سوارچاکە ئازا و دلێرەکەیدا شوێنێکی شەرەفمەندانە داگیر دەکات. (ئەرستۆڤا) لەم بارەیەوە دەڵێت : " زۆرجار لە شەڕکردن دا لە دژی دوژمن ، پاڵەوان بە ئەسپێکی دڵسۆز، ڕزگار دەکرێت. سوارچاک و ئەسپەکەی لەدەوری ڤاکتێک دەسوڕێنەوە، کە زۆرجار مەرگ و ژیان پشت بە ئەسپ دەبەستێت. لە مەڕاسیی کۆچی دوایدا، ئەسپ بەکار دەهێنرێت، وێنەی ئەسپێک لە سەر گۆڕی مردووەکە دەنەخشێنرێت، ئەگەر کۆچکردووەکە سوارچاک بوبێت.[124]

نەریتی کۆتەڵ لەناو کورداندا باوە، وەک ڕێزلێنانێک تایبەت بووە بەو کەسانەی کە بە ( ئازایەتی، بوێری، جەنگاوەری، ئەندامانی فەخری خێڵ) ناسرابوون، لە ڕۆژی بەخاکسپاردنیدا بەڕێوە دەچێت و تەنیا پیاوان تێیدا بەشدار دەبن .[125] ئەگەر مردووەکە پیر بوبێت ڤوماشێکی ڕەش و ئەگەر گەنج بوبێت ڤوماشێکی ڕەنگا و ڕەنگ بە ملی ئەسپەکەوە دەدوورن و بە گوندا دەیگێڕن. [126] لە کاتی ئامادەکردنی کۆتەڵدا، کلکی ئەسپەکە ناهۆنرێتەوە. ئەگەر مردوەکە گەنج بوبێت و ڕەنگی ئەسپەکەی سپی بێت ئەوا کلکی ئەسپەکە دەگرنە خەنە، یەکێک لە پیاوانی هۆزەکە ئاڵای هۆزەکە هەڵدەگرێت و لە پێش ئەسپەکەوە دەڕوات و ماڵ بە ماڵ بە گوندەکەدا دەگەڕێن و باسی ڕۆژانی ڕابردوو و نەبەردیی و سەرکەوتنەکانی کە لە جەنگدا تۆماری کردووە و خەمناکی مردنەکەی دەکەن.[127] ئەگەر مردووەکە کوڕی لە پاش بەجێمابێت، ئەوا کوڕەکەی کۆتەڵی بۆ دەگێڕێت، ئەگینا هۆزەکەی بە تێکڕایی بۆی دەگێڕن، بەمشێوەیە هەستی دەرونیان دەردەبڕن و ئەیاڕێنەوە. لە کاتی کۆتەڵ گێڕاندا، کۆمەڵێکی دیکە بە سواری لە گوندێکی دراوسێ یان نزیکی ئەو گوندەی کۆتەڵی تێدا دەگێڕدرێت دێن بە پیر ئەم کۆتەڵە و ئەو خەڵکەی کە مردووەکەیان لێ مردووە. ئەمانیش کۆتەڵی بۆ دەگێڕن و بەشداری شینەکە دەکەن و هەستی خۆیان بە بۆنەی مردنی ئەم کەسەوە دەردەبڕن، بەم کۆمەڵە دەوترێت ( هاواری).[128] دابی کۆتەڵگێڕان، زۆرتر نەریتێکی نێو کوردەکانی قەفقاز بووە. بە پێی زانیارییەکانی (ڕۆدینکۆ) لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆتەڵگێڕان لە نێو کوردانی گوندنشین پارێزگاری لێکراوە و ماوەتەوە. تێبینی ئەوەی کردووە کە نەریتەکە وردە وردە بەرەو لەناوچون دەچێت.

(122) Руденко М. Б.: Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре ,с 86.

(123) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١١.

(124) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья, с 191.

(125) Конь «с расплетенным хвостом» — Delberday (Делбардай ,(http://kurdist.ru.٢٦/٠١/٢٠١١/

(126) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٣٠

(127) Руденко М. Б. :  Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, сс. 72 -  73.

(128) Руденко М. Б. :  Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, с73.

## باسی سێیەم : ژیانی خێزانی کورد و کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت

خێزان لە بونیادنانی کەسێتی مرۆڤدا، ڕۆڵی سەرەتا و بنچینەیی هەیە و مرۆڤ لە ڕێگەی خێزانەوە پەروەردە دەکرێت، نەریت و کولتووری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. خێزان لە گەشەکردنی کەسێتیدا ڕۆڵی دیاری هەیە، بە تایبەتی ڕۆڵی دایک و باوک لە پەروەردەکرنی منداڵدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوە. وابەستەیی سۆزداریی لە خێزاندا، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین تایبەتمەندی تەرێنی کەسێتی. بە پێچەوانەشەوە دایک و باوک دەتوانن ڕۆڵێکی نەرێنی لە پەروەردەکردنی منداڵدا ببینن، ببنە هۆی دروست بوونی چەندین دەرکەوتەی خراپ لە کەسێتی منداڵەکانیاندا.[1] پەیوەندییەکانی نێو خێزان سیستمێکی کراوەیە بەسەر خۆیدا، ئەندامەکانی بە سۆزەوە پێکەوە بەستراون. خێزان پڕە لە خۆشەویستی و هەموو ئەندامێکی خێزان بەبێ مەرج لە نێو خێزانەکەدا قبوڵکراون، لە ئەنجامی ئەو قبوڵکردنەدا خێزان دەتوانێت ناکۆکییە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات و بە ویستی خۆی وەڵامی داخوازییەکانی ئەندامەکانی بداتەوە، هاوکاری ئەندامانی بکات.[2] ئەرکی خێزان پاراستنی تەواوی سیستێمی خێزانییە بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بۆ گەیشتن بە یەکێتی نێوان ئەندامانی و سەرکەوتنیان، ئەویش بە پابەندبوون بە سنورەکانی نێوان تاکەکان و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا خێزانییەکان.[3]

کەسێتی ژنی کورد، لە خێزان دابڕاو نەبووە، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوشی ژنی کورد، بە تایبەتی لە ڕووی (تایبەتمەندی کەسێتی ،ژیانی ڕۆژانە، پێگە، پیادەکردنی ئەرکەکانی) دەبێت خێزان خاڵی سەرەتای لێکۆڵینەوەکان بێت. لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لەو بابەتانەی کە کوردناسەکان زۆر قسەیان لەسەر کردووە، بە جۆرێک بووە بە خاڵی جیاکەرەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە، کەسێتی ژنی کوردە. کورد هەرچەندە لە ژێر هەمان سیستەمی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی نەتەوەکانی تری ناوچەکەدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا زۆر جیاوازتر بووە، تا ڕادەیەکی باش ڕێزیان لە ڕەگەزی مێینە گرتووە، چونکە پلەو پایە و ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، پێناسەی کەسێتی و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات. لەم ڕووەوە کورد بە ڕۆشنبیرترین و ئازادانەترین بیرکەرەوەی ناو کۆمەڵگە موسوڵمانەکان دادەنرێت.[4]

کوردناسان بەشێکی دیاری کارەکانیان، بۆ باسکردنی ڕەوشی ژنانی کوردی و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەرخانکردووە، بە گشتی سەرچاوە کوردناسییەکان بە گرنگییەوە باسیان لە پێگەی ژنی کورد کردووە. ژنی کورد لەگەڵ سەرجەم ئەو تەگەرانەی هاتوونەتە پێشی، بەڵام هێز و توانایەکی تایبەتی هەبووە و توانیویەتی ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بگێڕێت.[5] ژنی کورد

---

(1) Pace, U., & Passanisi, A.: The role of the family in personality development. In V. Zeigler-Hill & T. K. Shackelford (Eds.), The SAGE handbook of personality and individual differences: Origins of person ality and individual differences,2018,pp. 146–163.

(2) Kalmijn M, Uunk W: Regional value differences in Europe and the social consequences of divorce: A test of the stigmatization hypothesis,Soc Sci Res,36(2), 2007 ,pp 447 – 468.

(3) Ali Zakiei, Hosna Vafapoor, Mostafa Alikhani, Vahid Farnia and Farnaz Radmehr:The relationship and personality traits with general selfefficacy (parallel samples studies), between family function p2.,2020,BMC Psychology volume 8, Article number: 88

(4) د. سوزان کەریم مستەفا : وێنای ژنی کورد لە ئۆماری ئەرێدە و کوردناسەکاندا سەدەی ( ١٨ - ٢٠)، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، Vol. 6 ، No. 3، Sept، 2018، ل ٧٢٤.

(5) بڕوانە : سازان سەباح پیربال: ئافرەتی کورد لە بەرهەم و ئابلۆکانی ڕۆژهەڵاتناساندا لە سەدەی حەڤدەیەمەوە تاکو سەدەی بیستەم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٣٣٣ .

جێگەی سەرنجی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان بووە، لە بەرهەمەکانییاندا سەرنجیان لە (ژیانی ڕۆژانە، جل و بەرگ، ئازادی و بوێری، پێگە و پایە، جوانی، ژیانی خێزانی و پرۆسەی هاوسەرگیری، پێشەوایەتی، ) ژنانی کورد داوە.[6]

کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، بە بایەخەوە لە پێگەی ژنانی کوردیان ڕوانیوە، لە بەرهەم و نوسراوە و کەرەستە کۆکراوەکانیاندا وێنەیەکی ڕوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسێتی ژنی کوردی هەستپێدەکرێت. لە لایەکی تر کەسێتی ژنی کورد هەم لەسەر ئاستی خێزان (وەک کچ، دایک، ژن) ڕۆڵی دیاری گێڕاوە، هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێگەی بەرچاو و دیاری هەبووە. لەم باسەماندا وەک خاڵی دەسپێک باس لە خێزانی کوردی دەکەین، هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ( نەریتەکانی نێو خێزان، ڕۆڵی باوک، دایک، ژن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،) لە نێو خێزانی کوردیدا دەدەین. پاشان لە چەند ڕوانگە و ڕەهەندێکی جیاوازی وەک (پێگەی ژنی کورد لە نێو کۆمەڵگە، ئازایەتی و بەهێزی ، ئازادی، خۆشەویستی، پرۆسەی هاوسەرگیری، شێوازەکانی هاوسەرگیری، نەریتەکانی تایبەت بە پرۆسەکە، مارەیی و شیربایی، فرەژنی، ئیش و کاری ڕۆژانە، ناپاکی هاوسەرگیری، تەڵاق و جیابوونەوە) هەوڵی خستنەڕوو و شیکردنەوە کەسێتی ژنی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەدەین.

## یەکەم : خێزانی کورد

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، بەهۆی زیادبوون و خزینی سەرمایەی بازرگانی بۆ نێو ژیانی گوندنشینی کوردی لە لایەک، لە لایەکی دیکە پاشەکشەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و کەمی داهاتی جوتیار و وەرزێری کورد، زۆرینەی خێزانە هەژارەکانی کورد ( بە ٣٠ تا ٧٠ ) ئەندامی خێزان یان زیاترەوە بۆ چەند خێزانێکی بچووکتر دابەش بوون، ئەمە سەرەتای پرۆسەی پارچە پارچە بوون و بچوکبونەوەی خێزانی گەورە بوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بە جۆرێک خێزانی کورد لەو گەورەیی و ژمارە زۆرییەوە، گەشتبووە ئاستێک کە لە سەرۆکی خێزان و هاوسەر و منداڵەکانی *، کوڕی ژندار و منداڵەکانی پێکبێن.[7]

بە شێوەیەکی نەریتیی پێگەی خێزان بۆ کەسێتی کورد گرنگە، پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان بەهێزە، خێزان کە بە زۆری لە چەند نەوەیەک پێکدێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان بە بەهێزی دەپارێزن، بەپێی بنەما ڕەوشتییەکان کورد تەنیا لە نێو هاوسەرگیرییەکی فەرمیدا دەژین. سەرباری ئەوەی کە پیاو سەرۆکی خێزانە، بەڵام خۆشەویستی دوولایەنەی نێوان هاوسەران زۆر گرنگە.[8]

لە دیدی ( ڕۆدینکۆ)دا خێزانی کورد لە زۆر شتدا نەریتی باوکسالاریان پاراستبوو، پیاو هەر خۆی بە تەنها گەورە و خاوەنی خێزان بوو، هەموو ئەندامانی خێزان گوێڕایەڵی بوون، هەموو هەڵسوکەوت و خەرجییەکی ماڵ بەدەست ئەو بووە و بێ پرس و ڕای ئەو کەس بۆی نەبووە هیچ کارێک بکات. لەسەر هەموو ئەندامانی خێزان پێویستبووە ڕێز لە سەرۆکی خێزان بگرن و بایەخی پێبدەن. سەرۆکی خێزان مارەیی بووک و جیازی کچ دەدات، چاودێری هەڵسوکەوتی کەسانی خێزانەکە و ئەرکە ئاینییەکانیشان دەکات.[9](ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات تا ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، لە نێو کورددا بنەماڵەی گەورەی پیاوسالاریان هەبوو. خێزانێکی گەورەی کورد (ماڵا مەزن ) لە چەند نەوەیەک پێکهاتووە، خێزانێکی گەورە پێیان دەگوت ماڵەباوان (ماڵا باڤۆ)، لە خێزانێکی لەم شێوەیەدا خزمایەتی خوێن (لە باپیر و نەنکییەوە بۆ نەوەکان) یان لە ڕێگەی ( منداڵ و نەوەی براکان لە باوکەوە، منداڵ و نەوەکانی برا لە دایکەوە، منداڵ و نەوەکانی خوشکی باوک و دایک) ڕەچاو کراوە. هەرچەندە پرۆسەی جیابوونەوەی کوڕانی خێزاندار چڕتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی خزمایەتی نزیک ماوە و هاوکاری ئابووری پێویست

---

(6) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : د. سوزان کەریم مستەفا : س.پ، ل ٧٢٤ - ٧٣٦.

* بۆ بینینی وێنەی چەند خێزانێکی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و دەیەی سێیەکانی سەدەی بیستەم بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩).

(7) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 143.

(8) Туйя Сааринен: Курдская культура и семейные традиции.

(9) م.ب. ڕۆدینکۆ : وەرگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل٢٢٠.

پێشکەش دەکرێت، لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا ئەندامانی خێزان پێکەوە ئاهەنگ دەگێرن، پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان و ئەندامانی دیکەی خێزان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و ڕێزگرتن و یارمەتی یەکتر بنیادنراوە.[10]

بە پێی لێکۆڵینەوەی (مینتیشاشڤیلی) لە لایەن کوڕەکانییەوە، کێبەڕکێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی باوک ( گەورەی ماڵ) لە نێو خێزانی کوردیدا دەکرێت، کە نیشانی ئەمەش لە بەردەوامی مانەوەی جیاجیای یەک لە دوای یەکی کوڕەکانیدایە، تەنانەت سەربەخۆیی ئابووری بۆ کوڕێک کە ژنی هێنابێت، هەمیشە بەستراوە بەوەی کە باوک ئارەزووی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی هەیە بۆ کوڕەکەی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کوڕەکە سەربەستی خۆی دەستکەوتووە و گەورە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی باوک لە خێزاندا پایەیەکی ناوەندی هەیە، چ لەسەر ئاستی ڕێزگرتن، چ لەسەر ئاستی ڕێکخەری ماڵ.[11]

لە خێزانی کوردیدا، لەدوای باوکەوە دایک کەسی دووەمی ماڵە، لە نێوان کچە بێ هاوسەر و کوڕە بێ هاوسەرەکانیدا، دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە.[12] بەشێوەیەکی گشتی لە ژیانی خێزانی کوردیدا، ژن ڕۆڵ و کاریگەری هەیە، جاروبار ئەم کاریگەرییەی ژنی کورد دەگاتە ئاستی دروستکردنی خزمایەتیش.[13] دایک بە پێی نەریتی خێزان، پێگەیەکی گرنگ و دیاری لەنێو ژنانی تری ناو خێزاندا هەبوو، بە تایبەتی لە نێو بووک و کچەکانیدا. ئەو ماڵ بەڕێوەدەبات، ئەرکەکان لە نێویاندا دابەش دەکات، زۆر جار کەم تا زۆر هێزی خۆی نیشاندەدا،[14] تازە پێگەیشتووەکان فێری کاری ناوماڵ و پیشەی ژنانە دەکات.[15]

(ئەرستۆڤا) جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە نێو خێزانی کورددا، ڕێزی بەتەمەنەکان (بەتایبەتی دایک و باوکەکان) زۆر دەگرن، هەموو ئەندامانی خێزان، تەنانەت کوڕی خێزانداریش، مەحکومن بەوەی بیروڕا و ئامۆژگاریی باوک و دایکیان لە بەرچاو بگرن.[16] لەگەڵ ئەوەشدا (مینتیشاشڤیلی) ئاماژە بەوە دەکات کە دایک و باوک هاوشان لەگەڵ(باپیر، داپیر) ڕۆڵیان لە دروستبوونی ململانێ و کێبەڕکێی نێوان منداڵان لەسەر ئاستی خێزان هەیە. لە بارودۆخێکیشدا کاتێک کە ژنێک بە کوڕێکەوە یان چەند کوڕێکەوە بێوەژن بێت، بنەماڵەکە بە ناوی کوڕە گەورەکەوە دەناسرێت، ڕێز و ناوبانگ بۆ پیاو دەبێت، بەڵام دایک بە شێوەی ئاسایی دانپێدادەنرێت و ڕێزی پارێزراوە.[17] سەرباری ڕۆڵی گرنگی دایک لە خێزاندا، لە کاتی ئامادە نەبوونی گەورەی ماڵ(باوک)، کوڕی گەورە پاشان کوڕی ناوەنجی بڕیار لەسەر ماف و بەرپرسیارێتی ئەندامانی خێزان دەدەن.[18] کوڕی یەکەم (نۆبەرە) شوێنگرەوەی باوکییەتی، کەسێتییەکی خۆشەویست و ڕێزلێگیراوە. ئەم پێگە و خۆشەویستییەی کوڕی گەورە کە بەدەستی هێناوە، بەرپرسیارێتییەکی گرنگی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لە دەرەوەی خێزان دەخاتە ئەستۆی. ئەویش بە مەبەستی سەلماندنی نیاز باشی و ڕاستگۆیی و پەیمان بردنەسەرە لە نێو کورددا، بە تایبەتی لەکاتی دانوستان و ئاشتەوایدا، کوڕی گەورە بەبارمتە دادەنرێت و ئەمەش لە سوێندخواردن بە قورئان بەهێزترە.[19]

لە نێو خێزانی کورددا، نەریت و تایبەتمەندی میرات پارێزراوە. جگە لە مافی بێوەژن، موڵکی ئەو پیاوەی کە مردووە هی منداڵی خۆیەتی. ئەگەر ژنەکەی هاوسەرگیری کردەوە، هەموو میراتییەکە دەبێت بە موڵکی ئەوانی دیکە و بێوەژن لە مافی میرات بێبەش دەبێت. ئەو ماڵ و موڵکەی کە ژنەکە لە ماڵی باوکییەوە پێی بەخشرابوو کاتێک هاتووە بۆ ماڵی مێردەکەی، موڵکی تایبەتی خۆی بوون و مافی میرات لەسەر ئەم موڵکانە هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەگرێتەوە. هەموو منداڵەکان دوای مردنی دایک و باوکیان و ژنەکەش دوای مردنی مێردەکەی تەنانەت ئەگەر بۆ جاری دووەمیش شوویکاتەوە، سودمەند دەبن لە مافی ئەو

---

(10) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,сс 143 - 144.

(11) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥١.

(12) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 144.

(13) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥١.

(14) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 157.

(15) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٠.

(16) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 145.

(17) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥١، ٥٢.

(18) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 145.

(19) В. Никитин : Курды,с173.

میراته.[20] ئەم سوودمەندبوونەی ژنی کورد لە مافی میرات دوای مردنی مێردەکەیی و شوکردنەوەی، وەک (تەرستۆڤا) ئاماژەی پێدەکات، ناڕوونییەکی تێدایە، چونکە زانیارییەکانی ( ئەرستۆڤا) باس لەوە ناکەن ئایا ئەو ژنە جگە لە ئەندامانی خێزانی هاوسەرە کۆچکردووەکەی، ئەگەر شوو بە کەسێکی بێگانە بە ئەوان بکات، هەر سودمەند دەبێت لە مافی میرات.بە باوەڕی ئێمە ئەم زانیارییانەی ئەرستۆڤا تایبەتن بە کوردانی قەفقاز.

هەرچی (نیکیتین)ە ئەوە دەخاتە ڕوو، منداڵ میراتگری باوکیەتی. لە حاڵەتی نەبوونی منداڵ، میرات بۆ برا یان نەوەکانی دەبێت. میراتگری نێرینە دوو ئەوەندەی میراتگری مێینە وەردەگرێت، میراتی ژن ئەگەر هیچ منداڵی لە پاش بەجێنەمێنێت، نیوەی بۆ مێردەکەی دەبێت، نیوەکەی تر بۆ کەسەکانی خۆی(برا، خوشک، برازا و خوشکەزا )دەبێت. ئەگەر منداڵی لە پاش بەجێبمێنێت، مێردەکەی چارەکێکی ( چواریەکی) میراتەکەی وەردەگرێت و منداڵەکانیش باقیەکەی وەردەگرن. ژنەکەش دوای مردنی مێردەکەی، ئەگەر منداڵی نەبوو چارەکە میراتەکەی وەردەگرێت، ئەگەر منداڵی هەبێت، ژنەکە تەنها ( هەشت یەکی میراتییەکەی پێ دەبڕێت) تەوانی تر بۆ منداڵەکان دەبێت.[21] ئەم زانیارییانەی ( نیکیتین) دەربارەی دابەشکاری میرات لە نێوان ئەندامانی خێزاندا، بە پێی شەریعەتی ئاینی ئیسلام چەسپیوە و تایبەتە بە خێزانە کوردە موسوڵمانەکان.

مانەوەی خێزان و فراوانبوون و گەشەسەندنی، بەندە بە بوونی منداڵ و وەچەخستنەوەوە. زۆرێک لە کوردناسان سەرنجی ئەوەیان داوە لە نێو خێزانی کوردیدا حەزێکی زۆر بۆ بوونی منداڵ و زۆر منداڵبوون هەیە، (مینۆڕسکی) سەرنجی ئەوەی داوە کە لە دەوروپشتی سەردار و سەرۆکە کوردەکان منداڵانێکی زۆر دەبینرێن.[22] سەبارەت بەم بابەتە (ڕۆدینکۆ) باس لەوە دەکات کە بەشێوەیەکی نەریتی خێزانی کورد زۆرن و منداڵیان زۆر خۆشدەوێت، بە ڕادەیەک لە دایکبوونی منداڵ جەژنی خێزانە، وەک ئەوەی بەبێ منداڵ خێزان ناتەواو بووبێت. لە دایکبوونی کوڕ وەک هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات لە لای کوردیش ڕووداوێکی تایبەت و خۆشە، وەک لە پەندێکی پێشینانی کوردی گرنگی منداڵی کوڕ خراوەتە ڕوو و دەڵێت:" ماڵێک ئاڵتونی تێدا بێت وێران دەبێت، بەڵام کوڕی تێدابێت وێران نابێت".[23] منداڵ نەبوون و بێ منداڵی خراپترین شتە کە بەسەر ژنی کورددا بێت. لە نێو کورددا بەدەگمەن دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی منداڵ نەبوون ڕەخسێنراوە، بۆیە زۆر جار منداڵ نەبوون هۆکاری جیابوونەوەی نێوان هاوسەرەکان یان ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری دیکەیە.[24]

دووەم : پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا

(ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات زۆرێک لە ئەورووپییەکان کە چونەتە کوردستان و ماوەیەکی زۆر لە ناو کورددا ژیاون، بۆچوونی مایەی دڵخۆشی و سەربەرزییان دەربارەی کەسێتی و سیمای نەتەوەی کورد نوسیوە، بە شێوەیەک کە زۆر ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکەن.[25] ژنی کورد، لە سەر ئاستی کۆمەڵگە پێگەی دیار و بەرچاوی هەبووە. چەندین تایبەتمەندی دیاری ژنانی کورد ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە و وەک بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە لە ژن ڕوانراوە. لەم ڕووەوە (پ.کۆڤالێڤسکی) ئەوەی خستۆتە ڕوو کە چەند سەدەیە سروشتی ئازایەتی، بەهێزی، چاونەترسی و جەنگاوەری ژنی کورد لە گەشەسەندندایە، ژنی کورد بە هیچ شێوەیەک لە پیاو کەمتر نییە، تەنانەت بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەی ژنانەوە ڕێز لە پیاو دەنرێت.[26]

(مینۆڕسکی) دەربارەی پێگەی ژنی کورد، ئەوەی خستۆتە ڕوو کە توێژینەوە لە بارودۆخی ژن، بۆ دیاریکردنی ڕەوشی هەر نەتەوەیەک زۆر گرنگە. لەم ڕووەوە تەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، لە هەموو گەلە ئیسلامییەکانی تر لێبوردنیان بەرامبەر ژنان زیاترە.[27] لێبوردەیی و خۆشەویستی کەسێتی کورد بەرامبەر بە ژنان، تەنها تایبەت نەبووە بە ژنانی کورد، بەڵکو ئەمە

(20) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,cc 145 - 146.
(21) В. Никитин : Курды ,cc 173 – 174.
(22) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبونەوە، ل١٦٦.
(23) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢١.
(24) Туйя Саарине: Курдская культура и семейные традиции.
(25) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، س.پ، ل ٢٠٨.
(26) П. И. Ковалевский: Кавказ, т. I, СПб., 1914, с. 333.
(27) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبونەوە، ل ١٥٩.

سروشتێکی بنچینەیی کەسێتی کوردییە. ( نیکیتین) چیرۆکی پیاوێکی کوردی گوندنشین باس دەکات، کە هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکی مەسیحی کردووە. چیرۆکی پێکەوە ژیانی ئەم دوو هاوسەرە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، پیاوانی تورک ئەم ژنەیان فرۆشتبوو. ژنەکە باس لە چیرۆکی خۆی دەکات و دەڵێت:" نازانم ئەو پیاوە کوردە چۆن تەماشای دەکردم؟ وەك دایکێك، یان خزمەتکارێك یان میوان؟ بۆچی منی کڕی؟.. لە ناخی ئەو پیاوە لادێییەدا هەستێکی پاک هەڵدەقوڵا و پابەند بوو بە ئازادی خۆیەوە و ئامادە نەبوو دەستبەرداری ببێت. ئەو ماڵە کوردە ژنی تێدا نەبوو، دەبێت ئەم ڕێزە بێسنوورەی بۆ ژن لە کوێ فێربوبێت؟ کە ڕەنگە لە ناو گەلانی خۆرهەڵات شتی وا بوونی نەبێت. من ئەم پیاوەم خۆشویست، بەبێ ئەوەی بیناسم و تەنانەت نە زمانەکەیی و نە هیچ شتێکم دەربارەی گەلەکەی نەدەزانی. بەیانی لە خەو هەڵیساندم و بەدەوری ئاگردانەکەدا دەیسوڕاندمەوە، ئەوەش وەک نەریتێکی کوردەکان کاتێک کچێک شوو دەکات بەم شێوەیە ماڵئاوایی لە کەس و کاری دەکات".[28] نیکیتین لە زمانی ژنە مەسیحییەکەوە، باس لە چەندین نموونەی مامەڵە باشی و ڕێزگرتنی پیاوە کوردەکە دەکات. وەک پێدانی چەندین سەر ئاژەڵ بە ژنەکە تا هەست بە غەریبی و بێ کەسوکاری نەکات، یان پێی ڕاگەیاندووە کە نەریت وایە ئافرەت لە دوای هەفتەیەک بەرەو باوان دەکرێتەوە و لە لایەن ماڵی باوکییەوە ئاژەڵێکی بە دیاری پێدەبەخشرێت، لەبری ماڵە باوانی ژنە مەسیحییەکە، پیاوە کوردە گوندنشینەکە خۆی ئاژەڵێکی پێبەخشیوە. کاتێک منداڵیان بووە و منداڵەکە گەورە بووە بەڵام زمانی کوردی نەزانیوە، ئەمەش پیاوەکەی بێزار نەکردووە و بەڵکو تاکە تکای ئەوەبووە کە بە لای کەمەوە فێری وشەی بابەی بکات.[29]

لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوانی کورددا، (ڕۆدینکۆ) هێندە بە خۆشەویستییەوە لەم پەیوەندییەی ڕوانیوە کە جۆرێک لە زیادەڕەوی لە هەڵسەنگاندنەکەیدا کردووە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کوردەکان هەرگیز دەست لە ژنەکانیان بەرزناکەنەوە، هەرچییان بوێت بۆیان جێبەجێدەکرێت. ئەگەر ژن داوا لە دوو کەس بکات کە دوژمنایەتییان هەبێت، ئەوا ئاشت دەبنەوە. زیاد لەمەش بە تکای ژن دووژمنایەتی خوێنیش کۆتایی دێت.[30] ئەم نرخاندنەی ( ڕۆدینکۆ) خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کەسێتی کورد لە پشتەوەیە. بە تایبەتی مامەڵەی باشی کوردانی قەفقاز لەگەڵ خودی ڕۆدینکۆ و تێبینیی و سەرنجەکانی لەکاتی مانەوەی لە نێو کوردانی ئەم ناوچەیەدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەندێک لە بڕیار و هەڵسەنگاندنەکانی هەبووە. بە باوەڕی ئێمە ئەو وتەیەی ناوبراو (کوردەکان هەرگیز دەست لە ژنەکانیان بەرزناکەنەوە) زیادەڕەوی تێدایە، بەڵام نکۆڵی لە ڕێزگرتنی ژنانی کورد و پێگەی دیاریان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ناکرێت. بە تایبەتی ئەو نمونەیەی کە (ڕۆدینکۆ) دەربارەی ژنی کورد بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی دەرخەری پێگەی بەرزی ژنی کوردە.

(کۆڤالێڤسکی) تێبینی ئەوەی کردووە، بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دراوسێیاندا ژنانی کورد پیادەی زیاتری مافەکانیان دەکەن. لە کاتی ناکۆکی و شەڕی نێوان پیاوان، تەنها ئەوە بەس بوو کە ژنێک کۆڵوانەکەی فڕێبداتە نێوان کەسە بە شەرهاتووەکان، ئەوا دەست لە یەخەی یەک بەردەدرا و کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان دەهێنن.[31]

لە دیدی ( خاچاتۆرۆڤ)دا ژنی کورد لە ژیانی ڕۆژانە و بەڕێکردنی کاروبارەکاندا شوێنگرەوەی پیاوە، لە ژیانی ناوماڵ و لە کاتی جەنگدا جێگەی پیاوان دەگرنەوە، ئەگەر پیاو بچێتە جەنگ ژنان کارەکان ئەنجام دەدەن و پارێزگاری لە ماڵ دەکەن.[32] هەریەک لە ( مینۆرسکی، نیکیتین، ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکەن کە ژن لە نێو کورددا کەسێتییەکی تایبەتی هەیە.* بە جۆرێک هیچ سەیریش نییە کە ناویان بخرێتە سەر ناوی کوڕەکانیان. لە کاتێکدا ئەگەر ژنێکی کورد بە ئازایەتی و قارەمانی و جوانی و ...هتد ناوبانگی هەبوبایە، ئەوا منداڵەکانی بەناوی دایکیانەوە بانگدەکران.[33]

پێگەی ژنی کورد، جیا لە ژیانی ڕۆژانە و ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕیشەی قوڵی مێژوویی و کولتووریی هەیە. چەندین نەریت و یاری کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوون، کە دەلالەت لە ڕێزی کۆمەڵگە بەرامبەر ژنان و پێگەی

---

(28) В. Никитин : Курды, с 165.
(29) Там же, с 166.
(30) م.ب. ڕۆدینکۆ : وێژگەلی نەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل٢٢٠.
(31) П. И. Ковалевский: Указ. соч, с 333.
(32) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
* بۆ بینی چەند وێنەیەکی جیاوازی ژنانی کورد بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).
(33) مینۆرسکی: کورد تێبینی و وردبونەوە، ل ١٦٢؛ Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 158.؛ В. Никитин : Курды, Указ. соч ,с167.

ژنانی کورد دەکەن. (ئۆربیلی) لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئاماژەی بە یاری (زەیتون) لە مۆکس کردووە، چۆن لە هەموو کات و بارێکی تردا، لە ڕۆژهەڵاتدا بە شورەیی دەزانرێت بۆ پیاو ئەگەر جلی ژن لەبەربکات. کەچی لە کاتی ئەم یارییەدا، دوو گەنج بەرگی ژنان لەبەر دەکەن و خۆیان وەک دوو کچ نیشان دەدەن. (ئۆربیلی) هەوڵی دۆزینەوەی لێکچوون لە نێوان ئەم دیمەنە و دیمەنێکی (مەم و زین)دەدات، کاتێک (زین) و دەستە خوشکەکەی بە بەرگی پیاوانەوە و (مەم) و ئازدینیش بەهی ژنانەوە دێنە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز.[34]

بوونی چەندین نەریت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئاماژە بە بایەخ و گرنگی رۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکەن. بە باوەڕی (ڕۆدینکۆ) لە ناو کوردەکاندا پاشماوەی نەریتی دایکسالاریی هێشتا نەخشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد هەیە.[35] یەکێک لەو نەریتانەش، ڕۆڵی خاڵ (برای دایکەکە) لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. لە نێو کوردانی قەفقاز تا دەیەی ( ١٩٣٠)کان ئەو نەریتە باو بووە، کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی شەش ساڵی، پێویستە بچێتە ماڵی خاڵی و بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ بمێنێتەوە.[36] هەرچەندە (تەمینی عەفداڵ) ئەوەی خستۆتەڕوو بەراورد بە ڕۆڵی (خاڵ)، باوک کاریگەری زیاتری لەسەر منداڵەکانی هەیە. بە پێچەوانەی ئەو نەریتەوە منداڵ وەک ئەندام و نەوەی پیاو (باوک) تەژمار دەکران و پشت بە خێزانی خاڵی نەدەبەسترا.[37]

دەسەڵات و پێگەی ژنانی کورد، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە گەشتووە بەو ئاستەی کە هەندێک جار بووە بە سەرۆکی هۆزەکەی. [38] مینۆرسکی تێبینی ئەوەی کردووە کە گەلێک ژنی کورد هەبوون، کە بوون بە سەرۆکی هۆزەکانیان و هەموو دەسەڵاتێک لە ژێر دەستی تەواندا بووە، مینۆرسکی نمونەی (عادیلەخانم) دەهێنێتەوە و دەڵێت :" لە ساڵی ( ١٩١٤ز) لە شارە بچوکەکەی هەڵەبجەدا، چاووم بە عادیلە خانمی بە ناوبانگ و خێزانی عوسمان پاشای جاف کەوت، کە هەر لە پێش چەند ساڵێکەوە سەرۆکی ڕاستی و دروستی ناوچەکە بوو، چونکە مێردەکەی هەمیشە لە ماڵ نەبوو".[38]

ئاراکێلیانیش ئاماژە بەوە دەکات، ژنانی کورد لە مەیدانی جەنگدا توانیویانە یارمەتیدەری پیاوان بن. وەک نمونەی جەنگاوەریی و سوراچاکی ژنانی کورد ئاماژە بە هاوسەری (سەردار عەزیز خان - فەرماندەی گشتی ئازەربایجان) دەکات، کە هێندە کارامە و بێوێنە بووە، باشترینی پیاوەکان تیرەیان پێبردووە.[39] ژنی کورد زۆر جار چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ مێرد و براو کەسوکارو ئەندامانی هۆز وخێڵەکەیدا، بەرگری کردووە، لە دژی دوژمنەکانیان جەنگاوە و لە بەکارهێنانی چەکدا کارامەن. [40] بە تایبەتی لە حاڵەتی پەلاماردان و هێرشکردنی خێڵە کوردییە نەیارەکان بۆ سەر نشینگەکانی یەکتری. لەم حاڵەتانەدا کە وا ڕێککەوتووە کە هیچ پیاوێک لە نشینگەکە نەبووە، ژنانی نشینگە بە چەکەوە ڕووبەڕووی هێرشکەران و دزەکان بوونەتەوە و دەستبەتاڵ گەڕاونەتەوە. بۆیە دەڵێن، توانای ژنێکی چەکداری کورد بەراورد دەکرێت بە چوار چەکداری نەتەوەکانی تر. [41]

## سێیەم : ئازادی کەسێتی ژنی کورد

کەسێتی ژنی کورد، بەراورد بە ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پشت قەفقاز، سەربەخۆیی و ئازادییان زۆرتر بووە. (ڕۆدینکۆ) دەربارەی ئازادی ژنی کورد ئاماژەی بەوە کردووە هەر بێگانەیەک ببینن لە بەری هەڵنایەن، بە پێچەوانەوە بێ پەروا گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن.[42] ئاراکێلیانیش ئەوە دەخاتە ڕوو، ژنانی کورد بە پێچەوانەی دابی موسوڵمانێتی، ڕوویان

---

(34) ژ.س. موسائیلیان : هەندێک بیروباوەڕی یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیلی دەربارەی فۆلکلۆری کوردی (چەند وتارێکی کوردناسی)، ل٢٢.

(35) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣.

(36) М. О. Косвен: Пережитки патриархата у народов Кавказа,Советская этнография, № 4—5,1936, с. 217.

(37) Амин Авдал: Жизнь закавказских курдов, с 230.

(38) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٠ - ٢٢١.

(38) مینۆرسکی : کورد تێبینی و وردبونەوە، ل١٦٣.

(39) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٤.

(40) П. И. Ковалевский: Кавказ, с. 333.

(41) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(42) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٠.

ناشارنەوە و ڕوخساری خۆیان داناپۆشن، بێ عەبا و چارشێو دەگەڕێن، زۆر بە ئازادی لەگەڵ پیاوان دەدوێن.[43] مینۆڕسکیش ئاماژە بەوە دەکات، ژنانی کورد بە ئازادیی و بێ شەرمکردن لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا دادەنیشن و زۆر جاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشی پیاوان دەکەن.[44]

ژنی کورد، بەرپرسیارێتی خۆی لەسەر ئاستی خێزان و لە کاتی ئامادە نەبوونی هاوسەرەکەی پیادە کردووە، ئەگەر مێردیشی لە ماڵ نەبووبێت، بە ڕووی میوانەوە ڕۆشتووە و میوانی ڕاگرتووە، بە تایبەتی لە گوندەکاندا ژنانی کورد سەرەڕای لەماڵ نەبوونی هاوسەرەکانیان پێشوازییان لە میوان کردووە. نیکیتین لە زمانی (مێجەر ئی .بی سۆن)ەوە ئاماژە بەوە دەکات لە وەها حاڵەتێکدا ژنانی کورد بە پێچەوانەی درۆینانەی شەرمی ژنانی تورک و ئێرانی گفتوگۆیان لەگەڵ میوانان کردووە، بە ڕووخۆشییەوە ژەمە خواردنیان بۆ ئامادەکردوون، کە هاوسەرەکەشی گەڕاوەتەوە، ژنەکە میوانەکەی فەرامۆش نەکردووە تا هاوسەرەکەی ئەسپەکەی بەستۆتەوە.[45]

ئازادی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وەک بەشێک لە سیستێمی ژیانی کۆمەڵایەتی بنچی خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز(نێر، مێ) داکوتاوە. (خاچاتۆرۆف) باس لەوە دەکات کچانی کورد پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەن تەواو ئازادن، دەتوانن لە نێو گەنجاندا هاوڕێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، گۆرانی خۆشەویستییان بۆ دەڵێن، تەوەی دڵیان ئارەزووی دەکات ئەنجامی دەدەن .[46] ( ڕۆدینکۆ)ش لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات، کچ و کوڕی تازە پێگەیشتوو بە ئازادی گفتوگۆ و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدی دەکەن. کچان لە نێو خۆیاندا کۆڕی دەمەتەقە و گۆرانی بەکۆمەڵ و هەڵپەڕکێ دەسازێنن. زستانان گەلێک جار کوڕ و کچ لە ماڵی یەکێکیاندا، کە شوێن و ڕێگەی گەورە و گونجاوی هەیە، کۆدەبنەوە و بە یاری و گۆرانی و شایی کات بەسەر دەبەن، جاری وا هەیە تا دەمەو بەیان بەردەوام دەبێت و پێیدەڵێن یاخ ئاخ. ئەم ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبونەوەیە بەهۆی هاتنەدی مەبەستێکی خواستراو، یان سەرکەوتن لە کارێکدا ڕێک دەخرێت.[47]

یەکێک لەو کەرەستە گرنگانەی، کە زۆر لایەنێکی شاراوەی ژیانی کەسێتی ژنی کورد و ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەخەنەڕوو، گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکانە. هەرچەندە زۆرێک لە کوردناسان بە بایەخەوە لە پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەڕوانن، ئەوەشیان خستۆتەڕوو کە ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە زیاتر ئازاد و سەربەخۆترە، بەڵام لە سەر ئاستی خێزان بەتەواوی ئازاد نەبووە. گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییە کوردییەکان ژیانی تراژیدیانەی ژنانی کورد دەردەخەن، کە بە پێچەوانەی خواست و ویستی خۆیان هاوسەرگیریان کردووە. لە زۆر گۆرانیدا باس لە چارەنووسی کچێکی جوان دەکرێت کە لەگەڵ پیرەمێردێک هاوسەرگیری کردووە.[48] دەربارەی تەمەنی کوڕان و کچانی کورد بۆ هاوسەرگیریکردن، (ئەرستۆڤا) ئەوەی خستۆتە ڕوو، لە ناو کوردانی قەفقاز لە سەدەی نۆزدەیەم تا ساڵەکانی سەرەتای دەسەڵاتی سۆڤیەتیش، کچان لە تەمەنی (١٢) ساڵی و کوڕان لە تەمەنی (١٤ بۆ ١٥) ساڵییەوە هاوسەرگیریان دەکرد، کچ مافی هەڵبژاردنی هاوسەری بەخواستی خۆی نەبوو، بڕیاری دایک و باوکی ڕۆڵی لەسەر هاوسەرگیری کچەکە هەبووە.[49] (مینتیشاشڤیلی ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لەسەر ئاستی خێزان کچ بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی باوکیدایە. باوک تەنانەت مافی ئەوەشی هەیە بیدات بە شوو، پاش مردنی باوک ئەم مافە دەکەوێتە دەست نزیکترین خزمی کچەکە لە باوکییەوە. بەڵام تەنها باوک و باپیر مافی ئەوەیان هەیە زۆر لە کچ بکەن کە شوو بکات.[50]

دەربارەی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی ژنانی کورد لە نێو خێزاندا، (ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات ژنی کورد مافی ئەوەی هەبوو لەگەڵ خزمە گەورەکانی، بە تایبەتی پیاوان (خەزووری، براگەورەی مێردەکەی) گفتوگۆبکات کاتێک لە ماڵەوەبوون.

---

(43) ئامیارئسووم ئاڕاکێلیان : س.پ، ل ٣٠

(44) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ١٥٩.

(45) В. Никитин : Курды,с164 – 165.

(46) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч

(47) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣.

(48) Мусаэлян Ж. С. Тематика курдских народных лирических песен , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения), Москва: ГРВЛ, 1971. С93.

(49) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 148.

(50) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥١ - ٥٢.

کاتێکیش بێگانەیەک ئامادەبوایە، رێگەی ئەوەی پێدرابوو کە تەنها لەگەڵ مێردەکەی و خزمە بچوکەکانی( بەزۆری خوشکە بچوکەکانی مێردەکەی) قسە بکات. لەکاتی بینین و ڕووبەڕوبونەوەی لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکان، ژنە گەنجەکە ناچار بوو بە سەرپۆشێک دەموچاوی داپۆشێت. لە کاتی ئامادەبوونی ژنە بەتەمەنەکانی ناو خێزانەکە، بووکی لاو دەم و چاوی بە سەرپۆشێک کراوەتر دادەپۆشی. بووک هیچ مافێکی نەبوو بەبێ پشتگیری و ڕێگەپێدانی مێردەکەی و خەزووری، بەتەنها بچێتە دەرەوەی گوندەکەی و لەماڵ دووربکەوێتەوە یان ماڵ بەجێبهێڵێت، تەنانەت هەندێک جاریش بە تەنیا ڕۆشتنی بۆ ئاوهێنان قەدەغە کرابو[51]. لە ڕاستیدا ژیانی کۆمەڵایەتییانەی ژنی کورد، بەدەر نەبووە لەو سیستێمە پیاوسالارانەیەی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتدا باوبووە. بۆیە ژنی کوردیش لە چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بێ بەری نەبووە و لە زۆر شوێندا تەمە دووبارە بۆتەوە.

(نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات، بارودۆخی بووکی گەنج لە ماڵی مێردەکەیدا دژواربووە. بە درێژایی ماوەی دوای گواستنەوەی تا لە دایک بوونی منداڵی یەکەمی وەک میوان سەیر دەکرێت. دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی، وەک ئەندامی خێزان دادەنرێت و لەگەڵ کچەکانی تردا پێگەی یەکسان دەبێت .[52] دەربارەی ئەم قۆناغەی ژیانی ژنانی کورد، ( ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات لەم کاتەدا بووک بۆی نەبووە لەگەڵ پیاوان قسە بکات.[53] بە ڕوانینمان لە کۆی ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی ڕەوشی ژنانی کوردن نوسراون، ئازادی و پێگەی ژنانی کورد لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا وەک سیمایەکی دیاری ڕێزگرتنی ژنان و دانتان بە پێگەیان بووە. زۆرێک لە کوردناسان جەخت لە ئازادی و سەربەخۆیی ژنانی کورد دەکەنەوە، کە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی باشدا بووە. بە باوەڕی ئێمە ئەو زانیارییەی ( ڕۆدینکۆ) ناکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت، ببێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ژنان. لە لایەکی دیکە دەکرێت لە ناوچەیەکی دیاریکراو و تەوە وەک جۆرێک لە خۆپارێزی و نەریتێک بوونی هەبێت، بە تایبەتی لە ناو کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کە سەرچاوەی زانیارییەکانی ( ڕۆدینکۆ) بوون. ئەگینا ڕەوشێکی لەم شێوەیە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەو ئاستە نییە. وەک ئاراکێلیان ئاماژەی پێدەکات، لە ناو کوردانی ئێراندا ژنی کورد تەنانەت پاش هاوسەرگیریکردنیشی زۆر بە ئازادی هەڵسوکەوت دەکات، ڕەوشی ژنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی زۆر جیاوازە و دوورە لەو هەڵسوکەوتە دیل پەروەرانەی کە بە گشتی لە نێو موسوڵماناندا لەگەڵ ژن هەیانە، ژنی کورد دۆست و هاوڕێی هاوسەرەکەیەتی.[54]

## چوارەم : خۆشەویستی و کەسێتی ژنی کورد

خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچان، بەشێکی دیاری مێژووی ژیانی ڕۆژانە و ژیانی کۆمەڵایەتییانەی کەسێتی کورد پێک دەهێنێت، وەک(ڕۆدینکۆ) ئاماژەی پێکردووە، لە بۆنە و جەژنی ساڵانە و کۆبونەوەکاندا، کاتێک کچ و کوڕ یەکیان بەدڵدا دەچێت، بە جۆرە ئاماژە و نیشانەیەک ئەم هەستەیان بەیەک دەگەیەنن.[55] (نیکیتین)یش ئاماژە بەوە دەکات گەنجان هەمیشە بە دزییەوە یەکتری دەناسن و پەیوەندییان لەگەڵ یەک هەیە، نامەبەرەکان دیاری کوڕان بۆ کچان دەبەن.[56] بەڵام دایکان و باوکان ڕێگری لە خۆشەویستی و ژوان و یەکتربینینی کچان و کوڕان دەکەن، بەبێ گوێدانە خواستەکانیان بڕیار لەسەر هاوسەرگیری کچەکانیان دەدەن، کچەکانیان بە خۆشەویستی دڵخوازی خۆیان نەدەدا. چارەنووسی گەنجەکەش پشتی بە بڕیاری گەورە و بەتەمەنەکان بەستبوو، ئەویش بەهۆی هەژاری یان نایەکسانی و جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە نەیدەتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی بکات.[57] سەرباری ئەوەی دایک و باوکی کچەکە دەزانن کە کچەکەیان عاشقێکی دڵخوازی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر دەستکەوتێکی زیاتر لە پارە و مەڕوماڵات، دەدرێت بە کەسێکی دیکە. بە باوەڕی (خاچاتۆرۆف) تەوە بۆ کورد قازانج بووە کە چەند کچێکی هەبێت و لە کاتی بەشوودانیان شیربایەکی زۆر وەردەگرێت و خۆیانی پێدەوڵەمەند دەکەن،[58]

---

(51) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 157.

(52) В. Никитин : Курды,с181 – 182.

(53) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٨.

(54) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٩

(55) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣.

(56) В. Никитин : Курды,,с185.

(57) Мусаэлян Ж. С. Тематика курдских народных лирических песен, сс 91 – 92.

(58) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(موسائیلیان) کاری زۆری دەربارەی گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی کورد ئەنجام داوە، لەو باوەڕەدایە کەگۆرانییەکان دەرخەری ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەیەمی کۆمەڵگەی کوردین، ئەوەش دەخاتە ڕوو بەشێکی دیاری گۆرانیەکان باس لە چیرۆکی خۆشەویستی دەکەن و هەستی کەسێتی کورد لەم ڕووەوە نیشان دەدەن.[59] بە پێی تێبینییەکانی (موسائیلیان) پەیمان و سوێندی دڵسۆزی نێوان عاشقان، پێگەیەکی تایبەتی لە گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی کورددا داگیرکردووە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە کچانی کورد لە پرۆسەی خۆشەیستییاندا بەوەفان بەرامبەر خۆشەویستەکەیان، کچەکە سوێند دەخوات لە هەموو ژیانیدا تەنها خۆشەویستەکەی خۆی بوێت. ئەگەر شووی بە خۆشەویستەکەی نەکرد، ئەوا هەتا لەسەر زەوی دەژی شوو بە کەسی دیکە ناکات.[60] یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی خوشەویستی نێوان کوڕان و کچانی کورد، سوێندی بۆ یەکبوونیانە. ئەگەر لە ڕووی کردایییەوە نەتوانن بەیەک بگەن و بۆ یەک بن و هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەوان سوێند بۆ یەکتری دەخۆن، کە تا کۆتایی ژیانیان هەر یەکتریان بوێت.[61]

بە باوەڕی (موسائیلیان) لە گۆرانیەکاندا نەک هەر گلەیی لە سەر ئەدگار و سەختییەکانی ژیان دەکرێن، بەڵکو گوێبیستی ناڕەزایەتیەکیش دەبین. کەسێتی پاڵەوانی گۆرانیە کوردیەکان نەخۆشە، ئازاردەچێژێت، بەرگری لە خۆشەویستییەکەی دەکات، بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ دەرچوون لەو دۆخە سەختەی. بەردەوام لە گۆرانییەکانیدا باس لە خۆشەویستی پێشووی دەکات، ئەوخۆشەویستەی ئێستا ژنێکی نا ئاسوودەیە و بەزۆر بەشوودراوە، ئەو لە بیری ناکات، خەون بە دیدارییەوە ببینێت، بەهیوایە بیرفێنێت.[62]

بێ هیوایی و خەونی بەدینەهاتووی عاشقان و ئەنیاییان لە زۆر گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کوردیدا باس دەکرێت، بە دەگمەن باس لە خۆشەویستیەکی دڵخۆشانە کراوە. لە چەندین گۆرانیدا، عاشقان گلەییان لەو ئاستەنگانە هەیە کە بۆ هاوسەرگیریان دروست بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بەدەگمەن خەونی عاشقان دێتە دی. ئەزمونێکی دیکەی سەختی عاشقان دابڕانیانە لە یەکتری، کە بە زۆری پەیوەندی بە ڕۆیشتنی لاوێک بۆ سەر خاکێکی بێگانە هەیە، گەنجەکە وێڕای دابڕان لە خۆشەویستەکەی و بنەماڵەکەی کە ئەزمونێکی سەختی ژیانکردن بووە بۆی، هەست بە غەریبی دەکات و تاسەی نیشتمان دەکات، بەڵێن دەدات کە بە وەفا مێنێتەوە، داواش لە خۆشەویستەکەی دەکات لە بیری نەکات کاتێک ئەم لە وڵاتێکی بێگانە و غەریبیدایە.[63]

پێنجەم : کەسێتی ژنی کورد و پرۆسەی هاوسەرگیری

پرۆسەی هاوسەرگیری بایەخێکی گرنگی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسی بۆ کورد هەبووە. ئامانج لە هاوسەرگیری بۆ زیادکردنی ئەندامانی خێزان و فراوان بوونی خێزانی کوردی بووە. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا هاوسەرگیری کۆتایی بە ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتی و خوێنڕشتن هێناوە.

(ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات، نیشتەجێبوونی هاوبەشی کورد لەگەڵ ئەرمەنی، ئازەری، جۆرجی، ڕووسییەکان بەشداری پرۆسەی لێکنزیککردنەوەی لە نێوان کورد و ئەو نەتەوانەدا کردووە. ئەم بەیەکگەیشتنە لە زۆر بواری ژیانی خێزانیدا، بە تایبەتی لە زیادبوونی ژمارەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو نەتەوانە بە ڕوونی دیارە. سانسۆری ئاینی لە بەردەم هاوسەرگیری کوردی موسڵمان و ئازەری و ئێزدییەکان لەناودەچن. ئەوەی تێبینی کراوە کوردانی ئێزدی، لەگەڵ ئەرمەنییەکان هاوسەرگیری دەکەن، کوردانی

---

(59) Курдские народные песни из рукописного собрания ГПБ им. М.Е.Салтыкова-Щедрина , Памятники письменности Востока LXXII. Издание текстов, перевод, предисловие и примечания Ж.С.Мусаэлян. Ответственный редактор К.К.Курдоев. М.: Издательство «Наука», Главная редакция восточной литературы. 1985, с 14.

(60) Мусаэлян Ж. С. Тематика курдских народных лирических песен ,с92.

(61) Мусаэлян Ж. С. : Тематика курдских народных лирических песен из рукописного собрания А. Д. Жабы ,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XVI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1982, С,с37.

(62) Мусаэлян Ж. С. Тематика курдских народных лирических песен , с 93.

(63) Мусаэлян Ж. С. : Тематика курдских народных лирических песен, с 91,92.

موسوڵمانیش زیاتر لەگەڵ ئازەرییەکان هاوسەرگیری دەکەن، کەمتر لەگەڵ ئەرمەنییەکان ژن و ژنخوازی دەکەن، حاڵەتی ژنهێنان لە گە ڵ ئافرەتی ڕووسیش هەبووە. ئەم ڕاستیە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کاڵکردنەوەی سنورە بەرتەسکەکانی نالێبوردەیی ئایینی و سانسۆر، کە پێشتر لەناو کوردانی قەفقاسدا هەبووە.[64]

لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بارودۆخی تایبەتی و کێبەرکێی نێوان عاشقان، جیاوازی ئاینی، جیاوازی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، فەرمان و ویستی دایک و باوک لەسەر بڕیاردانی پرۆسەی هاوسەرگیری و وەرگرتنی شیربایی، ڕۆڵیان هەبووە. [65] لە لایەکی دیکەوە بژێویی ژنانیش پشت بە هاوسەرگیریی دەبەستێت، تاکە ڕێگایە بۆ بەردەوامی ژیان و کارکردنی ژنانی کورد، پەیوەستە بە هاوسەرگیری و دەبێت لە چوارچێوەی خێزاندا بێت. چونکە هیچ کارێک لەدەرەوەی خێزان بۆ ژنان نییە، بێوەژن یان ژنێکی تەڵاقدراو هیچ هەڵبژاردەیەکی تری نییە، جگە لەوەی  هەوڵ بدات هاوسەرگیریی بکاتەوە و ببێت بە ژنی دووەم یان سێیەمی پیاوێکی دیکە[66].

بە گشتی چەند جۆرێکی هاوسەرگیری لە ناو کورددا بوونی هەبووە. یەکێک لە جۆرەکانی هاوسەرگیری کە وەک نەریتێکی بەربڵاو لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەبووە، نەریتی بێشکە نیشانەکرد (نیشانەکردنی سەر بێشکە)یە کە لە ناو کورددا باو بووە، منداڵان لە کاتی لە دایک بونیاندا لە یەکتری نیشانە دەکرێن.[67] مارەبڕینی سەر بێشکە کاتێک ئەنجام دەدرێت، ئەگەر دوو خێزان بیانەوێت خزمایەتی لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەوا هەر لەدایکبونیانەوە منداڵەکانیان لە یەکتری مارە دەبڕی. بە شێوەیەکی نەریتی ئەم شێوازەی هاوسەرگیری لە نێوان خێزانی نزیک لە یەکدا دەبێت، کە یەکێکیان کوڕ و ئەوی دیکەیان کچیان لەدایکبێت (زیاتر ئامۆزا، یان خاڵۆزا، یان پورزای یەکترین) لە منداڵییەوە لە یەکتری مارەدەکرێن، کە هێشتا زۆریان ماوە بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی هاوسەرگیری، بەڵام زەماوەندیان هەر بۆ دەکەن.[68] کاتێک نیشانەکراوەکان گەورە دەبن، سەر لەنوێ شاییان بۆ دەکەن.[69]

جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیری، ( بەردیلی – ژن بە ژن)ە.  خوشک و برایەک لە خێزانێک لەگەڵ خوشک و برای خێزانێکی دیکەدا هاوسەرگیری دەکەن. ئەم جۆرەی هاوسەرگیرییەش زیاتر لە نێوان ئەو خێزانانەدا کراوە کە نزیکی یەکترین.[70] (ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جگە لەو خێزانانەی کە نزیک و خزمی یەکترین، لە نێوان خێزانەکانی دیکەش ئەنجام دراوە. ئەویش کاتێک ڕوودەدات کە دوو لایەن ڕێکدەکەون ژن بە ژن بکەن، ئەگەر کچی یەکێک لە لایەنەکان جوانتر بێت، یان لە بنەماڵەیەکی ناودارتربێت، ئەوا جیاوازییەکەی نێوانیان بە پارە قەرەبوو دەکەنەوە.[71]

لە حاڵەتی ژن بە ژندا شیربایی نامێنێت، لەبەر ئەمە خەرجی یەکسەر بۆشایی و جیازییە. (مینتیشاشڤیلی) تێبینی ئەوەی کردووە ژن بە ژن تا ڕادەیەک گەشەسەندنی ژنهێنانی نێوان خزمەکانە، لەو گوندانەی کە یەک تیرە نین، ئەم چەشنە ژن هێنانە تا بڵێیت زۆرە. لەو شوێنەدا کە لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا کە ژن بە ژن دەکەن، خزمایەتییەکی نزیک نییە، تێکچوونی ژیانی ژن و مێردایەتییەکە زیاتر لە ڕێدایە. هەروەها تێکچوونی ژیانی یەکێکیان، ئەبێتە هۆی تێکچوونی ژیانی خێزانەکەی دیکەیان، ئەگەرچی بارودۆخێکی خێزانی پتەویشیان بۆ خۆیان دروست کردبێت.[72]

جۆرێکی تری هاوسەرگیری کە بە (ساردەونشتە) دەناسرێت، زۆر سەرنج ڕاکێشە. ئەم جۆرەی هاوسەرگیرییە لە لایەن (ڕۆدینکۆ، ئەرستۆڤا) ئاماژەی پێکراوە و دەبێتە بەڵگەی سەربەخۆیی و ئازادی ژنی کورد. ئەویش لە کاتێکدا دەبێت کە کچێک بێ

---

(64) Т. Ф.Аристова : Курды Закавказья ,с 147.
(65) Ж.С.Мусаэлян : ТЕМАТИКА КУРДСКИХ НАРОДНЫХ ЛИРИЧЕСКИХ ПЕСЕН ИЗ РУКОПИСНОГО СОБРАНИЯ А.Д.ЖАБЫ,с36.
(66) Туйя Сааринен :  Курдская культура и семейные традиции.
(67) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.; В. Никитин : Курды,с178.
(68) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣.
(69) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.
(70) Егиазаров С. А. : Указ. соч, с.52.
(71) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٦.
(72) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٤٩.

پرسی ماڵە باوک شوو بە کوڕێک دەکات و دەچێتە ماڵی کوڕەکە. لەم حاڵەتانەدا کەس مافی ئەوەی نەبوو دەری بکات، تەنانەت خاوەنی ماڵەکەش (واتە خەزووری). ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بە گشتی لە دەرەوەی ڕەزامەندی دایک و باوک ڕوودەدات، کاتێک کە خێزانی کچەکە بە هاوسەرگیری کچەکەیان ڕازینین.[73] ئەم جۆرەی هاوسەرگیریی وەک ئاماژەمان پێکرد، جێی سەرنجی و تێرامانی تیمەیە.لەلایەن کوردناسانی دیکەوە ئاماژەی پێنەکراوە، تاڕادەیەک نزیکایەتی هەیە لەگەڵ ڕەدووکەوتن، بەڵام جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە.

ڕەدووکەوتن ( ژن هەڵگرتن) جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیرییە، بێگومان لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا کچەکە خۆی مەیل و ویستی لە ئەنجامدانی پرۆسەکە هەبووە. ئەگەر باوک و دایکی کوڕ و کچ ڕازینەبن بە هاوسەرگیرییەکە و ڕەتیبکەنەوە، ئەوا کوڕ و کچەکە پێکەوە هەڵدێن.[74]

لە دیدی(مینتیشاشیڤلی)دا کچ ڕفاندن لە لای کورد بە کارێکی خراپ دانانرێت، ئەگەر کۆتاییەکەی بە ڕازی بوون بێت.[75] ڕەنگە ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک لە ڕاستییەوە نزیک بێت، بەڵام نەک لە هەموو شوێنێک بەو شێوەیە بوو بێت، ڕەنگە لە نێو هەندێک خێڵ و ناوچەی کوردستاندا بە کارێکی ئاسایی دابنرێت، بەڵام لە زۆر ناوچەی تر کارێکی نەخوازراو بێت.

هەرچی (خاچاتۆرۆڤ)ە پێیوایە، نەریتەکە لە کولتووری کوردیدا ڕەگی داکوتاوە کە پێناچێت کورد وازی لێ بهێنێت، مەگەر ببنە جوتیاری ئاشتیخواز، یان باوەڕی مەسیحیەت وەربگرن.[76] بە شێوەیەکی گشتی لە دیدی (خاچاتۆرف) دا، بەربڵاویی چەندین نەریت و دیاردەی کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵگەی کوردی، کاریگەرییان لەسەر سروشتی کەسێتی کورد هەبووە، بە شێوەیەک تەو بە حاڵەتێکی تەرێنی نازانێت. بۆ دەستبەرداربوونیش ئەم حاڵەتە نەرێنیانە، (خاچاتۆرۆڤ) چەند جارێک جەخت لەسەر تەوە دەکاتەوە، کە پێویستە کورد ببنە (جوتیار) یان باوەڕی (مەسیحییەت) وەربگرن. بێ ئاگا لەوەی بوونی ئەو دیاردە و نەریتانە پەیوەندیدار نین بە پیشە و باوەڕەوە. بۆ نمونە لە پرسی ژن هەڵگرتن، چەندێک ئەم نەریتە لە نێو کۆچەرییەکان باوبووە، هێندەش لە نێو گوندنشینەکان بوونی هەبووە، لە لایەکی دیکە ناتوانرێت هیچ پەیوەندییەک لە نێوان باوەڕ و ئاینەکانی کوردستان (ئیسلام، ئێزدی، ئەهلی حەق) و پرسی ژن هەڵگرتن بدۆزرێتەوە، تا بە دەستبەرداربوونی کورد لەو باوەڕانە و بە وەرگرتنی ( مەسیحییەت) ئەم دیاردەیە نەمێنێت.

هۆکاری هەرە دیاری ڕەدووکەوتن، وەک (موسائیلیان) ئاماژەی پێکردووە، ڕێگرییەکانی بەردەم هاوسەرگیری کوڕان و کچانە. هەر بۆیە ڕەدووکەوتن دەبێتە تاکە ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە، ئەنجامی ڕفاندنەکە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خۆشەویستدا و دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە چارەنووسی ژنێکی گەنجی کورد.[77] فاکتەرەکانی دیکەی ڕەدووکەوتن لە نێو کورددا زۆرن، یەکێک لە فاکتەرەکان وەک (ئاراکێلیان) ئاماژەی پێکردووە، پەیوەندی بە زۆریی داواکارییەکانی ماڵی کچەکە لە کاتی خوازبێنی هەیە. کاتێک لەسەر بڕی پارەی داواکراو ناگەنە ڕێککەوتن، کوڕەکە بۆ ئەوەی کچەکە ببێتە هی خۆی، دەیڕفێنێت. هەرچەندە (ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات لەم حاڵەتانەدا کوڕەکە بە ئاگاداری ئاشنا و ڕیشسپییانی هەردوو ماڵبات، لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەسەر کات و شوێن ڕێکدەکەون و کچەکە بە یارمەتی دۆستانی خۆی هەڵدەگرێت.[78] بەڵام ئەم ڕایەی ناوبراو لە لایەن تیمەوە جێگەی هەڵوەستە کردنە، دەکرێت هەندێک لە هاوڕێ و دۆستە گەنجەکانی کوڕەکە لەم پرۆسەیەدا هاوکارین، بەڵام ڕێی تێناچێت و ناگونجێت کە ڕیشسپییانی هەردوو ماڵبات ئاگاداری پلان و بڕیاری ڕەدووکەوتن و هەڵهاتنی کوڕ و کچەکە بن.

هەژاریی زاوا و کەم دەستی لە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی پێویستە بۆ هاسەرگیرییەکەی، یەکێکی دیکەیە لە ڤاکتەرەکانی ڕەدووکەوتن. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا کوڕەکە پەنا بۆ ڕفاندنی کچەکە دەبات، کچەکەش ڕازییە وەک ژنی

---

(73) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 147.؛ م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک : ل٢٢٣.

(74) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣ - ٢٢٤.

(75) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.

(76) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(77) Мусаэлян Ж. С.: Тематика курдских народных лирических песен ,с 92.

(78) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٥

گەنجەکە خۆی دەرباز بکات و  بە بڕیاری هەڵهاتنەکەی خۆی ڕازییە، دواتر شانازی بە مێردەکەیەوە دەکات کە سەرەڕای ئاگایی باوکی توانیویەتی بیڕفێنێت.[79]

بە شوودانی کچ بە نابەدڵی و ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ خۆشەویستی دڵخوازی، یەکێکی دیکەی فاکتەرەکانی ژن هەڵگرتنە. چونکە ئەو گەنجە، دوای هاوسەرگیری کچەکەش، بێ وچان بە دوای خۆشەویستە بە شوودراوەکەیەتی و دەست بەرداری نابێت. هەوڵی ئەوەدەدات لە کاتی کارکردن، یان لەڕێگەی کانی بیبینێت، سەیری ئەوە دەکات چۆن لەکانی ئاو دەهێنێت و لەخوا دەپاڕێتەوە کە گۆزەکەی بشکێت و ماوەیەک دوابکەوێت، بۆ ئەوەی بچێتە لای و داوا لە خۆشەویستەکەی بکات لە ڕێکەوتێک بێتە لای سەرچاوەی ئاوەکە، خەفەت دەخوات کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەژی، ئەم لە هەوڵی ڕفاندنیدایە. بابەتی ژوانی نهێنی لە گۆرانی میللیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە. ژوان و ڕێکەوتە نهێنییەکە پڕ لە مەترسیە بۆ هەردووکیان (لەلایەن دایک یان ژڕدایکەوە چاودێریی دەکرێت).[80]

بە گشتی ڕەدووکەوتن بۆ لاوی کورد زۆر مەترسیدارە، ڕەنگە دایک و باوکی کچەکە بیکوژن و کوشتنێکی لەو جۆرە لەناو کورددا بە تاوان دانانرێت. ئەو گەنجەی کە بەنیازە کچەکە بڕفێنێت، لە لایەن  چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆی شوێنێکیان بۆ دەستنیشان دەکرێت، مانگێک دوای ڕفاندنەکە باوکی کچەکە ئەو سووکایەتییە لە بیر دەکات، چونکە لە دڵیدا تەنیا دەتوانێت ستایشی ئازایەتی گەنجەکە بکات و لێیخۆشبێت. کوڕ و کچەکە دوای یەک مانگ دەتوانن بە سەلامەتی بگەڕێنەوە، دڵنیابن لەوەی کە کەس دەستیان بۆ نابات، گەنجەکە پاش گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، دەست بە چالاکیی و ژیانی ئاسایی دەکاتەوە.[81]

ڕەدووکەوتنی کچ بۆ خێزانەکەی باروودۆخێکی سەختە، خزمانی کچەکە لە کاتی ڕفاندنی کچەکەیان بە دوایان دەکەون، ئەگەر بکەونە بەردەستیان دەیانکوژن بەڵام ئەگەر دەستگیر نەکران ئەوا ڕزگاریان دەبێت.[82] بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی کچ ڕفاندندا، کوڕەکە کچە ڕفێندراوەکە  دەباتە ماڵی ئاغا یان شێخێک، ئەوکاتە ئاغا یان شێخ دەکەوێتە نێوانیان و ئەوان ئەو شیربایی‌یەی کە پێشنیار دەکرێت، دەیدەن بە دایک و باوکی کچەکە.[83] (نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات لە نێو کوردانی شنۆدا نەریتێک هەبووە، ئەو کەسەی کە کچێک یان ژنێک بڕفێنێت پێویستە دیارییەک پێشکەش بە سەرۆک خێڵەکە بکات.[84] بە سەرنجدانمان لە ڕۆڵی ئەو نێوەندگیرە و ئەو کەسەی هانای بۆ براوە لە کاتی ڕەدووکەتنەکەدا، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین ئەم دیارییەی ( نیکیتین) ئاماژەی پێدەکات، وەک پێزانینێک بێت بۆ ڕۆڵی نێوەندگیرەکە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو نێوەندگیر و هانا بۆبراوەکە سەرۆک خێڵێک بێت.

بە گشتی ئەو کەسەی هانای بۆ براوە، هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوانەوە و بێ کێشە ئەنجامدانی هاوسەرگیریەکەیان بۆ چارەسەر بکات.[85] یان وەک (ئاراکێلیان) ئاماژەی پێدەکات بنەماڵەی کچەکە و خزمان و بنەماڵەی کوڕەکە ئاگاداردەکەنەوە، کە لە بەرامبەر بڕە پارەیەک ڕێک بکەون، دەنا ڕووداوی نەخوازراو و ناخۆشی بۆ هەردوولا لێدەکەوێتەوە. ڕیشسپیانی خێڵ دەست بە نێوەندگیری دەکەن و ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو لایەن ئەنجام دەدەن، لەسەر بڕەپارەیەک کە پێویستە زاوا بیدات ڕێکدەکەون. (ئاراکێلیان) ئاماژەی بەوەش کردووە، لەماوەی دانوساندندا ئەگەر ئەو دوو بنەماڵەیە لە شوێنێک بەیەک بگەن، ئەوە بێگومان خوێن لە نێوانیان دەڕژێت. ساڵانە پێکدادانی خوێناوی لەسەر کچ هەڵگرتن و ڕەدوکەوتن لە نێو کوردانی ڕوودەدات، (١٠ بۆ ٢٠) کەس دەبنە قوربانی ئەم کێشەیە.[86]

جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیری کە ( ئەرستۆڤا) ئاماژەی پێدەکات و تا بیستەکانی سەدەی بیستەم  لە هەندێک شوێن لە نێو دانیشتوانی موسڵماندا بە تایبەتی لە نێو کوردانی ئێران بە شێوەیەکی دەگمەن هەبووە، هاوسەرگیرییەکی کاتی بووە، بۆ ماوەیەکی

---

(79) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(80) Мусаэлян Ж. С. : Тематика курдских народных лирических песен , С 93.
(81) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(82) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٣ - ٢٢٤.
(83) ا.م.میتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.
(84) В. Никитин : Курды,с185.
(85) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٠.
(86) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٥ - ٣٦.

دیاریکراو و هەندێک جار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هاوسەرگیریەکە ئەنجام دراوە، دواتر کۆتاییان پێ هێناوە. ئەم جۆرەی هاوسەرگیری لە لایەن پیاوانی ئاینییەوە ڕێوڕەسمی فەرمی بۆ ئەنجام دراوە.[87] ئەم جۆرەی هاوسەرگیریە بەهۆی کاریگەری شیعەکان لە نێو کورددا وەک حاڵەت بڵاوبووەتەوە.

جۆری هەرە ئاسایی و بەربڵاوی هاوسەرگیری (نیشانە کردنی ئاسایی)یە، کە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی هاوسەرگیری بڵاوترە، جاری وا هەیە ئامادەکردنەکەی ئاڵۆزە و نزیکەی ساڵێک دەخایەنێت.[88] (میتیشاشیڤلی) دەربارەی هەڵبژاردنی هاوسەر لە لایەن کچانی کورد و ئازادییان لە بڕیاردان، ئەوەی خستۆتەڕوو کە کچانی کورد مافی ئەوەیان نییە مێرد بۆ خۆیان هەڵبژێرن، هەروەها ناشتوانن ئەگەر باوک یان برا دایان بە هەر کەسێک ناڕەزایی دەرببڕن. چونکە لای کورد شەرمە، کچ هەڵبژێردراوی باوک یان براکەی ڕەتبکاتەوە.[89] بەڵام (مینۆرسکی)ئەوە دەخاتە ڕوو، هیچ سنورێک لە نێوان کوڕان و کچانی کورددا نییە، بە شێوەیەکی زۆر باش یەکتری دەناسن، ژنهێنانیش لەناویاندا بە ڕێککەوتن دەبێت.[90]

(ڕۆدینکۆ) تێبینی ئەوەی کردووە کە لەناو کوردەکاندا نەریتێک بە پارێزراوی ماوەتەوە، هەرچەندە بۆ یەکەمین جارە ئەو تێبینی شتێکی وای کردووە، ئەویش لە پرسەی کوڕێک یان کچێکدا، ڕێک دەکەوێت کوردەکان هەوڵی دۆزینەوەی ژن بۆ ئەو گەنجانە بدەن کە هاوسەریان نییە، [91] (ئەرستۆڤا)ش ئاماژەی بەوە کردووە کە دایک و باوکی کوڕ، زۆرجار خۆیان هاوسەریان بۆ کوڕەکەیان هەڵبژاردووە، کوڕیش هاوسەرگیری لەگەڵ کچە هەڵبژێردراوەکەی دایک و باوکی کردووە. بە گشتی فاکتەری بەهێزی پشت هەڵبژاردنەکە بە مەبەستی وەچەخستنەوە و منداڵ بوون بووە، بە تایبەتی منداڵی کوڕ کە دڵخوازی کورد بووە.[92]

لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، ڕۆڵی خوازبێنی زۆر گرنگە. لە ڕووی تیۆریەوە دەتوانرێت داوای هەموو کچێک بکرێت، بەڵام کورد لە ژنهێناندا ئامۆزا (کچی مام) پێش دەخەن، پاش ئامۆزا پورزا (کچی خوشکی باووک)، پاشان خاڵۆزا (کچی خاڵ) و دواتر پورزا (کچی پوور لە دایکەوە) بایەخی پێدەدرێت.[93]

پێش ئەوەی خوازبێنیکەر بنێردرێتە ماڵی بووک، دایک و باوکی کوڕەکە هەوڵدەدەن هەموو شتێک دەربارەی کچەکە و خێزانەکەی بزانن. لەکاتی هەڵبژاردنی بووکدا، سەرنجی سەرەکی ئەوەندە لەسەر کارەکتەر و کەسێتی خودی کچەکە نییە، بەڵکو زیاتر سەرنج لەسەر ئەوەیە کە خێزانەکەی بناسرێت و هاوکات هەوڵ دەدەن بزانن کەسوکاری کچەکە(داپیرە، دایک یان پوور ) ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان چۆنە، ئاخۆ حاڵەتی ناپاکی لای ئەوان هەبووە یان نا.[94]

دوای ئەوەی خێزانی کوڕەکە بۆیان دەردەکەوێت، کچەکە گونجاوە بۆیان، خزمانی نزیکی کوڕەکە دەنێرنە خوازبێنی. پێش ئەوەی بچن، هەواڵ بە خێزانی کچەکە دەدەن. کاتێک خوازبێنیکەر دەچنە ماڵی کچەکە، ماڵی کچەکە بەدەمیانەوە دەچن و میوانداریان دەکەن. یەکێک لە خوازبێنیکەران داوای ئاو دەکات و بە شێوەیەکی نەریتی کچەکە ئاو دەیهێنێت و ئەوانیش بە ووردی سەرنجی دەدەن، ئەگەر کچەکەیان بەدڵ نەبێت، ئەوا دەست لە خواردن نادەن و دوای کورتە گفتوگۆیەک، ماڵئاوایی دەکەن و دەڕۆن. ئەگەر کچەکەیان بەدڵ بوو، دەست بۆ خواردنەکە دەبەن و قسە دەکەن :"ئێمە بە نیازی باش و خزمایەتیتان هاتوینەتە خزمەتتان بۆ داوای کچەکەتان بۆ کوڕەکەمان".[95]

---

(87) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 147.

(88)م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٤.

(89)ا.م.میتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.

(90)مینۆرسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ١٦٠.

(91) Руденко М. Б.: Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: ГРВЛ, 1974, С.83.

(92) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 149.

(93)ا.م.میتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٤٨.

(94) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 149.

(95)م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٤.

لەم قۆناغەدا کەسوکاری کوڕەکە (دایک، خوشک، پور ) دێنە ماڵی کچە هەڵبژێردراوەکە، لەگەڵ دایک و کەسوکاری کچەکە دا گفتوگۆی سەرەتایی ئەنجام دەدات. نابێت کچەکە لەکاتی گفتوگۆکاندا ئامادەبێت. ئەگەر کچەکە و خێزانەکەی بەدەم داواکارییەکەوە هاتن، دانوستاندنی زیاتر لەلایەن پیاوانەوە دەکرێت. دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پێشوەختی باوکی بووک، باوکی زاوا بە یاوەری دوو سێ پیاو، دووەم سەردانی دایک و باوکی کچەکە دەکات.[96]

ماڵباتی بووکیش لە کوڕەکە و کەسوکاری دەپرسن، ئەگەر بەدڵیان بێت و ئامادەبن کچەکەیانی بدەنێ، وەڵامیان دەدەنەوە بە وتەی (ئەگەر خوا کردبێتی، ئەوا لاریمان نییە)، بەڵام ئەگەر کوڕەکەیان بەدڵ نەبوبێت دەڵێن (جارێ کچەکە وەختی شووی نییە، کاتێ هات هەواڵتان دەدەینێ). دوای ڕازیبوونی هەردوو خێزان، ڕۆژی دیاریکردنی مارەیی دەستنیشان دەکرێت، باوک و دایکی کوڕەکە (سەرداوەت) دیاری دەکەن کە تا دوا هەنگاو، سەرپەرشتی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە دەکات.[97]

یەکێک لە نەریتەکانی کورد کە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، سەردانی زاوایە بۆ ماڵی بووک پێش ئەوەی بووک بگوازێتەوە. زاوا شیرینی و دیاری بۆ بووک و خەسووی دەکڕێت و لەگەڵ خزمێکی خۆیدا دەچنە ماڵی دەزگیرانەکەی. ئەو شەوە لە ماڵی بووک دەمێنێتەوە و بووک و زاوا بە دوو قوڵی دەمێننەوە و بەڵام نابێت زاوا دەست لە بووک بدات، جاری وا هەیە زاوا یەک دوو هەفتە لە ماڵی بووک دەمێنێتەوە.[98] ئەم زانیارییانەی (ڕۆدینکۆ) تایبەتن بە کوردانی قەفقاز.

لە نێو کورددا پەشیمان بوونەوە پاش نیشانەکردنی بووک، ڕێگا پێدراوە. پاش هەڵوەشاندنەوەی مارەیی، باوکی کچ مافی ئەوەی هەیە کچەکەی خۆی بدات بە کەسێکی دیکە، بەڵام دەبێت چاوەڕوان بێت تا زاوای پێشووی ژن بهێنێت، دەنا لەکاتی گواستنەوەی کچەکە بۆ پیاوێکی دیکە، ڕووداوی خوێناوی لێدەکەوێتەوە.[99]

## شەشەم : مارەیی و شیربایی

شیربایی ئەو بڕە پارەیەیە کە زاوا لە بەرامبەر خواستنی کچێک، دەبێت بە باوکی کچەکەی بدات. (مینتیشاشڤیلی) ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر ژنێک ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی باوکی یان بە کەڵک نەهات، مێرد هەقی هەیە داوای بەشێک لە (شیربایییەکە)ی بووکەکە بکاتەوە. لە بەرامبەریشدا لە حاڵەتی تەڵاقدا، یان لە هەندێک هەل و مەرجی دیاریکراودا لەسەر مێرد پێویستە کە ژنەکەی پێشووی بژێنێت.[100] زیاتر لە حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە، بە تایبەتی ئەگەر ژنەکە منداڵەکانی لە لابێت ئەم پابەندبوونە دەکەوێتە ئەستۆی پیاو. هەندێک حاڵەتی دیکەش، بە ڕێککەوتن لە نێوان ژن و پیاو دەبێت، بە تایبەتی کاتێک پیاو ژنی دووەم دەهێنێت و لەگەڵ ژنە نوێیەکەی ژیان بەسەر دەبات، لە بەرامبەردا بژێوی ژیانی ژنی پێشووی دەکەوێتە ئەستۆی. ئەم جۆرە حاڵەتانە ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەربڵاون. جۆرێک لە ڕێککەوتنی نێوان ژن و پیاوە، لە پێناو پاراستنی خێزان و ڕێگریکردن لە هەڵوەشاندنەوە و پەرتەوازە بوونی ئەندامانی.

(ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات، لە بەرامبەر پێدانی شیربایییەکی زۆر، زاوا بووک بەدەست دەهێنێت. شیربایییەکە زۆرجار لە مانگا و مەڕومالآت پێک دەهات، قەبارەی شیربایییەکە پشتی بە توانای دارایی خێزانەکە بەستبوو، تەنانەت ڕوویداوە کاتێک زاوایەک زەنگین و هەبوو بووە، کچێکی گەنج بووە بە خێزانی، هەرچەندە پێشتر چەند ژنی دیکەیشی هەبوبێت.[101] ئەمەش پەردە لە سەر جۆرێک لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵدەماڵێت، چونکە بوونی سامان و دەوڵەمەندی وایکردووە پرۆسەی هاوسەرگیری ئاسان و کردەیی بێت، ئەگەرچی ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات، خێزانی دیکەی هەبووبێت یان جیاوازی تەمەنی لەگەڵ بووکەکە هەبووبێت، هیچ لەمانە نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە. بەپێی تێبینییەکانی (خاچاتۆرۆڤ) لە نێو کورددا زاوا بڕە پارەیەکی زۆر و جار جارەش دووسەد بۆ سێ سەد مەڕ و چەند سەر گایەک،

(96) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 149.

(97) م.ب. ڕۆدینکۆ : وەرگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٤.

(98) هـ س، ل ٢٢٥.

(99) ئامیارتسوومیان ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤٧.

(100) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٠.

(101) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 148.

بە باوکی بووکە دەدات.[102] (موسائیلیان)یش ئاماژەی بەم دۆخە کۆمەڵایەتییە کردووە و دەڵێت :" لەم ڕووەوە کوردەکان وتەیەکی باویان هەیە، کە پەردە لەسەر ئەم دۆخە هەڵدەماڵێت (کچێکی سێزدەساڵان لە باوەشی پیرەمێردێکدایە)، لەم دۆخەدا دایک و باوکی کچەکە، خواستی کچەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە و نەیانداوە بە کوڕە دڵخوازەکەی".[103]

لە ڕێوڕەسمی شیربایشدا، لە ڕۆژی دیاریکراودا سەرداوەت و خزمە نزیکەکانی کوڕ دێن بۆ ماڵی کچەکە. لایەنی کوڕەکە دەڵێن(مارەیی لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەمڕۆ ئێمە پەنیرین و ئێوەش چەقۆ). لایەنی کچەکە گوڕمەیەک دەڵێن، ئەگەر زۆر بوو لایەنی کوڕەکە دەڵێن( ئێمە گوێمان لێنەبوو، تکایە جارێکی دیکە بیڵێنەوە) ئەوکاتە کەمدەکرێتەوە، جاری وا هەیە ئەمە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە تا ڕێکدەکەون .[104] (ئاراکێلیان) ئەوە دەخاتە ڕوو هیچ کوردێک ئامادەنییە کچ یان خوشکی خۆی بە بێ وەرگرتنی پارەی دیاریکراو، بە هیچ کەسێک بدات. .[105]

ئەوەی تایبەتە بە ژن هێنانی کەسانی پایە بڵندی وەک سەرانی هۆز و خێڵ، بە تایبەتی ئاغا و کوڕانی ئاغاکان، ئەوا ڕێژەی شیربایی بە تەواوی بەرزدەبێتەوە.[106] چونکە ئاغا ئارەزووی ئەوەی هەیە، کچی خاوەن دەسەڵاتی شاری بۆ کوڕەکەی بهێنێت. ئەو پارەیەی کە ئاغا دەیدات بۆ بووک، هەر کەس بە پێی توانای خۆیەتی. شتێکی لە ئاسایی بەدەریش نییە بە مەبەستی مەرایی کردن بۆ بووک یان دەرخستنی دیمەنی دەوڵەمەندی زاوا ئەم ژمارەیە بەرزتربکرێتەوە، لەبەر ئەوە زۆرتر ژنهێنانی ئاغا سیمای سیاسی تێدایە.[107]

بڕ و ڕادەی پێدانی شیربایی، نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی لە ڕووی ئابوورییەوە دەخاتە ڕوو. لە بەرامبەر ئەو دیمەنە خۆ نوێنەی کەسانی پایەبڵند لە پێدانی شیربایی، وێنەیەکی دیکەی چینە کۆمەڵایەتییە هەژارەکە هەیە. کاتێک کەسێکی هەژار ویستویەتی هاوسەرگیری بکات، زۆرجار لە لایەن خزم و کەسوکارەکەی یان تەنانەت هەموو دانیشتوانی گوندەکەی، پارمەتی زاوای هەژار دراوە بۆ کۆکردنەوەی شیربایی و مارەیی بووک.[108] لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڕی شیربایی داواکراو زۆر بوبێت، زاوای هەژار نەیتوانیبێت ئامادەی بکات، پەنای بۆ ڕفاندنی کچەکە بردووە. ئەمەش دەرگای گرفت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی (هەندێک جار تا ڕادەی دوژمنایەتیش دەڕوات) لە نێوان دوو خێزانەکەدا دەکاتەوە. یان دایک و باوکی کچەکە لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕە شیربایییەکی زۆرتر، کچەکەیان بە کەسێکی دیکە داوە. لەم حاڵەتەشدا، کچەکەیان بە نابەدڵی بە شوودراوە، ژیانێکی نائارام و نائاسوودەی دەبێت.

دایک و باوکی بووک ئەگەر کچەکەیان جوان بووبێت، داوای پارەیەکی زۆر و مەڕ و ئەسپ و هتد دەکەن. خودی کچانیش، بە گرنگ لە شیربایی دەڕوانن. تەنانەت عاشقی گەنجێکیش بن و بشیانەوێت  شووی پێ بکەن، ئەگەر شیربایەکەی کەم بێت وەک سووکایەتیی بۆ خۆیان لێکی دەدەنەوە و ڕازی نابن شووی پێبکەن. تەنانەت باوکی کچەکەش، بەو شیرباییە بچووکە ڕازی نابێت. ئەو کەسەشی شیربایی زیاتر بدات دەتوانێت کچەکە بخوازێت، بە بێ ئەوەی خۆشیبوێت.[109] مارەیش بە پێی توانای دارایی کوڕەکە دەستنیشان دەکرێت، بریتییە لە هەندێک پارە، چەند سەر ئاژەڵ و دەستە جل و بەرگێک، وا باوە کە دایک و باوکی کچەکە هەموو مارەییەکەی بۆ دەکەن بە جیازی.[110] بە پێی ڕێوشوێن، لەسەر ئەو شتە ڕێکدەکەون کە بۆ بووک دەکڕدرێت، ئەگەر کوڕە لاوەکە بەو نرخە ڕازی بوو، ئیتر خۆ بۆ شایی ئامادە دەکەن. [111]

---

(102) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(103) Ж.С.Мусаэлян: ТЕМАТИКА КУРДСКИХ НАРОДНЫХ ЛИРИЧЕСКИХ ПЕСЕН ИЗ РУКОПИСНОГО СОБРАНИЯ А.Д.ЖАБЫ,с36.

(104) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٥.

(105) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٥.

(106) В. Никитин : Курды,с170.

(107) ا.م.میتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٠ - ٥١.

(108) Ж.С.Мусаэлян: ТЕМАТИКА КУРДСКИХ НАРОДНЫХ ЛИРИЧЕСКИХ ПЕСЕН ИЗ РУКОПИСНОГО СОБРАНИЯ А.Д.ЖАБЫ,с36.

(109) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(110) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل٢٢٥.

(111) ا.م.میتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٤٨.

## حەوتەم : شایی و زەماوەند و گواستنەوەی بووک

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دایک و باوک، زاوا ئاگاداری هاوڕێکانی دەکات بۆ کاتی ئەنجامدانی زەماوەندەکەی. [112] شایی و زەماوەند لە ناو کورددا بە پێی توانای خاوەنەکەی، لە سێ ڕۆژەوە بۆ حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت. [113]

بە گەیشتنی کاروانی زەماوەند بۆ پێش ماڵی بووک، هەموو تێکڕا دەست بە تەقەکردن دەکەن و هەواڵی گەیشتنی زاوا ڕادەگەیەنن. دەبێت لە لایەن ماڵی بووکەوە، سێ تەقە وەک نیشانەی خۆشەویستی و ئاشتی و ئامادەبونیان بۆ پێشوازیکردن لە زاوا بکرێت. ئەگەر ئەو سێ تەقەیە نەکرا، ئەوە مانای قبوڵنەکردنی زاوایە، لەم حاڵەتەدا هاوڕێیانی زاوا دەبێت بە زۆر بووک بستێنن. حاڵەتی واش ڕوو دەدات کە ماڵباتی بووک خۆیان بە دەستەوە نادەن و کار دەگاتە خوێن ڕشتن، دواتر گەورەکان دێنە ناو بابەتەکە و کۆتایی بە توندوتیژییەکە دەهێنن و لە بەرامبەر بڕە پارەیەک ڕێک دەکەون. [114]

کاتێک سەرداوەت و کەسوکاری زاوا دەچن بە شوێن بووکدا، پێش ئەوەی بچنە سەر خوان سەیری جیازی بووک دەکەن. ئەگەر هەمووی ئامادەکرابوو، ئەوسا دەست بە نان خواردن دەکەن. وەک باوە لە نێو کورددا، بووک هەندێک پێخەف و بەتانی و پشتی و جل و بەرگ و پێویستی بەردەستی ڕۆژانەی ناوماڵ لە ماڵی باوکییەوە لەگەڵ خۆی دەبات. [115]

لە کاتی گواستنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا، هاوڕێیانی زاوا بە گشتی چەکدارن، تا ئەگەر لە ناکاو کەسانێک بیانەوێت بووک بڕفێنن، بتوانن بەرگری لێبکەن. لە حاڵەتی وەهادا بووک بۆ ئەو کەسە دەبێت کە بتوانێ بیڕفێنێت و ئەو زاوایەش کە بووکی لێ بدزرێت، وەک کەسێک دەناسرێت کە شایستەی خاوەندارێکردنی بووک نەبووە. [116] ڕەنگە بووکەکە، دڵخوازی خۆی هەبوبێت و دڵدارەکەی فرسەت بهێنێت لە ڕۆژی گواستنەوەی بیڕفێنێت. پیاو بە دزینی بووک لە ڕەقیب و نەیار، دلێری و ئازایەتی خۆی دەسەلمێنێت، ئەم کارەش زۆر بە ئاسایی لە کاتی زەماوەندا دەقەومێ و ڕووداوی دڵتەزێن و غەمباری لێدەکەوێتەوە، بۆیە لە کاتی زەماوەندا هاوڕێیانی زاوا چەک هەڵدەگرن.

(ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات، لە کاتی گواستنەوەی بووکدا، بووک لەسەر ئەسپێک دادەنرا. هاوکات چوار پیاو (خزمی نزیکی زاوا) لە ئەسپەکە نزیک دەبوونەوە و سێ کەسیان چاودێری دەروبەریان دەکرد، چوارەمیان هاوکاری بووکەی دەکرد لە سواربوونی بۆ سەر ئەسپەکە. مەبەست لەم ڕێوڕەسمە ئەوە بوو تا ڕێگە بگرن لەوەی کە لە لایەن بێگانەیەکەوە بەرد لە ئەسپەکە نەدرێت، چونکە بە باوەڕی ئەوان ئەگەر شتێکی وا ڕویدابا، زاوا نەیدەتوانی جڵەوی بووک بگرێت. [117]

نەریتێکی تر لە نێو کورددا لە کاتی ئاهەنگی هاوسەرگیری باوە، ئەویش پابەندی (هاوکاریی ماددییە). بە پێی زانیارییەکانی (ڕۆدینکۆ) پیاوان لە ژوورێک لە دەوری مێزێک کۆدەبنەوە، سەرداوەت پارەیەکی زۆر فڕێدەداتە سەر مێزەکە. دوای ئەویش هەر کەسەو بە پێی توانای خۆی چەندێک بتوانێک پارە دادەنێت. بە جۆرێک هێندە پارە کۆدەکرێتەوە کە قەرەبووی خەرجییەکانی هاوسەرگیرییەکە بۆ ماڵی زاوا دەکاتەوە. [118] بوونی ئەم جۆرە نەریتە، ئاماژە بە گرێدراوی کۆمەڵایەتی و هاوکاری و بەدەمەوەچوونی کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد دەکات، چونکە لە بارودۆخێکدا هەمووان هاوکاری کەسی دیاریکراو دەکەن، کە خەرجییەکی زۆری لەسەر کەوتووە. شێواز و کاتی بەخشینی ئەم هاوکارییە و کۆکردنەوەی، بە پێی ناوچە جیاوازەکان و زانیارییەکانی کوردناسان جیاوازن. ئەو زانیارییانەی ( ڕۆدینکۆ) ئاماژەمان پێکرد، تایبەتن بە کوردانی ئێزدی قەفقاز. لە نێو کوردانی ئێراندا نەریتەکە بە جۆرێکی دیکەیە، (ئاراکێلیان) ئاماژە بەوە دەکات لەسەر ڕێی گواستنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا، کاروانی زەماوەند بە گەیشتنی بۆ بەر هەر ماڵ و ڕەشماڵ و گوندێک ڕادەوەستێت، دیاری لە کەس و کار و دۆست و ئاشنایان کۆدەکاتەوە. دیارییەکانی وەک (پارچە شاڵ، قاڵی، چەک، گوێدرێژ و ئێستر ...هتد) دەدرێن بە بووک و زاوا، ئەگەر بە پێش

---

(112) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 149.

(113) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.

(114) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤١، ٤٢.

(115) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٦.

(116) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤٠ - ٤١ ، ٤٧ - ٤٨.

(117) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 156.

(118) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٧.

سەرۆک خێڵدا تێیەڕبن، سەرۆک خێڵ بە پێی پلەو پایە و ناوبانگ و دەستڕۆیشتووی خۆی، دیارییەکیان پێشکەش دەکات.[119] (مینتیشاشیڤلی) یش ئەوە دەخاتە ڕوو کاتێک بووک و زاوا دێنە کۆڕی هەڵپەڕکێوە، هەموو میوانێک پارە یان مەڕیان بە دیاری بۆ دێنن. ئەوەی کە کۆ دەکرێتەوە بە تەواوی بەشی ئەوە دەکات بە زیادەوە مەسرەفی شایی پڕبکاتەوە.[120] (ئەرستۆڤا)ش ئاماژە بەوە دەکات، لە کاتی زەماوەنددا یەکێک هاوار دەکات و ناوی میوان و بەهای دیارییەکەی بە دەنگی بەرز بە ئامادەبووان دەڵێت.[121]

شایی و زەماوەندی کوردی بە گشتی لە بەهاردا دەکرێت، کونجێکی ڕەشماڵەکە یان خانووەکە بە پەردە جیادەکرێتەوە کە بووک و زاوا شەوی بووک و زاوایانی تێدا بەسەر دەبەن.[122] لە نێو کوردانی ئێران وەک (ئاراکێلیان) ئاماژەی پێکردووە شوێنی تەرخانکراو بۆ  بووک و زاوا ژوورێک یان ڕەشماڵێکە، بە سەرجەم دیارییەکان کە لە لایەن باوک و خزم و کەسوکاری بووک لەگەڵی نێردرابوو دەڕازێندرێتەوە. لەو کاتەی بووک و زاوا لە ژوورەوەن، دوو لە هاوڕێیانی زاوا بە چەکەوە ڕادەوەستن و ناهێڵن کەسی لابەلا، سەر بە ژوورەکەدا بکەن و پێش بە هەر دەنگ و هەرایەک دەگرن. هەروەها دەبێت زۆر هۆشیار بن نەکا نەیار و دوژمنانی زاوا لەناکاو هێرش بەرنە سەریان، کە زۆر جار لەو کات و وەختەدا دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەختەوەری زاوا. ئەم کارەش لە دیدی کەسێتی کوردیدا بە کارێکی ( گوناھـ) دەزانرێت، بە پاسەوانەکانیش دەڵێن ( پاسەوانی شەرەف).[123]

لە ئامادەکردنی جێگەی بووک و زاوادا، باوک و کوڕ و براکان بە ژنەکانیانەوە شوێنی مانەوەیان چۆڵ دەکەن و لە شوێنێکی دیکە دەنوون. پاش ئەوەی کە بووک و زاوا دەچنە نێو پەردەی بوکێنی، زاوا پاسەوانانی شەرەف ئازاد دەکات. لە ناو کورددا ئەو نەریتە بە گشتی بەربڵاوە کە زۆرێک لە خزم و کەسوکاری زاوا و تەنانەت میوانەکانیش لەبەردەم ژووری بووک و زاوا کۆدەبنەوە، کە زاوا دێتە دەرەوە دەست لە سنگی دەدات و دەڵێت(خودا شاهیدە منیش سوێند دەخۆم کە ژنی من پاکە) پاش ئەوە دوو یان سێ لە ڕیشسپیانی میوان خەبەر بە ماڵی بووک دەدەن، کە کچی ئەوان ڕوو سپی بوو.[124] (نیکیتین) پشتڕاستی ئەم زانیارییەی (ئەڕاکێلییان) دەکاتەوە و ئاماژە  بە نەریتی ڕاخستنی دەستەسڕی سپی بۆ پاکیزەیی کچەکە (پیسیار) دەکات، کە پاشان دەنێردرێتەوە بۆ دایک و باوکی ژنەکە و ئەبێت بە نیشانەی کچێنی و داوێنپاکی کچەکەیان.[125]

زۆر بە دەگمەن ڕوودەدات کە کچی کورد ڕوو سپی نەبێت و کچێنی خۆی لە دەست دابێت. بەڵام ئەگەر شتێکی وا ڕوویدات، وەک زاوا هەرگیز ئاشکراکردنێکی ئاوای (نائاسایی و نامرۆڤانە) ئەنجام نادات. بەڵام لە ژنەکەی ئێجگار بێزار دەبێت و ڕق و کینە بەرامبەر بە ماڵباتی بووک و خێڵەکەی ( ئەگەر لە خێڵێکی دیکە بێت) هەڵدەگرێت و بە خوێن ڕشتن کۆتایی پێدێت. ڕووداوی لەم شێوەیە کاتێک ئاشکرا دەکرێت، کە زاوا بووکی لە خێڵی دوژمن هەڵگرتبێت یان لە دوژمن و ڕەقیبی خۆی دزیبێتی. ئیتر زاوا بە سەرشۆڕی لە ژووری بووک دێتە دەرەوە و بەوپەڕی دڵگرانییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە پاکبوونی لە کچەکە نەبینیوە و تەڵاقی دەدات. حاڵەتی واش هەیە کە زاوا وەک تۆڵە سەندنەوە لە دوژمن و خێڵە نەیارەکەی، کە ژنیشی لێ خواستوون ئەم لە ڤاودانە ڕەوشتییە دەربارەی بووک ئەنجام دەدات. بەڵام بیرو باوەڕی گشتی کورد لە سەر ئەو ڕایەیە کە ناکرێت لێکۆڵینەوە لە ڕاستی ئەم لە ڤاودانە ئەخلاقییە بکرێت و باوەڕ بە زاوا نەکرێت، چونکە لە لایەک زاوا پارەیەکی زۆری خەرجکردووە کە بۆی ناگەڕێترێتەوە، لە لایەکی دیکە زۆر باش دەزانێت ئەگەر تۆمەتێکی ئاوا بۆ بووک هەڵبەستێت، ئەوا خۆی و خێڵەکەی ڕووبەڕووی نەفرەتی خودا دەبنەوە و بێ ئابڕوویەکی گەورەش بۆ خۆی و خێڵەکەی دەسازێنێت.[126]

---

(119) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤١.

(120) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣ - ٥٤.

(121) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,c 154.

(122) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣ - ٥٤.

(123) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤٣.

(124) هـ.س، ل ٤٤ -٤٥.

(125) В. Никитин : Курды,c186.

(126) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٤٥ -٤٧.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی کەسێتی کورد، ڕەوشتبەرزییە. زۆرێک لە کوردناسان سەرنجیان لە ڕەوشت بەرزی کورد داوە. بوونی حاڵەتی بەدڕەوشتی و زینا لە نێو کورددا کەم بووە، ئەگەر هەشبوبێت، لێبوردن بەرامبەر بکەران و ئەنجامدەرانی نەبووە، بەڵکو وەک نەریتێک دەبوو بکوژرێن. کورد ئەگەر بە سروشت ڕەوشتبەرز بووبێتن، تەگەر حاڵەتێکی بەدڕەوشتی و زینا ببینن، بکەرانی بە سزای کوشتن سزا بدەن، ئەگەری ڕووداتی ئەم ڕووداوانە لە شەوی بوکێنی زۆر دەگمەن دەبێت. پاش ڕووداوێکی لەم شێوەیە، هەموو خشڵ و جلوبەرگی بوکێنی لەبەری بووکەکە دادەکەنن، ڕووی بە ڕەژوو ڕەش دەکەن و بە تەنها کراسێکەوە بە پێچەوانەوە سواری گوێدرێژێکی دەکەن و کلکی گوێدرێژەکە دەدەنە دەستی، گشت خەڵکی پیاو و ژن تف لە ڕووی دەکەن و جنێوی پیس بە خۆیی و دایک و باوکی و خزم و کەسوکار و خێڵەکەی دەدەن، بە سوکایەتییەوە بەرەو ماڵی باوکی دەینێرنەوە، لە ماڵی باوکیشی حاڵی لەمە باشتر نابێت.[127] سەرباری دەگمەنی ئەم دیاردەیە ، بە باوەڕی ئێمە ئەم حاڵەتانە لە خەیاڵدانی کەسێتی کوردیدا بوونی هەبووە. وەک دۆخێکی کۆمەڵایەتی شەرمهێن و ڕووشکێنەر، مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین ڕیشەی جنێوی ( ڕووت ڕەشبێت) کە وەک سوکایەتییەک بەکاردەهێنرێت، بچێتەوە سەر ئەم حاڵەتە.

دوای ئاهەنگی هاوسەرگیری، بووک لە ماڵی زاوا دەمێنێتەوە. (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات دوای شەش مانگ بۆ ساڵێک، دایک و باوکی بووک دێن و بەرەو باوانی دەکەنەوە، دوو بۆ سێ مانگ لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە، لەم کاتەدا لە لایەن دایک و باوکی تازەبووک، مەڕ یان مانگایەک بە بووکەکە دەدرێت و دەبێت بە هی خۆی.[128] بەڵام (نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات، دوای نزیکەی هەفتەیەک لە (گواستنەوەی بووک ) بووک بەرەوە باوان دەبێتەوە. دوای دوو بۆ سێ ڕۆژ مانەوەی لەگەڵ ماڵ باوکی و وەرگرتنی دیاری، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی مێردەکەی. [129] بە باوەڕی ئێمە ئەم جیاوازیيە پەیوەندی بە دابونەریتی ناوچەیی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەیە، تەنانەت لە هەندێک شوێن دوای (سێ) ڕۆژ بووک بەرەو باوان دەکرێتەوە. بێگومان کەرەستە و سەرچاوە و تەنانەت سەرنجەکانی (ڕۆدینکۆ) تایبەتبوون بە کوردانی قەفقاز، بەڵام (نیکیتین) بەهۆی ژیانی سیاسی و کارکردنی لە بواری دبلۆماسی لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران و بوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردستانی عێراق، سەرنجی زیاتری لەسەر کوردەکانی ئەم ناوچانە بووە. ئەم نەریتە (مانەوەی بووکە لە ماڵە باوانی دوای گواستنەوەی) لە نێو کوردانی قەفقاز، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەت ئەم نەریتە لە نێو کورددا بەرەو نەمان ڕۆشتووە، تەنانەت ئاهەنگی هاوسەرگیریش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.[130]

### هەشتەم : فرەژنی، هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خزم

شێوەی باو و بەربڵاوی هاوسەرگیری لە نێو کورددا، هەمیشە یەکژنی بووە. تەگەرچی کورد وەک موسوڵمانانی دیکە بە پێی شەریعەتی ئاینی ئیسلام، دەتوانێت چەند ژنێکی هەبێت. هەرچەندە ئەوانەی دەوڵەمەند بوون زیاد لە ژنێکیان هەبووە، بەڵام وەک دیاردەیەک فرەژنی بەشێوەیەکی گشتی لە نێو کورددا کەمە. [131] لە ڕووی کردارییەوە تەنیا پیاوانی دەوڵەمەند دەتوانن لە ژنێک زیاتر بهێنن و هاوسەرگیری بکەن. بێوەژنەکان زۆربەی کات دەرفەتی زۆر سنووورداریان هەیە دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە، چونکە پیاوان نایانەوێت بەرپرسیارێتی منداڵانی کەسانی تر لە ئەستۆ بگرن[132].

(مینتیشاشیڤلی) ئاماژە بەوە دەکات تا سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد تاقە یەک ژنهێنانیان پاراستووە، ڕەنگە چەند تیرەیەک هەبن کە چەند ژنیان هەبێت. [133] بەڵام (خاچاتۆرۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە، کە فرەژنی لە ناو کورددا پراکتیزە دەکرێت، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار کورد شەش بۆ حەوت کچی پێگەیشتووی هەیە.[134] ڕای جیاوازی کوردناسان دەربارەی

---

(127) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 154.

(128) م.ب. ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٢٦.

(129) В. Никитин : Курды,с181.

(130) М. О. Косвен: этнография и история Кавказа, М , 1961, с 61.

(131) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 143؛ ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٥.

(132) Туйя Сааринен : Курдская культура и семейные традиции

(133) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٤٨.

(134) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

بوونی دیاردەی فرەژنی لەنێو کورددا، پەیوەندی بە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دارایی خێزانەکان لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە هەبووە. چونکە بوونی دیاردەکە لە نێو خێزانە پایەبڵند و دەوڵەمەندەکاندا هەستی پێدەکرێت، تا خێزانێکی ئاسایی و هەژار. لە نێو کورددا، ئامانج لە فرەژنی فراوان بوونی خێزان و وەچەخستنەوە، پاڵپشتی سیاسی و ئامانجە سیاسییەکان، کۆتایی هێنان بە ناکۆکی و دوژمنداری، زۆرجاریش بارودۆخی تایبەتی وەک مردنی هاوسەرێک و شوکردنەوەی خێزانەکەی بە برای کۆچکردووەکە، یان نەخۆشی خێزان و منداڵ نەبوون وایکردووە پیاوی کورد ژنی دووەم بهێنێت.

هەرچەندە لە نێو کورددا ئەوە وەک نەریتێک بڵاوە و کەسێتی کورد پابەندییەتی، تا برا گەورە ژن نەهێنێت، برای بچوک ناتوانێت ژن بهێنێت. تا خوشکی گەورە هاوسەرگیری نەکات، خوشکی بچووک نادرێت بە شوو.[135] بەڵام هاوسەرگیریکردن لە گەڵ براژن دوای مردنی برا، هاوسەرگیرییەکی پێویستی کورد بووە.[136] برای کۆچکردووەکە، بە زۆری خێزانی برا کۆچکردووەکەی دەگرێتە خۆی و هاوسەرگیری لەگەڵ براژنەکەیدا دەکات. هەندێک جار ڕێکدەکەوێت کە برای کۆچکردووەکە خۆی خێزاندار بووە و هیچ کوڕێکیش لە بنەماڵەکەدا نەماوە هاوسەرگیری نەکردبێت، لەم حاڵەتەدا بێوەژن دەبێتە ژنی دووەم یان سێیەمی برای هاوسەرە کۆچکردووەکەی.[137] بەڵام هاوسەرگیری کچێک لەگەڵ مێردی خوشکە مردووەکەی زۆر دەگمەنە، هەرچەندە (ئەرستۆڤا) ئاماژە بەوە دەکات تا سییەکانی سەدەی بیستەم لە نێو کوردەکانی ئازەربایجاندا هەبووە.[138]

زۆرینەی کورد لە خێڵ و هۆزی خۆیان یان لە نێو خزم و کەسوکاری خۆیان ژن دەخوازن، بە دەگمەن ڕوو لە خێڵێکی دیکە دەکەن. ئەگەر کەسێک ژنێک لە خێڵێکی دیکە بخوازێت، گلەیی ئەوەی لێدەکرێت بۆچی لە بێگانە ژنی هێناوە، بۆ لە خۆیان ژنی نەهێناوە.[139] چونکە هاوسەرگیرییەکی لەو شێوەیە و خزمایەتی لە ڕێگەی ئەو ژنهێنانەوە بۆ پیاو، لە گرنگیدا خزمایەتیەکی پلە دوو دەبێت، بە بەراورد بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خزم کە جیاوازییەکانیان بە ڕوونی دەردەکەوێت. پەندێکی کوردی سروشتی گشتی خزمایەتی لە ڕێگەی ژنخوازییەوە نیشان دەدات و دەڵێت (خۆزگە خودا دەیکوشتم و موحتاجی دەستی زاوا نەدەبووم).[140]

باوک بۆ بوون بە زاوای، برازاکەی خۆی لە هەر کەسێکی دیکە بە شیاوتر دەزانێت. چونکە ئەو کەموکووتی برازاکەی خۆی دەزانێت، ئەمە مەترسی سەرنەگرتنی هاوسەرگیرییەکە و ژیانی ژن و مێردایەتی لاوەکان کەم دەکاتەوە. پاش ئەمەش ڕەنگە لە ڕووی پشت و خزمایەتییەوە هەندێک کار بکاتە سەر زاواکەی و بەرگری لە کچەکەی بکات. هەرچی زاواشە، ئەوا بە پێی ڕێوشوێنی ئەگەر برازابێت شیربایی‌یەکی زۆر کەمتر دەدات، یان هەر نایدات، ئەمەش زۆرتر لەگەڵ ئارەزووی زاوادا دەگونجێت و ڕۆڵی لەوەشدا هەیە کە ئارەزووی خواستنی خزم زیاتر بێت. بەڵام زەحمەتە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە باوک بە چ چەشنێک ئامادەیە شیربایی بەرامبەر بە کچەکەی نەوێت یان کەمی بکاتەوە، ئەمە کە زاوا برازا یان خوشکەزا بێت. چونکە ژیانی ئەو بە تەواوی لە ژیانی براکەی یان برازاکەی جیایە و شیربایی وەرنەگرتن بە تەواوی داهاتێکی لە کیس دەدات .[141] هەر ئەمەش لای (ئەرستۆڤا) هۆکارە بۆ ئەوەی، کە لە نێو کورددا زۆرتر هاوسەرگیریی لە ناو بنەماڵەیەکدا بکرێت، بە تایبەتی لە نێوان منداڵانی براو خوشەکەکاندا لە سەر ئاستی بنەماڵەیەک، زۆر جاریش کە بنەماڵەیەک کوڕی تێدا نەبێت، کچەکان بە خاڵۆزاکانیان دەدرێن.[141]

هاوسەرگیریکردن لەگەڵ خزم لە نێو کورددا، زیاد لە مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەنانەت سیاسیشی لە پشتەوەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هاوسەرگیرییەکی لەم شێوەیە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و خزمایەتی بە پتەوی دەهێڵێتەوە، سەرباری ئەوەی دەبێتە هۆی فراوان بوون و گەشەسەندنی بنەماڵەکە. لە ڕووی ئابوورییەوە، بڕی شیربایی کەم دەبێت، یان هەر نامێنێت بە تایبەتی لە حاڵەتی ژن بە ژندا، لە لایەکی دیکە میراتی بنەماڵەکە هەر لە نێوان خۆیاندا دەمێنێتەوە و ناکەوێتە دەست

---

(135) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٩.

(136) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 146.

(137) Туйя Ааринен : Курдская культура и семейные традиции.

(138) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 146.

(139) В. Никитин : Курды,с178.

(140) ا.م.میتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٣٩، ٥٠، ٥٢.

(141) هـ .س، ل ٤٨، ٤٩.

(141) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 146.

بێگانەکان. لە ڕووی سیاسییەوە، هاوسەرگیرکردن لەگەڵ خزم، پایەی کۆمەڵایەتی و هێزی بنەماڵەکە لە نێو نەیارەکانیدا بەهێز دەکات، بە تایبەتی لە حاڵەتی ڕوودانی دوژمنایەتی و ناکۆکی، بە هۆی بوونی پەیوەندی خزمایەتی لە لایەک، لە لایەکی دیکە پەیوەندی ژن و ژنخوازی پێکەوەگرێدانی ئەندامانی بنەماڵەکە پتەوتر دەبێت و هێزیان یەکگرتوتر دەکات.

## نۆیەم : کەسێتی ژنی کورد و ئیش و کاری ڕۆژانە

(ئەرستۆڤا) تەوەی خستۆتەڕوو، ژنی کورد پێویستە پێش هەموو کەسێک لە خەو هەستێت، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئاژەڵەکان بێت، نان ئامادە بکات، پێش ئەوەی بە کۆمەڵ بچنە سەر کارەکانیان، خواردنی خێزانەکە ئامادە بکات. کچە تازەپێگەیشتووەکانی ناوماڵ، لە کاتی خۆیدا یارمەتی بەساڵاچووان دەدەن، ناو ماڵ و ژوورەکان پاک دەکەنەوە، ئاو هێنان و قاپ شۆردن ... هتد ئەرکی ئەوانە.[142] (مینۆرسکی) دەربارەی تیش و کاری ڕۆژانەی ژنان و کچانی کورد ئەوەی خستۆتەڕوو، کە ئیشوکاری ناوەحەتی ناوماڵ دەکەن. لە کاتی ئاو دەهێنن، بۆ ڕان دۆشین و دارو چیلکە هێنان دەچنە چیاکان،* بە شێوەیەکی هەمیشەیی منداڵەکانیان هەڵگرتووە.[143] (ئەرستۆڤا) ئاماژەی بەوە کردووە، کە ژنانی کورد منداڵەکانیان بە شاڵێکی خوری گەورە بە پشتیانەوە دەبەستنەوە، بەو شێوەیە هەموو کارەکانی ماڵەوەیان ئەنجام دەدا، تەنانەت بەم شێوەیەش سواری ئەسپیش دەبوون.[144] (م. شاگینیان)یش تێبینی ئەم دیاردەیەی کردووە، کاتێک لە ساڵی (١٩٢٧ز) گەشتێکی بۆ نێو کوردانی ئەرمەنستان ئەنجام داوە و ئاماژەی بەوە کردووە کە :" ژنان بە شوێن ئێمە دەکەوتن، منداڵە ساواکانیان لە پشتیانەوە هەڵگرتبوو".[145]

ئاراکێلیان تێبینی ئەوەی کردووە، ژنانی کورد کاری کشتوکاڵی ئەنجام دەدەن، زەوی دەکێڵن، دروێنەی دەکەن و هەڵیدەگرنەوە، گاڕان دەبەنە لەوەڕاندن، تەونکاری دەکەن، مەرەز بۆ ڕەشماڵ دەڕێسن **. سەرەڕای ئەم کارانە پیاوان و براکانیان بۆ شەڕ پۆشتە و ئامادە دەکەن.[146] خاچاتۆرۆڤ سەرباری ئەوەی باس لە ئەرکەکانی ماڵەوەی ژنانی کورد دەکات، تێبینی ئەوەشی کردووە، ئەگەر مێردەکەی لە ماڵەوە نەبێت، ژنی کورد بە چەکێکەوە شەوان بە ئاگایە بۆ ئەوەی دزی لێ نەکرێت، پاسەوانی ماڵ و ئاژەڵەکانیان دەکات و لە هێرشی دڕندە و دزەکان دەیانپارێزێت.[147]

## دەیەم : ژن و ناپاکی هاوسەرێتی

یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کەسێتی کورد، ڕەوشت بەرزیە. ئەو گوناهەی کە لای کورد لێبوردنی نییە، ناپاکی هاوسەرییە. تاوانبار یەکسەر لەناو دەبرێت، کەسی تاوانبار ناشتوانێت خۆی بخاتە بەختی هیچ کەسێکەوە و پەنا بۆ کەس ببات، چونکە تەوەشی پەنای بدات، هەر بە تاوانبار و سەرشۆڕ دادەنرێت. لەم حاڵەتدا دایک و باوک و کەسوکاریش، خۆیان لە کەتنکەر بێبەری دەکەن.[148]

لە نێو خێزانی کوردیدا، هەموو ئەندامێک جا لە هەر تەمەنێکدا بێت، ئەو مافەی هەبووە کە بێ لێپرسینەوە کەسی ناپاک (ناپاکی بەرامبەر بە هەر شتێک کە شەرەفی بنەماڵەکە لە کەدار بکات) لە ماڵ دەربکات.[149] بە باوەڕی (نیکیتین) ژنی کورد بە ڕەوشت بەرزی ناسراون و دەڵێت :" هەموو توێژەرە بیانییەکان یەکدەنگین لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشت بەرزی ژنی کورد، وشەی لەشفرۆش لە زمانی تەوان بوونی نییە، لە کۆکراوە ئەدەبییەکانم دا تەنیا یەک چیرۆکی زینام دۆزیوەتەوە".[150]

---

(142) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 178.

* بۆ بینی چەن وێنەیەکی ژنانی کورد لە کاتی ئەم ئیش و کارانەدا بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١) .

(143) مینۆرسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە،ل ١٥٩.

(144) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 162.

(145) М. Шагинян: Прогулки по Армении, М.—Л.,1927 ,с 26.

** بۆ بینینی وێنەی بەشێک لەم ئیش و کارە ڕۆژانەیەی ژنانی کورد، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٢).

(146) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٣.

(147) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.

(148) م.ب. ڕۆدێنکۆ : وێنەگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک،ل ٢١٢.

(149) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 144.

(150) В. Никитин : Курды,с180.

ئەگەر ژنێک ڕێگە بەخۆی بدات خیانەت لە مێردەکەی بکات، لە دیدی کەسێتی کوردیدا کوشتنی حەرام نییە. کەس بەدوای بکوژدا ناچێت و تەنانەت باوکی ژنەکەش هیچ شتێک بە بکوژەکە ناڵێت و لێی تووڕە نابێت. بە پێچەوانەوە، بکوژی کچەکەی بە هاوەڵێکی باش وەسف دەکات. لە کاتی ڕوودانی حاڵەتێکی لەم شێوەیە، ژن نەک هەر ناوی مێردەکەی دەزڕێنێت، بەڵکو ئەم کارەی سووکایەتییە بە باوکی و هۆز و خێڵەکەشی. بۆیە لە کەسە نزیکەکانییەوە هەتا دورترینی لە هۆزەکەیدا، تۆڵەی لێدەکەنەوە. دوای سزادانی ژنەکە، تۆڵە لەو پیاوەش دەکرێتەوە کە هۆکاری ناپاکییەکەبووە.[151]

## یازدەیەم : تەڵاق و جیابوونەوە

وێڕای ئازادی و سەربەخۆیی ژنانی کورد، بوونی مافی زیاتر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بە بەراورد بە ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵات. بەڵام لەسەر ئاستی خێزان، نایەکسانی بەرامبەر ژنان هەبووە. بۆ نموونە ژن بێبەش بووە لە بڕیاری مافی جیابوونەوە، تەڵاق تەنها بە دەستپێشخەری هاوسەرەکەی ئەنجام دەدرا، کە هیچ حیسابێکی بۆ خەون و ئاوات و ویستی ژنەکەی نەکردبوو.[152] (موسائیلیان) تێبینی ئەوەی کردووە، ئەگەر ژنێک ژیانی ژن و مێردایەتییەکەی سەخت و پڕ ئازار بێت بۆی، تا کۆتایی ژیانی پێکەوەبوونیان نەیدەتوانی خۆی لەو هاوسەرگیرییە ئازاد بکات. تەنانەت ئەگەر یەکێکی تریشی خۆشویستبێت، نەیتوانیوە بە خواست ویستووی خۆی مێردەکەی جێبهێڵێت. تەڵاق تەنها بە دەستپێشخەری مێردەکەی ئەنجام دەدرا. لەگەڵ ئەوەشدا ژنی کورد ئامادەی بۆ مردن تێدابووە، بەڵام نەک تەڵاق بدرێت.[153]

(مینتیشاشیڤلی) ئاماژەی بەوە کردووە، لە ژن جیابوونەوە لەلای کورد شەرمە، بە کارێکی ناشیرین دەژمێردرێت، زۆر کەم لە ناویاندا ڕوودەدات.[154] (مینۆڕسکی) ئەوە دەخاتە ڕوو، پرسی تەڵاق زیاتر لە نێو کوردانی شارنشین بڵاوترە.[155] هەرچەندە (خاچاتۆرۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە لە هاوسەرگیری کوردانی موسوڵماندا، مەلا مەرج دەنووسێت کە لە سایەیدا بووک و زاوا ناچارن بە خۆشەویستی یەکتر بژین، بەڵام تەڵاق بە ڕەزامەندی هەردوو لا دەبێت.[156] بەڵام تەڵاق سەختترین بارودۆخە، کە بەسەر ژنی کورددا دێت. بە جۆرێک هیچ ژنێک ئاواتەخوازی نابێت، سەختی ژیانی ژنی کورد پاش جیابوونەوەی، تانە و تەشەری کۆمەڵگا، لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئاستی خێزانی ژنەکە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی ئایندەیان، وایکردووە کە تەڵاق بۆ ژنی کورد ژیانێکی پڕ ئازاربێت. ژنی کورد هەرچەندە ژیانی سەخت و نائاسودەبێت، مانەوەی لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەرێتی پێباشترە لە جیابوونەوە و ئازادبوون و تەڵاق وەرگرتنی. بۆ ژنی کورد، دەکرێت بەرگەی سەختییەکانی ئەو ژیانەی بگرێت، بەڵام ئەستەمە لەگەڵ تانە و تەشەری کۆمەڵگا بە هۆی تەڵاق وەرگرتنەوە هەڵبکات. بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژیانی خێزانی، نەگونجانی نێوان هاوسەر و خێزانەکان، نەبوونی منداڵ، ژن بە ژن و جیابوونەوەی لایەنێکیان و خیانەت لەو هۆکارانەن کە دەبنەی هۆی تەڵاق و جیابوونەوەی نێوان هاوسەر و خێزانەکان.

لەگەڵ ئەو هۆکارنەشدا، کوردناسان سەرنجیان لەسەر پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە تەڵاق بووە. (ئەرستۆڤا) تێبینی ئەوەی کردووە، تەڵاق زیاتر لە نێو کوردانی موسڵمان باوە. لە ڕابردوودا پیاوان زۆر بە سادەیی تەڵاقیان خستووە، زۆرجار ئەوە ڕویداوە کە پیاوەکە لەو کاتەدا هەست و سۆز بەسەریدا زاڵ بووە، پاشان دەست دەکات بە تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوە لەوەی کە ڕوویداوە. ئەوەی تایبەت بێت بە ئێزدییەکان، (ئەرستۆڤا) تێبینی ئەوەی کردووە کەیسەکانی تەڵاق لەناو کوردانی ئێزدی گۆشەگیرکراوە، لە نێو ئێزدییەکاندا هەمیشە هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکە منداڵ نەبوون بووە[157]. (ئاراکێلیان) ئەوە دەخاتە ڕوو کە هۆکاری تەڵاق لای کوردان، هەروەک تەواوی موسوڵمانانە و زۆر سەیر و سەمەرەیە. تەڵاقی کوردان بریتییە لە سێ بەش،

(151) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(152) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 158.
(153) Мусаэлян Ж. С. Тематика курдских народных лирических песен . С93.
(154) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٣.
(155) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبونەوە، ١٦٠ - ١٦١.
(156) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч.
(157) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 158.

کاتێک پیاوێکی کورد مەبەستی تەڵاقدانی ژنەکەی هەبێت، دەبێت سێ بەرد هەڵبگرێت و بە ژنەکەی بڵێت (هەرسێ تەڵاقی تۆم کەوتبێت) و هاوکات یەک بەیەک بەردەکان فڕێدەدات، ئیتر بە تەواوی ئەو ژنە وەک هاوسەری ئەو پیاوە نامێنێتەوە.[158]

(مینۆرسکی) لەم ڕووەوە هەمان ڕای( ئەرستۆڤا)ی هەیە، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات تەڵاق لە لای کوردەکان شتێکی ئاسانە و بە خێرایی دەدرێت. هەندێک جار کە لە نێوان خۆیاندا لەسەر شتێک مشتومڕیان دەبێت، ئەگەر فڵانە شت وانەبێت تەڵاقی ژنەکەی کەوتبێت. ئەم شتە زۆر بە ئاسانی ڕوو دەدات و دوایش پەشیمانی دەست پێدەکات و پیاوەکە ئازار دەچێژێت.[159] (ئاراکێلیان)یش تێبینی ئەوەی کردووە، کە کوردەکان بەردەوام لە کاتی توڕەیی دەست بۆ ئەو سێ بەردە دەبەن، بەڵام دواتر پەشیمان دەبنەوە و ناتوانن دەست لە ژنەکەیان هەڵگرن، بەڵام چۆن؟ مادام پیاوێک ئەو چەند وشەیەی بە زماندا هاتبێت و سێ بەردەکەشی فڕێدابێت، ئیتر ژنەکەی لەدەست دەچێت و ناتوانێت ژنی تەڵاقدراو لای خۆی ڕابگرێت.[160]

گەڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو بۆ لای پیاوەکەی، بە پێی شەریعەتی ئیسلام ناگونجێت، تا شوو بە پیاوێکی تر نەکات و تەڵاق نەدرێتەوە. ئەوکات دەتوانێت ژیانی خێزانی لەگەڵ هاوسەرە تەڵاقدراوەکەی دەست پێ بکاتەوە. [161] زۆرجاریش ئەوە ڕویداوە کە هاوسەری دووەم نەیویستوە ژنەکە تەڵاق بدات، بەتایبەتی ئەگەر گەنج و جوان بوبێت. لەم کاتەدا مێردی یەکەم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە کە پیاوەکە ژنەکەی تەڵاق بدات و دیاری و پارەی پێبەخشیوە، ئینجا توانیویەتی ڕازی بکات و ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی.[162]

بۆ پێشگرتن لە وەها ڕووداو و گرفتێک، هەر قازیەک پیاوێکی هەیە کە پێی دەڵێن (جاش)، لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراودا ئەو ژنە لە خۆی مارە دەکات، کە چەند ڕۆژێک بە ڕواڵەت لە لای دەمێنێتەوە و هیچیش لە نێوانیان ڕوونادات و پاشان تەڵاقی دەدات. ئەو ژنە تەنها بەو شێوەیە دەتوانێت لە هاوسەری پێشووی مارەبکرێتەوە.[163] ئەرستۆڤا ئاماژە بەوە دەکات ئەم نەریتەی (مارەبەجاش) لەناو کوردەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە تایبەتی لە نێو کوردانی ئازەربایجان و ئێران بڵاوبووە.[164]

(ئەراکێلیان) تێبینی ئەوەی کردووە، زۆرجار پیاوانی کورد باوەڕ بە (جاش) ناکەن، حەزناکەن خێزانەکانیان بۆ یەک کاتژمێریش لای (جاش) بهێننەوە. بۆ دەربازبوون لەو کێشەیەش، کوردەکان ڕێگا چارەیەکی باوی زۆر سەیریان دۆزیوەتەوە. ژنە تەڵاقدراوەکە لە (لولە هین - ئافتاوەی سازکراو لە گڵ) مارە دەکەن و ژنەکە چەند شەوێکیش لە باوەشی خۆی دەگرێ و دەخەوێت. دواتر پێویستە کە (لولە هین - ئافتاوەی سازکراو لە گڵ)ەکە ژنەکە تەڵاقبدات، بەڵام گیاندار نییە و ناتوانێت ئەو کارە بکات. لێرەدایە کە دەڵێن مارەیی لە کاتی مردن یان کوشتنی پیاودا هەڵدەوەشێتەوە. کە وابوو زۆر پێویست بە بیرکردنەوە ناکات و چارەسەر تەنها شکاندنی (لولە هین - ئافتاوەی سازکراو لە گڵ)ەکەیە.[165] بەم شێوەیە پیاوەکە نە ژنەکەی لە کەسێکی دیکە مارە دەکات، نە توشی ئەو گرفتەش دەبێت کە تەڵاقی نەدات. نە دەکەوێتە دڵەڕاوکێی ئەوەی متمانە بە (جاش) بکات یاخود نا. بەڵکو (لولە هین - ئافتاوەی سازکراو لە گڵ) ڕۆڵی هاوسەری نوێ بۆ خێزانە تەڵاقدراوەکەی دەگێڕێت، بە بێ ئەوەی

(158) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٦.
(159) مینۆرسکی : کورد تێبینی و وردبونەوە، ١٦٠ - ١٦١.
(160) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٦ -٣٧.
(161) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 158.
(162) Д. Беляев: Очерк северо-восточной части Персидского Курдистана,Известия штаба Кавказского военного округа, No 29, 1910,с 23.
(163) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٧.
(164) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 158.
(165) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل٣٧ - ٣٨.

هیچ دڵگرمیی ببێت بەرامبەری و بە ئاسوودەیی خێزانەکەی ڕادەست دەکات. دواتریش شکاندنی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە بە هاوسەرگیری دووەم چوێنراوە.[1]

لەکاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، منداڵەکان لەگەڵ باوکیان دەمێننەوە. هەندێک جار بە ڕەزامەندی ژن و مێرد، منداڵەکان بەم شێوەیە دابەش دەبن(باوک کوڕەکان دەبات، دایک کچەکان دەبات). ژنێکی تەڵاقدرا و کە چەند کچێکی هەیە، لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێکی دیکە دەدۆزێتەوە کە شووی پێ بکات. زۆرجاریش ڕێگری لە منداڵەکانی ئەو ژنەدا ناکرێت لەگەڵ دایکیان بژین، چونکە لە لای کورد منداڵ زۆر بەسوودە، لە لایەک بۆ ئیش و کارکردن، لە لایەکی دیکە پیاو لە بە شوودانی زڕکچەکانی شیرباییەکی دەست دەکەوێت.[167]

**بەشی چوارەم : هۆشیاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی ئاین و خێڵ لەسەر کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت.**

**باسی یەکەم : ئاین و کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت.**

**تەوەری یەکەم : ئایینی ئیسلام و کەسێتی کورد.**

**تەوەری دووەم : ئایینی ئێزدیی و کەسێتی کورد.**

**تەوەری سێیەم : ئایینی ئەهلی حەق و کەسێتی کورد.**

**باسی دووەم : خێڵ و کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت.**

**باسی سێیەم : هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت.**

**تەوەری یەکەم : هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد و بزوتنەوەی کوردی لە سەردەمی جەنگی قرم.**

**تەوەری دووەم : ئاوێتەکردنی بیری ئاینی و نەتەوەیی لە خەباتی سیاسی شێخەکاندا.**

**تەوەری سێیەم: داکشانی بیری سەربەخۆیی کەسێتی کورد و وابەستەبوونی بە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە (سوارەی حەمیدییە) بە نموونە.**

**تەوەری چوارەم: پەرەسەندنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ (١٩٣٩ز)**

[1] بە پێی گفتوگۆی نێوان توێژەر لەگەڵ وەرگێڕی کوردی ئەم تێکستە ڕووسیەی ئاراکێلیان بەڕێز ( مەنسور سدقی) لە ڕۆژی (٢٢/ ٦/ ٢٠٢١ز) دەربارەی ئەو ناوچەیەی کە ئەم نەریتەی تێدا بڵاوبووەتەوە، بیروڕای هاوبەشمان هەبوو پێکەوە و زۆرتر گومانمان لەسەر ئەوەیە کە نەریتێکی نێو (شکاکەکان) بێت. لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستی توێژەر، جگە لە (ئاراکێلیان) باس لەم نەریت و ڕێگەچارەیە نەکراوە.

(167) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч .

## باسی یەکەم : ئایین و کەسێتی کورد لە دیدیی کوردناسانی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت

لە ڕوانگەی زانستە جیاوازەکانەوە ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئاڵۆز دەناسێنرێت، بەگشتی دیاردەی ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆییە و بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندایە. ئایین وەک کۆمەڵێک بیروباوەڕ و نۆڕمی ئەخلاقی و سیستێمێک بۆ چۆنیەتی ژیانکردن، کاریگەری لەسەر بونیادی کەسێتی مرۆڤ هەیە.[1] بیروباوەڕە ئایینییەکان، پەیوەندیەکی پتەوی ئەرێنیان لەگەڵ دەروون و کەسێتی مرۆڤ هەیە. بۆیە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کەسی ئاییندار هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەرێنین و کەسانێکن ئاینەکەیان دەیانخاتە بەردەم کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی و ئامانجێکیان لە ژیاندا بۆ دەستنیشان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی ئایینی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ تایبەتمەندیە سایکۆلۆژییەکانی (ڕازیبوون، سروشت باشی، هێمنی، دڵنەرمی، هاوسۆزی، لێخۆشبوون)هەیە، ئەم تایبەتمەندیانە دەکرێت ببنە فاکتەرێک بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە و ڕێکخستنی پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ ئەوانی تردا و ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی باشتر بوونی تەندروستی دەروونی.[2]

لێکۆڵینەوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ئایین و ڕۆحیانەت کاریگەری گرنگی لەسەر چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیان، لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی مرۆڤ هەیە.[3] زۆرێک لە دەروونناسان ڕەچاوی کاریگەریەکانی ئایین و ژیانی ڕۆحیانییەتیان لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ کردووە، جەختیان لە سەر پەیوەندی نێوان ئایین و ڕۆحیانەت لەگەڵ تەندروستی دەروونی کردۆتەوە و پەیوەندیەکی ئەرێنیان لە نێوانیاندا دۆزیوەتەوە، لە زۆر لێکۆڵینەوەدا جەخت لەسەر چارەسەری دەروونی لەسەر بنەمای ئایینی کراوەتەوە کە دەتوانێت تەندروستی دەروونی باشتر بکات.[4]

---

(1) Henningsgaard JM, Arnau RC.: Relationships between religiosity, spirituality, and personality: A multiva riate analysis, Personality and Individual Differences, 45, 2008, pp 703 - 708؛ Frederick Walborn: Religion in Personality Theory,1st Edition, Academic Press, USA,2014, p 456.

(2) Gholamreza Khoynezhad, Ali Reza Rajaei, Ahmad Sarvarazemy: Basic Religious Beliefs and Personality Traits, Iranian J Psychiatry 7:2, Published by Tehran University of Medical Sciences, Spring ,2012, p 84.

(3) Rejaei AR.: Religious Cognitive – Emotional Therapy A New Form of psychotherapy, Iranian Journal of Psychiatry, 5,2010, pp 81- 87.

(4) Koenig HG, Cohen HJ: The link between religion and health : Psychoneuroimmunologyand the faith factor, eds. New York, Oxford University Press; 2002؛ Pargament KI: The psychology of religion and coping: Theory, research, practice, New York, Guilford Press; 1997؛Koeing HG, Larson DB, Mccullough ME: Handbook of religion and health, New York, Oxford University Press, 2001؛

هاوکات توێژینەوەکان ئەوەیان خستووە ڕوو مرۆڤ لە کاتی ڕووداو و ئاڵنگاریی و فشاردا، پەنا بۆ ئایین دەبات. دەمارگیری وەک تایبەتمەندییەکی کەسانی ئایندار لە زۆر ئایین و باوەڕ و مەزهەبەکاندا هەیە.[5] کەسێتی ئایندار ئاڕادەیەک کەسێتیەکی داخراوە و لە چوارچێوەی باوەڕ و ئایینەکەیدا هەڵسەنگاندن بۆ کرانەوە و وەرگرتنی هزری نوێ دەکات. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییەکی ئاڕادەیەک ئەرێنیان لە نێوان بیروباوەڕی ئایینی و کرانەوە و وەرگرتنی ئایدیای نوێ هەستپێکردووە.[6]

ئایین وەک کایەیەکی شارستانی و کولتووری و ڕۆحی، ڕیشەیەکی قوڵ و مێژوویی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا، خوڵقاندنی جیاوازی و فرە شوناسی ئایینییە، بە جۆرێک چەندین ئایین و بیروباوەڕ و مەزهەب و گروپی ئایینی جیاواز لە کوردستاندا بونیان هەیە و پارێزگارییان لە جیاوازی خۆیان کردووە. لەم سۆنگەیەوە کەسێتی کورد لە ڕوانگەی ئایینییەوە کەسێتییەکی فرە شوناس و هەڵگری چەندین تایبەتمەندیە کە لە هزر و بیروبۆچوون و شێوازی ژیان و کردەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەم باسەدا هەوڵی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆڵی ئایین لە بونیادی کەسێتی کوردیدا لە ڕوانگەی کوردناسیی ڕوسیا و سۆڤیەت دەکەین.

تایبەتمەندیی ئاینداریانەی کەسێتی کوردی، بناغەکەی لە تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی و کولتووریی گرنگەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەشێکی گرنگی کولتوور و شێوازی ژیان و ڕۆحی کەڵەکە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کورد بە میانڕەویی ئایینی و لێبوردەیی ناسراون.[7] (لازارێف)سەبارەت بە سروشتی ئاینداریانەی کەسێتی کورد باوەڕی وایە، عەقڵییەتی کوردی لەگەڵ (ئاینداریانەی وشک و شێتانە) نامۆیە.[8]

بە پشت بەستن بە ووتەی هەندێک لە پیاوانی ئایینی و شێخ و میرەکانی کورد، (نیکیتین) ئەوە دەخاتە ڕوو کە کەسێتی کورد هۆشیاریی ئەوەی پەیداکردووە کە دەمارگیری ئایینی دەتوانێت لەسەر ئاستی ڕای گشتی ژیانیان پێبگەیەنێت.[9] توندڕەوی ئایینی و بەریەککەوتنی نێوان ئایینەکان لە نێو کورددا کەم بووە، سەرەڕای باڵادەستی ئایینێک و بوونی شوێنکەوتوانێکی زۆر لە ناو کورددا، پێکەوەژیانی ئایینییانە و قبوڵکردنی بیروباوەڕەکانی دیکە و تێکەڵاوی و بە ئاشتی ژیانکردنی باوەڕدارانی ئاینە جیاوازەکان پێکەوە، تایبەتمەندییەکی دیاری کەسێتی کورد بووە*. لە لایەن کوردناسان و گەڕیدە و دبلۆماتە ڕوسەکانەوە چەندین نمونەیان لە پێکەوە ژیانی ئایینییانە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا تۆمار کردووە. بۆ نمونە (مینۆڕسکی) بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی (مسیۆ چریکۆف) لەسەر شاری سنە، لە باسکردنی ژمارەی دانیشتوانەکەیدا ئاماژە بە ڕەوشی ئایینی لە شارەکە دەکات، کە ٥٠٠ جولەکە و ٦٠ ماڵە مەسیحی (کاتۆلیکە کلدانییەکان و ئەرمەن) لە شارەکەدا ژیاون. مینۆڕسکی سەبارەت بە بوونی باوەڕدارانی مەسیحی و جولەکە لە سنە ئەو زانیارییانەی (مسیۆ چریکۆف) پشت ڕاست دەکاتەوە و ئاماژەش بەوە دەکات کە زۆربەی مەسیحییەکانی ئەو شارە ئەو کاتۆلیکە ئارامییانە (کلدانی) و سەر بە پاتریارکی موسڵن و کەنیسەیەکیان هەیە لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لەسەر کەنیسەیەکی کۆنتر دروست کراوە. هەروەها جولەکەکان ژمارەیان لە

---

Michael W. Eysenck :Personality and the psychology of religion,Mental Health, Religion & Culture,Volume 1,Issue 1, 1998,pp 11-19.

(5) Ano GG, Vasconcelles EB. : Religious coping and psychological adjustment to stress a meta-analysis, J Clin Psychol,61, 2005,pp 461-480.

(6) Gholamreza Khoynezhad, Ali Reza Rajaei, Ahmad Sarvarazemy : Op. cit.,p 84.

(7) Аманж Ахмед Мустафа : Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа, Ученая степень:кандидата истор. наук, Научный руководитель: доктор исторических наук профессор ГАСРАТЯН М. А.,Работа выполнена в Институте востоковедения РАН, Москва, 1993, http://chelove knauka.com/rol-religii-v-natsionalno-osvoboditelnom-dvizhenii-kurdskogo-naroda#i xzz71Z8ahXpx

(8) میخائیل سیمۆنۆڤیچ لازارێف: ناوچەی کورد - هەڵسەنگاندنێکی ژیئۆپۆلیتیکی و ژیئۆ ستراتیژیکی، وەمەنسور سدقی، ٢٠١٦، ل ١٤.

(9) В. Никитин : Курды,с324.

* بۆ بینی چەند وێنەیەکی باوەڕدارانی ئاینە جیاوازەکان لە کوردستان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٣).

مەسیحییەکان زۆرترە و (٥٠٠) خێزانیان لە سنە و چەند گروپێکی بچوکیش لە ئاوایبەکاندا دەژین. [10] دەربارەی ڕەوشی ئاینی شاری سنە، (موسائیلیان)یش ئاماژە بەوە دەکات کە لە شارەکەدا لەگەڵ زۆرینەی کورد (ئەرمەنی، نەستۆری، جولەکە، شیعە، ئەهلی حەق) دەژین، لە سەقز لەگەڵ زۆرینەی کورد جولەکە و نەستۆری و ئەرمەنی دەژین، لە بانە و نەغەدە لەگەڵ زۆرینەی کورد جولەکە و ئەرمەنیش دەژین. [11] (مینۆرسکی) ئاماژە بەوە دەکات لە سابلاغ تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٠٠ ماڵی جولەکە و ٣٠ ماڵی ئاسووری تێدا بووە. دوازدە خێزانی ئەرمەنی لە سابلاغ هەبوون، لە بانەش لە کۆی ٨٠٠ ماڵ، ٨٠ ماڵی جولەکەی لێبووە. [12]

قبوڵکردنی جیاوازییە ئاینییەکان لە لایەن کەسێتی کوردییەوە گەشتبووە ئەو ئاستەی کە وەک (نیکیتین) ئاماژەی پێدەکات، جولەکەکان بە زمانی ئارامی ( لە ڕاستیدا زمانی جولەکەکان عیبرییە نەک ئارامی) سەرقاڵی کاری بازرگانی بوون، هەندێک جار جولەکەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئاغا کوردەکان خۆیانیان لێ نزیک خستوونەتەوە، پەیوەندیی و تێکەڵاوی لە نێوان کورد و جولەکە هەبووە. [13] (مینۆرسکی)یش نموونەی کلدانی و جولەکەکانی سنە دەهێنێتەوە، کە جگە لە زمانی کوردی دیالێکتی ئارامی خۆیان و زمانی تایبەتی خۆیان لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانیاندا بەکارهێناوە. [14]

بیروڕای پێچەوانەش دەربارەی ژیانی ئاینی کەسێتی کورد بوونی هەیە، بە تایبەتی فشار و هێرشی موسوڵمانەکان بۆ سەر ئێزدییەکان بەمەبەستی دەستبەرداربونیان لە ئاین و باوەڕەکەیان و قبوڵکردنی ئاینی ئیسلام. لە بەرامبەردا زۆرێک لە ئێزدییەکان کە لە فشاری موسڵمانەکان بێزاربووبوون کۆچیان بۆ ئەرمەنستان کردوە، [15] و لە ناوچە سنورییەکان دەژیان، مەترسی بەردەوام بۆ لە دەستدانی ئاژەڵەکانیان و تێکگیرانیان لە کاتی هێرش و پەلامارەکانی موسوڵمانان، ئێزدییەکانی فێری ئەوە کردبوو بەردەوام لە ئامادەباشیدا بن و چاونەترس بن. هەربۆیە پێکدادانی نێوان ئێزدییەکان و کوردانی تورکیای دراوسێیان زۆرجار ڕویداوە. [16]

لە قۆناغێکی دیکەدا، کاتێک شێخ عوبەیدوڵڵا لە (١٨٨٠ز) دا دەستی بەسەر دەڤەرەکانی موکریاندا گرت بە هیوای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردی، فاکتەری ڕاپەڕینەکە لە لایەن زۆرێک لە کوردناس و ڕۆژنامەنوسان بە تایبەتی ئەورووپییەکان بەوە لێکدرایەوە کە توندڕەویی ئاینی و نەفرەتی کوردە سونییەکان لە شیعەی فارس و ململانێیان لەگەڵ مەسیحییەکان لە پشت ڕاپەڕینەکەوە بووە. [17] بە بڕوای (مینۆرسکی) ڕاپەڕینەکەی (شێخ عوبەیدوڵا) لە لایەن سەرۆکە ئاینییە سونییەکانی (ساوج - بولاق) وەک دەرفەتێک قۆزرایەوە و بڕیاری جەنگی جیهادیان لە دژی شیعەکان دا، ئەمەش بوە هۆی خوڵقاندنی ڕەشەکوژییەکی ترسناک، بە تایبەتی لە دەوروبەری مەراغە. [18]

لەم باسەماندا، لێکۆڵینەوە دەربارەی سێ فۆڕمی جیاوازی ئاینی (ئاینی ئیسلام، ئاینی ئێزدی، ئاینی ئەهلی حەق) کە کاریگەری گرنگ و بەرچاویان لە سەر کەسێتی کورد هەبووە، لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت دەکەین.

---

(10) ڤلادیمێر مینۆرسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٧.

(11) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , Письменные памя тники Востока, 1(14), 2011. C101.

(12) ڤلادیمێر مینۆرسکی : ساوج بولاق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٩٣،٩٦.

(13) В. Никитин : Курды,сс 323 – 324.

(14) ڤلادیمێر مینۆرسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)،س.پ، ل ٧٨.

(15) Земцова Юлия Алексеевна:Курдский вопрос в современной системе международных отношений, Уральский государственный педагогический университет,Институт социального образования Факультет международных отношений и социально-гуманитарных коммуникаций, Кафедра рекламы и связей с общественностью,2017 г, с22,23.

(16) В. Диевицкий : Каникулярная поездка по Эриванской губерни и Карсской области (Сбор ник материалов для описания местностей и племен Кавказа), Издание Управления Кавказского Учебного Округа. Выпуск двадцать первый. Отдел Первый, Тифлис. 1896,с111.

(17) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل٧

(18) ڤلادیمێر مینۆرسکی : ساوج بولاق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١٠٥.

## تەوەری یەکەم : ئایینی ئیسلام و کەسێتی کورد

لە نێو سەرجەم ئایینەکاندا، ئایینی ئیسلام زیاتر لە هەر ئایینێکی دیکە، ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆژانەی کەسێتی کورد ڕێکخستووە. باوەڕبوون بەم ئایینە بە پێی سروشتی خۆی، نەک هەر ژیانی خێزانی و گشتی باوەڕدارانی بونیادناوە، بەڵکو باڵادەستی و کاریگەری ئایینی لەسەر کەسێتی کورد نەبۆتە هۆی سڕینەوەی ناسنامەی ئێتنیکی و دەستبەرداربوونی کەسێتی کورد لە ناسنامە نەتەوەییەکەی. لە لایەکی دیکەوە پابەندییە ئایینییەکان وەک ڕێسایەک لە نێو کورددا، هەمیشە بەر بەرژەوەندیەکی باڵای دیکەی کەسێتی کورد ئەویش بەرژەوەندی خێڵە کەوتووە. هاوکات ئایینی ئیسلام لە نێو باوەڕدارانیدا، سیستێمی ژیانی تا ئەو شوێنە کۆنترۆڵ کردوە، کە بەشداری لە پێکهێنانی خودهوشیاریی کەسێتی کوردیدا کردوە و کاریگەری لەسەر کولتووری ماددیی و دابونەریتی ڕۆژانەی دروست کردوە.[19]

سیمای ئایینی و هۆشیاریی کەسێتی کورد، زەمینەی هەمیشەیی چالاکی پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی- ئایدۆلۆژی بووە، لە کوردستاندا پێگەی یەکەم لە نێو سیستێمی باوەڕە ئایینییەکاندا، ئایینی ئیسلام بووە، بۆچونێکیش لەسەر موسوڵمانێتی کورد بڵاوبۆتەوە کە گوایە بایەخ بە ئیسلام نادەن و بە ناو ئیسلامن، لە ڕاستیدا ئەمە جێگەی متمانە نییە و ژیانی ئایینی کەسێتی کورد ئەمە بە درۆ دەخاتەوە.[20] سەبارەت بەم بۆچونە (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات لە خۆڕا نییە کە کوردەکان پەندێکی پێشینانیان هەیە، دەڵێت :"لە کوێ موسوڵمان نییە، کوردی موسوڵمانی لێیە"، [21] (نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات ئایین وەک ئەوەی کە لە دەقە پیرۆزەکاندا هاتووە، لە لایەن بازنەیەکی بچوکی ئایینیەروەرە رۆشنبیرەکان پیادە دەکرێت، خەڵکی گشتی هەرچەندە پەیڕەوی لەو ڕێسایانە دەکەن کە دامەزراوون، بەڵام لە بنەڕەتدا لە نێو نەریت و بیروباوەڕە کۆنەکاندا ماونەتەوە، کە ئەوە دوای ئەوە دەگوازرێنەوە.[22] بە باوەڕی (ڕۆدینکۆ) موسوڵمانێتی لای کورد ئاوێتەی باوەڕ و پەرستنی پێش موسوڵمانبوونیان بووە.

---

(19) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(20) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٣٦.

(21) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک ، ل ٢١٣.

(22) В. Никитин : Курды,с305.

پاشماوەی ئەم باوەڕە کۆنەیان لە پیرۆزکردنی ئاگر، بەرد، درەخت، کانی و گۆلاودا پارێزراون. (ڕۆدینکۆ) بۆ پاڵپشتی تەم تێروانینەی خۆی، ئاماژە بەوە دەکات گەلێک جار لە ڕێگا گەورەکاندا درەخت دەبینین کە پەڕۆ و پەت و نوشتەی پێوە هەڵدەواسراون. هەر کوردێک نەزرێکی کردبێت و ئاواتێکی هەبێت، لەبەردەم تەم درەختانەدا دێت بە چۆکدا، پەتێکی پێوە گرێ دەدات و لەو باوەڕەشدایە چی خواستووە دێتەدی.[23]

لە دیدی ( نیکیتین)دا ئەم بیرۆکە ئاینییە دێرینانە، کە لە قووڵایی ئاگایی خەڵکیدا بونیان هەیە، زۆر سەرنجڕاکێشن. هەروەک پارمەتی زانایان دەدات هەندێک خاڵی دەستپێک و تەنەلۆگی بدۆزنەوە و هەندێک جار لایەنی چاوەڕوانەکراو لە ژیانی ڕۆحیی خەڵکیدا ئاشکرا دەکەن.[24] (مینۆرسیکی)ش ئاماژە بە بوونی تەم تایبەتمەندیەی کەسێتی کورد دەکات، ئەو نمونەی خەڵکی (هەجیج)ی هەورامانی هێناوەتەوە، بە گوێرەی قسەی خەڵکی هەورامان، خەڵکی هەجیج تێنساشی لەگەڵدا بێ گڵکۆی پیرشالیار بە پیرۆز دادەنێن کە شێخی بەر لە ئیسلامبوونیانە.[25] لە ڕاستیدا پیرشالیار کەسایەتییەکی پیرۆزی نێو ( تەهلی حەقە) و لە کۆمەڵگەی ئەهلی حەقدا ڕێز لێگیراوە.

لە نێو مەزهەبەکانی ئاینی ئیسلامدا، مەزهەبی سوننی لقی زاڵی ئیسلامە لە کوردستاندا و بەشێکی زۆری کوردەکان موسوڵمانی سونین و پابەندی کۆمەڵێک یاسا و بنەمان کە لەسەر نمونەی ژیانی محمد (پێغەمبەری ئیسلام د.خ) دامەزراوە.[26] ئەم ڕاستییەش لە لای (لازارێف) نەبووەتە بەڵگەی یەکبوونی ئاینی، بەڵکو ئەو ئاماژە بەوە دەکات ناکرێت بە تەواوەتی نکوڵی لە دابەشکاری و جیاوازی لەسەر بنەمای ئاینی بکرێت و ئەو پێشخانە (سونییە - ئیسلامییە)ی کە بە فەرمی لە کوردستاندا هەیە، نەبوونی یەکگرتنێکی واقیعی لە ژیانی ئاینی گەلی کورد ناشارێتەوە.[27] سوننی بوونی زۆرینەی کورد لە ململانێ و ڕوبەڕوبوونەوەی نێوان تورک و فارسەکان، بە قازانجی تورکەکان بووە. بەڵام بە چاوپۆشین لە بڕوای سوننی، کوردەکان بە زۆری سەر بە مەزهەبی شافیعین و تورکەکان سەر بە مەزهەبی حەنەفین.[28]

لە نێو کوردانی قەفقازیشدا لە ڕووی ئاینییەوە دابەشبوون و جیاوازی ئاینی لە نێویاندا هەبووە، کوردەکانی تەم ناوچەیە لە تاستی باوەڕی ئاینیدا جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بە جۆرێک لە نێوان ئاینەکانی (ئیسلام، ئێزدی)دا دابەش بوون. زۆرینەی کوردانی ئەرمەنستان و جۆرجیا ئێزدین و کەمینەیەکی کوردی موسوڵمانی سونیش لەم دوو وڵاتەدا هەیە، بەڵام کوردەکانی ئازەربایجان سەر بە مەزهەبی شیعەن.[29]

کوردانی شیعە کە زۆرینەیان ئەندامی گروپی عەلی ئیلاهین بە شێوەیەکی سەرەکی لە تورکیا دەژین ( بە عەلەوی ناسراون)، لە ئێرانیش کوردی شیعە بونیان هەیە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کرماشان[30] و لە ناوچەی دەشتەتاڵ لە نزیک بانە، هەندێک هۆزی کوردی لە زەهاویش سەر بە بیروباوەڕی شیعەن.[31] هەروەها خێزانی والییەکانی ئەردەڵان مەزهەبی شیعەیان وەرگرتووە، کە ئەمە ڕەنگە بۆ ئەوە بێ کە باوباپیرانیان لە ناو گۆرانەکان (ئەهلی حەقەکان) ماونەتەوە و کاریگەری تەوانیان بۆ وەرگرتنی مەزهەبی شیعە لەسەر بوبێت.[32]

بۆ زیاتر دەرخستنی کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر کەسێتی کورد، لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێکۆڵینەوە دەکەین:

### یەکەم : تەریقەتە سۆفیگەرییەکان

---

(23) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ۲۱۳.

(24) В. Никитин : Курды,c305.

(25) ڤلادیمێر مینۆرسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٦ - ٧٧.

(26) Земцова Юлия Алексеевна: Курдский вопрос в современной системе международных отнош ений , c22.

(27) میخائیل سیمۆنۆویچ لازاریڤ : ناوچەی کورد ...، ل ١٤.

(28) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления., С 21.

(29) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,c 168.

(30) Земцова Юлия Алексеевна: Указ. соч, c22.

(31) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления, С 22.

(32) ڤلادیمێر مینۆرسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٦ .

لە کوردستاندا سەرەڕای باڵادەستی مەزهەبی سونە، لە ڕووی ئاینییەوە بە شێوەیەکی گشتی چەند شێوازێکی موسوڵمانێتی تێدابووە، وەک گروپە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی، گروپەکانی سۆفیگەری کە لە لایەن شێخەکانەوە و هاوکات ڕێبەرانی کاریزماتیکی هۆزەکان و ئەو کەسایەتییە ئاینییانەی هەڵگری مەیلی خۆجیاکەرەوەن لەوانی دیکە ڕێبەرایەتی دەکرێن.[33] کە شانبەشانی ئیسلامی پابەند بە شەریعەت پەیدا بوون و گەشەیان سەندوە، بە شێوەی ڕێبازی دەرویشی و بەناوی (سۆفیزم) ناویان دەرکردوە. ئەم گروپەی پیاوانی ئاینی ئیسلامی پشتی بە ئینستیتوتی ئیرشادی ڕۆحی بەستووە.[34] ڕێبەرانی ڕۆحی وەک سەرکردەیەکی ئایدۆلۆژی نافەرمی لە کوردستاندا کاریان کردووە، کاریگەری بەرچاویان لەسەر کەسێتی کوردانی موسوڵمان هەبووە.[35]

لە نێو کورددا بە شێوەیەکی بەرفراوان تەریقەتی دەرویشی (سۆفیگەری) بڵاوە، ڕابەری ئەمانە شێخەکانن. کە سەر بە تەریقەتە جیاوازەکانن و دەسەڵات و دەورێکی دیاریان نەک هەر لە نێو دەرویشەکانیان بەڵکو لە نێو خەڵکی تریش هەیە. چالاکی شێخەکان، توندوتۆڵ پابەندی ئەو کۆڕ و گردبوونەوانەن کەلە (تەکیەکانیاندا) ئەنجام دەدرێن.[36] لە لایەنی پراکتیکییەوە، دەکرێت جیاوازی لە نێوان دوو تەریقەتی سۆفیگەریی (نەقشبەندیی، قادریی) سەبارەت بە شێواز و میتۆدی کارکردنە سەر هۆشیاری خەڵک بدۆزینەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە نەقشبەندیی زیکری بە دەنگی بەرز ( زیکری خاریجی)یان ڕەتکردۆتەوە و تەنها دانیان بە زیکری ناوەکی ( داخلی)دا ناوە، هەست و کاردانەوەی نهێنی نەقشبەندی زیاتر لەسەر داهێنانی حاڵ دامەزراوون، کە (ی.پ.پێتروشێڤسکی) بە وڕێنەی درۆزنانەی دادەنێت.[37]

(مینۆڕسکی) ئاماژە بەوە دەکات، شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی موریدێکی زۆر دڵسۆزیان لە ناو کوردەکاندا هەیە و ناوجەرگەی سەرەکی ئەم شێخانە ئاوایەکانی تەوێڵە و بیارەیە.[38] ( نیکیتین)یش ئەوە دەخاتە ڕوو، لە هەورامان خێزانی شێخ عوسمان لە (تەوێڵە و بیارە) نیشتەجێن، شێخ عوسمان دوو کوڕی بە ناوەکانی ( شێخ عومەر، شێخ محمد) هەیە، کوڕەکانی شێخ عومەر بە ناوەکانی (شێخ نەجبەدین، شێخ عەلادین)ن، کوڕی شێخ محمد ناوی( شێخ حوسامەدین)ە. لە نێو خێڵەکانی موکری، مامەش، مەنگوڕ دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە.[39]

لە دیدی(ڤاسیلیڤا)دا لقەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستانی ئێراندا زۆر جیاوازن لەوانەی کوردستانی تورکیا، جیاوازیش لە نێوان بەشەکانی نەقشبەندیدا گەلێک زۆرترە هەر لە فیندەمێنتالیزم(الاصولیة)ی توندڕەوەوە لە کوردستانی سەروو تا مەزهەبی هەقەی پەڕگیر لە عێراق .[40] هەقە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە نەک مەزهەبێکی ئیسلامی.

دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی شێخەکان، لە ڕێگەی (خەلیفە)کانیانەوە دەپارێزرێن.[41] خەلیفە لە تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا و لە نێو کۆمەڵی دەروێشان کە لە هەموو کوردستاندا بڵاون، پێگەی دیاریان هەیە. لە سەروو هەر کۆمەڵە دەروێشێکەوە

---

(33) میخائیل سیمۆنۆڤیچ لازاریڤ : ناوچەی کورد ...، ل ٤٥.

(34) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢١٦.

(35) Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ,И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ,НАРОДОВ ВОСТОКА ,XXIII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ ,ЛО ИВ АН СССР, доклады и сообщения,1988, Часть I, Москва, "НАУКА", Главная редакция восточной литературы,1990,с143.

(36) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٣.

(37) Петрушевский И.П. : Ислам в Иране в XII—XV веках. л., (КУРС ЛЕКЦИИТ), издАТЕЛЬСТВО ЛЕНИНГ РАДСКОГО УНИВЕРСИТЕТА, 1966, с 329.

(38) ڤلادیمیر مینۆڕسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٦ .

(39) В. Никитин : Курды,сс 314 – 315.

(40) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٤٢.

(41) В. Никитин : Курды,с317.

خەلیفەیەک وەک جێگری شێخی گەورە دادەنێن، هەر خەلیفەیەکیش چوار عەلەمداری هەیە، کە هەریەکەیان بەرامبەر سەردەستەیەکە.[42]

دەرویش ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی خۆی لە کاتی زیکردا دەخستە ڕوو، لە لای ئەندامانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا ئەنجامدانی ئەم جۆرە قارەمانێتییە سیمای تایبەتی (تاقیکردنەوەی ڕۆحی)بوو. دەروێشەکان دەکەوتنە نێو نشوەیەکی (مەستبوونێکی) ڕۆحی کە پێیدەڵێن(حاڵ) و لە هەندێک چرکەدا بە گوێرەی بیروباوەڕی سۆفیانە دەگەیشتن بە خودا.[43] دەروێشەکان بۆ ئەوەی کۆڕی زیکر ببەستن، دەچونە تەکیەکانیان. تەشکەنجەی خۆیان دەدا و لەهۆش خۆیان دەچوون، بۆ ئەوەی ڕێگەی گەیشتن و یەکگرتن لەگەڵ (خودا)دا بدۆزنەوە. لە تەکیەکانیاندا دوای ئەنجامدانی نوێژ، دەست بە زیکرکردن دەکەن، بە وتنەوەی چەند وتە و سرودێکی ئایینی و بەکارهێنانی دەف کۆڕی زیکر گەرم دەکەن، دەروێشەکان حاڵ دەیانگرێت و دەست بە جوڵەی ترسناک دەکەن، بە دەنگێکی بەرز ستایشی خودا و پێغەمبەر دەکەن. کۆڕی زیکری دەروێشەکان لە سێ بەش پێک دێت، لە بەشی سێیەمدا دەروێشەکان حاڵەتی ترسناکی وەردەگرن و هەندێکیان لە هۆش دەچن و هەندێکی دیکەیان ئازار و ئەشکەنجەی خۆیان دەدەن.[44]

لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەڕیدەی ڕووس (د.بێلاییڤ) ڕێی کەوتبووە یەکێک لەم کۆڕانە، بەم شێوەیە باسی دەکات :" لە ژوورێکی گەورەی نزمدا کۆمەڵێک پیاوی کورد بە سەرپەرشتی شێخ دانیشتبوون. لە سەرەتادا بە تەنیشت یەکەوە نوێژیان کرد و قورئانیان خوێند، پاش نوێژ بەشێکی زۆریان سەروپێچیان لابرد و پرچیان بەسەر شانیاندا بەردایەوە، شیر و زەرگەکانیان دەرهێنا، دوایی هەڵقەیەکیان دروست کرد، بە ڕابەرایەتی شێخ هاواریان دەکرد (لا اله الا الله) بەدەم ئەمەوە دەستیان بە جوڵان و یاهوو یاهوو کرد. دواتر زیکرەکە خێراتر و هەڵبەز و دابەز و سەرڕاوەشاندن زیاتر بوو و ڕوخساریان گۆڕدرا و نائاساییەتیان پێوە دیاربوو و گەیشتبوونە دۆخی حاڵ لێهاتنی تەواو، بینەریان توشی ڕامان و سەرسامبوون دەکرد".[45]

(مینۆرسکی)یش دەربارەی زیکر و حاڵی دەروێشان دەڵێت :" دەروێشەکان ( لا اله الا الله)یان دەکرد، لە سەرەتادا بە هێواشی خۆیان دەخست بەم دیو و ئەو دیودا و دوای ئەوە لەسەر ئەزمی دەنگی دەفی گەورە گەورە خێراییان زیادی دەکرد. تا دەگەیشتنە حاڵەتێکی نائاسایی و لەسەر خۆچوون و پاڕانەوە، لە جێگای خۆیان دەستیان دەکرد بە هەڵبەزینەوە و لە سەری یەکتریشیان دەدا، یان سەریان دەدا لە دیواری ژوورەکە و بە خێرایی خۆیان با دەدا و پرچە زۆرەکانیان بەم لاولادا بڵاودەکردەوە. ئەم کوردانە جۆرە جموجوڵێکی هیستریاییان دەکرد و دەچونە کۆڕێکی زیکری بازنەییەوە، کە بە لای ئەو ئەوروپیانەی لەوێ بوون شتێکی سەیر بوو، تەنانەت یەکێکیان ئەمەی لا پەسەند نەبوو، داوای لە شێخ کرد کە فەرمان بدات کارەکە بوەستێنن، ئیتر هەر لەگەڵ ئیشارەتێکی بچوکی کرد، یەکسەر هەموو شت هێواش بوویەوە و عەقڵیان هاتەوە سەر خۆیان و سارد بوونەوە".[46]

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە، گرویە سۆفیگەرییە کوردییەکان، تەنها تایبەت نەبوون بە ئایینی ئیسلام وەک (ع. شامیلۆف – عەرەبی شەمۆ) ئاماژەی پێدەکات گروپی ئایینی تایبەت بە موسوڵمان و ئێزدیش هەبوون کە دەرویش بوون و کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە لە ( ١٠ بۆ ٣٠ پیاو پێکهاتبوون و شوێنی تایبەتی یان هەبوو .[47]

## دووەم : کەسێتی پیاوانی ئایینی کورد

پیاوانی ئایینی ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستاندا پێگەیەکی گرنگیان هەبووە، ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی بە ناوی خزمەتگوزاری ئایینی ئیسلامی ناسراوبوون، بە هۆی ئەوەی لە ئیسلامدا هەر لە سەرەتاوە لاهوت و شەریعەت و پەروەردەکردن

---

(42) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٧.

(43) Петрушевский И.П,: Указ. соч, с 327..

(44) А. Шамилов: Курдские дервиши,Атеист, М., № 59,1930,с 46..

(45) Беляев Д.: Указ. соч,сс 18 – 19.

(46) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления ., сс 22 - 23.

(47) А. Шамилов: Курдские дервиши,с 42..

و دەسەڵاتی دنیایی و ڕۆحی لێک جیانەکراونەتەوە، لە کوردستانیشدا وەک هەموو جیهانی ئیسلامی ناودارانی لاهوت، دادگا، فێرکردن و ئیرشادی دینی پێیان دەوترا معلم.[48]

لە کودستاندا لەنێو فیگەرە ئایینیەکانی ئیسلامدا، لە سەر ئاستی جێبەجێکردنی کارە کۆمەڵایەتییەکان و پێشەوایەتی لە ڕووی فیکریی و ڕۆحییەوە، دەکرێت دوو گرووپ لە یەک جیابکرێنەوە، گرووپی یەکەم لە چوارچێوەی ئیسلامی فەرمی و شەریعەتی ئایینی و ڕێبەرە ئایینیەکانی وەک (موفتی، مەلاکان ، ئیمامی مزگەوت، واعیز، مامۆستایانی موددەریس) بوون. گرووپی دووەمیش پێکهاتبوو لە خەڵکانی ئیسلامی نەتەوەیی.[49]

ڕێبەر و پیاوانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی جیاواز دەستنیشان دەکرێت، (ڤاسیلیێڤا) ڕای کوردناسی دیکەی لەم ڕووەوە خستۆتەڕوو. وەک ئاماژەی پێدەکات لای(ف.بارت) کەسێتی هەرە ناوداری ئیسلامی لە کوردستاندا (دەروێش، سەید، مەلا و حاجی)ن، بەڵام ڕای توێژەری دیکەش هەیە کە تیایدا کەسێتییە ناودارەکانی ئایینی ئیسلامیان لە کوردستاندا بە (سەید، موفتی، قازی، مەلا و شێخ) دیاریکردووە، بە بڕوای (ڤاسیلیێڤا) لەم پۆلێنکردنانەی کەسایەتیە ئایینیەکاندا ئەڵقەی هەرە گرنگ کە (موددەریس)ە بزرە.[50]

لە خوێندنی ئایینیدا ماوەیەکی دیارینەکراو بۆ (فەقێ ) هەبوو، کە دەبوایە بە دوای مامۆستادا بگەڕێت، فەقێ بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ هەر مامۆستایەک ماوەیەک دەمایەوە. خوێندنەکەش بە گشتی خوێندنەوەی قورئان، تەفسیر، بەرهەمە ئایینییەکان بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بوو. کاتێک خوێندنەکە تەواو دەبوو، فەقێکە گوتارێکی دەخوێندەوە و مێزەری سپی مەلاییان پێشکەش دەکرد و دەبوو بە مەلا.[51] بە پێی زانیاریەکانی (مینتیشاشڤیلی ) یەکێک لە سیماکانی ڕێکخراوی ئایینی کوردی، موسوڵمان بوونی دەستگای تایبەتی ڕێبەری ڕۆحی (هەندێک جار پشتاوپشت دەرەبەگ)ی سەید و شێخە، ڕێبەری ڕۆحانی هەمیشە بە بەراورد لەگەڵ ئیسلامی فەرمیدا ڕۆڵی سەرەکییان لە کوردستاندا بینیوە.[52]

(ڤاسیلیێڤا) ئەوە دەخاتە ڕوو، خۆ لە قەڵەمدان بە (نەوەی بنەماڵەی پێغەمبەر محمد (د.خ)) لە کوردستاندا خۆی لە خۆیدا ڕێ خۆشکەر نەبوو بۆ چوونە ڕیزی ئەرستۆکراتی ئایینی، چونکە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر و قارەمانانی ئیسلام بەس نەبوون بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگ و دەسەڵات، ئینستیتووتی سەید لە کوردستاندا زۆر بەفراوانی بڵاوبۆتەوە و بۆ کەسایەتی ئایینی دەوری توخمێکی گرنگی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، گەلێک جاریش شێخەکان پەنایان بردۆتە بەر سەیدەکان بۆ بەهێزکردنی ناوبانگی خۆیان، چونکە بەو پێیەی هەڵگری بەهرەیەکی خودایی تایبەتین و باوەڕیان بە کەرامەتیان هەبووە. بانگەشەی خزمایەتی کۆن لەگەڵ پێغەمبەردا، یارمەتی شێخەکانی دەدا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان و بوون بە بنەمایەکی ئایدۆلۆژی بۆ ئەو پلە و ناوبانگەی وەریانگرتبوو. پەنابردنە بەر ئینستیتوتی سەید بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەڵوێستی تەنها شێخەکان نەبووە، بەڵکو تیرەی بەگزادەکانیش وایان کردووە.[53]

دەروێشیش وەک بنچینەی ڕێبازە ئایینیە سۆفیگەریە جیاوازەکان، کەسێتییەکی ئایینی دیاری کوردە. لە ڕووی پێگە و توانای ئابووریەوە، هەندێک لە دەروێشەکان سەر بە دەستەی ناوەڕاستن، بەشی زۆریان لەسەر خێر و سەدەقە دەژین، دەروێشی خاوەن دەرامەت نیشتەجێیە، بەڵام هەزارەکانیان بە هەموو کوردستاندا دەسوڕێنەوە. هەر دەروێشێکی گەڕیدە دەبێت بڕێکی دیاریکراو بە چەشنی (باربۆ) بۆ سندوقی دەستەکەی خۆی بهێنێت و لەگەڵ یەکەم هاواری سەرکردەکەیدا ئامادەبێت. کوردی دیکەش (باربۆی) دەستەی دەروێشان دەکەن، هەروەها باری دەرامەتی برایانی دەروێش بەستراوەتەوە بەو داهاتەی کە لە دەروێشە گەڕیدەکانی وەردەگرن.[54] (ئاراکێلیان)یش ئەوە دەخاتە ڕوو دەروێشی کورد هاوشێوەی هاوتا

---

(48) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات،ل ٢١١.

(49) Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ,С 143.

(50) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەلات ،ل ٢١٢ - ٢١٣.

(51) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەلات، ل ٢٣٥

(52) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٦.

(53) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات،ل ٢١٣ - ٢١٤.

(54) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٧.

فارسەکانیان نین، هەر دەروێشێکی کورد دەفێکی بەدەستەوەیە و لە پێش هەر ڕەشماڵێک دەست بە دەفلێدان دەکات و دەست بە پیاهەڵدانی شێخە بەناوبانگەکان و بە تایبەتی شێخ عەبدولقادر، شێخ عوبەیدوڵا دەکات. لە شارەکاندا خەڵک نان و لە گوندەکانیش جوتیاران پاش هەڵگرتنی خەرمان گەنم و جۆ بە دەروێشەکان دەدەن.[55]

شێخ (مورشید) لە بنکەکەی خۆیدا (تەکیە، خانەقا) دەژی، خوێندکار و شوێنکەوتە و موریدەکانی لە دەوری کۆدەبنەوە، ژمارەی مورید تا ڕادەیەک زۆرە، بە تایبەتی لە نێو هۆز و خێڵە کۆچەرییەکاندا. بۆ نمونە لە کوردستانی موکریاندا هەندێک تیرەی کۆچەر بە تەواوی موریدی شێخێکی دیاریکراون.[56]

موریدەکانیش بە گشتی سەر بە توێژاڵە کۆمەڵایەتییە نزمەکان بوون، دەبوایە لە ڕادەبەر گوێڕایەڵی شێخ و مورشیدەکانیان بن. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان نەدەبوون بە مورید، بەوەندە وازیان دەهێنا کە دەبوون بە مەنسوب یان پەیڕەوکەر و شێخانیان بە مامۆستای خۆیان داناوە و دانیان بە زانایەتییان لە بواری ئاییندا ناوە.[57] هەر دەروێشێک موریدی شێخێکە و ئامادەیە خۆی لە پێناویدا بە کوشت بدات، شێخ هەمیشە سواری ئەسپە و دەروێش بە پیادە لە پێشییەوە دەڕوات و بە لێدانی دەف و زیکرکردن بە شێخدا هەڵدەڵێ.[58]

(مینۆڕسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە شێخەکانی کوردانی موکری سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و قادرین و هەژمونێکی گەلێک مەزنیان لە ناویاندا هەیە. ئاماژە بە موریدەکانی شێخ سەعید غەوساباد (کەسایەتییەکی ئایینی و نیشتیمانپەروەری موکریان بووە و بیری سەربەخۆیی کوردی هەبووە) دەکات کە لە ساڵی (١٩١٥ز) لە کاتی داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن تورکەکانەوە کوژراوە، لە تەکیەکانیدا مورید و شوێنکەوتوانی زیکرێکی زۆر توند و تیژانەیان کردووە.[59]

شێخ لە هەموو کوردستاندا پایە و ڕێزێکی گەورەی هەیە. ئەمان سەرپەرشتیاری هەموو کاروباری ئایینی و چاودێری جێبەجێکردنی نەریت و ڕەوشتی موریدەکانیان دەکەن. ڕێبەرانی ڕۆحانی بە بەراورد لەگەڵ ئیسلامی فەرمیدا، هەمیشە ڕۆڵی سەرەکییان لە ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی کەسێتی کوردیدا بینیوە. زۆرێک لە شێخەکان سەرۆکایەتی ڕێبازی جیاواز و دەستەی دەروێشانیان کردووە، لە هەموو ڕێبازەکان بەناوبانگتر (نەقشبەندی، قادری، ڕفاعی)ن. هەندێک لە شێخەکانیش لە پلەی دووەمدا دێن، ئەمان ئەرکی ئایینیی خۆیان لە نێو خێڵەکانی خۆیاندا بینیوە، زۆرتری ئەم شێخانە سەر بە ڕێبازی نەقشبەندین.[60]

شێخە ئایینییەکانی کورد خۆیان بە ئیسلامی فەرمی نابەستنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە سونین، بەڵام هەڵوێستی جیاوازیان هەیە. شێخەکانی شەمدینان و شارەزوور(تەوێڵە و بیارە لە هەورامان) سەر بە ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندین. ئەمان لە خەڵکانی تر زیاتر خۆیان بە ڕێڕەوی ئیسلامەوە بەستووەتەوە و گرنگی زۆری پێدەدەن و باوەڕیان بە پاکی خوێنی خێزانەکانیان هەیە، گۆڕی باوباپیرانیان بە پیرۆز دەزانن و بڕوایان بە باڵادەستی و توانای ڕۆحییان هەیە.[61]

شێخ(مورشید، ئوستاذ)ی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخیان بە ئەزموونەکانی پێگەیاندنی ڕووحی، گەیشتن بە پلە جیاوازەکانی تەریقەت، یارمەتیدانی موریدەکانیان بۆ بەدەستهێنانی هەمان دونیابینین لە پەیوەندی ڕوحی لەگەڵ خوادا دەدا. هێندێ هێندێ(خۆیان) بوون بە بابەتی پەرستن و لە چاوی موریدەکانیاندا خاوەنی هێزی باڵا و سەروو سروشتی و

(55) ئامبارتسووم ئاراکێلیان: س.پ، ل ٢٣.
(56) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٧.
(57) ی.ئی.گاسینیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢١٧
(58) ئامبارتسووم ئاراکێلیان ،س.پ، ل ٢٤.
(59) ڤلادیمیر مینۆڕسکی : ساوج بولاق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٩٧.
(60) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٦-٥٧.
(61) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., С 22.

پیرۆز بوون، ئەنجامدانی کاری موعجیزەئاسا و کەرامەت وەک تایبەتمەندییەکی شێخەکان بووە، شێخە دیارەکانی کورد لەمە بێبەش نەبوون.[62]

نازناوی شێخ بە پشتاوپشتی دەمایەوە، کوڕانی شێخ هەوڵیان دەدا ناو و ناوبانگی باوانیان زیاد بکەن. کاتێکیش شێخەکان بە دەسەڵاتەوە ناودارتر و دەوڵەمەندتر بوون، دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەوڵیان دەدا لەگەڵیان ڕێک بکەن و نازناوی پاشایان بدەنێ، شێخەکان زۆر بە لوتبەرزییەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی دەوڵەتدا دەجوڵانەوە و زۆر جار داوای لابردنیان دەکردن.[63]

لە بارەی پێگەی شێخەکانی کوردستان لە نێو خەڵکیدا، گەڕیدەی ڕووس (د.بێلائیڤ) کە چووەتە کوردستانی ئێران و ناوچەکانی سابڵاغ ئاماژە بە شێخەکانی ئەو ناوچەیە دەکات کە هەریەک لە (سەید شێخ بابا، سەیدی زەمبیل، شێخی بورهان) سێ شێخی مورشید بوون لە سابڵاغ، لە نێو ئەم سێ شێخە ئەوەی بە ناوبانگتر و پایەی گەورەتربوو( شێخی بورهانە). کوردەکان ئەوەشیان پێگوتووە کە ئەوان لەگەڵ یەک ناکۆکییان لە نێواندا هەیە، لەگەڵ یەکتر دەجەنگێن، لە یەکتری دەکوژن، دەست بە تاڵانی دەکەنەوە. هەروەها لە زاری کوردەکانەوە ئاماژە دەکات بەوەی :" ئێمە لە ئەنجامی ئاوانی خۆمان دەکوژرێین، هەموو هیوامان بە شێخە. کاتێک دەچیت بۆ خزمەتی شێخی بورهان و دیاری بۆ دەبەیت و چاوت بە ماڵەکەی دەکەوێت، هەموو گوناهت دەسڕێتەوە".[64]

(مینتیشاشڤیلی) ئاماژە بەوە دەکات، شێخە ڕەوانبێژ و زمان پاراوەکان ڕێگەی جیاجیان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بەکارهێناوە، بۆ نمونە شێخی بورهان چەندین هۆکاری جۆراوجۆری سەیر و فێڵی لە ڕێ و شوێنی شەریعەت بەکاردەهێنا، ئەو سووی حەرام دەکرد و هەر خۆشی پارەی دەدا و داوای لە قەرزارەکە دەکرد لە بەرامبەر ئەمەدا (زەوی، باخ، خانوو) بخاتە ڕەهنەوە و داهاتەکەی تا دانەوەی قەرزەکە بۆ شێخ بێت.[65]

سێیەم : دەسەڵات و پێگەی شێخە ئاینییەکان

شێخەکان بە پێچەوانەی دەرەبەگە دنیاییەکان، دەسەڵاتی خۆیان هەر بە تەنها لە ناوچەیەک یان هەرێمێکی دیاریکراو بەکارنەدەهێنا، بەڵکو لەنێو هەموو کۆمەڵگەی دەروێشاندا کە لە تەواوی کوردستان بڵاوبونەتەوە، هەژموون و دەسەڵاتیان هەبووە.[66] تەنانەت دەسەڵاتی شێخەکان و پێگەی بەرزیان، کۆمەڵگەی کوردی و مورید و شوێنکەوتووانی کوردیان تێپەڕاندووە، بە جۆرێک لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا مورید و شوێنکەوتوانیان هەبووە. (مینۆڕسکی) لەم ڕووەوە باس لە دوو نمونەی جیاوازی شێخەکانی کوردستان دەکات کە کەسێتیەکی پیرۆز و ڕێزلێگیراوبوون لەنێو نەتەوەکانی دیکە و دەڵێت:" زۆر چاک ئەو ڕۆژەم لە یادە کە ئەفسەرێکی تورکی و سوارەکانی هاتنە لای شێخ (عەبدولقادری ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی تورکیا) کە لە سنور دادەنیشت، تەمانە بە ڕێزەوە لێی هاتنە پێشەوە و لە بەردەمیدا بە چۆکداهاتن و دەستیان ماچ دەکرد.... هەروەها شێخەکانی شارەزوور ڕێزێکی سەیریان هەیە نەک تەنها لەناو کوردەکاندا، بەڵکو تەنانەت خەڵکی لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕوسیاشەوە دەچن بۆ لایان و سەردانی تەکیەکانیان دەکەن".[67]

مینتیشاشڤیلی ئاماژە بەوە دەکات، شێخەکان هەر کە دەسەڵاتی ڕۆحانییان دەست دەکەوت، ئیتر بە دیاری دەوروپشت و موریدەکانیان دەژیان. وورده وورده دەوڵەمەند بوون و زەویوزاریان دەست دەکەوت و کاری دنیاییان گرتە دەست و دەستە و گرووپی چەکداریان پێکهێنا.[68] هەر ئەم ڕاستییەش هۆکاری ئەوەیە کە (ڕۆدینکۆ) دەربارەی دەسەڵاتی شێخەکان بەم شێوەیە

---

(62) Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ,С 143.

(63) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٨.

(64) Беляев Д.: Указ. соч, сс 17 – 20.

(65) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٩.

(66) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٨.

(67) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления ., С 22.

(68) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٨.

بیروڕای خۆی بخاته ڕوو:" دەسەڵاتی شێخەکان هەر بەهۆی نەخوێندەواری دەروێشەکانیانەوە نییە، بەڵکو ئەم شێخانە سەرەڕای ئەمەش زۆربەیان خاوەنی موڵک و زەوی و زارن و لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتێکی زیاتریان بۆ دابین دەبێت".[69]

لە دیدی ( ڤاسیلێڤا)دا دەسەڵاتی مورشید و شێخەکان لە ڕووی کردارییەوە لە نێو خەڵکیدا، تا رادەیەکی زۆر پشتی بە سەرکەوتنی خۆی بەستبوو لە بڕواپێهێنانی خەڵکی و شوێنکەوتووانی کە بەڕاستی هێزی خوڵقاندنی موعجیزەی هەیە. لە کوردستان ئەو توانایەی کە دەدرێتە پاڵ هەندێک لە شێخەکان بۆ پێدانی پارێزراوی لە چەک (گولەبەند)ی موریدانی، لە سەرووی هەموو شتێکەوە بەرز نرخێنراوە و بووەتە نمونەی بەرچاوی سەلماندنی کەرامەت و موعجیزەی شێخ[70]. لە کۆبوونەوەکانی تەریقەتی قادریدا ئەو کردەوە سەیر و سەرنج ڕاکێشانەی دەدرانە پاڵ کەرامەتی شێخان، ئەوەش دەگرتەوە کە دەتوانن هێز و توانای تایبەتی بە پەیڕەوکەرانیان ببەخشن تا قارەمانێتی وەک (کوژاندنەوەی کڵپەی ئاگر لەناو دەمیاندا، قوتدانی ماری ژەهراوی، هەڵدڕینی سک بە ڕم و خەنجەر بە بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگات) بنوێنن.[71] هەندێک جاریش ئەوە ڕویداوە کە دەروێشەکان لە حاڵ لێهاتن و ئەنجامدانی کردەوە توندوتیژیەکانیان، زیانیان پێبگات. مینۆڕسکی لە زاری (لیکلاما)ەوە باس لەوە دەکات کە شێخێکی بینیوە دانیشتووە برینپێچی بۆ دەروێشە بریندارەکانی کردووە کە لە کاتی زیکردا خۆیان بریندار کردبوو.[72]

بە باوەڕی ئیمانداران توانای بەجێهێنانی کردەوەی سەیر و سەرنجڕاکێش لە لایەن شێخەکانەوە، بەڵگەی ئەوەبوو کە ئەمانە خاوەنی کەراماتن. کەراماتی شێخێکی سۆفی ناودار تەنانەت دوای مردنیشی کاریگەری هەر دەما و جەستەکەی لەناو گۆڕدا هەر دەمایەوە و دەبوو بە زیارەتگا، بۆیە وزە و توانای بەدەرناسای شێخ، تەنها بە کەرامەتەکەی هەڵنەدەسەنگێندرا، بەڵکو بە کردەوە و ڕابردووی بنەماڵەکەشی.[73](گەردلێڤسکی) نمونەیەک وەک کەرامەتی شێخە کوردەکان دەهێنێتەوە و ئاماژە بە شێخ (شەهابەدین) دەکات کە شێخی خاوەن ناوبانگ و بە دەسەڵات بووە لە کوردستانی تورکیا. پاش مردنی شێخ، جارێک کچە ئەرمەنییەک لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە ڕوناکییەک بەسەر گڵکۆی شێخەوە دەبینێت، وێڕای سەرسامبوونی کچە ئەرمەنییەکە بۆ بەیانیەکەی دەچێتە سەر گڵکۆی شێخ و باوەڕ بە ئایینی ئیسلام دەهێنێت و موسوڵمان دەبێت، لە دوای ئەم ڕووداوە موسوڵمانەکان گڵکۆی شێخەکەیان کرد بە زیارەتگا و ئەرمەنییەکانیش خۆیان لە کچەکە بێبەری کردوە.[74]

لە لایەکی دیکەوە ئەوەی ئەوەی بارمەتییەکی زۆری بەرجەستەکردنی هێزی ڕۆحی(شێخ)ی داوە، دڵسۆزی بێ سنووری شوێنکەوتوو و موریدەکانی بۆ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکانی بووە ئەمەش وایکردووە شێخ نەک هەر وەک سەرکردەیەکی ڕۆحی، بەڵکو وەک سەرکردەیەکی سیاسیش هەڵسوکەوت بکات، بەو پێیەی گوێڕایەڵی موریدەکان بەپێی یاساکانی نێو تەریقەتە سۆفیگەرییەکان پابەندبوونی کوتومت و کوێرانە بووە[75]. چونکە کاریگەری هزریی ئیسلام لە بانگەشەکانیدا بۆ ملکەچبوون و سۆزی پاداشت وەرگرتن، لە دەروێشی ئیسلامی و سۆفیزمدا چەند قات بەهێزترە. دەروێشی ئیسلامی دەروازەیەکی زێدەی کردەوە، کە پڕبوو لە هێز و توانای پاوانکردنی هۆشیاری جەماوەر، گرتنی ڕێگەی ڕاست لای دەروێشان ئەوەبوو کە مورید بە ڕێگەی ڕاستدا دەڕوات کاتێک کوێرانە و بێ قسەلێ کردن ملکەچی مورشیدی خۆی بێت.[76]

پەیوەندی نێوان(شێخ – مورشید) لەگەڵ موریدەکانیدا، بێگومان گەلێک بەهێزتر و لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە زۆر چەسپاوتر بووە لە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و شوێنکەوتوانی کە هیچ سیمایەکی ئایینی بەسەرەوە نەبووە، ملکەچبوون شێوەی

(69) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٤.

(70) Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ ,cc143- 144.

(71) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٣٩

(72) ڤلادیمێر مینۆڕسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٦ .

(73) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٣٨ – ٢٣٩.

**(74)** Гордлевский В.А.:Избранные сочинения.Том 1., Исторические работы,М., Издательство восточной литературы, 1960,cc 240 – 241.

(75) Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ,144.

(76) Петрушевский И.П. Указ. соч,с 323.

گوێڕایەڵبوونێکی تەواو بۆ مورشیدە ڕۆحییەکەیی وەرگرتبوو و خزمەتکردنی باشی مورشید وەک ڕێسایەکی ڕەفتاری دەروێشانە دادەنرا.[77]

## تەوەری دووەم : ئایینی ئێزدیی و کەسێتی کورد

ژیانی ئایینی کورد لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە، جیاوازییەکی گەورەی لەخۆگرتووە، یەکێک لە ئایینە پەرگیر و سەرنج ڕاکێشەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئایینی ئێزدییە.[78] بەپێی لێکۆڵینەوە و تیۆریای (ن.ی.مار) وشەی ( ئێزدی) لە وشەی( ئێزد)ی پارسییەوە کە بە مانای (خودا) دێت هاتووە. (ن.ی.مار) ئەوە دەخاتەڕوو کە ئێزدی ئایینێکی بتپەرستانەی کورد بووە، تا دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە نێو کورددا بڵاوبووە. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستان، ئێزدییەکانیش بە جۆرێک خۆیان ڕادەستی بارودۆخە ئایینییە نوێیەکە کردوە.[79] لە لایەن هەندێک لە نووسەرە ئەرمەنییەکانی سەدەی (١٩ز)وە، ئێزدییەکانیان بەو بێباوەڕانە دانراون کە لە کڵێسەی ئەرمەنیەکان دوور کەوتونەتەوە.[80] مەلا مەحوودی بایەزیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی ئێزدییەکان بەرپەچی ئەم ڕوانگە ئەرمەنییە دەداتەوە و ئێزدییەکان بە کورد دادەنێت، دەربارەی بیروباوەڕی ئێزدییەکان و بیرۆکەی شەیتان پەرستی لە نێو ئێزدییەکاندا دەڵێت :" لکوردستانێ ژ اکرادان طایفا ایزدیان

(77) И.П.Петрушевский : Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении в ХУ - начале XIX вв, Л., 1949, с. 93.
(78) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления ., С 23.
(79) Марр Н : Еще о слове „челеби“ (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии),сс 143,147.
(80) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: ЙЕЗИДИзм - НАЦИОНАЛЬНАЯ РЕЛИГИЯ КУРДОВ, АВТОРЕФЕРАТ диссертации на соискание ученой степени, кандидата философских наук, САНКТПЕТЕРБУРГСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ, Санкт-Петербург,2006,с4.

ژی هین کو مسلمان نینن یزیدینه. رسم و ایین و ارکاند وان ژی جدانه. او طایفه به ابلیسی دپرسن و دبیژین شیطانی ملک طاوس.".[81]

ئایینی ئێزدیی شوێنێکی تایبەتی لە نێو مێژووی ژیان و کولتووری کەسێتی کوردیدا هەیە . باوەڕی ئێزدیانی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکە لە ڕێگەی پاراستن و دەستپێوەگرتنی شوێنکەوتوان و باوڕمەندانی نەوە بە نەوە درێژەی بە مانەوەی خۆی داوە، هاوکات لە هەناوی ئەم باوەڕەدا کۆمەڵە بیروباوەڕێکی دیکە خۆیان حەشارداوە.[82] ئێزدیانی سیستیمێکی ئایینی تێکەڵاوە، کە ڕەگەزی ئایینە سەرەتاییەکان، زەردەشتی، مانی، مەسیحییەت، بودیزم، ئیسلام، سۆفیزمی تێدایە. ئاینی ئێزدی خەتەنە و ڕۆژوو و حەجکردنی لە ئیسلام، ڕێزگرتنی کڵێسەی لە مەسیحییەکان، باوەڕبوون بە دوونا دوون لە بودیزم، پاراستنی نهێنیەکانی ئاینەکەی لە سۆفیزم وەرگرتووە.[83] ئایینی ئێزدی جگە لە وەرگرتنی هەندێک لە توخمەکانی ئەم ئاینانە، هەندێک بیروباوەڕی کۆنی ڕۆژهەڵاتی و بت پەرستی و چەندین نەریت و بیروباوەڕی کۆنی کوردی لە خۆ گرتووە.[84] سەرەڕای ئەوەش، ئێزدییەکان (ئاگر، ئاو، خاک و هەوا) بە پیرۆز دەزانن.[85] خۆر وەک هێمای سەرەکی بۆ ئێزدییەکان پیرۆزی خۆی هەیە، چونکە ڕووناکییەکی دڵخۆشکەرە لە خوداوە و سەرچاوەی سەرەکی ژیانە. ڕۆژانە پێویستە سەری ڕێزی بۆ دانەوێنن. لە کاتی خۆرهەڵاتندا ئێزدییەکان ڕووی تێدەکەن و هەردوو دەست لەسەر سنگ دادەنێن و سەر شۆڕدەکەنەوە. دوعا خۆیان دەخوێنن و سێ جار سەر دەنێنە سەر زەوی. هەروەها پێویستە لەکاتی هەڵهاتنی خۆردا ئەو شوێنە ماچ بکەن کە یەکەم گزنگی خۆری بەردەکەوێت. بە پێی باوەڕی ئێزدییەکان زەوی دایکی هەموو شتێکە، نابێت تفی تێبکرێت، نابێت لێی بدرێت، نابێت پیس بکرێت. بە باوەڕی ئەوان هەرکەسێک زەوی پیس بکات، دوای مردنی نایگرێتە خۆی. ئاو سیمبولی پاکییە، لە هەمووی پاکتر ئاگرە.[86]

پەرستگای سەرەکی و ئاکە پەرستگای ئایینی هەموو ئێزدییەکان بە ئێزدییەکانی قەفقازیشەوە، پەرستگای شێخ ئادی ( لە ڕاستیدا پەرستگای لالشە) لە لالشە کە (٧٠) کم لە موسڵەوە دوورە.[87] زۆربەی ئێزدییەکان لە عێراقدا بەتایبەتی لە ناوچەی شەنگال و شێخان و لالشدا دەژین. ئێزدییەکان لە شار و گوندەکانی سوریا نیشتەجێن، سەرەکیترین ناوچەی نیشتەجێبوونی ئێزدییەکان لە ( عەفرین و قامیشلی)ن. بەشێکی کەمی ئێزدییەکان لە ئێران دەژین، بە زۆری لە دەوروبەری کرماشانن، لە تورکیاش ژمارەیەک ئێزدیی دەژین. لە کاتی ڕووداو و توندوتیژییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆربەی ئێزدییەکان ناچار بوون بەرە و ئەرمینیا و جۆرجیا، ئەوروپای ڕۆژئاوا هەڵبێن. ئەمە سەرباری بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئێزدی لە ناوچەکانی قەفقازدا.[88]

یەکەم : پێگەی مەلەک تاوس و بیرۆکەی شەیتان پەرستی لە باوەڕی کەسێتی ئێزدییەکاندا

پەروەردەی ئایینی ئێزدیی ڕاستەوخۆ باوەڕدارانی بە خوداوە گرێ دەدات، باوەڕی ئێزدی کۆمەڵێک نۆرمی ئەخلاقی، کردە و ڕەفتار، پەرستش و ڕێساکانی تێدایە و تەواوی بیری ڕۆحی ئێزدییەکان پێکدەهێنن. لەسەر بنەمای باوەڕ بە دەسەڵاتی تەودیوسروشتی خودا و حەوت فریشتە، بنچینەی ئایینەکە بنیاد نراوە. ئاینی ئێزدی لە بنەڕەتدا باوەڕێکی یەکتاپەرستییە و

---

(81) مەلا مەحموودی بایەزیدی : دەستنووسی کتاب عادات و رسومات نامه طوایفا اکرادیه و اصول نضامات کورمانجی، ل ١٩٠.

(82) Аманж Ахмед Мустафа :Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа,соч.

(83) م.ی.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٥.

(84) Земцова Юлия Алексеевна:Курдский вопрос в современной системе международных отнош ений,Уральский государственный педагогический университет, с22,23.

(85) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 170 ؛ УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,с 13.

(86) ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ٢١٥ - ٢١٦.

(87) А. А. Семенов: Поклонение сатане у передне-азиатских курдов-езидов, Бюллетень Среднеа зиатского госу-дарственного университета, вып. 16, Ташкент ,1927 ,с 76.

(88) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,с 12

ئێزدییەکان شوێنکەوتوانی یەکتاپەرستن. [89] بەڵام لە جەوهەردا دوالیزمێک هەیە، کە تایبەتمەندی باوەڕی ئێرانییە. یەزدان بە بۆچوونی ئێزدییەکان گەردوونی ئافراندووە، بەڵام جێبەجێکەری چالاکی ئیرادەی یەزدانی (مەلەک تاوس)ە کە سەر فریشتەی هەموو فریشتەکانە. مەلەک تاوس جیلوەی یەزدانە و لێی جودا نابێتەوە، بەڵام لەبەر چالاکی کەوتۆتە بەر تووڕەیی یەزدان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گەلانی دیکە بیکەنە بیانوو و ئێزدییەکان بە شەیتان پەرست لە قەڵەم بدرێن.[90]

(مەلەک تاوس) وەک هێمای باوەڕ و ویژدان و شەرەف، لە لای ئێزدییەکان وەک یەکێک لە فریشتەکانی خودا زۆر پیرۆزە،[91] لەسەر بنەما نوسراوەکانی ئایینەکە و سرودە پیرۆزەکانی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە (مەلەک تاوس) لە ئایینەکەدا ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە.[92] (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات، لە ڕاستیدا مەلەک تاوس بلیمەتی خراپە نییە، بەڵکو دژی خراپەکارییە. بە پێچەوانەی ئیبلیسەوە ئەو دوژمنی مرۆڤایەتی نییە، لە یەزدان یاخی و جیا نییە، بەڵکو ئیرادەی یەزدانی بەسەر خەڵکیدا جێبەجێ دەکات. ئێزدییەکان باوەڕیان وایە کە یەزدان بە پێی کات لە مەلەک تاوس دەبورێت.[93] مەلەک تاوس کە وێنەی تاوسێکە، یەکێک لەو ڕەمزە پیرۆزانەی کە ڕۆڵێکی نەریتی گرنگ لە ئایینی ئێزدیدا دەگێڕێت، هەندێک توێژەر مەلەک تاوس بە شەیتان دادەنێن، بەڵام ئێزدییەکان نکۆڵی لە هەر جۆرە پەیوەندییەک دەکەن لە نێوانیاندا و هەندێک جاریش لەو باوەڕەدان کە مەلەک تاوس هەر خودی یەزدانە.[94] زۆربەی کات باوەڕدارانی ئێزدی خۆیان بەدوور دەگرن لە وتنی ناوی (مەلەک تاوس)، بە دەنگی بەرز سوێندخواردن بەناوی (مەلەک تاوس) بە سامناکترین سوێند لە ناو ئێزدییەکاندا دادەنرێت.[95]

مینۆڕسکی ئاماژە بەوە دەکات، بە پیرۆز دانانی (مەلەک تاوس) لە لایەن ئێزدییەکانەوە وایکردووە، کە موسوڵمانەکان ئێزدییەکان بە (شەیتان پەرست) دابنێن.[96] هەروەها لە لایەن گەڕیدە و کوردناسانیشەوە جۆرێک لە تەمومژ لە دەستنیشانکردنی پێگەی (شەیتان، مەلەک تاوس) لە نێو باوەڕی ئێزدییەکاندا هەیە و زانیارییەکان دژ بەیەکن و هەندێک جار لێک جیا ناکرێنەوە، بۆ نمونە وەک (ڤ. دیڤیتسکی) دەیخاتە ڕوو ئێزدییەکان ڕێزێکی گەورەیان بۆ شەیتان هەیە، کە بەر تووڕەیی خودا کەوتووە، لە کۆتاییدا لێخۆشبوون بەدەست دێنێت .[97] لێرخ بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی (ژابا) ئەوە دەخاتە ڕوو، لە باوەڕی ئێزدییەکاندا دەروازەی بەهەشت لە لایەن دوو فریشتەوە پاسەوانی دەکرێت، پێش ئەوەی گیانی مردووەکە بگاتە بەهەشت، دەبێت ملکەچ بێت بۆ لێپرسینەوە. [98] بەڵام (ڕۆدینکۆ) بە پێچەوانەوەی (لێرخ)ەوە، ئاماژە بەوە دەکات ئێزدییەکان باوەڕیان بە دۆزەخ و شەیتان نییە. بە گوێرەی باوەڕەکەیان، مەلەک تاوس حەوت گۆزەی گەورە گەورەی لێوانلێوی بە فرمێسکی پەشیمانی خۆی کۆکردۆتەوە و ئاگری دۆزەخی پێ کوژاندۆتەوە. گیانی مردوو لای ئێزدییەکان بە ئاگری دۆزەخ ناسوتێت، بەڵکو بەردەوام دەبێتە بونەوەرێکی نزم، هەتا لە گوناهەکانی پاک دەبێتەوە.[99] چونکە وەک (مینۆڕسکی) خستوویەتییە ڕوو ئێزدییەکان بڕوایان بە دۆنادۆن ( تناسخ الأرواح) هەیە.[100]

---

(89) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организация, О религии,https://eziin.org/o-religii

(90) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٥.

(91) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(92) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii

(93) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٥.

(94) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,с 15.

(95) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 170.

(96) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления, сс 23 – 24.

(97) В. Диевицкий : Указ. соч ,с 110.

(98) P. LERCH: Bericut über Notice sur la littérature ET LES TRIBUS KOURDES ,TIRÉE DES DOCUMENTS KOURDES RECUEILLIS ET TRADUITS PAR A.Jaba , Consul de Russie a Erzèroum,MÉLANGES ASIATIOUES, TIRÉS DU BULLETIN HISTORICO-PRILOLOGIQUE,DE L'ACADÉMIE IMPÉRIALE DES SCIENCES,Tome III, ST.-PÉTERSB OURG,1858,pp 112 - 113

(99) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلێ ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٥.

(100) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления , с 24.

## دووەم : کەسێتی ئێزدییەکان

بنەڕەتی ئاکاری ئێزدییەکان، وەک هەموو ئایینەکانی دیکە وایە، ستایشی سەخاوەت، بەخشندەیی، کاری چاکە دەکات.[101] ڕەوشت و خو و نەریتی کوردانی ئێزدی لە زۆر شتدا لە ڕەوشت و خو و نەریتی کوردانی موسوڵمان دەچێت، بەڵام ئێزدییەکان هەندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ژنانی ئێزدی دەم و چاویان داناپۆشن، پیاو و ژنیان بەرگی پاک و ڕێک و پێک دەپۆشن، لە ماڵیشیاندا پاک و خاوێنن. هەرچەندە ئێزدییەکان خۆیان نکۆڵی دەکەن بەڵام (مینتیشاشیڤلی) ئاماژە بەوە دەکات کە فرەژنی لە ناو ئێزدییەکاندا قەدەغەیە، تەنها میری ئێزدییان لەمە بەدەرە.[102] بەپێی گووتەی ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆر لە ستووری ئێزدیەکاندا ژیاون، ئێزدییەکان ڕاستگۆترین توخمن لە نێو گەلی کورددا.[103]

ئایینی ئێزدی لێبوردەیی و تۆلێرانس و ڕێزگرتن لە ئایین و باوەڕەکانی دیکەی لە کەسێتی ئێزدییەکاندا چاندووە، ئەم سروشتەش لە مێژە یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی کەسێتی ئێزدییەکان بووە. چونکە ئایینەکەیان ئایینێکی ئاشتی دۆستییە و هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و دڵڕەقی ڕەت دەکاتەوە.[104] ئێزدییەکان بە شێوەیەکی باش پشتی یەک دەگرن و لەگەڵ خەڵکی تردا تێکەڵ نابن، هەرچەندە ڕێزی زۆر لە ئایین و باوەڕەکانی تر دەگرن، کەسی ئێزدی دەبێت لە دایک و باوکی ئێزدی بێت. هیچ شتێک بۆ ئێزدییەک لەوە ناڕەحەتتر نییە، کە لە خەڵکەکەی دابڕێت و لێیان دووربکەوێتەوە.[105]

نەریت و یاسا ئایینییەکان، بەسەر کۆمەڵگای ئێزدیدا باڵا دەستە. نەک تەنها ڕۆڵی لە ژیانی ئایینی و مەراسیمە ئایینییەکان هەیە، بەڵکو لە ژیانی تایبەتی و گشتی و خێزانی باوەڕدارانی ئەم ئایینەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە.[106] بە پێی باوەڕی ئێزدی، نابێت کەسی ئێزدی بە تەنها بمێنێتەوە، دەبێت منداڵی ببێت. (مینتیشاشیڤلی) ئاماژە بەوەدەکات لەبەر ئەوە لای ئێزدییەکان نابێت بە ووشەی (ئای برای من، ئای کوڕی من) لەگەڵ کەسێکدا بدوێت کە باوەڕی جیابێت. نابێت ئێزدی لە کاتی نوێژدا ببینرێت، نابێت کەسی ئێزدی دەست بۆ خواردنی خەڵکی تری نا ئێزدی ببات، نابێت ژن بەرگی ئاوریشم لەبەر بکات.[107] (مینۆڕسکی)یش باس لەوە دەکات کە ئێزدییەکان شتی زۆر حەرام دەکەن، کاهوو و پاقلە و ماسی ناخۆن و هەروەها نابێت بەرگی شینی تێر، یان شینی کاڵ بپۆشن.[108] جیاواز لە موسوڵمانان، ئێزدییەکان مەی دەخۆنەوە، باوەڕیان وایە شەراب خوێنی (عیسا)یە، لەبەر ئەوە زۆر بە سڵکردنەوە دەیخۆنەوە تا نەڕژێت.[109]

سەرەڕای لێبوردەیی و ئاشتیخوازییان، ئێزدییەکان لەلایەن موسوڵمانانەوە، لە بەرامبەر جیاکاریی ئایینیدان و فشاریان لەسەر بووە، بۆ ئەوەی دەستبەرداری باوەڕ و کولتووری دێرینیان بن، لە بەرامبەردا ئێزدییەکان بەردەوامبوون لە پەیوەست بوون بە ئایینی باو و باپیرانیانەوە.[110] پابەند بوون بە بیروباوەڕی دێرین و نەریتەکانی باوباپیرانیان، هێندە کاریگەری لەسەر کەسێتی ئێزدییەکان بووە زۆر جار تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێک لە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان و جۆرجیا بە تایبەتی ئەو نەوەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کۆمەڵکوژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەربازیان بوو، هەندێک ئێزدی دیکەش، بۆ نموونە لە شەنگال، هەندێکجار خۆیان بە کورد نازانن و ئێزدییەکان بە گەلێکی جیا لە قەڵەم دەدەن. تەنانەت لە پاسپۆرتی ئێزدییەکانی ئەرمەنستان نەتەوەکەیان بە (ئێزدی) نوسراوە،[111] هەرچەندە هەموو ئێزدییەکان بە زاراوەی باکووری زمانی کوردی

(101) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٦.

(102) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٥.

(103) В. Диевицкий: Указ. соч ,с 111.

(104) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii

(105) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢١٧.

(106) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(107) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٥.

(108) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления , с 24.

(109) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٥٥.

(110) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii

(111) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч.,с 17

(کرمانجی) دەدوێن.[112] وەک مەلا مەحموودی بایەزیدیش ئاماژەی بە کوردی بوونی زمانی ئەوان کردووە و دەڵێت:" زمانید وان ژی کردی نە".[113] (مینتیشاشڤیلی) ئەوە دەخاتە ڕوو، لە لێکۆڵینەوەی ووردی دیالێکتە کوردییەکان و بەراوردکردنیان بە زمانی ئاخافتنی ئێزدییەکان (دیالێکتی کرمانجی)، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە مێژوو و پەیدابوونی ئێزدییەکان بە گەلی کوردەوە بەستراوەتەوە، بە بێ هیچ دوودڵییەک دەبێت ئێزدییەکان بە کۆمەڵێکی ئایینی کوردی تەماشا بکرێن و نابێت بە نەتەوەیەکی جیاواز دابنرێن.[114]

(ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەکات، یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییەکانی ئێزدییەکان، پەیوەندی توندوتۆڵی گیانی و نزیکی نێوان شێخ و مورید. هەر خێڵێک شێخی خۆی هەیە، ئەندامانی خێڵەکەش موریدی شێخەکەن. مورید بە هەموو شێوەیەک دەبێت گوێڕایەڵی شێخ بێت، وەک  لاشەیەک بێت لەبەردەستی مردووشۆردا، هەروەها شێخیش بە نۆرەی خۆی، نەک هەر ڕێنمایی و چاودێری مورید دەکات، بەڵکو بە قووڵایی نهێنییەکانی گیانیدا ڕۆدەچێت. ئاگای لە میزاج و خەمەکانی دەبێت، وەک باوە شێخێک نەزانێت لە شەوێکدا موریدەکەی لە پێخەفیدا چەند جار ئەمدیودیوی کردووە، با لەو پەڕی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بێت، ئەوە شێخ نییە.[115] ئەرکی سەرەکی شێخ پاراستنی ئایین و چاودێری کردنی جێبەجێکردنی یاساکانی ئایینی ئێزدییە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە، سەردانی ماڵی هەر ئێزدییەکی کۆمەڵگەکەی دەکات و داوایان لێ دەکات ئەرک و نەریتە ئایینییەکان جێبەجێ بکەن، لە هەموو نەریتە ئایینییەکاندا بەشداری دەکات، هیچ نەریت و بۆنەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی (لەدایکبوون، زەماوەند، مردن، پرسە ، ئاشتبوونەوە و هتد) بەبێ شێخ ناکرێت.[116]

## سێیەم : خۆپارێزی و داخراوی وەک سیمای کەسێتی ئێزدییەکان

مەرجی دژوار و کۆتوبەندکراو بۆ ئێزدی بوون لە لایەک، لە لایەکی دیکە چەوسانەوەی چەندین سەدەی ئێزدییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم ئایینە وەک باوەڕێکی خۆپارێز دەربکەوێت .[117]

ئێزدییەکان لەسەر دەستی موسوڵمانان ئازاریان چەشتووە و کۆمەڵکوژکراون، لە باوەڕی موسوڵماناندا ئێزدییەکان بە(کافر) دانراون و لە مێژوودا چەندین هەڵمەت لە دژیان ئەنجام دراوە، بەردەوام سەرچاوەی نووسراو و کولتووری ماددی ئێزدییەکان لەناوبراوە، شارو گوندەکانیان چەندین جار وێرانکراون و ماڵ و موڵکیان تاڵان کراوە، ژنان و کچانی ئێزدیی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە. هەربۆیە  ترس لە ژیانیان و هەڕەشە و  مردنی خزم و دۆستەکانیان، ئێزدییەکانیان ناچار کردوە بە نهێنی باوەڕەکەیان پیادە بکەن و بە شێوەیەکی زارەکی مەعریفەی ئایینییان بگوازننەوە.[118] ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کتێبی پیرۆزیان و ئەدەبیاتی نوسراوی ئێزدییەکان هەبووە، بە جۆرێک جگە لە دوو کتێب ( جیللوە، مەسحەفا ڕەش) نوسراوی دیکەیان نییە. لە کتێبی جیللوە ( کتێبی وەحی) ناوەڕۆکی بیروباوەڕەی ئێزدییەکان دیاریکراوە، لە دووەمیاندا (مەسحەفا ڕەش) چیرۆکی ئێزدییان دەگێڕێتەوە.[119] ئەم ڕاستییەش کاریگەری بەرچاوی لەسەر نەبوونی زانیاری پێویست دەربارەی کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان هەبووە، وەک (مینۆرسکی) ئاماژەی پێدەکات:" لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو ئێمە زانیمان کە کوردەکان (مەبەست ئێزدیەکانە) کتێبێکی ئایینییان هەیە، بەڵام ئەمان دەزانی چی تیا نوسراوە".[120]

---

(112) Там же, с6.

(113)مەلا مەحموودی بایەزیدی : دەستنووسی کتاب عادات و رسومات نامە طوایفا اکرادیە و اصول نضامات کورمانجی، ل ١٩٠.

(114)ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٠

(115)م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٤٦.

(116) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

(117) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,с3.

(118) Священные писания,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/svyacshennye-pisaniya

(119) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья , с 171.

(120) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., с23.

ئێزدییەکان وەک کۆمەڵێکی ئایینی نهێنی پارێزن، ئەمەش بووە بە هۆی دروستکردنی ئاڵۆزی لە بەردەم کۆکردنەوەی بەڵگەی ڕاست و دروست لە بارەی ئایینەکە و تەنانەت ناوەڕۆکی ئایینەکەش وەک نهێنییەک لە لای زۆر کەس و توێژەر ماوەتەوە.[121] چونکە بیروباوەڕ و نەریتی ئێزدییەکان داخراوە، ئێزدییەکان بۆ خۆشیان خۆپارێزن، ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئایینەکە دروست کردووە.[122] ئێزیدییەکان بەگشتی پێیان خۆش نییە لەگەڵ بێگانەدا باسی ئاینەکەیان بکەن،[123] باوەڕیان وایە ئەوان پێگەی تایبەتیان هەیە و نابێت لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵی خەڵکی جیا لە خۆیان بین.[124]

یاسا و تابۆ ئایینیەکان بە توندی لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە کۆنترۆڵ کراوە، هەموو پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی ناچارن پێوەی پابەندبن، بەهۆی ئەم فاکتەرە تایبەتەوە کۆمەڵگەی ئێزدییەکان بە بێ گۆڕانکاری بەردەوامی هەیە.[125] ڕۆدینکۆ ئاماژە بەوە دەکات، کوردانی ئێزدی لە ترسی سەرۆک و پێشەوا ئایینییەکانیان تێکستی شینگێڕان و نهێنییەکانی ئاینەکەیان بۆ کەس دەرناخەن و دەیشارنەوە، لە کاتی تایبەتیدا نەبێت و بە پێی ڕێ و شوێنی تایبەتی نەبێت وەک مردنی کەسێکیان، ئەم تێکستە تایبەتیانەیان نالێن.[126]

بیرو باوەڕی ئێزدیی و نەریتە ئایینیەکانی، ئەوە دوای ئەوە لە لایەن باوەڕدارانییەوە بە شاراوەیی پیادەکراوە و بە نهێنی بنەماکانی باوەڕەکەیان پیادە کردووە. لە گواستنەوە و پەیڕەوکردنی بنەما ئایینییەکانیاندا نەریتی زارەکی ڕۆڵی هەبووە.[127] وەک باویشە ئێزدییەکان بە گشتی نەخوێندەوارن، زۆرتر کاریان لەسەر ئەفسانەی میللی و حیکایەتی زارەکی دەربارەی ئاینەکەیان کردووە.[128] لەبەر تەوەی نوسینیان نەبووە، نەخوێندەوارییان وایلێکردوون لە دەوری ئایینەکەیان کۆببنەوە، و خزمەتی پیرەکانیان بکەن. ئەم بارودۆخە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بوونی سامانێکی فراوانی شیعرو ئەدەبی فۆلکلۆر بە شێوەی زارەکی.[129]

لە ئایینی ئێزدیدا مافی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان تەنیا بە پیاوانی ئایینی دراوە، هەر بەو هۆیەشەوە ئەو دەقانە بە شێوەیەکی فراوان لە نێو باوەڕدارانی ئێزدیی بڵاو نەبونەتەوە و کاریگەریان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێزدییەکان نەبووە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستبوونی جیاوازی بە پێی ناوچەکان لە نێو کۆمەڵگەی ئێزدیدا هەبووە، بە جۆرێک ئێزدییەکانی کوردستان لەگەڵ ئێزدییەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا جیاوازییان هەیە. ئێزدییەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ بە پەرستگای (لالش)ەوە گرێدراون، لەبەرامبەردا ئێزدییەکانی ئەرمەنستان توانیویانە چالاکانە نەریتە دێرینەکانی ئایینەکەیان بپارێزن و هاوشێوەی ئاینی زەردەشتی لە بری بوونی پەرستگا ماڵی (شێخەکانیان) بە پیرۆز داناوە.[130]

ڕێوڕەسمی ئایینی و بۆنە و نوێژ و حەرام و ڕێگەپێدراوەکان و خواپەرستی و پیرۆزییەکان و هەروەها پەیوەندی تایبەتی شوێنکەوتوانی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ گەلاندا، بە نەگۆڕی لە نێو ئێزدییەکاندا ماونەتەوە. [131] نزیکەی هەموو جەژنەکانی ئێزدییەکان بە ڕۆژووبوون دەستپێدەکات و بە ئاهەنگ گێڕان کۆتایی دێت، لە نێو ئێزدییەکاندا ڕۆژووگرتن لە بەیانی سێشەممە پێش خۆرهەڵاتن دەست پێدەکات و تا خۆرئاوابوون بەردەوام دەبێت، لە ڕۆژی چوارەمی ڕۆژی هەینیدا ئاهەنگ (جەژن )

(121) ا.م.عیتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٠.

(122) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с170.

(123) В. Диевицкий : Указ. соч,с110.

(124) م.ب.ڕۆدینکۆ : وەرگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و ئاشکۆیەک، ل٢٤٧.

(125) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИ И,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

(126) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья , Указ. соч . С. 71.

(127) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,с3.

(128) ا.م.عیتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٠.

(129) Руденко М. Б. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, С. 70.

(130) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: Указ. соч,сс 13,14-15.

(131) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii

دەستپێدەکات. خەڵک ئامادەکاری بۆ جەژن دەکەن، سەردان و پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن.[132] ئێزدییەکان چەندین جەژنیان هەیە کە هەریەکەیان بۆ یادکردنەوەی بۆنەیەکی گرنگ بە پێی باوەڕەکەیان تەرخانکراوە، تەوان جەژنەکانیان تەرخانکراوە بۆ پیرۆزی و یادکردنەوەی ( خودا - دروستکەری جیهان، خدری ئیلیاس، چلەی هاوین، چلەی زستان) و هەروەها ڕۆژێکی ساڵیان تەرخانکراوە بۆ یادکردنەوەی کۆچکردوانیان. بەڵام ( چوارشەممە سوور ) گرنگترین جەژنە بۆ ئێزدییەکان، کە تایبەتە بە دروستکردنی جیهان. بەپێی ئەفسانەکانیان خودا بە یارمەتی حەوت فریشتە دنیای دروست کردوە: " سەرەتا خودا حەوت فریشتەی دروست کرد، پاشان بە یارمەتی ئەوان دەستی کرد بە دروستکردنی جیهان. خودا لە ڕۆژی شەممەوە بە یارمەتی فریشتەکان دەستی بە دروستکردنی جیهان کرد و لە ڕۆژی چوارشەممە دا تەواویان کرد، خودا دوای دروستکردنی جیهان، مەلەک تاوسی خستە سەر فریشتەکان، کردی بە پارێزەری پیرۆزی ئێزدییەکان"[133]

## چوارەم : کەسێتی ئێزدییەکان و پۆلێنکردنە ئاینی - کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای ئێزدی بەسەر چینەکانی ( شێخ، پیر، مورید) دابەشبوون. بەڵام (ئەرستۆڤا) لە میانەی تێبینییەکانی دەربارەی کوردانی ئێزدی قەفقاز کۆمەڵگەی ئێزدیی بۆ (پیاوانی ئاینی، دنیایی - باوەڕدارانی ئێزدی) دابەشدەکات.[134] گواستنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەریەک لەم چینە کۆمەڵایەتیانە و هاوسەرگیریان لە نێوانیادا بە تەواوی ڕێگەی لێگیراوە. [135] ئێزدییەکان پەیوەستن بە پێکهاتەی چینایەتیان و وەک کۆمەڵگەی کاستی تیۆکرات دەمێننەوە، هێزی سەرکردە ڕۆحانیەکانیان زۆرجار لە دەسەڵاتی سەرکردە دنیاییەکان زیاترە. [136] پیاوانی ئاینی لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە، بەبێ بەشداری پیاوانی ئاینی ئەستەمە هەریەک لە پرۆسەکانی (لەدایکبوونی منداڵ، زەماوەند، پرسە و هتد ) لە نێو ئێزدییەکاندا ئەنجام بدرێت .[137]

کۆمەڵی ئێزدی لەسەر بنچینەی کۆمەڵگەیەکی تیۆکراتی دامەزراوە، پیاوانی ئاینی لە نێو کۆمەڵگەی ئێزدییەکاندا دابەش دەبن بۆ :[138]

١.میر- سەرۆکی دەسەڵاتی ڕۆحی و دنیایی ئێزدییەکانە.[139] بەرزترین دەسەڵاتی دنیایی و ڕۆحانیە لە نێو ئێزدییەکاندا، دەسەڵاتی دنیایی، ئاینی و دادوەری پیادە دەکات، پێگەی (میر) لە نێو ئێزدییەکان بۆماوەییە و هاوسەرگیری تەنها لە نێو بنەماڵەی میران دەکرێت[140] سەرداری دەسەڵاتی دنیایی (میر) بە دەسەڵات پێدراوی ( شێخ ئادی) بەسەر زەوییەوە دادەنرێت، شێخەکان لە دەوری کۆدەبنەوە. کۆمەڵی ئێزدی لە لایەن میرەوە بە یارمەتی سەرۆک خێڵەکان (شێخ یان ئاغا) هەڵدەسوڕێترێت.

---

(132) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с174. ؛Посты и праздники,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательская орган изация,https://eziin.org،posty-i-prazdniki

(133) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,сс 174 – 175. ؛Посты и праздники, ИНСТИ ТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательская орган изация, https://eziin.org،posty-i-prazdniki

(134) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 171.

(135) Аманж Ахмед Мустафа :Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа,соч.

(136) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательскаяорганизация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

(137) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii

(138) ا.م.میتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١.

(139) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 171. ؛ Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

بۆ بینینی وێنەی میری ئێزدییەکان لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٤).

(140) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ, Научно-исследовательскаяорганизация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

هەر خێڵێک دەبێت بە چەن تیرەیەک، ئەمانیش دابەش دەبن بۆ چەند خێزانێک. سەرۆک خێڵ دەسەڵاتێکی فراوان بە کاردەهێنێت. ئەو کوێخا دادەنێت، دادوەری لە نێوان ئەندامانی خێڵ دەکات، باج و سەرانەی سەریان کۆدەکاتەوە، کاری خێڵ لە لایەن ئەنجومەنی کوێخاکانەوە بەڕێوە دەبرێت.[141]

٢.بابا شێخ - سەرپەرشتیاری کاروباری کۆمەڵگەی ئێزدی و گۆڕی شێخ ئادی و کاروبارە ئاینییەکانی ئێزدییەکان دەکات.[142] سەرۆکی چینی ڕۆحانییەکانە. بابا شێخ دەسەڵاتی ڕەهای نییە، تەنها کاری ڕێکخراوەیی و نوێنەرایەتیی ئاینی ئەنجام دەدات، چاودێری کردنی فێرکردن و ڕێوڕەسم و ئەرکە ئاینییەکان دەکات، هەروەها لە پەرستگای لالشدا خزمەتگوزارانی ئیلاهی ئاراستە دەکات. شێخ نوێنەری بەرزترین پلەی کارگێڕییە، سەرۆکی دەزگای ئاینی و ڕێوڕەسمە ئاینیەکان دەکات، پێگەی شێخەکان دەگەڕێتەوە بۆ باوباپیرانیان وەک جێگرەوەی شێخ ئادی دەناسرێن و لە سێ خێڵ پێک دێن، لە ناو موریداندا شێخەکان پیادەی تەواوی دەسەڵاتە کارگێڕیی و ئاینیەکانیان دەکەن.[143]

٣. پیر - ڕابەری ئێزدی، سەرپەرشتیاری ڕۆحی موریدەکانن، موریدەکان بەدڵ و گیان دڵسۆزن بۆیان و گوێڕایەڵیانن.[144]

٤.ڤەواڵەکان کۆکەرەوەی باج و دیارین، کار بەڕێوەبەری نێوان (میر) و سەرۆک خێڵەکانن،[145] ڤەواڵ ڕێنیشاندەرێکی ڕۆحییە، شارەزای سروود و نوێژ و نەریتە ئاینییەکانن، ئەرکیان پاراستنی دابونەریتی ئاینی زارەکی ئێزدی و گواستنەوەیەتی بۆ نەوەکانی داهاتوو، گروپێک لە ڤەواڵەکان لە ساڵێکدا جارێک یان دوو جار، بە بڕیاری کۆمەڵگەی ڕۆحانی ئێزدییەکانی جیهان، سەردانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێزدییەکان دەکەن، کۆمەک بۆ پێویستییە ئاینیەکان و پەرستگای لالش کۆدەکەنەوە، لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەیاندا سنجاق (پەیکەرێکی مسە بە وێنەی تاوس ) لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن .[146] بە ئاسایی باجی پەرستگا و دیاری لە لایەن ڤەواڵەوە کۆدەکرێتەوە، ڤەواڵ نیشانەی دەسەڵات لە شێوەی سنجاقدا لە (میر) وەردەگرێت. سنجاقێک بۆ ئێزدییەکانی شەنگال و جەزیرە، یەکێکی دیکە بۆ حەلەب، سێیەم سنجاق بۆ سرت و ناوچەکانی دەوروبەری، چوارەم بۆ بایەزید، پێنجەم بۆ موصڵ و دەروبەری تەرخانراوە. مافی کۆکردنەوەی باج و دیاری بە ئیجار دەدرێت، بەشێک لەوەی کۆدەکرێتەوە بۆ ڤەواڵەکان دەمێنێتەوە. ئەو داهاتەی بەم چەشنە کۆدەکرێتەوە کەم نییە، لە ساڵانی سی سەدەی بیستەمدا (میر) ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆری لە نێو ئێزدییەکانی شەنگالدا کۆدەکردەوە. [147] ڤەواڵ و کۆچاک خزمەتکاری پەرستگای لالشن، بەهاری هەموو ساڵێک ڤەوال سەر لە هەموو ئێزدیەکان دەدات و پیتاکیان لێ کۆدەکاتەوە.

٥. کوچاک – هەواڵی دوارۆژ دەدەن و خزمەتکاری پەرستگای شێخ ئادین.[148]

٦.فەقیر خزمەتگاری پەرستگای ئێزدییەکان.[149] فەقیر ڕابەرایەتی شێوازی ژیانی زاهیدانە لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا دەکات، تەنیا لە خزمەتی خودادا کار دەکەن و چاودێری گۆڕی شێخ ئادی دەکەن و خزمەتی دەکەن، فەقیر مەی ناخواتەوە، جگەرە ناکێشێت، بە بێ جیاوازی ڕێزیان لە نێو هەموو ئێزدییەکان لێدەگیرێت. جل و بەرگی فەقیر( تەنها جۆرێکی تایبەتی کە پێی

---

(141) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١

(142) Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья,с 171.

(143) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

(144) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٦٧.

(145) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١.

(146) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ, Научно-исследовательскаяорганизация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva

(147) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١- ٦٢.

(148) م.ب.ڕۆدینکۆ : وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ل ٢٦٧.

(149) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١.

دەگوترێت خەرقە) لای ئێزدییەکان پیرۆزە، لە کاتی بۆنە ئایینییەکاندا ئێزدییەکان دەستیان لێدەدەن و ماچیان دەکەن، لە پاش مردنیان فەقیرەکان بە جل و بەرگی خۆیانەوە دەیان نێژن.[150]

موریدەکان نوێنەرایەتی چینی دنیایی دەکەن، کە هەموو پەیڕەوکارێکی ئاسایی ئێزدی و ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگەی ئێزدی دەگرێتەوە. موریدەکان بەسەر خێڵە ئێزدییەکاندا دابەش بوون، ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان لە نێو توێژ و چینەکەی خۆیان. جگە لەوەی هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی موریدانی ئێزدی لەگەڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵگە قەدەغە کراوە، هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی لە نێوان هەر سێ خێڵی شێخان لەگەڵ یەکتری قبوڵ کراو نییە و ڕێگەی پێنادرێت، بەڵکو هەر خێڵێک لەنێو ئەندامانی خۆیدا هاوسەرگیری دەکەن. قەواڵ دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ مورید ئەنجام بدات ، بەڵام موریدەکان مافیان نییە کچی قەواڵ بخوازن. هاوسەرگیری لەگەڵ غەیرە ئێزدی  قەدەغەیە، ئەو منداڵانەی کە لە هاوسەرگیری تێکەڵدا (کە هەردوو دایک و باوک ئێزدی نەبن، بەڵکو یەکیان ئێزدی بێت) لەدایک دەبن ئێزدی نین، ئەو ئێزدیانەی ئایینێکی دیکە دەگرنە بەر بە ئێزدی دانانرێن[151].

هەر چین و دەستەیەکی کۆمەڵگەی ئێزدی بە توندی بە ستراوە بە پێگە و ئەرکی خۆیەوە، بەرامبەر بە هەموو هەوڵێکی گۆڕانکاری لە پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتییان دەوەستنەوە. ڕەوشت و نەریت، شێوازی ژیان، تەنانەت دیمەنی جل و بەرگ و ڕەنگی قوماشیش لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا بە پێی ئایین ڕێک خراوە.[152] هاوکات هەر چین و توێژێکی نێو ئێزدییەکان یاسا و ماف و بەرپرسیاریی خۆی هەیە، بەپێچەوانەی زۆرێک لە ئایینەکان کە وەک پلەیەکی بەدەستهێنراو یان دوای وەرگرتنی خوێندنی گونجاو پیاوانی ئایینی پلەی ڕێبەرایەتی و پێشەوایی ئایینی بەدەست دەهێنن، بەڵام  لە نێو ئێزیدیەکان بەدەستهێنانی پلەی ئایینی بۆماوەییە و پشتاو پشت دەگوازرێتەوە. موریدەکان ناتوانن ببن بە پیاوی ئایینی، پیاوانی ئایینیش ناتوانن ببن بە پیاوی دنیایی، بەڵکو هەرچین و توێژێک بە شێوەی میرات و بۆماوەیی پشتاوپشت دەسەڵاتەکانیان دەگوازنەوە بۆ کوڕو نەوەکانیان.[153] ئێزدییە نیشتەجێکان، وردە وردە کۆمەڵێکی خەریکبوو بە کشتوکاڵەوە پێک دەهێنن، کەسی ئێزدی دەتوانێت لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە بچێت، موریدی ئاسایی سەر بە کۆمەڵێکە کە تیایدا ژیاوە و بەم چەشنە ڕەعییەتی یەک شێخە و دەگوێزێتەوە ناو کۆمەڵێکی دیکە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئێزدییەکان بە پێی ڕێ و شوێنی هەرێم دابەشکردن، سەر  بە ڕابەری خۆیان دەبوون.[154]

تەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە، بەشێکی زۆری زانیاری کوردناسان دەربارەی  بیرو باوەڕ ئێزدییەکان و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێزدی، هەڵێنجراوی بینین و سەرنجەکانی خۆیان بووە لە نێو ئێزدییەکانی قەفقاز. بە هۆی کۆمەڵێک فاکتەری وەک ( دابڕانیان لە زێدی خۆیان، کۆمەڵکوژکردنیان، ئاوارابوونیان، ماڵوێرانی و نەهامەتی ...هتد) ئێزدییەکانی قەفقاز بە بەراود بە ئێزدییەکانی کوردستان داخراوترن. لەمەشەوە ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، هەندێک لە نەریت و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان و تابۆ ئایینییەکان جیاوازییان هەبێت لە نێوان ئێزدییەکانی ئەم دوو ناوچەیە.

---

(150) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva
(151) Там же.
(152) ا.م.میتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١.
(153) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ, Научно-исследовательскаяорганизация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva
(154) ا.م.میتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦١.

## تەوەری سێیەم : ئایینی ئەهلی حەق و کەسێتی کورد

یەکێک لە ئایینەکانی دیکە کە مۆرکێکی تەواو کوردانەی هەیە و سەرنجی کوردناسانی بۆ خۆی کەمەندکێشکردووە، ئایینی ئەهلی حەق (یارسان، کاکەیی)یە. پرسی بنەماکانی باوەڕ و مێژووی ئەهلی حەق، نەریت و ڕێوڕەسم، دۆخی کۆمەڵگای ئەهلی حەق، لە لایەن کوردناسانەوە بە تەواوەتی لێی نەکۆڵراوەتەوە، چونکە ئەو زانیاریانەی بەردەست بوون زۆر کەم و دژ بەیەک بوون. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە ئایینیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بە نهێنی هێشتبۆوە.[155]

زاراوەی ئەهلی حەق هەندێک تەمومژاوی دەنوێنێت، چونکە لە گەنجینەی وشە و زاراوەی سۆفییانەدا، بەو کەسانە دەوترێت کە یەکەم قۆناغەکانی ناسین ( یاسا - شەریعەت، ڕێگا - تەریقەت، ناسین - مەعریفەت) یان تێپەڕکردبێت و گەشتبنە بەرزترین پلەی حەقیقەت.[156] لەگەڵ ئەوەی لانکەی ئایینەکە ناوچەی شارەزوورە، بەڵام لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە پارێزگای کرماشان (قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، کەرەند، ماهیدەشت)، لە ناوچەکانی هەمەدان، ناوچەی نیشتەجێی لوڕەکان لە باشوور و ڕۆژئاوای کرماشان و لوڕستان، هەروەها لە ئازەربایجان، شیراز، قەزوین باوەڕدارانی ئەهلی حەق بونیان هەیە.[157]

ئەهلی حەق، بە شێوەیەکی فراوان لە نێو گۆرانەکان بڵاوبۆتەوە.[158] (گەردلێڤسکی) ئەوە دەخاتەڕوو، نزیک شاری کرماشان لە گوندی (دوورود)، هەندێک لە ڕێبەرانی ئەهلی حەق نێژراون کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ ( ئیمام عەلی).[159] لە کوردستانی عێراق ئەهلی حەق لە ناوچەکانی سلێمانی (لە گوندی هاوار)، لە کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی موسڵ بڵاوبونەتەوە.[160] سەبارەت بە کوردستانی تورکیا کەرەستە و زانیاری پێوست لە بەردەستدا نین کە یارمەتیمان بدات بۆ دیاریکردنی ناوچەکانی ئەهلی حەق، بەڵام کوردانی دێرسیم لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا کە بە عەلی ئیلاهی ( عەلەوی) ناودێر کراون، نزیکایەتیان لەگەڵ ئەهلی حەق هەیە.[161]

لە کوردستانی عێراقدا، ئەم ئایینە بە (کاکەیی) ناسراوە و ئایینەکە بەم ناوەوە لە بەرهەمی گەڕیدە ئەوروپییەکاندا چەسپیوە. دامەزرێنەری ڕێبازی (کاکەیی) سەید ئیسحاق (سوڵتان ئیسحاقی زەهاو)ە، کە سێ دەستەی کردووە بە یەک هەریەک لەم دەستانە بریتیبوون لە حەوت (حەفتان، حەوتەوانە، حەوت خەلیفە).[162] ناوی (کاکەیی) دروست تەنیا بەسەر سەییدەکانی ئەم ئایینە پیادە بکرێت، بۆ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ ڕاسترین ناو (داودی ) دەبێت .[163] لەم ڕووەوە (ئیڤانۆڤ) دەنوسێت : "

---

(155) Янечек Елена Викторовна : ВЕРОУЧЕНИЕ АХЛ-Е ХАКК (ЛЮДИ ИСТИНЫ) В КОНТЕКСТЕ КУРДСКОГО ЭТНОСА, Магистерская диссертация по направлению 41.04.03,Востоковедение и Африканистика ,(Профиль: Религии народов Азии и Африки), Санкт-Петербург,2017,с5.

(156) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, Iranica - Twenty Articles by V. Minorsky,Tehran University Publications, No. 775, 1964,p 306.

(157) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,сс 12- 13.

(158) Minorsky V. : The Gūrān , PP. 75-76

(159) Гордлевский В. А. : Каракоюнлу (Из поездки в Макинское ханство) , Избранные сочинения, Т. III, М.: Изд. восточной литературы, 1962. С. 413

(160) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с 14.

(161) Джалиле Д. : Курды Дерсима в 50-70-х гг. XIX в. ,Страны и народы Востока, Вып. XXX, СПб: Петербургское востоковедение, 1998. С. 252

(162) ا.م.عیتنیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٥.

(163) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с 10.

زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت بزانین ئەمە بەڕاستی پەیوەندی بەو نەریتەوە هەیە کە مەسیحیەکان بە برا ڕاهیبەکان وشەی لەو شێوەیە بەکاردەهێنن". [164]

ناوی ئەهلی حەق (یان عەلی ئیلاهی) کە خەڵکی لاوەکی بەم ناوە دەیان ناسێنن، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی. چونکە (عەلی) مەرکەزی تایینەکە نییە و ئەم شێوازە ناولێنانە، تەهلی حەق لەگەڵ عەلەوییەکان تێکەڵ دەکات. ڕێبەرانی ئایینەکە لە کوردستانی عێراق پەیوەندییان بە ناوچەی بەرزنجەوە هەیە، هەروەها تایینەکە بە ناوەکانی دیکەی وەک (ئیبراهیمی، خامۆشی)ش دەناسرێت.[165] (ژوکۆڤسکی) جگە لە عەلی ئیلاهی، ئاماژە بە دوو ناوی تری ودك (کوردبەچە، کەڵەشێر کوژ) بۆ (ئەهلی حەق) لە ئێران دەکات.[166] ناوی یەکەم ( بەچەی کورد) دەرخەری ئەوەیە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەم ئایینە کوردن، ناوی دووەمیش پەیوەندی بە نەریتی قوربانیکردنی کەڵەشێر لەم ئایینەدا هەیە.[167] یەکێکی تر لە ناوەکانی ئەم ئاینە، یارسانە. ئەندامانی ئەم کۆمەڵگە ئاینییە خۆیان بە (یارسان) ناودەبەن، وشەی یارسان لە دوو بەش پێکهاتووە (یار ، سان). وشەی یار لە کوردی و فارسیدا بە واتای ( هاوڕێ، خۆشەویست) دێت و وشەی سان لە زاراوەی ( گۆرانی ) و فارسی کۆن بە واتای ( شا ) یان ( سوڵتان) دێت . بەم شێوەیە وشەی یارسان بە واتای هاوڕێکانی سوڵتان ( ئیسحاق ) دێت. [168]

ئایینی ئەهلی حەق هاوشێوەی ئایینی ئێزدی ئایینێکی پەرگیر و داخراوە، باوەڕدارانی ئەهلی حەق لە لایەن پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارە موسوڵمانەکان فشاریان لەسەر بووە و ڕاونراون، ئەمەش سروشتێکی داخراو و نهێنی بە ئایینەکەیان بەخشیوە و هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە باوەڕدارانی ئەم ئاینە بانگەشەیان بۆ باوەڕەکەیان بە نهێنی و لە چوارچێوەیەکی داخراودا دەکەن. لە لایەکی دیکە کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی، کە ئەهلی حەقیان بە پاشگەزبووەوە دادەنا، پەراوێزیان خستبوون و گەڕان و تێکەڵبوونی بێگانەکانیان لە ناوچەکانی ئەواندا قەدەغە کردبوو. لەبەر ئەمەش باوەڕی ئایینی ئەهلی حەق بە بەراورد بە باوەڕ و ئایینەکانی دیکە، کەم لە بارەیەوە زانراوە و بەڵگە و کەرەستەکان دەربارەی ژمارەی باوەڕدار و شوێنکەوتوان و نەریت و خوو و ڕەوشتیان کەم و جیاوازن.[169]

بەپێی زانیارییەکانی مینۆڕسکی ، ڕێکخراوی (ئەهلی حەق) هیچ یەکگرتوویەکی ستانداردی نییە و تەنها یەک فیدراسیۆن لە ژمارەیەک بزوتنەوەی هاوبەش پێکدێنێت، دوازدە (خانەدان)ی سەرەکی یان زنجیرە هەن، بەڵام لقی واشیان تێدایە ناوی لەو خانەدان و زنجیرانە نەهاتبێت وەک (سەید جەلالییەکان، توومارییەکان، گروپی لاڕێ).[170]

یەکەم : ڕەنگدانەوەی ئایینەکانی دیکە لە نێو ئەهلی حەقدا

دەربارەی بنەڕەت و مێژووی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئەهلی حەق کوردناسان ڕاو سەرنجی جیاوازیان هەیە. زۆرێک لە توێژەر و کوردناسان ئەهلی حەق بە مەزهەبێکی شیعەی توندڕەو دەزانن و ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامی لە ئەهلی حەقدا دەبیننەوە،

(164) Ivanow W.: The Truth-Worshippers of Kurdistan. Ahl-i Haqq Texts, Leidan, E.J. Brill, 1953. P. 56
(165) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 306.
(166) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران( چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٦٢
(167) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с 10.
(168) Там же, сс 9-10.
(169) ا.م.میتێیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٢ -٦٣.
(170) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, pp 306 – 307.

ڕایەکی دیکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئایدیا ئیسلامییەکان لە نێو ئەهلی حەقدا سیمایەکی دەرەکین بۆ شاردنەوەی داب و نەریتە کۆنەکانی ئێرانی، کە ژێر بە ژێر لە تەهلی حەقدا هەیە.[171]

(مینۆڕسکی) باوەڕیوایە ئایینی تەهلی حەق بە شێوەیەکی نمونەیی، ئایینێکی ئاوێتەیە و لە بنەڕەتدا هەست بە کاریگەری شیعە دەکرێت، پێویستە ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە تەهلی حەق هەمیشە باسی دوازدە ئیمام دەکەن .[172] لە نێو بیروباوەڕ و نەریتەکانی تایبەت بە ئەهلی حەقدا، دەتوانرێت نەخش و ڕەنگدانەوەی ئایینەکانی دیکە هەستپێبکرێت، وەک (قوربانیکردنی کەڵەشێر و بەکارهێنانی چڵە دارخوما و ناوەکانی کتێبی پیرۆز لە ئایینی (یەهودی - جولەکە)، خواردنی هاوبەش و هاوڕێ لەگەڵ دابەشکردنی بەخشش بۆ بەشداربووەکان و ڕێزگرتنی عیسا و مەریەم لە مەسیحییەت، مرواری کە بە شێوەیەکی سەرەتایی خودایەتیی تێدایە لە مانیی، دۆنادۆنی ڕۆحەکان لە هیندیەکان).[173] ئیلاهییەتی نێو مرواری بیرۆکەیەکی ئایینی (مانی)یە، وەک باوەڕهێنان بە بێ خەوش بوونی نوور و بابەتی (تناسخ) و بڕواهێنان بە (حلوول) کە ناکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە دیاردەیەکی ڕاستەوخۆی هیندی بێت، چونکە پێشتر لە نێو ئیسماعیلیەکانیشدا هەبووە. دابەشکردنی بوون بەسەر دوو بواری جیاوازدا، کاریگەری درەنگ وەختی بیروڕای زەردەشتییە بەسەر تەهلی حەقەوە. سەربڕینی کەڵەشێریش پەیوەندی بە نەریتی جولەکەوە هەیە و ناوەکانی نێو تەورات (داود، موسا) ڕەنگە لە ڕێگەی قورئانەوە هاتبنە نێو ئایینی ئەهلی حەقەوە. تەوەشی تایبەتە بە هەژموونی مەسیحیەت نابێ زیادەڕەوی تێدا بکرێت و بە زیادەوە نیشان بدرێت، ئەگەر تەهلی حەق لە وتووێژیان لەگەڵ موژدە دەرەکاندا باسی (عیسا، مریەم) کردبێت، دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە جیا لەوەی دەگونجێت لە قورئانەوە وەرگیرابن، ئەهلی حەق تەنها وەک بەرجەستەکراوێکی (تجسم)ێکی خودایی خۆیان چاویان لێدەکەن.[174]

ئایینی تەهلی حەق دیمەنی هاوبەشی لەگەڵ نوسەیرێکان (عەلەوییەکان) هەیە. بەڵام بە پێچەوانەی عەلەوییەکانەوە لە لای ئەهلی حەق پیرۆزی و پەرستنی (سوڵتان سوهاک) شوێنی پیرۆزی و پەرستنی (عەلی) لای عەلەوییەکان دەگرێتەوە.[175] پێویستە تێبینی تەوەش بکرێت پەیوەندی تەهلی حەق بە دروزییەکانەوە جگە لەوەی باوەڕدرانی هەردوو بیروباوەڕەکە بڕوایان بە گواستنەوەی ڕۆح هەیە، بۆچونێک هەیە یەکێک لە خێڵەکانی دروزی ڕەگێکی کوردییان هەیە و لە بنەڕەتدا شوێنکەوتوانی تەهلی حەق بووبێتن .[176]

ئەهلی حەق زۆر شتی هاوبەشیان لەگەڵ کوردی قزڵباش و شوێنکەوتوانی ڕێبازی عەلەوی هەیە، تەوانیش بە عەلی ئیلاهی و هەروەها تەهلی حەق ناودەبرێن، هەر بۆیە زۆر جار جۆرێک لە تێکەڵی و سەرلێشواندنێک دروستدەکات. قزڵباش و تەهلی حەق باوەڕیان بە گواستنەوەی ڕۆحەکان و دەرکەوتنی خودا لەشێوەی مرۆڤدا هەیە و زۆرێک نەریت و باوەڕەکانیان هاوشێوەی یەکن، هەروەها لە تەجەسوومەکاندا جیاوازی لە نێوان ئەهلی حەق و قزڵباش هەیە.[177] فاکتێکی دیکەی گرنگ لە پێکهێنانی بیرو باوەڕی ئەهلی حەق، کاریگەری نەریت و دابی دەروێشی سۆفیزمە لە هەڵبژاردنی پیر، یەکگرتنی برایانە، جەزم بوون بەهۆی زیکرەوە و هەروەها دابەشکردنی خواردەمەنی.[178]

### دووەم : باوەڕی تەهلی حەق

بنەمای بیروباوەڕی تەهلی حەق یەکتاپەرستییە. خودا لای ئەهلی حەق تاک و تەنهایە، ئەو دروستکەری هەموو شتێکە، لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە، تەم بیروباوەڕە هاوشێوەی زاراوەی سۆفیگەری یەکێتی بوون (وحدة الوجود)ە. بەپێی باوەڕی

---

(171) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с 63.
(172) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 311.
(173) ڤلادیمیر مینۆڕسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەهلی حەق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل١٨٨.
(174) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 311.
(175) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٧.
(176) Загорнова Е. В. :Влияние друзского рода Джумблатов на политические и социальные процессы в ливанском обществе , Ближний Восток и современность. Сборник статей, Вып. 24, М.: Институт изучения Израиля и Ближнего Востока, 2004. С. 45
(177) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,сс 72 - 73.
(178) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 311.

ئەهلی حەق، دنیایەکی ناوەکی (العالم الباطن ) و دنیایەکی دەرەکی (العالم الظاهر )هەیە. هەر یەک لە جیهانەکان ڕێسا و ڕێککاری تایبەت بە خۆیان هەیە، خەڵکی ئاسایی تەنیا فەرمانەکانی دنیای دەرەکی دەزانن، بەڵام ژیانی ئەهلی حەق بە ڕەچەتەی جیهانی ناوەکی ، کە زانیاری لەسەر چارەنووسیان هەیە بەڕێوەدەبرێت.[179]

لە نێو کوردناساندا (مینۆرسکی) سەرنجی زیاتری لە باوەڕی ئەهلی حەق داوە، بە پێی ئەنجامەکانی کە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام)ی ئەهلی حەق و گفتوگۆ و دواندنی باوەڕدارانی ئەم ئاینە سەرچاوەی گرتووە، خودایەتی بە پێی باوەڕی دەرکەوتنێکی خوایەتیشدا، چوار پەری دەردەکەون، هەر یەکەیان نوێنەری سیفاتێکی پەروەردگارە.[180] ئەمەش دەبێتە خاڵی سەرەکی لە سیستێمی ئاینی ئەهلی حەقدا، بە جۆرێک لەگەڵ وەدیارکەوتنی یەک لە دوای یەکی خودایەتی، پاشای جیهان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە تەنها پۆشاکەکانی (لیباس، جامە، دۆن)ەکانی یەک لە دوای یەک دەگۆڕدرێن کە حەوت دەورەن.[181]

بەرجەستەکراوەکان (تەجەسومەکان) بە جلوبەرگێک دادەنرێت کە (ئیلاهییەت)لەبەریان دەکات. بەرجەستەبوون (تەجەسووم) بریتییە لە هاتن(نیشتەجێبوون) لەیەکێک لەو جلوبەرگ (لیباس، جامە، دۆن)انەدا. ئیلاهییەت هەموو جارێک لەگەڵ چوار یان پێنج فریشتە دەردەکەوێت کە تەجەسوم لەواندا تاقمێکی داخراو پێک دێنێت.[182]

بە پێی (سەرئەنجام) لە جیهانی ئەزەلدا پەروەردگار لەناو گەوهەرێکدا بووە، یەکەم دەرکەوتنی لە جیهاندا لە وێنەی (خواوەند دەگار) دامەزرێنەری جیهاندا بوو، دووەم دەرکەوتنی (عەلی) بوو، هەر لە سێیەم نواندنەوە ڕیزی ئەمانە دەبێت بە شتێکی ڕەسەن و نمونەیی بۆ ئەهلی حەق، چوار پلەی یەکەم لەگەڵ پلەکانی زانستی ئاینیدا(شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت) یەکن، نوێنەری پلەی دوایی و گەورەترینیان ( سوڵتان سوهاک)ە.[183]

(ژۆکۆڤسکی) ئاماژە بەوە دەکات ئەهلی حەق، موسوڵمانەکان بە گشتی و شیعەکان بە تایبەتی بە (ئەهلی شەریعەت) ناودەبەن، لە دڵەوە خۆشیان ناوێن و ڕقیان لێیانە. ئەم نەیاریی و ناحەزییە گەلێک هۆی هەیە، یەکەم لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکان پەیڕەوی شەریعەت دەکەن، ئەمانیش ڕێبازێکی جیاوازیان هەیە و دەیانەوێت هەندێک داب و نەریت و نهێنی تایبەتەکەیان لە موسوڵمانەکان بشارنەوە، ئەهلی حەق لایان وایە ناتوانن چاو لەو سەرلێشێواوییە بپۆشن، کە موسوڵمانەکان توشی بوون، بە تایبەتی لە پرسی بوونی چاک و خراپ لە ناو دروستکراوەکانی خودادا. چونکە ئەهلی حەق بڕوایان وایە، هەموو دروستکراوەکانی خودا پاک و جوانن، موسوڵمانەکان لەوەدا ڕاست نین، کە پەیڕەوانی قورئان بە پاک و مەسیحی و ئەهلی حەق بە کافر دەزانن. لەم دیدگایەوە ئەهلی حەق مەسیحییەکان بە نزیک لە خۆیان دەزانن و خۆشیان دەوێن.[184]

سێیەم : باوەڕی ئەهلی حەق و سەرهەڵدانەوە

باوەڕدارانی ئەهلی حەق باوەڕیان بە دۆنادۆن (تناسخ الأرواح) هەیە و دەڵێن:" مردن وەکو نوقوم بوونی مراویە لە ئاودا، لە شوێنێکدا وون دەبێت و جارێکی تر لە شوێنێکی دیکە دەردەکەوێتەوە".[185] پاکژکردنەوەی ڕۆحی گوناهکار بەهۆی فرە کۆچی، باوەڕێکی سەرەکی و نەگۆڕی ئەهلی حەقە، دۆنادۆن لای ئەهلی حەق وەک سزا سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک پاکژکردنەوەیەکی پێویست سەیر دەکرێت.[186] بە پێی باوەڕی ئەوان جەوهەری مرۆڤ دەبێت بە زنجیرەیەکی (١٠٠١) نواندندا

---

(179) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с 17.

(180) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., С 26.

(181) ڤلادیمێر مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەهلی حەق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل١٧٣.

(182) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, pp 306 – 307.

(183) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٧.

(184) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل ٦٢ - ٦٣.

(185) Янечек Елена Викторовна: Указ. соч,с 19.

(186) ڤلادیمێر مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەهلی حەق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل١٨٤.

تێیەڕببێت، کە لەو زنجیرەیەدا پاداشتی کردەوەکانیان وەردەگرن.[187] لە کۆتایی ماوەی (١٠٠١)نواندنەکەدا کەسێک دەبێتە (دیدە دار ) و ڕاستی بۆ ئاشکرا دەبێت، بە نێو دەستەی فریشتەکان دا تێپەڕ دەبێت، ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە هەموو خەڵک (١٠٠١) دۆن تەواو بکەن. دیدە دار کەسێکە کە تەنیا ڕاستی دەبینێت و هەموو ئەو شتانەی دەیڵێت بەشێکە لە فەرمانەکانی جیهانی ناوەوە. [188] بە پێی زانیارییەکانی ( ژۆکۆڤسکی) هۆنەرانی ئەدەبیاتی ئەهلی حەق، لەلایەن ئەندامانی ئەهلی حەق (دیدەدار)یان پێدەگوترێت.[189]

بە پێی باوەڕی ئەهلی حەق، دووبارە لەدایکبوونەوەی مرۆڤ پشت بە چالاکییەکانی دەبەستێت، کەسێتی ئەهلی حەق بە خولێکی چوار جۆری لە دایکبووندا دەڕوات. یەکەم جۆر پێی دەگوترێت (نەسخ) لەم حاڵەتەدا مرۆڤ وەک ڕەگەزی خۆی لەدایک دەبێتەوە، ئەم جۆرە لە جێگیربوونی کەسێتی زۆربەی کات دەکرێت هەم باش و هەم خراپ بێت، بەو پێیەی کە ڕۆحی کەسێک لە چ جەستەیەکدا بێت مرۆڤ دەتوانێت لە کۆمەڵگادا جارێکی تر لەدایک بێتەوە، بەڵام تێیدا شانسی پاکبوونەوەی زۆر کەمتری دەبێت. جۆری دووەم (گۆڕان، گواستنەوە)ی ڕۆحی مرۆڤە بۆ ناو جەستەی ئاژەڵێک، هۆکارەکانی ئەمەش دەکرێت تاوانی جۆراوجۆری وەک (کوشتن، دزی، فێڵ و فریودان...هتد)بن. جۆری سێیەم (ڕەگداکوتان)ە، کۆچکردنی ڕۆحە بۆ ناو ڕووەکێک. جۆری دواتر (هەڵوەشاندنەوە )ی پێدەگوترێت کە تێیدا ڕۆحی مرۆڤ دەچێتە تەنێکی بێکۆتایی .[190]

لە لایەکی تر بەهۆی سروشتی وجوودەوە، کە بەسەر چاک و خراپدا دابەش کراوە، لە بنەڕەتدا ئیمکانی بێ خەوش بوونی مرۆڤ زۆر کەمە و وەک دەڵێن ( هەرچەندە زیاتر (زووتر) لە جیهانی قاڵب دەربچن و هەرچی ڕەنجی زیاتر بکێشن، پتر لە خودا نزیک دەبنەوە و ڕوناکیان زیاتر دەبێت)، لە کاتێکدا تاریکەکان نابێت هیچ کاتێک ڕوخساری ڕۆژ ببینن. وەک تەواوکەری ئەم باوەڕانە، ئەهلی حەق بە زەوقێکی زۆرەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی (وەلی عەصر)ن، کە دەبێت بێت و خواستی دۆستان بەڕێوەبەرێت، ئینجا هەموو گۆی زەوی دابگرێت. هەروەها ژمارەیەک (کەلام)ی پێغەمبەرانەش هەن، کە هاتنی مەسیح ڕادەگەیەنن. بە پێی باوەڕی ئەهلی حەق شوێنی (دوایین دادوەری) قیامەت لە دەشتی شارەزوور دەبێت.[191] بەپێی ئەم زانیاریانە بێت، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە هەموو ئەوانەی پەیڕەوی ئایینی ئەهلی حەق دەکەن ڕزگاریان دەبێت، بۆ ئەوان نە بەهەشت و نە دۆزەخیش دەبێت .[192]

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە توێژەر و کوردناسان لەو باوەڕەدان کە ئەهلی حەق باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە . باس و خواس هەیە پێش کۆتایی دنیا (الصاحب الزمان ) یان مەهدی دەربکەوێت، دوای دوا دادوەری خوای گەورە کەسانی چاک دەچن بۆ بەهەشت، و خەڵکی خراپیش - بۆ دۆزەخ. بەڵام وەک (ئیڤانۆڤ) ئاماژەی پێدەکات ڕەنگە ئەو جۆرە بیرۆکانە وەک هاتنی مەهدی و قیامەت و ڕۆژی حەرەکەت لە شیعە دوازدەئیمامییەکان وەرگیرابن. [193] شارەزوور پەیوەندییەکی توندی بە باوەڕدارانی ئەهلی حەقەوە هەیە، شوێنکەوتوانی ئەم ئایینییە چاوەڕوانن کە ڕۆژی حەشر لەناو پێدەشتی شارەزووردا بقەومێ.[194]

چوارەم : کەسێتی ئەهلی حەقەکان

باوەڕدارانی ئەهلی حەق کەسێتییەکی تا ئەوپەڕ بە گومانن، تەنها ئەوکاتە نهێنییەکانیان بۆ بێگانەکان دەدرکێنن، وەختایەک بزانن کە ئەو کەسانە پێشتر زۆر ئاگایان لە بیروباوەڕی ئەوان هەبووە. [195] (ژۆکۆڤسکی) باس لەوە دەکات، بەشێکی زۆری باوەڕدارانی ئەهلی حەق لە ڕوودا دادەمێنن و بۆ ئەوەی توشی گێچەڵی موسوڵمانان نەبن و بە بێ ئاین ناو نەبرێن، هەندێکجار

(187) ا.م.میتتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٦.

(188) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,сс 20-21.

(189) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٧٢

(190) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч, с20.

(191) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 308.

(192) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с21.

(193) Ivanow W.: Op. cit. P. 74

(194) ڤلادیمێر مینۆڕسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەهلی حەق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل١٧٩.

(195) هـ . س.

لە وەختی مردوو شۆردندا، یان لە کاتی پرسە...هتد بە نابەدڵی دەچنە مزگەوت و جاروباریش توشی نوێژی ناچاری و هەڵسوکەوت لەگەڵ مەلاکاندا دەبن.[196]

تایبەتمەندیەکانی بیروباوەڕی ئەهلی حەق بۆ موسوڵمانان جێگەی قبوڵکردن نەبووە و فشاریان لەسەر کردوون و چەوساندویانەتەوە، لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا باوەڕدارانی ئەهلی حەق وەک شیعەکان بنەمای خۆپارێزی(تەقییە)یان بەکارهێناوە بۆ شاردنەوەی باوەڕەکەیان لە کاتی پێویستدا، بە تایبەتی کاتێک لە نێو کەسانی نەیار و باوەڕدارانی بیروباوەڕی دیکەدا بن. ئەمەش دەبێتە دەرخەری تایبەتمەندیەکی کەسێتی ئەهلی حەق کە جۆرێک لە کۆد و ڕەمزیان هەبووە بەڵام بەکارهێنانی وەک سروشتێکی گشتی کەسێتی ئەهلی حەق نەبووە و بە پێی ناوچە و بارودۆخەکە بووە.[197]

(ژۆکۆڤسکی) ئاماژە بەوە دەکات، ئەهلی حەق زۆر دڵسۆز و دین قایمن، لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکانی سەرشانیان دریغی ناکەن، دەیانەوێ موسوڵمانانیش ئاینەکەیان هەر سەرزارەکی نەبێ و بە کردەوە بیسەلمێنن. (ژۆکۆڤسکی) لە زاری باوەڕدارانی ئەهلی حەقەوە باس لە ڕەفتاری موسوڵمانان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە بە هەر لایەکدا دەڕوانی و بۆ هەر کوێیەک هەنگاو دەنێیت، هەر فێڵ و تەڵەکەبازییە و لە قورئان و شەریعەت لادانە، باوەڕ بەیەکتر نەبوونە، یەکتر هەڵخەڵەتانە. (ژۆکۆڤسکی) ئەوەش دەخاتە ڕوو ئەمە یەکێکە لەو سەرنجە وردانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەهلی حەق حەز بە موسوڵمانان نەکەن.[198]

سەربارێ داخراویی و نهێنی پارێزی باوەڕدارانی ئەهلی حەق، (مینۆڕسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ساڵانێکی زۆر پەیوەندیەکی پڕ لە خۆشەویستی لەگەڵ لایەنگرانی ئاینەکەدا هەبووە و ئەوان متمانەیەکی زۆریان پێکردووە و میهرەبانییەکی زۆریان بەرامبەر نواندووە.[199] لە کۆکردنەوەی زانیاری و وودبوونەوەی لە بیروباوەڕ و نەریتەکانی ئەهلی حەق، مینۆڕسکی چاکەی باوەڕدارانی ئاینەکە لە بیر ناکات و دەڵێت :" من توانیم سەیری هەموو نهێنیە شاراوەکانی ئەم بیروباوەڕە لە گۆشەی (بابا یادگار)دا بکەم، چاکەش لە مەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیاوە لێبرسراوانەی ئەهلی حەق کە بڕوایان پێکردم و هیچ داواکارییەکیان ڕەت نەکردمەوە".[200]

بە باوەڕی (ژۆکۆڤسکی) ئەگەر کەسێکی ئەهلی حەق گوناهی بچکۆلە بکەن، ئاگادار دەکرێنەوە و دەبێت لە گوناهەکەیان پەشیمان ببنەوە. بەڵام لەکاتی گوناهی گەورەدا، ئەو کەسە لە ڕیزەکانی خۆیان دەردەکەن، هاوڕێکانی لێی لووتەلا دەبن و وازی لێدێنن، ئەو کەسەی گوناهی وەک پیاو کوشتنی لێ ڕوویدات، لەم حاڵەدا پەشیمانبوونەوە و تۆبەکردنیش هیچ دادێکی نادات.[201]

کەسێتی ئەهلی حەق چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، هەموو کەسێک کە خۆی بە ئەندامی کۆمەڵەی ئەهلی حەق دادەنێت، دەبێت لە جەستە و ڕۆحیدا پاک بێت، لە دڵیدا نابێت ڕق و کینە و چاوچنۆکی هەبێت، بەڵکو دەبێت خۆشەویستی هەبێت. ئەندامی کۆمەڵ دەبێت ڕاستگۆ و بەئەمەک بن، دەبێت لە درۆ و گوناە و هەر شتێک کە زیان بە ڕۆح و جەستەیان دەگەیەنێت خۆیان بە دوور بگرن. لە هەموو کارو کردەوەکانیاندا، دەبێت چاکە ڕێنموونیان بکات. هەر کەسێکی ئەهلی حەق دەبێت یارمەتی کەسانی تر بدات، دەبێت لەگەڵ هەژار و نەداران دا هاوبەش بێت لەو شتەی کە خودا پێی داوە، دەبێت هەموو کەسێک لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانی خۆی ڕزگار بکات .[202]

(ژۆکۆڤسکی) سەربارێ باسکردنی شەراب خواردنەوەی ئەهلی حەق و بە گوناهـ نەزانینی لە لایەن ئەهلی حەقەکانەوە، ئاماژەش بەوە دەکات کە خواردنەوەش سنوری خۆی هەیە. بەدمەستی و بە سەرخۆشی هەڵسوکەوت کردن و کاری ناشیرین لای

---

(196) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٦٤.

(197) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,сс 23- 24.

(198) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل ٦٣ - ٦٤

(199) V. Minorsky : The Gūrān, p 76.

(200) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., С 27.

(201) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٧٤

(202) Янечек Елена Викторовна : Указ. соч,с19.

ئەهلی حەق بێزراو و خراپە. هەرگیز چاو لە زۆرخواردنەوە و بەدمەستی ناپۆشن، چونکە دەڵێن (مرۆڤی بەدمەست، لەبەر شەراب خۆی بیردەچێتەوە و کاری خراپ، تەنانەت تاوانیشی لێ دەوەشێتەوە) بەمشێوەیە ئەهلی حەق تەنها یەک ڕەوشت و کاریان لا ناپاک و بێ کەڵکە، ئەویش کە سەرئەنجامەکەی خراپ بێت و بە کوشتن و تاڵان و خراپەکاری بشکێتەوە. هەربۆیە خۆیان لەم کارە خراپانە بە دوور دەگرن و هەوڵ دەدەن ڕیزەکانی خۆیان لە کەسانی خراپ پاکبکەنەوە.[203]

ڕەگەزێکی تری سروشت و تایبەتمەندی کەسێتی ئەهلی حەق بریتییە لە ڕێ و شوێنی دەروێشی سۆفی لە (هەڵبژاردنی پیر، خۆراک بەشینەوە، یەکێتی برایانە).باوەڕدارانی ئەهلی حەق بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە نوێنەرانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا (کۆچەر، خەڵکی دێهات، هەژارانی شار، دەروێشی ئاسایی)، ڕەنگە ئەمەش لەوەوە هاتبێت کە ئیلهامی ئەو ئاواتە دەدرێتە شوێنکەوتوانی ئایینەکە کە لە ڕۆژی (دادگای سامناک)دا سزای دەسەڵاتداران دەدرێت.[204]

(مینۆرسکی) ئاماژە بەوە دەکات یەکێک لە ڕەوشتە سەرنجڕاکێشەکانی کەسێتی ئەهلی حەق (برایەتییە)، یەکێک دەکەن بە برای خۆیان کە برای ڕاستییان نییە،[205] (ژۆکۆڤسکی)یش ئەوە دەخاتە ڕوو، ئەهلی حەقەکان خۆیان بە هاوڕێ (یار)ی یەکتری دەزانن، ئەم برایەتییەشیان بە پاک میهر - خۆشەویستی دەزانن و بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە دەژین. جگە لەمەش باوەڕیان وایە، بە ئەوین و خۆشەویستی هەموو پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکان و تەنانەت ئاژەڵەکانیش بەڕێوەدەچێت. هەربۆیە ئازاردانی ئاژەڵەکانیش سەرپێچییە لە فەرمانی یەزدان، لێرەوەیە ئەندامانی ئەم (برایەتیی حەقە) دژی خراپەکاری و ئەو کارە بەدانەیە کە پاکی ڕەوشت دەشێوێنن.[206] بەمەبەستی بەدەستهێنانی کەماڵییەت لە ڕەوشتدا و گەیشتنی تەواوەتی بە خودا پەیمانێکی سۆفییانە وەک یەکێتییەک لە نێوان پیاو (چەند پیاوێک) و ژندا دەبەسترێت، کە پێیان دەوترێت خوشک و برا (شەرت و ئیقرار).[207] هەروەها یەکێکی دیکە لە ڕەوشەکانیان کە دەورێکی گرنگی هەیە، دابەشکردنی نانێکی تایبەت لەگەڵ گۆشتی کوڵاودا. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک وابزانن ئەم ڕەوشتە لە مەسیحییەکانەوە وەرگیراوە.[208]

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی ئەهلی حەق بوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کۆبونەوەیانە پێکەوە. ئەهلی حەق بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی کۆبونەوەکانیان وشەی ئمونەیی(جەمخانە) بەکاردەهێنن،[209] تەنها ئەو کەسانەی کە پێگەیشتوون، ڕێگەیان پێدراوە بەشداری کۆبوونەوەکان (جەم)بن. بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە بەشداری ژنان هەیە *، (ژۆکۆڤسکی) بە سەرسوڕمانەوە باس لەوە دەکات کە نە منداڵ و نە هەرزەکار و نە ژنان، مافی بەشداربوونیان لە (جەم) نیە، بەشدار نەبوونی ژنان لەلای (ژۆکۆڤسکی) جێی سەرنجە، چونکە مامەڵەی ئەهلی حەق لەگەڵ ژنان خراپ نییە. هەروەها بە دووری نازانێت کە بەشدار نەبوونی ژنان، لە کاتێکی وەک قوربانیکردندا، کاریگەری ژیان و داب و نەریتی ئێرانی بێت. یان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەیانەوێت ژنەکانیان بکەونە بەرچاو، چونکە زۆرجار موسوڵمانە شیعەکان ژن لە ئەهلی حەق دەخوازن. ناشیانەوێت لە ڕێگەی دەمەوەری و زۆر بڵێی ژنانەوە نهێنییەکانیان ئاشکرا ببێت.[210] بەڵام (ئیڤانۆڤ) پشتگیری ئەو بۆچونە ناکات و ئاماژە بەوە دەکات کە هەم ژنان و هەم پیاوانیش بەشداری کۆبونەوەکان دەکەن. ئەو بۆچونانەی کە باس لەوە دەکەن ڕێگە بە ژنان نادرێت ئامادەی کۆبوونەوەکان بین، دوورن لە ڕاستییەوە بەڵکو ئەمە لە لایەن باوەڕدارانی ئەهلی حەق بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی خۆپاراستن و تۆمەتبارنەکردنیان لە لایەن خەڵکانی دیکەوە.[211] هەرچەندە زۆرێک لە توێژەر و

---

(203) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٦٣

(204) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٧ - ٦٨.

(205) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., с 26.

(206) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران( چەند وتارێکی کوردناسی)، س.پ، ل٧٣

(207) В. Никитин : Курды,с374.

(208) В.Ф . Минорский: Курды заметки и впечатления., с26.

(209) ڤلادیمیر مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەهلی حەق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل١٨٤.

* بە پێی سەرئەنجام تێکستی پیرۆزی (یارسان - ئەهلی حەق) تەنها پیاوی پێگەیشتوو دەتوانێت بەشداری کۆبوونەوە گشتییەکان بکات، بۆیە بە دووری دەزانین کە ڕێگە بە ژنان بدرێت بەشداری کۆبونەوەکان بکەن، بەڵام زەحمەتە بڵێین ئەم ڕێگەنەدانە چەندێک جێبەجێدەکرێت . بڕوانە : صفی زادە(صدیق بورە کەیی) نامە سرانجام یا کلام خزانە. تهران: هیرمند، ١٣٧٥،ص٥٦٥.

(210) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٧٥

(211) Ivanow W. : Op. cit., P. 78.

کوردناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کۆبونەوەکانی ئەهلی حەق لە ئێواران و بە بەشداری ژنان ساز دەکرێن. ئەمەش بووەتە هۆی گومان کردنی نەزانانە و نابەجێیانەی دراوسێ موسوڵمانەکانیان، کە ناتۆرەی وەک (چراغ سوێندور) بە واتای چرا کوژێنەرەوە و شتی نابەجێ دەدەنە پاڵیان، بەڵام کوردناسانی ڕووسیا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە چیرۆکی هەڵبەستراوی خەیاڵدانی موسوڵمانانە و ڕاستی تێدا نییە.[212]

(ژۆکۆڤسکی) یەکێکە لەو کەسانەی درکی بەم چیرۆک هەڵبەستنانە کردووە، و ئاماژە بەوە دەکات جارێک موسوڵمانە فارسەکان باسی ئەو شەڕواڵ پیسییەیان بۆ کردم کە لە کۆتایی (جەم) لای ئەهلی حەق ڕوودەدات. دەیانوت گوایە ئەم کۆڕە شەودرەنگان دەبێت و ژنانیش وەک پیاوان مافی ئامادەبونیان هەیە. ژنەکان ئاودڵکراسەکانیان دادەکەنن و دەیبەنە ژوورێکی تر. لەوێ هەر پیاوە و دەچێ دەرپێیەک بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و بۆی هەیە لەگەڵ ژنی خاوەن دەرپێیەکەدا بنوێت. لە هەموو شتێک خراپتر و بێ ماناتر ئەوەیە، کە گوێ نادەنێ دەرپێی کێیە. (ژۆکۆڤسکی) جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ گومانی تێدا نییە، کە ئەمە ڕاست نییە و چیرۆکی هەڵبەستراوی نەیارانی ئایینەکەیە و بە ئاشکرا دژی بیروباوەڕ و ڕەوشت بەرزیانە. ئاماژە بەوە دەکات مەلاکان لە بڵاوکردنەوەی ئەم قسەوقسەڵۆکانە لە نێو خەڵکانی نەخوێندەواردا، ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە.[213]

سیمای ئەم کۆبوونەوانە، نەزرکردن و قوربانییە، کە بریتین لە (نەزر و نیاز).[214] کەسێتی ئەهلی حەق (جەم)ی لا پیرۆزە ، چونکە خودا بەشداری لە هەریەکێک لە کۆبونەوە(جەم) کان دەکات، بەم هۆیەش ڕەفتاری نەشیاو لە کاتی مەراسیمی جەمدا ڕێگەی پێنادرێت و سەرپێچیکار بە توندی سزا دەدرێت.[215] لە کۆبونەوەی گشتی (جەم) هەموو سەختییەک چارەسەر دەکرێت، کۆبونەوەکە ماوەیەکی دیاریکراوی بە پێی گرنگی ڕوداوەکان بۆ دادەنرێت.[216] لە باوەڕی کەسێتی ئەهلی حەقدا کۆبونەوە(جەم) ئەو پانتاییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەیە، کە چارەسەری هەموو گرفتێکی تێدا دەکرێت. لە لایەکی تر جۆرێک هاوبەشی لە ژیانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی کەسێتی ئەهلی حەق هەیە، گەلێک کۆبوونەوە (جەم)ی وا دەبەسترێت کە پەیوەندییان بە ڕووداوی گرنگی ژیانیانەوە هەیە. لە کۆبوونەوەکاندا (کەلام) بە مۆسیقاوە بۆ خەڵکەکە دەخوێنرێتەوە. هەندێک جار ئەڵقەی زیکر دەبەسترێت و بە تایبەتی دەروێشانی پایەبەرز بە دەنگی مۆسیقا (مینۆڕسکی دەڵێت ساز بەڵام لە ڕاستیدا تەمبوورە) جەزم دەبن و لەهۆش دەچن، ئەم کارە توانای ئەوەیان دەداتێ کاری نائاسایی بکەن.[217] لە جەمدا سەید * کەلام دەخوێنێتەوە، کەلام وەرگیراوە لە تێکستی پیرۆزی ئەهلی حەق (سەرئەنجام)، دەکرێت لە بری کەلام هۆنراوەی عیرفانی و هەڵگری ناوەڕۆکی ئەخلاقیانە بخوێنرێتەوە بە تایبەتی ئەهلی حەق گرنگی بە هۆنراوە عیرفانییەکانی ( جەلالەدینی ڕۆمی، شەمس تەبرێزی، بابا تاهیر)دەدەن.[218]

(مینۆڕسکی) ئاماژە بەوە دەکات، لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی ئەهلی حەقدا، زیکر و لە هۆشخۆچوونی دەروێشێکیان گەیشتبووە ڕادەیەک کە لە بەردەم گۆڕی (بابا یادگار)وە خۆی فڕێبداتە چەمەکە و بانگی کردووە:"هاتم بۆ لات بابا یادگار، وەرم بگرە".[219] (مینتیشاشڤیلی) ئەوە دەخاتە ڕوو، لە حاڵی پڕ لە هەیبەتی (زیکر)دا دەروێش بە ئاوازی ساز ( لە ڕاستیدا تەمبوور

---

(212) Марр Ю. Н.: Радение секты (людей истины), Статьи и сообщения, Т. II, М.-Л.: Изд. АН СССР, 1939. С. 248 ؛Минорский В. Ф.: Курды, С.25 ؛ P. LERCH: Bericut über Notice sur la littérature ET LES TRIBUS KOURDES ,TIRÉE DES DOCUMENTS KOURDES RECUEILLIS ET TRADUITS PAR A.Jaba , Consul de Russie a Erzèroum,MÉLANGES ASIATIOUES, TIRÉS DU BULLETIN HISTORICO-PRILOLOGIQUE,DEL'ACADÉMIE IMPÉRIA LE DES SCIENCES,Tome III, ST.-PÉTERSBOURG,1858,p112.

(213) ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی : س.پ، ل٧٩ – ٨٠.

(214) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 309.

(215) Ivanow W.: Op. cit. ,P. 76.

(216) ا.م.مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٦.

(217) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, Op. cit., pp 308 – 309.

* بۆ بینینی وێنەی یەکێک لە سەیدەکانی ئەهلی حەق لە سەردەتاکانی سەدەی بیستەم، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥).

(218) Жуковский В. А. : Указ. соч, С. 16

(219) В.Ф . Минорский: Курды заметки и в печатления ., с27.

ئامێری دڵخواز و پیرۆزی تەهلی حەقەکانە) دەچنە حاڵی بوونەوە ( وجودەوە.) لە کۆبونەوەدا دەبێت ئەهلی حەق قوربانی بکەن، نەزر و نیاز (ئاژەڵێکی نێرینە : ڕەشەوڵاخ، مەڕ، کەڵەشێر، هەروەک قوربانی - خێر و خزمەت) بۆ نمونە خۆراکی لێنراو، شەکر، نان ...هتد ڕێوڕەسمی قوربانی لای ئەهلی حەقەکان بە باشی ڕێکخراوە. لەسەر گۆڕ گۆشتی کوڵاو و شتی تری قوربانی لە نێوان ئامادەبواندا دەبەخشرێنەوە.[220]

کەسێتی تەهلی حەق سەری خۆی بە مورشیدێکی ڕۆحی دەسپێرێت، ئەم نەریتەش لە نێو ئەهلی حەقدا بە (سەرسپاردن، گوێزشکاندن) بەناوبانگە. بە هۆی تەو ڕاستییەوە کە هەموو دەروێشێک پێویستە ڕێبەرێکی ڕۆحی (مورشید)ێکی هەبێت، هەموو تەهلی حەقێک دەبێت سەری بە پیرێک سپاردبێت. لە کاتی بەڕێوەبردنی مەراسیمی (سەرسپاردن)دا، ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی ( پێنج فریشتە) دەکەن بە دەوری منداڵە ساواکەوە ڕادەوەستن، گوێزێک وەک جێنشینێک بۆ سەر لە لایەن بەشدارانەوە دەشکێت و پاشان گوێزەکە لەگەڵ سکەیەکی زیو کە (هەویزە)ی پێدەگوترێت وەک دۆعایەکی چاوەزار بە خۆوە هەڵدەواسرێت. پاشان لە نێوان ئەو کەسەدا کە سەری خۆی سپاردووە و ئەو پیرەی کە سەری پێ سپێردراوە پەیوەندییەک (کە پەیوەندی خوێنیمان بیر دەهێنێتەوە) دروست دەبێت.[221]

هەموو ئەهلی حەقێک دەبێت ئەندامی دەستەی سەید (بە سیفەتی پیر) یان دەستەی دەلیل بێت، پیر و دەلیل تەرکیان بەرامبەر بە شوێنکەوتوانیان هەیە و مافی دیاریکراویشیان هەیە، هەروەک ئەرکی دیاریکراو لە مەڕاسیمدا بەجێدەهێنن. ئەرکی ئامۆژگاری و فێرکردن دەدرێتە دەست کەسێک کە پێی دەڵێن کەلامخوان. لە ڕووی تیۆرییەوە هەموو ئەهلی حەقێک دەتوانێت بە سەربەستی (پیر و دەلیل)ی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام لە ڕاستیدا تەوە ڕەنگە بۆماوەیی و لە ڕێگەی باوکەوە بێت، هەروەک لە حاڵەتی مردنی (پیر یان دەلیل) ئەو مەرجە بەجێدەهێنێت کە دەیەوێت، ئەویش بە پێی وەسیەتی مورید بۆ کوڕەکانی، ژن و ژنخوازی لەگەڵ کەسانێک کە خزمی دەلیل و پیر بن ڕێگەی پێنادرێت.[222]

---

(220) ا.م.میتتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٦-٦٧.

(221) V. Minorsky : The Sect of the Ahl-i Hakk, p 309.

(222) ا.م.میتتیشاشڤیلی : س.پ، ل ٦٥.

## باسی دووەم : خێڵ و کەسێتی کورد لە دیدیی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت

خێڵە کوردییەکان، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسین، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و خزمایەتی ڕاستەقینە یان هەڵبەستراو، بە مەڵبەندێکەوە گرێدراون، لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابوریش پێکدەهێنن. شیرازەیەکی نێوخۆیی دیاریکراویان هەیە، خێڵی کوردی لە چەند کەرتێکی بچوکتر لە خێڵ پێکدێت و ئەوانیش لە چەند یەکەیەکی بچوکتری وەک (تیرە، تایەفە) پێک دێن.[1] سیستێمی ناو خێڵەکان بەردەوام بە شێوەیەک کاردەکات، کە لە نێوان یەکە بچوکەکانیدا جیاشوناسی و فرە کولتووری دروست نەبێت، واتە بەردەوام هەوڵدەدات لەناو یەک شوناس و یەک کولتوور و یەک زماندا بیانهێڵێتەوە، تا خێڵەکە بتوانێت بەرامبەر وەک خێڵێکی جیا شوناس و جیا کولتوور، لە بەرامبەر خێڵەکانی تری نێو کۆمەڵگە بوونی خۆی بپارێزێت.[2]

ئەندامانی خێڵ سۆزبەندییان لە نێواندا هەیە، دەمارگیرییان بۆ خێڵەکەیان بەهێزە. بە تەنگ ئێش و ئازاری یەکترییەوەن، موکوڕن لەسەر یەکتری هەڵبدەنێ و بە دەستەجەمعی خۆیان لە هێرشی هێرشبەران بپارێزن. خاوەنی کولتوورێکی ناوکۆیین، کە بە تەنگییەوەن و پارێزگاری لێدەکەن و پیرەوی لێدەکەن.[3] بەڵام لە دەرەوەی خۆیاندا و لەگەڵ یەکتریدا، خێڵەکان پەیڕەوی لە سیستێمە ناوەکییەکەی خۆیان ناکەن، بەڵکو پەیڕەوی لە سیستێمێکی دیکە دەکەن، کە سیستێمی سەرو کۆمەڵگە خێڵەکییەکەیە. ئەم سیستێمەش داوای یەک شوناسی و یەک کولتووریان لێناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای فرە شوناسی و فرە کولتوریان لێدەکات. بۆیە هەریەکێک لەو یەکانە دەبێت لەناو خۆیاندا یەکبوونی خۆیان بپارێزن، لەدەرەوەی خۆیاندا لە بەرامبەر یەکەکانی دیکە جیایی و جیاوازی خۆیان بپارێزن. ئەمەش ئەو دوو سیستێمە ڕوون دەکاتەوە، کە خێڵ لە ناوەوەی خۆی و لە دەرەوەی خۆی پەیڕەویان دەکات.[4]

کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری لە خێڵی کوردی دەڕوانن. خێڵی کوردی لە هەریەک لەم ئاستانەدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر بونیادی کەسێتی کورد هەبووە. خێڵ وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، بەشێکی بەرچاوی ژیانی کەسیتی کوردی کۆنترۆڵ کردووە. لە سنوری توێژینەوەکەماندا، خێڵ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی وەک بەدیلی دەسەڵات و دامەزراوە، ژیانی کەسێتی کورد بەڕێوەبردووە. خێڵ وەک یەکەیەکی ئابووری، لە ڕێگەی ئابووری ئاژەڵ بەخێوکردن و کۆچەری و نیمچە کۆچەریبوونەوە، ئەخشی بەسەر ژیانی ئابووری و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێڵ و دەرەوەی خێڵدا هەبووە. بۆ زیاتر شیکاری ڕەنگدانەوە و کاریگەری خێڵ لەسەر کەسێتی کورد، بە پشت بەستن بە نوسراو و بەرهەم و لێکۆڵینەوەکانی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت لە (سروشت و تایبەتمەندی خێڵی کوردی، سەرۆکایەتی خێل و بەڕێوەبردنی خێڵ، خێڵ وەک ڕێکخراوێک بۆ یەکگرتووی کەسێتی کورد، کەسێتی کورد و بیرۆکەی ڕەچەڵەکی بێگانە لە نێو خێڵدا، کاریگەری خێڵ لەسەر کەسێتی کورد، کەسێتی کورد و دادوەریی دەزگای خێڵ، کەسێتی کورد لە نێوان کۆچەریبوون و نیشتەجێبووندا، کەسێتی کورد لە پۆلێنبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا) دەکۆڵینەوە.

---

(1) مارتن ڤان برونەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت،وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. د.کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩١.

(2) دکتۆر عرفان مستەفا : بووتی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا،چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١١، ل ٣٧١.

(3) محەمەد فەریق حەسەن : مێنتەلێتی خێڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٤.

(4) عرفان مستەفا : س.پ، ل ٣٧٢-٣٧٣.

## یەکەم: سروشت و تایبەتمەندی خێڵی کوردی

لە سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ ئاماژەکردن بە خێڵ و گروپە خێڵەکییەکان، وشەکانی (عەشیرەت- کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی، قەبیلە-خێڵ، تایفە، تیرە..هتد) بەکارهاتوون. گەورەترین یەکەی پێکهاتەی خێڵ لەنێو کورددا بە عەشیرەت (یەکێتی خێڵەکان) گوزارشتی لێکراوە، پلەبەندیی دیاریکراوی توخم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی بە(عەشیرەت یان عێل (کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان)، قەبیلە(خێڵ)، تایفە، بەرە، تیرە) گوزارشتی لێکراوە.[5] مەلا مەحوودی بایەزیدی وەک مێژوونوسێکی کوردی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو گرتووە کە (تایفە - هۆز)ی بە (ناوەندی خانەوادە، لانکەی هاوخوێنی) بەکارهێناوە کە پاشان دەبێتە پێکهێنەری عەشیرەت (کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی) و قەبیلە (خێڵ). بە باوەڕی( ڤاسیلێڤا) چ لە پێشەکییەکەی مەلا مەحمود بۆ (تاریخی جدیدی کوردستان) و چ لە شەرەفنامەدا، زۆرجار ئەو سێ چەمکە بە مانای تەواوی خۆیان بەکارنەهاتوون و بە بێ سەرنجدان لە تایبەتمەندییەکانیان، چەمکی (هۆز) بەکارهاتووە.[6] توێژەر و مێژوونوسی دیاری کورد (جەلیل جەلیلی) ئاماژە بەوە دەکات:" بۆ پێناسەکردنی یەکەکانی خێڵ لەنێو کورددا، هەریەک لە چەمکەکانی (قەبیلە (خێڵ)، تایفە (هۆز)) بەکاردەهێنرێن، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستەواژەی عەرەبی (عەشیرەت) جگە لە مانای ئاسایی خێڵ، وەک گوزارشتکردن لە چەمکێکی نوێ بۆ (کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان) واتە یەکگرتنی چەند خێڵێک بەکار هاتووە، لە هەمانکاتدا چەمکەکانی ( تایفە (هۆز)، قەبیلە (خێڵ)) بۆ گوزارشتکردن لە یەکەی بچوکتر بەکار هاتوون".[7]

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، دامەزراوەی خێڵ وەک بونیادێکی کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد و لە خۆگرتنی زۆرترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی، ڕۆڵی هەبووە. خێڵە کوردییەکان لەسەر بنچینەی خزمایەتی وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی و تەنانەت ئابووری، ڕۆڵی گرنگیان لەسەر زۆر لایەنی ژیانی کەسێتی کورد هەبووە.[8]ستراکتۆری خێڵەکی کاریگەری لەسەر ڕەوشی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیی) لە ڕووبەرێکی فراوانتر لەوەی کە خێڵەکان تێیدا دەژیان و تەنانەت ئەو شوێنانەشی کۆچیان بۆی دەکرد، هەبووە. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو فاکتەرەی کە سەرکردەی خێڵەکان، لە هەمانکاندا خاوەنداری گەورەی زەوییەکانیش بوون.[9] بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بە دواوە، دوای هەرەسهێنانی دەسەڵاتی بنەماڵەی میرەکان و میرنشینەکان، ستراکتۆری خێڵەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی - سیاسیدا شوێنی دەسەڵاتی میرنشینەکانی گرتەوە. کوردستان پڕبوو لە ئاژاوەی فیودالی - خێڵەکی، کە دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش لە توانایاندا نەبوو، خۆیانی لێ لادەن یان دەستی بەسەردا بگرن.[10]

کاریگەری خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە لایەک، لە لایەکی دیکە پابەندبوونی لە ڕادەبەدەری کەسێتی کورد بە خێڵەوە ئەم دوو هۆکارە لە ژیانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری)ی کورددا خێڵی کرد بە ڕێکخراوێکی هەرە چالاک. دەسەڵاتدارانی (عوسمانی، ئێران) باش لە ڕۆڵی خێڵ و کاریگەری لەسەر تاکی کورد تێگەیشتبوون، هەربۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، هەوڵی ڕاکێشانی خێڵەکانیان بەلای خۆیاندا دەدا. وەک بەڵگەی کارایی ڕۆڵی خێڵ و پێگەی بەهێزی ڕێکخراوی خێڵەکی، (ڤاسیلێڤا) باس لەوە دەکات لەدوای ڕووخانی بابانەکان لە (١٨٥١ز) دەسەڵاتی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی جاف زیاتر بوو، سەرکردەکانی جاف پێگەی خۆیان وەک خاوەن زەوی بەهێز کرد، زیاتر لە سەرۆک خێڵەکانی تر ئەمان وەک

(5) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна:КУРДЫ В ИСТОРИИ И ПОЛИТИКЕ РОССИИ НА БЛИ ЖНЕМ ВОСТОКЕ В XIX – НАЧАЛЕ XX ВВ,Диссертация на соискание ученой степени кандидата исторических наук Специальность:Всеобщая история,Санкт-Петербургский госуд арственный университет,Санкт-Петербург, 2016,с 19,21,22.

(6) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) , Письменные памятники Востока, 2(13), 2010.с221.

(7) Джалил, Джалиле : Курды османской империи в первой половине девятнадцатого века,с15.

(8) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна : Указ. соч,с17.

(9) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٦٣.

(10) هـ.س، ل ١٩٣.

ئاغایانی فیوداڵ دەهاتنە پێش چاو.[11] (مینۆرسکی) ڕۆڵی هەریەک لە ( عوسمان پاشا، مەحموود پاشا) وەک دوو سەرکردەی دیاری جافەکانی بندەستی عوسمانی دەنرخێنێت. ئاماژە بەوە دەکات تەم بنەماڵەیە، دەستیان کرد بە ڕاپەڕاندنی کاری حکومەت و تێکەڵی کاری فەرمی و ئیداری بوون، حکومەتی عوسمانیش ویستی ئەوەی هەبوو بەهێزیان بکات. ماوەیەکی بەرچاویش (عادیلە خانم) خێزانی وەسمان پاشای جاف حوکمڕانی شارەزوور بووە.[12] لەم ڕووە (ڤاسیلێڤا) لەگەڵ (مینۆرسکی)دا هاوڕایە، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، دوو بەگی جاف وەک ( ڤائیمقامی) ناوچەی گوڵعەنبەر (خورماڵ) کە ناوەندەکەی (هەڵەبجە) بوو دەستنیشانکران. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر فراوانبوونی موڵک و زەوی و زارەکانی (خێزانی بەگزادەی جاف) هەبوو، بەجۆرێک لە سەرەتای سەدەی بیستەم، تەواوی دەشتی شارەزوور، هەڵەبجە، پێنجوێن وەک موڵکی بەگزادەی جاف دەڤەبلێنران.[13] بەڵام جیاواز لە (مینۆرسکی)، (ڤاسیلێڤا) دەربارەی ( مەحموود پاشای جاف) دەڵێت:" دووجار پێشنیاری سوڵتان عبدالحمیدی دووەم ( ١٨٧٦ - ١٩٠٩ز) بۆ وەرگرتنی پۆستی حکومی ڕەتکردۆتەوە".[14]

به شێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە خێڵە کوردییەکان، لەسەر پاراستنی سەربەخۆییان لە بەرامبەر پێدانی باج و سەربازدا بەند بووە. (ڤاسیلێڤا) ئاماژە بەوە دەکات کە سەرکردەی جافەکان هیچ باجێکیان نەدەدا و ئەوەی بۆ کۆکردنەوەشی بهاتبا، دەریان دەکرد.[15] تەنانەت دۆخەکە دەگاتە ئەو ڕادەیەش کە بڵێت:" سەرۆکی جافەکان، بە هیچ کلۆجێک گرنگیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەدەدا، بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی لە هەڵەبجە و کۆکەرەوەکانی باج لە سلێمانی، لە (عوسمان پاشای جاف) دەپاڕانەوە کە هەندێک باجیان بداتێ".[16]

خێڵە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیش لە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، بە هەمان شێوەی خێڵی جاف لە نێو دەسەڵات و دەوڵەتدا ئەرکی فەرمییان هەبووە و کاروباری فەرمییان جێبەجێکردووە. (موسائیلیان) باس لە سەرداری هۆزی بابە میری و سەرۆکی خێڵی موکری (عەزیز خان) دەکات، کە لە مێژووی دەوڵەتی قاجار لە سەردەمی هەریەک لە (محمد شای قاجار ١٨٣٤ - ١٨٤٨ز، ناسرەدین شا ١٨٤٨ - ١٨٩٦ز)دا لە چەندین کاتی جیاوازدا ئەرکی دبلۆماسی بۆ قاجارەکان بەجێهێناوە، لە بەرامبەردا لە لایەن قاجارەکانەوە وەک فەرماندەیەکی سەربازی دەستنیشانکراوە. (موسائیلیان) ئاماژەش بەوە دەکات لە نێو موکرییەکاندا کەسانی دیکەش هەبوون کە خزمەتی قاجارەکانیان کردووە، وەک(مەجید خان) کە پلەی سەرهەنگ (عەقید) ی پێبەخشراوە، (ئیسماعیل ئاغای دیبوکری) کە لە دادگای ئێران کاری دەکرد.[17] (مینتیشاشڤیلی)یش ئاماژەی بە گۆرانەکان وەک جەنگاوەری کارامە کردووە، کە لە ڕیزەکانی سوپای ئێراندا تیپێکی (٢)هەزار جەنگاوەرییان هەبووە.[18]

دەربارەی سروشتی خێڵی کوردی، یەکڕایی لە نێو کوردناساندا لە ئارادا نییە. (نیکیتین) ئاماژەی بەوەکردووە دوو ڕای پێچەوانەی یەکتری دەربارەی خێڵی کوردی بەدیکردووە. هەندێک لە توێژەران، وەک بنەماڵەیەکی فراوانبوو و گەشەسەندوو، تەماشای خێڵ دەکەن. هەندێکی دیکە وەک یەکەیەکی سیاسی دەستکرد لە خێڵی کوردی دەڕوانن.[19] لەدیدی (ڤاسیلێڤا) دا، دەکرێت خێڵی کوردی وەک یەکەیەکی سیاسی بناسێنرێت، کە لانی کەم لە گروپێکی هاوخوێن، لەگەڵ ژمارەیەکی ناڕوونی

---

(11) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа, Письменные памятники Востока, 1(12), 2010 ,С101.

(12) ڤلادیمێر مینۆرسکی : شارەزوور (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١٣٢.

(13) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С95.

(14) Там же ,с101.

(15) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٤ - ١٨٥.

(16) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С101.

(17) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , Письменные памятники Востока, 1(14), 2011, сс 97-98,99 .

(18) ئامیارنسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٣٦.

(19) В. Никитин : Курды,с 195.

پەیوەستبووەکان (ڕەگەڵ خراوەکان) بەم گروپەوە پێکهاتووە. خێڵ لە نێو خۆیدا، هەردوو بنەمای کۆمەڵایەتی ( خزمایەتی - ڕاستەقینە و هاوخوێنی، خزمایەتی خەیاڵپڵاویی) و سیاسی لە خۆ دەگرێت.[20]

لەگەڵ گەشەسەندنی خێزان بۆ بنەماڵەکان و دروستبوونی خێڵدا، خێڵەکان لە ڕێگەی داب و نەریت و بەرژەوەندی و بیروباوەڕیانەوە، کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە دروستکردووە. هەر بۆیە چەمکی خێڵ زۆر فراوانترە و پەیوەندییەکانی بەرفراوانترە و لەوە دەردەچێت کە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانێک بێت.[21] (ڤاسیلێڤا) نمونەی خێڵی جاف وەک خێڵێکی کلاسیکی کوردی دەهێنێتەوە، کە پێگەی بەهێز و سەربەخۆیی خۆیان، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی پاراستووە. هەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر خێڵەکەدا و دەستەمۆکردنی درابێت، شکستی هێناوە.[22] (نیکیتین) ئەوە دەخاتە ڕوو لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیە خێڵەکییەکاندا بە مانای دروستی وشەکە، دەکەوینە نێو خانەی دەوڵەتدارییەوە. هەرچەندە دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا، هێشتا تێکەڵەیەکی جێگیری خێڵەکییە .[23]

چەند خێڵێکی کوردی، وەک کۆپیەکی بچوکراوی دەوڵەتانی دراوسێیانن. خێڵ هەموو ئەرکە سەرەکییەکانی (دەرەکی، ناوخۆیی)، دەوڵەتی بەجێهێناوە. [24] خێڵ لەو کاتەی کە وەک جێبەجێکاری کاروباری دەرەکی دەوڵەت خۆی نمایندە دەکات، هێزی جەنگی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەم هێزە یەک لە فاکتەرە گرنگەکانی سەربەخۆیی خێڵە. بەڵام ستراکتۆری ساکاری خێڵ، زیاتر بۆ ئەوە لە بارە کە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەت ئەنجام بدات. چونکە سەرکردەی خێڵ دەسەڵاتێکی فراوان و ناچارکەری بەسەر ئەندامانی خێڵەکەیەوە هەیە. [25] لە دیدی (نیکیتین)دا خێڵ وەک دامەزراوە و ستراکتۆر، یەکەیەکی سیاسییە. بەشی خێزانی لە خێڵدا، یەکەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی ئەم یەکە سیاسییە. گەشەسەندنی خێڵ وا دەکات لەگەڵ دەوڵەت یان نەتەوە بگونجێت.[26]

ڤاسیلێڤا بە گوێرەی ئاستی سەربەخۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی خێڵە کوردییەکانی بۆ سێ گروپ دابەش کردووە :

١.ئەو خێڵانەی کە بە تەواوی لە دەرەوەی سیستێمی یاساکاندا بوون، وەک بلْباسەکان. تەنانەت ئەگەر وەک دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا ناویان ببرێت، هێشتا کارێکی سەختە. چونکە خۆیانیان نە سەر بە ئێران و نە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دەزانی.[27] بلْباسەکان، لە ڕێکخستنێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی خودموختاریدا ژیاون، بەتەواوەتی لەدەرەوەی کەین و بەینە دەرەکییەکاندا هەڵسوکەوتیان کردووە. بە درێژایی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت کوێستان و گەرمیانی خۆیان کردووە. لە لایەکی دیکەوە، بلْباسەکان پشتگیری سەربازی هەموو شۆڕشگێڕ و نەیارانی دەسەڵاتیان کردووە، تەنانەت ببوونە پەناگە و جێگەی ئومێدی ئەندامانی خانەدانە حوکمڕانە لە دەسەڵات لابراوەکان.[28] هەموو ڕاپەڕیو و ناڕازییەکان جێگەیان لەناو بلْباسەکان دەبووەوە، تەنانەت خەڵکانی فەرمانڕەوا کە لە دەسەڵات خرابوون، بە هیوای ئەوە بوون بە یارمەتی بلْباسەکان جڵەوی دەسەڵات بگرنەوە دەست.[29] تاقە یاسای بلْباسەکان، داب و نەریتە خێڵەکییەکانیان بوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم

(20) Васильева Е.И.: Курдское племя в источниках и литературе , Письменные памятники Востока, 2(3), 2005, cc 172 – 173.

(21) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч, cc 18 – 19.

(22) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С 93,101.

(23) В. Никитин : Курды,с 228.

(24) Ахмедов Б.А.: История Балха (XVI первая половина XVIII в.),Таш., 1982,с 151.

(25) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٩.

(26) В. Никитин : Курды,с 195.

(27) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٧.

(28) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с225.

(29) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٧.

(تەڤریانۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە کە بلباسەکان سەرباری ئەوەی کە دانیان بە دەسەلاتی عوسمانی و ئێراندا نەناوە، باجیشیان بە کەس نەداوە و بایەخیشیان بە دەسەلاتی ناوچەکانی ئێران نەدەدا.[30]

٢.ئەو خێڵانەی کە بە شێوەیەک دەکەوتنە نێو ستراکتۆری سیاسی (ئێران، عوسمانی) وەک (جاف، هەورامی)، دەبوون بە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا. ئەمەش سەرباری فشاری دەرەکی بەسەریانەوە، دەسەلات بە سەر خێڵە کۆچەرییەکانەوە هەر بە کزی مابووەوە، هەرگیز دەستیان نەدەخستە نێو کاروباری نێوخۆیی خێڵەکانەوە.[31] بوونی ڕێکخراوی خێڵ و بیری خێلەکی لە هەورامان جێگەی دڵنیایی نییە، بەهۆی بوونی تایبەتمەندی جوگرافی - سروشتی، مرۆیی، ئابووری ناوچەکانی هەورامان، خەڵکی هەورامان هەموویان لە گوند و ئاوایییەکانیان نیشتەجێ بوون. ئەوەی لە هەورامان هەستی پێدەکرێت لە بری خێڵ و بیری خێڵەکییانە، بوونی کولتورێکی گوندنشینییە.

٣.خێڵی بە بەراورد بچوکتر، کە تەنها لە ژێر داکۆکی ستراکتۆری سیاسی بەهێزدا دەیانتوانی خۆبپارێزن.[32]

لە ئاستێکی دیکەدا، لە لایەن زۆر توێژەر و کوردناسەوە خێڵ وەک دیاردەیەکی پاشکەوتووانە و ڕێگر لە بەردەم گەشەی کۆمەلایەتی کورد وێناکراوە. (مینۆڕسکی) لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات، جیاوازی جوگرافی و سیاسی و کۆچکردن لە سایەی یاسا و نەریتێکی نەگۆڕدا و ژیانی بەیەکەوە بەستراوی پەیوەندی خێڵەکی پتەو، کاردانەوەیان لەسەر نەگۆڕان و پێشنەکەوتنی هەستی کۆمەلایەتی فراوان لە نێو کورددا هەبووە.[33] بەڵام (ڤاسیلێڤا) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەم پرسە دەڕوانێت، ئەوە دەخاتە ڕوو مرۆڤ لە ژێر سایەی خێڵدا هەستی بە دڵنیایی دەکرد، کەسێتی کورد بەلایەوە ئاسان نەبووە دڵسۆزی بۆ خێڵەکەی لەدەست بدات. بیرۆکەی خزمایەتی یەکێتی کۆمەلایەتی - سیاسی خێڵی دابین دەکرد .[34] دابینکردنی ئەو یەکێتییە (کۆمەلایەتییە سیاسییە) و پەرەسەندنی بیرۆکەی خزمایەتی لە نێو خێڵدا، بۆ دەمارگیری خێڵەکی پەرە دەسێنێت. لەم ڕووەوە (ڤاسیلێڤا) ئاماژەی بەوە کردووە :" بیرۆکەی دەمارگیری خێڵەکی لەنێو کورددا هەبووە، بیرۆکەی خزمایەتی هەموو ئەندامانی خێڵ یەکێتی کۆمەلایەتی - سیاسی لە ئاست کۆمەڵەی خێڵەکیدا دابین کردبوو".[35] خێڵی کوردی بە حوکمی بوونی پەیوەندییەکی پتەوی خزمایەتی، تێکەڵاوی خوێن، بەرژەوەندی ئابووری، هاوکاری لە نێوان ئەندامەکانیدا، وەک ئۆرگانیزمێکی کۆمەلایەتی - سیاسی - ئابووری خۆی وێنا دەکات. وابەستەیی ئەندامانی خێڵ بۆ ئەو ڕێکخراوە، جۆرێک لە دەمارگیری لە کەسێتی کوردیدا دروست کردووە. هەربۆیە زۆر جار لە لێکۆڵینەوەی خێڵە کوردییەکان و مێژووی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا، توندوتیژی و ناکۆکی نێوان خێڵەکان دەکەوێتە پێش چاو، زۆرێک لە کوردناسان ئاماژەیان بە ناکۆکی نێوان خێڵەکان و بوونی توندوتیژی و ڕۆحییەتی جەنگاوەری، وەک تایبەتمەندییەکی کەسێتی ئەندامانی خێڵ وێنا دەکەن.

(ئاراکێلیان) ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو خێڵە کوردییانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی دەژین، لەگەڵ هۆزە کوردییەکانی پارس (ئێران) یان دوژمنایەتییدان، یان خزمایەتییان پێکەوە هەیە. کە بریتین لە (گاستانی " سوارەکانی حەمیدییەیان پێکهێناوە"، مەرزیکان، شکاک، درێسمی، خرانی، ئیزۆلی، پیروانی، ئالانی، شێخاسانی، حەیدەرانی...هتد). (ئاراکێلیان) وەک نمونەی جەنگاوەری و توندوتیژی خێڵی کوردی، باس لە خێڵی ڕۆڤاندی دەکات کە لە ( ٣٠٠) دەوار پێکهاتوون و دەربارەی ئەم خێڵە دەڵێت :" لە نێو سەرجەم خێڵە کوردییەکاندا لە هەموویان توندوتیژتر و جەنگاوەرترن، بۆهەر بستێک لەوەڕگە و زۆزان دەست بۆ چەک و کوشتن دەبەن".[36] (موسائیلیان)یش ئاماژە بەوە دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خێڵی مەنگوڕ بە هۆی شەڕی نێوان ئامۆزا سەردارەکانیانەوە، بۆ دوو بەش دابەش ببوو. بەشێکیان (٥٠٠ خێزان) بە سەرکردایەتی (بایز ئاغا) پەنایان بردۆتە بەر

(30) Аверьянов П.И.: Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Совреме нное политическое положение турецких, персидских и русских курдов, Исторический очерк, Тифлис, 1900,с 314.

(31) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروووی خۆرهەڵات، ل ١٨٨.

(32) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروووی خۆرهەڵات، ل ١٨٨.

(33) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ١٣٦ - ١٣٧.

(34) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروووی خۆرهەڵات، ل ١٦٧.

(35) هـ.س، ل ٢٤٩.

(36) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٦.

دەوڵەتی عوسمانی و نازناوی (پاشا)ی وەرگرتووە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بوونەتە هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی. بەشەکەی دیکەی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی (باپیر ئاغا)، بە ( ٣) هەزار خێزانەوە پەنایان بۆ دەوڵەتی ئێران بردووە و بوونەتە دڵسۆزی دەوڵەتی ئێران.[37]

بە پێی زانیارییە کۆکراوەکانی (موسائیلیان)، بە هۆی تەگەری قەومانی تێهەڵچوونەوە جەنگی درێژخایەنیان لەگەڵ بڵباسەکان، خێڵی موکری لە ئامادەباشی سەربازی بەردەوامدا بوون. هەرچەندە بنچینەیەکی هاوبەشیشیان پێکەوە هەبووە و لقوپۆی هەمان خێڵ بوون، بەڵام موکرییەکان بەردەوام لەگەڵ بڵباسەکان ناکۆک بوون و شەڕیان لەگەڵ یەکدا کردووە.[38] جگە لە ناکۆکییە نێو خۆییەکانی مەنگوڕ و دابەشبوونیان، (موساتیلیان) باس لەوە دەکات خێڵی مەنگوڕ کە لە باشوری ناوچەی مامەشیەکان نیشتەجێ بوون، بەردەوام ناکۆیی و ململانێ لە نێوانیاندا هەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، مەنگوڕەکان ئاگریان لە گوندی (شیناوێ) بەردا کە سەر بە (مامەش) بوو. ئاگرەکە، زیانێکی زۆری بە مامەشییەکان گەیاندووە. لە (١٩١٩ز) لە گوندی (محمد شا) لە ئەنجامی تێهەڵچونەوەیەک، چەند کەسایەتییەکی دیاری مەنگوڕ (مام سلێمان، مام ڕەسوڵ، مام حوسێن کوڕی بایز ئاغا) کوژراون.[39] (ڤاسیلێڤا) بە پشت بەستن بە مێژوونوسانی ئەردەڵان، باسی ناکۆکی نێوان (ئەردەڵانییەکان و جافەکان) کردووە. لە نمونەی یەکێک لە پێکدادانەکاندا باس لە ساڵی ( ١٨٥١ز) دەکات، کە جافەکان ماهیدەشت و شارەزووریان هێناوەتە لەرزە، کەلهوڕەکانیان تاڵان کردووە. دوا فەمانڕەوای ئەردەڵان هێرشێکی بە پشت تەستووری ( ٦) هەزار سوار کردۆتە سەر جافەکان، بزێوی و سەرکێشییەکانی جافەکانی کۆتایی پێهێناوە و خێڵەکەش لە تاڵانکردن ڕزگاری نەبووە.[40]

لە کوردستانی بندەستی عوسمانیشدا، کوردناسان بۆ نمونەی خێڵی توندوتیژ و جەنگاوەر ئاماژە بە (خێڵی هەمەوەند) دەکەن. (ڤاسیلێڤا) دەربارەی هەمەوەندەکان دەڵێت:" هەمەوەندەکان خێڵێکن بە شەڕکەری و هێرش بەری بە جەرگانە، ناسراون.".[41] (مینتیشاشڤیلی)یش ئاماژە بەوەدەکات هەمەوەندەکان بە سوود وەرگرتن لە لاوازی عوسمانییەکان کەوتنە ڕووتکردنەوەی ئەو کاروانانەی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ئێران و بە پێچەوانەوە، گەشتیان دەکرد. [42] ڕۆحییەتی جەنگاوەری و سروشتی توندوتیژییانەی خێڵی هەمەوەند، وای لە (مینۆڕسکی) کردووە کە هەمەوەندەکان بە خێڵێکی ئاژاوەگێر بناسێنێت. ئەوەی زۆرتر کاریگەری لەسەر ئەم دیدەی مینۆڕسکی هەبووە، لەشکرکێشییە زۆرەکانی خێڵەکەیە لە ناوچەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ تا نزیک کەناری دیجلە.[43]

## دووەم : سەرۆکایەتی خێڵ و بەڕێوەبردنی خێڵ

بنەڕەتی چەمکی دەسەڵات لە ناو خێڵە کوردییەکاندا، بۆ سەرکەوتنە سەربازی و سیاسییەکانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەم سەرکەوتنانە، سەرنجی تەندامانی خێڵی بۆ خۆی کەمەندکێش کردووە، وایکردووە لە دەوری ئەو بنەماڵانە کۆببنەوە. لە مێژووی کورددا بنەماڵە حوکمڕان و فەرمانڕەوەکان، پایەیەکی بڵند و پێگەیەکی دیاریان هەبووە. بەهێزی و کاریگەری ئەم بنەماڵانە و پێگەی ڕێزلێگیراویان لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردی، ترسی لە ناخی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا دروست کردووە. لەم ڕووەوە (یو.کارستۆڤ)ی جێگری کونسوڵی پێشووی ڕووسیا لە (موسڵ) ئاماژە بەوە دەکات،

---

(37) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в. , Письменные памятники Востока, 2(15), 2011. c219.

(38) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , С 106- 107 .

(39) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в.,c219.

(40) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С100, 101.

(41) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٤٠.

(42) أ.م. مینتیشاشڤیلی:س.پ، ل ١٠٨.

(43) ڤلادیمێر مینۆڕسکی : سلێمانی (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٥٨.

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی لە ناوبردنی ئەم بنەماڵە بەهێز و فەرمانڕەوایانەی داوە، لە ئێستادا هێڵی لاوەکی بنەماڵەکان (نەوەکانیان) لە نێو کورددا ڕێژێکی زۆریان هەیە.[44]

لە کۆمەڵگەی کوردیدا شێوازی گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن ( سەرۆک خێڵ)ەوە بەم ڕێگایانەی خوارەوە بووە:

١.گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەی میرات،[45] لەم حاڵەتەدا سەرۆک خێڵ، بە شێوەی میراتی دەسەڵاتی بۆ دەمێنێتەوە. لە دوای مردنی سەرکردەی خێڵ، زۆرجار گەورەترین خزمی نزیکی بە جێگرەوەی دادەنرێت، هەموو ئەندامانی خێڵەکە بەکردەوە ملکەچی سەرکردەی نوێ دەبن، بەڵێن و بەیعەت بەو کەسە دەدەن کە دەسەڵات دەگرێتە دەست.[46] بە گشتی خێڵە کوردییەکان پابەندی ئەم نەریتەن، لە ڕووداني مردنی سەرۆک خێڵێکدا نزیکترین و شایستەترین کەسی وەک جێگرەوەی دەست نیشان دەکرا. زۆرجار پاش مردنی مێردەکەی، خێڵەکە لەلایەن خێزانی سەرۆک خێڵەوە فەرمانڕەوایی کراوە.[47] ئەمە لە بارودۆخێکدا ڕویداوە کە سەرۆک خێڵی کۆچ کردوو، هیچ میراتگرێکی نێرینەی شایستەی نەبێت شوێنی بگرێتەوە، یان تەمەنی شوێنگرەوەکەی شیاوی ئەوە نەبووە ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرێت. لە کاتێکدا کە خێزانێکی بەهێز و بەدەسەڵاتی هەبووە، خێزانەکەی شوێنگرەوەی بووە.

٢. هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن لەناوخۆی خێڵەوە .

٣. دانان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە .[48]

سەرباری ئەم ڕێگەیانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، (نیکیتین) ئاماژە بەوە دەکات ئەزمونی کەسێتی کورد لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا، دوور نەبووە لە بەکارهێنانی توندوتیژی و تێهەڵچونەوە.[49] بەپێی ئەم باسکردنەی (نیکیتین)، وەرگرتنی دەسەڵات لەم حاڵەتەدا بە زەبری هێز بووە. شەرعییەتی دەسەڵات لە بری دانپێدانانی (خێڵ، دەسەڵاتی فەرمی) هێز یەکلایی کردۆتەوە و دەسەڵات بۆ بەهێزەکان بووە. بوونی هێز و بەکارهێنانی لە کێبڕکێ و تێهەڵچوونەکانی کاتی وەرگرتنی دەسەڵات، زامنکەری وەرگرتنی دەسەڵات بوون، نەک (شایستەیی، مافی میرات، بەیعەت و هەڵبژاردن لە لایەن خێڵ و دامەزراندن لە لایەن دەسەڵاتەوە).

واش ڕێککەوتووە کە زیاد لە یەکێک لەم هۆکارانە، لە یەک نمونەدا ڕەنگ بدەنەوە. بۆ نمونە ( موسائێلیان) باس لەوە دەکات لە سەردەمی محەمەد شای قاجاردا، پاش مردنی سەرۆکی خێڵی مامەش و فەرمانڕەوای ناوچەکانی شنۆ، یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی (محەمەد ئاغا) بە سەرۆکی خێڵەکە هەڵبژێردراوە. لە ماوەی دەسەڵاتیدا، مامەشییەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، ( محەمەد ئاغا) پێگەی خێڵەکەی بەهێز کردووە. ئەمەش سەرنجی (ناسرەدین شا)ی بۆخۆی ڕاکێشاوە، لە لایەن ئەمیر نیزامی فەرماندەی ناوچەکە، نازناوی ( ئەمیری خێڵ) پێ بەخشراوە.[50]

(ڤاسیلێڤا) ئاماژەی بە خانەوادەی بەگزادەی جاف کردووە، سەرباری ئەوەی کە هەندێک جار بە (شاهانە)ش ناودێر کراوە، بەڵام گۆڕانکاری لە هەردەمی دەسەڵات و بەخشینەوەی دەسەڵاتی باڵا لە نێو ئەم خێڵەدا ڕوویداوە، بە جۆرێک پلەی (نیمچە شاهانەیی) لە نێو خانەوادەی بەگزادەکانی جافدا بڵاوبۆتەوە. ڕۆڵی سەرباشقەیی بەگزادەیی لە نێو جافەکاندا، لەسەر

---

(44) Карцев Ю.С.: Курды (Заметки о курдах полковника генерального штаба Карцева) , ЗКОИРГО , Кн. XIX. Тифлис, 1897,с351.
(45) Т.Ф. Курды Закавказья. С. 49.
(46) В. Никитин : Курды,,с 193.
(47) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,сс 26 – 27.
(48 Там же ,с25.
(49) В. Никитин : Курды,с 202.
(50) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в. , с217.

بنچینەیەکی (پێدراوێکی خودایانە) بووە و لە هۆشیاری تاکی جافدا جێگیر ببوو.[51] لە دیدی ( نیکیتین)دا گرنگ چۆنییەتی وەرگرتنی دەسەڵات نییە، بەڵکو خودی ئەو دەسەڵاتە جێگەی گرنگییێدانە. ئەو سەرنج دەخاتە سەر ئەنجامی وەرگرتنەکەی دەسەڵات و ئاماژە بەوە دەکات بە بێ ڕەچاوکردنی شێوازەکانی وەرگرتنی دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ و ئاغایانی کورد، جا بە هەریەک لە ڕێگاکانی (مافی میرات، هەڵبژاردن لەلایەن خێڵەوە، دانان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و کۆتایهێنان بە کێبەڕکێکاران) بێت، لە ئەنجامدا دەسەڵاتەکەی خۆی پراکتیزە دەکات و سەرجەم بڕیارەکانی یەکلاکەرەوە و بڕیاری کۆتایین.[52]

سەرۆکی خێڵ، دەسەڵاتەکانی لەسەر ئاستی مەعنەویی و کرداری پیادە دەکرد. نەک تەنها بڕیاری لە کاروباری ناوخۆی خێڵ دەدا، بەڵکو لە سەر ئاستی دەرەوەی خێڵیش پیادەی دەسەڵاتەکانی دەکرد.[53] لەسەر ئاستی ناوخۆی خێڵیش، سەرۆکی خێڵ دەیتوانی فەرمان بە خێڵ بکات بچێتە ناو شەڕەوە یان لەگەڵ خێڵێکی تر ئاشتی بسازێنێت.[54] سەرۆک خێڵ دەیتوانی دەست بەسەر هەموو موڵک وماڵی هەر ئەندامێکی خێڵدا بگرێت، دەیتوانی بەتوندی سزای تاوانبار بدات و تەنانەت لە خێڵیشی دەربکات.[55] سەرۆکی خێڵ، ڕادە و ڕێژەی سەرانە، جا چ لە بەرهەمی سروشتی بێت یان لە دراو و پارە بێت، بۆ هەر کەسێک دیاری دەکرد. هیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەک بۆ هەڵسوکەوت و دەسەڵاتەکانی سەرۆک خێڵ نەبووە.[56] (نیکیتین) دەربارەی دەسەڵاتی سەرۆکی خێڵ ئاماژەی بەوە کردووە، دەسەڵاتێکی بێسنووری بەسەر ئەندامانی خێڵەکەی هەبووە، بە جۆرێک ئەندامانی خێڵ ناتوانن لە دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ ڕزگارییان ببێت و تەنانەت داوای پاراستنیش لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن. چونکە سیاسەتی حکومەتەکەش بە شێوەیەکە لە بەرامبەر پێدانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە خەزێنەی دەوڵەت، ئازادی تەواوی بە سەرۆک خێڵەکان دابوو.[56]

سەرۆکی خێڵ لە بەرامبەر دەسەڵاتدا، نوێنەرایەتی خێڵەکەی دەکرد. ئەو بڕە پارەیەکی دیاریکراوی وەک باج و ڕسومات دەدا بە حکومەت کە پەیوەندی بە ژمارەی ڕەشماڵ و ماڵباتەکانی خێڵەکەیەوە هەبووە.[57] سیاسەتی قاجارەکانیش بۆ ئەمێ کردنی خێڵە لاسارەکان، دانانی کەسێکی بێگانە بووە وەکو نوێنەری دەسەڵاتدارییەتی باڵا بەسەر خێڵەوە، بە گشتی ئەم سیاسەتەی قاجارەکان ببووە بابەتێکی ئاسایی. بۆ نمونە ئەم سیاسەتە بەرامبەر بەختیارییەکان وەک سزادانێک بە زۆری پەیڕەو دەکرا.[58] ئەوەشی کاری دانانی فەرمانڕەوا بێگانەکانی بەسەر خێڵەکانەوە ئاسان کردبوو، بەشینەوەی پلەی فەرمانڕەوابوو لە سەردەمی قاجارەکان، وەک (ڤ.ڤ. تروبیتسکۆی) ئاماژەی پێدەکات، پلەی فەرمانڕەوا دەدرا بە هەرکەسێک ئارەزووی لێبوایە و پارەی پێویستی دابین بکردبا.[59]

### سێیەم: خێڵ وەک ڕێکخراوێک بۆ یەکگرتوویی کەسێتی کورد

(51) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока,XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), 1989 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1991. С.106. ؛Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С95.
(52) В. Никитин : Курды,сс 210-211.
(53) Аристова Т.Ф. : Курды Закавказья. С.49.
(54) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта, Указ. соч
(55) Егиазаров С. А. : Краткий ,этнографический очерк курдов Эриванской губернии. С. 15 ؛ Аристова Т.Ф. Курды Закавказья. С. 49.
(56) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٥.
(56) В. Никитин : Курды,с 193.
(57) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٥.
(58) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٣.
(59) Трубецкой В.В. : Указ. соч. С 148.

بە باوەڕی (ڤاسیلیێڤا) زۆربەی هەڵسەنگاندنەکانی پێش سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی خێڵی کوردی، بە تەواوی نەرێنی بوون. چونکە پرۆسەی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کوردستاندا، هەمیشە لە بەرامبەر یەکگرتوویی خێڵایەتیدا داڕماوە. (ڤاسیلیێڤا) لەو بلوەڕەدایە کلیلی ئاشکراکردنی دیاردەی خێڵی کورد لە سروشتی دیالێکتیکی ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە (خودی خێڵ)دایە. دوو تەوژمی زۆر بەهێز لەو ڕێکخراوەدا لێکگرێدراون، ئەوانیش (لێکهەڵبڕان و لەوەش بەهێزتر تەوژمی یەکگرتن)ن، لێرەدا تەوژمی یەکگرتن کە لە هاوپشتی و گشتگیری خێڵایەتیدا خۆیدەبینێتەوە بایەخێکی سەرەکی پەیدا دەکات.[60] یەکبوون لە نێو گروپەکانی نێو خێڵدا، بە تایبەتی پەیوەندی خوێن و هاوبەشی ڕەچەڵەک، دەبێتە خاڵی دەسپێک بۆ یەکگرتووی خێڵەکییانە و دروستکردنی هاوهەڵوێستی.[61] باوەڕبوون بە خزمایەتی خوێن وەک پاشخانێکی ئایدۆلۆژی بۆ یەکێتی خێڵ، کاریگەری زۆری لەسەر ئەندامانی خێڵ هەبووە. ئەم خەیاڵە، بەرژەوەندی هاوبەشی سەران و ئەندامانی خێڵی پاراستووە.[62] خێڵ بۆ کەسێتی کورد ، ئەو واتا و مانا مێژوویی و پاشکەوتوو و کۆنەپەرستانە لە خۆ ناگرێت، کەلە ڕوانگەی باودا بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی پێش کۆمەڵگای چینایەتی دەگوترێت. خێڵی کوردی، ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی- ئابووری زیندووە، پڕ چالاکی و ژیانمەندە کە لەسەر بنەمای هەستی خزمایەتی و هاوسۆزی گشتگیر بۆ خێڵ پێکهاتووە. پەیوەستبوون بە خێڵەوە لە ڕێگای لە خۆبردوویی ئەندامان و بە پشتیوانی یەکگرتووی خێڵ پێک دێت.[63]

ڕێکخراوی خێڵەکی و کولتووری خێڵەکییانە، کۆمەڵێک داب و نەریت و بیرکردنەوەی لە هەناوی ئەندامانیدا چاندووە، سروشت و تایبەتمەندییە گشتییەکانی خێڵ، وەک یەکەیەکی تۆکمە و گرێدراو بەسەر ئەندامانیدا باڵا دەست بووە، بە جۆرێک جیاوازییە ناوچەییەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و دابڕانی ئەم یەکگرتووییە لەبەردەمیدا دۆشداماون. لەم ڕووەوە (مینۆرسکی) ئاماژەی بەوە کردووە خێڵە کوردییەکانی ناوچەی (موش - موکس) کە بە ناوچەیەکی گرنگی نیشتەجێبوونی ئەرمەنییەکان دادەنرێت، هەر ئەو داب و نەریتە گشتییانەیان هەبووە کە خێڵە دوورەکانی وەک خێڵی (جاف) هەیانبووە.[64] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو یەکبوونەی کە خێڵ لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا دروستی کردووە و لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

بنەمای یەکێتی خێڵ، بریتی بوو لە ناوەڕۆکێکی پتەو کە لە بنەماڵەیەک یان چەند بنەماڵەیەک پێکهاتبوو، خێڵەکانی تریش دەیانتوانی لە دەوری کۆببنەوە.[65] بە باوەڕی (ئێگیزاروڤ) پەیوەندییە خێزانیەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە یەکبوونی ئەو تایبەتمەندییانەی کە پەیوەستن بە سروشتی خەڵکیەوە، چونکە گەشەسەندنی پەیوەندییە خێزانییەکان و پەیوەندییەکانی هاوسەرگیری لە نێو کورددا، دەبنە هۆی گەورەبوونی بنەماڵەکان و پێکهێنان و یەکبوونێکی خێڵەکییانە، لەگەڵ دروستبوونی خێڵیشدا ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی پەیوەندی سروشتی لە نێو کەسێتی کوردیدا ماونەتەوە.[66] بەڵام (نیکیتین) سەرنجێکی جیاوازتری هەیە و ئاماژە بەوە دەکات پەیوەندییە خێزانییەکان لە نێو خێڵدا، هەمیشە وەک بنەمای یەکخستن و یەکگرتووی کارانەبوون و ڕۆڵیان بەم ئاڕاستەیەدا نەبینیووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێک جار دەبێتە هۆی دابەشبوونی خێڵێک بۆ چەند لقێک. وەک بەڵگەش ئاماژە بە ناوی خێڵە کوردییەکان دەکات، کە لەکاتی جیاوازدا کۆکراونەتەوە و لیست کراون، جیاوازی لە ناوی چەند خێڵێکی گەورە هەیە، هەندێک لە خێڵەکانیش گۆڕانکاری بەسەر ناوەکانیاندا هاتووە و ناوی نوێیان لە خۆیان ناوە. لە پێکهاتەی خێڵە نوێیەکاندا پاشماوەی خێڵەکانی دیکە و توخمە ناجێگیر و نامۆکان هەستی پێدەکرێت.[67]

---

(60) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с207.

(61) Васильева Е.И.: Курдское племя в источниках и литературе, С173 .

(62) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, сс 106 - 107 .

(63) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с207.

(64) مینۆرِسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ٧٢.

(65) ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٦٧.

(66) Егиазаров С. А.: Краткий этнографический очерк курдов Эриванской губернии. С. 36-37.

(67) В. Никитин : Курды,с 196,197.

ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر قەبارە و ناوی خێڵە کوردییەکاندا هاتووە، ئاماژەن بۆ بەردەوامی پرۆسەی لەتبوون و لە بەریەکهەڵوەشانەوەی هەندێک گروپ و فیدراسیۆنی خێڵەکی، کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری یەکیخستبوون. ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە پەیوەندیە خێزانی و خزمایەتییەکان، لەم پرۆسەی لەتبوون و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەیەدا وەک خۆیان و بە پارێزراوی ماونەتەوە.[68] زۆر جار زەحمەتە خێڵێک لە خێڵێکی دیکە جیا بکرێتەوە، چونکە خێڵ دەتوانێت گەورە بێت و فراوان ببێت بۆ یەکێتییەکی خێڵەکی، لە هەمانکاتیشدا دەکرێت خێڵێک بچوک ببێتەوە بۆ چەند تیرەیەک.[69] پێکهاتە و شێوەی ژیانی خێڵی کوردی، ڕێگەی بە یەکگرتنی خێڵە جیاوازەکان داوە. لە ئەنجامی گواستنەوەی خێڵە کۆچەرییەکان بۆ ژیانی نیشتەنی و یەکجێنشینی، هەروەها بەهۆی لەناوچوونی مێگەلەکانیان و ڕێگرییەکانی کۆچکردنیان، پرۆسەی لەتبوونی خێڵەکان فراوانتر بیوو. ئەندامانی کۆمەڵە خێڵە پەرتبووەکان، لە لایەک ژیانی کۆچەری و ئاژەڵدارییان لەدەست چووبوو و ناچار بوون بیفرۆشن، لە لایەکی تر نەمانی هەندێک خێڵ بۆتە هۆی گواستنەوەی بەشێک لە ئەندامانیان بۆ نێو خێڵەکانی دیکە.[70]

لە یەکگرتنی نێوان دوو خێڵ یان کاتێک خێڵێک بە شێکی خێڵێکی دیکەی دەگرتە خۆ، پەیمان دەبەسترا و دەبوو مێژوو و ڕەچەڵەکی کۆمەڵەکە بە هی خۆی بزانێت و هەروەها ڕەچاوی هەموو یاسا و نەریتەکانی ژیانی ناو خێڵەکە بکرێت. خێڵی هاتوو، ئازاد بوو لە هەڵبژاردنی ناوی خۆی. جا بە هەڵبژاردنی ناوە کۆنەکەی خۆی بێت، یان ناوی کۆمەڵەکە هەڵبگرێت[71]. باشترین بەڵگە، پەیوەستبوونی خێڵەکانی (موکری ، دیبوکری)یە بە بڵباسەکانەوە. (موسائیلیان) ئاماژەی بەوە کردووە پێشتر بڵباسەکانی ئێران ساڵانە هەزار تمەنیان بە سەرۆکی موکرییەکان دەدا، بەڵام دواتر لە پاشکۆیەتی ئەوان دەرچوون و ئەماجی ئەوەیان هەبوو ببنە سەرۆکی یەکێتی خێڵەکانی موکریان، لە ناو بڵباسەکاندا (مەنگوڕ، مامەش، پیران) وەک خێڵی موکری هەیە.[72]

نمونەی سەرنج ڕاکێش لە یەکبوونی نێوان خێڵە کوردییەکان، ئەو یەکبوونە خێڵەکییەی نێوان کەلهوڕ و گۆرانەکانە، بە جۆرێک سەرنج ڕاکێشە کە جیاوازیەکانیشیان لە نێو ئەو یەکبوونە پاراستووە. کەلهوڕ و گۆران بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی خێڵەکی پێکبهێنن، هەرگیز پێویستییان بەوە نەبووە کە بە ڕەچەڵەک یەک بن، یان یەکێکیان ببێت بە ئەوی تر، یان یەکێکیان دەستبەرداری تایبەتمەندییەکانی خۆیان ببێت لەبەر ئەوی دیکەیان.[73] بە پێچەوانەی ئەم یەکبوونەی کەلهوڕ و گۆران، خێڵی جاف بە هەردوو بەشەکەیەوە (مورادی، جوانرۆیی)* هەرچەندە یەکگرتویی و یەکڕیزی خۆیان پاراستبوو. هەموو ساڵێک لە هاوینانداا لە (پێنجوێن) گردبوونەوەیەکیان بۆ گەورەی خێڵ و هۆزەکانیان سازدەکرد. لەم گردبوونەوەیەدا نەک تەنها سەردارانی جاف بەشدار دەبوون، بەڵکو سەرۆک هۆز و خێڵەکانی دیکەش بە مەبەستی بونیادنانی پەیوەندی دۆستانە بەشدارییان دەکرد. سەرباری ئەوەی جافەکان بەوە بەناوبانگ بوون، کە توانایان بۆ ڕێککەوتن و یەکگرتووی ریزەکانیان هەبوو. سەرباری پێگەی فراوانیان، ناکۆکی نێوخۆیی لە نێو جافەکان کەم بووە. بنەماڵەی بەگزادەی جاف، لە هەموو حاڵەتێکدا سەربەخۆیی و پێگەی

---

(68) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,с 19.

(69) В. Никитин : Курды,с 195.

(70) Мусаэлян Ж.С. : Из истории курдского племени сенджаби (конец XVI — начало XX в.) , Письменные памятники Востока, 1(12), 2010,с84 .

(71) Орлов А.А.  : Путевые дневники объезда турецко-персидской границы в 1913 г ,МИв. 1915, с195.؛ ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات ، ل ١٧٨.

(72) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.), С 99.

(73) Акопов Г.Б.: Курды-гураны, Страны и народы Ближнего и Среднего Востока, VII. Курдоведен ие. Ер ., 1975,сс 135 – 136 ؛ ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٧٨.

* کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی جاف، بەسەر سێ بەشی (جافی مورادی ، جافەکانی جوانرۆ، جافەکانی کرماشان) دابەشبوون، جافی مورادی گەورەترین بەشی جافە، دوو بەشی کۆتایی بە ژمارە کەمترن و بە جافی ئێرانی دەناسرێن، بە پێچەوانەی جافی موردی کە بە عێراقی یان سێلمانی دەناسرێن کە لە ناوچەکانی سێلمانی و شارەزوور و گەرمیان، ژمارەیەکی کەمی جافەکان لە ناوچەکانی جوانرۆ، مەریوان نیشتەجێ بوون. بڕوانە :
Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа, Указ. соч ,С94.؛Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материал ам) , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения), 1989 г. Часть 3. Москва: Наука, ГРВЛ, 1991, С. 64.

بەهێزی خۆیان پاراستووە، [74] بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا نزیکەی (١٥٠) خێزانی جاف، لە دەروبەری کرماشان لە ناوچەکانی دالاهۆ، زەهاو جێگیربوون. ئاوێتەی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی گۆران بوون.[75] ئەم ئاوێتەبوونەی جاف لەگەڵ گۆرانەکان، دەکرێت لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە شیبکرێتەوە. جاف بە گشتی بە کۆچەری ناسراون، گۆرانەکان نیشتەجێ بوون. برېرەی گوزەران و ژیانی جاف ئاژەڵ بەخێوکردن بوو، گۆرانەکان جوتیاری کارامە بوون. جاف موسوڵمانن و گۆران ئەهلی حەقن. لەم ئاوێتەبوونەی جاف و گۆرانەکان، لەگەڵ بوونی ئەم هەموو جیاوازیی و لێکدژییە، سەختە بڕیاری ئەوە بدرێت کە شێوازی ژیان و بیروباوەڕی لایەنێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بووە، بۆ نمونە ناشێت جافەکانی نێو گۆران دەسبەرداری ئایین و شێوازی ژیانی کۆچەری بوبن، یان بە پێچەوانەوە ناکرێت گۆرانەکان دەسبەرداری نیشتەجێبوونی خۆیان و ئایینەکەیان بووبن و وەک جاف ژیانی کۆچەریان بەڕێکردبێت. بە پشت بەستن بە بوونی چەند بەڵگەیەک، ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین لەم ئاوێتەبوونەیاندا، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان یەکبونی نێوان ئەو دوو لایەنەی دروست کردووە. گۆران کاریگەری بەسەر جافەکانەوە هەبوە، چونکە جافەکانی نێو گۆران بە ژمارە کەم بوون، گۆران زۆرتر بوون. گۆران کولتوورێکی دەوڵەمەندیان هەبووە. دەرکەوتنی دوو هۆنەری جاف لە نێو ئەدەبیاتی گۆران ( خانای قوبادی، عابدینی جاف) بەڵگەی ئەم بۆچونەی ئێمەن. هەرچەندە لەم ڕوودوە (ڤاسیلێڤا) ئاماژەی بەوە کردووە کە مەرامە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا، لە یەکەم تەماشاکردندا یەکێتییەکی چاوەڕوان نەکراوی بەشی جیاجیای خێڵەکیان داهێنابوو. بۆ نمونە لە کۆمەڵەی خێڵەکی سنجابی دا (لوڕ و جاف و گۆران) یەکیان گرتبوو و سەر بە ئایینی ئەهلی حەق بوون .[76]

سەرباری ئەو یەکگرتوویەی خێڵ لە نێو ئەندامانیدا دەیخوڵقێنێت، بە باوەڕی ( نیکیتین) پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە خێڵی کوردی لە دوو بەشی جیاواز پێک دێت،[76] توخم و پێکهێنەرەکانی خێڵ، لەبەر چەند فاکتەرێکی ئابووری و سیاسی لە پێکهاتەی خێڵدا دابەشبوونێک دروست دەکەن، بە جۆرێک هەر هۆز و خێڵێک لە پێکهاتەی جیاوازی ( ئەندامانی هەمیشەیی خێڵ) لەگەڵ ئەندامە (ناجێگیر و نامۆ و بێگانەکان) پێکهاتووە. کرۆکی پێکهاتە هەمیشەییەکەی خێڵ، ئەو خێزانانەن کە پەیوەندییان بە بنەماڵەی سەرۆک خێڵەوە هەیە. پێکهاتە ناهەمیشەیی و نامۆکان لە خێڵدا ، پەیوەستن بە بوونی توخمێکی نامۆی ڕەگەز و بنەچە جیاوازەکان کە لە خێڵدا کۆبونەتەوە.[77] بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە پێکهاتەی خێڵە کوردییەکاندا، وەک (نیکیتین) ئاماژەی پێدەکات، خێڵە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا بە زۆری لە بنەماڵەی سەرۆک خێڵەکە و چەند خێزانێکی تری گرێدراوی پەیوەندی خزمایەتی زیاتر یان کەمتر پێک دێن. [78]

## چوارەم : کەسێتی کورد و بیرۆکەی ڕەچەڵەکی بێگانە لە نێو خێڵدا

چەمکی نەجیبزادەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا جیانابێتەوە لە (لەدایکبونێکی نەجیبزادەییانە)، وەک چۆن نەجیبزادە مانای چینی دەسەڵاتدار نادات، بە هەمان شێوەش دەوڵەمەندی بە تەنها مرۆڤ ناکات بە نەجیبزادە. نەجیبزادەیی خۆی لە خۆیدا، مافی دەسەڵاتدارێتی سیاسی و دەوڵەمەندی دەبەخشێت. ئەندامانی بنەماڵە نەجیبزادەکان، بە هۆی ڕەچەڵەکیانەوە (وەک نەوەکانی پێغەمبەر) بەهرەیەکی خودایی تایبەتیان پێوە دەتاڵێنرا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەجیبزادەیی فاکتێک بوو لەناو هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، بۆ داڕشتنی ناوی خانەوادەیی و دەوڵەمەندی و دەسەڵاتی سیاسی پێویست بووە، چونکە پلەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ بنەماڵەکان بوو نەک تاکە کەسەکان.[79]

---

(74) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С96,101.

(75) Там же,С 96.

(76) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٦٩ - ١٧٠.

(76) В. Никитин : Курды,с 192.

(77) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,сс 17 -18.

(78) В. Никитин : Курды,с 192.

(79) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٩٧ - ١٩٨.

کەسێتی کورد بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەو ڕەوایەتییەی کە (نەجیبزادەیی) پێی دەبەخشێت، لە هەندێک حاڵەتدا بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ پاڵەوانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلام گەڕاندوەتەوە، بە تایبەتی لە نێو خێڵە کوردییەکاندا ئەم دیاردەیە برەوی هەبووە.[80] (ڤاسیلیێڤا) ئاماژە بەوە دەکات، بە چاوخشاندنەوەیەک بە مێژووی داڕشتنی شەجەرەی تەو خانەوادە نەجیبزادە کوردییانەی گوایە ڕەچەڵەکی نا کوردییان هەیە، دەردەکەوێت کە ئەمە جگە لە وێناکردنێکی ئایدۆلۆژییانەی خۆ بەدوورگرتنی توێژی باڵای نەجیبزادەیی کورد و جیابوونەوەی لە بەشەکانی تری کۆمەڵگا شتێکی تر نییە. لە قۆناغێکدا بە ڕادەی بەرزبوونەوەی پایەی خانەوادەی فەرمانڕەوا، پێویستی بە ڕووبەڕێکی دوورکەوتنەوە لە خێڵەکەی خۆی هەبوو، تەویش بە دانانی سنورێکی جیاکەرەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.[81] ئەم خۆدابڕین و لێکجیابوونەوە کۆمەڵایەتیە، دەستی بۆ پیرۆزترین بەشی ستراکتۆری خێڵەکی (ئایدیای خزمایەتی) درێژکرد. سەرکردایەتی خێڵ، توێژاڵێکی تایبەتی یان ئەرستۆکراتیای خێڵەکی پێک دەهێنا کە بەرامبەر بە ئەندامانی ئاسایی خێڵ ڤووت بێووە. بنەماڵەی بەگزادەکانیش پشتی بە سوارە بەستبوو، کە لە باشترین جەنگاوەرانی خێڵەکە پێکهاتبوون، بیرۆکراتیای خێڵیش جیاواز بوو، سەرکردە خێڵەکییەکان یاریدەدەر، جێگر، سکرتێر و ڕاوێژکاری تایبەتی خۆیان هەبوو.[82] ئەم جۆرە تایبەتمەندکردنە کۆمەڵایەتییەی خانەوادە فەرمانڕەواکانی کوردستان بۆ بانگەشەی ڕەچەڵەکی بێگانە، زیاتر لە ناوەندە خێڵایەتییەکاندا بەدی دەکرا. لە نێو بونیادی بنەماڵەیی - خێڵدا نایەکسانی چینایەتی، دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر، پەیوەندییەکانی فیوداڵی خۆیان حەشاردابوو.[83] دەستبردنی خانەوادە نەجیبزادەکانی کوردستان بۆ ڕەچەڵەکی بێگانە، بەڵگەی ئەوەیە کە بیرۆکەی خێڵایەتی لە نێو پرۆسەی جیابوونەوە و لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی تواوەتەوە، بیرۆکەی پەرش و بڵاوی سەرەتایی و تێکەڵ بە یەک نەبوونی گروپی کۆمەڵایەتی جێگەی گرتۆتەوە، کە تیایدا بنەماڵەی بەگزادە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری گرتۆتە دەست و سەرۆکی خێڵ زیاتر پشتی بە پاسەوانەکانی خۆی دەبەست، کە هێزی ڕاستەڤینەی بوون، نەک بیرۆکەی ڕەچەڵەکی هاوبەش.[84]

بیرۆکەی ڕەچەڵەکی بێگانە، یان وردتر ڕەسەنی ئیتنیکی جیاواز، کە گەلێک لە خێزانە نەجیبزادەکانی کوردستان خۆیانی پێ لەقەڵەم دەدەن، ببووە تەگەرەیەکی توێژاڵی و شێوەیی ئایدۆلۆژیای وەرگرتبوو، لە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵگا خۆی جیاکردبۆوە.[85] هەندێک لە نوسەران ئەم بانگەشەی بێگانەبوونەی ڕەچەڵەکە، دەکەن بە بنەمایەک بۆ مەسەلەی دروستبوونی کورد وەکو نەتەوە و دەرئەنجام سەبارەت بە نەژاد و ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد وەدەست دەهێنن.[86] ئەم جۆرە تیۆریا داڕشتنە دەبێتە مایەی بەرپەچدانەوە. وەک دەردەکەوێت ڕەگ و ڕیشاڵی ئەم دیاردەیە لە لایەنی ئیتنیکەوە نیە، بەڵکو لە بوارەکانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی - سیاسیدان. ئەم بیرۆکە جینالۆجیایە، کە گوایە ڕەچەڵەکی ناکوردی بنەماڵە نەجیبزادەکان دەسەلمێنێت، جگە لە دوورەپەرێزی و خۆدابڕانێکی بە ئایدۆلۆژیکراوی خێزانە نەجیبزادەکان، شتێکی دیکە نییە.[87]

بنەماڵە نەجیبزادە و فەرمانڕەواکانی کوردستان، ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر بێگانە دەبردەوە، بۆ نمونە فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، بەتلیس، ساسۆن خۆیان دەبردەوە سەر ساسانییەکان. فەرمانڕەوایانی هەکاری، میرانی بادینان، چەمی شکەزەک خۆیان دەبردەوە سەر خەلیفەکانی عەباسی، فەرمانڕەوایانی جەزیرە ڕەگ و ڕیشەی شەجەرەکەیان بە ناوی خالیدی کوڕی وەلید بوو،

---

(80) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна : Указ. соч,с 20.

(81) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, С.105 .

(82) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٩١.

(83) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, С.105 .

(84) Там же, с107.

(85) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەلات، ل ٢٠٠.

(86) Г.Б.Акопов.: Арабские источники по этнической истории курдов и версии их арабског о происхо ждения, - Страны и народы Ближнего и Среднего Востока, Ш. Арабские страны. Ереван, 1967, с.193-196.

(87) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социаль ный феномен, С.104.

میرانی سۆرانیش بانگەشەی ڕەچەڵەکی عەرەبییان کردووە، بابانەکانیش بەدەرنەبوون لەم بانگەشەی ڕەچەڵەکی بێگانەبوونە.[88] (ئاراکێلێیان) ئاماژە بەوە کردووە بە پێی گێرانەوە زارەکییەکانیان، مەنگوڕەکان لەنێو خۆیاندا دان بەوەدا دەنێن کە ڕەچەڵەکیان دەگاتەوە بە ئەرمەن. ناوبراو تێبینی ئەوەی کردووە، وەک لە هەندێک داب و نەریتی مەسیحی کە لەناو مەنگوڕەکاندا هەبووە ئەم بیرۆکەیەی بەرچاو کەوتووە. ژنانی مەنگوڕ کاتێک هەویریان بۆ نان ئامادە کردووە لەسەر هەویرەکە نیشانەی خاچیان دروستکردووە، هەندێک لە کەسایەتییە پیرۆزەکانی ئەرمەن لە لایەن کوردەوە ڕێز لێگیراوبوون، گۆڕی چەند کەسایەتییەکی ئایینی ئەرمەنی هەم لە لایەن ئەرمەنەکان و هەمیش لە لایەن کوردەوە ببوە شوێنی زیارەتکردن. سەرەڕای ئەوەش لە نێو کورددا ناوی ئەرمەنی لە منداڵەکانیان نراوە.[89]

جیا لەم بیرۆکەی ڕەچەڵەکی بێگانە لە نێو خێڵە کوردییەکاندا، خۆبردنەوە سەر ڕەچەڵەکی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان، لە لای هەندێک خێڵی کوردی هەست پێدەکرێت. لەم ڕووەوە (موسائیلیان) ئاماژە بەوە دەکات، بەگزادەکانی سەرەتای سەدەی بیستی خێڵی موکری، بنەچەی خۆیان دەبردەوە سەر (بوداق بەگی بابان)، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەردارانی موکری لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم هەبووە. وەک سمبولی دادوەری وێنایان کراوە.[90]

## پێنجەم : کاریگەری خێڵ لەسەر کەسێتی کورد

ئامادەیی خێڵ لە هەموو ئاستێکی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کوردیدا، هەست پێکراو بووە. لە هەیکەل و ستراکتۆری دەسەڵاتدا، لە کۆمەڵێ فیکر و بیروباوەڕی باودا خێڵی کوردی ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی - ئابووری - ئیداری زیندوو و بزێو بووە، توانایەکی زۆری مانەوەی هەبووە و لەسەر بنچینەی خزمایەتی و هاوکاری ئەندامەکانی دامەزرابوو.[91] یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری، پەیوەندی خێڵایەتی بووە، خۆی لە ژێر سایەی دەرەبەگایەتییەکی هەمە چیزەدا شاردبۆوە. ئەم شێوازی باری کۆمەڵایەتییە، چەندەها سەدەیە بە جەستەی کۆمەڵی کوردەواریدا ڕۆچووە. لە سیمای ڕەگەزی دەروونی کۆمەڵگای کوریدا بە شێوەیەکی گشتی و هەر تاکێکی کوردیشدا بە تایبەتی گرێ و گۆلێکی بە جێ هێشتووە. کوردی ڕەسەن، لە پێش هەموو شتێکەوە شانازی بەوەوە کردووە، کە سەر بە چ خێڵێک بووە. تەنانەت ئەمە پێش هەستی نەتەوەیی و ئاینیش کەوتبوو (تەنها لە یەک دۆخدا نەبێت) کە ئاین و خێڵ لێک دابڕاو نەبووبن، وەک ئێزدییەکان.[92] هیچ کوردێک نەبووە، کە بە گرنگییەوە باسی لەوە نەکردبێت سەر بە چ خێڵێک بووە، تەنانەت لە بارودۆخی نیشتەجێبوون و خۆخەریک کردن بە کشتوکاڵیشەوە، پەیوەندییە خێڵەکیەکان لە نێو کورددا کاریگەرییان هەبووە. بەشێوەیەک واش ڕێککەوتووە دانیشتوانی گوندێک بە تەواوی هاوخێڵبن.[93]

هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە پێگە و گرنگی ڕۆڵی خێڵ، لە چارەنوسی مێژوویی کەسێتی کوردیدا دژوارە. ستراکتۆری خێڵ هەر لە سەرەتاوە، لەگەڵ مێژووی کورددا هاوشان و هاوڕێ بووە. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر گشت کۆمەڵگەی کوردی دانەنابێت، ئەوا ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە بە تەواوی کاردانەوەی لەسەر هزری کۆمەڵایەتی کەسێتی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، واتە لە ژیانی ئابووری، ستراکتۆری دەسەڵات و لە پێکهاتەی هزرە داسەپاوەکاندا داناوە.[94] بە باوەڕی (مینۆڕسکی) هێز و یارمەتی نێوان کوردان خۆیان، تاکە شتێک بووە کە شیاوی ئەوەبێت کەسێتی کورد دەستی پێوەبگرێت و متمانەی پێکەنە سەر. مینۆڕسکی ئاماژە بەوە دەکات تەنها پیاوێک و تەنها ژنێک نەیانتوانیوە لە پێناوی

---

(88) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات،ل ٢٠٠.

(89) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ١٥.

(90) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.), С98.

(91) Васильева Е.И.: Курдское племя в источниках и литературе, С173.

(92) م.س.لازاریف: کورد و کوردستان - فاکتەرەکانی پەیدابوون و گەشەسەندنی مەسەلەکە(چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١١٥ - ١١٦.

(93) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материа лам) ,с 64.

(94) Васильева Е.И.: Курдское племя в источниках и литературе, С172 ؛ Е.И. Васильева :Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.),с207.

مانەوەیاندا تێیکۆشن، ئەگەر لە ڕێگای خێڵەکەیانەوە نەبووبێت. لێرەوە بیری خێڵ پەرستی لە کەسێتی کوردیدا دروست بووە.[95]

بەشێک لە توێژەران دەربارەی خێڵ وەک ڕێگرییەکی بەردەم یەکگرتنی نەتەوەیی، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە جیاوازی و دابەشبوونە خێڵەکییەکان، ڕێگر بووە لە بەردەم یەکخستن و یەکگرتنی ئیتنیکیدا. بەڵام خێڵە کوردییەکان ئەزموونێکی پێچەوانەی ئەم ڕایەیان سەلماندووە، خێڵی کوردی ڕۆڵی گرنگی لە دروستکردنی سروشتێکی جەنگاوەری لە کەسێتی کوردیدا هەبووە، بە جۆرێک کەسێتی کورد ئامادەیی ئەوەی تێدابووە، هەمیشە بەرگری لە ناسنامە و شوناسی نەژادی خۆی بکات.[96] (ڤاسیلڤا) پشتیوانی ئەم دیدە سەبارەت بە کاریگەری خێڵ لەسەر کەسێتی کورد دەکات، بە ڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەکاتی جەنگ و تێکشکاندنەکاندا و نەبوونی هێزی دیکە بۆ دابینکردنی ئاسایش، خێڵی کوردی وەک ستراکتۆری کۆمەڵایەتی - سیاسی سەرەکی مابوویەوە. دانیشتوانی گوندەکان بە کۆمەڵ لادێکانیان جێ دەهێشت و دەچوونە پاڵ خێڵەکان، خێڵ تەنها بریتی نەبوو لە حەشارگەیەک، بەڵکو لەم حاڵەتانەدا تاکە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە لە بوارەکانی بەردەستیدا کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی کردبوو.[97]

بەڵام (لازارێف) ڕایەکی پێچەوانەی هەیە، بە باوەڕی ئەو لە سەدەی نۆزدەیەمدا پەیوەندییە فیوداڵییەکان وەک بونیادێکی کۆنی کۆمەڵایەتی - ئابووری - نێوخۆیی ببوونە بەشێکی سروشتی کۆمەڵگای کوردی. شێوازێکی کۆمەڵایەتی - ئابووری لەسەر باڵادەستی و تاغایەتی بێسنووری خێڵەکی پێکهاتبوو، کە ببوونە هۆی سازکردنی گرنگەلێکی ئیتنۆسایکۆلۆژی چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی بە گشتی و چ لە سەر ئاستی شوناسی کەسێتی تاک تاکی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بە تایبەتی. وابەستەبوونی هەتا هەتایی تاک بە خێڵێکی دیاریکراوەوە، گرنگییەکی سەرەکی پەیدا دەکات و ئەوەش دەبێتە ڕێگر لە پەروەردەکردنی خود ئاگایی گشتی نەتەوەییدا. لێرەدایە کە لە ناوچەگەرایەتی و پەرشوبڵاوی (پارتیکۆلیاریزمی) خێڵەکی کورد سەرچاوە دەگرێت و لە دەسپێکی ڕەوتی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە تا ئەمڕۆ گشت ژیانی سیاسی کوردستان دەخاتە ژێر تەوژمی خۆیەوە.[98]

ئەم ڕەوشە لە لای ( ڤاسیلێڤا) بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوات، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەوژمی یەکگرتوویی و خۆپاراستن لە نێو خێڵدا شاردراوەتەوە، خێڵ لێهاتوویی ژیان و توانایەکی لێنەبڕاوە بە بوژانەوە و سەرلەنوێ بەردەوام بوون بە یەکەکانی دەدات. لە هەلومەرجە زۆر دژوارەکانی کوردستان و لەکاتی جەنگ و پێکدادان و وێرانکارییەکاندا کە مێژووی کەسێتی کورد لێوان لێوە لێیان، خێڵ بۆ کەسێتی کورد پەناگەیەکی ئابووری، سیاسی و هزری بووە.[99]

سەبارەت بە کاریگەری خێڵی کوردی لەسەر مانەوەی کورد وەک ئیتنیکێک، ڤاسیلێڤا دەڵێت :" بە بڕوای ئێمە کورد ئەگەر لە ڕۆژگارە سەختەکاندا نەیانتوانیبا بگەنە چیاکان، کە لە وێدا هەوارگەی کۆچ و خێڵ دەبوون بە پەناگایان، زەحمەت بوو بیانتوانیایە وەک کۆمەڵەیەکی ئێتنیکی بمێننەوە. سیستێمی ماف و یاساکان، کە لە ماوەی چەندین سەدە بە وردەکارییەوە دامەزرابوو و لەسەر بنچینەی ژیانی نەریتی خێڵ دروست ببوو، توانا و هێزی بە خێڵ دابوو کە لە ڕۆژگارە سەخت و دژوارەکاندا خۆی بپارێزێت. لە کاتێکدا ستراکتۆرە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی تر هەرەسیان هێناوە و لە ناوچوون".[100]

لەسەر ئاستی تاکیش، خێڵ ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک و وابەستەیی بە کۆمەڵگەی خێڵەکی هەبووە. بە جۆرێک تاکی خێڵەکی کۆمەڵێک ئەرکی بەرامبەر هاوخێڵەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک مافی بەسەر هاوخێڵەکانییەوە دەبێت. سیستێمی ئەرک و مافەکان لە نێو ستراکتۆری خێڵی کوردیدا، بە تەواوی ڕۆڵی لە بونیادی کەسێتی کوردیدا هەیە. بە شێوەیەک کەسێتییەکی بەرپرسیاری بەرامبەر بە هاوخێڵەکانی بەرهەم هێناوە، کە پێکەوەگرێدرانێکی پتەوی کۆمەڵایەتی لە نێو هاوخێڵەکاندا لێدەکەوێتەوە. (موسائیلیان) باس لە پێکەوەگرێدراوی ئەندامانی خێڵە موکرییەکان

---

(95) مینۆرسکی : کورد تێبینی و ووردبوونەوە،ل ١٣٧ - ١٣٨.

(96) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,с 17.

(97) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٩١.

(98) Лазарев М. С. : Категории курдской истории,СС 94 – 95.

(99) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) , СС 207 – 208.

(100) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٣.

دەکات، بە شێوەیەک کە نەریتێکی هاوبەشیان لە هاوکاری کردنی خێڵەکی هەبووە. هەر ئەندامێکی خێڵ، مافی ئەوەی هەبوو کە لەلایەن هەموو خزم و کەسوکارییەوە پشتگیری مادی و مەعنەوی بکرێت. ئەگەر کەسێکیان ئاردی تەواوی نەبووایە، ئەندامانی خێڵەکەی ناچار بوون هەتا کاتی دروێنە هاوکاری بکەن. ئەگەر کۆچەرییەک تاژەڵێکی بدزرابا، خزم و کەسوکارەکەی یارمەتییان دەدا. هەروەها لەکاتی ئاهەنگ و پرسەدا بەدەمەوەبوون و گیانی هاوکاری لە نێویاندا زۆرتر بووە. تەنانەت کەسە موڵکدارەکان، بە ناچاری یارمەتی جوتیارە هەژارەکانیان داوە. هەموان پابەندبوون بە پارێزگاریکردن لە ژیان و شەرەفی هەر ئەندامێکی خێڵ، تەنانەت ئەم نەریتەش لە نێوان ئەندامانی خێڵە دۆست و هاوپەیمانەکاندا پیادە کراوە.[101]

شەشەم: کەسێتی کورد و دادوەریی دەزگای خێڵ

لە خێڵدا، لە جیاتی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردن، کە چاودێری ڕەچاوکردنی نۆرمەکانی یاسایی دەکات، سیستێمێکی بەڕێوەبردن بەدی دەکرێت، کە تەواو لەسەر بنچینەی ( یاساکانی عەشیرەت) یان لەسەر بناغەی ژیانی ترادیسیۆنی خێڵەکیدا، بە وردەکارییەوە داڕێژراوە. پایەکانی دەسەڵات لە خێڵدا، بە جۆرێک دامەزراون کە پەیڕەوکردنی یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دابین بکەن. لە کاتێکدا سیستێمی چاودێریکردن و سزادان لە دەوڵەتدا، هەر بۆ ئەوە بووە کە لادان لە یاسا قەرەبوو بکاتەوە. لە پشت ستراکتۆری (کۆمەڵایەتی - سیاسی) خێڵەوە کە ساکارانە دێتە پێش چاو، لە ڕاستیدا ئاستێکی دیکەی جیاوازی لە ڕووی چۆنایەتییەوە ڕێکخراوە، کە لەسەر ستراکتۆری گونجاو بۆ کۆمەڵگە دامەزراوە.[102]

دەربارەی ڕوانینی کەسێتی کورد بۆ دادگەری و یەکلاکردنەوەی پرس و کێشەکانیان، (نیکیتین) تێبینی ئەوەی کردووە کەسێتی کورد دادوەری خێڵەکی لە دادوەری ئاینی بە گونجاوتر زانیوە، بۆ یەکلایکردنەوەی کەیسەکان کەسێتی کورد پەنای بۆ یاسای عورفی بردووە و خۆیان لە یاسا ئاینییەکان لاداوە.[103] نەبوونی سنورێک بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی خێڵ لە لایەک، لە لایەکی دیکە سروشتی دەسەڵاتەکەی کە دەسەڵاتێکی ناچارکەر بووە بە سەر ئەندامانی خێڵەوە، وایکردووە ڕای جیاواز دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم دەسەڵاتە لە نێو خێڵی کوردیدا هەبێت. بە باوەڕی (ڤاسیلیێڤا) جاری وا هەبووە سەرکردەی خێڵ وەک کەسی یەکەم لە ناو هاوتایانی خۆیدا ناودێر کراوە، جاری واش هەبووە خێڵ کراوەتە ڕێکخراوێک بۆ ئیرادەی تەو.[104] بەڵام ئەو بۆچوونەی کە سەرکردەی خێڵی بە دادوەر و یەکسانخواز وێناکردووە، زێدەتر باوبووە.[105]

خێڵ وەک دەزگایەکی دادوەری و کارگێڕی، ڕۆڵی گرنگی لە بەلاداخستنی کێشە و گیروگرفتەکان و سزادانی تاوانباران گێڕاوە. بەپێی گێڕانەوەی (نیکیتین) یاسا عورفییەکانی خێڵ سزادانی کەسانی تاڵانکەری بە (سوتاندنی ماڵی تاوانبار و بڕینەوەی دار و درەخت و باخ و ڕەزەکەی)داوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات سامناکترین سزا لە دەروونی کەسێتی کوردیدا (دەرکردن بووە لە خێڵ)، چونکە وابەستەیی کەسێتی کورد بۆ خێڵ هێندە بەهێز بووە کە دروخستنەوەی دەبووە هۆی بێبەشکردنی لە هەموو مافێک، هەر بۆیە غەریزەی خۆپاراستنی کەسێتی کورد لەگەڵ غەریزەی خێڵەکییانەدا ئاوێتە دەبن.[106]

لە نێو دامەزراوەی خێڵدا، ئەرکەکانی (دەزگای پۆلیس، زیندان، دادگایی و تەنانەت پیادەکردنی بڕیاری کوشتنیش)بە بێ ئەگەرە بەڕێوەدەچوون. سروشتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە دادوەرییانە لە نێو خێڵدا، ڕێگەی نێوان تاوانبارکردن و سزادانی تا ئەوپەڕ کورت کردبۆوە. بە تایبەتی لە نێو خێڵە بچوکەکاندا ئەمە ڕونتر هەست پێکراوە. ئەویش کاتێک هەموو کارەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆکی خێڵەوە بەڕێوە دەچوون و چاودێری بەردەوامی ڕووداوەکان بوو، خێوەت و ڕەشماڵی سەرۆک

(101) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , С108 .

(102) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٨٩.

(103) В. Никитин : Курды,с 214.

(104) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٩٠.

(105) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальн ый феномен, С.105 .

(106) В. Никитин : Курды,с 211.

خێڵ لە یەک کاتدا دادگا و ئەنجومەن و دیوەخانیش بووە.[107] لە ڕەشماڵی سەرۆکی خێڵدا، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخەکان حوکم و بڕیار لەسەر پێشهاتەکان دراوە، ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژی تێدا شەنوکەوکراوە. هەرچەندە سەرۆکی خێڵ دەسەڵاتێکی فراوان و بێسنوری هەبووە، بەڵام کۆمەڵێک لە پیر و ڕیش سپیانی خێڵ کاریگەرییان لەسەر دەسەڵات و بڕیارەکانی هەبووە، ڕای ئەم ڕیش سپییانە کە ئێواران لە ڕەشماڵی سەرۆک خێڵدا کۆدەبوونەوە سەنگ و قورسایی خۆیان هەبووە و نەدەکرا پشتگوێ بخرێن، بە تایبەتی لەو کێشانەی ڕووبەڕووی خێڵ دەبوونەوە و لەو گەنگەشانەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێڵ کراون.[108] لە دیدیی(ئاڕاکێلیان)دا سەرۆکی خێڵ کە دەسەڵاتی ڕەهای خێڵی بەدەستەوە بووە و حوکمێکی بێسنووری هەبووە، تاقە دادوەری خێڵ بووە، هەم دادوەرە و هەم جێبەجێکار بووە. بە هەموو تاوانەکان ڕاگەشتووە، جگە لە تاوانی شەرعی نەبێت کە ئەرکی قازییەکان بووە. [109] (موسائێلیان) ئاماژە بەوە دەکات لە بنەماڵەیەکی نێو خێڵی موکریدا، ئەم پلەیە لە پیاوانی ئاینی و دادوەری پێک هاتبوون بە (قازی) ناسرابوون.[110]

## حەوتەم : کەسێتی کورد لە نێوان کۆچەری و نیشتەجێبووندا

کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانینی (ئابۆڤیان)دا لە (کۆچەری و نیشتەجێ) پێک هاتووە، کۆچەرییەکان بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵبوون*، نیشتەجێکان کشتوکاڵ کردن پیشەیان بووە.[111] (ئاراکێلیان)یش هەمان دابەشکاری بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردووە، ئاماژەش بەوە دەکات خێڵە ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان شوێنی ژیانیان بە پێی کاتەکانی ساڵ دەگۆڕن و لە ژێر ڕەشماڵدا دەژین.[112]

زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە ناوچەی نێوە گەرمێن هەژمار دەکرێن، بەهۆی شاخاویی بونیان و زستانە دوورودرێژ و سارد و پڕ بەفرەکانی و پلەی نزمی سەرما، ناکرێت بڵێین گونجاون بۆ شێوازگەلی بەرهەمدار و کشتوکاڵێکی چالاک. هەر بەهۆی ئەو هەلومەرجە سروشتیانەوە بووە، کورد بە گشتی لە وەرزەکانی ساڵدا ڕووی لە شێوازێکی کەم بەرهەمدارتری ئابووی وەک ئاژەڵداری بەربڵاو (بە زۆریش مەڕ و بزن بەخێوکردن) کردووە. بەشێوەی ڕەوەندی گەرمیان و کوێستان کۆچیان کردووە.ئەم بارودۆخەش لای (لازارێف) بۆتە یەکێک لە فاکتەرەکانی مەندبوون و پەنگخواردنەوەی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی نەریتی کورد.[113] بەڵام لە دیدی (ڤاسیلیڤا)دا ڕەوشەکە بە جۆرێکی دیکەیە، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستیمی کۆچەری و خێڵی کۆچەر، ئەرکێکی هەرە گرنگی ئیتنۆکۆمەڵایەتی و سیاسییان لە کوردستاندا بەجێهێناوە، سنورە دەوڵەتییەکانی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن کۆچەرییەکانەوە بایەخێکیان نەبوو. کۆچەرییەکان سنورەکانیان تواندبۆوە و ببوون بە ئەڵقەی پێکەوەگرێدانی ناوچەکانی کوردستان، هەر کۆچەرییەکانیش بوون لە ئەنجامدا کوردستانیان کرد بە یەک ڕووبەری کولتووری و سیاسی.[114] سنوورە سیاسییەکانی نێوان دوو دەوڵەت و قەدەغەکردنی توندی فەرمانڕەوایان بۆ پەڕینەوە لە سنور، هەمووی تێکەڵبوون. کۆچەرییە کوردەکان لە ڕاستیدا سنوری دەوڵەتەکانیان، کە کوردستانی کردبوو بە دوو بەش، ڕەش کردەوە. ئەمان وەک شادەمارێک ناوچە کوردییە بەربڵاوەکانیان کردبوون بە یەک و لە نێو قەوارەی هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ئەرکێکی ئینتیگراسیۆنی (یەکخستن)یان ئەنجام دەدا.[115]

---

(107) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социал ьный феномен, Указ. соч, сс.105-106 .؛ Х.Абовян:Курды Полное собрание сочинений в8 томах,Т.8, Ереван, 1958,с.360-361.

(108) В. Никитин : Курды,сс 193 - 194.

(109) ئامیارتسووم ئاڕاکێلیان : س.پ، ل ٢٥.

(110) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.), С 98.

* بۆ بینینی وێنەی چەند شوان و ئاژەڵ بەخێوکەرێکی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٦).

(111) А.ВИГАСИН, А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ : ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННО ГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года, С 217

(112) ئامیارتسووم ئاڕاکێلیان : س.پ، ل ٦٨.

(113) М. С. Лазарев: КАТЕГОРИИ КУРДСКОЙ ИСТОРИИ,с79.

(114) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С98.

(115) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١١٣.

(مینۆڕسکی) بەراوردی شێوازی ژیانی کۆچەرییەکان بە ڤەرەجەکان دەکات، باس لە نزیکایەتی شێوازی ژیانیان لەیەکتر دەکات و دەڵێت :" ژیانی کۆچەرییەکانی کورد زۆر لە شێوازی ژیانی ئەو ڤەرەجانە دەکات کە لە وڵاتی تێمەدان".[116] ئەم ڕایەی (مینۆڕسکی) جێگەی هەڵوەستەکردنە، سەرباری بوونی سیمای هاوبەشیان کەتەنها خۆی لە کۆچکردندا دەبینێتەوە. ناکرێت ژیانی کۆچەرییەکان و ڤەرەجەکان بەراورد بەیەکتری بکرێن. چونکە جیاوازییەکانی نێوانیان بنچینەیی و ڕیشەییە. ڤەرەج بێ نیشتیمانە، کۆچەرییە کوردەکان چالاکترین توخمی نێو خێڵە کوردییەکانن، ئەو ناوچانەی کە کۆچی بۆ دەکەن هەر لە چوارچێوەی خاکی نیشتیمانەکەی خۆیاندایە. لە کاتێکدا ڤەرەج سنوری وڵاتان تەی دەکەن و لەهیچ جێگەیەک تۆقرە ناگرن و لەسەر دەسکەوتی ڕۆژانەیان دەژین. بەڵام کۆچەرییەکانی کوردستان، لە ڕووی سامان و موڵکەوە دەوڵەمەندن، تەوان ژمارەیەکی زۆر مێگەلیان هەیە، کۆچیان دیاریکراو و نەخشە بۆ دانراوە، لە هێڵێکدا دێن و دەچن.

کۆچەرییەکان بە درێژایی کۆچی وەرزیی خۆیان کاتێک بە شوێن لەوەڕی مەڕوماڵاتیاندا دەگەڕێن، لە دەشتاییە بەرفراوانەکانەوە بەرەو وشکاڕۆ بەرزەکان هەڵدەکشێن و چۆمە سەهۆڵبەندانەکان دەپێون، بە لاقی ڕووت بەسەر بەفردا دەڕۆن.[117] زستانان لە دۆڵەکاندا و لە خانووی بە قوڕ دروستکراودا دەژین، هاوینان لەگەڵ ڕانەکانیان دەچنە لەوەڕگاکانیان و دەواری هاوینە هەڵدەدەن، زۆر جاریش لە زستانە هەوارەکانیان دەژین.[118]

(ئەراکێلیان)یش تێبینی تەوەی کردووە، هەندێک جار ڕەوەندی کورد لە جیاتی خێوەت، زەوی هەڵدەکۆڵن و بە لکوپۆی دار دەوروبەری هەڵدەچنن و پاشان بە قوڕ دایدەپۆشن، تا نیوەی ژوورەکە لە زەویدایە و زۆر تاریکە و تەنها لە ناوەڕاستی بانەکەی کولانکەیەکی بۆ دەکەنەوە و لە ژێر کولانکەکە ئاگردانێک ساز دەکەن و دەرەوەی کولانکەکەش وەک بورجێک بەرزدەکەنەوە.[119] ژیانی کوردە کۆچەرییەکان لە ماوەی مانگەکانی زستاندا، هێشتا سەقامگیرتربوو. هەوارگە زستانییەکان کە (وار)ی پێدەگوترا و لە هەمووی زیاتر زاراوەی (قیشلاخ، قیشڵا، قشلە)ی بۆ بەکاردەبرا و لە دۆڵی قووڵ و شیودا بوون، جۆری ژیانی زستانە لە هەر حاڵەتێکدا بە جیاواز چارەسەر دەکرا. کۆچەرەکان لە زستاندا لە خانووی ژێر زەمینیدا دەژیان، زۆرجاریش خانوویان لە خەڵکی نیشتەجێ بەکرێ دەگرت .[120]

بەهۆی هەلومەرجی مێژووییەوە تێتنیمای کەسێتی کوردی بۆ پێکهاتەی خێڵ، لە شێوازی ژیانی ڕەوەندی و کۆچەریدا گوزارشتی لێکراوە. چونکە ڕووداني جەنگ و بەریەککەوتنە سەربازییەکان لە ناوچە دەشتاییەکاندا، زیانێکی زۆری بە کورد دەگەیاند، دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەبوو شوێنە ئاوەدانکراوەکانیان جێبهێڵن و دەست لە کشتوکاڵ کردن هەڵبگرن و ڕووە و چیاکان بارگەیان بخەنەڕێ، خۆیان لەگەڵ شێوازی ژیانی کۆچەری و ئاژەڵ بەخێوکردن ڕابهێنن. ژیانی ڕەوەندی و کۆچەری جۆرێک لە پاراستنی بۆ کەسێتی کورد تێدابوو، لە لایەک یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ژیانی خێڵدا پتەوترکردبوو، لە لایەکی تر ئەندامانی خێڵ چەکداربوون و توانای ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانییان هەبووە.[121] لە لایەکی دیکە، بەڕێوەبردنی تابووی ئاژەڵ بەخێوکردن، ژمارەیەکی کەمتری لە کارکەران دەویست، بەڵام لە ڕووی سەقامگیرییەوە ژیانێکی سەخت بووە.[122] چونکە لە حاڵەتی بەسەرداداني کۆچەردا، کۆچەرییەکان هەموو شتێکیان لە دەست دەدا، تەنانەت ژیانی خۆشیان کاتێک ڕووبەڕووی سروشت دەبوونەوە و دەبوا ڕۆژانە تاقیکردنەوەی تەوە بکات کە ئایا دەتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان؟، ئاسایش و سەقامگیری گەلێک بە دەگمەن و ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت لە کوردستان دەڕەخسا.[123]

---

(116) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە،ل ٦٩.

(117) V. Minorsky : The Tribes of Western Iran, p77.

(118) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ٦٩ - ٧٠.

(119) ئامیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٦٩.

(120) Аристова Т.Ф.  : Очерк культуры и быта курдских крестьян Ирана, Пэс. I, 1958,с233.

(121) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,с 22.

(122) Перилц А.И.:  Оседлое и кочевое общество Северной Аравии в новое время, Автореф, докт. дис. м., 1971,с 17.

(123) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروووی خۆرهەڵات، ل ١١٠.

سیما گرنگەکانی کۆچەریی، بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵماوە و مەودای کۆچکردنەکەیانە، بەڵام فاکتەری یەکلاکەرەوەش ئاستی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییە. بەڕێوەبردنی ئابووری ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری، بە توندی بە ستراکتۆری خێڵەکی کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە و بەبێ ئەو ژیان و ئابووری کۆچەری مانەوەیان نییە. هەموو پەیوەندییەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، جەنگی و ئایدۆلۆژی کە کۆمەڵگای کۆچەرییان پێەوەدەکرد، لەناو خێڵدا یەکیان گرتبوو.[124] لە کوردستاندا مافی هەبوونی وار و هەوارگە، مافی هەبوونی لەوەڕگاشی لەگەڵدا بووە، جا لەوەڕگاکە بەخشرابێت یان بە زۆرە ملێ دەستی بەسەردا گیرابێت و هەروەها ڕێگەشی بۆ دابین دەکرا کە دەیتوانی سنوری سیاسیش ببڕێت.[125] بۆ نموونە مافی پەڕینەوەی کۆچەرییەکانی خێڵی جاف لە سنوری ئێران - تورکیا، بە پێی ووتەی کونسوڵی ڕووسی لە بەغداد ( ئا.ئا. ئورلۆڤ) بە بێ دەنگی لە لایەن لیژنەی دیاریکردنی سنورەوە دانی پێدا نرابوو .[126]

لە نێو خێڵە کۆچەرییەکاندا داب و نەریت و ڕەوشتی سەیر هەیە، بە ڕۆژدا کۆچ دەکەن و بە شەودا لە شوێنی دیاریکراویان دەنوون، بارگە و بنەیان لەسەر بەرزایی چیاکان دەخەن.[127] بۆ ئاسانکاری کۆچ و لەوەڕاندنی مێگەل، هەر بەهارێک خێڵ بەسەر (ئۆبا، ڤار) (کۆبوونەوەی چەند ڕەشماڵێک لە چوارچێوەی لەوەڕگەیەکی دیاریکراو) دابەش دەکرا، لەم دابەشکارییەدا قەبارە و ڕووبەری لەوەڕگاکە و ژمارەی و جۆری مێگەلەکان لەبەرچاو دەگیران.[128] خێڵە کۆچەرییە گەورەکان کە هێزێکی چەکداریان هەبوو، لە کاتی کۆچدا خۆیان ڕێڕەو و ڕێگەی کۆچیان بۆ شوێنی دەستنیشانکراو پاراستووە و هەموو پێداویستییەکانی پەیوەست بە بەڕێکردنی مەڕومالاتیان جێبەجێکردووە.[129]

ڕووبەری کۆچکردن لە کوردستاندا، مەودایەکی جێگیر و چەسپاو و هەمیشەیی هەبوو و کیلۆمەتر و ڕۆژە ڕێ بە ڕێکوپێکی حسێب دەکران. ڕووبەر و ڕێگەی کۆچکردنی دەشتایی کە (مێریدیان)ی پێدەگوترا، هاوینان مێگەلەکان بۆ سەروو و زستانانیش بۆ خواروو دەبران، ڕەنگە بەو ڕێکوپێکییە نەبووبێت، بەڵام ئەمانیش جێگیر و هەمیشەیی بوون. ئەمەش ڕێگەی خۆشکردووە بۆ بە میرات مانەوەی لەوەڕگاکان بۆ خێڵ و بنەماڵەکان، سەرباری یاسا چەند سەدەییەکانی کۆچەریش مۆرکی میراتیان وەرگرتبوو.[130] زۆرێک لە خێڵە کوردییەکان، ژیانی کۆچەرییان بەڕێکردووە. کەمترین سەرە ئاژەڵ کە پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری کۆچەری، ( ٦٠ - ١٠٠) سەر مەڕو بزن بووە. ماوەی کۆچکردنیش نەک بە کاتژمێر، بەڵکو بە مانگەڕێ دەژمێردرا و بە سەدان کیلۆمەتریش درێژەی دەبوو. بۆ نموونە هاوینە هەواری جافەکان لەسەر چیا بەرزەکان (٢٥٠کم) دوور لە جێگەی زستانانیان بوو. هەریەک لە خێڵەکانی (کەلهوڕ، بڵباس، خێڵەکانی ماندووم، گەڵباخی) ژیانی کۆچەرییان بەسەر بردووە و مێگەلی زۆریان هەبوون،[131]

تەڤریانۆڤ ئاماژە بە (کەلهوڕەکان) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دەکات، کە بەردەوام ژیانی کۆچەرییان بەڕێکردووە، بەشێکی زۆری ئەم خێڵە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ئێران و بە پێچەوانەوە کۆچیان کردووە و دانیان بە هیچ دەسەڵاتێکدا نەناوە.[132] سەنجابییەکان (خێڵێکی کوردی ناوچەکانی کرماشانن) هاوینان هۆبە و ڕەشماڵەکانیان لە پێدەشتەکانی ماهیدەشت و جوانڕۆ هەڵداوە، زستانانیش بۆ ناوچەکانی خوارووی ئەلوەند (لە نزیک خانەقین تا دەگاتە ڕووباری دیالە) کۆچیان کردووە، لەوەڕگاکانی سەنجابی لە سەرپیل تا چیاکانی ئاغ داغ و باخچە و قەتار لە باشوری خانەقین درێژ بوونەتەوە. لە

(124) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С98.

(125) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٩٩.

(126) Орлов А.А. : Указ. соч, С 367.

(127) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل٧٢.

(128) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , С100 .

(129) В. Никитин : Курды,с 227.

(130) Султанов Т.И. : Кочевые путемена Приаралья в XV–XVII вв, (Вопросы этнической и социальной истории), М., 1982,с 56 ؛ ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٩٩.

(131) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٠١ - ١٠٢.

(132) Аверьянов П.И.: Указ. соч,с 316.

دەستنیشانکردنی هێڵی سنوری ( عوسمانی - ئێرانی) لە (١٩١٣ز) بەشێکی هاوینە هەوارەکانی سەنجابی، خرانە سەر  تورکیا.[133] بڵباسەکانیش سەرەتا خێڵێکی کۆچەر بوون، بەڵام پاش ئەوەی بۆ خێڵێکی نیمچە کۆچەر گۆڕدران، زستانانیان لە تاواییەکانیان بەسەر دەبرد و هاوینان دەچوونە بەرزاییەکانی (سەران)ی نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیان.[134] کۆچکردنی خێڵی بڵباس لەکاتی جیاوازدا تا ناوچەکانی باکوری ئازەربایجانی ئەنیودتەوە، ئەگەرچی ناوچەی سەرەکی نیشتەجێبونیان بە گشتی باشوری گۆلی ورمێ لە نێوان شنۆ و سابڵاغ و هەروەها بە شێک لە ناوچەکانی باکوری سلێمانی بووە. بەڵام زۆرجاریش دەستدرێژی بێباکانەیان کردۆتە سەر ناوچەکانی تر و هیچ بەهایەکیان بۆ فەرمانڕەوا ناوچەییەکان دانەناوە.[135]

هەرکییەکان تا ( ١٩٣٥ز)  کۆچەری تەواو بوون، جگە لە هەرکییەکانی ( ئێران، عوسمانی، هەرکی بنەجێ لە ناوچەی مزوری باڵا) کە نیشتەجێ بوون. ئەوانی دیکە هەموو زستانان و هاوینانیان لە ڕەشماڵەکانیاندا بەسەر دەبرد و سەرقاڵی ئاژەڵ بەخێوکردن بوون. سەرەتا تورکیا لە هاتوچۆی هەرکییەکان بۆ لەوەڕگاکانیان ڕێگری کرد، پاشان ئێران کەوتە زیادکردنی باج، ئەمەش ئەگەرەی بۆ هاتوچۆکردنی هەرکییەکان دروست کرد و ژمارەیان کەم بوویەوە.[136] خێڵی مامەش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە زستان و هاویندا لە ناوچەکانی (لاهیجان، ساوج بولاق، چیاکانی قەندیل، پشدەر، کۆیە) ژیاون، بەشێک لە خێڵەکەش لە بەهار و هاویندا لە ورمێ نیشتەجێ بوون، زستانان بەرەو ڕەواندز کشاون.[137]

بەخێوکردنی ئاژەڵ، لە نێو کوردانی موکریدا برەوی هەبووە. کۆچەرییەکانی ئەم ناوچەیە کۆچیان بۆ ناوچە شاخاوییەکان دەکرد، لەوەڕگەی تایبەت بە خۆیان هەبوو. لە بەهارەوە بۆ درەنگانێکی پایز، بەدوای مێگەلەکانیان بە درێژایی سەدەها کیلۆمەتر ڕێگایان بڕیوە، زستانانیان لە دۆڵە قووڵەکان و دەربەندەکاندا بەسەر بردووە.[138] کۆچەرییەکانی سلێمانی و دەوروبەری بەسەر دوو گروپی گەورەدا دابەشکراون، بەشی دیاریان ئەو کۆچەرییانەن کە لە نێوان (کفری) بۆ شارەزوور و پێنجوێن هاتوچۆیان کردووە، کە بریتی بوون لە هەندێک تیرە و هۆزی خێڵی جاف. بەشی دووەم ئەو کۆچەرییانەن کە لە نێوان ڕانیە سنوری ئێران، لە ناوچەکانی قەندیل هاتوچۆیان کردووە.[139]

خێڵی جاف وەک تەواو کۆچەر و نیوە کۆچەرەکان، ڕێڕەوی کۆچی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە بە درێژایی سەدان ساڵ دیاری کرابوون. لەسەر ئەو بنەمایە، خێڵی جاف دەیتوانی ئاڕاستەی جێگۆڕکەی وەرزی بۆ کۆچی هۆز دیاریبکات و لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، لەگەڵ زەوییەکان و شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان لەو ڕێڕەوەدا، وەک زەوی و سامانی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد. مافی جێگۆڕکێ لەگەڵ مافی کەڵک وەرگرتن لە مەخەڵ و لەوەڕگە تایبەتەکان چ بە زۆر بوبێت یان بە ڕێککەوتن، وەک مافێکی لێکجیانەکراوە و نەگۆڕ و سروشتی لە کوردستاندا داسەپابوون.[140]

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، جاقی موڕادی ژمارەیان نزیکەی (٦٠) شەست هەزار کەسێک دەبوو. نزیکەی (١ /٣) لە دەشتی شارەزوور سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن بوون، بەڵام زۆرینە(نزیکەی دووبەش)یان کۆچەری بوون و مەڕوماڵاتیان بەخێو

(133) ڤلادیمێر مینۆڕسکی : سەنجابی (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ١١٥.

(134) ڤلادیمێر مینۆڕسکی : ساوج بولاق (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٩٥ .

(135) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) , с225.

(136) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим матер иалам) ,сс 68-69.

(137) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах росси йских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в. , с217.

(138) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , С100 .

(139) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим матери алам) ,с 63.

(140) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с227

دەکرد.[141] خێڵی جاف، زیاتر ژیانی کۆچەری بەسەر بردووە، بەشە نیشتەجێکەی تا (١٩١٤ز) لە پێنج یەکی کۆی گشتی خێڵەکە زیاتر نەبووە .[142] ناوچەی شارەزوور لانکەی کۆچەرییەکانی جاف بووە، جافەکان لە زستاناندا بەرەو ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان (دیالە) تا زنجیرە چیاکانی حەمرین کشاون، لە ناوچەکانی خانەقین و چیاکانی قەرەداغ بەرەو شەمێران ڕۆشتوون و زستانانیان لەم ناوچانە بەسەر بردووە. هەموو ساڵێک لە شلێردەوە بەرەوە ئێران کۆچیان بۆ هەوار و لەوەڕگانانیان لە کوێستانەکانی ئێران کردووە. لە ڕۆژهەڵاتەوە تا شاری سنە، لە باکوردەوە تا ناوچەکانی سەقز کۆچیان درێژەی هەبووە.[143] کە ژمارەی جافەکان ڕووی لە زیادبوون کرد، هەوارگەی زستانانیان لە (بانی خێلان، کفری، کەلار) کەم بوو، بە شەڕ خێڵەکانی کفرییان دەریەڕاند و خۆیان شوێنیان گرتنەوە.[144]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جافی مورادی ژمارەیان ( ١٠ هەزار) خێزان دەبوون و لەم ژمارەیەش (٢هەزار) یان نیشتەجێی و ( ٨ هەزار) یان نیمچە کۆچەر بوون، هەموو ساڵێک لە مانگی چواردا پاش کۆتاییهاتنی کاری زەوییەکانیان کۆچیان بۆ هەوارەکانی ئێران دەکرد. ڕێگەی کۆچیان بە دەوروبەری شلێردا دەڕۆیشت و لە وێشەوە دەچوونە چیاکانی چل چەشمە بۆ ئەوەی مانگەکانی ئادار و تشرینی یەکەم لە وێدا بەسەر ببەن. ئەو جافانەی کە بە هیچ جۆرێک تێکەڵ بە کاری کشتوکاڵی نەبووبوون، لە کۆتایی مانگی ئازاردا لە هەوارگە زستانییەکەیانەوە کۆچیان دەکرد. هەردوو گروپەکەی جاف لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا دەگەڕانەوە بۆ تورکیا.[145] ژیانی جافەکان بە درێژایی سەدان ساڵ بەو شێوەیە درێژەی هەبووە. سیستێمی عەشیرەتی و کۆچبەری گرنگی و بایەخی زۆری بۆ کۆمەڵگای خێڵەکی هەبووە.[146]

خێڵی (پیران)یش کە لە دوو بەش پێک هاتبوو، بەشی یەکەمی لە ناوچەی سنوری نێوان ئێران - عوسمانی لە باکوری مەنگوڕەکان دەژیان. بەڵام بەشی دووەمی خێڵەکە لە دوازدە گوندی دەشتی بتوێن و نزیک چوارقوڕنە دەژیان. ئەندامی ئەم بەشە جگە لە (١٠٠)ماڵێکیان هەموویان نیشتەجێ بوون و کاری کشتوکاڵیان کردووە ، بەڵام ئەو ( ١٠٠) ماڵەیان هەندێکیان کۆچەر بوون و تەواوی دیکەیان نیمچە کۆچەری بوون.[147]

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، پرۆسەی جێگیربوونی کۆچەرییەکان و گواستنەوەیان بۆ شێوازی ژیانی نیشتەجێی و نیمچە کۆچەری خێراتر بوو. لەگەڵ بوونی لەوەڕگەی هاوینە، لەوەڕگەی زستانی هەمیشەییان هەبوو. بۆ زستانانیش جگە لە چادر بینای هەمیشەیی هەبوو. بەشێکی کورد لەو کاتەدا ڕوویان لە شێوازی ژیانی نیشتەجێیی و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێکەوە کرد. کوردانی نیمچە کۆچەری خەریکی کشتوکاڵ بوون، لە کاتی چاندن و دروێنەدا جێگیر دەبوون. کاتەکانی دیکەی ساڵ گرنگییان بە بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان دەدا.[148] لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، دەوڵەتی ئێران لە ڕێگەی (فەرهاد میرزا)وە جافەکانی ئاگادارکردەوە لەوەی کە لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان خۆیان یەکلابکەنەوە و ناسنامەی وڵاتێکیان وەربگرن و ببن بە هاوڵاتی یەکێک لەم دوو وڵاتە. ڕەتکردنەوەی جافەکان و هەوڵەکانیان بۆ بەزاندنی سنور

---

(141) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материа лам) ,с 64.

(142) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ١٦١.

(143) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа, С93.

(144) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материал ам) ,с 64.

(145) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С97.

(146) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с227.

(147) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материа лам) ,с 67.

(148) Чатоев Х.М.: Курды Советской Армении. сс.10.14

له ڕێگەی کۆچی ساڵانەیان، دەوڵەتی ئێرانی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە ڕێگەی کۆچیان لێبگرێت.[149] پاش ساڵی (١٨٦٧ز) کاتێک کۆتایی بە دەسەڵاتی تەردەڵانییەکان هێنرا، دەسەڵاتی ئێران و خێڵەکانی کورد ڕووبەڕووی یەکتر بونەوە. دەسەڵاتی ئێران بۆ پێشگرتن لە گەرمیان و کوێستانی جافەکان لەو شوێنانەی بەزاندنی سنورەکانی (ئێران و عوسمانی) دەگرتەوە، هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەو ناوچانە کرد. ڕێوشوێنە باوەکانی خێڵ تێکچوون، مەڕوماڵاتی خێڵ لەناو چوون و زیانێکی دارایی مەزن بەر جەستەی خێڵ کەوت، سیستێمی ئابووری کە بە درێژایی سەدان ساڵ پێکهاتبوو، لەناوچوو.[150] کاتێکیش کە مەڕووماڵاتی کۆچەرییەکان بەهۆی کەم بارانی و نەخۆشی کەم ببوەوە، یان لە ئەنجامی تاڵانی و شەڕ لەناوچووبوون، ناچاربوون واز لە ژیانی کۆچەری بهێنن و نیشتەجێ بن. بە تایبەتی کاتێک کە حکومەتی ئێران لە (١٩٣١ز) هاتوچۆی لە کۆچەرییەکان بۆ هەوارگە کوێستانییەکان قەدەغەکرد. جافەکان ناچاربوون لە لەوەڕگەکانی شارەزوور و شارباژێر و پێنجوێن بمێننەوە.[151]

سەپاندنی باج، فاکتەرێکی دیکەی پوکانەوەی ژیانی کۆچەری بووە لە کوردستاندا، دەبووە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی کۆچەرییەکاندا، کۆچەرییەکان بۆ ئەوەی ئەو باجەی لەسەریانە بیدەن ناچاردەبوون ئاژەڵەکانیان بفرۆشن و دەست بە کشتوکاڵ کردن بکەن، بۆ ئەوەی لەو بارگرانییەی سەرشانیان ڕزگاریان ببێت، لە کاتێکدا کە کاری کشتوکاڵ کردن لە ژیانی کۆچەرییان ئاسانترە. ئەمەش دەبووە سەرەتای پوکانەوەی سیستەمی کۆچەری خێڵەکان و نیشتەجێبوونیان، سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم گۆڕانکارییە، بەڵام کەسێتی کورد ترسی لەم ژیانی نیشتەجێبوونەی هەبوو، بە تایبەتی کاتێک نیشتەجێ دەبێت ترسی لە لە ناوچوونی زمان و نەریتی هەبوو، وەک (نیکیتین) ئاماژەی پێدەکات کەسێتی کورد ترسی هەبوو ببێتە کوێستاننشینی تورک یان ڕەعیەتی ئێرانی.[152]

لە دوای نیشتەجێبوونی کۆچەرییەکان، چەندین گرفت بۆ خێزانی کوردی هاتەپێش. زۆرێک بە هۆی لەدەستدانی مەڕوماڵاتیان هەژارکەوتن، ئەوانەشی ئاژەڵداری و کۆچەرییان پاراست، لە هەلومەرجە نوێیەکەدا بەتەنها ئاژەڵ بەخێوکردن نەیدەتوانی گوزەرانی خێزانەکە دابین بکات. گەڕان بەدوای سەرچاوەی دیکەی بژێوی، ڕووکردنە کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون، کۆچکردن بۆ شارەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی کار، پرۆسەی لەتبوونی خێڵەکانی لێکەوتەوە.[153] لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە کوردناسان تێبینی ئەوەیان کردووە، بەشێکی کورد لە دەرەوەی ڕێکخراوی خێڵ و یەکێتی خێلەکان بوون، بەڵام بەردەوام بوون لە هەڵگرتنی ناوی خێڵەکانیان.[154] لە بارودۆخێکیشدا کە خێڵە کوردییەکان نیشتەجێبوون و دەستبەرداری ژیانی کۆچەریی ببوون، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خزم و کەسوکار و ئەندامانی خێڵەکانیان بە پتەوی هێشتبۆوە، بە تەمەک بوون بەرامبەر ڕابردووی خێڵەکانیان.[155]

کاری کشتوکاڵ لای کۆچەرییەکان وەک کارێکی نەنگ تەماشاکراوە، لەنێو کۆچەرانی ڕاستەقینەدا، کاروباری کشتوکاڵی دەگمەن بوو و ئابوورییەکەی سیمای ئاژەڵ بەخێوکردنێکی تەواوی وەرگرتبوو، کۆچەرییەکان ئەگەر زەبری هێز نەبوایە ملیان بۆ کاری کشتوکاڵی نەدەنا. بەشێک لە کوردناسان، بەکەم تەماشاکردنی کشتوکاڵیان لە لایەن کۆچەرییەکانەوە خستۆتەڕوو. کاتێک

---

(149) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа,С101.
(150) Васильева Е.И. : Курдские историографы о курдских племенах (от Шараф-хана Бидлиси — XVI в. до Мирзы Али-Акбара Курдистани — XIX в.) ,с228.
(151) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материал ам),с 64.
(152) В. Никитин : Курды,сс 231 - 232.
(153) Мусаэлян Ж.С. : Из истории курдского племени сенджаби (конец XVI — начало XX в.) , с84 .
(154) Курдоев К. К., Мусаэлян Ж. С.: К изучению курдских племен (по материалам XVI–XX вв.), Пись менные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XIII годичная научная сесс ия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Октябрь 1977 г. М.: Наука, ГРВЛ, 1977, С31.
(155) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материал ам) ,сс 63- 64

کۆچەرە جەنگاوەرەکان ناچاردەکران نیشتەجێ بن و کاری کشتوکاڵی بکەن، ئەمەیان بە کەمکردنەوە لە نرخ و بایەخی خۆیان دەزانی. (ڤاسیلێڤا) هەستی گوندنشینێکی کوردی دەربارەی نیشتەجێکردنی خێڵەکان و بە کەم زانینی کشتوکاڵ لە سەر زاری (ج.ب.فرێزەر) بەم شێوەیە دەر دەبڕێت:"ڕۆژانی زێڕینی کوردستان بەسەر چوون، ئەو هێز و بریقەی ڕۆح لە کوێ دەبینیتەوە؟ هەموو سوار چاک و جەنگاوەرە ئازاکان تیاچوون. یان بە زۆرە ملێ خراونەتە بەر گاسن. جا ئەمە چۆن جەنگاوەرێک دەبێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت دەستی بەر گاسن کەوتبێت".[156] (ئاراکێلیان)یش ئاماژەی بۆ هەمان بابەت کردووە، کاتێک دەڵێت :" کورد وەک کۆچەر و ئاژەڵدار، زۆر کەم خۆی بە کشتوکاڵ کردنەوە خەریک دەکات. ئەوەندە زەوی دەچێنێت کە بەرهەمەکەی بەشی نانی چەند مانگی زستانی بۆ بکات. ئەگەر کەسێک پاشکەوتی دانەوێڵەی بۆ تەواوی ساڵ هەبێت، بە دەوڵەمەندی دەزانن".[157]

لە بارەی شێوەی ژیانی ئابووریبانەی خەڵکی کوردستان، لە ڕووی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵکردنەوە جیاوازی زۆر دەبینین. بەڕێوەچوونی ئابووری ئاژەڵ بەخێوکردن و ئابووری کشتوکاڵی لە ناوچەکانی کوردستانی زۆر لە یەک جیاوازن. لە ناوچەکانی سنە، ئەسفەنداباد و مەریواندا ئاژەڵ بەخێوکردن لە ڕوووی بایەخی ئابوورییەوە نەدەگەیشتە کشتوکاڵکردن.[158] لە هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن و بانەدا ئاژەڵ بەخێوکردن بنچینەی ئابووری پێک دەهێنا، هەرچی کشتوکاڵە لەم ناوچانەدا سیمایەکی یاریدەدەری هەبوو. کشتوکاڵی ئەردەڵان هێندە پەرەی سەندبوو کە هەندێک نووسەر ئەم ناوچەیەیان بە مەڵبەندی نیشتەجێیی کورد ناودەبرد.[159] (موسائیلیان)یش بە بایەخەوە باس لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی کوردستانی موکریان دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکانی (میانداو، سەڵدوز، سەقز،لاهیجان، شنۆ) بەتەواوی بازاڕی ناوخۆی پڕکردۆتەوە، بەرهەمی ئەم ناوچانە هەناردەی ناوچەکانی دیکەی ئێران و ناوچە دراوسێکانی عێراق لەگەڵ کوردستانی موکریان کراوە.[160] بەڵام لە باسکردنی خێڵی مامەشدا ڕەوشەکە بەجۆرێکی دیکەیە، بە پێی زانیارییەکانی(موسائیلیان) مامەشییەکان لە یەک کاتدا بە شێوەیەکی نەریتی خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ، کشتوکاڵ، ڕستن و چنین بوون. ئەوەی تایبەتە بە خێڵی مەنگوڕ، ئەوان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستیان کرد بە گواستنەوە بۆ کشتوکاڵکردن، بەڵام زەوی و زاری گونجاو کەم بوو، دەرفەتێکیش بۆ فراوانبوونی ڕووبەری زەوییەکانیان نەبوو. هەر بۆیە لەگەڵ کشتوکاڵدا، بەردەوام بوون لەسەر بەخێوکرنی ئاژەڵ.[161]

بە باوەڕی ( نیکیتین) پێویستە گریمانەی ئەوە بکرێت کە کوردە نیشتەجێیەکان لقێکی خێڵە کۆچەرییەکان بوون، بە پێی کات پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتری لاواز بووە و ئەم گروپە نیشتەنیانە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، لە کاتێکدا ئەندامە کۆچەریی و جەنگاوەرەکانی خێڵ کە لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵ دەژیان شێوازێکی ژیانی کەمتر خۆشگوزەرانیان لە نیشتەجێبووەکان گوزەراندووە و سەرچاوەی بژێوییان کەمتر بووە، هەلومەرجە سەخت و ناڵەبارەکان زووتر دەبێتە هۆی پوکانەوەی خێڵێکی کۆچەری وەک لە خێڵێکی نیشتەجێ.[162]

(یو.کارستۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە کوردانی یەکجێنشین، کە لە شارو دەشتاییەکاندا نیشتەجێ بوون، جوتیار و باخەوانێکی سەرسەختبوون، هەندێک جار خۆشگوزەرانییەکی بەرچاویان بەدەست هێناوە.[163] . ئەم تایبەتمەندییە کوردانی نیشتەجێ لە کۆچەری و نیمچە کۆچەرییەکان جیادەکاتەوە و بووە بە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە توێژەران ئەوان بە ڕەگەزێکی جیاواز و تایبەت بناسێنن. سەرباری ئەوەی بەشێکی کوردە نیشتەجێکان (یەکجێنشینەکان) بە خێڵەوە پەیوەستن نین، بەڵام

---

(156) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ۱۰۲.

(157) ئەمیارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ۳۳.

(158) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ۹۳.

(159) Максимович Васильковский п. : Отчет о поездке по губернаторствам Западной Персии (Азе рба йджана и Персидского Курдистана).ч.1-2. Тифлис, 1903, с 127.

(160) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.), С99 .

(161) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах росси йских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в. , с218.

(162) В. Никитин : Курды, с201.

(163) Карцев Ю.С: Указ. соч, С .351.

ئەزموونی پێچەوانەی ئەمەش هەیە، بۆ نموونە کوردانی نیشتەجێی هەکاری پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خێڵەکانی خۆیان نەپچڕاندووە.

پەیوەندییەکانی نێوان کۆچەری و نیشتەجێکان، لە ڕاستیدا هەندێک جار شەڕ ئامێز بوون، بە تایبەتیش لەکاتی کۆچکردندا کە تێپەڕبوونی کۆچەرییەکان بە زەوی جوتیارە نیشتەجێکاندا بوو، بۆیە کەمجار کۆچکردن بە بێ شەڕ و پێکدادان ڕووی دەدا، کۆچەری و جوتیارەکان لەسەر کرێی تێپەڕبوونی ئاژەڵ پێکنەدەهاتن. جوتیارەکان، کۆچەرییەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە زۆر لەسەر خۆ تێپەڕ دەبن و زیان بە لەوەڕگای گوندەکان دەگەیەنن، گەلێک جاریش بە زەبری چەک پرسەکە چارەسەر دەکرا. کۆمەڵانی لادێی بەرامبەر بە ڕێکخراوێکی بەهێزتری وەک خێڵی کۆچەردا توانای بەرگریکردنیان لە خۆیان نەبوو.[164]

کۆچەرییەکان زۆر جار بە دەستکەوتی هێرشەکانیان بۆ سەر کوردانی نیشتەجێ دەژیان. لە نێوان کۆچەری و نیشتەجێکاندا ناکۆکی و ململانێی بەردەوام لەسەر لەوەڕگاکان و کۆچکردنی بەردەوامی ساڵانە و ئازادانەی کۆچەرییەکان هەبووە، پێکدادانی بێشوومار لەسەر لەوەڕگاکان لە نێوانیاندا ڕوویداوە.[165]

لە کاتی ئارامی و هێمنیشدا پەیوەندییەکانیان گەشتۆتە ئاستی ئاڵوگۆڕ و بازرگانی پێکەوە. (ژیگالینا) باس لەوە دەکات کۆچەرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان، گۆشت و شیرەمەنی، خوری و ئاژەڵی بارهەڵگریان بۆ شارەکان دابین دەکرد و لە شارەکاندا پێداویستییەکانی خۆیان دەکڕی. بە پێی گەشەسەندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، وەرزێرانی کورد سەرەکیترین پێداویستییە خواردەمەنییەکانیان بە پلەی یەکەم گەنمیان نەک تەنها بۆ دانیشتوانی گوندەکان بەڵکو بۆ شارنشینەکانیش دابین دەکرد، جوتیارانی کورد بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمە دەستکردەکانی خۆیان لە بازاڕی شارەکاندا دەفرۆشت.[166] (مینۆڕسکی) لە باسکردنی خێلەکانی شاری سنەدا، ئاماژە بە سێ خێڵ (گیوکەشییەکان پینەدۆز)، تۆرنەچی، لور و کڵاوکەر ( کڵاو دروستکەرەکان) دەکات، کە ناوەکانیان واتای پیشە دەگەیەنێت، ئەم خێڵانە تەنها چەند گروپێکی کرێکار یان خێلی کۆچەری پیشەوەرن کە خزمەتی خێڵە کۆچەرییەکان و نیشتەجێکانیان دەکرد.[166] سنوری واقیعی جیاکردنەوەی کۆمەڵگای کۆچەری لە هی نیشتەجێکان، بە زەقی لەو ڕاستییەوە دەستپێدەکات کە هەردوو لا ڕووبەڕووبونەوەی یەکتری قبوڵ بکەن، ئەو سنورە خۆی لەو بەکەم تەماشاکردنەی کۆچەرییەکان بۆ کاری کشتوکاڵی دەبینێتەوە لە ئەنجامدا نیمچە کۆچەرییەکان، کە ئابووری کشتوکاڵی - ئاژەڵ بەخێوکردنی تێکەڵیان بەڕێوەدەبرد، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە جوتیارە نیشتەجێکان نزیک دەبوونەوە، نەک ئاژەڵ بەخێوکەرە کۆچەرییەکان.

### هەشتەم : کەسێتی کورد لە پۆلێنبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا

لە کۆمەڵگای کوردیدا چینە کۆمەڵایەتییەکان لێک جیاوازن، زۆرترین ڕادەی جیاوازیش لە نێوان خەڵکی لادێ، ئەندامانی خێڵ و ئەوانەدایە کە سەر بە خێڵ نین. کوردە خێڵەکییەکان وەک توێژاڵێکی سەرکردە تەماشا کراون، ناخێڵەکییەکانیش وەک خزمەتکار. بە بڕوای(ڤاسیلێڤا) لایەنێکی دیکەی جیاکاری لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، پەیوەندیدارە بە توانای ئابووری و موڵکدارییەوە. (ڤاسیلێڤا) ئەوەی خستۆتەڕوو دەرەبەگە خاوەن زەوییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە (نەوە و بنەماڵەی میرەکان، ئەجیبزادە خێڵەکییەکان، ڕێکخراوی ئاینی و خانەوادەی شێخەکان)پێکهاتوون، لە دەرەوەی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییانە موڵکدارییەتی و خاوەندارییەتی زەوی بە کەمترین ڕادەبووە.[167] (نیکیتین) چینی فەرمانڕەوایانی کوردی بەسەر پێنج گروپدا (مەلا زادە - نەوەکانی مەلایانی زانا و پیاوچاکان، شێخ زادە - نەوەکانی شێخەکان، بەگزادە - خانەوادە ئەجیبزادەییەکان، ئاغازادە- سەرانی خێڵە بچوکەکان، زەڤەخدار (زەوییەدار)* - خەڵکانی سەر بە خانەوادە پیرۆزەکان) پۆلێن کردووە.[168] (مینۆڕسکی) تێبینی

---

(164) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات،ل ١٠٧.

(165) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,сс 27 – 28.

(166) Жигалина О. И. : Курдская городская жизнь иранского Хорасана в конце XIX — начале XX вв., С 150.

(166) ڤلادیمیر مینۆڕسکی : سنە (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی)، ل ٧٦.

(167) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، و.د.ڕەشاد میران، ل ١٢٢، ١٩٥.

* لە وەرگێڕانی ئینکستە ڕووسییەکەی( ب. نیکیتین) (زەڤەخدار) هاتووە، (ڤاسیلیڤا) لە ( کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات) بە هەمان ناو هێناویەتی و ئەنانەت وەرگێڕی کوردی کوردییەکەی بۆ نەدۆزراوەتەوە. (مینتیشاشڤیلی)یش هەمان پۆلێنی بۆ چینە فەرمانڕەواکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، (د.عیزەدین

تەوەی کردووە لەناو خودی خێڵیشدا، دوو گرووپی کۆمەڵایەتی جیاواز لە یەک هەیە، گرووپی یەکەمیان جەنگاوەرەکانن ( ئەمانە سەرۆکی خێڵەکان، ئاغا و خاوەن زەوی و دەست و پێوەندەکانیانن)، گرووپی دووەمیان جوتیارەکان (ڕەعیەت) واتە مسکینەکانن، ئەمان بە شێوەیەکی مام ناوەندی وەک نیمچە کۆیلەی زەوی بوون، بەڵام هەستی پەیوەندی خێزانی بە تایبەتی پەیوەندی بە ئاغاوە هەستێکی شانازی بووە بە خزمایەتییەوە، بە ڕادەیەک بۆتە بەشێک لە ژیانیان.[169]

چینە باڵاو فەرمانڕەواکەی کۆمەڵگەی کوردی، لە هەرەمی سیستێمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا جێ پێی خۆی قایم کردبوو،وەک سەردار و ڕێبەری کۆمەڵایەتی، گەورە موڵکدار و بنەماڵەی پیرۆزەکان کاریگەری زۆریان لەسەر کەسێتی کورد بە گشتی هەبووە. لەم ڕووەوە (ئاراکێلیان) ئاماژەی بەوە کردووە، چینی ئاغاکان و خاوەن زەوییەکان کاریگەری یەکجار زۆریان لەسەر خەڵکی ئاسایی هەبووە.[170] (ڤاسیلیڤا) خۆ دابڕینی چینە باڵاکەی کۆمەڵگەی کوردی لە خەڵکی ئاسایی، لە ڕێگەی خۆپارێزی ئەندامانی خانەوادەی بەگ لە ئەنجامدانی ژن و ژنخوازی لەگەڵ خەڵکی خێڵەکی خستۆتەڕوو.[171] (نیکیتین) بە پشت بەستن بە زانیاریی ژمارەیەک لە گەڕیدەکان کە هاتونەتە کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کەسێتی کورد زۆر لەوە سڵەمیوەتەوە لە بەردەم گەورەکەیدا ( ئاغا) بە دیارییەکی نەشیاو دەربکەوێت. کاتێک دەچنە لای ئاغاکانیان، هەوڵ دەدەن دیارییەک(مەڕێک، بزنێک، بەرخێک)ی پێبەخشن. هاوکات ئاغاکان دوو لەسەر پێنجی (هەندێک جار زیاتر)ی داهاتی دانیشتوانی ژێردەسەڵاتی بۆ خۆی بردووە.[172]

دەربارەی کەسێتی(ئاغا)ی کورد، ڕای جیاوازی کوردناسان جێگەی سەرنجە. ئاراکێلیان ئاماژە بەوە دەکات ئاغایانی کورد جگە لە هەڵگیرساندنی شەڕ و هەڵگرتنی چەکوچۆڵ و غارکردن بە ئەسپ، کارو گوزەرانێکی دیکەیان نەبووە، هیچ کارێکیان نەکردووە و تەوان کارکردن لەسەر زەوی، کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و پیشەوەری وەک سوکایەتی هەڵدەسەنگێنن.[173] (مینتیشاشڤیلی) دەربارەی کەسێتی (سەرۆک خێڵ، شێخ)ەکانی کوردستانی تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئاماژە بەوە دەکات بەرامبەر بە (ڕەعییەت)، زۆرتر وەک خاوەن زەوی گەورە خۆیان دەنواند، یان وەک گەورەی تەریقەت یان وەک فەرمانبەر کە حکومەت دەسەڵاتی تەواوەتی لە سەرکوتکردن و باج کۆکردنەوە پێبەخشیبوون دەردەکەوتوون. ئەم تایبەتمەندییە زۆرانەی کە حکومەت دابووی پێیان، ڕەنگدانەوەی لەسەر (ڕەعییەت) هەبوو، بەجۆرێک کە ( سەرۆک خێڵ، شێخ)ەکانی وەک زۆردارێک نیشانی (ڕەعییەت) دەدا.[174] بەڵام لە دیدی (مینۆڕسکی)دا کەسێتی ئاغای کورد خانەدانی و سەخاوەتی تێدا بەدی دەکرێت، بە ڕادەیەک هەر لەگەڵ یەکەم بینیندا دەتوانرێت لە جوتیارەکان جیا بکرێتەوە، هەرچەندە توانایەکی فراوانی لە دەسەڵات و داگیرکردندا هەیە.[175] ڕای جیاوازی ئەم کوردناسانە دەربارەی کەسێتی دەرەبەگ و ئاغای کورد، زیاد لە هۆکارێکی لە پشتە. لە ڕووی کات و مێژووەوە (ئاراکێلیان) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم وەک ڕۆژنامەنوس هاتۆتە ناوچەکانی کوردستانی ئێران، لە کاتێکدا کە بارودۆخێکی دژواری سیاسی و کۆمەڵایەتی باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشابوو، ئەویش پەیوەندیدار بووە بە جوڵانەوەی (شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە ١٨٨٠ز). مینۆڕسکی وەک دبلۆماتی ڕووسیای قەیسەری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستان ژیاوە، ئەو بە حوکمی پێگە فەرمییەکەی و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ دەرەبەگ و ئاغا و سەرۆک خێڵەکان، هەمیشە میوانداری کراوە و ڕێزی زۆری لێنراوە. ئەوەی تایبەتە بە مینتیشاشڤیلی ئەو لە قۆناغێکی جیاوازتر لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت و بە پێی سەرچاوە و کەرەستەکانی بەردەستی لێکۆڵینەوەی دەربارەی کورد کردووە. هەربۆیە هەر یەک لەم

---

مستەفا ڕەسوڵ) وەرگێڕی کوردی (زەڤەخدار)ی کردووە بە ( زەوییەدار)، بە بۆچوونی ئێمە دەبێت مەبەست لەم چینە بنەماڵەی ( سەید)ەکان بێت. بڕوانە : مینتیشاشڤیلی : س.پ، ل ١٤٧؛ ی.ی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل١٩٩.

(168) В. Никитин : Курды,с 204.

(169) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ٧٣.

(170) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٢ - ٢٣.

(171) Васильева Е. И.: Версии (инородного) происхождения знатных курдских фамилий как социальн ый феномен, С.106

(172) В. Никитин : Курды,с 223.

(173) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٣.

(174) أ.م. مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل ١٨٣.

(175) مینۆڕسکی : کورد تێبینی و وردبوونەوە، ل ٧٥.

کوردناسانە، لە سەردەمێکی جیاواز، دەربارەی کەسێتی ئاغا و دەرەبەگانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لە ڕوانگەی جیاوازیشەوە هەڵسەنگاندیان کردووە.

(ئاراکێلیان) دەربارەی دەسەڵات و مافی ئاغایانی کورد، ئاماژە بەوە دەکات ئاغا مافی زەوتکردنی تەواوی ماڵ و سامانی (ڕەعییەت) بە خۆیان ڕەوا دەبینن، لە بەرامبەردا ڕەعییەت ناتوانێت هیچ بەرگرییەک لە خۆی بکات. ئەگەر ئاغا یان کەسێکی دیاری خێڵێکی کورد، لە جوتیارێکی خێڵێکی تر دەست بوەشێنێت یان بێڕێزی پێبکات، ئەو جوتیارە مافی بەرگریکردنی لە خۆی نییە و تەنها دەتوانێت سکاڵا لای ئاغا یان کەسی دیاری خێڵەکەی خۆی بکات، ئەوانیش لەوانەیە داوا لەوانی تر بکەن تا جوتیارەکە ڕازی بکەن.[176] (ف. چێرنۆزوبۆڤ) سەرباری هاوهەڵوێستی لەگەڵ (ئاراکێلیان)، ئاماژەش بەوە دەکات خاوەن زەوی دەیتوانی هەموو شتێک لە جوتیار بسێنێت، تەمیش مافی بەرهەڵستیکردنی نەبوو، بۆ سزادانی جوتیار تەنانەت قامچی تایبەت هەبوو.[177]

چینی خەڵکی ئاسایی (ڕەعییەت)، لە وەرزێر و جوتیارانی کارکەر و بێبەش لە خاوەندارییەتی زەوی و زار و سامان پێکهاتبوون، کە لە ژێر دەسەڵاتی چینی نەجیبزادەی، ئاغا، بەگ و نەوەی میران و خاوەندارانی سامان و زەوی و زار فەرمانبەری دەکران.[178] ڕەوشی ئەم چینە بە جۆرێک بووە، کە بە ڕەوشی کۆیلەیەک بەراورد دەکرا. لەم ڕووەوە (ڤاسیلێڤا) ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی جوتیارێکی نا خێڵەکی لەگەڵ بارودۆخی کۆیلەیەک بەراورد دەکرا، لە کۆمەڵگادا ڕەوشێکی وا بەرقەراربوو کە مالیک دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەبوو، جوتیاریش تەنها سایکۆلۆژیای هەستکردن بە سوکایەتی بۆ مابۆوە.[179] (مینتیشاشڤیلی)یش لەم ڕووەوە دەڵێت:" بە بێ ڕەچاوکردنی ئازادی هەموو موسوڵمانان، لە ڕاستیدا ڕەوشی جوتیار لە حاڵی کۆیلەیدایە".[180] (ڤاسیلێڤا) باس لە جوتیارەکانی سەر بە خێڵەکانی هەمەوەند و دزەییەکان دەکات، کە بە زەوییەکانیانەوە لکێندرابوون. ئەمان موڵکی ئاغای خێڵەکان بوون و نەیاندەتوانی ئاغای خۆیان بگۆڕن.[181] (مینتیشاشڤیلی)یش ئاماژەی بەوە کردووە، کە دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکان لە کوردستانی ئێراندا، دەسەڵاتێکی گەورەیان هەبووە. جوتیارانیان بە موڵکی خۆیان دەزانی، پەیوەندییە خێڵەکییەکان توانای ئەوەی پێبەخشیبوون کە بە ناوی (سەرپەرشتی باوکانە، سەرپەرشتی ئەندامانی خێڵ)ەوە بە شێوەیەکی خراپ جوتیاران بچەوسێننەوە. ئەندامە ئاساییەکانی خێڵیش، ئەمانیان بە گەورەی خۆیان دەزانی، کە دەبوو ڕێزیان لێبنێن و ملکەچبن بۆیان.[182]

بە شێوەکی گشتی کەسێتی کوردە یەکجێنشینەکان، لە ڕوانگەی خێڵ و ئەندامانیەوە بە (ڕەعییەت) ناسێنراون و وەک کەسایەتییەکی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. ڕەعیەت بە زەحمەت دەیتوانی ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا هەبێت، هەمیشە بڕیاری یەکلایکەرەوە بۆ سەرۆکی خێڵ و ئەندامانی خێڵە کۆچەری و نیمچە کۆچەرییەکان بووە. (ڕەعییەت) وەک سەرمایەیەکی بەرهەمهێنان و دەستی کار مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە دیدی ئەندامانی خێڵدا (ڕەعییەت) بە کەڵکی شەڕ نەدەهات. کەسێتی کۆچەرییەکان بە بەراورد بە نیشتەجێکان، پێگەیەکی باشتریان هەبووە و زیاتر ڕێزلێگیراو بوون. کەسێتی نیشتەجێکان بەشی هەرە چەوساوەی دانیشتوانی کوردستان بوون، لە زۆر ماف بێبەش بوون.[183] (نیکیتین) لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات، ڕەعییەتی کوردی لە ناو سیستێمێکی ئاڵۆز و پڕ لە ئەرکی دەرەبەگایەتی و پێدانی باج بە ئاغا دەرەبەگەکان و بریکارەکانیان (ڕیش سپی و کوێخاکانیان) ژیانیان بردۆتە سەر.[184] چونکە فاکتەرێکی دیکەی چەوساندنەوەی جوتیاران، دەرکەوتنی گرووپی کۆمەڵایەتی (کوێخا) بوو. لەبەر ئەوەی موڵکداران لە گوندەکانی خۆیاندا نەدەژیان، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی لە گوندەکان پیرێک

---

(176) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٣.

(177) Чернозубов Ф.:Страна Льва и Солнца, Арделян или Персидский Курдистан, (Краткий географи ческий очерк по персидским и армянским источникам), ИШҚво, 3-я треть, м 33, 1911,с 19, 25.

(178) ئامبارتسووم ئاراکێلیان : س.پ، ل ٢٢.

(179) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروی خۆرهەڵات، ل ١٢٤.

(180) أ.م.میتنیشاشڤیلی: س.پ، ل ١٨٣.

(181) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خواروی خۆرهەڵات، ل ١٢٣.

(182) أ.م.میتنیشاشڤیلی: س.پ، ل ١٨٩

(183) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна: Указ. соч,с 24,26.

(184) В. Никитин : Курды,с 222.

دەستیشان دەکرا و دەبوو بە (کوێخا). خاوەن زەوییەکان، ساڵی جارێک لە کاتی دروێنەی دەغڵ و دان سەریان لە گوندەکانیان دەدا. لەم جۆرە سەردانانەیاندا، ڕوتاندنەوەیەکی سەیری جوتیارانیشی لەگەڵدا بوو. دەرەبەگ کە جوتیاری کوردی ڕوتدەکردەوە، هەرگیز بەلایەوە گرنگ نەبوو کە بۆ ساڵی ئاییندە دەمێنێتەوە یان چی بەسەر دێت. واش ڕێککەوتووە کە دەرەبەگەکان خۆیان نەدەچوون بۆ سەر زەوییەکانیان، ئەو کاتە کاری ڕووتاندنەوەی جوتیاران لە لایەن کوێخاوە ئەنجام دەدرا.[185]

لە لایەکی دیکە بەشی هەرە زۆری جوتیار بێ زەوی بوون، بە کرێگرتنی زەوی بەربڵاوترین وێنەی چەوساندنەوەی جوتیارانی نیشان دەدا، چونکە خاوەن زەوییەکان لەم ڕێگەیەوە جوتیارانیان دەچەوساندەوە. بۆ ئەوەی زەوییەکان بە کرێ بدرێن، پارچە زەوی گەورە دابەش دەکران بەسەر پارچەی بچوکدا. خاوەن زەوییەکان موڵکەکانی خۆیان لە ڕێگەی کەسێکەوە (مولتەزیم) بە کرێ دەدا. ئەویش زەوییەکەی دەکرد بە پارچەی بچوک بچوک و بە کرێی مەرجدار بە جوتیاری دەدا.[186] (ڤاسیلێڤا) سەرباری هاوڕایی لەگەڵ (مینتیشاشڤیلی)، ئاماژە بەوە دەکات خاوەن زەوی پارچە زەوییەکانی بە مەرجی جۆراوجۆر بەکرێ دەدا، ئەگەر کرێچی خزمی خاوەن زەوی بووبا، هەلومەرجی بەکرێگرتن هێندێک ئاسانتر بوو.[187] سەرباری چونە ژێرباری مەرجە جۆربەجۆرەکانی خاوەن زەوی، ئەوەی ڕەوشی جوتیارانی سەختترکردبوو، دەستەی (مولتەزیم)ەکان بوون. چەندێک ئەم دەستەیە فراوانتر بووبا، هێندەش ڕەوشی جوتیار سەختتر دەبوو. چەندێک ژمارەی دەڵاڵی قۆرخکار زۆرتربووبا، بە پێی ئەوە بەرهەمی جوتیار کەمتر دەبوو. لە ئاستێکی دیکەدا، ئەم دەڵاڵانە مافی کۆکردنەوەی باجیشیان هەبوو.[188]

### باسی سێیەم : پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت

گەلێک فاکتەر، بوونەتە ڕێگر لە بەردەم دروستنەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆی کوردی. نەبوونی دەوڵەت، کوردی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوچەییەکان و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتە جیاوازانەدا، ژیانی گوزەراندووە. هەرچەندە لە مێژووی کورددا، گەلێک کەس و بنەماڵەی وا هەڵکەوتوون کە پلەی شاهانەیان هەبووە و ناوبانگیان بەجیهاندا بڵاوبۆتەوە. بەڵام ئاستی کامڵبوونی سیاسی کورد تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمیش، هەر میرنیشینی بووە. لە کوردستاندا، ناوەندگەرایی (مەرکەزییەت) هەمیشە سیمای ناوچەیی هەبووە.[1]

ڕەوشی سیاسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەهۆی دابەشبوونی خاکی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، بەربەستی بۆ یەکگرتنێکی نەتەوەیی لە نێوان خێڵە کوردییەکاندا دروست کردبوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە ڕەوشی خێڵە کوردییەکان، دژوار و سەخت بووە. بەجۆرێک ئەگەر پێشتر لە لایەن سەرکردە و ڕێبەرە نێوخۆییەکان فشار لەسەر کەسێتی کورد هەبووبا، لەلایەن حوکمڕانانی دەوڵەتانی(عوسمانی، ئێران)ی ستەم و چەوساندنەوە ئەنجام درابان، ئەوا لەم قۆناغەدا بە پێی گەشەسەندنی بەرژەوەندییەکانیان ستەمی وڵاتە زلهێزەکانیشی هاتە سەر.[2]

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بەهۆی پرۆسەی سەنتراڵیزەکردنی دەوڵەتی عوسمانی، میرنشینە کوردییەکان لە نێو بران. ئەمەش ڕەوشێکی نوێی، لە ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هێنایە کایەوە. دروستبوونی بۆشایی هێز و نەبوونی دەسەڵات، بەرچاوترین سیمای سیاسی ناوچەکانی کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بووە. بە ڕادەیەک، پاش کۆتایهێنان بە ڕاپەڕینی (بەدرخان پاشا ۱۸۰۲ - ۱۸٦٧ز)ی میری میرنیشینی بۆتان، هیچ سەرکردەیەکی کارا و ناسراو نەبوو کە بتوانێت کۆنترۆڵی ڕەوشی سیاسی کورد بکات و پشتیوانی خێڵە کوردییەکان بەدەست بهێنێت. لە نەبوونی سەرکردەیەکی لەو شێوەیەدا، ناکۆکی خێڵەکی و توندوتیژی بڵاوبۆوە. تەنانەت خێڵە بچوکەکانیش، دەستیان لە توندوتیژی و ئازاردانی ئەرمەنی و گەلانی دیکە نەدەپاراست.[3]

---

(185) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ۱۲۵ - ۱۲٦.

(186) أ.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل ۱۸۰.

(187) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ۱۲۲.

(188) أ.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل ۱۸۰ - ۱۸۱.

(1) ی.نی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ۱۵.

(2) Аманж Ахмед Мустафа : Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа, Указ. соч

(3) АБАК Тибет : КУРДСКИЙ ВОПРОС В ПОЛИТИКЕ МЛАДОТУРОК В ПРЕДДВЕРИИ ПЕРВОЙ МИРОВО ВОЙНЫ И КУРДСКАЯ ПОЛИТИКА РОССИЙСКОЙ ИМПЕРИИ (1908 – 1914 гг.),дисс

هەرچەندە پێش ئەم سەردەمە، چەندین جوڵانەوەی کوردی لە دژی دەوڵەتانی (ئێران ، عوسمانی) ڕوویاندابوو. بەڵام سەدەی نۆزدەیەم لە لایەک ببووە سەردەمی چالاکی دزەکردنی زلهێزەکانی ئەوروپا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەکی دیکە لە ڕووداوەکانی ژیانی ناوخۆی وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕۆڵیان هەبوو. لێرەشەوە کردەوەی دژە دەسەڵاتی کەسێتی کورد، بۆتە جێگەی سەرنجی دەوڵەتە ئەوروپییەکان. کێشەی کورد لەم سەدەیەدا، لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی گرنگی هەبووە. بەم شێوەیە، سەدەی نۆزدەیەم سەدەیەکە تیایدا بزووتنەوە کوردییەکان دەبنە جێگەی سەرنج و بایەخی ئەوروپا. هاوکات لە سروشتی ئەو بزوتنەوە کوردییانەشدا، گۆڕانکاری بنەڕەتی ڕوودەدات. بە جۆرێک هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد لە جوداخوازی فیوداڵییەوە، بۆ چەکەرەکردنی خەباتی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت.[4] ئەم ڕەوشەش لە لایەن (لازارێڤ)ەوە بە شێوەیەک گوزارشتی لێکراوە، کە لە لایەک خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردی بە شێوەیەکی ئۆرگانیک وابەستەیە بە دروستبوونی قەیران لە ژیانی خێڵەکییانەی کەسێتی کورد و پرۆسەی جێگیربوونییانەوە، لە لایەکی دیکە باسی لە بنەبڕکردنی تایبەتمەندییە فیوداڵییەکان و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی نەتەوە لە نێو خێڵە کوردییەکاندا کردووە.[5]

ئەوەی ئاشکرایە ڕاپەڕینە کوردییەکان، سەرۆک خێڵ و دەرەبەگ و سەرکردە ئاینییەکان ڕێنوێنیان کردووە. ژمارەیەکی کەمی ئەو سەرکردانە توانیویانە بانگەشەی نەتەوەیی بکەن، یان ڕۆڵی ناسیۆنالیستی ڕاستەقینە بگێڕن. زۆربەی کات، کۆمەڵێک خێڵ لە دەوری ڕاپەڕینەکان کۆدەبوونەوە، یان لە ڕووبەڕووبونەوەدا هێزەکانی حکومەت سەرکوتیان دەکردن، یان لە ئەنجامی دەستپێشخەری سەرۆکەکانیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتدا بە خێرایی دەپوکانەوە. بێگومان ئەم بزوتنەوانە کاریگەرییان کەم بوو، نەیانتوانیوە سەربەخۆیی بۆ کورد دەستەبەر بکەن.[6]

کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت، بەشێکی گرنگی کارەکانیان بۆ نوسینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد تەرخان کردووە. بەرهەمەکانی ئەم بوارە، زۆر کەلێن و قۆناغی گرنگ و ئاڵۆزی مێژووی کوردیان ڕوونکردۆتەوە. لەم باسەماندا، بە پشت بەستن بە بەرهەمەکانی ئەو کوردناسانە، لێکۆڵینەوە دەربارەی پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٨٥٠ - ١٩٣٩ز) دەکەین. ئەم ماوە مێژووییەی کورد، قۆناغێکی گرنگ و هەستیارە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا، سەردەمێکی پڕ ڕووداوی گرنگ و گۆڕانکارییە. لەم باسەدا، سەرنجمان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردیدا ڕویانداوە، نەک گێڕانەوەیەکی مێژووی ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش پۆلێنبەندییەکمان بۆ پەرەسەندی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد بە پێی ڕووداوە سیاسییەکان کردووە.

---

ертации на соискание ученой степени кандидата исторических наук, Специальность: Всеобщая история .(Новое и новейшее время),Работа выполнена в Центре изучения стран Ближнего и Среднего Востока Федерального государственногобюдже тного учреждения науки «Институт востоко ведения РАН» ,Москва,2017,с33.

[4] Жабриков А. П.:«Тарих-е тогйан-е акрад» как источник по истории движения курдов 1880 года, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения),1988 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1990. С. 28

[5] М. С. Лазарев. Курдский вопрос, 1891 – 1917,с4.

[6] Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

### تەوەری یەکەم : هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد و بزوتنەوەی کوردی لە سەردەمی جەنگی قرم

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تا سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی، کەسێتی کورد بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانی و ئاواکردنی کیانێکی سەربەخۆ خەباتی کردووە. بەردەوامیش لە لایەن دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتە ناوچەییەکان سەرکوت کراوە، بەڵام کورد بۆ سەندنی مافەکانی هەر لە خەبات بەردەوام بووە. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عوسمانی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ببووە هۆی شکستی بزوتنەوە کوردییەکان و لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان. هێشتا سوپاکە جێ پێی خۆی لە کوردستاندا قایم نەکردبوو، جەنگێکی نوێ لەگەڵ ڕووسیا لە ( ١٨٥٣ - ١٨٥٦ز) بەرۆکی گرت. لەم بارودۆخەدا بەهۆی ئەو هێرشانەی سوپای تورک کردبوونییە سەر کوردستان و لە هەمان کاتدا دەوڵەتی عوسمانی چەندین سەرکردەی کوردی بە توانا و خاوەن پێگەی دەرکرد، کینە و ڕقی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی زیادبیوو، دەوڵەت ئەو بنکە جەماوەرییەشی لە کیس چوو کە پشتی پێدەبەست.[7]

بەرپابوونی جەنگی قرم ( ١٨٥٣ - ١٨٥٦ز) دەرفەتی گونجاوی بۆ بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی ڕەخساند، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان. چونکە عوسمانیەکان لە دۆخی جەنگدا، دەسەڵاتیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان لاواز ببوو. [8] لەم هەلومەرجەدا، هەندێک لە سەردارانی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، سەرقاڵبوونی سوپای عوسمانیان بە جەنگی (قرم)ەوە لە بەڵقان و ئەودیو قەفقاز بە هەل زانی بۆ دەستخستنی سەربەخۆییان، هەندێک لەو کوردانەش کە ناوچەکەیان ببوە مەیدانی جەنگ، لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆدا ناچارکران بەشداری جەنگ بکەن و پشتگیری عوسمانییەکان بکەن.[9] بەڵام زۆرینەی کوردی دەوڵەتی عوسمانی، نەیاندەویست یارمەتی سوپای عوسمانی بدەن و بەو یارمەتییە بەهێزی بکەن. ژمارەیەکی زۆریش، لە پشتەوە پەلاماری سوپای عوسمانیەکانیان دا. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (٨) هەزار سوارەی کورد، بە بێ ئەوەی سودێکی ئەوتۆیان پێبگەیەنن وازیان لە سوپای عوسمانی نەهێنا.[10]

(ئەڤێریانۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو کوردانەی بەشداربوون لە سوپای عوسمانی نەك هەر بە لایانەوە گرنگ نەبووە کە سوپای عوسمانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت یاخود نا، بەڵکو لە دڵەوە حەزیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەبووە.[11] بەشداری کورد لە ڕیزی سوپاری عوسمانیدا، وەک پێویست و بە پێی خواستەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو. چونکە بە پێی پێویست شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی نەدەکرد. تەنانەت ئەو ژمارەیەش کە لەگەڵ عوسمانییەکان بەشدارییان لە یەکەم جەنگی گەورەی بەرەی قەفقاز لە پایزی (١٨٥٣ز) کرد، دوای گورزوەشاندنەکەی ڕووسیا، وازیان لە پشتیوانی عوسمانییەکان هێنا و هێزەکانی کورد چەکەکانیان پێچەوانە کردوە و زیانێکی زۆر بەر سوپای عوسمانییەکان کەوت.[12]

لەم بارودۆخەدا، خێڵە کوردییەکان سەرنجی ڕووسیایان ڕاکێشا، کاتێک لەشکری ڕووس لە مەیدانی جەنگی لەگەڵ عوسمانییەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بە سەرکەوتنی ڕووسیا لە مەیدانی جەنگدا مەیلی نزیکبوونەوەی کورد لە ڕووسیا زیادی کرد لە لایەکی دیکە ڕووسیا بۆ بەهێزکردنی پێگەی سوپاکەیان، گرنگییەکی زۆریان بە نزیکبوونەوە لە کورد دەدا. ئەو دوو لەشکرەی سوارە کوردییەکان کە بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئاغا، ئەحمەد ئاغا * لە ڕیزی سوپای ڕووسیادا بوون، ڕۆڵێکی سیاسی گرنگیان گێڕاوە. لە سەروبەندی جەنگی قرمدا، خێڵە کوردییەکان فاکتەرێکی گرنگی چاوتێبڕینی ڕووسیا بوون. بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا، ڕووسیا (م.ن.لۆریس - مەلیکۆڤ) کە لە نێو کورددا خۆشەویست بوو ڕاسپارد. ناوبراو پێشنیاری نزیکبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان کرد، بۆ ئەوەی مەیلیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، پێشنیاری کرد دیاری و پلەی سەربازییان پێبدرێت. لە

---

(7) م.س.لازاریف، م.أ.حسرتیان، جنیلی جلیل، شاکرو محویان، أولغا جیغالینا : الحرکة الکوردیة في العصر الحدیث، ت. د.عبدی حاجی، الطبعة الثانیة، مطبعة (خاني)، دهوك، ٢٠١٢، ص ٢٥.

(8) АБАК Тибет: Указ. соч, с33.

(9) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ٩٩.

(10) م.س.لازاریڤ: کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە د. کاوس قەفتان، بەشی یەکەم، مطبعة الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩، ل ٥٠.

(11) Аверьянов П.И.: Указ. соч, сс 140 – 141.

(12) م.س.لازاریف و اخرون: الحرکة الکوردیة في العصر الحدیث، ص ٢٦.

* بۆ بینینی وێنەی جەعفەر ئاغا ،کۆمەڵێک ئەفسەر و سەربازی کورد لە ڕیزی سوپای ڕووسیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٧)

سەرەتای جەنگەکە ڕووسەکان لەگەڵ یەکێک لە سەرداره بەهێزەکانی کورد (قاسم خان) کەوتنە گفتوگۆ، بە هیوای ئەوەبوون کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ( قاسم خان) پێگەی خۆیان لە ناوچەکە بەهێز بکەن.[13]

سەرکەوتنەکانی ڕووسیا لە مەیدانی جەنگ و داگیرکردنی بایەزید، بیووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری کورد بەلای ڕووسیادا و کاریگەریشی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبووە. بە سوود وەرگرتن لەم ڕەوشە، (یەزدانشێر) لە (١٨٥٣ز) ڕاپەڕینی بەرپاکرد. ڕاپەڕینەکە ناوچە کوردییەکانی لە (وان بۆ موسڵ) گرتەوە.[14] لەم قۆناغە مێژووییەدا، هەردوو دەوڵەتی (ڕووسیا، عوسمانی) هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە سود لە کورد وەربگرن و لە ململانێ و جەنگەکەی نێوانیاندا کورد فاکتەرێکی یەکلایکەرەوە بێت. هەربۆیە کەسێتی کورد لەم ڕەوشەدا، کەوتۆتە بەردەم چاوتێبڕین و سەرنجی دوو ئاڕاستەی پێچەوانە و دژبەیەک. هەرچی ئاڕاستەی سێیەمە، ئاڕاستەیەکی سەربەخۆخوازیی کوردییە و هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی دەدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پێویست بوو ڕووبەڕووی عوسمانییەکان بێتەوە و سودیش لە ڕووسیا وەربگرێت.

سەرچاوەی بێزاری کورد لە عوسمانییەکان لەوەوە بوو، کە لەشکری عوسمانی بۆ کۆکردنەوەی باج زوو زوو دەهاتنە ناوچە کوردییەکان، هەمیشەش لەگەڵ باج وەرگرەکاندا، لەشکرێکی زۆر دەهاتە ناوچەکە. بەم هۆیەوە ناکۆکی و ئاژاوە بە بەردەوامی لە نێوان کورد و لەشکری عوسمانیدا هەبووە. (یەزدانشێر) پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەن و ئاسوورییەکان بونیاد نا، سەیری باری جەنگیان دەکرد بۆ ئەوەی لە یەکەم هەلی بێهێز بوونی عوسمانییەکاندا، پەلاماری لەشکرەکەی بدەن. هەربۆیە نارەزایی کورد، هاوکارێکی گرنگی (یەزدانشێر) بووە لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕاپەڕینەکەیدا. ئەو بانگەشەی (نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە نێوماندا) دەکرد. لە لایەن کوردەکانی ( هەکاری، بۆتان، و ناوچەکانی تری کوردستان) پشتگیری (یەزدانشێر) کرا، هەروەک ئاسووری و ئەرمەنییەکانیش پشتیوانیان کرد.[15]

ڕاپەڕینەکەی (یەزدانشێر) بە خێرایی بڵاوبۆوە دانیشتوانی کورد لە باشووری (وان، موکس) بە سەرۆکایەتی (تیلی بەگ) هاتنە پاڵ ڕاپەڕینەکە، هاوکات دانیشتوانی دیکەی مەسیحی (ئاسوورییەکان) یارمەتییەکی زۆری ڕاپەڕینەکەیاندا. بەرفراوانی ڕاپەڕینەکە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری خستە دەروونی دەسەڵاتدارانەوە، بە جۆرێک هێزەکانی ( یەزدانشێر) توانیان دەست بەسەر ناوچەیەکی بەرین (لە باشووری دەریاچەی وان تا موسڵ) بگرن. لە ( ١٨٥٥ز)ژمارەی هێزەکان گەیشتنە ( ٣٠) هەزار چەکدار. لە کاتی گرتنی موسڵ، هێزەکان توانییان دەست بەسەر کارگەی پیشەسازی تۆپدا بگرن، دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی شاربەدەر بکەن. ئێزدییەکانیش هاوکارییەکی زۆری ڕاپەڕینەکەیان لە گرتنی شاری ( سیرت) کرد.[16] جوڵانەوەی یەزدان شێر تادەهات بەهێزتر و فراوانتر دەبوو، هێزەکانی دەستیان بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا گرت. [17] تا ساڵی ( ١٨٥٥ز) هێزەکانی ( یەزدانشێر) ژمارەیان ( ٣٠) هەزار کەس بووە، دواتر بە هۆی هاوکاریکردنی ئێزدییەکان بۆ ڕاپەڕینەکە لە سەروبەندی گرتنی موسڵدا، ژمارەی هێزەکانی ڕاپەڕینەکە بۆ (١٦٠) هەزار جەنگاوەر بەرزبۆوە.[18]

بە مەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و وەرگرتنی هاوکاری لە ڕووسیا، (یەزدانشێر) زیاتر لە جارێک هەوڵی بونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسەکان داوە، ئامانجی ئەم هەوڵانەش دروستکردنی هەماهەنگی بۆ هێرشکردنی هاوبەش لە دژی عوسمانییەکان بوو.[19] هەوڵی پەیوەندیەکانی (یەزدانشێر) لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی ڕووسیا لە بەرەی ( یەریڤان) بوو. دوای ئەوەی ڕووسەکان شاری بایەزیدیان داگیرکرد، یەزدانشێر پێنج جار نامەی بۆ فەرماندەکانی ڕووس نارد، داوای ئەوەی لێکردن کە تۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە بەرەی باشوور توند بکەن. سوربوو لەسەر یەکخستنی هێزەکانی لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا لە نزیک بەدلیس، تا دواتر ئەم هێزانە پێکەوە بەرەو ئەرزڕۆم پێشڕەوی بکەن. بەڵام نامەکانی ( یەزدان شێر) نەگەیشتنە ڕووسەکان، لەم ڕووەوە (لیخۆتین) سوپاسالاری یەکەی یەریڤان ئاماژە بەوە دەکات، تەنانەت ئەگەر فەرماندە سەربازییەکانی

---

(13) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل٩٩ - ١٠٠.

(14) АБАК Тибет: Указ. соч, с33.

(15) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١٠٤، ١٠٦ - ١٠٧.

(16) م.س.لازاریف و اخرون : الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٢٧.

(17) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١٠٨.

(18) م.س.لازاریف، م.أ.حسرتیان، جنیلی جلیل، شاکرۆ محۆیان، ئۆلگا جیگالینا: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣١.

(19) АБАК Тибет : Указ. соч, с 35.

ڕووس نامەکانیشیان بەدەست گەیشتبا، تەوەی بەدوور زانیوە کە هیچ ڕیوشوێنێک بگرنە بەر، چونکە یەکەی یەریڤان بەر لە هاتنی وەرزی زستان هێرشەکانی ڕاگرتبوو.[20]

(لازاریڤ) تەوەی خستۆتەڕوو، یارمەتینەدانی (یەزدانشێر) لە لایەن ڕووسەکانەوە، بە زۆری بەهۆی تاکتیکی جەنگەوە بوو. لە لایەکی دیکە، ئەوە بە ڕووسەکان گەیەندرابوو کە دۆخی سیاسی ناوخۆی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە نوشوستیدایە. بەدەمەوە نەهاتنی ڕووسەکان بۆ دەستپێشخەرییەکەی ( یەزدانشێر)، ڕاپەڕینەکەی خستە دۆخێکی قورس و ناهەموارەوە. چونکە بەو هێز و توانایەی هەیانبوو، دەرەقەتی هێزی سوپایی عوسمانییەکان نەدەهاتن.[21] بەڵام (خالفین) باس لەوە دەکات، لەو کاتەی کە ڕاپەڕینەکە دادەمرکێنرایەوە نوێنەری (یەزدانشێر) گەشتبووە لای فەرماندەی لەشکری ڕووس لە یەریڤان و پێشنیارەکانی (یەزدانشێر)ی پێ ڕاگەیاند، کە لەشکری ڕووس هێرش بکەنە سەر موش و بەدلیس و لەگەڵ ڕاپەڕینەکە یەکبگرنەوە. فەرماندەیی لەشکری ڕووس لە زوودوە گوێی خۆی لەمە خەفاندبوو.[22] نەبوونی پەیوەندی پێش وەختە و بەرنامەسازی و پلانی هاوکاری لەگەڵ ڕووسەکاندا، ڕاپەڕینەکەی لاوازکردبوو. چونکە لە کات و ساتێکدا سەرانی ڕاپەڕینەکە هەوڵی بونیادنانی پەیوەندییان لەگەڵ ڕووسیا دابوو. کە ڕەوشەکە بە هۆی سەختی کەشوهەوا، نەگەیشتنی نوێنەرەکان، گۆڕینی پلان و ستراتیژی جەنگی ڕووسیا لە بەرژەوەندی ڕاپەڕینەکە و ویستی ڕێبەرانی نەبوو.

بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاپەڕینەکە و سەرکوتکردنی، دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوون بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەی قەفقاز بکشێننەوە.[23] ئەو هێزانەی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە کشێندرانەوە، لە ناوچەکانی (ئەلاشگیرد، ئەرزڕۆم، توچ کیلیس، بایەزید، قارس) بوون.[24] فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی (محمد پاشا) لە گوندی (دەربان) نزیک (جەزیرە) ڕووبەڕووی هێزەکانی (یەزدانشێر) بۆوە، توانی بە سەریاندا سەربکەوێت. کونسوڵیەتی بەریتانیا لە موسڵ ئەم ڕەوشەی بە دەرفەت زانی و هاتنە نێو ململانێکەوە، توانیان ئاشتەوایی لە نێوان هەندێک لە سەرۆک خێڵە کوردییەکان و دەوڵەتی عوسمانی بسازێنن. تەمەش کاریگەری لەسەر(یەزدانشێر) هەبوو، بەجۆرێک هێرشەکانی ڕاگرت و بۆ جەزیرە پاشەکشەی کرد.[25] ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە، سەرباری بەهێزی و زۆری ژمارەی چەکدارانی ڕاپەڕینەکە، بەڵام نەبوونی دیسپلینی سەربازی و نەخەمڵینی بیرۆکەی پێکەوەگرێدراویی و یەکبوونی نەتەوەیی هەڕەشەبووە لە بەردەوامی وبە بەهێزی مانەوەی ڕاپەڕینەکە. چونکە سەرچاوەی هێزی ڕاپەڕینەکە لەدەست دەرەبەگ و سەرداری خێڵەکاندا بووە، کە کونسوڵییەتی بەریتانیا هاتنە نێو کێشەکەوە، توانییان سود لە خاڵی لاوازی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە وەربگرن و چەند سەرۆک خێڵێک بۆخۆیان ڕابکێشن و لە ڕاپەڕینەکەیان بکشێننەوە.

(ئەڤریانۆڤ) ئاماژەی بە ڕۆڵی (نەمرود ڕەسام) نوێنەری کونسوڵی ئینگلیز لە موسڵ کردووە، کە دەستی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ (یەزدانشێر) و سەردارانی دیکەی ڕاپەڕینەکە کردبوو. بە ناوی ناوبژیوانی کردن لە نێوان کورد و عوسمانی ( چوارسەد تورەکە قروشی) بە یەزدانشێر بەخشیبوو.[26] (ڕەسام) توانی ناکۆکی بخاتە نێو سەرانی ڕاپەڕینەکەوە، لە ئەنجامدا چەند سەرۆک خێڵێک خۆیان لە ڕاپەڕینەکە کێشایەوە. (یەزدانشێر)یش چاوەڕێی توانەوەی بەفر بوو تا پەلاماری لەشکری عوسمانی بدات. کاتێک ئینگلیزەکان بەم نیازەیان زانی، کەوتنە جموجوڵ وەک (خالفین) دەڵێت " ڕێگەی ناپاکییان گرتە بەر".[27] توانییان (یەزدانشێر) ڕازی بکەن بۆ تەوەی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری سوڵتان بکات. وەک بانگەشەیان بۆکردبوو ئامانج لە گفتوگۆکە جێبەجێکردنی خواستەکانی کوردبوو، لە لایەکی دیکە ئینگلیزەکان بەڵێنی تەوەیان بە (یەزدانشێر) دابوو کە پارێزراو دەبێت و زیانی پێناگەیەنن. لە یەکێک لە کۆبونەوەکانیاندا، (یەزدانشێر) قۆڵبەست دەکەن و بە دیلی ڕەوانەی ئەستەمبوڵی دەکەن. کە سەرۆکی ڕاپەڕینەکە دەستگیرکرا، ڕاپەڕیوەکان بەرەو چیاکان کشانەوە، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دووبارە کاربەدەستانی عوسمانی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست. بەڵام بارودۆخەکە وەک خۆی مایەوە و تەو هۆیانەی کە لە پشت سەرهەڵدانەوەکەوە بوون، وەک خۆیان

---

(20) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٢٨.

(21) م.س.لازاریڤ: کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٥١.

(22) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١١١.

(23) АБАК Тибет Указ. соч, сс 35 - 36.

(24) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١٠٨.

(25) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٢٨.

(26) Аверьянов П.И.: Указ. соч,с 151.

(27) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١١٠ .

مابوونەوە.[28] هۆکاری فریوخواردنی (یەزدانشێر) بە باوەڕی ئێمە نەبوونی بیرتیژی و دوورنەبینین و سود وەرنەگرتنی بووە لە مێژوو. کە دەبوو هێندە ووردبین بوایە بە ئاسانی خۆی ڕادەستی ئەو بەڵێنانە نەکردبایە، لە کاتێکدا ئەو ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینێکی چەکداری گەورەی دژی عوسمانییەکان دەکرد.

---

(28) ن.أ.خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١١٠ - ١١١.

## تەوەری دووەم : ئاوێتەکردنی بیری ئاینی و نەتەوەیی لە خەباتی سیاسی شێخەکاندا

بیروباوەری ئاینی و جیاوازی مەزهەبی، ڕۆڵی لە دابەش بونی سیاسی لە نێو کورددا هەبووە. ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتیان بەسەر کورددا هەبووە، زۆر جار سودیان لە فاکتەری ئاینیی بۆ بەکارهێنانی کورد لە ململانێکاندا وەرگرتووە. هاوکات فاکتەری ئاینیش بۆ ململانێ و بەریککەوتنی نێوخۆیی کورد بەکار هاتووە. ئایین لە بەردەم پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی کورددا، وەک کۆسپێک بووە. هۆشیاری و ئینتیما بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاینی زۆرجار شوێنی ئینتیما بۆ نەتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی گرتۆتەوە. هۆکاری ئاینی لە چەند بارێکدا، وەک چەکێکی ئایدیۆلۆژی بۆ زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیدا بەکار هاتووە. ڕژێمە زاڵەکان یەکێتی نێوان باوەڕدارانی ئاینیان، وەک پاساوێک بۆ یەکبوونی نێوان دانیشتوان لێکداوەتەوە، لێرەوەیە بەردەوام جیابوونەوە و بیرۆکەی سەربەخۆیی کەسێتی کوردییان لەسەر زەمینەی نەتەوەیی و ئیتنیکی ڕەت کردۆتەوە.[29] لە هەندێک دۆخدا بیروباوەڕی ئاینی، وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی بنبەستکردنی پرسی کورد ڕۆڵی هەبووە. بە تایبەتی لە بارودۆخێکدا، کەسێتی کورد ئامانجی نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیدا بەیانکردووە. چونکە لە ناوچەیەکدا کە تیایدا ئاینی ئیسلام باڵادەستە، کەسێتی کورد لەگەڵ هاودینەکانی ڕووبەڕووی یەکتر بۆتەوە. بیرۆکەی (ئومەی ئیسلامی) شوێنی بیری نەتەوەیی و کۆمەڵگای نەتەوەیی گرتۆتەوە، هاوکات ئاین خراوەتە سەرو نەتەوەوە. ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی کورد هەبووە، چونکە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی کردۆتە فاکتەرێکی چالاکی دژایەتیکردنی پرۆسەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کەسێتی کورد، مافە ئاینییەکانی کردووە بە بەربەستێک لە بەردەم خەباتی کەسێتی کورد.[30]

لە ئاستێکی دیکەدا، کەسێتی کورد زۆرجار بەدەم ئەو بانگەشە ئاینیانەوە چووە کە باگراوندێکی سیاسییان هەبووە، بە تایبەتی کاتێک لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕاگەیەندراون. بۆنموونە لە ڕاگەیاندنی جیهاددا، کەسێتی کورد هاوسۆزیی و بەدەمەوە هاتنی بۆ بیرۆکەی جیهاد هەبووە. ئەویش کاتێک لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا سەبازانی (ڕووسیا، بەریتانیا)، لە میانەی بڕیاری جەنگ دژی دەوڵەتی عوسمانی لەشکرکێشییان کردە سەر ئەو دەوڵەتە، هەندێک لە خێڵە کوردییەکان بوونە ئاڵاهەڵگری جیهاد و دەستیان دایە چەک.[31] بەڵام دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت، لە نێو شێخە کوردەکاندا هەم لایەنگری جیهاد و هەم دژبەرانی هەبوون. (نیکتین) ئاماژە بەوە دەکات کە تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، وەک ئامرازێکی سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان ( عەبدولحەمید) بەکار دەهێنران. لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بانگەشەی جەنگی پیرۆز ( جیهاد) کرا، بەشێک لە شێخە کوردەکان بەدەمییەوە چوون، بەڵام لە نێو کورددا ئاڕاستەی دژە عوسمانی و تەنانەت ئاڕاستەی دژی کەسێتی سوڵتانیش هەست هەبوو.[32]

ژیانی کۆمەڵایەتی کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، ناکۆکی خێڵەکی لە ڕادەبەدەری بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش یارمەتیدەری دەرکەوتنی دەسەڵات و ڕۆڵی سیاسی شێخەکان بووە. چونکە بەهۆی پێگەیانەوە شێخەکان بەسەر خێڵەکاندا زاڵ بوون، لە دەرەوەی ڕێکخراوی خێڵەکان بوون و دەیانتوانی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و ململانێی خێڵەکاندا ڕۆڵیان هەبێت. بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، پاش کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میرنیشینیە کوردییەکان و دروستبوونی ئاژاوە و ناکۆکی و بەرقەرارنەبوونی ئارامی و ئاسایش و بەربڵاوی ناکۆکییە خێڵەکییەکان، شێخەکان لە کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕەوشە سەرکەوتووبوون. بەجۆرێک دەسەڵاتی سیاسییان پەیداکرد، کە نزیکەی هەموو سەرکردەکانی کورد لەم قۆناغەدا یان شێخ بوون، یان سەر بە بنەماڵەی شێخ بوون.[33] شێخە کوردەکان سەرکەوتووانە توانیویانە هەست وسۆزی دەروێشییانە و چالاکی سیاسی

---

[29] Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

[30] Ш.Х.Мгои:КУРДСКИЙ ФАКТОР(Современное состояние и перспективы),Курдский вопрос на рубеже тысячелетий,ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА,Москва 2004,сс 12 - 13.

[31] М.С.Лазарев:ИСЛАМИЗМ В СОВРЕМЕННОМ КУРДИСТАНЕ,Курдский вопрос на рубеже тысячел етий,ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА,Москва 2004,сс 103 – 104.

[32] В. Никитин : Курды,с309.

[33] Е.И.Васильева: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ, с144.

تێکەڵ بە یەکتری بکەن، توانای بەهێزی ئاینیان لە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکان بەکارهێناوە و ئەمەش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە بەرچاوترە، هەرچەندە ڕیشەی مێژوویی هەیە و بۆ پێش ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە. جیابووەنەوەی توێژاڵی تایبەتی شێخەکان لە چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگە کوردەکان و پەیداکردنی وورده ووردەی سەرکردایەتی سیاسی و ئایدۆلۆژییان، لەوەوە دەستپێکرد کە خانەوادە و بنەماڵەکان بوون بە پاڵپشتی شێخەکان. کەڵەکەبوونی هێز وتوانای ئابووریش بووە پێشەکییەک بۆ ئەم پرۆسەیە، ئیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە پرۆسەیەکی بەرچاو و هەستپێکراوە.[34] بەهۆی ئەو ڕۆڵەی شێخەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێوان خێڵەکاندا هەیانبووە. هەروەها بە هۆی پێگە ئاینییەکەیان و دەسەڵاتی فروانیان و پشتیوانی خێلە کوردییەکان بۆیان، پێگەی بەهێزیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدەستهێنا. ئەم ڕەوشەش بووە هۆی دەرکەوتنی ئەزمونێکی نوێی ڕێبەرایەتیی سیاسی کە خۆی لە ئەزمونی سیاسی شێخە کوردەکاندا دەبینییەوە.[35]

کەسێتی پیاوانی ئاینی ( کوردی موسوڵمان) ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا هەبوو، چونکە سەرکردە ئاینییەکان کاریگەری بەهێزیان لەسەر خەڵکی گشتی هەبوو. زۆرجار پێشەنگی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان بوون، ئایدیا ئاینی و نەتەوەییەکان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، ئاوێتەی یەکتری کردووە .[36]

وەک بیچمێکی دیاری ئیسلامی سوننە، شێخ عوبەیدوڵا لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەستەنبوڵ و خێڵە کوردییەکاندا، بوو بە یەکێک لە نێوەندگیرەکان. لە لایەکی دیکەوە تەریقەتی نەقشبەندی لەوماوەیەدا، وەک ئامرازێک بۆ تێکەڵبوونی کورد بە ژیانی دەوڵەتیی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکارهێنراوە. لەم سۆنگەیەشەوە قوتابخانە - مەدرەسەکانی تەریقەتەکە، لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیان لێدەکرا، پرۆگرامەکانی خوێندنیان لەگەڵ پلانەکانی دەوڵەت بۆ سەنتراڵیزەکردن دژبەیەک نەبوون. [37] بەڵام جەنگی ساڵانی ( ١٨٧٧ - ١٨٧٨ز) لە نێوان (ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی) بوو بە هۆی سەرهەڵدانی نائارامیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ئەنجامی ئەو نائارامییە ڕاپەڕینێکی گەورە بە سەرکردایەتی ( شێخ عوبەیدوڵا) لە (١٨٨٠ز) سەری هەڵدا.[38]

پێش ڕوودانی جەنگەکە و لە ( ١٨٧٦ز) گەلێک لە سەردارانی کورد، دەستپێشخەرییان بۆ بونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیادا کرد. هەرچەندە ئەو سەردارانە مەبەستیان بوو تەوە بە ڕووسیا بگەیەنن، کە دەیانەوێت هاوکاریان بن و پشتگیری ڕووسیا بکەن، بەڵام جارێکی دیکەش ڕووسیا دەستی بە ڕوویانەوە نا.[39] بەڵام لەگەڵ گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا - تورکیا و نزیکبوونەوەی بەریەککەوتنیان، سەرکردەکانی کورد هیوای زۆریان بە هاوکاری ڕووس هەڵچنیبوو. چونکە کارگێری سەربازی ڕووس لە پشت قەفقاز کە بینی جەنگ لەگەڵ عوسمانییەکان نزیک بۆتەوە، کەوتە بایەخدان بە کورد، لە بەرامبەریشدا سوپای عوسمانی هەڵمەتێکی دژی ئەو خێلە کوردییەکانە گرتە بەر کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا نەبوون.[40] دەرئەنجامی ئەم هەوڵەی عوسمانییەکان بە پێچەوانەی خواستەکانیان کەوتەوە، وەک (تەڤریانۆڤ) ئاماژەی پێدەکات، سەردارانی کوردی بۆتان و هەکاری و شێخە کوردەکان چاوەڕێی دەرفەتێک بوون، تا پەلاماری عوسمانییەکان بدەن کە زۆر ڕقیان لێیان بوو، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی پێشویان بگێڕنەوە.[41]

عوسمانییەکان سەرنجیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی خێڵەکوردییەکان لە ڕێگەی (شێخ عوبەیدوڵا)ەوە بوو، چونکە پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو، پشتیوانییەکی بەرفراوانی لە نێو کورددا هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش لە میانەی جەنگی لەگەڵ ڕووسیادا، دەوڵەتی عوسمانی ( ٢٠) هەزار پارچە چەکی بۆ (شێخ عوبەیدوڵا) تەرخانکرد.[42] ڕەزامەندی (شێخ عوبەیدوڵا) بۆ بەشداریکردن لە جەنگ دژی ڕووسیا، لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان بوو، چونکە ئەمە دەبووە پاڵنەرێک تا خێڵەکانی دیکە چاوی

---

(34) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٢٠ - ٢٢١.

(35) АБАК Тибет : Указ. соч,с 36.

(36) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(37) АБАК Тибет : Указ. соч,сс 36 - 37.

(38) Там же, с 36.

(39) Владимир Александрович Карцов : Заметки о Курдах,с 18.

(40) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٤٠.

(41) Аверьянов П.И.: Указ. соч, с 158.

(42) АБАК Тибет : Указ. соч, с 37.

لێیکەن. بەڵام نەبووە هۆی دروستبوونی هەستێکی دوژمنکارانەی خەڵکی بەرامبەر بە ڕووسیا، ترسی بەریتانییەکان لە دروستبوونی پشێوی لە کوردستان و بەهێزبوونی پێگەی ڕووسیای نەیاری بەرامبەر بە عوسمانییەکان کە هاوپەیمانی بوون، بەریتانییەکانی بۆ ئەنجامدانی چەند کارێک دەستکراوە کرد. بە ڕەزامەندی عوسمانییەکان و لە ڕێگەی باڵیۆزی بەریتانیاوە فشاریان لە سەرکردە کوردە خاوەن دەسەڵاتەکان کرد، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی ڕاکێشانی کوردیان بەلای خۆیاندا لە ڕێگەی بەرتیل و بەڵێنەوە دابوو. بەم هەنگاوەش سەرنجی ئەرمەنییەکان و گەلانی دیکەی مەسیحییان ڕاکێشا، بۆ بەدەستهێنانی ئازادییان و دەستخەڕۆکردنیان بەو ئاواتەوە، کاریان بۆ ڕاگرتنی هەژموونی ڕووسیا لە ڕێگەی کورد و ئەرمەنەوە دەکرد.[43]

شەڕی ڕووسیا و عوسمانی ڤەیرانێکی ئابووری و سیاسی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دروستکرد، شەڕەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕەوشی ئابووری ناوچە کوردییەکان و ئەرمەن نشینەکان هەبوو. لە لایەکی دیکەوە پرۆسەی بە سەربازگرتنی دانیشتوانی گوندەکان و تاڵانی لە گوندەکان لە لایەن هێزە نیزامییەکان و زێدەبوونی باج بۆ پڕکردنەوەی گەنجینەی دەوڵەت،و هاوکات بڵاوبوونەوەی برسێتییەکی کوشندە لە ( ١٨٨٧ - ١٨٨٠ز)، هەموو ئەم فاکتەرانە ڕۆڵیان لە وروژاندنی خەڵکی و بێزارییان لە دەسەڵات و توڕەبوونیان لە سەختی بارودۆخەکەیان هەبوو.[44]

دوای شکستی عوسمانییەکان لەشەڕی ڕوسیادا، پەیوەندییەکانی ئەستەمبوڵ و شێخ عوبەیدوڵا گۆڕانکاری بەسەردا هات. هۆکاری ئەوەش پێش هەموو شتێک ڕەتکردنەوەی (شێخ عوبەیدوڵا)بوو بە گەڕانەوەی ئەو چەکانەی کە پێشتر بۆی دابینکرابوو. فاکتەرێکی دیکە، پەیوەندی بە کێشەی ئەرمەن و نیشتەجێبوونی موسوڵمانان لە ناوچە ئەرمەننشینەکان و دەستوەردانی ئەوروپاوە هەبوو. کۆچکردنی موسوڵمانانی بەڵکان و قەفقاز و نیشتەجێبوونیان لە ناوچە ئەرمەننشینەکان، دیمۆگرافیای ناوچەکە و ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکەی گۆڕیبوو. دەوڵەتی عوسمانی لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی موسوڵمانەکان لەو ناوچانەی زۆرینەی ئەرمەنی بوون، گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای ناوچەکە کرد و موسوڵمانی بەسەر ئەرمەنییەکاندا زاڵ کرد. ئەمەش بەهانەی دەستێوەردانی زلهێزانی ئەوروپای لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆرتر کرد.[45] بەپێی ماددەی (٦١)ی پەیمانی بەرلین، پێویست بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، ئەرمەنییەکان لە ستەم و توندوتیژی کورد و چەرکەسییەکان بپارێزێت، هەروەها چاکسازی لە ناوچە ئەرمەننشینەکان ئەنجام بدات. زلهێزەکان بە ڕووسیاشەوە، چاودێری ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازییان دەکرد و فشاریان بۆ ئەنجامدانی دەکرد. بەم هەنگاوانەیان، وەک پارێزەری ئەرمەنییەکان خۆیان دەرخست. ئەم ڕەوشەش بێ گومان ترسی لە دەروونی کەسێتی کوردیدا دروست کرد، بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانەی کە پلانێک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات هەیە، هێندەی تر ئەو ترسەی زێدەتر کرد.[46]

بەهۆی ڕەوشی سەخت و ئەو کارەساتەی بۆ خەڵکی هاتە پێش، (شێخ عوبەیدوڵا) بڕیاریدا ڕاپەڕینێکی نوێی کوردی بە ئامانجی ڕزگارکردنی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەرپابکات. عەرەبەکانی ویلایەتی بەغداد، هاتنە پاڵ ڕاپەڕینەکەی شێخ و پشتیوانی خۆیانیان دووپات کردووە. بڕیاردرا کە بەشێک لە هێزی چەکداری ڕاپەڕینەکە لەگەڵ خێڵەکانی (مەنگوڕ، مامەش) لە ئێران و بە سەرۆکایەتی (کوڕە گەورەکەی شێخ) دەست بەسەر شاری ڕەواندز و دواتر بەغدادا بگرن. بەڵام بەشەکەی تری هێزەکە بە سەرۆکایەتی (عەبدولقادری کوڕی بچوکی شێخ) دەستیان بەسەر ئامێدی و موسڵدا گرت. شێخ عوبەیدوڵا پلانی ئەوەی هەبوو لەگەڵ هێزەکانی دیکە شاری وان بگرێت.[47]

دەوڵەتی عوسمانی ئاگاداری پلان و ئامانجەکانی شێخ عوبەیدوڵا بوو، بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە جوڵانەوەکەی، هەر لە پایزی (١٨٧٩ز)ەوە دەسەڵاتی دایە فەرماندەی سوپای چواری ئەنادۆڵ (موشیر سامح پاشا). چەندین کەتیبەی سەربازی لە (ئەرزڕۆم، موسڵ، دیاربەکر، وان و شوێنەکانی دیکە) لە دەرەوەی هەرێمی هەکاری کۆکرانەوە. هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە ناوچەکانی دیکەی بە هەکارییەوە دەبەستەوە داخست. لەم کاتەدا (شێخ عوبەیدوڵا) پلانی ئەوەی دانا پەلە لە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکەی نەکات. بەڵکو سەرنجی خستە سەر پرۆسەی یەکگرتن و یەکبوون لە نێوان خێڵە کوردییەکاندا .[48] بە ئامانجی

---

(43) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٣٥ - ٣٦.

(44) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٤٣.

(45) АБАК Тибет : Указ. соч, с 37.

(46) Там же, сс 37 – 38.

(47) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا،ل ٤٥.

(48) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٣٩.

مسۆگەرکردنی یەکریزی بۆ ڕاپەڕینەکە، (شێخ عوبەیدوڵا) سەرکردە کاریگەرەکانی کوردی بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی بانگهێشتی نەهری (لە هەکاری) کرد. لە کۆتایی تەمووزی ( ١٨٨٠ز) کۆنگرەی سەرکردەکانی کورد گرێدرا. کە بە گەورەترین کۆنگرەی مێژووی کورد دادەنرێت.چەندین شاند لە (سلێمانی، ئامێدی، هەورامان، بۆتان، ساسۆن، سیرت،موش، وان، کوردستانی ئێران) ئامادەی کۆنگرەکە بوون. [49] شێخ عوبەیدوڵا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئامانج لەم کۆنگرە دامەزراندنی یەکێتی نێوان خێڵەکان و ئامادەسازییە بۆ ئەنجامدانی شۆڕش. لە نێو کۆنگرەکە ناکۆییەکی زۆری بیرو بۆچوون هەبوو، هەندێک لە سەرکردە کوردییەکان لەگەڵ عوسمانیەکان ڕێککەوتبوون، هەر لە سەرەتاوە هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە یەکێتی نێوان خێڵەکان بۆ دژایەتی ئەرمەن و مەسیحییەکان بقۆزنەوە. [50] بەڵام شێخ عوبەیدوڵا لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە هەڵوێستێکی توندی نواند، ئەوەی خستە ڕوو کە کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی نەتەوەی کورد دەبێت. چونکە ئەو پێی وابووە ئەگەر سوڵتانی عوسمانی تا ئێستا پشتیوانی کوردی کردبێت، بە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی مەسیحییەکانی ئەنادۆڵەوە بووە. ئەگەر ئەرمەن لەناو ببرێت ئەوا کورد پێگەی خۆی لە دیدی دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەست دەدات.[51] بە لەبەرچاوگرتنی ناکۆییەکانی نێو کۆنگرەکە، نەبوونی خولیا و حەزی هەندێک لە بەشداربووان بۆ دژایەتیکردنی سوڵتانی عوسمانی، شێخ عوبەیدوڵا پلانی شۆڕشەکەی گۆڕی، بە جۆرێک لە ئێرانەوە دەست بە شۆڕش بکرێت. چونکە حکومەتی ئێران هێزەکانی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی تورکمان ناردبوو.[52]

بە پێی پلانە نوێیەکەی شێخ، کوردستانی ئێران دەبووە بنکەی ئابووری و پاڵپشتی بۆ شۆڕشەکە، وەک شێخ خۆی ئاماژەی پێکردووە :" لەبەر ئەوەی بەشێکی کوردستان لە ژێر دەستی ئێراندایە، شەڕ دژی لاوازترین وڵات دەبێتە هۆی ئازادکردنی براکانمان. کاتێک دەبنە سەرداری ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بە پیتی وەک ئازربایجان، ئەوکاتە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوو دەبێت بۆمان لە شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنێکی دیکەمان، کە عوسمانییەکانە".[53]

شێخ عوبەیدوڵا بەشداری شەڕەکانی ( ١٨٨٠ز)کرد، کاتێک ڕاپەڕینی مەنگوڕ لە ئێران سەری هەڵدا، بە پێی پلانە دانراوەکە دەبوو ڕاپەڕین بە سێ ئاڕاستەدا پەرەبسێنێت. ئاڕاستەی یەکەم بە ڕێبەرایەتی (عەبدولقادر، هەمزە ئاغا) دەبوو دەست بەسەر ساوج بولاق و پاشان تەوریز بگرن. ئاڕاستەی دووەم لەناو خاکی ئێران و لە مەرگەوەڕ بە سەرۆکایەتی (محمد سدیق) دەبوو پاڵپشتی ئاڕاستەی یەکەم بکات. هەرچی ئاڕاستەی سێیەمە بە سەرۆکایەتی (محمد سەعید) دەبوو لە برادۆست پێک بێت. ئەرکی هەردوو ئاڕاستەی دووەم و سێیەم دەستبەسەردا گرتنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ورمێ و خودی شاری ورمێ و سەلماس و خوی بوو، شێخ عوبەیدوڵا سەرکردایەتی هەردوو ئاڕاستەکەی دەکرد.[54] بێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توندی سەربازانی سنووری ئێران ببنەوە، هێزەکانی شێخ کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠) هەزار کەس دەبوو، بەرەو قوڵایی ئازەربایجانی ئێران و تەوریز پێشڕەوییان کرد. سەربازانی شێخ عوبەیدوڵا، لە کاتی دەستگرتنیان بەسەر یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ڕۆژئاوای ئێران (ساوج بولاق) کۆمەڵکوژییەکیان دەرهەق بە شیعەکان ئەنجامدا و ماڵ و سامانەکانیان تاڵان کرد.[55]

لە (١٠ی ئەیلولی ١٨٨٠ز) ڕاپەڕیوان دەستیان بەسەر کەرتی مەنگوڕدا گرت ، لە ١٥ی ئەیلول هاتنە نێو کەرتی لاهیجان. دواتر ڕاپەڕینەکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوە، بە جۆرێک ناوچەکانی سەردەشت و لاهیجان بە تەواوی دەستی بەسەردا گیرا. ژمارەی چەکدارانیش لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی خێڵەکان و دانیشتوانی کورد زیادی کرد. پشتیوانی خەڵکی بۆ ڕاپەڕینەکە گەیشتبووە ئاستێک، کاتێک کە هێزەکانی (شێخ عوبەیدوڵا) لە ساوج بولاق نزیک بۆوە، کاربەدەستانی شارەکە سەریان لە پشتیوانی خەڵکی بۆ شۆڕش سوڕما، بەبێ بەرگری و لە ئەنجامی گفتوگۆ شارەکەیان چۆڵکرد. پاش بەرگرییەکی کەم، دەست بەسەر شارەکانی میاندواو و میلیکیان و مەراغە گیرا، پاشان هێزەکان بەرەو تەوریز بەڕێکەوتن. لە کاتی پێشڕەوییەکاندا (شێخ

---

(49) Аверьянов П.И.: Указ. соч,с 228.

(50) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٤٠.

(51) Аверьянов П.И.: Указ. соч, сс 227- 228.

(52) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٤٧.

(53) Аверьянов П.И.: Указ. соч, С. 230.

(54) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٤٢.

(55) АБАК Тибет Указ. соч, с 38.

عوبەیدوڵا) چەند ڕێوشوێنێکی بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی سڤیل و پاراستنی موڵکەکانیان گرتە بەر. چەندین حاکمی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان دامەزراند، کە ئەرکیان پاراستنی ئیدارە و ئاسایش و بەڕێوەبردنی ئیش وکاری ناوچە ئازاد کراوەکان بوو.[56]

ئامانجی سەرەکی (شێخ عوبەیدوڵا) بونیادنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو. لە نامەکانیدا ئامانجی ڕاپەڕینەکەی بە ڕوونی نیشان دەدا کە دژ بە ستەم و ئاژاوەی کۆمەڵایەتیە لەنێو گەلانی عوسمانی و ئێران، هەوڵی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو.[57] ئەو دەوڵەتەی کە لە خەیاڵدانی شێخدا بوو و ئامانجی ڕاپەڕینەکەی بوو، سروشت و بونیادی ڕوون نەبوو، هاوکات پەیوەندی ئەم دەوڵەتەی کە هەوڵی دروستکردنی دەدرا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بە هەمان شێوە ڕوون نەبوو. لە لایەکەوە (شێخ عوبەیدوڵا) کوردی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە قەڵەم دەدا و داوای مافی سەربەخۆیی دەکرد، لە لایەکی ترەوە ڕایەکی پێچەوانە باس لەوە دەکات کە (شێخ) ئاماژەی بەوە کردبوو ئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کورد نییە، بەڵکو هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە کوردستانێکی خۆبەڕێوەبەری لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بێتە کایەوە.[58] ئەم بۆچوونەی دواییان، لەگەڵ زۆرینەی ئەو زانیاری و سەرچاوانەی تایبەتن بە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا ناکۆک و دژبەیەکە. لە لایەک زۆرینەی سەرچاوەکان بەدەستهێنانی سەربەخۆییان بۆ کورد، بە ئامانجی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا داناوە. هاوکات لە پۆلێنبەندی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا، ڕاپەڕینەکەی شێخ قۆناغێکی گرنگی پەرەسەندنی بیری نەتەوەییە لای کەسێتی کورد. گۆڕینی پلانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ئێران و سەرهەڵدانی لە ئێراندا، ئەو بۆچونە هەڵدەوەشێنێتەوە. چونکە شێخ لە سەرەتادا پلانی ئەوەی هەبووە ڕاپەڕین لە دەوڵەتی عوسمانی بەرپا بکات، بەڵام ناکۆکی سەرکردەکانی کورد و بوونی وابەستەیی هەندێکیان بۆ سوڵتان وایکرد پلانەکەی بگۆڕێت. لەگەڵ گۆڕینی پلانەکەشی، شێخ دەستبەرداری ڕزگارکردنی کوردستانی بندەستی عوسمانی نەبووە، بەڵکو بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە وەک پلانێک سەرەتا ناوچەکانی کوردستانی ئێران ڕزگار دەکرێن بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێکی ئابووری پتەو بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنە بەهێز و سەرسەختەکەی دیکەی کورد، کە دەوڵەتی عوسمانییە. ڕەنگە باشترین بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونەی ئێمە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان وەک ئامانجێکی شێخ عوبەیدوڵا، ئەو هەڵسەنگاندنەی (ئەڤیریانۆڤ) بێت، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە کەسێتی کورد نەیتوانیوە پلانی نیشتیمانی بەرفراوانی شێخ عوبەیدوڵا کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەدا، جێبەجێبکەن.[59]

زۆر ڕووی گەش و ئەندێشەی پێشکەوتووخوازییانە لە هۆشیاری سیاسی و ئاینی ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینی (١٨٨٠ز) کورددا هەیە. شێخ عوبەیدوڵا وەک کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکە، فەرمانی بە شوێنکەوتوو و سەربازانی کردبوو، کە دەستدرێژی نەکەنە سەر ماڵ و موڵکی مەسیحییەکان و نەتەوە بیانییەکان. ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەندێک نوسەر سەرنجیان لەسەر ئەم ڕووەی ڕاپەڕینەکە نەبووە، بە هەر هۆکارێک بێت بایەخیان بەم لایەنە نەداوە، بەڵکو سەرنجیان خستۆتە سەر لایەنە نەرێنییەکان. بە تایبەتی ئەو نوسەرانەی کە لە گۆشەنیگای ئیدارەی ئێرانی و هەڵسەنگاندن لە میانەی بەرژەوەندیەکانی بازرگانان و بۆرژوازی ئێرانییەوە ڕوانیویانەتە ڕاپەڕینەکە. دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین گەرەنتی کردنی ئاسایش و بەڕێوەبردنی کاری بازرگانی و چالاکییەکانی دیکە، پاراستنی موڵکەکانیان ڕۆڵی لەو جۆرە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنە نەرێنییانە بۆ ڕاپەڕینەکە هەبووە.[60]

لە ئامۆژگارییەکانیدا بۆ جەماوەرەکەی، (شێخ عوبەیدوڵا) جەختی لە یەکڕیزی و ڕێکخستنی نێوان هێزە کوردییەکان کردبۆوە. بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم کارەش، پشتی بە پێگە ئاینییەکەی خۆی بەستبوو. هاوکات هەوڵەکانی بۆ ئەوە نەبوون، کە کۆمەڵگای کوردی بۆ سەردەمی شەڕی فیودالی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەوڵەکانی ئەوە نیشان دەدەن کە ئامانجی کەمکردنەوەی باج، پەرەپێدانی پەروەردە، پێشخستنی یاسادانان و... هتد بووە.[61]

مەترسییەکانی ڕاپەڕینەکە لەسەر ئێران فراوانتربوون، حکومەتی ئێران ڕێوشوێنی پێویستی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گرتەبەر. لە سێ قۆڵەوە هێزی بۆ سەرکوتکردنی ڕەوانەکرد. یەکە چەکدارەکانی ڕاپەڕینەکەش لە هێرش کردنە سەر ئەورێز ساردبوویبوونەوە،

---

(56) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٤٩ - ٥١.

(57) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(58) АБАК Тибет : Указ. соч, с 39.

(59) Аверьянов П.И.: Указ. соч, С. 236.

(60) Жабриков А. П.:«Тарих-е тогйан-е акрад» как источник по истории движения курдов 1880 года,с33

(61) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

بەشێکیان دەستیان کرد بە دزی و تاڵانی لە ناوچەکانی ئازربایجان، بەشێکیش لەوانەی لە تاو برسێتی و نەبوونی هاتبوونە ڕیزی ڕاپەڕینەکە پاش ئەوەی تاڵانییەکی زۆریان چنگ کەوت گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.[62] زۆرێک لە خێڵە کوردییەکان دەستیان لەم تاڵانکارییەدا هەبوو، بە نزیکبوونەوەی هێزەکان لە تەورێز وردە وردە پاشەکشە لە یەکەکاندا دەستپێکرد، چونکە بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە بەهۆی تاڵانییەکانیان هەستیان بە دەوڵەمەندبوون دەکرد، بەو دەستکەوتانەوە گەڕانەوە ماڵەوە.[63] ئەم دەرفەتەش لە لایەن ئێرانەوە قۆسترایەوە و داوایان لە عوسمانییەکان کرد لە پشتەوە هێرش بکەنە سەر کوردەکان و ڕووی لە ڕووسیا و بەریتانیاش کرد بۆ هاوکاری و بەدەمەوە هاتنی.[64] سەرباری ئەو ڕەوشە سەختەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەم ماوەیەدا دووچاری ببوو، بەڵام ڕاپەڕینەکە هیچ پشتیوانیی و پشتگیرییەکی دەرەکی و نێودەوڵەتی بەدەستنەهێنا، ڕوسیا و بەریتانیا دژی دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، ئەوان بایەخیان بە بەهێزکردنی هەژموونی خۆیان لە ئێران دەدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە ڕاوێژ و یارمەتی دیلۆماتییان پێشکەش بە تاران کرد، هاوکات فشاری سیاسیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری ئێران و ڕێگریکردن ڕاپەڕینەکە.[65]

(تەیمور پاشا)ی سەرکردەی لەشکری ئێران، گەمارۆی ورمێی دا، خۆبەدەستەوەنەدانی شارەکە وایکرد پاشەکشە بکات و لە قۆڵێکی دیکەوە هێرش بکاتەوە سەر شارەکە. هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵا هێزێکی (۳) هەزار کەسی نارد، بەڵام لە پێکدادانی نزیک (بیلاف) شکان و شێخ ناچاربوو پاشەکشە بکات. پڕوپاگەندەی خیانەتکردنی بەشێک لە سەرکردەی هێزەکان و کەمبوونەوەی ژمارەی هێزەکان لە ئەنجامی وازهێنانی هەندێک لە یەکە چەکدارەکان کاریگەری لەسەر بەرەی ساوج بولاق - تەورێز هەبوو، بەجۆرێک ( عەبدولقادر، هەمزەئاغا) ناچاربوون پاشەکشە بکەن. هێزەکانی ئێران لە (۸)ی تشرینی دووەم) لە ساوج بولاق یەکیان گرت. دواتر بوون بە دوو بەش، بەشێکیان لە ساوج بولاق مانەوە و بەشی دووەم بەرەوە ورمێ پێشڕەوی کرد. سەرکردەکانی ڕاپەڕین بەرەو ناوچەی مەرگەوەڕ کشانەوە و هێزی ئێران دوایان کەوتن.[66]

لە ئەنجامی توندبوونی فشارەکان لەسەریان، (شێخ عوبەیدوڵا) و هێزەکانی ڕاپەڕینەکە ناچار بوون خاکی ئێران جێبهێڵن و پاشەکشە بکەنە نێو سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی. ئێران داوای دەکرد سەرکردەکان دەستگیر بکرێن و ڕادەست بکرێن، ئەم داوایەیەی ئێران لە لایەن بەریتانیا و ڕووسیاوە پشتگیری کرا. فشاری زۆری وڵاتانی ئەوروپی و دەستبەردارنەبوونی شێخ لە بیرۆکەی ڕاپەڕینەکەی ، عوسمانییەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە سزای شێخ بدەن، بەتایبەتی کاتێک شێخ کەوتە جموجوڵ بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕین لە دەوڵەتی عوسمانی.[67] بە بیانوی بانگهێشتکردنی بۆ چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ نوێنەری عوسمانی، توانرا شێخ دەستگیر بکرێت و ڕەوانەی ئەستەمبوڵ بکرێت لەوێش وەک (دیلێکی فەخری) ژیا.[68] چونکە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نەیاندەویست دوژمنایەتی خێڵە کوردییەکان بۆ خۆیان بسازێنن، کە زۆربەیان هاوسۆزی (شێخ عوبەیدوڵا) بوون، لە لایەکی دیکەوە شێخ نوێنەری دیاری موسوڵمانانی سوننەی ناوچەکە بوو. هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی ویستی ئەوەی هەبوو شێخ بکاتە هاوپەیمانی خۆی، سەرئەنجام بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی و مەیلە جوداخوازییەکانی خودی شێخەوە، حکومەتی عوسمانی ناچار بوو لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بیهێڵێتەوە، لە (۱۸۸۲ز) لەگەڵ (عەبدولقادر)ی کوڕیدا بۆ مەککە دورخرانەوە و لە (۱۸۸۳ز) شێخ عوبەدوڵا کۆچی دوایی کرد.[69]

سەرەڕای شکستهێنانی ڕاپەڕینەکە بەڵام بایەخی زۆری هەبووە، بۆ یەکەمجارە سەرکردەیەکی ئایینی، هەوڵی پەیوەندیکردنی لەگەڵ کەمایەتییەکانی تر لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێراندا بدات، هاوکات ڕۆڵی دیار و گرنگی لە پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد هەبووە.[70] شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی (۱۸۸۱ز)ی شێخ عوبەیدوڵا، برینێکی قوڵی لە هەستی شانازی و بەخۆوە نازینی لە دەروونی سەردارە کوردەکاندا درووستکرد و بیووە پاڵنەرێکی بەتینی نوێی

---

(62) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٤٤ - ٤٥.

(63) АБАК Тибет Указ. соч, с 38.

(64) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٥٢.

(65) АБАК Тибет Указ. соч, сс 39 – 40.

(66) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٥٢ - ٥٤.

(67) АБАК Тибет : Указ. соч, с 40.

(68) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٤٦.

(69) АБАК Тибет : Указ. соч, сс 40 - 41.

(70) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

هۆشیاری نەتەوەیی لە عەقڵی زۆرینەی کورددا، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئاشنایەتییان لە بارەی شارستانییەت و جیهانی نوێوە هەبوو.[71] لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، سروشتێکی ئاڵۆز و تاڕادەیەک دژبەیەک لە پرۆسەی پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی کەسێتی کورد دەرکەوتبوو. لە لایەک سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دەسەڵاتی ئاینی و سیاسییان هەبوو، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی ئاینی بەتەواوی بەسەر پەرتبوونی سەرکردەی خێڵەکاندا زاڵ بوو، هاوکات یەکریزی ئاینی لە نێو موسڵمانەکان نەبوو، ناکۆکییەکی بێ شومار لە نێوان سووننە و شیعە هەبوو. هەربۆیە هەوڵەکەی (شێخ عوبەیدوڵا) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی کوردی ، تا ڕادەیەک مەحاڵ بوو .[71]

---

(71) ئارشاک سافراستیان: س.پ.، ل ٩٧.

(71) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

## تەوەری سێیەم: داکشانی بیری سەربەخۆیی کەسێتی کورد و وابەستەبوونی بە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە ( سوارەی حەمیدییە) بە نموونە

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦- ١٩٠٩ز) و بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، گۆڕانکاری گرنگ لە هۆشیاری نەتەوەیی کورددا ڕوویدا، لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی شێخەکان، چەندین خێڵی کوردی دەسەڵات و پێگەی بەرزیان بەدەستهێنابوو.[72] سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکانی ژێردەستی عوسمانی لە لایەک، لە لایەکی دیکە شکستی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە ڕووسیا لە کۆتا جەنگی نێوانیان و دەستوەردانی دەوڵەتانی ئەوروپی لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە، کاریگەرییان لەسەر بێ توانایی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیدا هەبوو. بە تایبەتی ناوچە سنورییەکانی نێوان (دەوڵەتی عوسمانی - ئێران)، کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی میرییان نەدیبوو. لەم ناوچانەدا خێڵەکانی ( شکاک، داودی، دزەیی، گوڵ فەریحی) دژایەتی دەوڵەتی عوسمانییان دەکرد. کوردە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و باکوری کوردستان دانیان بەوەدا نەدەنا کە سوڵتانی عوسمانی خەلیفەی موسوڵمانان بێت.[73]

لە نێو کورددا، تەنها سەرکردەکانی کورد پشتیوانییان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد. لە کاتی ڕاپەڕینەکانی کورد و شەڕی لەگەڵ ڕووسیا، دەوڵەتی عوسمانی بێ توانا بوو لە بەڕێوەبردنی ناوچەکان و  بارودۆخەکەی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. سیاسەتی سەنتراڵیزەکردن لە کۆتاییەکانی سەدەکەدا شکستی هێنا. سەرباری ئەوەش ڕوانینی کەسێتی کورد بۆ  والییەکان و نوێنەرانی تری فەرمی دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکاندا، وەک دەسەڵاتێکی شەرعی بوونی نەبوو، سەروەری دەوڵەتی عوسمانیش دانی پێدا نەنرابوو.[74] لەم ڕووەوە (ئەڤێریانۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە، دەوڵەتی عوسمانی هێشتا دەسەڵاتی گونجاوی لە نێوان زۆرینەی کورددا نییە، دەسەڵات هێشتا وەک خاوەنی تەواوی ئەو ناوچانە نەناسراوە. کوردی نیشتەجێی ناوچەکانی (دەرسیم، موسڵ، خەربووت، دیاربەکر، بەدلیس، وان) پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتداران نزیکە لە دوژمنایەتییەوە، لەم ناوچانە تورکەکان هەر بەناو دەسەڵاتدارن.[75]

کورد نەک هەر هەڕەشەیەک بووە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عوسمانی، بەڵکو لە چەند ناوچەیەکیش کاربەدەستانی عوسمانییان لابردووە. دەوڵەتی عوسمانی تەنها  کۆنترۆڵی شارە گەورەکانی (بەدرێژایی هێڵی دیاربەکر  - بەدلیس - موسڵ)کردبوو، دەسەڵاتی نەگەیشتبووە گوندە بچوکەکانی نزیک لە ناوەندی پارێزگاکانیش.[76] (ئەڤێریانۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە کە لە دووری (١٠/کم) لە ناوەندە ئیدارییەکان، دەسەڵات بەدەست ڕێبەرانی خێڵە کوردییەکان و شێخە ئاینییەکانەوە بووە.[76] عەقیدی سوپای ڕووسیا (ڤ.ت.ماڤسکی) لە تێبینییەکانی گەشتەکەی بۆ دەوروبەری پارێزگاکانی (وان، بەدلیس)، بە ووردی ئەوەی دەستنیشانکردووە، دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی نەدەگەیشتە ئەم ناوچانە. لە بری دەسەڵات، خێڵەکان جڵەوی کاروبارەکانیان لە دەستدا بووە.[77]

ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناجێگیر بوو، هەڵکوتانە سەر ئەرمەنییەکان و تاڵانکردنیان لە لایەک، لە لایەکی دیکە دروستبوونی گروپە چەکدارە ئەرمەنییەکان و دوژمنایەتی لەگەڵ موسوڵمانان هێندەی تر بارودۆخەکەی شڵۆق کردبوو. دەستوەردانی زلهێزەکان و فشارەکانیان بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئەرمەنییەکان بە پێی بەندەکانی پەیماننامەی بەرلین ( ١٨٧٨ز)، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هاوکاریکردنی ئەرمەنییەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان و جیاکردنەوەی بەشێک لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەتی نزیکایەتی ئەرمەنیەکان لە ڕووسیاوە، کاردانەوەی موسوڵمانانی لێکەوتەوە و دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان دروستکردبوو.[78] پەرەسەندنی پرسی ئەرمەن، بۆ دەوڵەتی عوسمانی مەترسییەکی ڕاستەقینەبوو. چونکە دەوڵەتی عوسمانی ڕووبەڕووی بزوتنەوەیەکی دیکەی نەتەوەیی و بنکە فراوانی هاوشێوەی

---

(72) АБАК Тибет :  Указ. соч, с 41.

(73) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٨٦، ٩٠.

(74) АБАК Тибет :  Указ. соч, с 43.

(75) Аверьянов П.И.: Указ. соч,С. 289.

(76) АБАК Тибет Указ. соч, сс 43 - 44.

(76) Аверьянов П.И.: Указ. соч, С. 45–46.

(77) АБАК Тибет :  Указ. соч, с44.

(78 АБАК Тибет :  Указ. соч сс 44 – 45.

بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کردبۆوە. لە ئەگەری دروستبوونی هاوکاری لە نێوان ئەم دوو بزوتنەوەیەدا، هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و موصڵ دروست دەبوو. بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەم مەترسییانە لەسەر دەوڵەت، (عەبدولحەمیدی دووەم) چەندین ڕێوشێوێنی گرتەبەر.[79] (عەبدولحەمیدی دووەم) تاکتیکی بەرامبەر بە کورد گۆڕی، بڕیاریدا بکەوێتە گفتوگۆکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ دەرەبەگانی کورد. ئامانجی تاکتیکە نوێیەکەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕاکێشانی سەرکردەکانی کورد بوو لە ڕێگەی واڵاکردنی دەرگای دەوڵەت و بەشینەوەی پلەی سەربازی و بڕینەوەی موچە بووە. بۆ ئەم مەبەستەش کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیاندا سود لە دۆخی ئاڵۆزی جیهانی و ناوخۆیی وەربگرن. لەسەر حسابی گەلی ئەرمەن، کێشەی کورد یەکلایی بکەنەوە، بەوەی دەرەبەگە کوردەکان دەم چەور بکەن و ڕق و کینەی کورد لە ڕێی ڕاستی خۆی لابدەن و ڕووبەڕووی ئەرمەنییەکانی بکەنەوە.[80]

چەندین فاکتەری وەک چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی، ڕێگریکردن لە دەستوەردانی (ڕووسیا) لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەنی (عەبدولحەمیدی دووەم)ی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە پشت بە کورد ببەستێت. لەم سۆنگەیەشەوە لە ساڵی (١٨٩١ز)دا بڕیاری دروستکردنی فەوجەکانی حەمیدیەی ڕاگەیاند.[81] بڕیاری دروستکردنی یەکە میلیشیاییەکانی کورد کە بە (سوارەی حەمیدییە) ناسراوبوون، یەکێک بوو لەو ڕێوشوێنە نوێیانەی دەوڵەتی عوسمانی کە چەندین ئامانجی لە پشتەوە بووە. دروست بوونی یەکەی سوارە کوردەکان، مانای گۆڕانکاری بوو لە سیاسەتی ناوەندگەرایی دەوڵەتی عوسمانیدا. کۆنترۆڵنەکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، عوسمانییەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕوانگە و سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بەر بە کورد بگۆڕن.[82] یەکێک لە ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕاکێشانی کورد بۆ نێو (سوارەی حەمیدییە)، ڕزگاربوونیان بوو لە ئاژاوەی کوردستان. ئامانجێکی دیکەیان، هەوڵدان بوو تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە کورد بخەنە ژێر یاسای توندی سوپای دەوڵەتەوە، تا بتوانن سەربەخۆیی خێڵە کوردییەکان لەناوببەن.[83]

بەدەستهێنانی دڵسۆزی کورد بۆ ئەستەمبووڵ، یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لە پێکهێنانی سوارەی حەمیدییەدا. بە دروستکردنی ئەم یەکە میلیشیاییانە هێزێکی زۆری شەڕکەر بە بێ ماندوبونێکی زۆر دەکەوتە چنگ دەوڵەت. ئامانجێکی دیکەی دەوڵەت، دەستڕاگەیشتنی بوو بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە قوڵایی کوردستاندا و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە و سەپاندنی هەژمونی بوو.[84] خۆشخەیاڵ بوون بەوەی بتوانن لەم ڕێگەیەوە (هەستی هاونیشتیمانی) لای کوردەکان بەهێز بکەن و بەرە بەرە وایان لێبکەن بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بنوسێن.[85]

فاکتەرێکی دیکەی دروستکردنی حەمیدییە، لە لایەک بۆ دروستکردنی قەڵغان و بەربەستێک بووە لە بەردەم ڕووسیا و هەروەها ئامرازێکی دوژمنکاریش بوو دژ بە ئێران، لە لایەکی دیکە هەوڵی دەوڵەت بۆ ئەوە بوو، هەموو خێڵە کوردییەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، تا بتوانێت گورزێک لە بزوتنەوەی کوردی بدات.[86] دەوڵەتی عوسمانی ئامانجێکی دیکەی ئەوە بووە کە وزە و توانای ڕێکخراوی خێڵەکیانەی کوردی لە ڕێگەی (سوارەی حەمیدییە)وە، بەرەو نەهێشتنی ئاژاوە لە ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاڕاستە بکات و هێزی دەوڵەت بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچانە.[87]

لە دروستکردنی سوارەی حەمیدییەدا، سەرچاوە ڕووسییەکان خاڵی نین لە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان (ڕووسیا و بەریتانیا)، بە جۆرێک دیدێکی ڕووسی سەبارەت بە فاکتەری دروستکردنی سوارەی حەمیدیە جەخت لە کاریگەری بەریتانییەکان دەکاتەوە. ئەم دیدە وایدەبینێت ناکرێت ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ململانێی نێوان (بەریتانیا - ڕووسیا)ش، لە دروستکردنی

---

(79) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٥٢ - ٥٣.

(80) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٨٤ - ٨٥، ٨٦.

(81) Аверьянов П.И.: Указ. соч, С290.

(82) АБАК Тибет : Указ. соч, с46.

(83) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٨٦.

(84) АБАК Тибет : Указ. соч, с46.

(85) Аверьянов П.И.: Указ. соч, сс 242 – 243.

(86) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٦٦.

(87) АБАК Тибет : Указ. соч, с46.

سوارەی حەمیدییەدا نادیدە بگیرێت. بەریتانیا زۆر بەلایەوە مەبەست بوو، جگە لە خۆی هیچ هێزێکی دیکە لە کوردستاندا هەژموونی نەبێت. بەلای بەریتانییەکانەوە ئەوە زۆر گرنگ بوو، کە وابکات زۆربەی کورد ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بێت، سوارەی حەمدییەش سەروەر بە دڵی بەریتانیا بوو. ئەم ویست و بەرژەوەندییەی بەریتانیا وایکردووە، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی لە دروستکردنی سوارەی حەمیدییەدا هەبێت. بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەکرێت کە دروستکردنی سوارەی حەمیدیە بە پێی ئامۆژگاری و یارمەتییەکانی بەریتانیا بووبێت. کاتێکیش پرسی ئەرمەن هاتە کایەوە، بەریتانیا بۆ شتێک دەگەڕا تا لە ڕووی ڕووسیا ڕاستی بکاتەوە، ئەم مەبەستەشیان لە ئامادەکردن و چەکدارکردنی کوردەکان بۆهاتە دی. چونکە بەریتانیا هەوڵی ئەوەی دەدا، سوارەی حەمیدیە دژی ڕووسیا بەکار بهێنێت. باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ ئامۆژگاری کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد، چۆن سوارەی حەمیدیە ڕێکبخەن و بەهێزیان بکەن، تەنانەت دانانی ( زەکی پادشا) بە پێشنیاری ئەو بووە.[88]

ڤاکتەری دیکەی گرنگ و بەرچاو لە بڕیاری دروستکردی سوارەی حەمیدییەدا، گەشەسەندنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە ئەرمەنییەکان بوو. چونکە دەوڵەت هێز و توانای پێویستی بۆ بەگژاچوونەوەی ئەم بزوتنەوەیە شک نەدەبرد، دەسەڵاتی دەوڵەت لە لێواری پوکانەوە بوو. لە دیدی دەوڵەتدا، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی وەک خیانەتێکی نیشتیمانی و ئاڵنگارییەک لە بەردەم یەکپارچەیی خاکی عوسمانی وێنا کرابوو. دەوڵەتی عوسمانی، بە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی زۆر نیگەران بوو. ئەوەی زیاتر ڤەڵسیکردبوو دروستبوونی پارتی ناسیۆنالیستی داشناقی ئەرمەنی لە (١٨٩٠ز) بوو، کە لە ناو ئەرمەنییەکانی تورکیادا دەنگدانەوەی هەبوو.[89] دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی توانییان لەم ڤاکتەرەی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا، ئامانجەکەی خۆیان بەدەستبهێنن. توانییان بەشێک لە کورد لە دژی ئەرمەن هان بدەن و ( حەمیدییە) بکەن بە دەزگایەکی فەرمی بۆ (تاڵان کردنی ئەرمەنی و مەسیحییەکان). بە تایبەتیش کاتێک ڕێگە بە سەرکردەکانی کورد درا، کە باج لە ئەرمەنییەکان کۆبکەنەوە. لە میانەی کۆکردنەوەی باجدا، سەربازەکان هەرچییان چنگ بکەوتایە تاڵانیان دەکرد. لە ساڵی ( ١٨٩٤ - ١٨٩٦ز) شەپۆلێکی کۆمەڵکوژی ئەرمەن لە سەراپای دەوڵەتی عوسمانی دەستیپێکرد. لەم دوو ساڵەدا نزیکەی ( ٣٠٠) هەزار ئەرمەنی کوژران و ژمارەیەکی زۆریشیان کۆچیان بۆ دەرەوە کرد. دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، ئەم کۆمەڵکوژیانەی لە ڕێگەی هێزە فەرمییەکانی دەوڵەت و بە پاڵپشتی چەند مەفرەزەیەکی دەرەبەگانی کورد و فەوجەکانی( سوارەی حەمیدییە) جێبەجێکرد.[90]

لە ڕاستیدا سوارەی حەمیدیە لەسەر بناغەیەکی خێڵەکی دامەزرابوو، بۆ نموونە هەموو کوردەکانی خێڵی ( جەلالی) لە دوو فەوجدا کۆکرابوونەوە. لە چەند فەوجێکی دیکەدا، ئەو کوردانە کۆکرابوونەوە کە سەر بە خێڵی (حەیدەرانلی) بوون. لە سەرەتادا بڕیار بوو، فەوجەکانی سوارەی حەمیدییە لە ( ٥١٢) سوار پێک بێن، دواتر بکرێن بە ( ٦٠٠) سوار. دەوڵەت چەکی پێدەبەخشین، لە لایەن ئەفسەرە تورکەکانەوە مەشقیان پێدەکرا. لە کاتی جەنگدا، پێویست بوو ئەم هێزانە لەگەڵ فەرمانی ( عەبدولحەمیدی دووەم) لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرەکان ئامادەبوونایە. بەڵام لە دوای جەنگ و لە ڕۆژانی ئاشتیدا پێویست بوو چەکیان لێبسەندرایەتەوە (هەرچەندە بە دەگمەن ئەم چەکانەیان گەڕاندۆتەوە).[91] دەسەڵات و پێگەی فەرماندە و فەوجەکانی سوارەی حەمیدیە هێندە فراوان ببوو، نەک تەنها ( زەکی پاشا)ی فەرماندەی سوپای چوارەمی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو زۆربەی کاربەدەستانی ئیدارە خۆجێیەکان چاویان لە ئاست دەسەڵات و هەڵسوکەوتەکانی (سوارەی حەمیدییە) داخستبوو. تەنانەت دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی ترسیان لە کوردە چەکدارەکان هەبوو.[92] سەرباری ئەوەش، ململانێیکردن لەگەڵ کورددا لەم ڕەوشەدا، مانای لە دەستدانی تاکە هاوپەیمانی دەوڵەت بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەنی.[93]

بەدەمەوەچوونی کەسێتی کورد، بۆ ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانی جێگەی سەرنج و هەڵوەستە کردنە. لە بارودۆخێکی سەختی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بۆشایی دەسەڵات بڕیاری دروستکردنی ئەم یەکانە دران. بە باوەڕی ئێمە ئاوێتە بوونی کورد بە سوارەی حەمیدیە، پاشەکشەیەکی ڕوونی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردییە، بە جۆرێک پێشتر گوتاری کوردی خۆی

(88) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل١٥٣ - ١٥٤.

(89) АБАК Тибет :  Указ. соч, с47.

(90) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٥٥ - ٥٦.

(91) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٨٦ - ٨٧.

(92) АБАК Тибет :  Указ. соч, с47.

(93) Аверьянов П.И.: Указ. соч,С. 274–275.

لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی کوردستان لەدەست عوسمانییەکان بینیوەتەوە. بەڵام تێکەڵ بوون بە سوارەی حەمیدیە، وەک ئامرازێکی بەردەستی دەوڵەت وێنا دەکرێت، خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەکرد. سەبارەت بەم پرسە، تا ڕادەیەک دوو دیدی جیاواز هەیە. دیدێکیان باس لەوە دەکات، کە بە دەمەوەچوونی کورد بۆ سوارەی حەمیدییە، بە پێی پێویست نەبووە.* (لازارێڤ) ئاماژە بەوە دەکات، زۆرینەی کوردانی نزیک سنوری ئێران نەهاتنە ڕیزی سوارەی حەمیدییە. ژمارەیەکی دیکە لە خێڵە کوردییەکان، نیازی دەوڵەتی عوسمانییان لێ ڕوون بوو ڕازی نەبوون بێنە نێو حەمیدییەوە. چەند بەگ و ئاغایەکی ناوچەی وان بۆ ئەوەی نەچنە نێو فەوجەکانی حەمیدیەوە، سەری خۆیان هەڵگرت و لەگەڵ خێڵەکانیان چوونە ئێران. کاربەدەستانی عوسمانی بە ناچاری ( زەکی پاشا)یان ڕاسپارد، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات کوردەکان بێنە نێو سوارەی حەمیدییە.[94] هەروەها هیچ یەکێک لە خێڵە کوردییەکان بە تەنها خۆی فەوجێکی پێشکەش بە حەمیدیە نەکردبوو. لە کۆی (٥١) خێڵی گەورەی کوردی، تەنها (١٣) خێڵ سەربازیان پێشکەش بە حەمیدییە کردبوو. زۆرینەی کوردی ویلایەتی موصڵ (کوردستانی عێراق) ڕەتیان کردەوە، سەرباز بە حەمیدییە ببەخشن. هەروەها سەرکردایەتی سەربازی سوپای عوسمانی، نەیانتوانی یەکەی گەورەی سەربەخۆی وەک لیوا و تیپ لە کورد پێک بهێنێت. تەنها ڕۆڵی چاودێری و خزمەتگوزاری و کۆمەکیان پێسپێردرابوو.[95]

دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی زۆرینەی کورد بهێنێتە ڕیزی سوارەی حەمیدیە و دەسەڵاتی لە ڕێگەی ئەوانەوە بگاتە هەموو کوردستان، چەندین ڕێوشوێنی بەرامبەر ئەوانە گرتبووە بەر کە ڕازی نەبوون بێنە ڕیزی سوارەی حەمیدییەوە. بۆ نمونە ئەو کوردانەی نەیانویستبا بێنە ڕیزی سوارەی حەمیدییەوە، کوردی دیکەیان دەکرد بە گژیاندا. لە کاتێکیشدا ڕازی نەبوبان دەست بخەنە خوێنی براکانیان، ئاگری دووبەرەکی خێڵەکییان هەڵدەگیرساند. یان ناکۆکی و دژایەتیان لە نێوان ئاغا و بەگە کوردەکاندا دروست دەکرد، بەوەی خەڵاتی لایەنێکیانی دەکرد و لایەنەکەی دیکەی فەرامۆش دەکرد. یان ڕێگەی کۆچکردنی لە کۆچەرییەکان دەگرت.[96] هەرچەندە دیدێکی دیکە سەرنجی لەسەر بەشدارانی نێو ( سوارەی حەمیدی)ە یە، بەڵام بە پێچەوانەی دیدی پێشوو باوەڕی وایە کە هێزەکانی (سوارەی حەمیدییە) لە دامەزراندنیانەوە تا کودەتای تورکە لاوەکان لە (١٩٠٨ز)، حوکمڕانی ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەوڵەتی عوسمانییان کردووە. چەکدارانی (سوارەی حەمدییە) تا کۆتایی دەسەڵاتی (عەبدولحەمیدی دووەم) لە ئەندامانی بەهێزترین و بە دەسەڵاتترین خێڵە کوردییەکانی (وان، ئەرزڕۆم، بەدلیس) پێکهاتبوون، خێڵی ( حەیدەرانلی) دیارترین خێڵی نێو (سوارەی حەمیدییە) بووە. بە پێی پێکهاتەی فەوجەکان، پێویست بوو هەر فەوجێک لە ( ٥١٢) سوار پێکهاتبا، بەڵام خێڵە کوردەکان لە ( ٢٠٠ - ٣٠٠) سواریان لە فەوجێکدا کۆکردۆتەوە. فەوجەکانی ( سوارەی حەمدیدییە) لە ( ٤٠) فەوج لە ( ١٨٩٢ز) بۆ ( ٦٣) فەوج لە (١٨٩٩ز) زیادیان کردووە، کۆی گشتی سوارەکان لە ( ١٢) هەزار بۆ ( ١٥) هەزار بوون.[97]

سەرباری ئەم هەڵسەنگاندنانە، نابێت ئەوەش بە نادیدە بگرین کە هۆکاری سەرەکی خزمەتکردنی کورد لە ڕیزی (سوارەی حەمیدییە) هاوڕابوون لەگەڵ عوسمانییەکان و نیشتمانپەروەریان بەرامبەر دەوڵەتەکە نەبوو. بەڵکو دەستکەوتە ماددییەکان (بەدەستهێنانی پلەی سەربازی، وەرگرتنی ئیمتیازاتی جۆراوجۆر، خۆدزینەوە لە باج، مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک، بەکارهێنان و قۆستنەوەی پشتگیری دەوڵەت) بوو.[98] بە بەڵگەی ئەوەی کە بە سەربازکردنی سوارەی حەمیدییە، لە چەند ناوچەیەک ببوو بە بیانوویەک بۆ ڕاپەڕین دژ بە دەوڵەت. گەورەترین بزوتنەوەش لە هاوین و پایزی ( ١٨٩١ز) ڕوویدا ، لە دەرسیمیش لە نێوان ساڵانی ( ١٨٩١ - ١٨٩٣ز) ڕوویاندا.[99] کوردانی دەرسیم مەترسی و هەڕەشەیەکی بەردەوام بوون لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، ناکۆکییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی قەرزە میرییەکان و بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنەوەیان وسەپاندنی باجی نوێ، ببوە هۆی ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی دەرسیمییەکان. ئەو هێزەشی نێردرا بۆ سەرکوتکردنیان، لەناویان برد. هەرچەندە لە (١٨٩٤ز) دەوڵەتی عوسمانی ویستی هێزێکی نوێ بنێرێتە سەریان، بەڵام دواجار ڕێگەی گفتوگۆی لەگەڵ شێخەکانی دەرسیم

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناو و ژمارەی خێڵە کوردییە بەشداربووەکانی سوارەی حەمیدیە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٨).

(94) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل٨٧ - ٨٨.

(95) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٥٤.

(96) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل٨٩.

(97) АБАК Тибет : Указ. соч, сс 47 - 48.

(98) Лазарев М. С.: Курдский вопрос 1891 - 1917 ,С 60.

(99) م.س.لازاریف و اخرون : الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٥٥.

گرتەبەر. شێخەکانی دەرسیم ڕازی بوون بچنە نێو سوارەی حەمیدیە، بەڵام ئەم بەڵێنەیان نەهێنایە دی و چەکدار و سوارەیان نەخستنە خزمەت سوارەی حەمیدییەوە.[100]

خێڵە کوردەکانی ناو فەوجەکانی (حەمیدییە)، لە دەسەڵات و جیاوگە (ئیمتیازات) فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەڵکی خراپیان وەرگرتبوو. دەرهەق بە خەڵکی توندوتیژ بوون. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی لە دەوروبەری لادێکان، تاڵانییەکی بەرفراوان و زۆرداری و هەڵکوتانە سەر گوندەکانی ئەرمەنییەکان ڕوویدابوو. ئەم ڕەوشە گەشتبووە ئاستێک، بەشێکی بەرچاو لە ئەرمەنەکان ناچار بوون زەوییە ڕەسەنەکانیان بەجێبهێڵن و بەرەو وڵاتانی جیاواز کۆچ بکەن.[101] ئەو خێڵە کوردانەی لە ڕیزی سوارەی حەمیدییەدا بوون، کێشە و گرفتیان بۆ دەسەڵات دروست کرد بوو. بە تایبەتی لە کەمبوونەوەی باج و سەرانەدا، بۆ نموونەساڵانی ( ١٨٩١ - ١٨٩٨ز) لە ویلایەتی وانەوە هیچ داهاتێک ڕەوانەی خەزێنەی دەوڵەت نەکرا.[102] هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی فەوجەکانی (سوارەی حەمیدیە)دا، بە فەرمانی (عەبدولحەمیدی دووەم) لە ساڵی (١٨٩٢ز) دا قوتابخانەی عەشائیری (تەشیرەت مەکتەبلەری) بە ئامانجی دروستکردنی نەوەیەکی دڵسۆز بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە منداڵانی سەرۆک خێڵ و خانەدانانی کورد دروستکرا.[103] بۆ کردنەوەی ئەم قوتابخانانە، دەوڵەتی عوسمانی (٨) ملیۆن لیرەی تەرخانکرد[104]

دوو ڕوانگەی جیاواز دەربارەی سیاسەتی سوڵتان (عەبدولحەمدی دووەم) لە دروستکردنی (سوارەی حەمیدییە، قوتابخانەی عەشائیری)، لە سەرچاوە ڕووسیەکاندا هەیە. ڕوانگەیەک وەک پرۆسەیەکی ئەرێنی لێی دەڕوانێت، لەسەر ئەو بنەمایەی لە میانەی ئەم سیاسەتە و پەیڕەوکردنی، کورد توانیویەتی لە کولتووری دەرەکی کەڵک وەربگرێت، لە لایەکی دیکە سەرکردە و کەسایەتییە کاریگەرەکانی کورد لە ڕێگەی ئەم سیاسەتانەوە ملکەچی دەسەڵات بوون و ڕۆڵیان کەمکراوەتەوە. لە شوێنی ئەم سەرکردانە، فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون بە خاوەن دەسەڵات. دروستکردنی (قوتابخانە عەشائیرییەکان) و پێگەیاندنی نەوەیەک و تێکەڵبوونیان بە دامودەزگاکانی دەوڵەت، دڵسۆزی کوردی بۆ سوڵتان فەراهەم کردبوو. بەپێچەوانەی ئەم ڕوانگەیەوە، دیدێکی پێچەوانەش جەخت لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر کورد دەکاتەوە. بە جۆرێک کە فەوجەکانی ( سوارەی حەمیدییە) لە ژێر دەسەڵاتی ئەستەمبوڵدا سەرپشکرابوون و زیانێکی زۆریان بە هاوڵاتیان گەیاند بوو.[105] نەک بە تەنها مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەڵکو کوردانی دەرسیم ( کوردە عەلەوییەکان)، خێڵە کۆچەرییەکانی باکوری سوریا، دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەدەست ستەم و گێچەڵگێڕانی ( سوارەی حەمیدییە) وە دەیاناڵاند.[106] بۆ نموونە کوردانی شارنشین لە قەزای ( هوشاب) لە ماوەی (٨) ساڵدا و لە ئەنجامی هێرشەکانی (حەمیدییە)، دەیان کەسیان لێکوژرا و زەرەروزیانێکی زۆریش بەر سامانی ئاژەڵییان کەوت، بە جۆرێک ( ٨٠٠) سەر مانگا و ( ١٠)هەزار سەر مەڕ و بزنیان لە ناوچوو. دەسەڵاتدارانیش بە هیچ شێوەیەک پارێزگارییان لە زیان لێکەوتووان نەدەکرد، لەبەر ئەوەی تاڵانچییەکان بەردەوام دەستکەوتەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا دابەش دەکرد.[107]

بە تێپەڕبوونی کات فەرماندەکانی (سوارەی حەمیدییە) دەسەڵاتێکی وایان پەیداکرد، کە ببووە هۆی نیگەرانی و دڕدۆنگی سەرکردە ئاساییەکانی سوپا. بۆ نموونە (ئیبراهیم پاشای سەرۆک خێڵی مەلالی) بە شێوەیەکی هەڕەمەکی حوکمی ناوچەیەکی فراوانی لە دەوربەری ( دیاربەکر، ئورفا) کردووە. دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەبووە، بە جۆرێک نزیکەی ( ١٤) هەزار سەربازی لە ژێر دەستدا بووە. هاوکات (٣٢) هۆزی بچوک پابەندی فەرمانی ئەوبوون. نەک هەر کوردی مسوڵمان، بەڵکو (عەلەوی، باوەڕدارانی

---

(100) Аверьянов П.И.: Указ. соч,сс 280 – 281.
(101) АБАК Тибет : Указ. соч, с 49.
(102) Аверьянов П.И.: Указ. соч,с 276.
(103) АБАК Тибет : Указ. соч, сс 50 - 51.
(104) م.س.لازاریف : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٨٧.
(105) АБАК Тибет : Указ. соч, с51.
(106) Аверьянов П.И.: Указ. соч,С. 274–275.
(107) م.س.لازاریف و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ص ٥٧ - ٥٨.

ئاینەکانی دیکەش) تەنانەت هەندێک لە ئەرمەنیەکانیش ( ئیبراهیم پاشا) یان بە پارێزەری خۆیان دەزانی. پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەبووە، بە شێوەیەک چارەسەری ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکانی کردووە.[108]

دەربارەی سروشتی کەسێتی و پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی ( ئیبراهیم پاشا)، زانیاری و ڕای پێچەوانەوە و دژ بەیەک هەیە. بە پێچەوانەی ئەو هەڵسەنگاندنەی پێشوو، ( لازارێف) وەک بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرست وێنای دەسەڵاتی (ئیبراهیم پاشا) دەکات و ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵانی ( ١٩٠٦ - ١٩٠٧ز) بە بێ چاودێری و بە ئارەزووی خۆی لە ناوچەکانی ( دیاربەکر، حەلەب، ئورفا، ماردین، دێرک) هەڵسوکەوتی کردووە. سەرکردایەتی دوو فەوجی لە هێزەکانی حەمیدییە کردووە، بە سەرپێچی لە فەرمانەکانی سوڵتان بۆ چوونە یەمەن و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ( ئیمام یەحیا)، دەستیکردوە بە تاڵانکردنی موڵک و سامانی دانیشتوانی موسوڵمان و مەسیحی و ئەو کوردانەشی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئیبراهیم پاشا لە پایزی ( ١٩٠٧ز) گەمارۆی دیاربەکری داوە، دەیان گوندی مەسیحی و کوردی لە نزیک شارەکە خاپور کرد. بە تەنها تورک و ئەرمەن و عەرەب ڕقیان لە (ئیبراهیم پاشا) هەڵنەگرتبوو، بەڵکو دانیشتوانی کوردیش بە هەمان شێوە ڕقیان لێی دەبۆوە، تەنانەت لە نێو لایەنگرانی خۆی لە یەکێتی (مەلالییەکان) ژمارەیەک نەیاری هەبوو.[109] ( ئیبراهیم پاشا) نمونەی تاکە سەرکردەی کورد نەبوو، کە بە دروستکردنی فەوجەکانی حەمیدییە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا زیاد کرد. بەڵکو چەندین سەرکردەی دیکەی کورد، بە هەمان شێوە توانیویانە سود لە (سوارەی حەمیدییە) بۆ زیادکردنی دەسەڵات و پێگەی خۆیان وەربگرن، لە نمونەی ئەو سەرکردانە (مستەفا پاشای خێڵی میران، حوسێن پاشا و ئەیمەن پاشای عەشیرەتی حەیدەرانلی) بە پشت بەستن بە پێگە و دەسەڵاتی فەرماندە کوردەکانی نێو حەمیدییە بە شێوەیەکی سەربەخۆ حوکمی ناوچەکانیان دەکرد.[110]

دوای دەسەڵات گرتنە دەستی تورکە لاوەکان لە ( ١٩٠٨ز)، سوارەی حەمدییە و تێوەگلانی لە ستەم و تاڵانی و دەستبەسەردا گرتنی زەوی ئەرمەنییەکان، گرفتێکی گەورەی بۆ دەسەڵاتی نوێ لە دەستەبەرکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ( بەرژەوەندیی خێڵە کوردییەکانی نێو سوارەی حەمیدییە، گەڕانەوەی مافی ئەرمەنییە نیشتەجێکان) دروستکرد. هەرچەندە هەندێ لە زەوی و موڵکەکانیان بۆ ئەرمەنییەکان گەڕاندەوە، هەندێک لەو سەرکردانەی تێوەگلابوون لە دەستگرتن بەسەر ئەو زەوییانەدا، دادگایی کران و سزاش دران. بەڵام چارەسەرکردنێکی کورتخایەن بوو.[111] هەستی ڕقلێبوونەوە و ناحەزی بەرامبەر بە حەمیدییە، لە نێوان سەرکردەکانی تورکە لاوەکان و لە ڕۆژنامە و چاپەمەنیەکاندا دەرکەوت. گەلێک لە ئەندامە پلە باڵاکانی ( ئیتیحاد و تەرەقی) داوای تەوەیان دەکرد، سوارەی حەمیدییە لابرێت و بۆ سوپایەکی نیزامی بگۆڕدرێن. لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتداریێتیان، تورکە لاوەکان گرنگییەکی زۆریان بە پرسی فەوجەکانی حەمیدییە دەدا. هەرچەندە تورکە لاوەکان نیازی چەککردنی (سوارەی حەمیدییە)یان هەبوو، بەڵام لە ترسی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کورد، نەیانتوانی دەستبەجێ ئەم پلانەیان جێبەجێبکەن.[112] حکومەت دەستی کرد بە سزادانی سەرکردەی فەوجەکانی حەمیدییە، ئەوانەی کە لە سایەی ڕژێمی کۆندا کردەوەی نایاساییان ئەنجام دابوو. لەسەر سکاڵاکانی دانیشتوانی ئەرمەنییەکان ئەو سەرکردانە لە ئەستەمبوڵ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. ئەمەش چەند ئەنجامێکی لێکەوتەوە، چەندین پێکدادان لەگەڵ ئەو خێڵانەدا ڕوویدا، کە سەرۆکەکانیان دژی ئەو جۆرە سیاسەتەی حکومەت بوون.[113] لە بەهاری ( ١٩٠٨ز)، پەیوەندی نێوان حەمیدییەکان و سوپای نیزامی تێکچوو. بەگە کوردەکان وا بیریان دەکردەوە، ئەو هەڵمەتەی دژ بە حەمیدییەکان لە ئارادایە سەرەتای پرۆسەیەکە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی ئەوان. خێڵە کوردییەکانیش، ڕازی نەبوون بەوەی بەشێک لە حەمیدییەکان بچنە ڕیزی سوپای نیزامییەوە. (حوسێن پاشای سەرۆک خێڵی حەیدەرانلی) لە هەموان زیاتر دژی ڕێکخستنەوەی حەمیدییەکان بوو. هەرچۆنێک بێت لە پایزی ( ١٩٠٨ز) بەشێک لە حەمیدییەکان چەک کران، داواش لە ئاغا و بەگە کوردەکان کرا کەرەستە و جل و بەرگە سوپاییەکانیان بۆ

---

(108) АБАК Тибет : Указ. соч, с51.

(109) م.س.لازاریف و ئەوانی دیکە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٨٥ - ٨٦.

(110) АБАК Тибет : Указ. соч, с52.

(111) Там же, с 54, 65.

(112) Лазарев М. С.: Курдский вопрос (1891–1917),С. 152-153.

(113) АБАК Тибет : Указ. соч, сс 64 – 65..

بگەڕێننەوە.[114] لەساڵی (١٩١٠ز) فەوجەکانی حەمیدیە، ڕێکخرانەوە. پێش هەموو شتێک ناوەکەیان بۆ (فەوجی سوارە سووکەکان) گۆڕدرا. یاسا و دیسپلینی نوێ وەک (دامەزراندنی پشکنەر، دامەزراندنی فەرماندەی فەوج لە سوپای ئاسایی، خزمەتکردنی ئەفسەران لە فەوجەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ) بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان دانرا .هەروەها بە ئامانجی دیسپلینکردنی فەوجەکانی حەمیدیە، چەند بڕیارێک دران وەک (دیاری کردنی ژمارەی پێویست لە فەوجەکان، قەدەغەکردنی پۆشینی جلوبەرگی سەربازی لە سەربازانی حەمیدییە لە کاتی ئاشتیدا، تەنها ئەو سەرۆک خێڵانە وەک ئەفسەری فەوجەکان دامەزرێن کە خزمەتیان لە سوارە ئاساییەکان کردبێت و لە ئاقیکردنەوەی تایبەتدا سەرکەوتووبن، سزادانی ئەندامانی حەمیدیە لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی فەرمانەکان و هەر جۆرە دەستدرێژییەک بۆ سەر دەسەڵات، ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نەریتی خێڵەکییانە وەک بیانوییەک بۆ خۆدزینەوە لە سزا، هەموو کەسێک بە پلە باڵا و نزمەکانیشەوە دەبێت پەیڕەوی یاسای سەربازی بکەن و لە ئەنجامدانی هەر تاوانێک لەکاتی جەنگدا و لەکاتی ئاشتیشدا و ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی نایاسایی ملکەچبن بۆ دادگای مەدەنی).[115]

---

(114) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٢٣٥.

(115) АБАК Тибет : Указ. соч, сс 67 – 68.

## تەوەری چوارەم: پەرەسەندنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ (١٩٣٩ز)

خەباتی نەتەوەیی وەک تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی دیاری ناسنامەی نەتەوەیی کەسێتی کورد دەرکەوتووە، سەرباری ئەوەی کە کوردستان بەسەر وڵاتانی دیکەدا دابەشکراوە، بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، وەک پێشینەی خەباتی نەتەوەیی لە پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردیدا، جێگەی خۆی گرتووە. کاردانەوەی وڵاتانی باڵادەست بەسەر کوردستاندا، لە بەرامبەر ویستی سەربەخۆیی نەتەوەیی و سیاسی کەسێتی کورد پێشکەوتوخوازانە نەبووە. ئەو وڵاتانە نەک ڕووبەڕووی مەیلی جیابوونەوەی کەسێتی کورد دەبنەوە، بەڵکو لە بەرامبەر ویستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریشدا، کاردانەوەیەکی جددی و بەرفراوانی نەرێنیانەیان هەبووە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕادەی چالاکییەکانی ئەم وڵاتانە دژ بە ویستە سیاسی و نەتەوەییەکانی کەسێتی کورد و کاردانەوەکانیان، دەرخەری کاریگەری و ڕەنگدانەوەی فاکتەری کوردیی لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتانەدا بووە.[116] دوو دیدی جیاواز، وەک هەڵسەنگاندنی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی مشتومڕیانە. هەندێک لەو بڕوایەدان کەسێتی کورد توانیویەتی بوونی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، ئەم ڕاستییەش ڕەوایەتییەکی سیاسی بە کەسێتی کورد دەبەخشێت. بە مانایەکی دیکە بزوتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی، دەبێتە هەڵگری ئامانجێکی گرنگ، نەک تەنها وەک پاساوێک بووە بۆ بونیان ، بەڵکو فاکتەرێکی گرنگ بۆ بانگەشەکردنی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆش بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕوانگەیەکی دیکە ئەو بانگەشانەی کە دەربارەی ( کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتن) دەکرێن، بە بێمانا دەزانێت، چونکە خودی (نەتەوە) پەیوەندیدارە بە بوونی دەوڵەت و نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەردەکەوێت و پەرەدەسێنێت.[117]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی، وەک فاکتەرێکی نوێ و کاریگەر لەسەر ڕەوشی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە دەرکەوت. ئامانجی ئەم بزوتنەوەیە، یەکخستن و یەکگرتنی پارچەکانی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی بووە. بە شێوەیەکی فراوانیش لە لایەن زلهێزەکان لە میانەی بەدەستهێنانی پێگەی ستراتیژی و ئابووریان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکارهێنراوە.[118] جەنگی یەکەمی جیهانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دووچاری لاوازی و دابەشبوون کرد. کورد بوو بە قوربانی سیاسەتی دووبارە داڕشتنەوەی سنورە سیاسییەکان لە لایەن زلهێزەکانەوە. هەریەک لە زلهێزەکان بێ ڕەحمانە کارتی کوردییان بۆ چارەسەرکردنی پرس و بەرژەوەندییەکانیان بەکار هێناوە، جگە لە ئازار و نەهامەتی بۆ گەلی کورد، دەستکەوتێکی ئەوتۆیان پێ نەبەخشی.[119] (سافراستیان) دەربارەی بەشداری کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانی و هۆشیاربوونەوەی کورد لە پاش جەنگ ئاماژەی بەوە کردووە، هەرچەندە کورد بە درێژایی جەنگەکە بێ جیاوازی و پەنگانەوە، بە بێ بوونی ئامانج و پلانێکی داڕێژراوی نەتەوەیی بۆ تورکەکان جەنگیان کرد، سەرئەنجام بوون بەلایەنێکی قوربانی جەنگەکە. بەڵام پاش جەنگ، هاتنەوە سەرخۆ و ژیریان نواند، هەوڵ و تەقەلای خۆیان لە دوولادا خستە کار، لە لایەکەوە ڕووەو کۆنفرانسی ئاشتی هاوپەیمانەکان لە پاریس، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی و قسە و باسیان لەگەڵ تورکە شکاوەکان نەبڕی و کەین و بەینیان لەگەڵیان هەر هێشتەوە.[120]

لە دوای جەنگ کوردستان دابەشکرا، ئەگەر کورد پێشتر وەک هێزێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندی لاواز، ناتەبا و ناکۆک لەگەڵ بزوتنەوە کوردییەکان ژیابووبا، ئەوا پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ، وەک هاوڵاتی دەوڵەتە نوێیەکانی (عێراق، ئێران، سوریا، تورکیا ) مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. بازنەکانی حوکمڕانی ئەم وڵاتانە، سیاسەتی یەکخستن و یەکبوون و ناوەندگەرایان بە تایبەتی لە بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەست پەیڕەو دەکرد.[121] هەر لە دوای جەنگ بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هات، دەوڵەتە سەردەست و باڵادەستەکان

(116) Ш.Х.Мгои:КУРДСКИЙ ФАКТОР(Современное состояние и перспективы) ,с12.
(117) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ,Курдский вопрос на рубеже тысячелетий ,ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА,Москва 2004, с 59.
(118) М.С.Лазарев: КУРДСКИЙ ВОПРОС В НОВОЙ ГЕОПОЛИТИЧЕСКОЙ СИТУАЦИИ Постановка вопроса,с3.
(119) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.
(120) ئارشاک سافراستیان : س.پ، ل ١٩٧.
(121) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

بەسەر کوردستاندا دوو هێندەی پێشوو زیادیان کرد. جگە لە ئێران و تورکیا، دوو پارچەی کوردستان ( کوردستانی عێراق (باشوور)، کوردستانی سوریا (باشووری ڕۆژئاوا)) لەسەر نەخشەی جوگرافی دەرکەوت.[122] پرسی کورد، وەک فاکتەرێک لە ژیانی سیاسی دەوڵەتانی (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) کاریگەری بەرچاوی هەبووە. لە هەر یەک لەم وڵاتانە دەرکەوتێکی هەمیشەیی خەباتی کەسێتی کورد، وەرگرتنی مافی (سەربەخۆیی، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیبەت) بووە.[123] گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد بە پێی بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەلومەرجی بزوتنەوە کوردییەکان و بارودۆخی خودی هەریەک لەم دەوڵەتانە، داوای هەریەک لەو مافانەی کردووە.

چارەنووسی کورد، لە بری دانانی بەمافی کورد و جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی بزوتنەوە و ڕاپەڕینە کوردییەکان، لە دانیشتنە دبلۆماسیبەکان و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بڕیاری لەبارەوە دەدرا. لەم ڕووەشەوە، وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی، پرسی کوردیان بۆ بەرژەوەندی و سودی خۆیان بەکارهێناوە. هەرچەندە دەبوو بە پێی بڕیارەکانی ( پەیمانی سیڤەر) ئۆتۆنۆمی و پاشان سەربەخۆیی بە کورد بدرێت.[124] بەڵام دوای مۆرکردنی پەیماننامەکە، هێزەکانی هاوپەیمانان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پێداچوونەوەی پرسی کورد لەگەڵ تورکیادا، بە مەرجێک تورکیا بتوانێت بەرژەوەندی و مافەکانی کورد دەستەبەر بکات. گۆڕانکاریی لە هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزدا ڕویدا، بە جۆرێک لە ئازاری ( ١٩٢١ز) چیتر وەک پێشوو پێداگرییان لەسەر پرسی کورد نەدەکرد. ئەمەش کەمالییەکانی هاندا ڕێگریی بکەن لەوەی پرسی کورد بخرێتە بەرنامەی کۆبونەوەی وڵاتانی هاوپەیمان ( کۆنفرانسی لۆزان).[125] لەو پەیماننامەیەدا کە لە ( ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٣ز) لە لۆزان مۆرکرا، چەند خاڵێک خرایە بەردەم کەمالییەکان بۆ ئەوەی ڕەچاوی بکەن و کاری پێبکەن. بە پێی بەندی (٣٨)ی پەیماننامەکە ( حکومەتی تورکیا بەڵێنی پاراستنی ژیان و سەربەرستی هەموو دانیشتوانی بە هاوپەیمانان دا، بە بێ ئەوەی گوێبداتە ڕەچەڵەک و نەتەوە و زمان و ئاینیان)، هەروەها بە پێی بەندی ( ٣٩)ی پەیماننامەکە تەوە خرابووە ڕوو کە هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک لە بەردەم هاوڵاتیبانی تورکیا نییە، کە لە ژیانی ڕۆژانە و کاروباری بازرگانی و چاپەمەنی و کۆبوونەوە گشتییەکاندا، هەر زمانێکیان بوێت بەکاربهێنن. بەم جۆرە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی وڵاتانی زلهێز و تورکیا، مافی کوردستانی سەربەخۆ کە لە ( پەیمانی سیڤەر) بە کورد درابوو، لە ( لۆزان)دا ڕەتکرایەوە.[126] کۆنگرەی (لۆزان) بە شێوەیەکی کۆتایی، ڕەوایەتی بە جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخشی. بەڵام لە ڕوانگەی کوردەوە، هیچ یەکێک لەو ڕێگەچارانەی کە بە سەردەمی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ناسراوە، نەیتوانیوە لە بنەڕەتەوە چارەسەری کێشەکان بکەن. چونکە دیاریکردنی مافی چارەنوسی کورد، خاڵی سەرەکی کێشەی کوردە. دوای ( کۆنگرەی لۆزان)، جەخت لە کێشەی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان ( بەریتانیا، تورکیا) کرایەوە. هەردوو لای ناکۆک، کارتی کوردییان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێنا، بەو پێیەی کارتێکی سەرەکیبە لەو ناکۆکییەی نێوانیان. سەرئەنجام لە یەکلایکردنەوەی ئەم کێشەیەدا، وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیاریاندا، نەک لەبەر چاوگرتنی خواستەکانی کورد.[127]

کەسێتی کورد دابەشکردنی نیشتیمان و خاکەکەی قبوڵ نەکردووە، گۆڕینی پەیمانی سیڤەریش بۆ لۆزان و پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە بە کورد درابوو، ببووە هۆی ناثارامی و دڕدۆنگبوونی کەسێتی کورد و بەرفراوان بوونی چالاکیبە سیاسی و مەدەنی و سەربازییەکانی بۆ ڕەتکردنەوەیی و وەرگرتنی مافە نەتەوەییەکانی. هەر ئەم ڕەوشە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی کەسێتی کورد هەبووە، کە لە زنجیرەیەک ڕاپەڕین لە ( بیستەکان و سییەکان)ی سەدەی بیستەم سەراپاری

---

(122) М.С.Лазарев:КУРДСКИЙ ВОПРОС В НОВОЙ ГЕОПОЛИТИЧЕСКОЙ СИТУАЦИИ Постановка вопроса,с4.

(123) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ, с53.

(124) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от начала кемалистского движения до Лозаннской конференции), СТРАНЫ и НАРОДЫ БЛИЖНЕГО СРЕДНЕГО ВОСТОКА , VII, КУРДОВЕДЕНИЕ, ИЗДАТЕЛЬСТВО АН АРМЯНСКОЙ ССР,ЕРЕВАН ,1975,с 64.

(125) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 42.

(126) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от начала кемалистского движения до Лозаннской конференции),с 67.

(127) М.С, Лазарев:Курдистан и курдский вопрос 1923-1945,сс 28 – 29.

کوردستانیان گرتەوە بەرامبەر هێزە باڵادەستەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکان، بەڵام هەموویان شکستیان هێنا.[128] لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ، چالاکی سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنییانەی کەسێتی کورد سەری هەڵدا. سەرباری هەوڵەکانی ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردی لەم ماوەیەدا، بەڵام بەگشتی بزوتنەوەیەکی پارچە پارچە و لێک دابڕا و تەنانەت جیاواز لە یەکتری بوون. بوونی سێ ناوەندی سەرەکی چالاکییەکانی کورد و بزوتنەوەی کوردی، ڕادەی لێکدابڕاوی جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتری دەردەخات. لە هەریەک لە ناوەندەکانی (باکوری کوردستان - ئەستەمبووڵ، باشووری کوردستان - سلێمانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ورمێ) چالاکی سیاسی و خەباتی کەسێتی کورد بە ئامانجی وەرگرتنی مافەکانی ئەنجام دراوە.

یەکەم : نێوەندی باکوری کوردستان - ئەستەمبووڵ

ئەم نێوەندەی بزوتنەوەی کوردی، ڕۆڵێکی بنچینەیی لە داهێنانی خەباتی سیاسی و مەدەنی لە بزوتنەوەی کوردیدا هەبووە. بەشێکی زۆری ڕێکخراو و یانە و کۆمەڵە سیاسییەکان لەم نێوەندەدا سەریان دەرهێنا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەرکەوتنی چەندین ڕێکخراو و یانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێتە سیمای پێشکەوتنی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد. ئەم ڕێکخراو و یانانە لە لایەن لاوانی خوێندەواری کوردەوە دروستکران، کە سەر بە چینی دەرەبەگ بوون و لە ئەستەمبووڵ و ئەوروپا و میسر ژیانیان بەسەر دەبرد. لە پایزی ( ١٩٠٨ز) بە دەستپێشخەری ( ئەمین عالی بەدرخان) یانەیەکی کوردی دامەزرا، ئەم یانەیە ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی و بەناوی ( کورتاپوت و تەرەقی گازێت - ڕۆژنامەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد) بڵاوکردەوە.[129]

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٠٨ز) تورکە لاوەکان هاتنە سەر دەسەڵات و چاکسازی دەستووری و پەرلەمانیان لە تورکیا ڕاگەیاند، ئەم ڕەوشە نوێیە بووە هۆی پەرەسەندنێکی گرنگی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد. لەم بارودۆخەدا ڕێکخراوە سیاسییە سەربەخۆکانی کورد دەرکەوتن. نەوەیەک لە گەنجانی کورد، کە لە ئەستەمبوڵ و شارە گەورەکانی دیکە خوێندبوویان دەستیان بە چالاکی سیاسی کرد. لە ڕێی چالاکییە سیاسییەکانیانەوە، ئەم نەوەیە ئامانجی ئەوەی هەبوو کە تاکی کورد هۆشیارییەکی نەتەوەیی هەبێت و ئەندام و لایەنگر بۆ خۆیان ڕابکێشن. سەرباری هەوڵەکانی ئەم نەوەیە، بۆ بایەخدان بە تایبەتمەندی زمانەوانی و کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کورد، ئەم ڕاستییانەش لە عەقڵییەتی کەسێتی کوردیدا بچەسپێنرێت. بەڵام جەختیان لەوە نەکردۆتەوە کە بەدیهێنانی ئەو مافانە وەک پێویستییەکی نەتەوەیی و مافێکی نەتەوەییە، لەوەش زیاتر لە ئاماژەدان بە کورد دەستەواژەی (نەتەوە) یان بەکارنەهێناوە.[130]

خەباتی ڕزگاریخوازانەی بزوتنەوەی کوردی لەم نێوەندەدا، بە چەند قۆناغێکی گەشەسەندندا تێپەڕبووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم، وەک بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی چالاک دەرکەوت. کۆمەڵێک فاکتەری وەک ( سیاسەتی دەستەبژێرانی تورکە لاوەکان، شکستهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا، پوکانەوەی سیاسەتی پان ئیسلامیزم و پان عوسمانیزم، دەرکەوتنی بیرۆکەی پان تورکیزم) لە پەرەسەندی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کوردی و گەشەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی لەم نێوندەدا، ڕۆڵیان هەبووە.[131]

لە پاش دەسەڵات گرتنە دەستی تورکە لاوەکان، یەکەمین دەستەی ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییە کوردییەکان دەرکەوتن. ئەم ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی (یانە)دا لە زۆربەی شارە کوردییەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات ( موش، دیاربەکر، بەدلیس، ئەرزڕۆم، ...هتد) بڵاوببوونەوە. چالاکی و جموجوڵەکانی یەکەمین دەستەی کوردە نەتەوەییەکان، ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو. بەڵام لە ڕووی کارکردنە سەر جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک، لە ئاستێکی زۆر بەر فراواندا نە بووە. هەرچەندە ئەم یانانە بە تەمەنێکی کورتەوە، لە ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بڵاوببوونەوە، کاریگەرییان لە دوای خۆیان بەجێهێشت. ئەم یانانە بوون بە

---

(128) М.С.Лазарев: КУРДСКИЙ ВОПРОС В НОВОЙ ГЕОПОЛИТИЧЕСКОЙ СИТУАЦИИ Постановка вопроса ,с4.

(129) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٢٢٤.

(130) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ,,с 5٩.

(131) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 6.

ماکی دامەزراندنی بزوتنەوەی سیاسی ڕێکخراو لە نێو کورددا.[132] بە باوەڕی ئێمە کاریگەر نەبوونی ئەم یانانە لە دروستکردنی کاریگەری بەرفراوان لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێی خەبات و چالاکی سیاسی بووە و هێشتا بە تەواوی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بنجی دانەکوتابوو.

لەگەڵ دەرکەوتنی مەیلە تۆرانییەکانی تورکە لاوەکاندا، کەسێتی کورد بەرامبەر بە سیاسەتی بە تورککردن وەستاوەتەوە، پارێزگاری لە بوونی خۆی کردووە. یەکەمین ڕەتکردنەوەی ئەم سیاسەتەی تورکە لاوەکان، ڕاپەڕینەکەی ئیبراهیم پاشای میللی ( لە ئەرزنجان تا دێرەزور) بوو، بەڵام لە تشرینی دووەمی ( ١٩٠٨ز) کاربەدەستان ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت کرد. بە هەمان شێوەش کوردانی دەرسیم، بەرهەڵستی تەواوی کاربەدەستانیان کردووە. لە کۆتاییەکانی ( ١٩٠٩ز) و سەرەتای ( ١٩١٠ز) سەرەتای بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی تورکیا سەری هەڵدا. لە ناوچەکانی بایەزید و دەوروبەری بە ئاشکرا دژایەتی میری دەکرا و بزوتنەوەیەکی چالاک دەرکەوت. کوڕی حوسێن پاشای سەرۆک خێڵی ئامادان و سەید عەبدولقادر و چەند کەسایەتییەکی دیکە ڕێبەرایەتی ئەو بزوتنەوەیان دەکرد[133] لە (١٩١٣ - ١٩١٤ز) جموجۆڵێکی بەهێز بۆ ڕزگاری کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوو ، ئەو بزووتنەوەیە بە تایبەتی لە لایەن سەرکردە ئاینییەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، هەندێک لە چالاکوانە سیاسیەکانی ئەوماوەیە  داوای سەربەخۆییان دەکرد، هەندێکی دیکەشیان داوای چاکسازییان دەکرد، هەندێکی دیکەش هەبوون تەنها دەیانویست دەسەڵاتدارانی تورکیا لە کوردستان دەربکەن.[134]

پاش شکستی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردیش هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ دەستخستنی مافە نەتەوایەتییەکانیان کەوتنە جموجوڵ و چالاکی. ڕێبەرایەتی ئەم جموجوڵە نەتەوەییانەی کورد (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) بوو، کە لە (١٩١٨ز) دامەزرابوو. زۆرێک لە ئەندامانی لە بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان بوون، دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکە لە ( سەید عەبدولقادر - سەرۆک، ئەمین عالی بەدرخان - جێگری سەرۆک، فواد پاشا - جێگری دووەمی سەرۆک، حەمدی پاشا - سکرتێری گشتی، سەید عەبدوڵای کوڕی سەید عەبدولقادر - ژمێریار) پێکهاتبوون.[135] ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ پارتی (حوڕیەت و ئیئتیلاف) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە چوارچێوەی  ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت. (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) هەوڵی ئەوەی دەدا، ئەو کوردانەی کە بۆ ناوچە دوورە دەستەکان دوورخرابوونەوە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، فەرمانبەری کورد لە ناوچە کوردییەکان دابمەزرێنرێت، دۆستایەتی وپەیوەندی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی کوردی لە سلێمانی و ئینگلیزدا بونیاد بنرێت.[136]

هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کەسێتی کورد، پەرەگرتنی خەباتی سیاسی و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، کەسێتی کورد ئاوڕی لە بونیاد نانەوەی پەیوەندییە مێژوویی و دۆستانەییەکانی لەگەڵ ئەرمەنییەکان داوەتەوە. سەردەمی ( سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم) جۆرێک لە گرژی و بەریەککەوتن لە نێوان هەردوولا دروست بوو. بەڵام پاش دەسەڵاتگرتنە دەستی تورکە لاوەکان، لە لایەن کوردە نەتەوەییەکانەوە هەوڵی بونیادنانەوەی ئەم پەیوەندییانە دراو و لەگەڵ ئەرمەنە نەتەوەییەکاندا هاوکاری یەکترییان کردووە، ئەمەش بزوتنەوەی تورکە لاوەکانی تۆقاندبوو.[137] قۆناغێکی دیکەی گرنگ لە پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی نێوان ( کورد - ئەرمەن) پەیوەندیدارە بە ڕەوشی سیاسی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی. ئەویش لە ڕێگەی هەوڵەکانی (شەریف پاشا)ەوە بوو. لە میانەی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئاشتی لە (٢٢ی مارتی ١٩١٩ز و ١ی مارتی ١٩٢٠ز) دوو ڕاپۆرتی دەربارەی داواکاری و خواستەکانی کورد پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد. لەم

---

(132) م.س.لازاریف : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل٢٢٥- ٢٢٦، ٢٢٨.

(133) هـ س ، ل ٢٢٩- ٢٣١، ٢٣٨.

(134) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(135) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 6.

(136) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции),с 43.

(137) م.س.لازاریف : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٢٢٥.

کاتەدا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ( داشناق)ی ئەرمەنی گرتدا و لە ( ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠ز) پێکەوە ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان پێشکەش بە کۆنگرەکە کرد.[138]

لە دوای ناوچوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی لە لایەک، لە لایەکی دیکە بڵاوبوونەوەی دەنگۆی پشتیوانیکردنی ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە ببووە مایەی گۆڕینی هەڵوێستی سەرانی بەشداربووی حەمیدییە و پشتیوانیکردنی بزوتنەوەی کوردی. ئەزمونی ( خالید بەگی جوبرانلی) باشترین بەڵگەی ئەم پەرسەندنەیە. خالید بەگ لە بنەماڵەیەکی ناودار و دەرەبەگی جوبرانلی بوو، دەرچووی قوتابخانەی ( عەشاتیری)ی ئەستەمبوڵ بوو. لە نێو سەرکردەکانی حەمیدیبەدا بە کەسێکی بە توانا و لێهاتوو خوێندەوار و شارەزای کاروباری جەنگی ناسرابوو. لە سەرەتا سەرکردایەتی فەوجێکی حەمیدیەی پێسپێردرابوو، پاشان بوو بە فەرماندەی ( فیرقە)یەکی حەمدییە. لە ( ١٩٢٠ز)ەوە خالید بەگ و ئەفسەرانی دیکەی نزیک لەخۆی، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد. لەگەڵ شێخ و سەرۆک خێڵەکانی ( ڤارتۆ، کاڕلێوڤ، مەلازگیرد، بۆڵانیک، هینیس) گفتوگۆی بۆ یەکخستنی خەبات و هەوڵەکانیان بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی کۆنگرەی ( ئەرزڕۆم و سیواس) کرد. هاوینی ( ١٩٢٠ز) خالید بەگ پەیوەندی لەگەڵ ( سەید عەبدولقادر، عەبدولرەحمان هەکاری) ئەندامانی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) گرێدا، لەڕێگەی ئەوانەوە لەگەڵ ( یوسف زیا و هاوڕێکانی) ڕێککەوتن کە لە ڕێگەی ( کۆمەڵەی گەلان)ەوە سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش (خالید بەگ) سکاڵا و یاداشتی لە سەرۆک خێڵەکان کۆکردەوە، ئەم سکاڵا و یاداشتانە لە ڕێگەی ( کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)ەوە بۆ ( شەریف پاشا) نێردران.[139]

لە سەروبەندی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالییەکانیشدا، کەسێتی کورد پشتیوانی لە بیرۆکەی (یەکپارچەیی ئاین و نەتەوە) لە بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەشدا وەک بانگەشەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکی کردووە. ئەمەش پشتیوانییەکی بەرچاوی بۆ (مستەفا کەمال) دابین کرد.[140] لە سەروبەندی چالاکییەکانی بزوتنەوەی کەمالی، سەرکردەکانی بزوتنەوە هەندێک بەڵێن و گفتیان بە کورد دابوو، بەشێک لە سەرکردە و کەسە دیارەکانی کورد باوەڕیان بەم بەڵێنانەی کەمالییەکان کرد و خۆشباوەڕبوون بەوەی دوای سەرکەوتنیان، کەمالییەکان ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدەن، هەر بۆیە بەشداریبان لە ( کۆنگرەی ئەرزڕۆم) لە حوزەیرانی ( ١٩١٩ز)دا کرد. بەشدابووە کوردەکانی ئەم کۆنگرە، دژی دروستبوونی حکومەتێکی نەتەوایەتی تورکی نەبوون، بە مەرجێک لە چوارچێوەی ئەو حکومەتەدا ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت.[141] هەرچەندە لە کۆنگرەکەدا بابەتی سەرەکی لێدوان و گفتوگۆ بوو لەسەر کێشەی کورد، بەڵام لە بەیانی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا تورکە ناسیۆنالیستەکان بە هیچ شێوەیەک باسیان لە مافی کورد نەکرد. جگە لەوەش تورکە ڕەگەز پەرستەکان توانییان بڕیارێکی وا دەربکەن کە گشت موسوڵمانان ناچار بکەن، لەوانەش کورد، خەبات لە دژی جیابوونەوەی ئەرمینیا و باکوری کوردستان لە تورکیا بکەن.[142] هاوکات ئەوەش چەسپێنرا کە ویلایەتەکانی ( ئەرزڕۆم، سیواس، دیاربەکر، خەربوت، وان، بەتلیس) یەک پارچەن و بە هیچ کلۆجێک و لە ئەنجامی هیچ ڕووداو و پێشهاتێکدا نابێت جیابکرێنەوە و لە یەک بپچڕێن.[143] لە کۆنگرەی (سیواس)یش مافی کەمە نەتەوەییەکان و بە تایبەتی کورد، پشتگوێ خران. بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەکە بوونە بنەمایەک بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیا. پاش پەسەندکردنیان لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە، کەمالییەکان ئەو پاڵپشتییەیان چنگ کەوت کە ئامادە نەبن مافی ئۆتۆنۆمی بدەنە کورد، دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا نەنێن. بەڵکو هەوڵیان بۆ ئەوەدا کە بزوتنەوەی کوردی بۆ خزمەتکردنی جوڵانەوەی تورکی بەکاربهێنن و بۆ ئەم مەبەستەش دروشمی یەکێتی ئاین و کولتووریان وەک ئامانجێک بەکارهێنا.[144]

---

(138) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции),c 44 - 45.

(139) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, cc 12- 14.

(140) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ, c60.

(141) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции),c 46.

(142) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, c 17.

(143) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции),c 46.

(144) م.ئە.حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەدەمی نوێدا، ل ١٨ - ١٩.

پاش ئەوەی (مستەفا کەمال) لە تورکیا هاتە سەر دەسەڵات، لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی نوێدا، نەتەوە وەک بەرزترین سەرچاوەی بەها بۆ تورکەکان جێگیرکرا. بیرۆکەی سەرەکی (زیا گۆیک ئالپ) تیۆریزمی سەرەکی ناسیۆنالیزمی تورک کارکردن بوو لەسەر گواستنەوەی بەها و سەرچاوەی دەسەڵات لە ئاینەوە بۆ نەتەوە. ئیدی هەڵسوکەوت و مامەڵە کردارییەکانی ناسیونالیزمی تورکی بۆ کورد ڕوونبۆوە کە هیچ حسابێکی بۆ بەرژەوەندی و مافەکانی کورد نەدەکرد. [145] کەمالییەکان دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوون، بە جوداخواز وێنایان کردووە، تەنانەت (مستەفا کەمال) پشتگیری ئەو هێرشانەی کردووە کە کراونەتە سەر(جەمعییەتی تەعالی کوردستان). بۆیە شتێکی سەیر نەبوو کە زۆرینەی ڕێبەر و پێشەوایانی کورد، بە گومانەوە بڕواننە کەمالییەکان. کەمالییەکانیش پشتیان بە دەرەبەگ و ئاغا و شێخە کوردەکان بەستبوو، نەک چینی فراوانی گەلی کورد. باشترین بەڵگەش نامە زۆرەکانی ( مەستەفا کەمال)ن کە بۆ دەرەبەگ و شێخە کوردەکانی وەک (عەبدولڕەحمان ئاغای گەورە دەرەبەگی ناوچەی شیرناخ، حاجی موسا بەگی مۆتکی، عەبدولباقی ئەفەندی بەدلیسی، عومەر ئاغای دەرشێڤ، ڕەسوڵ ئاغای موساش، سەعدوڵا ئەفەندی کۆنە نوێنەری ئەنجومەن، شێخ محمد ئەفەندی، شێخ زیائودین ئەفەندی، جەمیل چەتۆ بەگی هێرزان) ناردووە و داوای پشگیری لێکردوون. [146]

کەسێتی کورد بەرامبەر بە فشار و ستەم و دیکتاتۆریەتی کولتووری ناسیۆنالیزمی تورکی، بە چەندین ڕاپەڕین گوزارشتی لە کاردانەوەی خۆی کردووە. سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایی کورد و کۆتایهێنان بە ڕاپەڕینەکانی (شێخ سەعید، ئارارات، دەرسیم) ئەو باوەڕەی لای دەوڵەتی تورکیا دروستکرد کە چاکسازی ڕیشەیی لە ڕێگەی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوردییەوە دەبێت. چونکە ڕوانینی تورک بۆ کورد ڕقاوی و ڕەگەز پەرستانەیە، لە زهنییەتی کەسێتی تورکیدا ئەو باوەڕە چەسپیوە و کورد وەک نەتەوە ئەژمار ناکرێت، جۆرێک لە نەفرەت بەرامبەر بە کورد لە سایکۆلۆژیای تورکیدا هەیە. ڕوانگەی ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتیش، ڕێگە خۆشکەری ئەم جۆرە ڕوانینانەیە، چونکە باوەڕبوون بە بوونی ( یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا) مافی هاوڵاتیبوون دەسەلمێنێت و ئەوانەشی بیانەوێت وەک هاوڵاتی بژین و وەک هاوڵاتی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت دەبێت لەگەل تورکەکاندا نوێنەرایەتی یەک نەتەوە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بکەن. [147]

لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا، بزوتنەوەی کوردی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەردەوام بوو. کۆمەڵێک فاکتەر بەردەوام زەمینەیان بۆ بزوتنەوەکە خۆشکرد و ڕەوایەتییان پێدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە کاری ئیداری و سەربازی زیاتر بڕی نەدەکرد. هاوکات یاسای جۆراوجۆر بە شێوەیەک داڕێژران کە کت و مت بۆ دژایەتیکردنی بزوتنەوەی کوردی بوون. [148] ڕاپەڕینی (١٩٢٥ز) کوردی تورکیا بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعید، لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا شوێنێکی گرنگی داگیرکردووە. لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٣ز) دا ژمارەیەک گروپی نهێنی کوردی، لەژێر فەرمانی کۆمیسیۆنی گشتی ڕێکخراوی سەربەخۆیی کوردستان(کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان) یەکخران. ئەمەش سەرنجی شێخ سەعیدی ڕاکێشا، سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە داوایان لێکرد سەرکردایەتی ڕاپەڕین بکات. [149] لە کۆبوونەوەی کۆمیتەکەدا، یاداشتێک بۆ شێخ سەعید خوێندرایەوە و تیایدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دانانی یاساکانی (شەریعەت)و خەبات بۆ لەسەر کارلادانی حکومەتی (سێکیۆلاریست)ی تورکیا بکرێت. ڕاپەڕینەکە گەشەی کرد، بەڵام نەبوونی یەکریزی لەناو خودی ڕاپەڕیوان، جیاوازی نێوان کوردی سوننە و عەلەوییەکان کە نەیانویست بەشداری ئەو بزووتنەوەیە بکەن، کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخ و ڕەوتی ڕاپەڕینەکە هەبوو. هەوڵەکانی شێخ سەعید بۆ ئەوەی خێڵە نەیار و ناکۆکەکان بهێنێتە ناو ڕاپەڕینەوە شکستی هێنا. بە تایبەتی کوردانی دەرسیم لە ترسی لەدەستدانی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی خۆیان، بەشداری ڕاپەڕینەکەیان نەکرد. [150] ئەگەرچی هۆکاری ڕاپەڕینەکەی (شێخ سەعید) بەشێوەیەکی سەرەکی ( نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) بوو. بەڵام

---

(145) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ, с60.

(146) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции),сс 45 - 46.

(147) К.В.Вертяев:К ИСТОРИИ КУРДСКОГО ВОПРОСА В ТУРЦИИ, с 63, 65.

(148) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 17.

(149) م.أ.حەسرەتیان: ڕاپەڕینی کوردان ساڵی ١٩٢٥، وەرگێڕانی. جەلال دەباغ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦ ، ل ٩، ١١.

(150) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

دەسەڵاتدارنی توركیا هەوڵیان بۆ ئەوەبوو كە پرسی كورد تەنها بە سوپا و پۆلیس و سەركوتكردن چارەسەر بكەن. حكومەت دەستی بە پەلاماردان و هێرشكردنە سەر ڕاپەڕینەكە كرد و ڕاپەڕینەكەی سەركوت كرد. دواتر كۆمەڵێك بڕیار و یاسای توندی بە ئامانجی ئەمێكردنی بەشداربووانی ڕاپەڕینەكە دەركرد.[151] ڕاپەڕینی (١٩٢٥ز) هەڵگری كۆمەڵێك تایبەتمەندیی بوو، لە لایەک لە لایەن شێخێكی ئاینی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی ڕێبەرایەتی دەكرا، لە لایەكی دیكە پلان دانەر و بزوێنەری شۆڕش كۆمیتەی سەربەخۆیی كوردستان ( ئازادی) بوو، كە دوو ساڵ پێشتر دامەزرابوو. ڕێبەرێكی ئاینی لە لایەن ڕێكخراوێكی سیاسی وەک كەسی یەكەمی ڕاپەڕینەكە دەستنیشان دەكرێت. خاڵی كۆكەرەوەی ئەم دوو لایەنە، ئامانجی نەتەوەیی و سەربەخۆیی كورد بووە. هەر بۆیە بە پەرەسەندێكی گرنگی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی كەسێتی كورد دادەنرێت.

سەرەڕای چەندین بەڵێن لە لایەن دەسەڵاتی توركیاوە، لە كۆتایی بیستەكانی سەدەی بیستەم هیچ ڕێوشوێنێكی نەگیرایەبەر بۆ ئاسانكردنی ڕەوشی ژیان و سووككردنی ستەم و نادادی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە كوردستاندا. ئەمەش ببووە هۆی سەرهەڵدانێكی نوێی دژە تورک لە هەرێمی ئارارات، كە لەلایەن كۆمسیۆنی سەربازیی سیاسی (خۆیبوون)ەوە ڕێبەرایەتی دەكرا. بەڵام ئەم ڕاپەڕینە لە ئەنجامی كۆمەڵێک فاكتەری وەک (نەبوونی ئامادەسازییەكی وورد وپلان بۆدانراو، سەرباری كاریگەری خۆیبوون ڕێكخستنی كاری ڕاپەڕینەكە و بەرنامەی كاری ڕاپەڕینەكە ڕوون نەبوو، نەبوونی یەكڕیزی لە نێوان خێڵە كوردییەكان و دەرفەتزانینی كەمالییەكان بۆ ڕاكێشانی هەندێک لە سەردارانی كورد، بڵاونەبوونەوەی ڕاپەڕینەكە لە ناوچەكانی دیكە، نەبوونی پشتیوانی بەرفراوان) شكستی هێنا. پاش سەركوتكردنی ڕاپەڕینی ئارارات، كوشتارێكی بەرفراوانی دانیشتوانی كورد لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستی پێكرد. دەسەڵاتدارانی توركیا هەڵمەتێكی شۆڤێنیان دژی كوردانی موسڵمان دەست پێ كرد، سەرانی ڕاپەڕینەكە لەسێدارە دران.[152] لەم دوو ڕاپەڕینەدا، كەسێتی كورد دوو ئەزموونی نوێی خستۆتەڕوو، تێبینی ئەوە دەكەین ئەگەر ڕاپەڕینی شێخ سەعید لەژێر دروشمی ئاینیدا سەریهەڵدابوو، ئەوا ڕاپەڕینی ئارارات لە سروشتدا مەدەنییانە بووە.

شكستی بزوتنەوەی ناسیونالیستی كورد لە لایەن كەمالیستەكان لە بیستەكان و سیەكانی سەدەی بیستدا لەگەڵ ڕاماڵینی بە كۆمەڵی كورد لە ناوچەكانی خۆیان هاوكات بوون. لە لایەكی دیكەوە پێگەی نیمچە سەربەخۆی خێڵە كوردییەكانی دەرسیم، بە ئاسانی لە لایەن حكومەتی توركیا قبوڵ نەكراوە. فشاری توركیا بۆ سەپاندنی باڵادەستی بەسەر دەرسیمییەكان، ڕاپەڕینی كوردانی دەرسیمی لێكەوتەوە. بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەكە و پەرەسەندنی ترسی لە دەروونی دەسەڵات دروستكرد، بۆ سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكە، هێزەكانی دەوڵەت هێرشیان كردنە سەر و بە زەبری هێز و توندوتیژی و كوشتار كۆتاییان بە ڕاپەڕینەكە هێنا.[153]

دووەم: نێوەندی باشووری كوردستان - سلێمانی

ئەم نێوەندەی بزوتنەوەی كوردی، لە ڕووی جەماوەرییەوە لە نێوەندەكانی دیكە پتەوتر بووە، لە ڕووی چەكداریشەوە بە بەراورد بە نێوەندەكانی دیكە بەهێزتربووە. سەركردایەتی ئەم نێوەندەی بزوتنەوەی كوردی، باوەڕی بە خەباتی چەكداری هەبووە. شێخ مەحموودی حەفید سەركردەی دیاری ئەم نێوەندەی كورد بووە. لەم نێوەندەی بزوتنەوەی كوردیدا، پاش شكستی خەباتی چەكداری و ئەزموونەكەی شێخ مەحموود، كۆمەڵە و ڕێكخراوە سیاسییەكان و خەباتی مەدەنییانە دەستپێدەكات.

هەر لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمەوە چەندین ڕاپەڕینی چەكداری ڕوویانداوە. لە تشرینی دووەمی ( ١٩٠٨ز) ڕاپەڕینێكی گەورەی كورد، لە لایەن هەمەوەندەكانەوە دەستپێكرد، زێباری و بارزانییەكانیش پشتیوانییان لێكردن. بە هۆی كوشتنی (شێخ سەعید)ی باوكی (شێخ مەحموود)ەوە كوردەكانی ویلایەتی موسڵیش لەسەر داوای (شێخ مەحموود) ڕاپەڕین. لە تشرینی یەكەمی ( ١٩٠٩ز) ڕاپەڕینی بارزان بە سەرۆكایەتی ( شێخ عەبدول سەلامی بارزانی) هەڵگیرسا. ئەو لەشكرەی توركیا بۆ سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكە ناردبووی، تێكشكێندرا و ڕاپەڕینەكە ناوچەیەكی فراوانی لە ویلایەتی مووسڵ گرتەوە. لە سەروبەندی

(151) م.ئە.حەسرەتیان: یاسا دەستورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٢٣، ٢٦.

(152) M. A. Гасратян :Восстание курдов в районе Арарат, http://kurdist.ru،/١٣/٠٨/٢٠٠٩/

(153) M.A. Гасратян:Движение курдов в районе Кочкири-Дерсим،http://kurdist.ru١٣/٠٨/٢٠٠٩/

جەنگی یەکەمی جیهانیش لە مارتی (١٩١٤ز) بە سەرۆکایەتی ( شێخ عەبدول سەلام بارزانی) ڕاپەڕینێکی دیکە ویلایەتی موسڵ و بەشێکی ویلایەتی بەغدادی گرتەوە.[154]

سوپای پیادەی بەریتانیا لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، پشتیوانی کەسایەتییە ئاینییە کاریگەرەکان و دەرەبەگەکانی لە باشووری کوردستاندا دەکرد. یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری کورد (شێخ مەحموود) بوو، بەریتانییەکان کەوتنە دانوستاندن لەگەڵی بەمەبەستی دروستکردنی هەرێمێکی کوردی خۆبەڕێوەبەر. بەڵام ئامانجی بەریتانیەکان، وەک کەسایەتییە ئاینییەکان بە هیوای بوون، سەربەخۆیی کورد نەبوو. بەڵکو ئەوان هاوسەنگییان لە نێوان سەربەخۆیی و مافەکانی کورد بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕاگرتبوو. لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری (١٩١٨ز) بە پێچەوانەی مەرجەکانی ئاگربەست، هێزەکانی بەریتانیا ویلایەتی موسڵیان داگیرکرد. دواتر دەستیان بەسەر تەواوی باشوری کوردستاندا گرت، بەریتانییەکان هەر لە دەستپێکەوە سیاسەتێکی نەرم و فێڵاوییان بەرامبەر بە کورد، پیادەکرد. دەرئەنجامی سیاسەتەکانیان بە پێچەوانە کەوتنەوە، هەر زوو تووشی دیاردەیەکی وەک ناسیونالیزمی دەرەبەگایەتی کوردی بوون. چینی دەرەبەگ و خێڵەکی کورد، بوون بە ئاکە گوزارشتکەری بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد. بۆیە سەرکردە خێڵەکییەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان وەک ڕێکخەر و سەرکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردەکانی عێراق دەرکەوتن.[155] ئیدارەی بەریتانیش لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی، بە جۆرێک مامەڵەی دەکرد کە دەست وەرنەدەنە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە، هاوکات هەندێک ئاسانکاری لە پێدانی مافە لاوەکیەکاندا فەراهەم کرد، بە تایبەتیش هەوڵی چاککردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی کورد دەدا. ئامانجی تەواوی ئەم ڕێبازە سیاسییە کە لە سەر ڕێساکانی سیاسەتی کلاسیکی ئیمپراتۆریدا ( پەرت بکە و زاڵ بە) دامەزرابوو.[156]

پاش ئەوەی لە ئایاری ( ١٩١٩ز) شێخ مەحمود دەستی بەسەر سلێمانیدا گرت، هێرشی کردە سەر بەریتانییەکان و یەکەکانیانی لە سلێمانی دەرپەڕاند. لەگەڵ ئەوەی ئەم بزوتنەوەیەی شێخ لە لایەن بەریتانییەکانەوە سەرکوتکرا، بەڵام کاریگەری بەرچاوی لەسەر گەشەی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد هەبوو.[157] بەدەمەوە بوونی کەسێتی کورد لە پشتیوانیکردنی (شێخ مەحموود)دا، ناکۆکی نێوخۆیی لە ئاستی خێڵەکی و کۆنەڤینی جاف و بەرزنجییەکان دەرخست. هەڵوێستی سیاسی خێڵی جاف لە کاتی ئەم بزوتنەوەیە بە ڕێبەرایەتی (شێخ مەحموود) لە بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە بە شێوەیەک بوو کە پشتیان تێکرد و پشتیوانییان نەکرد. لەم هەڵوێستەی جافەکاندا ڕۆڵی دەزگای جاسوسی ئینگلیزی کەم نەبووە، ئەم دەزگایە هاوکاری خێڵەکی و کێبەڕکێی سەرەکی شێخەکانی بەرزنجی - مەولانا خالید، کە بە ڕەچەڵەک لە خێڵی جاف بوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری هێنا.[158]

پاش ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئینتیداب توانییان مەترسی سەرەکی لە باکوری عێراق و لە تورکەکان و لایەنگرانیان دووربخەنەوە، بەڵام نەیانتوانی ئارامی بەدیبهێنن. لە مانگی تشرینی دووەمی ( ١٩٣٤ز) سەرلەنوێ لە دەوروبەری سلێمانی تێهەڵچوونەوە ڕوویدا، شێخ مەحموود کەوتە جموجوڵ و چالاکی. ئەمجارە جاف و هەورامییەکان لایەنگری شێخیان کرد و مەبەستیان بوو هەڕەشە لەسەر موسڵ دروستبکەن. سەرباری چەندین هێرشی پچڕ پچڕ ئەم جوڵانەوەیەش شکستی هێنا.[159]

لە کۆنگرەی لۆزانەوە تا یەکلاییکردنەوەی کێشەی موسڵ و ڕێککەوتنی نێوان (بەریتانیان - عێراق، تورکیا)، لە کوردستانی باشووردا بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز هاتە ئاراوە. دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و عێراق توانییان شکست بە بەرگری و جوڵانەوەی چەکداری کوردی بهێنن، کە دژ بە ( ئینتیداب) بەرپا ببوو، سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی خێڵەکانیش دامرکێننەوە. لە لایەکی

---

(154) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل٢٢٩- ٢٣١، ٢٣٨، ٣٤١

(155) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(156) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٩٢٣- ١٩٤٥ خەبات و سەرنەکەوتن، وەرگێڕانی احمد محمد اسماعیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٣، ل ١٢٩.

(157) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(158) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا : کوردستانی خوارووی خۆرهەڵات، ل ٢٥٨ - ٢٥٩.

(159) م.س.لازاریف : النضال و الأخفاق ( المسألة الكردية في سنوات ١٩٢٣ - ١٩٤٥)، ترجمه من الروسية، صادق الجلاد، بنکەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ١١٠.

دیکەوە بەغداد و لەندەن بۆیان دەرکەوت تەنها بە زەبری هێز ناتوانن کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بۆیە کەوتنە نەرمی نواندن. لەلا یەکی دیکە ئەو نەرمی نواندنە پێویستییەکی سیاسەتی دەرەوەشی لە پشتەوە بووە. چونکە وتووێژەکان لە بارەی موسڵەوە لە دوا قۆناغیدا بوو، لەندەن مەبەستی بوو کە ئەوە ئاشکرا بکات کە سەرقاڵی ئامادەکردنی عێراقە (نەک بە تەنها عەرەب، بەڵکو کوردیش)کە لە ژێر ئینتیدابدا بوو، بۆ ئەوەی حوکمی خۆیان بکەن و خۆیان بەڕێوە ببەن. دەسەڵاتدارانی بەریتانیا وایان نیشان دا، کە دەیانەوێت ڕاسپاردەکانی لیژنەی (عصبة الامم) جێبەجێدەکەن. ئەو بەشەشی پەیوەندیدارە بە مافی کورد کە بریتییە لە ( ئیدارەیەکی تایبەت لەسەر ئاستی شارەوانی و دادگا و خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی) جێبەجێدەکرێت. ئەم نەرمی نواندنەش، زۆر دوور بوو لەو ئامانجانەی بزوتنەوەی کوردی لە نێوەندی سلێمانیدا هەوڵی بەدیهێنانی دەدا، بەڵکو بەرەکەی بەریتانیا و عێراق چنییانەوە. بزوتنەوەی کوردی کپکرایەوە، زۆرێک لە کوردەکان بوون بە کارمەندی مەدەنی و سەربازی.[160]

سەرەڕای شکستەکان لەم قۆناغەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هەندێک سیمای ئەرێنی و خاڵی جیاکەرەوەی لەگەڵ قۆناغی پێشوودا هەیە. خەباتی بزوتنەوەکە بەرفراوانتر بوو، بە جۆرێک ئەزموونێکی کەڵەکەبووی لێکەوتەوە. دەسەڵات و چالاکی دەرەبەگەکان لەم قۆناغەدا لاوازتربوو، یەکبوونی گەلی کورد و پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی فراوانتربوون. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا لە بیست و سیەکانی سەدەی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن کەسایەتیە ئاینی و سەردارانی خێڵەکانەوە ڕێبەرایەتی کراوە. بەشێکی زۆریان بە دوای ئەوەوە بوون، ناو و ناوبانگ و پێگەی بنەماڵەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن. هەندێکیان لەگەڵ بەریتانییەکان و دەسەڵاتدارانی بەغداد ڕێککەوتن. شکستی تەوژمی بزوتنەوە کوردییەکان و گوتاری کوردی لە باشوری کوردستان بەرامبەر بە عێراق، کۆمەڵێک فاکتەری لە پشتەوەبوو. نەبوونی یەکڕیزی و یەکبوونی نێوان سەرکردەکانی کورد، بە تایبەتی کە هەندێکیان دژی بزوتنەوە کوردییەکان بوون، تەگەرەی سەرەکی بوو لەبەردەم بەهێزبوون و یەکبوونی نەتەوەیی کوردی باشوور، هاوکات باڵادەستی سەربازی هێزە حکومییەکان فاکتەرێکی دیکەی شکست بوون.[161]

لە پاش شکستی جوڵانەوە چەکدارییەکان، لە نێوەندی سلێمانیدا خەباتی سیاسی و مەدەنی دەستی بە چالاکی کرد. لە لایەک ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە حکومەتی عێراقیدا پلەوپایەی فەرمییان وەرگرتبوو یان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوون، لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیانەوە کاریان بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی کورد کردووە. لە لایەکی دیکە شێوازێکی نوێی خەباتی سیاسی و مەدەنی و ڕێبەرایەتییەکی نوێ و جیاواز، لەم نێوەندەی بزوتنەوەی کوردیدا دەرکەوت. دەرکەوتنی ڕێبەرایەتییەکی جیاواز لە دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی، پێشەوایەتیکردنی نارەزاییەکانی کورد لە لایەن ئەم سەرکردە شارییانەوە، خاڵی گەشەسەندنی بزوتنەوەی کوردییە لەم نێوەندەدا.وەک لە ئەزموونی نارەزایەتییەکانی سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم هەستپێدەکرا، چونکە شەپۆلێکی نارەزایی دژ بە مۆرکردنی پەیماننامەی (ئەنگلۆ - عێراقی ١٩٣٠) بەرپاکرا، خۆپیشاندان و نوسینی یاداشت و چالاکی سیاسی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پەیماننامەیە و پشتگوێخستنی مافەکانی کورد ئەنجام دران. تەنانەت لە (٦ی ئەیلولی ١٩٣٠) بایکۆتی گشتی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیەندرا و ڕووداوەکان بەرەو ڕاپەڕینێکی توندوتیژانە پەرەیانگرت.[162] خەباتی مەدەنی و چالاکییە سیاسییەکان لەم نێوندەی بزوتنەوەی کوردیدا، قۆناغێکی گرنگی گەشەسەندنی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کورد بوو. پاش شکستی ڕاپەڕینە چەکدارییەکان و ئەزمونی خۆبەڕێوەبەرییەکەی ( شێخ مەحموود) توێژێکی چالاکی ئینتیلێجینیسیای شارییانە ڕێبەرایەتی ئەزمونی سیاسی و پارتایەتی لەم ناوەندەدا گرتبوە دەست. بە چەندین شێوازی مەدەنییانە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانج و خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە نێو عێراقدا داوە. لە سنوری سیاسی ئەم دەوڵەتەدا، کورد بە بێ رازیبوون بە بەزیویی ماوەتەوە. ئەمەش وایکردووە توخمێک بێت لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی وەك توخمێکی بەزیو چووبێتە ناو پێکهاتەکەیانەوە ڕەوایەتی بە توخمە زاڵەکەی ناو ئەم دەوڵەتە دابێت.

(160) م.س.لازاریف : النضال و الأخفاق ( المسألة الكردية في سنوات ١٩٢٣ - ١٩٤٥)، ص ١١٥ - ١١٦.

(161) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(162) م.س.لازاریف. م.أ.حسرتیان. جلیلی جلیل. شاکرۆ محۆیان. ئۆلگا جیگالینا: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ٢٧٥ - ٢٧٦.

## سێیەم : نێوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ورمێ

ئەم نێوەندەی بزوتنەوەی کوردی، جیاوازتر لە هەردوو نێوەندەکەی دیکە سیمایەکی خێڵەکییانەی هەبووە. کەمتر لەوان چالاکی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسی تێدا هەڵکەوتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی زیاتر لە چوارچێوەی خەباتی چەکداری و باڵادەستی خێڵدا خەبات بۆ مافەکانی کورد کراوە. جگە لە کۆمەڵەی (ئیستخلاسی کوردستان) وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی و کۆمەڵەی (گیهاندن - جیهاندانی) بە ڕێبەرایەتی (عەبدولڕەزاق بەدرخان، سمکۆی شکاک) وەک کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی* ڕێکخراوی سیاسی کاریگەر لەم نێوەندەدا تا دەرکەوتنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان - ژ.ک) دەرنەکەوتووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم، بزوتنەوەی کوردی لە ژێر ئاڵای خەبات دژی ئیدارەی ئێران بە سەرکردایەتی سەرۆک خێڵ و گەورە پیاوانی ئاینی سوننە پەرەی سەند. سەرکردایەتی کورد توانیویەتی بە کارامەیی کینە و دڕدۆنگی دانیشتوانی کورد بەرەو ڕاپەڕینی دژ بە ئێران ئاڕاستە بکات. ئەم بزووتنەوە کوردییانە بە ڕابەرایەتی سەرکردە ئاینی و دەرەبەگەکان، بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرایان نەبووە، لە ناوخۆیاندا دژیەکی و ناکۆکیان هەڵگرتبوو.[163] ساڵی ( ١٩٠٥ز) بووە ساڵی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەستوەردانی تورکەکان لە لایەک، لە لایەکی دیکە بەهۆی ئەو بێزارییە بەردەوامەی کە لە نێو کوردەکانی ئێراندا هەبوو، ڕەوشەکەی ئاڵۆزکردبوو. ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی بەرەو تەقینەوە و ڕاپەڕین پەلکێش کرد، کوشتنی (جەعفەر ئاغا) سەرۆک خێڵی شکاک بوو. ئەم ڕووداوە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کورد دژ بە ئێران، هەریەک لە (محمد ئاغا - باوکی جەعفەر ئاغا، ئیسماعیل ئاغا (سمکۆی شکاک) - برای جەعفەر ئاغا) ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکەیان کرد. (سمکۆی شکاک) بە درێژایی چارەکە سەدەیەک پێشەوایەتی هەموو جموجوڵ و بزوتنەوەی کوردی دژ بە ئێران کردووە.[164]

سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ( ١٩١٧ز) لە ڕووسیا، بیرۆکەی نوێی هێنایە ناوچە کوردییەکانی هاوسنوری دەسەڵاتی سۆڤییەتی. ڕەوشێکی نوێی لە بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی بۆ خەباتکردن و قبوڵنەکردنی ستەمی دەسەڵاتدارانی ئێران دروستکرد، هاوکات سەختی ڕەوشی ئابووری لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، کاردانەوەی لەسەر بەهێزبوونی نارەزاییەکانی کوردانی ناوچەکانی (موکریان، شنۆ، هەورامان، مەنگور...هتد) هەبوو. هەوڵەکانی ئێرانیش بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ناوچە کوردییەکان، بەگژداچونەوەی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا.[165] لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی دا ، کوردەکانی خوراسان بە سەرکردایەتی ( خودۆخان) ڕاپەڕینێکی چەکدارییان دژی هەژموونی هێزەکانی بەریتانیا و ڕووسیا و تاڵانکردنی ناوچەکە و بێ هەڵوێستی ئیدارەی ئێران بەرامبەر ئەو ڕەوشە ئەنجام دا. ڕاپەڕینەکە لە (١٩١٧ - ١٩٣٠ز) بەردەوام بوو. هەڵگیرسانی شۆڕشی شوباتی ( ١٩١٧ز) لە ڕووسیا نەبووە هۆی پاشەکشەی ڕووسیا لە ئێران و لەسەر هاوکاریکردنی (بەریتانیا) لە ئێران بەردەوام بوو. ئەم ڕووداوانە کاریگەری لەسەر ڕاپەڕینەکەی (خودۆ) هەبوو. بەڵام لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز) و گۆڕانکاری لە هەڵوێستی (خودۆ) بەرامبەر ڕووسیا ڕوویدا، ئەویش کاتێک حکومەتی نوێ بانگەشەی وەستاندنی جەنگ و پاشەکشەی هێزەکانی لە ئێران دەکرد. ئەم ڕەوشە نوێیە دەرفەتی بۆ بەریتانیا ڕەخساند تا هەژمونی خۆی بە تەواوی بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، لە بەرامبەریشدا بەرەی دژە بەریتانیای فراوانتر کرد. (خودۆ) بە درێژایی ساڵانی ( ١٩١٨-١٩١٩ز) بەردەوام بوو لەسەر ڕاپەڕینەکەی. هەرچەندە ئەو مەبەستی دەرکردنی بەریتانیای هەبوو، بەڵام هێزی پێویستی نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بوونی بەرژەوەندی هاوبەش پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان (خودۆ، یەکێتی سۆڤیەت)دا دروست کرد، سەرباری هاوکاریکردنی لە ڕێگەی چەک و تەقەمەنییەوە، خودۆ چاوی لەسەر وەرگرتنی هاوکاری زیاتری سۆڤییەت بوو. بوونی ئەم پەیوەندییە دەسەڵاتدارانی ئێران و بەریتانیای شڵەژاند و هێز بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە نێردا. هەرچەندە (قەوام سەڵتەنە) هەوڵی دانوسەندنیدا لەگەڵ

---

* دەربارەی چالاکییە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانی ( عەبدولڕەزاق بەدرخان، سمکۆی شکاک) و ئەم کۆمەڵەیە بڕوانە : جەلیلی جەلیل : هەندێک سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. ئەنوەر قادر، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٠ - ١٤٥.

(163) Аманж Ахмед Мустафа : Указ. соч.

(164) م.س.لازاريف. م.أ.حسرتيان. شاكرو محوي. ي.ي.فاسيليفا. اولغا ميغاليفا: مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی. د.عەبدی حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی. هوشیار عەبدالله سەنگاوی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٦٨ - ٢٦٩.

(165) О.И. Жигалина :Национальное движение курдов в Иране (1918-1947гг.), с 44.

سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دا بەڵام شکستی هێنا، تاکتیکی دواتری ( قەوام) ڕاکێشانی هەندێک لە سەردارەکانی پشتیوانی (خودۆ) بوو. سیاسەتی لاوازکردنی پێگەی جەماوەری ڕاپەڕینەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و دواتر لە ئەنجامی چەند ڕووبەڕووبونەوەیەک توانرا بەسەر ڕاپەڕینەکەدا زاڵ بین.[166]

چالاکییەکانی (سمکۆی شکاک) لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دەست پێدەکات، سەرکەوتنە سەربازییەکانی پێگەیەکی بەهێزی پێبەخشی و توانی دەست بەسەر ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران و ناوچە سنورییەکانی ئێران -تورکیا بگرێت. ڕاپەڕینەکەی (سمکۆ) بە ئامانجی دامەزراندنی حوکمدارییەکی سەربەخۆ بوو، بەشێک لە خێڵە کوردییەکان هاوکاری سەرکەوتنەکانی بوون لە دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ( ڕەزاییە، سەلماس، خۆی). هاوکات بە مەبەستی یەکخستنی هەوڵەکان بۆ وەرگرتنی مافی کورد، سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموود بەست. بە مەبەستی هەماهەنگی لە ڕووبەڕووبونەوەی ئێراندا، سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ ( محمد خەیبانی) سەرۆکی بزوتنەوەی دیموکراتی ئازەربایجان گرێدا. پاش کشانەوەی سوپای ڕووسیا لە (١٩١٨ز) سمکۆ ببووە تاکە فەرمانڕەوای ناوچەکە، بەمەبەستی سەپاندنی هەژموونی خۆی و کۆتاییهێنان بە مەترسی (ئاسوریەکان)، سمکۆ (مارشەمعوون)ی ڕێبەری ئاسورییەکانی لە ( ١٩١٨ز) کوشت. ڕاپەڕینی سمکۆ بەردەوامی هەبوو، لە (١٩٣٠ز) ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان سمکۆ و هێزەکانی ئێران بەردەوام بوو، لە ( ١٩٢١ز) پاش سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی ئێراندا، (سمکۆ) بڕیاری هێرشی بۆ (مهاباد) دا. بە سەرکەوتنی توانی هەموو خێڵەکانی (مامەش، مەنگوڕ، دیبۆکری، پیران، زەرزا، فەیزوڵابەگی، بەگزادەکانی بانە) بوون بە پشتیوان و لایەنگری (سمکۆ). هێزەکانی ئێران بڕیاریان دابوو کۆتاییهێنان بە چالاکی و ڕاپەڕینەکەی (سمکۆ) بهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتاییەکانی ( ١٩٢١) و سەرەتای ( ١٩٢٢ز) هێرشێکی فراوانیان کردە سەر (سمکۆ). هێزەکانی ئێران توانییان بەسەر ڕاپەڕینەکەی (سمکۆ)دا سەرکەون و سمکۆ ناچار بوو پاشەکشە بکات بۆ تورکیا.[167]

لەم نێوەندەی بزوتنەوەی کوردیدا، خێڵ داینەمۆی ناڕەزایی و ڕاپەڕینەکان بووە، بەشدارێکی کارای بزوتنەوەی کوردی بووە. هەر هەوڵێکیش بۆ سەربەخۆیی کورد درابێت، بێ شک خێڵە کوردییەکان بەشدارێکی کارا و جوڵێنەری بووە. ئەزمونی خەباتی کورد لە نێوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دەسپێکی سەدەی بیستەم تا جەنگی دووەمی جیهانی ، نمونەیەکی بەرچاوی کارایی خێڵ و بەشداری خێڵە لە جوڵانەوەی کوردیدا. بۆ نمونە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ، کوردەکانی موکریان چالاکانە بەشداریان لە ڕاپەڕینی ( سمکۆی شکاک)دا کرد، سە ردار موکری لە دژی سوپای فارس لە پاییزی (١٩٢٩ز) دا شۆڕشێکی ئاگرینی لە ناوچەی موکریان بەرپاکرد، لە دەیەی (١٩٣٠ز)کان دوای قایمکردنی پێگەی لە ئێراندا ، ڕەزا شا کەوتە وێزەی کوردەکانی موکریان و سزادانیان.[168]

خێڵەکانی مەنگوڕ و مامەش، لە ناوچە سنورییەکانی نێوان (ئێران ، تورکیا) خەباتی بەردەوامیان بۆ سەربەخۆییان کردووە. لە (١٩٠٧ - ١٩٠٩ز) مەنگوڕ و مامەش لە دەسەڵاتدارێتی ناوچەکانی ساوج بۆلاقی دەوڵەتی ئێران یاخی بوون. لە ساڵی (١٩١٢ز) دژ بە لەشکرکێشییەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەستانەوە و دژایەتی داگیرکردنی کوردستانی ئێرانیان لەلایەن تورکەکانەوە کرد. لە ساڵی (١٩٢١) هەردوو خێڵەکە بەشداری بزووتنەوەی سمکۆی شکاک بوون. لە ساڵی (١٩٣٦ - ١٩٣٩ز) خێڵی مەنگوڕ بە سەرکردایەتی مەلا خەلیل پشتیوانی لە ڕاپەڕینی سالار دەولە لە ناوچەی سەردەشت کرد،[169] کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی موکریش بە هەمان شێوە، لە شەڕی دژ بە سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی( ١٩٠٥ - ١٩٠٥ز) و هەروەها لە شۆڕشی ئێران لە ساڵی (١٩٠٧ز) ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. بەتایبەتی لە پێکهێنانی ( ئەنجومەنە شۆڕشگێڕییەکان) لە شارە کوردنشینەکانی وەک ( مەهاباد، سەقز) کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکی موکری ڕۆڵی دیاری هەبووە . لە (١٩٠٨ز) موکرییەکان بەشداری ڕاپەڕینی ناوچە سنورییەکانی ئێرانیان کرد. لە کاتی هێرش و پەلاماری سوپای ڕووسیا لە زستانی (١٩١٦ز)دا، موکرییەکان وەک خێڵێکی بەشی ناوەندی کوردستانی

---

(166) О. И. Жигалина:КУРДСКОЕ ДВИЖЕНИЕ В ИРАНСКОМ ХОРАСАНЕ ПОД ПРЕДВОДИТЕЛЬСТВОМ ХОДОУ, сс 148 - 152.
(167) О.И. Жигалина :Национальное движение курдов в Иране (1918-1947гг.), с 51, 52, 54, 55.
(168) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.), С 107.
(169) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в.,с 220.

ئێران زیانی زۆریان پێکەوت. لە تەموزی (١٩١٨ز) دا لەلایەن چەند سەرکردەیەکی کوردەکانی موکری ناوچەی ساوج بولاق، بانگەشە بۆ بیرۆکەی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر چاودێری بەریتانیا کراوە.[170]

### چوارەم : ڕەوت و ئاڕاستە جیاوازەکان لە نێو بزوتنەوەی کوردیدا

بزوتنەوەی کوردی و خەباتی کەسێتی کورد بۆ وەرگرتنی مافە نەتەوەییەکانی، سەرباری بوونی سێ ناوەندی جیاواز و گرتنەبەری ڕێگەی جیاوازی خەباتی سیاسی و چەکداری، لەسەر ئاستی هزری و ستراتیژی سیاسی چەند ڕەوتێکی لەیەک جیاوازی بەخۆوە بینیوە، هەریەک لەم ڕەوتانە بە ئاڕاستەیەک کاری سیاسییان کردووە، کە جیاواز بووە لە ڕەوتەکانی دیکە. هەر یەکێک لەم ئاڕاستە جیاوازانە ستراتیژیی تایبەت بە خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەبووە. هاوکات پشت بەستن بە دەوڵەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد، دەبێتە خاڵی بنەڕەتی جیاوازی نێوان هەریەکێک لە ڕەوت و ئاڕاستانە.

لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ، بە ڕوونی هەست بە ڕەوتێکی ( ڕووسی) لە بزوتنەوەی کوردیدا دەکرێت. ئەم ڕەوتە هەوڵێکی زۆریان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ڕووسیا دا، کاریان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری لە ڕووسەکان دەکرد. لە سەرەتای ( ١٩١٠ز) چەند سەردارێکی کورد، لە تورکیا هەڵهاتن و چوونە ماکۆ. ئەم کوردە هەڵهاتووانە، هەوڵی گرێدانی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکارییان لەگەڵ ڕووسیا دەدا. تەنانەت ( کوێر حوسێن پاشا) ئەوەی بە ڕووسەکان ڕاگەیاندبوو ( بە ناوی خۆی و شێخ عەبدولقادرەوە ئامادەیی دەربڕیبوو، هەموو کوردستان بخەنە ژێر دەسەڵات و چاودێری ڕووسیاوە). گەلێک لە شێخ و بەگە کوردەکانی تورکیا سوێندیان خواردبوو کە بە گوێی ( شێخ عەبدولقادر) بکەن، پێشنیاری ئەوەشیان کردبوو ئەگەر ڕووسیا یارمەتییان بدات، ئەوا ڕاپەڕینێکی گەورە لە کوردستان بەرپا دەکەن.[171]

کاربەدەستەکانی ڕووسیا لە قەفقاز دەربارەی ئەو مەترسیانەی کە پەیوەندییان بە ناوچەکانی قەفقازەوە هەبوو، زانیاری پێشوەختەیان هەبوو. بە تایبەتی بزوتنەوەی کوردی مەترسی بۆ سەر قەفقاز دروست دەکرد. لەم سۆنگەیەشەوە پێشنیارێکی کاربەدەستانی ڕووسی دەربارەی ئاشکراکردنی هەڵوێستیان لە کات و ساتی خۆیدا هەبووە. بەڵام ڕایەکی دیکەش جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە گوێ لە داخوازییەکانی کورد نەگیرێت. هەندێک ڕێوشوێنیش بۆ ئەم مەبەستە گیرایە بەر، تا بێ یاسایی و ئاژاوەی نزیک لە سنورەکانی ڕووسیا نەمێنێت. بەڵام کاربەدەستانی وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، پشتگیری ئەم بیر و ڕا و هەڵوێستانەیان نەکرد. جەنەراڵ ( پەلیڤانۆڤ) نێردراوی وەزارەتی جەنگ پێشنیاری کرد پاراستنی سنورەکانی ڕووسیا ڕووبەڕووی (حوسێن پاشای سەرۆک خێڵی حەیدەرانلی) بکرێتەوە. ئەم پێشنیارە لە لایەن ( س. زیازۆنۆڤ) وەزیری دەرەوە پشتیوانی لێکراو تەنانەت لەسەر ئەو بڕوایەش بوو کە پێویستە سەرۆکە گەورەکانی کورد بە لای خۆیاندا ڕابکێشن. هەڵوێستی هەردوو وەزارەت کاریگەری لەسەر بیروڕای کۆمیتەی جەنگی قەفقاز هەبوو. بە بڕوای ئەوان پێشنیاری پێدانی بەرپرسیارێتی کوردستان بە (شێخ عەبدولقادر) کارێکی کردەنی نییە، بەڵام ڕێگەیان بە سەرکردە کوردەکان دەدا هەڵبێن و پەنا ببەنە بەر ڕووسیا، بە بێ ئەوەی هیچ پارە و پولێکیان پێبدرێت. پێداگری وەزارەتی دەرەوە بۆ سود وەرگرتن لە بزوتنەوەی کوردی، کۆمیتەی جەنگی قەفقازی ناچار کرد کە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ (کوێر حوسێن پاشا) و چەند سەرکردەیەکی کورد بونیاد بنێت. بەڵام بەڕێوەبەرانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، هۆشدارییان لەوە دابوو، کە پەیوەندییەکان دەبێت بە سوودی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا بێت لە ئێران نەک تورکیا، چونکە پێگە و هەژموونی ڕووسیا لە ئێران گەلێک زیاتر بوو لە تورکیا، هەربۆیە دەستخستنە نێو کاروباری کوردستانی تورکیایان بە کارێکی پێویست نەدەزانی.[172]

دیارترین کەسایەتی کورد کە کاری بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لە ڕووسیا کردبێت، (عەبدولرەزاق بەدرخان)ە. وەک سیمای دیاری ڕەوتی سەر بە ڕووس لە نێو بزوتنەوەی کوردیدا ناسرابوو. لە ماوەی ساڵانی ( ١٩١٠ - ١٩١٢ز) هەموو هەوڵ و چالاکییەکی بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکاری لە ڕووسیا بوو، هاوکات کاری بۆ ئەوەش دەکرد لە لایەن ڕووسیاوە وەک سەرکردەی بزوتنەوەی کوردی دانی پێدا بنرێت. هەوڵ و چالاکییەکانی ( عەبدولرەزاق بەدرخان) بۆ پشت بەستن بە ڕووسیا لە خەباتی نەتەوەیی کورددا،

---

(170) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , С 107.

(171) م.س.لازاریڤ : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٢٤٤ - ٢٤٥.

(172) هـ . س، ل ٢٤٦ - ٢٤٩.

وەک ڕەوتی سەر بە ڕووس بوون لە بزوتنەوی کوردیدا ناسراوە. [173] لە تشرینی دووەمی ( ١٩١٠ز) داوای لە حکومەتی ڕووسیا کرد، ڕێگەی بدات ببێتە هاوڵاتی ڕووسیا و لە ( یەریڤان) نیشتەجێ ببێت. بەڵام پاش ڕاوێژکردنی کاربەدەستانی ڕووسیا و باڵیۆزی ڕووسیا لە تورکیا ئەم پێشنیارەیان بە گونجاو نەزانی، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی (یەریڤان)ی نزیک لە سنور. زۆری پێنەچوو ئەوە ئاشکرا بوو بۆیان، کە (عەبدولرەزاق بەدرخان) پرۆگرامێکی سیاسی گەورەی بۆ کوردستان هەیە و لەم پرۆگرامەیدا دەبوو ڕووسیا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. لە بەهاری ( ١٩١١ز) عەبدولرەزاق بەدرخان گەشتێکی بۆ ناوچەکانی (ماکۆ، قوتور، ناوچە سنورییەکان) ئەنجام دا، لەم گەشتەیدا لەگەڵ سەرۆک خێڵ و پیاوە گەورە و ناودارەکانی کورد و نوێنەرانی ڕووسیاش گفتوگۆی کرد. هەوڵی بۆ ئەوە بوو، کە خێڵەکانی تورکیا و ئێران لە چوارچێوەی پەیمانێکدا لەگەڵ ڕووسیا پێکەوە ببەستێت.[174]

بە پێی لێکۆڵینەوە لە کەرەستە جۆراوجۆرەکان، (حەسرەتیان) ئەوەی خستۆتەڕوو، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە گشتی پێنج ڕەوتی سەرەکی لە بزووتنەوەی کوردیدا بەدیدەکرێن، هەریەک لەم ڕەوتانە ئایدیا و بیرۆکەی سیاسی جیاوازیان دەربارەی مافی سیاسی کورد وەک نەتەوەیەک هەبووە:

یەکەم : ڕەوتی سەربەخۆخوازی، ئەم ڕەوتە بیرۆکە سیاسییەکانیان لەسەر بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کورد هەڵچنیبوو. کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان لە دیارترینی ئەو ڕێکخراوانە بوو، پێشەوایەتی ئەم ڕەوتەی دەکرد.[175] بەشێک لە سەرکردەکانی ( جەمعییەتی تەعالی کوردستان)یش هەڵگری بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان بوون، بەڵام لە نێو ڕیزەکانیاندا هاوهەڵوێستی و یەکڕیزی دەربارەی مافەکانی کورد و سەربەخۆیی نەبوو. لەو کۆبوونەوەیەی کە ئەندامی لاوەکانی کۆمەڵەکە لە ئەستەمبوڵ گرتیاندا، بڕیارێکیان دا کە بانگی (سەربەخۆیی کوردستان) بدرێت و لەشکری تورک و هەموو بێگانەکان لە کوردستان دەربکەن. بەڵام (سەید عبدالقادر)ی سەرۆکی کۆمەڵەکە دژ بەم هەڵوێستە وەستایەوە، ئەوەی خستە ڕوو لەم ساتە دژوار و هەڵوێستە گرانەی تورکی تێکەوتووە، ناکرێ دژیان بوەستن. تەنانەت داوای لە لاوە کوردەکان کرد لە ئەستەمبوڵەوە بگەڕێنەوە کوردستان و دژ بەو هەنگاوانە بوەستنەوە کە مەبەست لێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو بۆ ئەرمەن بەپێی بنەماکانی (ویلسۆن) سەرۆکی ئەمریکا. [176] هەرچەندە هەڵوێستی سەرۆک و ڕێبەرانی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) نەرم بوو، بەڵام نەیاندەتوانی بیروڕا بنەڕەتییەکانی ئەندامەکانی کۆمەڵەکەیان پشتگوێ بخەن. لەم بارەیەوە سەرۆکی نوێنەرانی بەریتانی لە ئەستەمبوڵ لە تەلەگرافێکدا لە ( ١٨ی نیسانی ١٩١٩ز) بۆ سەرۆکی نوێنەرانی ئینگلیزی لە بەغداد نوسیویەتی :" هەرچەندە عەبدولقادر سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی وڵات بوو، بەڵام بە ناوی کۆمەڵەی کوردەکانەوە (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) پشتیاری بۆ کردم کە پێویستە سەربەخۆیی بە کوردستان بدرێت و کورد لە دەست تورکە ناحەزەکان ڕزگار بکرێت".[177]

دووەم : ڕەوتی ئۆتۆنۆمیخوازی، ئەم ڕەوتە جەختیان لەسەر وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەکردەوە، دژی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کورد بوون. بەشێک لە سەرکردەکانی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) پشتیوانی ئەم بیرۆکە و ڕەوتە بوون. جێگەی سەرنجە کە (سەید عەبدولقادر) بە توندی دژایەتی یەکخستنی هەوڵەکانی کورد و ئەرمەن بووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئەرمەن، دژایەتی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کردووە. بەڵام دواتر گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانیدا ڕوویداوە و بۆتە لایەنگری سەربەخۆیی کورد.[178]

سێیەم: ڕەوتی سەربەخۆیی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، لایەنگرانی ئەم ڕەوتە کاریان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد لە ژێر سایەی ئێراندا دەکرد، چەندین کەسایەتی کاریگەر و ناودار پشتیوانی ئەم ڕەوتە بوو.[179] (شەریف پاشا) کە چەند پلەیەکی ئیداری گرنگی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بینیبوو، دیارترین کەسایەتی ئەم ڕەوتە بوو. هەرچەندە سەرۆکی وەفدی تورکیا بوو لە کۆنگرەی (ڤێرسا)ی، بەڵام لە کۆنگرەکەدا وازی لە سەرۆکایەتی شاندی تورکی هێنا و وەک نوێنەری کوردستان خۆی نیشاندا، بە

---

(173) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : جەلیلی جەلیل : هەندێک سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ل ١٠٥ - ١٣٠.

(174) م.س.لازاریف : کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، بەشی یەکەم، ل ٢٤٩.

(175) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 15.

(176) Там же, с9.

(177) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции,с 44.

(178) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 9, 15.

(179) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время,с 15.

ناوی کوردستانەوە کەوتە ووتووێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر سایەی ئێراندا.[180]

چوارەم: ڕەوتی سەربەخۆیی کورد لە ژێر چاودێری بەریتانیا، لایەنگرانی ئەم ڕەوتە کاریان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد لە ژێر چاودێری بەریتانیا دەکرد. بزوتنەوەی کوردی لە باشوری کوردستان و ناوەندی سلێمانی نمونەی ئەم ڕەوتە سیاسییەن.[181] بەڵام گۆڕانکاری و هەڵکشان و داکشان لە بیری سیاسی ئەم ڕەوتەدا ڕوویداوە، بە تایبەتی پاش پەرەسەندنی بزوتنەوەی دژە بەریتانی لە کوردستانی عێراقدا. ئەمەش دەرفەتی بۆ کەمالییەکان ڕەخساند کار بۆ ڕاکێشانی بزوتنەوەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەن، بزوتنەوەکە بەرەو ڕەوتێکی (تورکچێتی) مل بنێت. لە ڕێگەی (ئۆزدەمیر پاشا)دوە، کەمالییەکان پەیمانێکیان لەگەڵ (شێخ مەحموود)دا بەست. بە پێی پەیماننامەکە حکومەتی تورکیا بەڵێنی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ کوردانی باشووردەدات، کە (شێخ مەحموود) فەرمانڕەوایی بکات. لە کاتی بەرپا بوونی جەنگیش تورکەکان دەتوانن هێز بۆ باشووری کوردستان بنێرن.[182]

ڕەوتی پێنجەم لە سەردەمی جوڵانەوەی کەمالییەکاندا دەرکەوت، داکۆکی لە ژێردەستیی تەواوی کورد بۆ تورکیا کردبوو. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە زۆرینەیان ئەو کەسایەتییانەبوون کە خزمەتی دبلۆماتی و سەربازییان لە نێو دەوڵەتی تورکیادا کردبوو.[183]

---

(180) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции,сс 44 - 45.
(181) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 15.
(182) М. А. Гисаров.: Курдский вопрос в Турции,с 66.
(183) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, с 15.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم نامەیەدا پێی گەیشتووین، بریتین لە:

١.گەشەسەندنی ناوەندە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی ڕووسیای قەیسەری، ڕەنگدانەوەی لەسەر ناسین و دەسپێکی لێکۆڵینەوەی گشتگیر و فراوان دەربارەی کورد هەبوو. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، چەند قۆناغێکی گرنگی لە گەشەسەندن و فراوان بوون بڕیوە. لە چارەکی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمەوە، کار بۆ بنجداکوتانی ڕۆژهەڵاتناسی دامەزراوەیی و ئەکادیمی لە ڕووسیا دەکرێت. هاوکات لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، خوێندنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک پێویستییەک لە ڕووسیا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. جیا لە بوونی ڕەوتێکی دامەزراوەیی - ئەکادیمی لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا، ڕەوتێکی ئاینیش چالاکانە لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا کاری کردووە. ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی و میتۆدی کارکردنی، کاریگەری هەردوو قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی (ئەڵمانی، بەریتانی - فەرەنسی) لەسەر بووە. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بە پێی بارودۆخ و ناوەندە ڕۆژهەڵاتناسییەکان، پەیڕەوی لە هەریەک لەم مۆدێلانەی ڕۆژهەڵاتناسی کردووە. لە لایەک ڕەوتێکی بەهێزی بایەخدان بە تێکستۆلۆژی لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیدا لە ژێر کاریگەری ( مۆدێلی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی) هەیە، لە لایەکی دیکە خودی ڕۆژهەڵاتناسی وەک پێویستییەکی سیاسی و سەربازی ڕووسیا بۆ ناسینی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە (لە ژێر کاریگەری مۆدێلی بەریتانی - فەڕەنسی) خزمەتی کردووە. لە هەردوو مۆدێلەکەدا، کاری گرنگ و بەپێز دەربارەی ڕۆژهەڵات و نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەنجام دراون، هاوکات بەردەوامیش ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لە گۆڕانکاری و خۆنوێکردنەوە و پەرەسەندندا بووە.

٢.کوردناسی لە ڕووسیا، لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی سەری دەرهێنا. بە هەوڵ و کۆشش و لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵێك لە ئەکادیمیایان و کوردناس و دبلۆمات و کەسانی سەربازیی، هەروەها بە هۆی کۆمەڵە فاکتەرێکی جیاواز، وەك زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت. هاوکات کۆمەڵێك لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان، بە ڕاسپاردەی ئەکادیمیای زانستەکان ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی ئەو زانستە و بنج داکوتینی هەبوو.

٣.لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە ئامانجی ناسینی کورد و زمان و کولتوورەکەی، ڕووسیا ببووە ناوەندێکی چالاکی بایەخدان بە کورد و کۆکردنەوەی کەرەستەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە کورد. بایەخدانی کوردناسان و ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا بە کورد، کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دەستنووسی (زمانەوانی، مێژوویی و ئیتنۆگرافی، ئەدەبی، فۆلکلۆری) کوردی لێکەوتەوە. لە کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانەدا، کەسایەتییە کوردییەکان ڕۆڵی هاوکار و کۆکەرەوەیان بینیوە. ئەم دەستنووسانە سەرنجی زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ڕووسیایان ڕاکێشا، ڕۆڵی بنچینەییان لە گۆڕینی تێڕوانینە سەرپێی و بڕیار و حوکمدانە گشتگیرییەکان دەربارەی کورد هەبوو. بەشێک لە کوردناسانیش، بە گرنگییەوە بایەخیان بە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و چاپکردنی ئەم دەستنووسانە دەدا. هاوکات دەستنووسە کوردییەکان، ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کورد و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە هەبووە. دەروازەیەکیش بوون بۆ ئاشناکردنی کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە وڵاتانی دەرەوە و لە نێویشیاندا ڕووسیا، کە لە مێژە بە بایەخەوە ڕوانیوێتییە بابەتە کوردناسییەکان و لە هەوڵی ناساندنی زیاتری کورددا بووە.

٤.لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا، دەتوانین بە ڕوونی هەست بە بوونی چەند گروپێك لە کوردناسان بکەین. ئەکادیمیەکان گروپێکی دیاری کوردناسانی ڕووسیان، کە لە چوارچێوەی ئەکادیمیای زانستەکان کاریان کردووە بۆ جێگیرکردن و گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان. لەم ڕووەوە ئەرمەنییەکان لە سەرهەڵدان و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن دەربارەی مێژوو و ئیتنۆگرافیا و کولتووری کوردی، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. دبلۆماتە ڕووسییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە پێگەیان لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان جێگیر بووە و تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوون لە کۆکردنەوەی کەرەستەی لێکۆڵینەوە لە کورد و مێژوو و ئەدەب و کولتوور و ئیتنۆگرافیا و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد. لەگەڵ ڕەچاوکردنی ویستە سیاسی و پێداویستییە سەربازییەکانی ڕووسیا و بایەخی جیۆپۆلەتیکی کوردستان بۆ ڕووسیا، دەتوانین گروپێك لە کەسانی سەربازی و ئەفسەرە ڕووسیەکان دەستنیشان بکەین، کە بایەخیان بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی نەتەوەی کورد و ناوچەکانی کوردستان و جوگرافیای دابەشبوونی خێڵە کوردییەکان و بەشداری کورد لە جەنگەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران و دەوڵەتی عوسمانی داوە، هەروەها ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی زانستی کوردناسی هەبووە. ئەمە جگە لە بوونی گەڕیدە و

گەشتیارە ڕووسیەکان، هەرچەندە بە بەراورد بە گروپەکانی دیکە کەمتر دەرکەوتوون. هاوکات کۆمەڵێک توێژەر و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم چەند کارێکی گرنگیان دەربارەی کورد لە دەرەوەی دامەزراوە ئەکادیمییە ڕووسییەکان بڵاو کردەوە، کاری ئەم کوردناسانە ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەسەندنی چۆنییەتی و چەندێتی کارە کوردناسییەکان هەبوو.

٥.گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕووسیا، ڕەنگدانەوەیان لەسەر کارکردنی دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەکانی ئەو وڵاتە هەبووە. لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت، لە چوارچێوەی هەلومەرج و ڕەوشی سیاسی نوێدا، گۆڕانکاری لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ئەو وڵاتە ئەنجام درا. ئەوەی تایبەت بوو بە کاری ڕۆژهەڵاتناسی، کۆکردنەوەی توێژەران لە دامەزراوە نوێیەکان و پشتیوانیکردنیان لە لایەن دەسەڵاتەوە، گوڕوتینی بە کارکردنیان بەخشی. سەرباری باڵادەستی بیری سیاسی و ئایدۆلۆژیای دەسەڵات لەسەر کارکردن و میتۆدی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەڵام لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە جۆرێک لە سەربەخۆیی و کرانەوەی زیاتر لە کاری ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤییەتیدا فەراهەم بوو، ئەم ڕەوشەش ڕەنگدانەوەی لەسەر لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان و کاری کوردناسان هەبوو. تایبەتمەندی کوردناسی سەردەمی سۆڤییەتی، بوونی چەندین ناوەندی چالاکی کوردناسی، هەروەها چەندین توێژەر و کوردناس، پەرەسەندنی توێژینەوە کوردناسییەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی دەزگا ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەکانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، لە پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لە کادیری  شارەزای لە بواری جیاوازەکانی (زمان، ئەدەب، مێژوو، ئیتنۆگرافیا، سۆسیۆلۆژیا..هتد) ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە.

٦.ناوەندی گرنگ و دیاری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە سەردەمی سۆڤییەت و ڕووسیای فیدڕاڵ، ناوەندی (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ) ە. ئەم ناوەندە پێشینەیەکی بەرفراوانی مێژوویی لە کاری دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەزمونکردووە. هاوکات سەرباری گۆڕانکارییەکان و گواستنەوەی (پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) لە ( لینینگراد بۆ مۆسکۆ) بەڵام لینینگراد وەک ناوەندێکی گرنگ مایەوە. بەتایبەتی پاش کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم و کردنەوەی بەشی کوردناسی لەم ناوەندە، لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان پەرەیان سەند. لە ناوەندی (لینینگراد - سانت پترسبۆرگ)دا چەندین کوردناس و ئێرانناس سەرپەرشتیکەری پلانەکان و داڕێژەری ستراتیژی کارکردن بوون. هاوکات کردنەوەی دەرفەتی خوێندنی باڵا بۆ چەندین کەسایەتی کورد و پاشان کارکردنیان لەم ناوەندەدا، گروتینێکی نوێیان بە کارەکان بەخشی. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ناوەندە کە لە ناوەندەکانی پێش خۆی و تەنانەت سەردەمی پێشووش جیای دەکاتەوە، کەسایەتییە کوردییەکان لە بری هاوکاری دەبنە سەرپەرشتیکەری دامەزراوە و توێژەری بە دیمەن و پێگەی بەهێزیان دەبێت. لەسەر ئاستی میتۆدی کارکردن و شێوازی کارکردن، ئەم ناوەندە بە پاشخانێکی زانستی و کارکردنێکی تێکستۆلۆژییانە کاریان کردووە. هاوکات بایەخدان بە (زمان، ئەدەبیات، دەستنووس، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست)ی کورد بۆتە سیمای ئەم ناوەندە. هەروەها گروپێک لە ژنە کوردناسەکان بوونەتە ڕێنوێنیکەری هەریەک لە ئاڕاستەکانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان.

٧.یەریڤان یەکێک لە ناوەندە چالاکەکانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان بووە، سەرباری ئەوەی بوونی ئەم ناوەندە و لێکۆڵینەوەکانی بۆتە دەروازەیەکی نوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی هەردوو نەتەوەی ( ئەرمەن، کورد). هاوکات چەندین کاری گرنگ و بە بایەخ دەربارەی ( زمان، کولتوور، ئەدەبیات، فۆلکلۆر، ئەدەبی زارەکی) کوردی تێدا ئەنجام دراوە. جگە لە ئەرمەنییەکان و کارکردنیان لە چوارچێوەی ( پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) دەربارەی کورد، هاوکات کەسایەتییە کوردییەکانی ئەرمینیا، لە دامەزراندنی کوردناسی لە ئەرمینیا و گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کورد، ڕۆڵێکی بنچینەییان هەبووە. کەسایەتییە کوردییەکان سەرباری ئەنجامدان و سەرپەرشتیکردنی چەندین کاری گرنگ لەسەر کورد ، سەرپەرشتی یەکەمین گروپی کوردناسیشیان کردووە. لەم ناوەندەدا لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا، زۆرتر بایەخ بە ( فۆلکلۆر، پەندی پێشینان، کولتوری ڕووحی) کورد دراوە.

٨.ناوەندی (مۆسکۆ) یەکێکی دیکەیە لە ناوەندە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان، لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای فیدراڵ. بەهۆی پەرسەندنی پرسی کورد و گۆڕانکارییە ناوچەییەکان لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، گروپێک بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی کورد و مێژووی هاوچەرخی کورد لە مۆسکۆ پێکهێنرا. ئەم گروپە، دەبنە سەرەتای ناوەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی کوردناسی دەربارەی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کورد. کارکردنی ئەم گروپە بۆ بەشێکی سەربەخۆی کوردناسی پەرەی سەند، هاوکات لەم بەشەدا کۆمەڵێک کوردناس

وەک سەرپەرشتیکەر ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان هەبووە. لەم ناوەندەدا، کۆمەڵێک کاری گرنگ لەسەر ئاستی تاک و وەک گرووپیش دەربارەی پرسە جیاوازەکانی مێژووی نوێی و هاوچەرخی کورد ئەنجام دراون. بوونی پسپۆڕی کارکردن و بایەخدانی هەریەکێک لە کوردناسەکان بە مێژووی بەشێکی کوردستان و سەردەمێکی تایبەتی مێژوویی کورد، دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی نادیاری مێژووی کورد. هاوکات لەسەر ئاستی گروپ و بە هاوکاری کوردناسان لە ناوەندەکانی دیکە، چەند کارێکی گرنگ دەربارەی مێژووی کورد ئەنجام دراون.

٩.دژیەکییەک لە نێوان مێژووی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان کورد و ڕووسیا - یەکێتی سۆڤییەت لەگەڵ مێژووی پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان دا هەیە. لە سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کەسێتی کورد زۆر هەوڵی بۆ بونیادنانی پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری و وەرگرتنی پشتگیری لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت داوە، بەڵام وەک پێویست و بە پێی خواستەکانی وەڵامی وەرنەگرتووە. لە کاتێکدا لەم وڵاتەدا لە چەندین قۆناغی جیاواز و گرنگی مێژووی سیاسی کورددا، ڕەتیکردۆتەوە هاوکاری کورد بکات، لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوە دەربارەی کورد پەرەی سەندووە و بایەخێکی زۆری لە ڕووسیا پێدراوە.

١٠.کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، بە شێوەیەکی تەرێنیانە کەسێتی کوردیان هەڵسەنگاندووە. بە جۆرێک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەنی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و هزری جیاوازن، بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە. لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەشدا، تێبینی هەندێک خەسڵەتی نەرێنیان لە کەسێتی کورددا کردووە. کەسێتی کورد لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، خاوەنی سیمایەکی تەنسرۆپۆلۆژی تایبەتی خۆیەتی، لە هەندێک ڕووەوە کەسێتییەکی دوورەپەرێز و داخراوە. تایبەتمەندییەکانی کەسێتی کورد لە دیدی کوردناساندا لە هەندێ حاڵەتدا تەواوکەری یەکن، لە هەندێک حاڵەتی دیکەدا دژبەیەکن. لە سایکۆلۆژیای کەسێتی کورددا ویستێک بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوروبەر و دەسەڵاتخوازی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردناسان تێبینی ئەوەیان کردووە، کەسێتی کورد بە سروشت کەسێتییەکی ئازادیخوازە، ئەو کەسێتییە لەلایەک مەیلی دەسەڵاتخوازی هەیە، لەلایەکی دیکەی پارێزەری ئازادی خۆیەتی. خەسڵەتێکی دیاری کەسێتی کورد ، بوونی ئازایەتی و توندوتیژیە. هەستی شانازیکردن بە خۆوە لە سایکۆلۆژیای کەسێتی کوریدا چەسپیوە. کۆمەڵێک فاکتەریش ڕۆڵیان لە شێوەگیربوونی تایبەتمەندییەکانی کەسێتی و سروشتی کەسێتی کوردیدا هەبووە.

١١. لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەتدا، کولتوور و داب و نەریتەکان ڕەنگدانەوەیان لە سەر نەخشاندنی کەسێتی کورد هەبووە. کەسێتی کورد وابەستەی کولتوور و داب و نەریتەکان بووە، بە جۆرێک لادان لێیان نەنگی و دابڕانی کۆمەڵایەتی بۆ کەسێتی لادەر لێدەکەوێتەوە. لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسێتی کوردیدا، کولتوور ڕۆڵێکی چالاک دەگێڕێت، ڕێوڕەسمە نەریتییەکان بە شێکی ژیانی کەسێتی کوردییان کۆنترۆڵ کردووە. کوردناسان ئەوەیان خستۆتەڕوو، کولتوور ڕۆڵی یەکبوونی سەرباری جیاوازی ناوچەکان لە ژیانی کەسێتی کوردیدا گێڕاوە. بە پیرۆز دانانی کولتوور و داب و نەریتەکان لە لایەن کەسێتی کوردییەوە، پارێزگاری لە مانەوەی کۆمەڵگە کردووە. لە هەمانکاتیشدا ڕێگری لە بیرۆکەی نوێ و ئاوێتەبوونی کولتووری بە شێوەیەکی فراوان کردووە. بەڵام کوردناسان تێبینی هاوشێوەیی و وەرگرتنی توخمە کولتوورییەکانیان لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دراوسێدا کردووە.

١٢. خێزان لە ژیانی کەسێتی کوردیدا، ڕۆڵێکی بنچینەیی و پەروەردەکارانەی هەیە. کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت، خێزانی کوردییان وەک بچوکراوەی کۆمەڵگە، وێنا کردووە. کە تیایدا ئەرک و مافەکان و دەسەڵاتەکان، بە شێوەیەکی نەریتی دابەشکراون و جێگیر کراون. لە نێو خێزانیشدا، ژنی کورد ڕۆڵی دیار و کارای هەیە. ژن وەک دایک، وەک کچ، وەک هاوسەر لە خێزاندا کۆمەڵێک ئەرکی لەسەر شان بووە و ڕاپەڕێنەری کۆمەڵێک ئەرک بووە. ژنی کورد لە دیدی کوردناساندا، کەسێتییەکی ئازادتر و سەربەخۆتری بە بەراورد بە ژنانی نەتەوەکانی دیکە هەبووە. کۆمەڵێک ماف لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی کەسێتی کوردیدا، بە ژنی کورد ڕەوا بینراون. لە هەمانکاتیشدا ژنی کورد نە توانیویەتی نە ڕێگەی ئەوەشی پێدراوە، وەک پیاو هەڵسوکەوتی ئازادانە بکات. بەڵکو سەرباری ئەو نرخاندنانەی کوردناسان، ژنی کورد لەژێر دەسەڵاتی باوک و خێزان و داب و نەریتی کوردەواریدا ژیانی گوزەراندووە.

١٣. لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەتدا، ئاینی کاریگەری لەسەر بونیادی کەسێتی کورد هەبووە. نەخشێنەری زۆرێک لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتار و کردەی کەسێتی کورد بووە. بیرو باوەڕی ئاینی کاریگەری لەسەر

بیرکردنەوەی کەسێتی کورد و خەون و ئامانجەکانیشی هەبووە. لە چوارچێوەی باوەڕی ئایینیدا، کەسێتی کورد بیری لە ژیان و ئایندەی خۆی کردۆتەوە. کەسێتی کورد لە ڕووی ئایینداریيەوە، کەسێتییەکی جیاواز و دابەشبووە بەسەر چەند ئاینێکدا. ئایینی ئیسلام و بە تایبەتی مەزهەبی سوونە، ژیانی زۆرینەی کەسێتی کورد کۆنترۆڵ کردووە. نەریتی ئایینداریيانەی کەسێتی کورد، فۆڕمێکی تایبەتی لە شێوەی تەسەوف ( بزوتنەوەی سۆفیگەری) هێناوەتە بوون و لەو چوارچێوەیەدا پیادەی بیروباوەڕە ئایینییەکانی کردووە. دوو ئایینی دیکە، ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی کورد هەبووە. ئایینی ئێزدی، وەک ئایینی کوردانی قەفقاز و کوردانی دەوروبەری موسڵ، کاریگەری بنچینەیی لەسەر کەسێتی باوەڕدارانی هەبووە. ئایینی ئەهلی حەق، وەک ئایینی بەشێک لە کەسێتی کورد، کەسێتییەکی تایبەتی و جیاوازی بە باوەڕدارانی بەخشیوە. کەسێتی ئەهلی حەقەکان، کەسێتییەکی عیرفانی و ڕۆحانین وەک لەوەی دنیایی بن. بیروباوەڕەکەیان کۆمەڵێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی پێبەخشیون، کە جیایان دەکاتەوە لەوانی دیکە.

١٤.خێڵ وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری  لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەتدا نەخشی زۆری لە پێکهاتنی کەسێتی کوردیدا هەبووە. بیرکردنەوەی خێڵەکییانە و بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان، ڕۆڵی بەرچاویان لە ژیانی کەسێتی کوردیدا هەبووە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کەسێتی کورد ئەندامبوونی لە خێڵەکەی بە شانازیی ژیانی دەزانی، خێڵی بە پارێزەری خۆی دەزانی و ئامادەیی هەموو پەرچەکردارێک بووە لە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر خێڵەکەی کرابا. هاوکات خێڵ ڕۆڵی دەزگایەکی دادوەری بۆ یەکلاییکردنەوەی پرس و کێشەکان لە ژیانی کەسێتی کوردیدا بینیوە، کەسێتی کورد بە بێ هیچ ناڕەزایەتییەک دادوەری و بڕیاری خێڵەکەی قبوڵ کردووە. نەریتی خێڵەکییانە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی وەک هاوسۆزیی و بەدەمەوەبوون و پاراستنی لە ژیانی کەسێتی کوردیدا دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی لە دروستبوون و پەرەسەندنی ناکۆکی کۆمەڵایەتی هەبووە. خێڵ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی، کاریگەری لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ژیانی کەسێتی کورد هەبووە، ڕۆڵی یەکبوون و پاراستنی لە ژیانی کەسێتی کوردیدا بینیوە، داینەمۆی ناڕەزایییەکان و هێزی کەسێتی کورد بووە. سەرباری ئەم گرنگی و بایەخەی خێل لە ژیانی کەسێتی کورددا، بەڵام لە هەندێک کاتیشدا خێل فاکتەرێکی ڕێگر بووە لە گەشەسەندن و خەمڵاندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لای کەسێتی کورد.

١٥. پاش کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، کەسێتی کورد دووچاری سەردەمێکی پڕ لە قەیران و ئاشوب و بەریەککەوتن و توندوتیژی بۆتەوە. کۆتا هەوڵی نەوەی میرەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم شکستی هێنا. لێرەوە چەندین گۆڕانکاری لە هزری سیاسی و هۆشیاری کەسێتی کوردیدا ڕوویاندا.  نەوەیەکی سیاسی نوێ بە بەرگی ئاینییەوە دەرکەوتن، کە لە ئەزموونی سیاسی (شێخەکان)دا خۆی نمایندە دەکرد. ئەم نەوە سیاسییە، توانییان سود لە پێگەی ئاینییان و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرن، ئەزمونێکی نوێیان لە هۆشیاری سیاسی و خەباتی نەتەوەیی کەسێتی کوردیدا بەرهەم هێنا.

١٦. شکستی سیاسی، خەباتی دیارترین کەسایەتی ئەم نەوە سیاسییە، مەنگبوونێکی لە پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی کەسێتی کوردیدا دروستکرد. لە قۆناغی دواتردا، گوتاری کەسێتی کورد لە بیناکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەدەستهێنانییەوە، بەرەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بازنەکانی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی پەلی هاویشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی سەرباری ڕێگری و فشارەکان، درێژەی بە خەبات بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و بەدەستهێنانی مافەکانیان داوە. پەرەسەندنی ئەم ڕەوتە، دواجار ئەزمونێکی گرنگی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و مەدەنی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەرهەم هێنا. ئەم ئەزمونە نوێیە خۆی لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕێکخراو و یانە و پارتە سیاسییەکان وەدەرکەوتنی چاپەمەنییەکان و کارکردنیان بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵکی دەبینییەوە.

١٧.  ئەو گۆڕانکارییانەشی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ناوچەکەی گرتەوە، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر کوردستان و کەسێتی کوردیش هەبووە. نەخشەی سیاسی ناوچەکە، بە پێی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی زلهێز داڕێژرایەوە. لەم دابەشکارییەدا، لە بری چنینەوەی بەری ڕەنج و خەبات، کەسێتی کورد ببووە قوربانی. خاکی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکی نوێدا دابەشکرا، سنوری سیاسی نوێ هاتە ئاراوە. کەسێتی کورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە لەسەر شوناس و بوونی، زنجیرەیەک ڕاپەڕینی چەکداری دەستپێکرد. بەڵام لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی سەرجەمیان شکستیان هێنا و نەخشەی سیاسی ناوچەکە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ویست و ئاواتی کورد، بەو جۆرەی پلانی بۆ دانرابوو جێگیر بوو.

## ڕاسپاردەکان

دوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لە (ڕووسیا، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) و دیدی کوردناسانی ئەم سێ سەردەمە بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی کورد، هەروەها بوونی مێژوویەکی درێژی بایەخدان بە کورد و فرە بواری لێکۆڵینەوە کوردناسییە ڕوسییەکان، لە ئەنجامی بینینی چەندین سەرچاوە، دەکرێت چەند ڕاسپاردەیەک بۆ ئەو بەڕێزانەی کە مەبەستیانە دەربارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لە ( ڕووسیا، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) یان دەربارەی هەر بوارێکی تایبەت بە کورد لە دیدی کوردناسانەوە لێکۆڵینەوە بکەن، بخەینەڕوو:

١. لە نێو ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسدا، لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەوتەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی و کاریگەری هەردوو مۆدێلی ڕۆژهەڵاتناسی ( ئەڵمانی، بەریتانی - فەڕەنسی) بە گرنگ دەزانین.

٢. گرنگە توێژەران بایەخ بە ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بدەن، چونکە چەند ناوەندێکی لەیەک جیاواز لەسەر ئاستی ستراتیژ و میتۆدی لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەری چالاک بوون.

٣. پەیوەندی و کاریگەریی لە نێوان دامەزراوەی دەوڵەت و ناوەندە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لە هەر سێ سەردەمی (ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسیای فیدراڵ) بە بابەتێکی گرنگ دەزانین بۆ توێژینەوە.

٤. لە نێو کوردناسی ڕووسیدا، ڕۆڵی ئەرمەنییەکان لە دامەزراندن و گەشەسەندنی کوردناسی لە هەر دوو سەردەمی (ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت) بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە و ئەرشیف و کەرەستە و سەرچاوەیەکی زۆری بەکەڵک بۆ ئەم بابەتە هەیە.

٥.ڕۆڵی کەسایەتییە کوردییەکان لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کوردناسی و ناوەندە کوردناسییەکان لە هەردوو سەردەمی ( ڕووسیای قەیسەری، یەکێتی سۆڤییەت) بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردناسییە. لە هەردوو سەردەم کۆمەڵێک کەسایەتی کوردی ڕۆڵیان لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان و کۆکردنەوەی کەرەستەی لێکۆڵینەوە دەربارەی کورد هەبووە. دەکرێت بە قۆناغبەندی لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو کەسایەتییانە بکرێت و بەڕێوەبردنی ناوەندە کوردناسییەکان لە لایەن کەسایەتییە کوردییەکانەوە بکرێتە نموونەی گرنگی پەرەسەندنی ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە.

٦. بابەتێکی دیکەی گرنگ دەربارەی مێژووی کوردناسی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت، ڕۆڵی ژنە کوردناسەکانە لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکان. بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە، کەرەستە و سەرچاوەی گرنگ بەردەستن و لە چوارچێوەی ڕۆڵی ئەو ژنە کوردناسانەدا، لێکۆڵینەوە دەربارەی هەردوو ئاڕاستەی (لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی، لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد) لە نێو کوردناسی سۆڤییەتیدا بکرێت.

٧. چەند پرس و بوارێکی مێژووی کورد لە ڕوانگەی کوردناسانەوە بە گرنگ دەزانین توێژەران لێکۆڵینەوەی دەربارە بکەن، وەک ( خێڵە کوردییەکان، فۆلکلۆری کوردی، پەیوەندییە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن) چەندان بابەتی دیکەی کوردناسی کەرەستەیەکی بە پێز و گرنگن بۆ توێژەران، تا ببێتە دەروازەیەک بۆ گرنگیدانی زیاتر بە بابەتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی کورد و تا ڕادەیەکیش دوورکەوتنەوە لە مێژووی سیاسیش بە کارێکی پێویست و لە پێشینە دەبینین بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەرامبەر بە لایەنە نەوتراوەکانی مێژووی کورد.

٨.پتەوکردنی پەیوەندی زانستی و ئەکادیمی و هەماهەنگی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکانی ڕووسیا.

# لیستی سەرچاوەکان


یەکەم : دەستنووس:

١) بایەزیدی. مەلا مەحموود: رسالە تحفە الخلان فى زمانى کردان، ١٨٥٦.
٢) بایەزیدی. مەلا مەحموود: دەستنووسی کتاب عادات و رسومات نامە طوایفا اکرادیە و اصول تضامات کورمانجی، ١٨٥٨ – ١٨٥٩.

دووەم : تێزی ئەکادیمی :

أ / بەزمانی ڕووسی :

3) Авалиани.Ю. Ю.: Местоимения в курдском языке. Тезисы к дисс. на соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1940.
4) Алексеевна. Земцова Юлия:Курдский вопрос в современной системе международных отношений,Уральский государственный педагогический университет,Институт социального образования Факультет международных отношений и социально-гуманитарных коммуникаций, Кафедра рекламы и связей с общественностью,2017 г.
5) Аристова, Татьяна Федоровна :Курды: опыт этнографического изучения традиционной культуры ,Ученая степень:доктора исторических наук,Место защиты диссертации: Москва,Год :1992,
6) Курдоев К.К.: Сравнительная грамматика курдского языка (на материале курманджи и сорани), Автореф. дисс. д-ра филол. наук. М., 1965.
7) Курдоев.К. К.: Образование сложных глаголов в курдском языке. Тезисы к дисс. па соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1940.
8) Мустафа.Аманж Ахмед: Роль религии в национально-освободительном движении курдского народа, Ученая степень:кандидата истор. наук,Работа выполнена в Институте востоковедения РАН, Москва, 1993.
9) ПОБЕДОНОСЦЕВА КАЯ Анжелика Олеговна:КУРДЫ В ИСТОРИИ И ПОЛИТИКЕ РОССИИ НА БЛИ ЖНЕМ ВОСТОКЕ В XIX – НАЧАЛЕ XX ВВ,Диссертация на соискание ученой степени кандидата исторических наук Специальность:Всеобщая история,Санкт-Петербургский госуд арственный университет,Санкт-Петербург,2016.
10) Тибет. АБАК: КУРДСКИЙ ВОПРОС В ПОЛИТИКЕ МЛАДОТУРОК В ПРЕДДВЕРИИ ПЕРВОЙ МИРОВО ВОЙНЫ И КУРДСКАЯ ПОЛИТИКА РОССИЙСКОЙ ИМПЕРИИ (1908 – 1914 гг.),дисс ертации на соискание ученой степени кандидата исторических наук, Специальность: Всеобщая история .(Новое и новейшее время), Работа выполнена в Центре изучения стран Ближнего и Среднего Востока Федерального государственного бюдже тного учреждения науки «Институт востоко ведения РАН» ,Москва,2017.
11) УСОЯН ХАННА РЗАЕВНА: ЙЕЗИДИзм - НАЦИОНАЛЬНАЯ РЕЛИГИЯ КУРДОВ, АВТОРЕФЕРАТ диссертации на соискание ученой степени, кандидата философских наук, САНКТ-ПЕТЕРБ УРГСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ, Санкт-Петербург,2006.
12) Цукерман.И. И.: Склонение имен существительных в говоре курдов ССР Армении. Тезисы к дисс. на соискание уч. степени канд. филол. наук, Л., 1939.
13) Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в южном диалекте курдского языка (сорани). Автореф. канд. дисс. Л., 1965.
14) Янечек Елена Викторовна : ВЕРОУЧЕНИЕ АХЛ-Е ХАКК (ЛЮДИ ИСТИНЫ) В КОНТЕКСТЕ КУРДСКОГО ЭТНОСА, Магистерская диссертация по направлению ,Востоковедение и Африканистика ,(Профиль: Религии народов Азии и Африки), САНКТ-ПЕТЕРБУРГСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕР СИТЕТ (СПбГУ), Санкт-Петербург,2017.

ب / بەزمانی ئینگلیزی :

15) Issiyeva. Adalyat: Russian Orientalism From Ethnography to Art Song in Nineteenth-Century Music, Schulich School of Music , A thesis submitted to McGill University in partial fulfillment of the requirements of the degree of Ph.D. in Musicology, December 2013.

ت / بە زمانی عەرەبی :

١٦) اورحيم. طارق محمد: المستشرق مينورسكي و اسهاماته في دراسة تاريخ الكرد في العصر الاسلامي ( دراسة تقدية)،مجلس كلية اداب، رسالة ماجستر، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٢.

١٧) سويسي. المحسن بن علي بن صالح: مؤتمرات المستشرقين العالمية ( نشأتها - تكوينها - أهدافها)، اطروحة الدكتوراه غير المنشورة، ، قسم الاستشراق - كلية الدعوة بالمدينة المنورة - جامعة الامام محمد بن سعود الآسلامية، المملكة العربية السعودية، ١٩٩٨.

پ / بە زمانی کوردی ( ئەلف بێی لاتینی):

18) Çelik. Murat: Adat û Risumatnameê Tewayifê Ekradiye, Mela Mehmûdê Bazîdî: Metn û Lêkolîn. Têzî Master, Nebelavekye, Zankoya Mardîn Artuklu,2015.

19) Jahany, P : Leyla û Mecnûna Sewadî (Metin, Lêkolîn, Şîrove). (Teza masterê) Nebelavekye. Zanîngeha Mardîn Artuklu, Mardîn, 2016.

سێیەم : کتێب

أ / بە زمانی کوردی:

٢٠) ئاراکێلیان. ئامبارتسووم: کوردانی پارس - ڕاپۆرتێک لەسەر ژیان و داب و نەریتی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، و. مەنسووری سدقی، ٢٠١٦.

٢١) نیکیتین. بازیل و کوردناسی : کۆمەڵێک گوتار، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە. د.نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢٢) بایەزیدی. مەلا مەحموود: رساله تحفه الخلان في زمانی کردان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی . هێمن عومەر خۆشناو، بڵاوکراوەی دەستنوسخانەی زانکۆی سۆران،٢٠١٩.

٢٣) بایەزیدی. مەلا مەحموودی: عادات و رسووماتنامەی اکرادیه (داب و نەریتی کورد)، پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی .م.ب. ڕۆدینکۆ، ودرگێڕانی لە ڕووسیەوە . ڕەسوڵ. پ.د. شوکریە ، چاپی دووەم، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٥ .

٢٤) برونەسن. مارتن ڤان: ئاغا و شێخ و دەوڵەت،وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. د.کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٥) پوشکین. ئەلێکساندەر: گەشتێک بۆ ئەرزڕۆم لە سەردەمی هێرشی ١٩٢٩، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە خەزنەدار. د.مارف ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٦) پیربال . د.فەرهاد: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی سێیەم،چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٧) پیربال. د.فەرهاد: مەلامەحموودی بایەزیدی ( ١٧٩٩ - ١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنوس و پەخشانوسی کورج، هەولێر، ٢٠٠٠.

٢٨) پیربال .د.فەرهاد: مێژووی وەرگێران لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، چاپخانەی ودزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٩) جەلیلی. جەلیل : هەندێک سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە قادر.ئەنوەر ، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٠) چەتوێڤ. خالد موراد: مێژووی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و کورد، و عەبدوڵا.د.نەجاتی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣١) حەسرەتیان. م. ئە.: یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە. د.دلێر ئەحمەد، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣٢) حەسرەتیان. م.أ.: ڕاپەڕینی کوردان ساڵی ١٩٢٥، وەرگێڕانی دەباغ.جەلال ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦ .

٣٣) حەسەن. محەمەد ڤەریق: مێنتەلیتی خێڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٤) خۆدزکۆ . ئەلیکساندەر: چەند لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی(دیالێکتی سلێمانی)، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە عەبدوڵا . د.نەجاتی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٥) خەزنەدار. د.مارف: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٦) خەلفین. ن.ئا.: خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ودرگێڕانی لە ڕووسیەوە تەقی. جەلال ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.

٣٧) ڕۆدینکۆ. م.ب.: وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، ئامادەکردنی دەستنووس بۆ چاپ و پێداچونەوە و پێشەکی و سەرنج. ژ.س.موسائیلیان، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. ئەنوەر قادر محمد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٨) ڕەسوڵ. د.شوکریە : ڕێ و ڕەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، چاپخانەی هەولێر اوفیست کریستال، هەولێر، ١٩٩٧.

٣٩) ژابا. ئۆگۆست: فەرهەنگی کوردی- فەرەنسی،وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە.د.نەجاتی عەبدوڵا، هەولێر، ٢٠٠١.

٤٠) ساڤراستیان. ئارشاک: کوردستان و کورد، وەرگێڕانی. ئەمین شوانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.

٤١) سیاحەتنامەی مسیۆ چریکوف : کۆکراوەی عەلی ئەسغەر عومران، و. سەلاح نساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢.

٤٢) عەلی. د.ئارام: کورتەیەکی مێژووی نوێی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

٤٣) ڤاسیلێڤا. یێڤگێنیا: شەرەفخانی بەدلیسی ( سەردەم، ژیان، ئەمری)، و. د.ئارام عەلی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤٤) ڤاسیلێڤا. یێڤگێنیا: کوردستانی باشووری ڕۆژهەڵات لە سەدەکانی شازدەیەم - نۆزدەیەم ( سەرچاوەیەک لە بارەی مێژووی میرنشینە کوردییەکانی ئەردەڵان و بابانەوە)، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. ئارام عەلی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

٤٥) ڤاسیلیەڤا. ی.ئی.: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە ( کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤٦) کوردۆییێڤ. پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ: هەندێک بیرو باوەری هەڵە لە بارەی زمانی کوردی و مێژووی کوردەوە، وەرگێڕانی د.ئەورەحمانی حاجی مارف،پێداچونەوەی د.کەمال مەزهەر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٣.

٤٧) کوردۆییێڤ. قەناتی کڵاشۆڤیچ: کوردناسی، ڕەئوف حەسن کردوویەتی لە کوردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤٨) کوردی. هەستیار کەمال: سیاسەتی ڕوسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد( ١٨٥٠ - ١٩١٤)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١.

٤٩) کۆمەڵێک کوردناسی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤییەت : چەند وتارێکی کوردناسی (١، ٢، ٣) ، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥٠) کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستانی کەلتووری کوردی لە چاوی توێژەرانی ڕووس، بڵاوکراوەی گازپرۆم نەفت، ٢٠١٤.

٥١) کۆمەڵێک نوسەر: بەرکورتێکی کوردناسی لە ئەوروپا،کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤.

٥٢) لازاریف. م.س. و ئەوانی دیکە : شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

٥٣) لازاریف. م.س.. و ئەوانی دیکە : مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی. د.عبدی حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی. هوشیار عەبدالله سەنگاوی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٥٤) لازاریف.م.س: کێشەی کورد ١٨٩٦ - ١٩١٧، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە د.کاوس قەفتان، بەشی یەکەم، مطبعة الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩.

٥٥) لازاریف م.س.: کێشەی کورد ١٩٢٣- ١٩٤٥ خەبات و سەرنەکەوتن، وەرگێڕانی احمد محمد اسماعیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٣.

٥٦) لازاریف. میخائیل سیمۆنۆیچ: ناوچەی کورد - هەڵسەنگاندنێکی ژیئۆپۆلیتیکی و ژیئۆ ستراتیژیکی، و.مەنسور سدقی، ٢٠١٦.

٥٧) مستەفا. د.عرفان: بووکی ئەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا،چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١١.

٥٨) مستەفا. یوسف حەمەسالح: کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٩.

٥٩) موسائیلیان. ژ.س: بیبلۆگرافیای کوردناسی ( کورد و کوردستان لە سەرچاوە ڕوسییەکاندا)، و. لە ڕوسییەوە.د. ئەفراسیاو هەورامی، هەولێر، ٢٠١١.

٦٠) میران. د. ڕەشاد: ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئیتنیکی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦١) میران. د.ڕەشاد: چەند بابەتێکی ئیتنو - کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠.

٦٢) مینتیشاشڤیلی. ا.م.: کورد کورتەی پەیوەندی کومەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.

٦٣) مینۆرسکی : کورد - تێبینی و ووردبوونەوە، وەرگێڕانی لە عەرەبی بە کوردی. حمەسعید حمەکریم، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٤.

٦٤) مینۆرسکی. ڤلادیمێر: مینۆرسکی و کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦٥) مینۆرسکی. ڤلادیمێر: بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، لە فەرەنسسیەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی و پەراوێز و پێشەکی. د.نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦٦) مەزهەر. د.کەمال: مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦٧) مەزهەر. د.کەمال : چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیە، بەغدا ، ١٩٨٥.

68) BAYAZÎDÎ. MELA Mehmûdê: Adat û Rusûmatnameyê Ekradiye (Amadekar. Ziya Avcı), Lîs: Diyarbakir, 2010.
69) BEYAZIDI. M.MAHMUT: ADETEN KURDISTAN, DEN HAAG, HOLLAND, BE SALA CHAPE.
70) Cindi.Heciye , Evdal.Emine :Folklora kurmanca (Kitêba pêşin),Neşra Hukmata Ermenistana Şewrê, 1936
71) Evdal.Emînê : Mem û Zînê : (Poêma cmaeta kurd), Yêrêvan : Neşîreta Haypethrat, 1958.
72) Evdal.Emînê :Ḣălăqătied p'zmamtie nav k'ördada,Erevan : Năsh'răta Akademia R'SS Ărmănista neĭă olma, 1965.
73) Evdal.Emînê :Ktêba zmanê kurmancî,Bona dersxana IV-a, Yêrêvan, Neşîreta Hukumeta Ermenîstanê, 1949.
74) Jndi.Hajie : Folklora körmanshchie (bărăvok), Ḣaĭpetḣrat, Erevan, 1957.
75) Jndi.Hajie : Meselok û xeberokêd cmae'ta k'urda, Êrêvan, Neşîreta AU R'SS Ermenîstanê, 1985.
76) Kurdo.Prof. Qanate: tarixa edebyata kurdi,Cilt 1, WESHANEN RUJA NU,STOKHOLM,1983.
77) Kurdo.Prof. Qanate: tarixa edebyata kurdi,Cilt 2, WESHANEN RUJA NU,STOKHOLM,1985.
78) Kurdo.Qanatê.: Lêgerîna Zaza / Исследование Заза. Werger ji rûsî: Tosinê Reşîd. Redoktion: Zerê Alîyêvna Yosûpova. Bonn: Hogir Verlag, 2016.
79) ÖZTURK. Dr. MUSTAFA : KOLEKSİYONA ALEKSANDRE JABA YA DESTNİVÎSÊN KURDÎ, Vekolîn û Saloxdan, Weşanxaneya Lîs, Amed, 2017.

ب / بەزمانی ڕووسی:

80) Авдал.Амин: Жизнь закавказских курдов, Издательство АН СССР, Ереван, 1957.
81) АВДАЛ. АМИНЕ: Культы и верования курдов-езидов (очерки),Weşanxaneya Akadêmîya Zanyarî ya Komara Ermenîstanê,Yêrêvan ,2006.
82) АВДЕЕВА Л. Е. & АЛИЕВ С. М. & АРАБАДЖЯН А. З. & БИНЙНАШВИЛИ А. М., & ДОРОШЕНКО Е. А. & ЖИГАЛИНА О, и & ЗОТОВ В.К. & КЛЯШТОРИНА В. Б. & КРУТИХИН М. И. & КУЛАГИНА Лг М & ЛУКОЯНОВ А. К. & МАМЕДОВА Н. М. & ПЛАСТУН В. Н. & РОЖДЕСТВЕНСКАЯ Д. С. & СКЛЯРОВ Л.Е. & ШЕСТАКОВ А. П. & ЮРТАЕВ В. И.:ИРАНСКАЯ РЕВОЛЮЦИЯ 1978-1979 Причины и уроки, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Главная редакция восточной литературы, Москва,1989.
83) Аверьянов П.И.: Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов, Исторический очерк, Тифлис, 1900.
84) Аксененко А.Г. , Гасратян М.А. : Турецкая республика, Наука. Главная редакция восточной литературы, 1990.
85) Али Акбар Курдистани : Сад царства Насира, Пер. с персидского, предисловие, примечания и указатели Е.И.Васильевой. СПб.: Нестор-История, 2012.
86) анович. М.Ф. Харт:Летопись Кунсткамеры 1714–1836, Музея антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера) РАН, МАЭ РАН, 2014.
87) Аристова Т.Ф. : Очерк культуры и быта курдских крестьян Ирана, Пэс. I, 1958.
88) Аристова.Т. Ф.: Курды Закавказья (историко-этнографический очерк). М., 1966.
89) Аристова.Т.Ф:МАТЕРИАЛЬНАЯ КУЛЬТУРА КУРДОВ XIX ПЕРВОЙ ПОЛОВИНЫ XX в (Проблема традици онно-культурной общности),АКАДЕМИЯ НАУК СССР,ИНСТИТУТ ЭТНОГРАФИИ, Москва, НАУКА,лавная редакция восточной литературы,1990.
90) Архив АН СССР, ф. 2, оп. 1-(1865), № 20, лл. 10-11.
91) Архив АН СССР, ф. 776, оп. 4, № 10, лл. 3-4.
92) Ахмедов Б.А.: История Балха (XVI первая половина XVIII в.),Таш., 1982.
93) Байазиди.Мела Махмуд: Таварих-и кадим-и Курдистан(Древняя история Курдистана) , Настоящая книга издание факсимиле уникальной рукописи перевода на курдский язык (диалект курманджи) труда курдского историка Шараф-хана Битлси (Шараф-наме), Том I,

ИЗДАНИЕ ТЕКСТА, ПРЕДИСЛОВИЕ, УКАЗАТЕЛИ и ОГЛАВЛЕНИЕ К.К.КУРДОЕВА ИЖ.С. МУСАЭЛян, Москва,1986 .

94) Бакаев.Ч. Х.: Говор курдов Туркмении. Фонетика, грамматика, тексты и словарь, Izd-vo Akademii nauk SSSR, 1962.

95) Бакаев.Ч. Х.: Основы курдской орфографии, Академия наук Армянской ССР. Институт языкознан ия, Институт языкознания АН СССР, Институт востоковедения (Академия наук Армянской ССР), Наука, 1983.

96) Бакаев.Ч. Х.: Роль языковых контактов в развитии языка курдов СССР, Изд-во (Наука),1977.

97) Бакаев.Ч. Х.: Язык азербайджанских курдов, Изд-во (Наука),1965.

98) Бакаев.Ч. Х.:Язык курдов СССР Сравнительная характеристика говоров , Изд-во (Наука),1973.

99) Бакаев.Ч.Х.: КУРДСКО-РУССКИЙ СЛОВАРЬ, ПОД РЕДАКЦИЕЙ академика И. А. ОРБЕЛИ ,ГОСУДАРСТВЕННОЕ ИЗДАТЕЛЬСТВО ИНОСТРАННЫХ И НАЦИОНАЛЬНЫХ СЛОВАРЕЙ, МОСКВА ,1957.

100) Баязиди. Мела Махмуд. Нравы и обычаи курдов. Пер., предисл. и примеч. М.Б. Руденко. М., 1963.

101) Бидлиси . Шараф-хан ибн ШамсаддинШараф-наме. Перевод, предисловие, примечания и прилож ения Е.И.Васильевой. Т. I. М,1967.

102) Бидлиси . Шараф-хан ибн ШамсаддинШараф-наме. Перевод, предисловие,примечания и прилож ения Е.И.Васильевой. Т. II. М,1976.

103) Бларамберг. И.Ф.Воспоминаия : пер. О.И. Жигалиной и Э.Ф. Шмидта вступ. статья Н.А. Халфина, М.: Главная редакция восточной литературы издательства "Наука", 1978.

104) Васильева Е. И : Юго-Восточный Курдистан в XVI—XIX вв, Источник по истории курдских эмиратов Арделан и Бабан, СПб.: Нестор-История, 2016.

105) Васильева Е.И : Юго-Восточный Курдистан в XVII — начале XIX в. Очерки истории эмиратов Арделан и Бабан, Ответственный редактор М.С.Лазарев. — М.: Наука. Главная редакция восточной литературы, 1991.

106) Васильева Е.И: Шараф-хан Бидлиси(Эпоха, Жизнь, Бессмертие),Ответственный редактор Ш. Мгои, СПб.: Наука, 2003.

107) Вертяев. К. В. & Жигалина. О. И. & Иванов. С. М.: ПОЛИТИЧЕСКИЕ ПРОЦЕССЫ В КУРДСКИХ АРЕАЛАХ СТРАН ЗАПАДНОЙ АЗИИ (ИРАКЕ, ТУРЦИИ, СИРИИ, ИРАНЕ), ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕД ЕНИЯ РАН, Москва, 2013.

108) ВИГАСИН. А.А., А.Н.ХОХЛОВ, П.М.ШАСТИТКО ,А.А.КОЖУХОВСКАЯ : ИСТОРИЯ ОТЕЧЕСТВЕННОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ с середины XIX века до 1917 года, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт востоковедения, Издательская фирма ВОСТОЧНАЯ ЛИТЕРАТУРА» РАН, Москва, 1997.

109) Гасратян М.А : Курдская проблема в Турции (1924-1939 гг), : Наука, Москва, 1975.

110) Гасратян М.А. : Курды Турции в новейшее время, Айастан, Ереван,1990.

111) Гасратян М.А. : Национальный вопрос в Турции (1919-1939 гг.), Москва,1956.

112) Гасратян М.А. : СССР и Турция, 1917-1979, Московский ин-т востоковедения, Москва, 1981.

113) Гасратян М.А. : Турция в 1960-1963 годах: Очерк внутренней политики, Москва,1965.

114) Гасратян М.А. , Моисеев П.П. : Турция ждет перемен, Издательство восточной литературы, Москва, 1963.

115) Гасратян М.А. , Орешкова С.Ф. , Петросян Ю.А. : Очерки истории Турции,1983.

116) Гасратян М.А.: Курдская проблема в Турции (1986-1995), М. : ИВ РАН, 2001.

117) Гасратян М.А.: Курдская проблема в Турции в новейшее время, Москва, 1977.

118) Гордлевский В.А.: Избранные сочинения,Т. 3, История и культура,М., Издательство восточной литературы, 1962.
119) Гордлевский В.А.:Избранные сочинения.Том 2., Язык и литература,М., Издательство восточной литературы, 1961.
120) Джалил. Джалиле : Курды османской империи в первой половине девятнадцатого века, Наука Москва, 1973.
121) Джалил.Джалиле : Восстание курдов 1880 года, Наука; Глав. ред. восточной лит-ры, 1966.
122) Джалил.Ордихане : Курдский героический эпос "Златорукий хан, Наука, 1967.
123) Джалил.Ордихане , Джалил.Джалиле , Джалил.Зине : Курдские сказки, легенды и предания, Наука, 1989.
124) Джалилов О. Дж. : Исторические песни курдов, Ответственные редакторы Путилов Б.Н., Джалил Джалиле. — СПб.: Петербургское Востоковедение, 2003.
125) Джасимович.Д., О.:Гражданская поэзия Джагархуна, Ереван : Изд-во АН АрмССР, 1966.
126) Дженди.Хаджи: Курдские эпические стихи, Москва, 1962.
127) Диевицкий.В.: Каникулярная поездка по Эриванской губерни и Карсской области (Сбор ник материалов для описания местностей и племен Кавказа), Издание Управления Кавказского Учебного Округа. Выпуск двадцать первый. Отдел Первый, Тифлис. 1896.
128) Жигалииа. О. И.: этносоциАльнАя эволюция ирАнского оБщЕствА, издательская фирма «восточная литература» РАН, москва, 1996.
129) Жигалина О.И. : Отношение руководства Исламской республики Иран к курдской проблеме., Современный ислам: проблемы политики и идеологии( Комплексная программа научных исследований по актуальным проблемам современного исламоведения на 1980–1982 гг), АН СССР, Институт востоковедения. Отв. Ред. Е.М. Примаков и др. – М., 1982.
130) Жигалина О.И.: Курды иранской провинции Керманшах накануне и в период Первой мировой войны, Восточная литература, Институт Востоковедения РАН, Москва, 2008.
131) Жигалина О.И.: Роль ислама в развитии идеологии курдского национального движения в Иране. , Ислам в странах Ближнего и Среднего Востока, М., 1982.
132) Жигалина. О. И.: Проблема курдской государственности в современной геополитике (КУРДЫ ЗАПАДНОЙ АЗИИ (XX – начало XXI в.) Проблема курдского самоопределения Сборник статей), ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва,2012.
133) Жигалина. Ольга Ивановна : Великобритания на Среднем Востоке: XIX-начало XX в.:Анализ внешне политических концепций,Издательство:М.:Наука.Главная редакция восточной литерату ры,1990.
134) Жигалина. Ольга Ивановна: Курдские ханства Хорасана при последних Каджарах : Конец XIX - нач. XX в., акад. наук. Ин-т востоковедения. Москва ,2002.
135) Жигалина. Ольга:Курдский вопрос в политике современного Ирана Проблема урегулир ования курдского этнополитического конфликта в ИРИ,Lambert Academic Publishing ,2011.
136) Жигалина.О.И.:Национальное движение курдов в Иране (1918-1947гг.),издатЕльство «наука «главная редакция восточной литературы, МОСКВА, 1988.
137) Замбильфрош. Курдская поэма и ее фольклорные версии. Критический текст, перевод, примеча ния, предисловие, приложения Ж.С.Мусаэлян. Ответственный редактор М.Б.Руденко. М.: Издательство «Наука», Главная редакция восточной литературы. 1983.
138) Карцев Ю.С.: Курды,Заметки о курдах полковника генерального штаба Карцева,ЗКОИРГО. Кн. XIX.,Тифлис, 1897.
139) Ковалевский.П. И.: Кавказ, т. I, СПб., 1914.
140) Косвен.М. О.: этнография и история Кавказа, М , 1961.

141) Курдоев К. К.: Курдско-русский словарь. Ок. 34000 слов. С прилож. краткого грамматического очерка курдского языка. М., Гос. изд-во иностр. и нац. словарей, I960.
142) Курдоев К.К., Юсупова З.А.: Курдско-русский словарь (сорани), Ок. 25 000 слов.М.: Рус. яз., 1983.
143) Курдоев К.К.: Грамматика курдского языка на материале диалектов курманджи и сорани,АН СССР. Ин-т востоковедения, М.Наука, 1978.
144) Курдоев.К. К.: Грамматика курдского языка (курманджи) Фонетика- Морфология, (АН СССР. Ин-т востоковедения) М, 1957.
145) Курдоев.К. К.: Курдский язык,(Языки зарубежного Востока и Африки), М., ИВЛ, 1961.
146) Курдская народная лирика. Транслитерация текстов, перевод, предисловие, примечания, прило жения( К.К.Курдоева, Ж.С.Мусаэлян), М.: Издательская фирма (Восточная литература) РАН, 2002.
147) Курдские народные песни из рукописного собрания ГПБ им. М.Е.Салтыкова-Щедрина , Памятники письменности Востока LXXII. Издание текстов, перевод, предисловие и примечания Ж.С.Мусаэлян. Ответственный редактор К.К.Курдоев. М.: Издательство «Наука», Главная редакция восточной литературы. 1985.
148) Курдские пословицы и поговорки на курдском и русском языках, собрали, составили, перевели, снабдили примечаниями и предисловием Ордихане Джалил и Джалиле Джалил, Наука, Глав. ред. восточной лит-ры, 1972.
149) Курдский фольклор (Текст)- Zargotina k'urda, Собрали, сост., снабдили примеч. и предисл. Ордихане Джалил и Джалиле Джалил, Москва : Наука, 1978.
150) ЛАЗ АРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск I,ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН (ИВРАН),Москва,2012.
151) Лазарев. М.С. & Мгои .Ш.Х. & Вертяев. К.В. : Курдский вопрос на рубеже тысячелетий, ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА,Москва 2004.
152) Лазарев. М.С: Курдская проблема, Национальные процессы в странах Ближнего и Среднего Востока . Москва, 1970.
153) Лазарев.М.С, , Гасратян.М. А , Жигалина.О.И., Джалил Д, Ш, Х, Мгои : Курдское движение в новое и новейшее время, Московский ин-т востоковедения, Москва, 1987.
154) Лазарев.М.С., Мгои.Ш.Х., Васильева.Е.И., Гасратян.М.А., Жигалина.О.И.: ИСТОРИЯ КУРДИСТ АНА ,Моск ва 1999.
155) Лазарев.М.С: Империализм и курдский вопрос. 1917-1923 гг, Главная редакция восточной литера туры издательства "Наука", Москва ,1989.
156) Лазарев.М.С: Курдский вопрос 1891-1917, Москва, 1972.
157) Лазарев.М.С: Курды и Курдистан (факторы становления проблемы) , Национальный вопрос в освободив шихся странах Востока / АН СССР, Ин-т востоковедения, Наука, Москва ,1986.
158) Лазарев.М.С: СССР и Курдистан , Взаимоотношения народов России, Сибири и стран Востока: история и современность. Доклады второй международ-ной научно-практической конференции 11–14 августа 1997 г. Книга первая. Москва — Иркутск — Тэгу, 1997.
159) Лазарев.М.С: КУРДИСТАН И КУРДСКАЯ ПРОБЛЕМА (90-е годы XIX века — 1917 г.), АКАДЕМИЯ НАУК СССР ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ИЗДАТЕЛЬСТВО «НАУКА». Москва, 1964.
160) Лазарев.М.С: Курдский вопрос в связи с международными отношениями на Ближнем Востоке (коне ц XIX века — 1917 г.). Автореф. докт. дисс, Москва, 1968.
161) Лазарев.М.С:Курдистан и курдский вопрос 1923-1945, Москва, 2005.
162) ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск II, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВ ЕДЕНИЯ РАН, Москва, 2013.
163) Лерх. П., Исследования об иранских курдах и их предках сеѳерных халдеях, СПб., кн. I, 1856 .
164) Лерх. П., Исследования об иранских курдах и их предках сеѳерных халдеях, СПб., кн. II, 1857.
165) Лерх. П., Исследования об иранских курдах и их предках сеѳерных халдеях, СПб.,; кн. III, 1858.
166) Лерх. П.:Семизвездие на небе персидской поэзии, Библиотека для чтения, февраль 1851.

167) Мах Шараф-ханум Курдистани: Хроника дома Ардалан. Перевод с перс, введ. и примеч Е.И. Васильевой, Ответственный редактор О.Ф.Акимушкин,М.: Наука. Главная редакция восточной литературы, 1990.
168) Мгои.Шакро Худоевич : Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, Наука. Гл. ред. вост. лит., 1991.
169) Мгои.Шакро Худоевич : Проблема национальной автономии курдского народа в Иракской респ ублике 1958-1970 гг, Изд-во АН Армйанской ССР, 1977.
170) Ментеншвили А.М. : Курды: очерки обще-экономических отношений, культуры и быта. М, 1984.
171) Минорский. В.Ф .: Курды заметки и впечатления. – Петроград, 1915.
172) Моисеев П.П. , Гасратян М.А. : Турция Соц.-экон. очерк, Москва,1965.
173) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Библиография по курдоведению, Ч. 1-2,СПб Петербургское Востоковедение, 1996.
174) Мусаэлян.Ж.С.: Библиография по курдоведению. Составитель, ответственный редактор Курдоев .К. К., М.: Издательство восточной литературы, 1963.
175) Мыльников А.С : Из истории Кунсткамеры. 1941-1945, МАЭ РАН, 2003.
176) Немцы в Санкт -Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып10, СПб, МАЭ РАН, 2016.
177) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII– XX вв, Вып. 11 , СПб, МАЭ РАН, 2018.
178) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект , Вып 6, СПб, МАЭ РАН ,2011.
179) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII – XX вв, Вып 5, СПб, МАЭ РАН, 2009.
180) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII – XX вв, Вып 7, СПб, МАЭ РАН, 2012.
181) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып 8, СПб, МАЭ РАН .2014.
182) Немцы в Санкт-Петербурге, Биографический аспект XVIII–XX вв, Вып 9, СПб, МАЭ РАН, 2015.
183) Немцы в Санкт-Петербурге, Вып 4, СПб, МАЭ РАН ,2008.
184) Никитин. В. : Курды,Перевод с французского И.О. Фаризова,Издательство (Прогоресс). Москва, 1964.
185) Орбели.И.А.: Курдско-русский словарь ,Подготовка рукописи к печати и введение (Ж. С. МУСАЭЛЯН & И. И.. Цукерманом). Ереван, Зангак-97, 2002.
186) Перилц А.И.: Оседлое и кочевое общество Северной Аравии в новое время, Автореф, докт. дис. м., 1971.
187) Петрушевский И.П. : Ислам в Иране в XII—XV веках. л., (КУРС ЛЕКЦИИТ), издАТЕЛЬСТВО ЛЕНИНГ РАДСКОГО УНИВЕРСИТЕТА, 1966.
188) Петрушевский.И.П.: Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении в ХУ - начале XIX вв, Л., 1949.
189) РУДЕНКО. М. Б.: ОПИСАНИЕ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ЛЕНИНГРАДСКИХ СОБРАНИ Й, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУ Т НАРОДОВ АЗИИ, ИЗДАТЕЛЬСТВО ВОСТОЧ НОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, МОСКВА,1961.
190) Руденко.М.Б. : Курдская обрядовая поэзия. Похоронные причитания, М.: Наука,1982.
191) Руденко.М.Б.: Литературная и фольклорные версии курдской поэмы "Юсуф и Зелиха", Наука, М. 1986.
192) Султанов Т.И. : Кочевые путемена Приаралья в XV–XVII вв, (Вопросы этнической и социальн ой истории), М., 1982.
193) Усейнович. Хамоян Максим : Основы фразеологии курдского языка, Изд-во АН Армянской ССР, 1988.
194) Усейнович. Хамоян Максим : Курдско-русский фразеологический словарь: Содержит около 8000 фразеоло гических статей, Izd-vo AN ArmSSR, 1979.

195) Факи Тейран: Шейх Санан, Критич. техт, пер., примеч. и предсл. М.Б. Руденко, М, 1965.
196) Халфин.Н.А: Борьба за Курдистан (курдский вопрос в международных отношениях XIX века), Изд-во восточной лит-ры, Москва ,1963.
197) Хани.Ахмед: Мам и Зин, Критич.текст, пер., предсли указ. М.Б.Руденко, М., 1962.
198) Харис Битлиси: Лейли и Меджну, Пер., предисли примеч. М.БРуденко. М., 1965.
199) Худабашев. А.. Обозрение Армении, в географическом, историческом и литературном отношении. Спб, 1859.
200) Хусрав ибн Мухаммад Бани Ардалан: Хроника (История курдского княжеского дома Бани Ардалан), Факсимиле рукописи. Издание текста, перевод с персидского, введение и примечания Е.И.Васильевой ,Ответственный редактор Л.Т.Гюзальян, М.: Наука, Главная редакция восточной литературы, 1984.
201) Чатоев Х.М. : Участие курдов Советского Союза в Великой Отечественной войне 1941 1945 гг., Изд-во АН Арм. ССР, Ереван,1970.
202) Чатоев Х.М. :Курды Советской Армении. Исторический очерк (1920-1940). Изд-во АН АрмССР, Ереван, 1965.
203) Чистов. Ю.К.& Резван. Е. А.& Михайлова. Е. А.& Березкин. Ю. Е.& Карпов. Ю. Ю.& Выдрин. В. Ф.& Байбурин. А. К.: ИЛЛ ЮСТ РАТ ИВНЫЕ КОЛЛ ЕКЦИИ КУНСТКАМЕРЫ, СБОРНИК МУЗЕЯ АНТРОПОЛОГИИ И ЭТНОГРАФИИ LIX, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Музей антропологии и этнографии им. Петра Великого (Кунсткамера), МАЭ РАН, 2014.
204) Шагинян. М.: Прогулки по Армении, М.—Л, 1927.
205) Юсупова З.А : Курдский диалект аврамани (по материалам Дивана Саиди).М.: Издательская фирма «Восточная литература» РАН, 2000.
206) Юсупова З.А. : Курдский диалект горани по литературным памятникам XVIII—XIX вв, Ответственный редактор Л.Г.Герценберг, СПб.: Наука, 1998.
207) Юсупова З.А.: Сулейманийский диалект курдского языка, Ответственный редактор Курдоев. К.К.,М.: Издательство «Наука» Главная редакция восточной литературы, 1985.

ت / بەزمانی فەرەنسی :

208) Chèref-ou'ddine, (Sharaf Prince de Bidlîs, dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, première partie, St.-Pétersbourg, 1868.
209) Chèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs .dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commen tés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome I, seconde partie,St.-Pétersbourg, 1870.
210) Chèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs, dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bernard Charmoy, Tome II, seconde partie,St.-Pétersbourg, 1875.
211) Chèref-ou'ddine. Sharaf Prince de Bidlîs,dans l'Italèt d'Ärzerodme. Traduits du Persan et commentés : Chèref-Nameh ou fastes de la nation kourde, par François Bern ard Charmoy, Tome II, première partie.,St.-Pétersbourg, 1873 .
212) DICTIONNAIRE KURDE - FRANÇAIS, PAR M. AveuSTs JABA, PUBLDÉ PAR ORDRE DE l'ACADÉMIE DMPÉRIALE DES SCIENCES par M. FERDINAND JUSTI, Sr-PETERSBOURG, 1879.
213) JABA, Alexandre ( and MAHMUD BAYAZIDI) : Recueil de Notices et Récits Kourdes, servant à la Connaissance de la Langue, de la Littérature et des Tribus du Kourdistan, reunis et traduits en français. *Saint Petersburg, Imperial Academy of Sciences,* 1860.

214) SCHEREF PRINCE DE BIDLIS : SCHEREF - NAMEH OU HISTOIRE DES KOURDES, PUBLIÉE POUR LA PREMIÈRE FOIS, TRADUITE ET ANNOTÉE PAR V.VLIAMINOF-ZERNOF, TOME I.TEXTE PERSAN-PREMIÈRE PARTIE, ST PÉT ERSBOURG,1860.

پ / بەزمانی ئینگلیزی :

215) Bustanov. Alfrid Kashafovich: Settling the past: Soviet oriental projects in Leningrad and Alma-Ata, Universiteit van Amsterdam, Faculty of Humanities (FGw), Amsterdam Institute for Humanities Research (AIHR), 2013.

216) Frederick Walborn:Religion in Personality Theory,1st Edition,Academic Press,USA,2014.

217) Ivanow W.: The Truth-Worshippers of Kurdistan. Ahl-i Haqq Texts, Leidan, E.J. Brill, 1953.

218) Koeing HG, Larson DB, Mccullough ME: Handbook of religion and health, New York, Oxford University Press, 2001.

219) Koenig HG, Cohen HJ: The link between religion and health : Psychoneuroimmunologyand the faith factor, eds. New York, Oxford University Press; 2002.

220) Leezenberg. Michiel: Soviet Orientalism and Subaltern Linguistics: The Rise and Fall of Marr's Japhetic Theory(The Making of the Humanities), Volume III: The Modern Humanities, Book Editor(s) : Rens Bod, Jaap Maat and Thijs Weststeijn, Published by: Amsterdam University Press,2014.

221) MALCOLM. COLONEL SIR JOHN: THE HISTORY OF PERSIA,FROM THE MOST EARLY PERIOD To THE PRESENT TIME: CONTAINING AN ACCOUNT OF THE Religion, Government, Usages, and Character OF THE INILABITANTS OF THAT KINGDOM, VOL. II, PRINTED FOR JOHN MURRAY, ALBEMARLE STREET, LONDON,1815.

222) Minorsky. V.: The Sect of the Ahl-i Hakk, Iranica - Twenty Articles by V. Minorsky,Tehran University Publications, No. 775, 1964.

223) Pace, U., & Passanisi, A.: The role of the family in personality development. In V. Zeigler-Hill & T. K. Shackelford (Eds.), The SAGE handbook of personality and individual differences: Origins of person ality and individual differences,2018.

224) Pargament KI: The psychology of religion and coping: Theory, research, practice, New York, Guilford Press; 1997

225) van der Oye. David Schimmelpenninck: Russian Orientalism ( Asia in the Russian Mind from Peter the Great to the Emigration), Yale University Press, London,2010.

ج / بەزمانی عەرەبی :

٢٣٦) أ.برافين. لورانس: علم الشخصية، ت. عبدالحليم محمود السيد و أيمن محمد عامر، الجزء الثاني، المركز القومي للترجمه، القاهرة، ٢٠١٠.

٢٣٧) بايزيدي. محمود: رسالة في عادات و الآكراد و تقاليدهم، ترجما و وضع هوامشهار: جان دوست، الطبعة الآولى، هيئة ابوظبي للثقافة و التراث ( كلمة)، الامارات العربية المتحدة،٢٠١٠.

٢٣٨) بدران. د.عمرو حسن احمد: تحليل الشخصية،دائرة المعارف بناء الانسان، مكتبه الايمان، بدون السنة طبع.

٢٣٩) الجار اللة. سليمان بن محمد: جهود الاستشراق الروسي في مجال السنة و السيرة، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة، بدون السنة الطبع.

٢٣٠) دانتسيغ. ب.م.: الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ت. الدكتور. معروف خزندار ، وزارة الثقافة الاعلام – العراق ، ١٩٨١.

٢٣١) فاسيليفا. ي. ي.: شرفخان بدليسي العصر و الحياه و الخلود، ترجمة د.عبدي حاجي، الطبعة الآولى، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠١١.

٢٣٢) لازاريف. م.س.. و اخرون: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت. د.عبدي حاجي، الطبعة الثانية، مطبعة (خاني)، دهوك، ٢٠١٢.

٢٣٣) لازاريف. م.س.: النضال و الأخفاق ( المسألة الكردية في سنوات ١٩٢٣ – ١٩٤٥)، ترجمه من الروسية. صادق الجلاد، بنکەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٦.

٢٣٤) ليرخ. ب.: دراسات حول الكورد الأيرانيين و أسلافهم الكلدانيين الشماليين، ترجمة من الروسية. د.عبدي حاجي،الطبعة الثالثة، مطبعة شظان، من منشورات بنکەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٨.

٢٣٥) مجموعة من المستشرقين السوفيات : تاريخ الاستشراق و الدراسات العربية و الكردية في المتحف الاسيوي و معهد الدراسات الشرقيه في لينينغراد (١٨١٨ – ١٩٦٨)، ترجمة و علق علية و قدم لة. الدكتور معروف خزنةدار، الطبعة الاولى، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٨٠.

ح / بەزمانی ئەرمەنی:

236) Հաջիե Ջնդի: Հայ եվ քուրդ ժողովուրդների բարեկամության արտացոլումը բանահյուսության մեջ, Երևան. Հայկական SSR GA Hratarakch‘ut‘yun, 1965.

خ / بەزمانی فارسی :

٢٣٧) رستمی. محمد: ایران شناسان و ادب فارسي ، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران، ١٣٩٠.
٢٣٨) رشتیانی. گودرز ، ناهده عبد التاجدینی : فهرست تفصیلی گنجینه پژوهشی ولادیمیر مینورسکی، کتابخانه موزه ومرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران، ١٣٩٤،
٢٣٩) صفی زاده(صدیق بوره کەیی): نامه سرانجام یا کلام خزانه. تهران: هیرمند، ١٣٧٥.

د / بەزمانی ئەڵمانی:

240) EUGEN PRYM UND ALBERT SOGIN : KURDISCHE SAMMLUNGEN, ERSTF ABTEILUNG, ERZAHLUGEN UND LIDER, IM DIALEKTE DES TUR ABIN, St. PETERSBOURG, 1887.
241) Justi. Ferdinand: KURDISCHE GRAMMATIK, Commissionäre der Kaiserlichen Akademie der Wissensc haften: St. Petersburg,St. PETEBSBüRG, 1880.

چوارەم : گۆڤار

أ / بەزمانی کوردی :

242) Adak. A : di edebiyata kurdî ya klasîk de mesnewiyên Leyla û Mecnûnê, Wêje û Rexne, 3, 2014.
243) KURIJ. seyidxan: Xebatê Peter J. A. Lerch Derheqî Kurdolojî de,NUBIHAR AKADEMI , Issue 1 Year 1, 2014.

٢٤٤) ئەحمەد . هێمن عومەر: لەیلا و مەجنونی مەلا مەحموودی بایەزیدی( دەق، لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن)، Govara Folklor û Ziman Cild 1 ,Hejmar 1، ٢٠٢٠.
٢٤٥) ئەحمەد. هێمن عومەر: توێژینەوەیەکی شیکاریانەی دەستخەتی توحفەتولخوللان ڤ زمانێ کوردان بەرهەمی مەلا مەحموود بایەزیدی، پژوهشنامه ادبیات کردي، دوره پنجم، شماره٦، ١٣٩٧.
٢٤٦) بایەزیدی. مەلا مەحموودي: گەوەرێ و گۆرانییەکانی – هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان ( دەستنووسێکی تازە دۆزراوەی کۆمەڵە دەستنووسەکەی ژابا)، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە و پەراوێزنوسینی. د.تەجاتی عەبدوڵا، گۆڤاری بنکەی ژین، ژمارە(٤)، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٤٧) تێکستا ( مەم و زین)ێ دەستڤیسا هژمار (B2514) نامە خانا شیرەتڤانێ یا ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیا زانستێ یا سۆڤییێتی، کۆمکردن. مارتن هارتمان، بەرهەڤکرن د.مارف خەزنەدار، گۆڤارا دیرۆک، هژمار ٢، دهۆک، ٢٠١٤.
٢٤٨) جەلیلي. د.جەلیلی: هێنسیرێن کورد لە ڕوسیایێ، گۆڤارا هاڤیبون، هەژمار ٢١، ٢٠٠٨.
٢٤٩) حەیدەری. د.حەمشید: هەڵسەنگاندنی دەستنووسی مێژووی کوردەلۆژیای زانای کورد قەنات کوردۆ ( کوردۆیێڤ)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B)، ژمارە(٢٧)، کانونی دووەمی ٢٠١٠.
٢٥٠) خەزنەدار. دکتۆر مارف: تێکستی (مەم و زین) یان مەمی ئالانی فۆلکلۆری لە کۆکراودکانی مارتن هارتمان ( دەستنووسی B2514 ی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤیەتی لە لینینگراد)، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٦، ١٩٧٣.
٢٥١) خەزنەدار. دکتۆر مارف: فەرهەنگۆکێکی کوردي دەستنووسی ژمارە (D448) ی نامەخانەی ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی سۆڤییەتی – لینینگراد، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغداد، ژمارە ١٧، بەغداد، ١٩٧٤.
٢٥٢) پیربال. د.فەرهاد: مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمیی، ژمارە ١، بەرگی یەکەم، ١٩٩٧.
٢٥٣) پیربال.سازان سەباح: ئافرەتی کورد لە بەرهەم و تابلۆکانی ڕۆژهەڵاتناساندا لە سەدەی حەڤدەیەمەوە تاکو سەدەی بیستەم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردي، ژمارە ٢٢، هەولێر، ٢٠١٥.
٢٥٤) ڤاسیلیێڤا. ی.ئی.: پێشگوتنا مەلا مەحموودێ بایەزیدي یا کتێبا وی یا بەرزە، و. سەعید دێرەشی، گۆڤارا دیرۆک، هژمار ١١، دهۆک، ٢٠١٦.

٢٥٥) قادر. د. جەبار: کوردناس پیۆتەر لێرخ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٥٧، ٢٠١٨.

٢٥٦) قادر. پرۆفیسۆر د.جەبار: بە بۆنەوەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسەوە ( پرۆفیسۆر ژیگالینا)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٧، ٢٠١٢.

٢٥٧) کوردۆ. قەناتی: ی. ئا. ئۆربیلی و کوردناسی، و. ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٥.

٢٥٨) محمد. لیا حسن: پەیوەندی نێوان زمان و خەسڵەتەکانی کەسایەتی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، Vol 6، No 2، ٢٠١٩.

٢٥٩) مستەفا. پ.ی.د.ئارام عەلی: دەرکەوتنی زانستی کوردناسی لە ڕوسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) زانستەمرۆڤایەتییەکان، ژمارە(٥٩) کانونی دووەمی ٢٠١٩.

٢٦٠) مستەفا. د. سوزان کەریم: وێنای ژنی کورد لە تۆماری گەڕیدە و کوردناسەکاندا سەدەی ( ١٨ - ٢٠)، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، Vol. 6 ، No. 3، Sept، 2018.

٢٦١) مەحمود. م.ی. نعمەت عەلی: دزی و چەتەیی لە کوردستان لە دیدی گەڕیدە بیانییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٥)، ٢٠١٦.

ب / بەزمانی ڕووسی :

262) Акопов Г.Б.: Курды-гураны, СТРАНЫ и НАРОДЫ БЛИЖНЕГО СРЕДНЕГО ВОСТОКА , VII, КУРДОВЕДЕНИЕ, ИЗДАТЕЛЬСТВО АН АРМЯНСКОЙ ССР,ЕРЕВАН ,1975.

263) Акопов. Г.Б..: Арабские источники по этнической истории курдов и версии их арабског о происхо ждения, - Страны и народы Ближнего и Среднего Востока, Ш. Арабские страны. Ереван, 1967.

264) Алекперов А. К.: К вопросу об изучении культуры курдов, Труды Азербайджанского филиала АН СССР, вып. XXV, Баку, 1936.

265) Ананян Ж.А:Лазаревский институт восточн ых языков в первой половине XIX века ,Историко филологический журнал,№ 1-2, Ереван, 1998.

266) Васильева Е. И. : Курдские феодальные княжества в XVI в (по материалам Шараф-наме),Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов I годичнойнаучной сессии ЛО ИНА. Март 1965 года. Ленинград, 1965.

267) Васильева.Е.И.: НЕИЗВЕСТНОЕ СОЧИНЕНИЕ ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА, АКАД ЕМИЯ НАУК СССР,ИНСТИТУТ НАРОДОВ АЗИИ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, 1967.

268) Васильева Е. И. : Термины таифе, аширaт и кабиле в сочинении Шараф-хана Бидлиси (Шараф-наме), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН. Май 1969 года. Л., 1969.

269) Васильева Е. И. : Эпизод борьбы шаха Аббаса I с курдским племенем мукри, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970.

270) Васильева Е. И. : Об одной родословной правителей курдского племени думбули, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), Москва: ГРВЛ, 1972.

271) Васильева Е. И.: О хронике Мах Шараф-ханум Курдистани курдской поэтессы и историка первой половины XIX в, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), Декабрь 1979, Часть 1(1), М.: Наука, ГРВЛ, 1981.

272) Васильева Е. И. : О жизни Мастуре курдской поэтессы и историографа, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1982.

273) Васильева. Е.И: книга по истогаи Курдистана которая остается ненайденной, И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА(доклады и сообщения по проблемам курдоведения), АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, Часть Ш,1989.

274) Васильева Е. И. : Версии инородного происхождения знатных курдских фамилий как социальный феномен, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения), 1989 г. Часть 1, М.: Наука, ГРВЛ, 1991.
275) Васильева.Е.И.: ДУХОВНОЕ НАСТАВНИЧЕСТВО В ИСТОРИИ КУРДСКИХ КНЯЖЕСКИХ ФАМИЛИЙ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ,И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ,НАРОДОВ ВОСТОКА ,XXIII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ ,ЛО ИВ АН СССР, доклады и сообщения,1988, Часть I, Москва, "НАУКА", Главная редакция восточной литературы,1990.
276) Васильева Е.И. Курдское племя в источниках и литературе , Письменные памятники Востока, 2(3),2005.
277) Васильева Е.И. : Джафы, названные типичным курдским племенем классического типа, Письм енные памятники Востока, 1(12), 2010.
278) Вертяев.К. В.: КУРДОВЕДЕНИЕ В ИНСТИТУТЕ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН. ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖ НЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ВЕСТНИК нститута востоковедения РАН, NO 4, 2018.
279) Волхонский.Михаил Алексеевич: Роль специальных классов Лазаревского института в развитии «пра ктического востоковедения»в России во второй половине XIX – начале XX, МЕЖДУНАРОДНАЯ АНАЛИТИ КА(ИСТОРИЧЕСКИЕ РАКУРСЫ), № 1 (19), 2017.
280) Гасанян Ш. А., Цукерман И. И. : О нарушениях пассивно-объектного строя в литературных текстах курдов Армении, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов III годичной научной сессии ЛО ИНА. Май 1967 года. Ленинград, 1967.
281) Гасратян М. А :К вопросу о координации деятельности политических организаций Турецкого Курд истана (80–90-е годы XX в),ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск II, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва,2013.
282) Гасратян М.А. : О политике турецких правящих кругов в национальном вопросе, Государственная публичная историческая библиотека (ГПИБ), 1963.
283) Гасратян М.А.: Советско-турецкий договор 1925 г. - дальнейшее укрепление политического сотр удниче ства между Советским Союзом и Турцией, Б.м., 1982.
284) Гасратян М.А. : К положению курдов в современной Турции, Б.м., 1982.
285) Гасратян М.А.: Новая турецкая конституция и курдский вопрос, Б.м., 1988.
286) Гисаров.М. А..: Курдский вопрос в Турции (от качала кемалистского движения до Лозаннской конференции), СТРАНЫ и НАРОДЫ БЛИЖНЕГО СРЕДНЕГО ВОСТОКА , VII, КУРДОВЕДЕНИЕ, ИЗДАТЕЛЬ СТВО АН АРМЯНСКОЙ ССР,ЕРЕВАН ,1975.
287) Беляев, Д.: Очерк северо-восточной части Персидского Курдистана,Известия штаба Кавказского военного округа №29 1910
288) Джалилов О. Дж. Восстание 1925 года в Турецком Курдистане и его отражение в исторических песнях, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984. Часть I. М.: Наука, ГРВЛ, 1985.
289) Джалилов О. Дж. Араратское восстание курдов 1930 года и его отражение в исторических песнях , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984. Часть I. М.: Наука, ГРВЛ, 1985.
290) Джалилов О.Дж.: ТРАГИЧЕСКИЕ __________СОБЫТИЯ 1890-х ГОДОВ В ЗАПАДНОЙ АРМЕНИИ И ИХ ОТРАЖЕНИЕ В ФОЛЬКЛОРЕ КУРДОВ,ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА,XIX ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ ЛО ИВ АН СССР )доклады и сообщения(, 1985Часть I,"Наука"Москва ,1986
291) Джалиле Д. : Курды Дерсима в 50-70-х гг. XIX в. ,Страны и народы Востока, Вып. XXX, СПб: Петербургское востоковедение, 1998.
292) Жабриков А. П.:«Тарих-е тогйан-е акрад» как источник по истории движения курдов 1880 года, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения),1988 г. Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1990.

293) Жабриков А. П. :К историографии курдского скотоводства (по этнографическим материал ам) , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения), 1989 г. Часть 3. Москва: Наука, ГРВЛ, 1991.
294) Жигалина О.И : К вопросу о борьбе курдов за национальную автономию в период иранской революции 1989-1979 гг.,Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 5 (212). – М.,1980.
295) Жигалина О.И.: Положение в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института восто коведения АН СССР, № 1 (223). – М., 1983.
296) Жигалина О.И.: Политическая ситуация в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (229). – М., 1984.
297) Жигалина О.И : Эволюция конфликтной ситуации в Иранском Курдистанеm, Специальный бюлл етень Института востоковедения АН СССР, № 2 (235), – М.,1985.
298) Жигалина О.И.: О курдской проблеме в Иране, Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (219). – М., 1985.
299) Жигалина О.И.: Особенности курдского национально-освободительного движения в Иране в 60-70-е годы,Сборник Курдоведение, – Ереван, 1985.
300) Жигалина О.И: Положение в Иранском Курдистане, Специальный бюллетень Института восто коведения АН СССР, № 242, – М.,1986.
301) Жигалина О.И : Национально-религиозная политика руководства ИРИ в Иранском Курдистане, Сборник Ислам и проблемы национализма в странах Ближнего и Среднего Востока, – М., 1986.
302) Жигалина О.И: Некоторые аспекты курдского движения в Исламской Республике Иран, Специ альный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 254, – М., 1988.
303) Жигалина.О. И.: КУРДСКОЕ ДВИЖЕНИЕ В ИРАНСКОМ ХОРАСАНЕ ПОД ПРЕДВОДИ ТЕЛЬСТВОМ ХОДОУ, Вестник НГУ. Серия: История, филология, Востоковедени е,Том 12, выпуск 4,2013.
304) Загорнова Е. В. :Влияние друзского рода Джумблатов на политические и социальные процессы в ливанском обществе , Ближний Восток и современность. Сборник статей, Вып. 24, М.: Институт изучения Израиля и Ближнего Востока, 2004.
305) Калимуллина.Фирдаус Галимовна: ИЗ ИСТОРИИ ИЗУЧЕНИЯ ИСТОЧНИКА О КУРДАХ ШАРАФ НАМЕ КОНЕЦ XVI, Институт Татарской энциклопедии АН РТ, Казань, Сборник статей участников Международной конференции "Тюрко-мусульманский мир: идентичность, наследие и перспективы изучения" (Казань, 27-28 мая 2014г.).
306) Косвен.М. О.: Пережитки патриархата у народов Кавказа,Советская этнография, № 4—5,1936.
307) Курдоев.К. К & Шамиловым А. & Цукерманом И.И : О проблеме рода в курдском языке / Письм енность и революция. 1. М.–Л., 1933.
308) Курдоев.К. К.: Критика ошибочных взглядов на курдский язык,Краткие сообщ. ИВ АН СССР. Вып. 12. М., 1955.
309) КУРДОЕВ.К. К.: ХАЧАТУР АБОВЯН КАК КУРДОВЕД-ИССЛЕДОВАТЕЛЬ, А К А Д Е М И Я Н А У К С С С РИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ОЧЕРКИПО ИСТОРИИ РУССКОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Сб о рник 2, ИЗДАТЕЛЬСТВО АКАДЕМИИ НАУК СССР, МОСКВ А 1956.
310) Курдоев.К. К.: К вопросам словообразования в курдском языке, Вопросы грамматики и истории восточных языков, М.–Л., 1958.
311) Курдоев.К. К.: Нумеративные слова в курдском язык, Краткие сообщ. ИВ АН СССР,Вып. 2,.М., 1956.
312) Курдоев К. К.: Труды П. И. Лерха по курдоведению (к вопросу изучения истории курдов в России),Очерки по истории русского востоковедения. Сборник IV, М.: Издательство Академии наук СССР, 1959.
313) Курдоев.К.К.: О двух принципах образования сложных слов подчинительного типа в курдс комязыке, Краткие сообщ. ИВ АН СССР. Вып. 29. М., 1959.
314) Курдоев К.К.: О значениях и функциях суффикса -k (-aka) в курдском языке,Исследования по истории культуры народов Востока, Сб. в честь И.А. Орбели. М.–Л., I960.
315) Курдоев К. К.:Развитие советского курдоведения, Учен. зап. ИВ АН СССР. Т. 25. М., I960.
316) Курдоев.К. К.: Суффиксация в курдском язык, Краткие сообщ. Ин-та народов Азии АН СССР. Вып. 67. М., 1963.

317) КУРДОЕВ.К.К.: И. ЛЕРХА ПО КУРДОВЕДЕНИЮ (к вопросу об изученіиі истор ии курдов ө России), АКА Д ЕМИ Я Н А У К СССР ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, ОЧ ЕРКИ ПО ИСТОРИИ РУССКОГО ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, Сбо рник IV. ИЗДАТЕЛЬСТВО ВО СТОЧНОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, М о с к в а, 1969.
318) Курдоев К. К.: Труды Амине Авдала (1906—1961) по курдской этнографии, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100- летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970.
319) КУРДОЕВ.К. К.: Курдоведение, АЗИАТСКИЙ МУЗЕЙ ЛЕНИНГРАДСКОЕ ОТДЕЛЕНИЕ ИНСТИТУТА ВОСТОКОВЕДЕНИЯ АН СССР, МОСКВА 1972.
320) Курдоев.К.К.: Префиксация как способ словообразования в курдском языке. Вопросы фразеологии, стилистики и грамматического строя восточных языков, Самарканд, 1972.
321) Курдоев.К.К.:Курдоведение,Азиатский музей — Ленинградское отделение Института востоковеде ния АН СССР, М.: Наука, ГРВЛ, 1972.
322) Курдоев К. К.: Лексико-грамматическое значение глагола çûn в курдском языке ,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: ГРВЛ, 1974.
323) Курдоев К. К.: Академик И.А.Орбели и курдоведение ,Историко-филологический журнал. Ереван,№ 1 (60), 1973.
324) Курдоев К. К.: Еще раз о формах множественного числа имени в курдском языке , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Ч. 2. М.: ГРВЛ, 1977.
325) Курдоев К. К. & Мусаэлян Ж. С.: К изучению курдских племен (по материалам XVI–XX вв.), Пись менные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XIII годичная научная сесс ия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Октябрь 1977 г. М.: Наука, ГРВЛ, 1977.
326) Курдоев К.К.: Тексты на говоре заза района Батуми. Предисловие, публикация, примечания З.А. Юсуповой, Письменные памятники Востока. Том 15, № 3 (34), 2018.
327) Лазарев. М.С,: Джихад Езиды , Советская историческая энциклопедия. Том 5. ДВИНСК-ИНДОНЕЗИЯ, Государственное научное издательство "Советская энциклопедия", Москва ,1964.
328) Лазарев.М.С: Заметки о курдоведеии (история, экономика, политика), Народы Азии и Африки, № 1,1968.
329) Лазарев.М.С: Сайкс-Пико договор 1916, Советская историческая энциклопедия.Том 12. РЕПАРАЦИИ– СЛАВЯНЕ, Государственное научное издательство "Советская энциклопедия", Москва ,1969.
330) Лазарев.М.С: О курдском вопросе на современном этапе (до 1970 г.) ,Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 4 (132), Москва, 1972.
331) Лазарев.М.С: Курдский вопрос (характерные особенности) ,Специальный бюллетеньИнститута востоковедения АН СССР, № 5 (227), Москва,1983.
332) Лазарев.М.С: Курды и курдский вопрос, Азия и Африка сегодня, № 12, 1983.
333) Лазарев.М.С: Памяти Нафтулы Ароновича Халфина , Народы Азии и Африки, № 6, 1987.
334) Лазарев.М.С.: Курдистан: разделенный народ , Азия и Африка сегодня,№ 11, 1990.
335) Лазарев.М.С: Курды — народ гонимый, Азия и Африка сегодня , № 10, 1991.
336) Лазарев.М.С : Новая Россия и старый курдский вопрос, Азия и Африка сегодня, № 1, 1994.
337) Лазарев.М.С: Курды: дорога длиной в 2500 лет , Азия и Африка сегодня, № 5, 1994.
338) Лазарев.М.С: Путь в востоковедение. Н. А. Халфин (1921–1987) , О коллегах и това- рищах. Моск овские востоковеды 60–80-х годов. М., 1994.
339) Лазарев.М.С : СССР и Курдистан , Азия и Африка сегодня, № 3, № 4, 1995.
340) Лазарев.М.С: Как готовить кадры квалифицированных курдоведов? , Восток,№ 6, 1996.
341) Лазарев.М.С: КУРДСКИЙ ВОПРОС В НОВОЙ ГЕОПОЛИТИЧЕСКОЙ СИТУАЦИИ (Постановка вопроса) , КУРДСКИЙ ВОПРОС НА РУБЕЖЕ ТЫСЯЧЕЛЕТИЙ (круглый стол 19.02.2004 г.), ИНСТИТУТ ИЗУЧЕНИЯ ИЗРАИЛЯ И БЛИЖНЕГО ВОСТОКА, Москва, 2004.
342) Лазарев.М.С: Курдистан в современной геополитике , Международный конгресс вос-токоведов (ICANAS-37), Тезисы. Т. 3. М., 2004.
343) Лазарев.М.С: В. Ф. Минорский о курдском вопросе , Восточный архив, , № 13, 2005.
344) Джалилов.О.Дж.: ОТГОЛОСКИ РУССКО-ТУРЕЦКОЙ ВОЙНЫ 1877-1878 гг. В КУРДСКОМ ФОЛЬКЛОРЕ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ

ВОСТОКА, XXII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯЛО ИВ АН СССР ) доклады и сообщения ,1988,Часть I,Наука,М о с к в а ,1989.
345) Джалилов.О.Дж. :ШТЛИССКОЕ ВОССТАНИЕ КУРДОВ В 1914 г. И ЕГО ОТРАЖЕНИЕ В ИСТОРИЧЕ СКИХ ПЕСНЯХ И ХУДОЖЕСТВЕННОЙ ЛИТЕРАТУРЕ, п и с ь м е н н ы е ; п а м я т н и к и И ПРОБ ЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА,XXI ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ ЛО ИВ АН СССР )доклады и сообщения), Часть I,"Наука",Москва 1987.
346) Марр Н : Еще о слове челеби (К вопросу о культурном значении курдской народности в истории Передней Азии), Записки Восточного Отделения Императорского Русского Археологического Общества, Том двадцатый, 1910, СПб.: Типография Императорской Академии Наук, 1912.
347) Марр Ю. Н.: Радение секты (людей истины), Статьи и сообщения, Т. II, М.-Л.: Изд. АН СССР, 1939.
348) Минорский.В.Ф.: Курды — потомки мидян Публикация, предисловие и комментарии З.А. Юсуповой, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей, пис ьпе нн ые п л п ятн и ш ВОСТОКА, 1(18) весна – лето 2013.
349) Мосаки. Н. З.: МИХАИЛ СЕМЕНОВИЧ ЛАЗАРЕВ (1930–2010), ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ Выпуск I, ИНСТ ИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ РАН, Москва,2012.
350) МУСАЭЛЯН.Ж. С.:Курдское народное сказание «Зембиль-фрош» и его литературная обраб отка. Научная конференция по иранской филологии (Тезисы докладов) Л, 1962.
351) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Новые варианты курдского народного сказания «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. Тезисы докладов II научной сессии ЛО ИНА. Л., 1966.
352) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Курдские народные песни из рукописного собрания ГПБ им. М.Е. Салтыкова Щедрина. — ПП и ПИКНВ. Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВАН. Л., 1969.
353) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: История изучения курдского народного сказания «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. VI годичная научная сессия ЛО ИВАН. М., 1970.
354) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Новые варианты курдского народного сказания «Замбильфрош». — Сб. «История, культура, языки народов Востока». М., 1970.
355) Мусаэлян .Ж.С.: ТЕМАТИКА КУРДСКИХ НАРОДНЫХ ЛИРИЧЕСКИХ ПЕСЕН Собирание курдских лирических песен велось параллельно,АКАДЕМИЯ НАУК СССР ,ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ ЛЕНИНГРАДСКОЕ ОТДЕЛЕНИЕ,УП ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ ЛО ИВАН,КРАТКИЕ СООБЩЕНИЯ ИЗДАТЕЛЬСТВО НАУКА,Главная редакция восточной литературы ,1971.
356) МУСАЭЛЯН.Ж. С.:Тематика курдских народных лирических песен. — ПП и ПИКНВ. VII годичная научная сессия ЛО ИВАН (Краткие сообщения). М., 1971.
357) Мусаэлян Ж. С.: Тематика курдских народных лирических песен , Письменные памятники и проб лемы истории культуры народов Востока, VII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения), Москва: ГРВЛ, 1971.
358) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Поэма «Замбильфрош» в собрании курдских рукописей ГПБ. — ПП и ПИКНВ. VIII годичная научная сессия ЛО ИВАН (автоаннотации и краткие сообщения). М., 1972.
359) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Поэма «Замбильфрош», приписываемая Мурад-хану Баязиди. — ПП и ПИКНВ. X годичная научная сессия ЛО ИВАН (автоаннотации и краткие сообщения). М., 1974.
360) МУСАЭЛЯН.Ж. С.:Некоторые свадебные обряды в курдских народных песнях из рукописного собрания ГПБ. — Сб. «Фольклор и этнография. Обряды и обрядовый фольклор». Л , 1974.
361) МУСАЭЛЯН.Ж. С.: Истоки сюжета курдской поэмы «Замбильфрош». — ПП и ПИКНВ. XII научная годичная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). М., 1977.
362) МУСАЭЛЯН.Ж. С.:Тематика курдских народных лирических песен из рукописного собрания А.Д. Жабы. — ПП и ПИКНВ. XVI годичная научная сессия Л0 ИВ АН СССР (доклады и сообщения по иранистике). М., ч. 2,1982.
363) МУСАЭЛЯН.Ж. С.:И.А. Орбели и курдская классическая литература. — ПП и ПИКНВ. XXII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Ч. II, М., 1989.
364) Мусаэлян.Ж.С.: ИСТОРИЯ КОЛЛЕШЩ КУРДСКИХ РУКОПИСЕЙ ГПБ, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, АКАДЕМИЯ НАУК СССРИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ Ленинградское отделение, XXIII ГОДИЧНАЯ НАУЧНАЯ СЕССИЯ (доклады и сообщения) 1988,Часть I, Москва, 1990.

365) Мусаэлян.Ж.С.: А.Д.ЖАБА. И КУРДОВВДЕНИЕ, п и с ь м е н н ы е: п а м ш н и к и И ПРОБЛЕМЫ ИСТОРИИ КУЛЬТУРЫ НАРОДОВ ВОСТОКА, ХХ1У ГОДртНАЯ НАУЧ1АЯ СЕССИЯ ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения) 1989 Часть Ш, Издательство "Наука", Москва, 1991.
366) Мусаэлян.Ж.С :Новая рукопись А.Д. Жабы как источник по изучению курдской культуры , Пете рбургское востоковедение. СПб. Вып. 7, 1995.
367) Мусаэлян.Ж.С.: Мела Махмуд Баязиди и его первый перевод «Шараф-наме» Шараф-хана Бидлиси на курдский язык, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК ОанктПетербургский филиал Института востоков едения, письпенные п л п ятн и ш ВОСТОКА, Выпускается под руководством Отделения\ историко- «ф>илологич0ских наук, 1, весна, 2004.
368) Мусаэлян Ж.С. : Из истории курдского племени сенджаби (конец XVI — начало XX в.) , Письменные памятники Востока, 1(12), 2010.
369) Мусаэлян Ж.С.: Из истории курдского племени мукри (XV — начало XX вв.) , Письменные памя тники Востока, 1(14), 2011.
370) Мусаэлян Ж.С.: Некоторые данные для характеристики курдов мангур и мамаш в трудах российских и зарубежных исследователей XIX — I-й половины XX в. , Письменные памятники Востока, 2(15), 2011.
371) Мусаэлян.Ж.С.: Курдская рукопись середины XIX в. из Архива Востоковедов ИВР РАН, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей, письпенные п л п ятн и ш ВОСТОКА, 2(17),осень – зима 2012.
372) Орбели.И. А.: Предварительный отчет о командировке в Азиатскую Турцию в 1911 — 1912 гг, Mélanges asiati ues,Tirés du Bulletin de l’Académie Impériale des sciences de St.-P騁ersbourg. Tome XV (1911—1912). St.-Pétersbourg, Известия Императорской Академии Наук, 1912.
373) Памяти академика Н. Я. Марра (1864-1934), Издательство Академии наук СССР, 1938.
374) Петрашевский.В. М. Дзевановский-: Новые документы по истории Лазаревского института восто чных языков из архива академика Н. Я . М арра, Східний світ, № 4, 2015.
375) Победоносцева.А. О.: КУРДЫВ РУССКИХ ПЕРИОДИЧЕСКИХ ИЗДАНИЯХ XIX в., УДК 94 Вестник СПбГУ. Сер. 13, вып. 3,2010.
376) Руденко.М.: Коллекция А.Д.Жаба (курдские рукописи),Восточный сборник. Труды Государственной Публичной библиотеки им. М.Е.Салтыкова-щедрина, П (У), 1957.
377) Руденко.М. Б..: Курдская литературная версия поэмы (Юсуф и Зулейха), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов III годичной научной сессии ЛО ИНА, Май 1967 года. Ленинград, 1967.
378) Руденко.М. Б..: Новая рукопись поэмы курдского поэта Седина Слемана (Юсуф и Зелиха) ,Письм енные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН, Май 1969 года. Л., 1969.
379) Руденко.М.Б.: Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов IV годичной научной сессии ЛО ИНА. Май 1968 года. Ленинград, 1968.
380) Руденко.М.Б.. : Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, [Православный] Палестинский сборн ик. Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение, 1970.
381) Руденко.М.Б.: Системы стихосложения в средневековой курдской классической поэзии на северном диалекте,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина, Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970.
382) Руденко.М.Б.:Хронограммы в рукописи поэмы Селима Слемана (Юсуф и Зелиха), [Православ ный] Палестинский сборник, Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение,1970.
383) Руденко.М.Б.: Курдские лирические чужбинные песни цикла “dilokê erîbîyê” и их связь с погре бальным обрядом, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: Наука, ГРВЛ, 1973.
384) Руденко.М.Б. : Отражение некоторых древних обрядов и представлений в современном курдском обрядовом фольклоре,Письменные памятники и проблемы истории культуры

народов Востока, Х годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: ГРВЛ, 1974.
385) Руденко.М.Б.: Несколько курдских похоронных песен из собрания рукописей А, Д. Жаба , Письм енные памятники Востока,Историко-филологические исследования. Ежегодник 1973,М.: Наука, ГРВЛ,1979.
386) Рудольфович.Аветисян Владимир: ИНСТИТУТ ВОСТОЧНЫХ ЯЗЫКОВ (ЛАЗАРЕВСКИЙ ИНСТИТУТ) В ТРУ ДАХ СОВЕТСКОГО ИСТОРИКА И ВОСТОКОВЕДА А.П. БАЗИЯНЦА, исторические науки и археология Самарский научный вестник, Т. 6, № 2 (19), 2017.
387) Семенов А. А.: Поклонение сатане у передне-азиатских курдов-езидов, Бюллетень Среднеа зиатско го госу дарственного университета, вып. 16, Ташкент 1927.
388) Торкунов.А.В.: ЛАЗАРЕВСКИЙ ИНСТИТУТ ВОСТОЧНЫХ ЯЗЫКОВ В КОНТЕКСТЕ ИСТ ОРИИ ВОСТОКОВЕ ДЕНИЯ, Полис(Политические исследования), № 6,2015.
389) Цукерман И. И. : Позиция ведущего слова в контрастных словосочетаниях,Православный Палести нский сборник. Выпуск 7 (70). М.; Л.: Издательство АН СССР, 1962.
390) Цукерман И. И. : К определению понятия переходного глагола в курдском языке(курманджи), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 11 (74): История и филология стран Ближ него Востока. М.; Л.: Издательство АН СССР, 1964.
391) Цукерман И. И., Мусаэлян Ж. С. : Курдско-русский словарь академика И. А. Орбели, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. Тезисы докладов II годичной научной сессии ЛО ИНА. Март 1966 года. Ленинград, 1966.
392) Цукерман И. И.: К уточнению понятия пассивно-объектного спряжения в северном наречии курдского языка (курманджи), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 15 (78): История и филология стран Ближнего Востока. М.; Л.: Издательство АН СССР, 1966.
393) Цукерман И. И. : Глагольные окончания в хорасанском курманджи (Диахроническая направленность вариантов), [Православный] Палестинский сборник. Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение, 1970.
394) Цукерман И. И.: Посессивное предложение в хорасанском курманджи, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100- летию со дня рождения В.И.Ленина, Апрель 1970 года. М.: ГРВЛ, 1970.
395) Цукерман И. И.: Склонение имен существительных в хорасанском курманджи (парадигм ы), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока. IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: Наука, ГРВЛ, 1973.
396) Цукерман И. И.: Хорасанский курманджи. Исследование и тексты,(Автоаннотация), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, X годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения). М.: ГРВЛ, 1974.
397) Цукерман И. И.: Курдские пословицы на хорасанском курманджи, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Октябрь 1977 г. М.: Наука, ГРВЛ, 1977.
398) Шамилов. А.: Курдские дервиши,Атеист, М., № 59,1930 .
399) Юсупова З. А. : Выражение пассива в курдском языке (на материале южного наречия) ,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, IX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (автоаннотации и краткие сообщения), М.: Наука, ГРВЛ, 1973.
400) Юсупова З. А. : Курдско-русский словарь. (Южнокурдское наречие — сорани), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Краткое содержание докладов V годичной научной сессии ЛО ИВ АН. Май 1969 года. Л., 1969.
401) Юсупова З. А. : Материалы к изучению диалекта аврамани, Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Январь 1982 г. Часть 2. М.: ГРВЛ, Наука, 1983.
402) Юсупова З. А. : Послелоги в южном диалекте курдского языка , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов II годичной научной сессии ЛО ИНА, Март 1966 года. Ленинград, 1966.
403) Юсупова З. А. : Функции местоименной энклитики –к в курдском языке, – Сб. V-я межв узовская конференция по иранской филологии, Тезисы докладов, Душанбе, 1967.

404) Юсупова З. А. : Функции послелога –ewe в курдском языке. – Краткие сообщения ИНА АН СССР, № 68,1964.
405) Юсупова З. А. : Функции сложных предлогов в диалекте курдского языка аврамани (в сопоставлении с сорани и курманджи) , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1988 г. Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1990.
406) Юсупова З. А.: О некоторых особенностях употребления предлогов в курдской языке , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, VI годичная научная сессия ЛО ИВ АН, посвященная 100-летию со дня рождения В.И.Ленина. Апрель 1970 года, М.: ГРВЛ, 1970.
407) Юсупова З. А.: Глагол в языке «Дивана Маулави» на курдском диалекте горани (аврамани), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXIV годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения по проблемам курдоведения). 1989 г. Часть 3. Москва: Наука, ГРВЛ, 1991.
408) Юсупова З. А.: Глагольные основы в аврамани (по тексту литературного памятника XIX в. — дивана Мавлави), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XVIII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1983—1984, Часть II. М.: Наука, ГРВЛ, 1985.
409) Юсупова З. А.: Классы глаголов в сулеманийском диалекте курдского языка , Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (краткие сообщения). Ч. 2. М.: ГРВЛ, 1977.
410) Юсупова З. А.: Определенность-неопределенность в курдском диалекте аврамани (по тексту дивана Мавлави), Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, XXI годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1987 г, Часть 2. М.: Наука, ГРВЛ, 1987.
411) Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в курдском диалекте аврамани, Письменные памятники проблемы истории культуры народов Востока, XIX годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). 1985 г, Часть 1. М.: Наука, ГРВЛ, 1986.
412) Юсупова З. А.: Предлоги и послелоги в сорани,Письменные памятники и проблемы истории культуры народов Востока, Тезисы докладов I годичной научной сессии ЛО ИНА, Март 1965 года. Ленинград, 1965.
413) Юсупова З.А.: К. К. Курдоев и отечественное курдоведение, Письменные памятники Востока, 1(12), 2010.
414) Юсупова З.А.: Заседание, посвященное памяти М.Б.Руденко (1926—1976), Письменные памятники Востока, 2(7), 2007.
415) Юсупова.З.А.: О двух коллекциях курдских рукописей, ПИСЬМЕННЫЕ ПАМЯТНИКИ ВОСТОКА, РОССИЙСКАЯ АКАДЕМИЯ НАУК Институт восточных рукописей,1(8), 2008.

ت / بەزمانی ئینگلیزی :

416) Ali Zakiei, Hosna Vafapoor, Mostafa Alikhani, Vahid Farnia and Farnaz Radmehr:The relationship between family function and personality traits with general selfefficacy (parallel samples studies), BMC Psychology volume 8, Article number: 88, 2020.
417) Alsancakli.Sacha: Historiography and language in 17th-century Ottoman Kurdistan: A study of two Turkish translations of the Sharafnāma, KurdishStudies, Volume: 6, No: 2, October 2018.
418) Ano GG, Vasconcelles EB. : Religious coping and psychological adjustment to stress a meta-analysis, J Clin Psychol,61, 2005.
419) BOYLE.JOHN ANDREW: Vladimir Minorsky (1877-1966), Journal of Asian History , 1967, Vol. 1, No. 1 ,1967.
420) Casartelli.L. C.: OBITUARY NOTICES. FERDINAND JUSTI, The Journal of the Royal Asia tic Society of Great Britain and Ireland,Oct., 1907.
421) Gholamreza Khoynezhad, Ali Reza Rajaei, Ahmad Sarvarazemy :Basic Religious Beliefs and Personality Traits,Iranian J Psychiatry 7:2,Published by Tehran University of Medical Sciences, Spring ,2012.
422) Henningsgaard JM, Arnau RC.: Relationships between religiosity ,spirituality , and personality : A multivariate analysis, Personality and Individual Differences, 45, 2008.

423) Kalmijn M, Uunk W: Regional value differences in Europe and the social consequences of divorce: A test of the stigmatization hypothesis,Soc Sci Res,36(2), 2007.
424) Kemper.Michael : Red Orientalism: Mikhail Pavlovich and Marxist Oriental Studies in Early Soviet Russia, Die Welt des Islams, Vol. 50, Issue 3/4, 2010.
425) Lang.D. M.: OBITUARY VLADIMIR FEDOROVICH MINORSKY, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London , Vol. 29, No. 3 ,1966.
426) Leezenberg.Michiel: Between Islamic Learning and Philological Nationalism: Mullah Mahmûdê Bayazîdî's Auto-ethnography of the Kurds, Die Welt des Islams, VOL 60, 2020.
427) LIPSKI.ALEXANDER: The Foundation of the Russian Academy of Sciences, The University of Chicago Press on behalf of The History of Science Society, Vol. 44, No. 4 (Dec., 1953.
428) Michael W. Eysenck :Personality and the psychology of religion,Mental Health, Religion & Culture, Volume 1,Issue 1, 1998.
429) Minorsky. V.: The Gūrān, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London , Vol. 11, No. 1,1943.
430) Minorsky. V.: The Tribes of Western Iran, The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland , Vol. 75, No. 1/2,1945.
431) Musaelian J.: On the First Kurdish Edition of the 'Sharaf-nāma' by Mullā (Melā) Mahmūd Bāyazīdī , Manuscripta Orientalia, Vol. 5, No. 4,December 1999.
432) Musaelyan.J.S.: Academican Yosif Orbeli and Kurdish classic Literature. — Acta Kurdica. The International Journal of Kurdish and Iranian Studies. vol. 1,L., 1994.
433) OMARKHALI.KHANNA : OBITUARY Prof Dr Ol'ga Zhigalina (1946–2013) , Kurdish Studies, Volume: 2, No: 1,MAY 2014.
434) Omarkhali.Khanna and Mossaki.Nodar : A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, Wiener Jahrbuch für Kurdische Studien 2 Jahrgang 2014.
435) ÖZMEN.Abdurrahim:Jaba,Bazidî,and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century, International Journal ofKurdish Studies, Vol.4/1 , January 2018.
436) Rejaei AR.: Religious Cognitive – Emotional Therapy A New Form of psychotherapy,Iranian Journal of Psychiatry, 5,2010.
437) TÖLZ.VERA: ORIENTALISM, NATIONALISM, AND ETHNIC DIVERSITY IN LATE IMPERIAL RUSSIA, Cambridge University Press, The Historical Journal, VOL 48,NO 1, 2005.
438) Vasilyeva.E.I.: THE FIRST PERSIAN, FRENCH AND RUSSIAN EDITONS OF THE SHARAFNAMA, RUSSIAN ACADEMY SCIENCES THE INSTITUTE OF ORIENTAL STUDIES,ST.PETERSBURG BRANCH, Manuscripta Orientalian, enternational Journal for oriental studies, Vol 5 No 1,March 1999.

پ / بەزمانی فەرەنسی :

439) Lerch.P.: Bericht über Notice sur la littérature et les tribus kourdes tirée des documents kourdes recueillis et traduits par A. Jaba, Consul de Russie à Erzeroum, Mélanges asiatiques, Tome III, 2me livraison, St.-Pétersbourg: de l'Imprimerie de l'Academie Impériale des Sciences, 1858.
440) Lerch.P.: Bericht über Résumé de l'ouvrage kourde d'Ahmed Effendi Kliani (fait et traduit par A. Jaba), Mélanges asiatiques. Tome III. 3me livraison,St.-Pétersbourg, de l'Imprimerie de l'Academie Impériale des Sciences, 1858.
441) Lerch.P.: Sur une ballade kourde, publiée dans le Journal Asiatique, Mélanges asiatiques, Tome IV, Livraison 1, St.-Pétersbourg, de l Impri merie de l'Academie Impériale des Sciences, 1860.
442) Minorsky.Vladimir: Notes sur la Secte des Ahlé-Haqq, In Revue du Monde Musulman, XL (1920), pp. 20-97 and XLV,1921.
443) Wolкow.M.: Notice sur l'ouvrage persan intitule Scheref Name accompagnee de quelques renseignements sur son auteur,— JA, t. 8.,1826.

چ / بەزمانی عەرەبی :

٤٤٤) القزاز.م.م. محمد عبد علي حسين: حركة الاستشراق الروسي و ترجمة معاني ألفاظ القران الكريم، المجلة دراسات الاستشراقية، السنة الأولى، العدد ١، صيف ٢٠١٤.
٤٤٥) قادر. ا.د. جبار: دراسات عن الكورد و كوردستان باللغة الروسية ( ١٧٨٠ - ١٩٠٠)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١١، هەولێر، ٢٠٠٩.

ح / بەزمانی فارسی :

٤٤٦) شريفی. شلير ابراهيم: فهرست توصيفی نسخەهای خطی كردی در مجموعهای سنت پترزبورگ، كشول، شمارة ٩، بهار ١٣٩٧.
٤٤٧) صبا . طهمورث ساجدی: شرح حال نيكيتين، نامه فرهنگستا، شماره ٢٠، سال ١٣٨٥.

خ / بەزمانی ئەڵمانی :

448) Lerch.Peter:Bericht über eine im Aufträge der historisch-philologischen Classe der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften unternommene Reise zu den kriegsgefangenen Kurden in Roslawl im Gouvernement Smolensk, Mélanges asiatiques, Tome II, 6e livraison, St.-Pétersbourg, Imprimerie de l Academie Impériale des Sciences, 1856.

د / بەزمانی لاتینی :

449) COMMENTARII ACADEMIAE SCIETIARVM IMPERRIALIS PETROPOLITANAE, TOMUS I,AD ANNVM cb bcc xxvt,PETROPOLI TYPIS ACADEMIAE, cb bcc xxvt,1726 – 1728.

پێنجەم ڕۆژنامە:

آ / بەزمانی کوردی :

٤٥٠) ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣١٥ی کۆچی (١٨٩٨ز)، ژمارە ١٣.

ب / بە زمانی ڕووسی :

451) Лазарев.М.С: Россия и курдский вопрос , Независимая газета, 6 октября ,1993.

شەشەم : سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

أ / بە زمانی ئینگلیزی:

452) Abovyan, Khachatur, https://www.eng.kavkaz-uzel.eu/articles/6/
453) Abovyanmuseum, http://abovyanmuseum.am/en
454) Academy of Sciences Russian organization, https://www.britannica.com/place/Moscow
455) Soltani.Anwar: The Sharafnama of Bitlisi: manuscript copies, translations and appendixes, International Conference on the Sharafnama in Berlin, 1-3 May, 1998,http://kurdistanica.com/the-sharafnama-of-bitlisi-manuscript-copies-translations-and-appendixes/
456) Dorn, Johann Albert Bernhard, https://www.deutsche-biographie.de/pnd1161 8261X.html#ndbcontent
457) Yusupova.Dr Z. A. : Kurdish Studies at the IOM (1959—2005), Tr. by A. Zorin; proofread by S. Wickham-Smith), http://www.orientalstudies.ru/ eng/index.php?option=com_cont ent&task=view&id=196&Itemid=86.
458) Desyatovskaya.Dr. M. I. Vorobyova-: The Department of Oriental Manuscripts and Documents, Translated by M. Rausse and Dr A.Zorin, http://www.orientalstud ies.ru/eng/index.php?option=content&task =view&id=167

459) HISTORY OF KURDISH STUDIES, http://www.iranicaonlin e.org/articles/kurdish-language-ii-histo ry -of-kurdish-studies
460) History of the Institute of Oriental Manuscripts (Histories of various branches of Oriental studies at the IOM RAS) ,Translated by A.Zorin, Edited by S.Wickham-Smith, http:/ /www .orientalstu dies. ru/eng /index .php?option=com_content&task=view&id=46&Itemid=82
461) History of the IV RAS: XIX century, http://ivran.ru/about-institute/history
462) Institut vostochnykh rukopisei RAN (IVR), http://abb.eastview.com/rep/E-30.tab2 .php?b= %2FE .php%23E-30
463) Johannes Albrecht Bernhard Dorn, https://peoplepill.com/people/bernhard-dorn
464) JUSTI, FERDINAND (WILH ELM JAKOB) ,https://www. iranicaonline.org/articles/justi-ferdinand-wilhelm-jakob-german-scholar
465) P.O. Hakobyan about Khachatur Abovyan and his book "Wounds of Armenia ",http: //www.armen ian house. org/abovyan/wounds-of-armenia/intro.html
466) Russian Academy of Sciences, https://www.interacademies.org/organization/russian-academy-sciences
467) The Institute of Oriental Manuscripts, the Russian Academy of Sciences, THE ASIATIC MUSEUM — THE INSTITUTE OF ORIENTAL STUDIES, THE ACADEMY OF SCIENCES OF THE USSR — THE INSTITUTE OF ORIENTAL MANUSCRIPTS, THE RUSSIAN ACADEMY OF SCIENCES, http ://ww w. eacs 2016.spbu. ru/organizers/the-institute-of-oriental-manuscripts-the-russian-academy-of-sciences/
468) The St. Petersburg Academy, http://eulerarchive.maa.org/historica/places/ stpetersburg.html

ب / بە زمانی ڕووسی :

469) Борис Андреевич (Иоганн Альбрехт Бернгард( Дорн академик ИАН(11.05.1805 19.05.1881) http://www .orien talstudies.ru/rus/index .php?option=com person alities&Itemid=7 4&person =696.
470) Васильева Е.И.: МЕЛА МАХМУД БАЯЗИДИ КНИГА ПО НОВОЙ ИСТОРИИ КУРДИСТАНА (КИТАБ-И ТАВАРИХ-И ДЖАДИД-И КУРДИСТАН) КНИГА ПО ИСТОРИИ КУРДИСТАНА, КОТОРАЯ ОСТАЕТСЯ НЕНАЙДЕННОЙ,http://www.vostlit.info/Texts/rus17/MelaMachmud Bajazidi/ text1.phtml ?id =12647.
471) Газета XVIII века «Санктпетербургские Ведомости»:Указатели к содержанию (1728-1781гг.), https:// www.vedomosti1728.ru/.
472) Евреи и курды — братья навек,http://hadashot.kiev.ua/content/v-stolice-irakskogo-kurdistana-postroyat-sinagogu.
473) Институт востоковедения Академии наук Санкт-Петербургского филиала:http://www. encspb.ru/object/2805312414?dv=2853951676&lc=ru.
474) Исторический путь курдов,https://zen.yandex.ru/media/ethnomix/istoricheskii-put-kurdov-5fe0fed584a07b3cc10c735d.
475) История института: http:// ww w. iv ra .ru/about-institute/history .
476) История Кунсткамеры, https://www.kunstkamera.ru/exposition/kunst_hist .
477) К. Хачатуровъ: Курды, черты их характера и быта ,https://kurdistan.ru/2010/11/04/articles7729_Kurdy_cherty_ih_haraktera_byta.html.
478) Карл Германович Залеман академик ИАН (09.01.1850 — 13.12.1916), http://www.orientalstudies.ru/rus/index.php?option=com_personalities&Itemid=74&person=695.
479) Конь «с расплетенным хвостом» — Delberday (Делбардай ,(http://kurdist.ru.٢٦/٠١/٢٠١١/.
480) Курдские деревни Хорасана,Максуд Алиханов-Аварский. В гостях у шаха. Очерки Персии. — Тифлис, 1898., https://rus-turk.livejournal.com/83901.html.

481) Курдские кавалерийские полки Хамидие в Османской империи.Опубликовано: 05.09.2009, http://kurdist.ru/2009/09/05.
482) Курды:,http://www.randevu-zip.narod.ru/caucase/kurd.htm.
483) Лерх Петр Иванович,(1827 — 1884),https://bioslovhist.spbu.ru/person/863-lerkh-petr-ivanovich .htl.
484) М. А. Гасратян :Восстание курдов в районе Арарат, http://kurdist.ru./١٣/٠٨/٢٠٠٩/.
485) М.А. Гасратян:Движение курдов в районе Кочкири-Дерсим,http://kurdist.ru١٣/٠٨/٢٠٠٩/.
486) НАЦИОНАЛЬНАЯ ОДЕЖДА ЕЗИДЫ (64 ФОТО), http://almode.ru/moda/25842-nacionalnaja-odezhda-ezidy-64-foto.html.
487) Основание Кунсткамеры в 1714 году,https://www.kunstkamera.ru/en /museum/kunst _hist/2.
488) Посты и праздники,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательская 498. орган изация,https://eziin.org/posty-i-prazdniki.
489) Почему турки истребляли армян, а Ленин подарил Турции Арарат, https://k markarian.livejournal.c om/ 753422.html.
490) Представители курдских племен в Эривани в 1898 г. (ФОТО),https://azerhistory.com/?p=18283.
491) Религия езидов ,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ ИРЕЛИГИИ,Научно-исследовательская орга низ ация, О религии,https://eziin.org/o-religii.
492) Священные писания,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/svyacshennye-pisaniya.
493) Социальная структура езидского общества,ИНСТИТУТ ЕЗИДСКОЙ ИСТОРИИ И РЕЛИГИИ ,Научно-исследовательская организация,https://eziin.org/struktura-ezidskogo-obcshestva.
494) ХАЧАТУР АБОВЯН И ЕГО "РАНЫ АРМЕНИИ : http:// armenianhouse .org/abovyan/ wounds-of-armenia /intro.html.
495) Хачатур Абовян, http://www.armenianhouse.org/abovyan/bio-ru.html.
496) ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА (Афганистан, Иран, Пакистан,Турция, этнический Курдистан), Институт востоковедения РАН, https://b sv.ivran.ru/center.
497) ЦЕНТР ИЗУЧЕНИЯ СТРАН БЛИЖНЕГО И СРЕДНЕГО ВОСТОКА (Афганистан, Иран, Пакистан, Турция, этнический Курдистан), Институт востоковедения РАН, https://bsv. ivran.ru/center.

ت / بەزمانی فارسی:

٤٩٨) شعبة انستیتوی شرق شناسی اکادمی علوم روسیة در سانت پترزبورگ : https: //library . tebyan .net/fa /Viewer /Text /89909/0
٤٩٩) محمد ملا حسینی : بازیل . پ. نیکیتین، https://www.hamshahrionline.ir/news .
٥٠٠) مستورة احمداوا : شرق شناسی و ایران شناسی در دانشگاه قازان، http://bookcity.org/detail/5477 ؛
٥٠١) ولادیمیر مینورسکی : https://rasekhoon.net/article/show/1256818/

پ / به زمانی ئەرمەنی :

502) Հայաստանի Հանրապետության Գիտությունների Ազգային Ակադեմիա , Արևելագի տության ինստիտուտ, http://orient.sci.am/about.php?langid=1

ج / بەزمانی عەرەبی :

٥٠٣) مدرسة الآستشراق الروسي : https://www.marefa.org
٥٠٤) د.فیصل الجربوعی: نشأة الاستشراق الروسي جذوره، http://www.fisalpro.net/?p=283

# پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (١) وێنەی دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی ڕووسیا

وێنەی بینای ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی



وێنەی بینای پەیمانگای لازاریف بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا



وێنەی بینای ئەکادیمیای زانستەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا



وێنەی چوارەم : وێنەی بینای زانکۆی کازان



پاشکۆی ژمارە (٢) وێنەی کوردە کۆچەرییەکانی یەریڤان، ١٨٩٨ز.




وەرگیراوە لە : https://azerhistory.com/?p=18283

پاشکۆی ژمارە (٣)

بەشداریکردنی (ڤ.مینۆرسکی) لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتناسان، مۆسکۆ، ١٩٦٠.



وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستان.

پاشکۆی ژمارە (٤)

وێنەی چەند کەسێتی کورد









سیمای کەسێتی کورد و کاریگەری ڕوخساری سامییانە لەسەری

وەرگیراوە لە : http://www.randevu-zip.narod.ru/caucase/kurd.htm




وەرگیراون لە :کۆمەڵێک کوردتایی ڕووسیا؛ نیشتیمانی داستان؛ http://almode.ru/moda/25842-nacionalnaja-odezhda-ezidy-64-foto.html



جەعفەر ئاغای شکاک. وێنەی ئەرشیفی مینۆڕسکی.
وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا: نیشتیمانی داستان.





وێنەی چەند کەسایەتییەکی لوڕ، ئەرشیفی مینۆڕسکی.

وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستان.

## پاشکۆی ژمارە (٧)

## نەخشەی خانووە کوردییەکان لە ئەرمەنستان و ئازربایجان




План внутреннего устройства современного жилого дома
(Армянская ССР, Апаранский район, «Алагяз»)



Комплекс жилых и хозяйственных помещений
(Армянская ССР, Апаранский район)




Схематический план эволюции жилища
(Азербайджанская ССР, Кубатлинский район)

وەرگیراوە لە : Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 95, 97,99

38. Keko, birano, berfê ç'îyayê bilind dilîlandin,
Karê xezalêd ber r̄îyê jêrînda t'eriqandin,
Şe'dê-şû'de şengesyarim gelek hene, girtîyê mêrê olime, girtin, şandin!
39. Hey-lo, syaro, tirsa min, me'rê van beyara
Wê bik'işe berê van zinara,
Wê biqosîne simêlê mêrê mêrxas, wê bixwe goştê bir̄îndara.
40. Hey-lo, syaro, hek'îma k'etine k'êşê,
Emê vê sibê r̄abin, her̄ine pêşîyê,
Desteke bavêne dizgînê, desteke bavêne p'êşê,
Emê bêjin: „K'a dermana vê serêşê?"
41. Hey-lo, syaro, bra me nehata sir̄a sibê bîna bayê vê havînê,
Bra lênexista bejn û bala syarê min, neh'ejanda qotikê h'emayilê r̄îşê,
Teyî vê biharê me şikênandîye pişta k'omê, qudûmê çokê vê qebîlê.
42. Hey-lo, syaro, ezê çûme Elegezê ser kanîyê,
Kewkîya berfê avîte k'apê h'emdanîyê,
Cawa k'esekî t'une paşî delalê malê k'oma xwer̄a têke serwêrîyê.
43. Hey-lo, syaro, payîze li me kire gazî,
Go: „Dara belgê xwe daweşandin, gerdenê wana mane r̄ût û tazî,
Gelo, nifir̄a k'ê bû, go: «Bra negîjî t'u bexta, t'u mirazî!»"
44. Hey-lo, syaro, sûka heta sûka,
Emê her̄ine bazarê, bazar bikin k'incê za'vatîyê xêlîyê bûka,
Gelo, nifir̄a k'ê bû, go: „H'ina za'vatîyê bra bimîne ser neynûka!"

## ПЕСНИ ЖЕНСКОГО ЦИКЛА[16-17]

1. Люлька моя — деревянная!
О несчастная мать, возьми люльку, обойди с нею друзей!
Младенец мой — славный,
Любимец сердца матери!
Укради люльку, отнесем ее в дом к [моему] дяде!
Ле-вайе, ле-вайе!
2. Сынок мой — сынок хороший,
Украду я своего сына, отнесу в дом деда,
О мать, несчастная, сынок мой — сынок хороший,
[Но вот] сделал он меня несчастной, осталась я одна!
Ле-вайе, ле-вайе!

[16-17] Из песен женского цикла исполняются на смерть малолетнего сына №№ 1, 2; отца — № 3; брата — №№ 4—6; главы семьи, хозяина дома (не ближайшего родственника или просто чужого) — №№ 7—13; мужчины (не родственника) — №№ 14—17; умерших на чужбине — №№ 18, 19; жениха — № 20; невесты или молодой матери — № 21.

3. Ах вернулось бы то время,[18]
   Когда отец мой был хозяином, я — хозяйкой,
   После [смерти] хозяина дома, стала я прахом и пылью.
   Ле-вайе, ле-вайе!
4. О гора! Гора Джуд! [19]
   Родные и близкие [20] завидовали ему!
   Несчастная сестра глазами [все вокруг] обводит,
   Не находит брата своего в толпе родственников!
   Ле-вайе, ле-вайе!
5. Снег высокие горы сугробами покрыл,
   Детеныш газели перепрыгнул через [сугробы],
   Брат мой умер, оставил меня без защиты! [21]
   Ле-вайе, ле-вайе!
6. Не останусь я на высоких местах,
   Пыль покрыла хвост и гриву кобылицы,
   О пусть, злосчастный [вестник],[22] снимет свою руку с головы. . .[23]
   Пусть не останется горя и смятенья в сердце его несчастной сестры!
   Ле-вайе, ле-вайе!
7. Ты благоустроил дом свой,
   Сердце и душу на это положил [24]
   Но, как видно, оказался ты в положении пастуха, которому не заплатили!
   Ле-вайе, ле-вайе!
8. Солнце остановилось на горе,
   Золотой лентой опоясало ее,
   Жаль мне хозяина дома, остался он без роду, без племени! [25]
   Ле-вайе, ле-вайе!
9. Проклятый Тифлис — половина света,[26]
   Улицы — узкие, не пройти по ним!
   Жаль мне красивого юношу — умер у него хозяин дома!
   Ле-вайе, ле-вайе!
10. Антоновский подъем — сырой,[27]
    О могильщик, ударь заступом, земля — сырая,
    Жаль мне хозяина и хозяйку дома, как укроет их земля?
    Ле-вайе, ле-вайе!

---

[18] В тексте heft xʷazila — „семь раз хоть бы".

[19] Название горы, на которой, согласно мусульманской легенде, остановился Ноев ковчег.

[20] В тексте pismam-lêzima — „родственники и свойственники".

[21] В тексте bê xweyî — „без хозяина".

[22] В тексте olim; mêrê olim — „злосчастный человек", эпитеты ангела смерти — Азраила.

[23] Имя умершего.

[24] В тексте dil — h'inavê xwe pêda pa'tî — „Сердце и внутренности свои ради этого спалил".

[25] В тексте warreş, warinda — „с черным родом, с погибшим родом"; выражение это обозначает человека, у которого не осталось наследников по мужской линии, продолжателей рода; tu warinda (warreş) bî — „да погибнет род твой!" — считается у курдов одним из наиболее тяжких проклятий.

[26] Выражение это (в представлении сказителя „свет клином сошелся") отражает то обстоятельство, что курды-езиды, бежавшие из Турции в начале XX в., селились главным образом в Тифлисе.

[27] В тексте „земля Антоновская — земля сырая"; Антоновский подъем (гора) — старый район города Тбилиси, где расположено одно из городских кладбищ; значительную часть этого кладбища составляют захоронения курдов-езидов.

11. Что за сироты у стены?
Весенний ливень мочит их,
Когда отец у сирот умирает, нет никого, кто бы взял их за руку, укрыл бы их!
Ле-вайе, ле-вайе!
12. Гора — высокая, снег покрыл ее,
Аист там гнездо себе устроил,
...[28] умер! Не знаю, кому же поручил он заботу о малых сиротах?
Убежала газель, убежала!
Между мной и газелью — горы, ущелья, долины и нивы!
Ле-вайе, ле-вайе!
13. С облачных небес не доносится ни звука,
Смастерим мы гроб хозяину дома из ствола сосны, расцвеченный гроб!
Пусть в нем хозяина дома не тронет ни ржа, ни пыль!
Ле-вайе, ле-вайе!
14. О всадник! Всадник, [сидящий на кобылице] Нене,
Черная родинка [у тебя] на шее,
Сломил[29] ты спину своим родным, но разрушил один только дом свой!
Ле-вайе, ле-вайе!
15. Туман окутал горы,
Пыль села на морду кобылицам,
Разъединились руки двоих братьев!
Ле-вайе, ле-вайе!
16. О лекарь, встань, приготовься,
Исцели раны израненных!
Отвечал лекарь: „Несчастная,[30] раны их — глубокие, опасные! [Лекарство] бесполезно!"
Ле-вайе, ле-вайе!
17. О лекарь из Хамавенда,
Приготовь бальзам из воска этой свечи!
Ничто, кроме[31] могильной земли, не исцелит мои раны.
Ле-вайе, ле-вайе!
18. Битва у нас, битва,
Битва с неверным дошла до границы, кипит там! [?]
Жаль мне отцов малюток, хозяев дома —
Не отмщенные убиты они на чужбине!
Ле-вайе, ле-вайе!
19. Наших убивают,
Птицы роняют на них свои перья.
Прекрасных юношей, на чужбине убитых, так и оставляют [лежать] на месте!
Ле-вайе, ле-вайе!
20. О всадник, всадник, сидящий верхом на жеребце,
Подъезжай ненадолго к роднику,
Жаль мне прекрасного юношу, обручальное кольцо и платок[32] так и остались у него дома!
Ле-вайе, ле-вайе!

---

[28] Имя умершего.

[29] В тексте vala kiriye — „опустошил".

[30] В тексте mala te xirav be — „да рухнет дом твой".

[31] В тексте pêştire — „прежде, раньше".

[32] По курдскому обычаю жених, идя на обрученье, которое происходит в доме невесты, приносит с собой обручальное кольцо и шелковый цветной головной платок (t'emezî), предназначаемый в подарок невесте.

21. Черная туча, молю [тебя];
Пусть снегопад и потоки ливня не обрушиваются на свежие могилы!
Жаль матерей малюток, невест с покрывалом на лице, [прошу] не порть им красивые глаза и брови!
Ле-вайе, ле-вайе!

## ПЕСНИ МУЖСКОГО ЦИКЛА [33]

22. Ло-ло-ло, отец, отец!
Отец, почему судьба такое сотворила?
Судьба отвернулась от меня,
Умер отец мой, разрушил мой дом!
23. О отец, я — жалкий, я — несчастный, я — смятенный!
Отец мой умер, остался я несчастным!
О отец, отцовская [любовь] прекрасна!
[Любовь] отца и сына — украшение вселенной!
О отец, рай и преисподняя — в руках бога!
О отец, ты плохо сделал —
Свой дом ты от моего отделил!
24. Ло-вэрэ, ло-вэрэ
Хей-ло, о брат, как прекрасна братская [любовь],
Она — [лучшее] украшение вселенной,
Причитания и плач — в руках бога!
25. Хей-ло, о брат, как прекрасна братская [любовь],
Она словно разукрашенный амулет!
Хей-ло, о брат, сегодня прибудут [твои] родственницы, косы у них обрезаны,[34] головы [повязаны] черным![35]
26. Хей-ло, о брат, пусть бы не доносился до нас запах ветра и звуки причитаний,
От дверей. . .[36] — брата доносится плач и причитания!
Оповестите несчастную дочь, пусть придет,
Пусть возложит свою руку на [его] раны!
27. Ло-ло, о всадник, сидящий на сером коне, с хвостом, окрашенным хной,
Чужая сторона — половина света!
О братья и родные, давайте пойдем на чужбину,
Посмотрим, как умерли [там] ушедшие [от нас] на чужбину!
28. Хей-ло, о всадник! Гора — напротив горы!
Гляжу я на девушек и невест — сняли они свои нарядные покрывала, оделись, как вдовы!
Не жаль героев и джигитов, убитых [в бою], жаль мне прекрасного юношу, что, страдая от ран, [умер] на чужбине!

---

[33] Из песен мужского цикла исполняются на смерть отца №№ 22, 23; брата — №№ 24—26; умерших на чужбине — №№ 27—29; родственников (не ближайших) — №№ 30—40; главы племени — №№ 41, 42; жениха — №№ 43, 44.

[34] По курдскому обычаю (как у езидов, так и у мусульман) близкие родственницы умершего (жена, мать, сестра, дочь) обрезают себе косы и кладут на могилу; иногда косы привязывают к палкам, которые втыкают в могильный холм. Выражение p'ořkuři be (да станешь ты с обрезанными волосами), обозначающее пожелание смерти близкого родственника (мужа, отца, сына, брата), считается у курдов тяжким проклятьем.

[35] В случае смерти близкого родственника (мужа, отца, сына, брата) курдские женщины в течение одного года повязывают голову черным.

[36] Имя умершего.

29. Хей-ло, о всадник! Не доносился бы до нас [этим] ранним холодным утром запах летнего ветра,
Пусть бы обвевал ветер любимца моего сердца!
Ведь нет у него никого, кто бы руку свою на его раны возложил!
30. Хей-ло, о всадник, я поклялся никогда не ходить в горы,
Не пить воду из родников и проталин,
Обвожу я [все вокруг] глазами —
Не нахожу всадника своего в толпе езидов.
31. Хей-ло, о всадник, с высоких гор снега низвергались,
Газели спускались в низины, в зарослях детенышей своих молоком кормили,
У людей раны — от мечей и кинжалов, раны всадника моего от [руки] злосчастного[37] исцелила их [лишь] могильная земля.
32. Хей-ло, о всадник, всадник, сидящий на этой кобылице,
Вот от дверей дома твоего доносятся звуки плача и причитаний,
На го́ре моего сердца свора недругов напала [на нас] из этой засады!
33. Ло-вэрэ, ло-вэрэ,
Хей-ло, о всадник, [сидящий] на кобылице с расплетенным хвостом,[38]
Накидка на плечах [твоих] расшита золотом,
В дни решающих битв судьба благоприятствует [нам],[39] а храбрые мужи и на усталых конях [на битву выезжают].
34. Ло-вэрэ, ло-вэрэ,
Хей-ло, о всадник, [сидящий] верхом на кобылице,
Вот от дверей дома твоего доносятся плач и причитания!
Погубил ты дом своих близких, но по-настоящему погубил один только дом свой!
35. Хей-ло, о всадник, могилы этим героям
Выроем мы на высоких местах,
Пусть к могилам тех, кто нам дорог, не стекает вода с проталин,
Пусть пыль из этих долин не садится на глаза дорогих [нашему сердцу]!
36. Ло-вэрэ, ло-вэрэ!
Вот что сотворила со мной судьба,
Она занесла над нами свою десницу, обрушила на нас свою длань!
Свидетелей всяких у всадника прекрасного моего много,
Старейшины племени положили его в булатный ящик, двери запечатали!
37. О братья! Падишах всадников — молод,
Взял он свое знамя и приказ, развозит [по деревне],
Свидетелей всяких у всадника моего прекрасного много,
Стал он пленником злосчастного [посланца небес], никто не знает, в какую сторону его ушлют! [?]
38. О братья, снега с высоких гор низвергались,
Детенышей газелей на нижнюю дорогу пригнали,
Свидетелей всяких у всадника моего прекрасного много,
Стали они пленниками злосчастного [посланца небес], схватил [он их] и услал. [?]
39. Хей-ло, о всадник, я боюсь, что с этих горных лугов
Змеи поднимутся на эту скалу,
Обгрызут они усы у [павших] героев, обгложут плоть [у наших] раненых.

---

37 В тексте mêrê kôlê — „человек, [несущий] горе", эпитет ангела смерти — Азраила.
38 По обычаю курдов-езидов верховым коням заплетают хвост. Когда же конь участвует в траурной процессии (котэль), хвост у него не заплетен.
39 В тексте dibe çerxê çê — „бывает благоприятное вращение [колеса судьбы]".

40. Хей-ло, о всадник, лекари отправились в поход,
Выйдем мы сегодня утром им навстречу,
Одной рукой возьмемся за [узду их коней], другой — за подолы [их одежды],
Спросим мы: „Где лекарство от недуга?“
41. Хей-ло, о всадник, не доносился бы до нас этим ранним холодным утром запах летнего ветра,
Пусть бы не колыхал он стан моего всадника, не играл бы кистями, амулетом и бахромой его [головного] платка!
В эту весну сломил ты нам спину, подломил ноги нашего племени.
42. Хей-ло, о всадник, ездил я в Алагяз к роднику,
Снегопад набросал снег на копыта [моего] хамаданского скакуна,
Ведь нет никого после любимца дома, кто бы встал во главе племени!
43. Хей-ло, о всадник, осень окликнула нас,
Сказала она: „Листья с деревьев осыпались, шеи их обнажились,
Кто же проклял тебя так: «Не достичь бы тебе ни счастья, ни желанья!»“
44. Хей-ло, о всадник, от ряда к ряду[40]
Пойдем мы по базару, купим наряд жениху, покрывало — невесте,
Кто же это проклял тебя так: „Пусть жениховская хна останется [у тебя] на ногтях?“[41]

---

*M. B. Rudenko*

## THE FUNERAL SONGS OF THE YEZIDI-KURDS OF TRANSCAUCASIA

The article is based on the original material collected by the author during his stay among the Kurds of Transcaucasia.

The author states that the funeral songs are one of the most ancient and at the same time one of the living genres of Kurdish folklore.

According to the material all the funeral songs may be divided into two principal groups (cycles) — the songs porformed by the men and by the women. The first is characterized by the heroic-epical specimens, while in the second one the lyric motives prevail.

Within the „masculine“ cycle there are some special songs performed during the „k'otel“ ceremony, when on the day of the burial the horse of the deceased with lamentations is led from one house to another.

A special group of funeral songs is devoted to the bemoaning of those who died (or were killed) in the strange lands.

The funeral songs are never performed in chorus, but always by single singers in consecutive order of relationship. Unfortunately there was no

[40] В тексте „от рынка к рынку“.

[41] По мусульманскому обычаю, принятому также и у курдов-езидов, жених и невеста окрашивают во время свадьбы ладони и ногти хной. Здесь выражение это означает: „Умереть бы тебе женихом!“.

سەرچاوە :
Руденко М. Б. Похоронные песни курдов-езидов Закавказья, Православный Палестинский сборник. Выпуск 21 (84): Ближний Восток и Иран. Л.: Наука, Ленинградское отделение, 1970. С. 80—85.



وێنەی خێزانێکی کوردی لە خوراسان - ئێران کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم.
وەرگیراوە لە: https://rus-turk.livejournal.com/83901.html



وێنەی خێزانێکی کوردی لە تورکمانستان، ١٩٣٠.
وەرگیراوە لە : https://azerhistory.com/?p=18283

## پاشکۆی ژمارە (١٠)
## چەند وێنەیەکی ژنانی کورد






وێنەی یەکەم و دووەم و سێیەم بە کامێرای (ا. سێڤریوگین) لە سەرەتای سەدەی بیستەم گیراوە، وەرگیراون لە کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستان.

وێنەی چوارەم ژنێکی ئێزدییە بە جل و بەرگی نەریتی ژنانی ئێزدییەوە، وەرگیراوە لە : http://almode.ru/moda/25842-nacionalnaja-odezhda-ezidy-64-foto.html

**بروانە پاشکۆی ژمارە (١١)**

**وێنەی دوو ژنی کورد لە کاتی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا**



Один из способов ношения воды
(Азербайджанская ССР, Кельбаджарский район)



وەرگیراون لە: Т. Ф.Аристова: Курды Закавказья ,с 137.؛ https://zen.yandex.ru/media/ethnomix/istoricheskii-put-kurdov-5fe0fed584a07b3cc10c735d

پاشکۆی ژمارە (١٢).



وێنەی نانخواردنی ژمارەیەک کورد پاش کارکردنیان لە کێڵگە، باشووری قەفقاز، ١٩٢٧ - ١٩٣١.



وێنەی چەند ژنێکی کورد لە کاتی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا، باشووری قەفقاز، ١٩٣١



وێنەی سێی ژنی کورد لەکاتی دروستکردنی ڕایەخ سەرەتای سەدەی بیستەم.



ژنێکی کورد کە بێژنگی بەدەستەوەیە (١٩١٣ز)

وەرگیراون لە :کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا نیشتیمانی داستان ؛ https://zen.yandex.ru/media/ethnomix/istoricheskii-put-kurdov-5fe0fed584a07b3cc10c735d

پاشکۆی ژمارە (١٣).



وێنەی سێ کەسایەتی مەسیحی کورد.



وێنەی خێزانێکی کوردی جولەکە.



وێنەی دوو پیشەوەری جولەکە لە هەولێر، سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.



وێنەی خێزانێکی کوردی جولەکە.

وەرگیراون لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا؛ نیشتیمانی داستان. ؛ http://hadashot.kiev.ua/content/v-stolice-irakskogo-kurdistana-postroyat-sinagogu



میری ئێزدییەکان لە ساڵی ١٩١٢ز.
وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : ئیشتیمانی داستان.

## پاشکۆی ژمارە (١٥)



وێنەی سەید کیلاردەشت - کەسایەتی ئاینی ئەهلی حەق ( ١٩٠٢ - ١٩٠٣ز).



سەید کیلاردەشت و ژمارەیەک لە باوەڕدارانی ئەهلی حەق.





سەید کیلاردەشت و ژمارەیەک لە باوەڕدارانی ئەهلی حەق.

وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستان.



شوانێکی کورد لە ئێران (١٩١٣ز) بە کامێرای (د.نێرماکۆڤ).



گروپێک لە شوانی کوردی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم.

وەرگیراوە لە : کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا : نیشتیمانی داستان.





ژەنەڕاڵ جەعفەر ئاغا عەلی بەگ شەمسەدین ئاغا ئۆغنۆ
د.نیکیتین
( ١٨٠٦ - ١٨٧٧ز)یەکێک لەو سەرکردەی کوردانەی لە پاڵ سوپای ڕووسیادا بەشداری جەنگی قرم ( ١٨٥٣ - ١٨٥٦ز)ی کرد.

وێنەی کەسایەتییەکی کوردی نێو سوپای ڕووسیا بە کامێری





وێنەی ژمارەیەک لە چەکدارە کوردەکانی نێو سوپای ڕووسیا، کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، باشووری قەفقاز.

وەرگیراون لە :کۆمەڵێک کوردناسی ڕووسیا ؛ نیشتیمانی داستان ؛ https://zen.yandex.ru/media/ethnomix/istoricheskii-put-kurdov-5fe0fed584a07b3cc10c735d

**پاشکۆی ژمارە (١٨).**

**لیستی ناو و ژمارەی خێڵە بەشداربوەکانی سوارەی حەمیدییە**

Подробный список названия племен, количество мужского пола, и число выставляемых полков «Хамидие» в 1892 г[1].

| № п/п | Названия племен | Кол-во мужского пола | Кол-во выставл. полков | Места обитания племен |
|---|---|---|---|---|
| | В пределах Эрзерумской области | | | |
| 1. | Celali (Джалали) | 2200 | 2 | Баязетская область, окрестности Агри/Арарата до озера Masiyan (Балыклы). Часть живут в Иране и Русских пределах. |
| 2. | Zilan (Зилан) | – | 2 | Между Алашкертом и Каракилисом (Агри/Арарат), на левом берегу озера Masiyan (Балыклы) и подножья горы Синек, часть — в пределах области Буланык. |
| 3. | Cemedan (Джамадан, Джамдинан) | 900-1000 | 1 | После русско-турецкой войны прибыли из Карса и размещены на долине Килис в Алашкерте. |
| 4. | Ademan (Адаман) | 1800 | 2 | В области Баязет начиная от границы Ирана, области Диядина и районе Хамура и горы Ала. |
| 5. | Sipki (Сипки) | 3500 | 3 | В районе Айнтап области Баязет, на долине на левом берегу реки Ава-раш (Мурад), часть в Патносе, Алашкерте и Диядине. |
| 6. | Karapapağ (Карапапаги) | 1000 | 1 | На Каракилисе (на территории подчиненной Баязету племени Сараджлы). Прибыли суда после русско-турецкой войны. |
| 7. | Karapapağ (Карапапаги, племя Таштан Аги) | 1200 | 1 | В союзе с племенем Сараджлы и обитают на долине Килис в районе Тутак (области Айнтап). |
| 8. | Heyderan (Хайдаран) | 3500 | 4 | Среди курдских племен — самая многочисленная и влиятельная. Живут в пределах Эрзерумского вилайета на подчиненных Баязету районах Патнос и Хамура, часть — в пределах Ванского вилайета. |
| | В пределах области Сивас | | | |
| 1. | Племя Мирали бек (Miralibeg, Карапапаги) | 1500 | 1 (600 чел.) | В пределах района Кангал Сивасской области. Прибыли из Чалдыра Краской области после русско-турецкой войны. |
| | В пределах Мосульского вилайета | | | |
| 1. | Ertoşi (Эртоши) | 1800 | 1 | Это племя обитает в пределах Мосульского вилайета и весной кочует в летовья горы |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | Нордуз Ванского вилайета.<br><br>Другие курдские племена Мосульского вилайета живут за пределами зоны ответственности 4-ой турецкой Армии, а также из-за того, что доступ в их сторону затруднено, нет возможности получать достовоерную информацию о них. |
| | В пределах области Диярбакыра | | | |
| 1. | Karageci (Каракечи) и Şeyhan (Шейхан) | 3500 | 1(формирование 2-ого полка завершиться к весне 1893 г.) | Диярьбакырском вилаете в области Сиверек. |
| 2. | Kikiçerkan (Кыкыджеркан) | 1924 | | |
| 3. | Kikikselman (Кыкыкселман) | 890 | 1 (планируется создание и второго полка) | Между Мардином и Расулайн. |
| 4. | Deqori (Дегори) | 1292 | | |
| 5. | | | | |
| 6. | Milan (Милан) | 1011 | 1 (второй полк планируется формировать к весне 1893 г.) | Между Мардином, Нисайбином и Джезире. |
| 7. | Milan (Милан) | 10118 | 3 (ожидается формирование еще одного полка) | В Сиверекской области, в степи между Мардин, Урфа и Зор. Весной кочуют к горам Эльазыг. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8. | Miran (Миран) и Keçan (Кечан) | 2692 | 2 | Зимой — между областями Джезире и Мосул, весной — кочуют на горы Нордуз Ванского вилайета. |
| | Живущие в пределах Диярбакырской области арабские племена | | | |
| | | | | |
| 1. | Teyi (Тайи) | 400 палаток, 2000 душ | 1 | Кочуют вокруг Нисайбина, Мосула и Синджара. |
| 2. | Cobır (Чобир) | 2000 душ | Пока их нет в списке племен, из которых формируются полки | Кочуют между Нисайбина, Мосула и Синджара. |
| 3. | Şemır (Шамир) | 10 000 палаток | Если их включать в число формирующих полки племен, то их потенциал — больше 15 полков. | Кочуют между Мардин, Мосул, Урфа, Зор и Багдата. |
| 4. | Turbi–Bekare-Ğename (Турбы-Бекаре-Генаме) | 60 000 | Из-за разбросанности племен они частично охвачены воинской повинностью. Будеть из их числа созданы больше 15 полков. | Кочуют между Нисайбин, Расулайн, Мардин и Мосулом. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | *Курдские племена* | | | |
| 5. | Gravyan (Гравиан) | 250 | | |
| 6. | Bızıniyan (Бызыниан) | 800 | | |
| 7. | Şükran (Шукран) | 500 | | |
| 8. | Xelilan (Халилан) | 700 | | |
| 9. | Xafıştan | 300 | | Живут в области Шатах, отделены от племени Ertoşi (Эртоши), не охвачены воинской повинностью. |
| | В пределах области Битлис | | | |
| 1. | Hesenan (Хасанан) | 5000 | 5 | Малазгирт, Буланык и окрестностях Муша. |
| 2. | Cibran (Джибран) | 4500 | 4 | В Мушском вилайете в районе Göynük (Gonîg) — относиться к Варто и областях Хыныс и Гендж. |
| 3. | Şırnak (Шырнак) | 7000 | | |
| 4. | Dergol (Дерголь) | Кол-во не известно | | |
| 5. | Berdoyiseqla (Бардоишекла) | ___/ /___ __ | | В областях Ботан и Эрдек. |
| 6. | Xoyti | ___/ /___ __ | | |
| | Motki (Мотки) | 9500 | | |
| | Beleki (Балаки) | 2500 | | |
| | Sason (Сасун) | 15000 | | В областях Битлиса и Муш. |
| 7. | Ertoşi (Эртоши) | 600 | | Джуламерг. |
| 8. | Dostiki[2] | 700 | | |
| 9. | Bünyamin (Бунямин) | 4000 | | Gever(Гавар, ныне Yüksekova) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 10. | Deri (Дери) | 1200 | | |
| 11. | Hereki (Хараки) | 850 | | |
| 12. | Herek (Хараки) | 8500 | | Шамдинан |
| 13. | Ğeroti (Героти) | 3000 | | |
| 14. | Şirvan (Ширван) | 2200 | | |
| 15. | Dızra (Дизра) | 3000 | | |
| 16. | Bıradost kanireş (Брадость Кани-раш) | 2100 | | |
| 17. | Oramar (Орамар) | 1200 | | Области Орамар |
| 18. | Doskan (Доскан) | 2500 | | |
| 19. | Qartoş (Картош) | 800 | | В области Чал |
| 20. | Bezeneş (Безенеш) | 1000 | | |
| 21. | Bezde (Базда) | 700 | | |
| 22. | Rikan (Рыкан) | 1100 | | |
| 23. | Ziberi (Зибари) | 1100 | | Амадийя (Имадийа) |
| 24. | Berberiyi bala (Барбариа Бала) | 1200 0 | | |
| 25. | Dostiki (Достики) | 1200 | | |
| 26. | Mızuri | 5000 | | |
| 27. | Hertoşi (Хертоши) | 2000 | | Джуламерг |
| 28. | Lavin (Лавин) | 700 | | В районе Лавин Джуламергской области |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29. | Selah (Селах) | 300 | | |
| 30. | Marunisi (Маруниси) | 1000 | | |
| 31. | Goli (Голи) | 500 | | |
| 32. | Senedi (Сенеди) | 1400 | | |
| 33. | Ğodi (Годи) | 8000 | | В район Голе Джуламерга |
| 34. | Hertoşi (Хертоши) | 2000 | | В районе Нордиз Шатахской области |
| 35. | Kodan (Кодан) | 1200 | | |
| 36. | Mamxeran (Мамхеран) | 900 | | |
| 37. | Zırkan (Зыркан) | 500 | | |
| 38. | Elbegi (Эльбаги) | 260 | | |
| 39. | Bırusii (Бирусии) | 550 | | |
| 40. | Gerobiyan (Геробиан) | 280 | | В области Бейтушебаб (Баш Кале, Альбак). Отделены от племени Хертоши. |
| 41 | Zırkan (Зыркан) | 2500 | 2 | В районах Нижнего и Верхнего Текман и реки Хыныс у расположенного на востоке города Эрзерума водораздела гор Джылфыр (Палан-текан). |
| | В пределах Ванской области | | | |
| 1. | Heyderan (Хайдаран) | 1800 | 2 | Район Абага в области Бергири |
| 2. | Heyderan (Хайдаран) | 2000 | 2 | У подножья горы Сипан в Эрджише (Эргиш[3]). |
| 3. | Heyderan (Хайдаран) | 1000 | 1 | В районе Авазар (Сары су) Адыльджевазской области. |
| 4. | Mıkori (Микори) | 1200 | 1 | В районе Махмуди |
| 5. | Takori (Такори) | 1000 | 1 | В районе Махмуди |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6. | Şemsiki (Шемсики) | 1000 | 1 | В районе Махмуреи Хамид |
| 7. | Millan (Миллан) | 1100 | 1 | В районе Махмуди |
| 8. | Şikevft[4] (Шкафт) | 1500 | 1 | На границе с Ираном и районе Абаг |
| 9. | Şiyoli (Шиоли) | 1300 | 1 | В г. Ван и на восточном берегу озера Ван |
| 10. | Yoli (Йоли) | 700 | 2 эскадрона | В районе Арнес области Бергири на западном берегу озера Ван |
| 11. | Ademan (Адеман) | 1800 | 1,5 полка | В ущелье Зилан Эрджишской области |

وەرگیراوە لە : http://kurdist.ru/2009/09/05

## پاشکۆی ژمارە (١٩) وێنەی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان


کریستیان دانیلۆڤیچ فرێن


ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ زێرنۆڤ


پ.لێرخ


ن.ی.مار


ئەلێکساندەر ئارنۆلدۆڤیچ فرێیمان


یو. ئە. ئۆربیلی


ک. ک. کوردۆیێڤ


ڤ. أ. گۆردلێفسکی


ی. ی. ڤاسیلێڤا


م. ب. ڕۆدینکۆ


ژ.س. موسائێلیان


ی. ی. تسوکەرمان


ز. ئە. یوسوپۆڤا


ئۆلگا ژیگالینا


ک. گ. زالێمان


ب. ئا. دۆرن


ف. یوستی


ئا. ژابا


ت. ف. ئەرستۆڤا


م. س. لازاریف

# الملخص


الدراسات الكوردية (معرفة الكورد) كفرع علمي استشراقي هي جميع الكتب والدراسات التي كتبت من وجهة نظر الغير حول الكورد. هناك العديد من العوامل المختلفة (حسب الزمان والحالة السياسية والإجتماعية والإقتصادية والدينية) لبروز الدراسات الكوردية.

برزت الدراسات الكوردية في روسيا القيصرية من صميم الإستشراق والدراسات الإيرانية وتطورت بمراحل مختلفة وانتجت العديد من المراكز والباحثين المعروفين على مستوى العالم للدراسات الكوردية.

منذ منتصف القرن التاسع عشر تتجه الدراسات الكوردية نحو الاستقلال، وأصبحت هذه المرحلة بداية ظهور الدراسات الكوردية والدراسات الخاصة والمستقلة حول الكورد، تعد أعمال كل من (خاجاتور ئابوفيان، بيوتر ليرخ) بداية ومؤسس للدراسات الكوردية. وفي المحيط الجغرافي لكوردستان ومنذ منتصف القرن التاسع عشر توجد محاولات لجمع المواد الدراسية والمعلومات الشاملة والمخطوطات الكوردية بتوصيات من المراكز العلمية الروسية وبالأخص أعمال ومحاولات (أليكساندر ژابا و ملا محمود البايزيدي) في جمع وكتابة المخطوطات الكوردية له تأثير واضح في تطور الدراسات الكوردية، هذه المخطوطات التي تم جمعها لها دور مهم وواضح في تغيير كثير من النظرات والنظريات حول الكورد والدراسات الكوردية المتطورة خاصة مخطوطة (شرفنامة) حضي باهتمام بالغ في الأوساط الاستشراقية والدراسات الكوردية عند الروس.

تغير الدراسات الكوردية في عصر الإتحاد السوفيتي كباقي المجالات الأخرى -من جهة- السلطة السياسية والفكرية أثرت على منهج العمل وقراءة تأريخ مراكز الدراسات الكوردية والإستشراقية -ومن جهة أخرى- لعبت عدة عوامل دورا مهما في تطوير البحوث حول الدراسات الكوردية وتأسيس العديد من مراكز للدراسات الكوردية في هذا العصر، انجزت عدة أعمال مهمة ونادرة حول التأريخ والاتنوكرافيا واللغة والأدب والحضارة ....الخ للكورد وتم نشرها من قبل العديد من مراكز الدراسات الكوردية في عصر الاتحاد السوفيتي وعملت بنفس المنهج وتجربة العمل لفرق الدراسات الكوردية. واستمرت الدراسات الشاملة والمجالات المتعددة حول الكورد في عصر روسيا الفدرالية.

انجازات الدراسات الكوردية ل(روسيا القيصرية، الاتحاد السوفيتي،روسيا الفدرالية) لها اهمية كبيرة ومهمة للكورد بسبب أنها كتبت في اطار دراسات استشراقية مؤسسية علمية واستخدمت في كتابتها الأدوات والمصادر العلمية النادرة والمهمة. لها أهمية كبيرة في العديد من الدراسات في المجالات الخاصة بالكورد نرى في كتاباتهم النظرة الإيجابية لشخصية الكورد وأدركو العديد من مزايا وخصوصيات شخصية الكورد وقاموا بتقييم شخصية الكورد وعرفوها بأنها شخصية مستقلة وذات هوية لها مميزاتها الخاصة. وأشاروا الى عدة عوامل التي لها التأثير على شخصية الكورد. احدى العوامل التي لعبت دورا مهما في بناء شخصية الكورد في نظر الدارسين الروس للكورد هي الحضارة والعادات والتقاليد التي لها تأثير كبير ومهم في بناء شخصية الكورد. ولها تأثير وانعكاسات في الحياة الإجتماعية للكورد. وهناك عدة ظواهر والطقوسات الحضارية و التقليدية سجلت لدى الدارسين للكورد لعبت في اظهار تأثير العادات والتقاليد في بناء شخصية الكورد.

الأسرة كمركز مهم لها دور مهم وأساسي في المجتمع الكوردي تحمل الخصوصيات والمكانة الخاصة بها في حياة الشخصية الكوردية. العارفين بالدراسات الكوردية الروسيين والاتحاد والسوفيتي يعتبرون الأسرة كوحدة اجتماعية مهمة في حياة الشخصية الكوردية لأنها تلعب دور المربي والمحافظ. وفي داخل الأسرة الكوردية لعبت المرأة المكانة والدور الخاص بها واهتموا وقاموا بصورة جدية بتقييم شخصية المرأة لأنها تحمل خصوصيات نفسية واجتماعية خاصة بها واعترف بدورها على مستوى الأسرة والمجتمع مقارنة بالمرأة في المجتمعات الأخرى وتمتعت أكثر بالحرية وأخذ حقوقها.

الدين كعامل مهم كان له تأثير على تكوين العديد من الخصوصيات على الشخصية الكوردية حول تأثير الدين على الشخصية الكورية يبين العارفين بالدراسات الكوردية التأثيرات الدينية من ثلاث نواحي مختلفة :

الناحية الأولى: يرى أن الدين الإسلامي كدين الأكثرية للشخصية الكوردية وتسلطوا الضوء على نوع خاص من التدين (الطريقة التصوفية) حيث كانت محور تركيزهم على تقييم الشخصية الدينية لرجال الدين الكورد ومكانة وسلطة الشيوخ الدينية و بينوا دور وتأثير هذا النوع من التدين على الحياة الدينية والإجتماعية للشخصية الكوردية.

الناحية الثانية: كان تركيزهم أكثر على الديانة اليزيدية بسبب وجود عدد بين من اليزيديين الكورد في منطقة القفقاز والجمهوريات في زمن الاتحاد السوفيتي بصورة أنهم بينوا المعلومات الدقيقة والمهمة الخاصة بالدين اليزيدي ونظام العقيدة فيها.

الناحية الثالثة: كان تركيزهم أكثر على ديانة أهل الحق لأن هذا الدين مثل الدين اليزيدي حضي باهتمام العارفين بالدراسات الكوردية ويرون بأنه لها تأثير مهم وأساسي على شخصية المعتقدين بها و وأنها تهب للمتدينين بها العديد من الخصوصيات الدينية والإجتماعية.

عامل آخر مهم له تأثير واضح على الشخصية الكوردية هو (العشيرة والمراكز العشائرية) العشيرة والتفكير العشائري لها تأثير على تفكير ورؤى وتجربات حياة الشخصية الكوردية، في نظر العارفين بالدراسات الكوردية من الروس والإتحاد السوفيتي أن

العشيرة على المستوى الاجتماعي والسياسي والاقتصادي احتوت الشخصية الكوردية وينظرون للعشيرة وتأثيراتها على شخصية الكورد بصورة مهمة ويعرفون القبيلة الكوردية كمنظمة اجتماعية سياسية.

بصورة عامة فان أهداف الشخصية الكوردية التي ظهرت على شكل الانتفاضات والحركات المسلحة وصلت إلى حق الاستقلال وبناء السلطة الكوردية ونرى في نتاجات وكتابات أولئك العارفين بالدراسات الكوردية قد بينوا وعي الشخصية الكوردية حسب مراحل التطور السياسي والتأريخي. وامتزاج الفكر الديني والقومي في التجربة السياسية لشيوخ الطريقة الصوفية نقطة انعطاف للتطور الواعي السياسي للشخصية الكوردية، وكذلك يرون باهتمام بالغ لتجربة ونتائج النشاطات السياسية والمدنية للشخصية الكوردية وكذلك ظهور المنظمات والنوادي الاجتماعية في بدايات القرن العشرين اعتبروها مرحلة تأريخية سياسية مهمة للشخصية الكوردية.

Religion as an important factor that had an impact on the formation of many peculiarities on the Kurdish personality. Kurdish studies show religious influences on Kurdish personality from three different aspects:

The first aspect: They sees the Islamic religion as the religion of the majority for the Kurdish personality, and they shed light on a special type of religiosity (the Sufi way), as their focus was on evaluating the religious personality of the Kurdish clergy and the status and authority of the religious elders, and they showed the role and impact of this type of religiosity on the religious and social life of the personality Kurdish.

The second aspect: Their focus was more on the Yazidi religion because of the presence of a number of Kurdish Yazidis in the Caucasus region and republics in the time of the Soviet Union in a way that they showed accurate and important information about the Yazidi religion and its belief system.

The third aspect: Their focus was more on the religion of the Ahl-i Haqq, because this religion, like the Yazidi religion, has attracted the interest of those who know Kurdish studies and they see that it has an important and fundamental impact on the personality of those who believe in it, and that it gives religious people many religious and social peculiarities.

Another important factor that has a clear impact on the Kurdish personality is the clan and clan centers. The clan and clan thinking have an impact on the thinking, visions and experiences of the life of the Kurdish character, in the eyes of those who are familiar with Kurdish studies from the Russians and the Soviet Union that the clan on the social, political and economic level included the Kurdish character and look at the clan and its effects on the character of the Kurds in an important way and define the Kurdish tribe as a socio-political organization.

Generally, the goals of the Kurdish personality that appeared in the form of uprisings and armed movements reached the right to independence and the construction of Kurdish authority. We see in the products and writings of those who are familiar with Kurdish studies, they demonstrated the awareness of the Kurdish personality according to the stages of political and historical development. The mixture of religious and nationalist thought in the political experience of the Sufi sheikhs is a turning point for the conscious political development of the Kurdish personality. They also see with great interest the experience and results of the political and civic activities of the Kurdish personality, as well as the emergence of social organizations and clubs in the early twentieth century, which they considered an important historical and political stage for the Kurdish personality.

Summary

Kurdish studies as an orientalist scientific branch encompasses all books and studies written from the point of view of others about the Kurds. There are many different factors (according to time, political, social, economic and religious situation) for the emergence of Kurdish studies.

During Tsarist Russia era Kurdish studies emerged from the core of Orientalism and Iranian studies and developed in different stages and produced many well-known centers and researchers in the world for Kurdish studies.

Since the mid-nineteenth century, Kurdish studies are moving towards independence, and this stage has become the beginning of the emergence studies on the Kurds. In the geographical context of Kurdistan, and since the mid-nineteenth century, there have been attempts to collect academic materials, comprehensive information, and Kurdish manuscripts with recommendations from Russian scientific centers. Alexander zhaba and Mullah Mahmoud al-Bayazidi contributed in collecting and writing Kurdish manuscripts which have clear impacts on the development of Kurdish studies.

These collected manuscripts have an important and clear role in changing many of the views and theories about the Kurds and the advanced Kurdish studies, in particular the manuscript of Sharafnama received great interest in the Orientalist circles and the Kurdish studies among the Russians.

The change of Kurdish studies During the Soviet Union, like other fields, on one hand, the political and intellectual authority affected the work method and reading the history of the Kurdish and Orientalist studies centers, on the other hand, played an important role in the development of research on Kurdish studies and the establishment of many Kurdish studies centers During the Soviet Union. As a result, several important and rare works were written on history, Ethnographic, language, literature and civilization....etc. Many Kurds studied and worked comprehensively various topics in the established Kurdish studies centers During the Soviet Union era.

The achievements of Kurdish studies for (Tsarist Russia, the Soviet Union, Federal Russia) are of great and important to the Kurds because they were written within the framework of scientific institutional oriental studies and used rare and important scientific tools and resources in their writing. The studies revealed the positive view of the personality of the Kurds and they realized many of the advantages and peculiarities of the Kurdish personality. They evaluated the personality of the Kurds and defined it as an independent personality with an identity that has its own characteristics. They pointed several factors that have impacts on the character of the Kurds. One of the factors that played an important role in building the character of the Kurds in the eyes of Russian scholars is the civilization, customs and traditions. There are several cultural and traditional phenomena and rituals recorded by Kurdish students that played in showing the influence of customs and traditions in building the character of the Kurds.

Like Russians, Kurds consider family as an important social unit in the life. Within the Kurdish family, women had their special status and role, and they had psychological and social peculiarities of their own, and their role was recognized at the level of the family and society compared to women in other societies, and they enjoyed more freedom and taking their rights.